لە چاپی (۲۷) وەرگێردراوە

پڕفرۆشترین ڕۆمانی ئێرانی

# یەڵدا



نووسینی: م. موئەدەب پور

وەرگێڕانی: سیما سەردار

GOLDEN BOOK

2019

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# بــــەشی یــەکـــــەم

کاتژمێر یانزەی بەیانی بوو. لەکۆمپانیا لەژوورەکەی باوکم بووم. دەمویست ئەو نەخشەیەی کە بۆ بینایەکم کێشابوو پیشانی باوکمی بدەم مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، داوای لێبوردنم لەباوکم کردو وەڵامی مۆبایلەکەم دایەوە.

- بەڵێ فەرموو.

نیما- ئەلو سیاوەش، فریاکەوە باوکم تەقی!

((بەئارامی وتم))

- نیما ئێستا کاتم نییە، نیو کاتژمێری تر پەیوەندیت پێوەدەکەمەوە، ئێستا لەگەڵ باوکمدا خەریکی کۆکردنەوەی ((نەخشەکانین))

نیما- دەنگت بەباشی ناگاتە من، لەگەڵ باوکتدا خەریکی کۆکردنەوەی ((ژنەکانن))؟!

- بەسە نیما، ژن نە، نەخشە!

نیما- لەو باوکە کەچەڵەت گەڕێ! من دەڵێم... باوکم تەقی!

((سەرنجی قسەکانیمدا پێموابوو ڕاستدەکات. دەنگی بەشێوەیەکی تر بوو، دەنگی بەپچڕ پچڕی دەگەیشتە من بەباشی تێنەدەگەیشتم، شوێنەکەم شەبەکەی نەبوو.

- نیما دەتەوێت گاڵتەم پێبکەیت؟ باوکت تەقی چییە؟!

نیما- مەگەر باوکم بوتڵی غازە بتەقێت؟ دەڵێم ریخۆڵە کوێرەی تەقیووە! مەگەر کەڕی؟

- ئاخ! ڕاوەستە بابڕۆم بۆ ئەو ژوورەی تر بزانم دەڵێیت چی!

نیما- بۆچی دەچیتە کەنووەوە ئەو قسە قۆڕانە چییە دەیکەیت؟!

باوکم- سیاوەش چیبووە؟ ئەوە لەگەڵ کێ قسەدەکەیت؟

- نیمایە دەڵێت باوکی توشی ریخۆڵەکوێرە بووە.



Scanned with CamScanner

باوکم- ((زەکاوەت)) توشی ڕیخۆڵەکوێرە بووە؟ ئێستا لەکوێیە؟ تەندروستی چۆنە؟

- لێرەدا شەبەکە نییە بهێڵن بڕۆمە ئەو ژوورەی ترەوە.

((ڕۆشتمە ژوورێکی ترەوەو باوکیشم بەدوامداهات))

- ئەلو! نیما، نیما!

((نیما خەریکبوو ئاە وناڵەی دەکرد، وەك ئەوە وابوو بگری))

نیما- بەقوربانی ئەو ڕیخۆڵە پارچە پارچەیەت بم باوکە باشەکەم!

- ئەلو، نیما چیبووە؟ بەجوانی قسەبکە بزانم باوکت چی بەسەر هاتووە! بەباشی دەنگت نابیستم.

نیما- هیچ نەبووە! لەدەرەوە بووم، ((زینەت))خان لەماڵەوە تەلەفۆنی بۆکردمو وتی فریاکەوە باوکت توشی ڕیخۆڵەکوێرە بووەو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بردویەتی بۆ نەخۆشخانە.

- کام نەخۆشخانە؟

باوکم- بڵێ ئێستا تەندروستی چۆنە؟

- نیما تەندروستی باوکت چۆنە؟ دایکت لەکوێیە؟ باوکتیان بردوە بۆ کام نەخۆشخانە؟

نیما- ئێستا تەندروستی نەخۆشخانەکەی سیماو ئەوانە! نەخۆشخانەکەشی کەمێك باشترە!

- چی؟!

نیما- ئاگام لەخۆم نەماوە سیاوەش، دەمویست بڵێم تەندروستی باوکم کەمێك باشترەو بردویانە بۆ نەخۆشخانەکەی سیماو ئەوان.

- سیمای ئێمە؟

نیما- نەخێر! سیمای جمهوری ئیسلامی! بەڵێ سیمای ئێوە.

((پاشان نیما بەدەنگێکی گریان ئامێزەوە وتی))

- خودا بمکات بەقوربانی سیمای ئێوە چونکە زۆر جوانە!

- وتت چی؟

نیما- دەڵێم بەقوربانی باوکم بم چونکە زۆر جوانە!

- زەهری مار تێگەیشتم وتت چی!

نیما- ئاە...! ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە! هەستە وەرە بۆ نەخۆشخانە.

- نیما دایکت لەکوێیە؟

نیما- لەگەڵ هەتیووە مەتیودا چووە بۆسەیرانو گەڕان! ئاشکرایە لەکوێیە، ئەویش لەگەڵ



Scanned with CamScanner

باوکمدا چووە بۆ نەخۆشخانە.

- باشە ئێستا تۆ لەکوێیت؟

نیما- خەریکم بەئۆتۆمبێلەکەمەوە بەرەو نەخۆشخانە دەچم.

- زۆرباشە ئێستا من چیبکەم؟

نیما- تۆ برۆ بۆ گۆڕستانو گۆڕێك بكڕەو پارەش بدەرە مردوشۆرە تا باوكم بەباشی بشوات، هەروەها دەمی قەبر هەڵکەنەکەش چەورکە باکارەکان بەخێرایی ئەنجام بدات درەنگ نەکەوین!

- چی؟!

نیما- چیو دەرد! دەڵێم هەستە وەرە بۆ نەخۆشخانە! مەگەر خوشکەکەت پزیشکێکی ئەو نەخۆشخانەیە نییە؟!

- بە ڵێ وایە سیما پزیشکێکی ئەو نەخۆشخانەیەیە.

نیما- کەواتە تۆ وەرە واستەیەکم بۆبکە تا باوکم چاك نەشتەرگەری بکەنو ئاگاداری بن، ئێستاش هەر بڵێ چی؟

- واهاتم بابەگیان واهاتم.

هەم بێتاقەت بوومو هەم پێکەنینیشم بەقسەکانی نیما دەهات!

باوکمم تێگەیاندو بەخێرایی بەڕێکەوتم بەرەو ئەو نەخۆشخانەیەی، کە سیمای خوشکم دەوامی تێدا دەکرد. لەدوای چارەکە سەعاتێك گەیشتمە نەخۆشخانەکە. هەرکە من لەئۆتۆمبێلەکە دابەزیم نیماش یەکسەر بەئۆتۆمبێلەکەیەوە لەتەنیشتمەوە ڕاوەستا. هەردووکمان پێکەوە چوینە ناو نەخۆشخانەکەوە. بەخێرایی ڕۆشتین بۆبەشی پرسگە. پرسگەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی لێبوو. لەپەسا پرسیاریان لەبەرپرسی پرسگەکە دەکرد، کە کچێکی گەنج بوو، کچە بێچارەکەش دەستێکی بەتەلەفۆنەکەوەو دەستەکەی کەشی بەبڵندگۆی بانگکردنەکەوە بوو. ساتێك بەتەلەفۆن قسەی دەکردو ساتێکیش بەبڵندگۆکە کەسێکی بانگ دەکرد. لەبوارێکیشدا دوو وشەی وەڵامی کەسێك دەدایەوە، بەتەواوی گێژو هیلاك بوو بوو! خەڵکەکە بواریان نەدەداو لەپەسا پرسیاریان لێدەکرد!

یەکێك لەوکەسانە- ببورە خانم هاوسەرەکەم هاتووە بۆ ئێرە گوایە ژەهری خواردووە! ناوەکەشی سورەییا عیبادییە، دەتوانیت سەیرێکی ناوەکان بکەیت بزانیت هێشتا لێرە ماوە یان دەرکراوە؟

((بەرپرسی پرسگەکە دەیویست وەڵام بداتەوە، بەڵام تەلەفۆنەکە زەنگی لێدەداو بۆساتێك قسەی دەکردو پاشان دەبوو کەسێك بانگبکات))



Scanned with CamScanner

بەرپرسی پرسگەکە- دکتۆر بەهرامی فریاکەوتن، دکتور بەهرامی فریاکەوتن.

کەسێکی تر- خانم تکادەکەم نەخۆشێکی هیلاکمان هەیە! یارمەتیمان بدەو کارەکەمان زووتر بۆ جێبەجێ بکە!

بەرپرسەکە- کاکەگیان من تەنها کەسێکم خۆ سەد دەستم نییە! وەرن ئەوە دۆسییە خۆتان پڕی بکەنەوە.

کەسێکی تر- خانم ئێمە زووتر هاتووین، نەخۆشەکەشمان زۆر هیلاکە!

بەپرسەکە- تکایە مۆڵەتبدەن چونکە خەڵکتان لەپێشەوەیە.

((تەلەفۆنەکە دووبارە زەنگی لێدایەوەو بەرپرسەکە وەڵامی دایەوە، دووبارە بەبڵندگۆکە وتی))

- دکتۆر ئیبراهیمی... دکتۆر ئیبراهیمی بەشی بوژاندنەوەی دڵ.

کەسێکی تر- خانم وەرەقەیەکم بدەرێ تابڕۆم نەخۆشەکەم دەربکەم.

بەرپرسەکە- وەرەقەی چیت بدەمێ؟

نیما- هەرچی کە لەبەردەستتاندایە بیدەنێ ئێوەش! وەرەقەی یەك خەت هەیە، دوو خەت هەیە، شەترەنجی هەیە، A٤ هەیە، وەرەقە هەر وەرەقەیە!

بەرپرسەکە- بەڵێ؟!

((لەسەرخۆ کێشام بەکەلەکەی نیمادا))

کەسێکی تر- خانم بەبێ زەحمەت نەخۆشێکتان بەناوی ((تورابی)) لەلایە؟

کەسێکی تر- چیبوە کاکە؟! بەناخێری گیانمان ئێمەش مرۆڤین! سێ چارەکە لێرەدا وەستاوم، جەنابیشتان هێشتا نەگەیشتوون دەچنە پێشەوە!

کەسێکی تر- من کە لەهەردووکتان زووتر هاتووم‌و زیاتریش بەپێوە وەستاوم!

کەسێکی تر- خۆ ئێوە لەدوای منەوە بوون.

بەرپرسەکە- تائێوە زیاتر دەنگە دەنگ بکەن‌و قەرەباڵغی دروستبکەن درەنگتر ئیشوکارەکانتان جێبەجێ دەبێت! هەر بەوشێوەیەی کە وەستاون بچنە ریزەوە. هەرکاتێ یەکە یەکە سەرەتان هات، وەرنە پێشەوەو پرسیاربکەن.

((هەراو زەنا کەوتە ناو خەڵکەکەوەو نیما وتی))

- داوای لێبوردن دەکەم خانم، من یەکدانەییم خۆ یەکدانەیی ریز بەستنی ناوێت!

((دووبارە کێشام بەکەلەکەی نیمادا، بەرپرسەکە لەحاڵێکدا کە پێکەنین گرتبووی وتی))

- تۆش بفەرموو بۆ ریزەکە.



Scanned with CamScanner

((منو نیماش رۆشتینە ڕیزەکەوە، بەرپرسەکە بەپیاوێکی وت کە زۆر دەمێك بوو لەگۆشەیەکدا بەبێدەنگی وەستابوو))

- تۆ لەمێژە لەوێدا وەستاویت، من ئاگادارم. ناوت؟

((کابرا کە لەهجەی قسەکردنی تورکی بوو وتی))

- گادرە

بەرپرسەکە- گادرە؟

کابراکە- گادرە نە گادرە!

بەرپرسەکە- بەندەش هەر ئەوەم وت، گادرە وانییە؟

((لەپڕێکدا هەموو ئەو خەڵکەی کە لەوێدابوون پێکەوە وتیان))

- قادری، قادری!

- قادری، قادری!

((بەرپرسی پرسگەکە تازە لە لەهجەی کابرا تێگەیشتبوو کە تورکە، دەستیکرد بەگەڕان بەدوای ناوی قادریداو پاش کەمێك وتی))

- ئەو ناوەمان لانییە، نادریمان لایە، بەڵام قادری تێدا نییە.

قادری- لێگەڕێ خۆم سەیری دەفتەرەکە بکەم!

((قادری ئەمەی وتو بەخێرایی بەرەو رووی بەرپرسەکە ڕۆیشت. ئەگەر ئەو خەڵکە نەیانگرتبا، وا رۆشتە پێشەوە پەلاماری بەرپرسەکە بدات))

بەرپرسەکە- کاکە هێواش، چی روویداوە؟ ئەم دەفتەرە دەبێت تەنها من سەیری بکەم نەك تۆ، ئەگەر ناوی ئێوەی تێدابوایە بەدڵنیاییەوە پێمدەوتن.

قادری- واتە ئێستا ئەو ناوە لەوێدانییە؟

بەرپرسەکە- نەخێر، نییە.

قادری- پێویست بەناوی بنەماڵەکەی ناکات؟

بەرپرسەکە- بەڵێ دەبێت ناوی خۆیو ناوی بنەماڵەکەی لێرەدا بێت.

قادری- واتە دەبێت ناوەکەی لەوێدا بنووسرێت؟

بەرپرسەکە- بەڵێ، دەبێت بنووسرێت.

قادری- باشە کەواتە ئێستا بینووسە. چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئەو نوسینە تۆ بینوسە.

((دووبارە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا، بەرپرسەکە وەڵامی دایەوەو بەبڵندگۆکە وتی))



Scanned with CamScanner

- دکتۆر سادقی بەشی نەشتەرگەریی، دکتۆر سادقی بەشی نەشتەرگەریی.

- ((پاشان بەرپرسەکە بەقادری وت))

- کاکەگیان چۆن چ جیاوازییەکی هەیە؟ دەبێت ئەو ناوە لێرەدا نوسرابێت. هەروەها تۆ (نە)و جەنابت!

((هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین))

بەرپرسەکە- بەڕاستی تۆ بەدوای کێدا هاتویت؟

قادری- من هاتووم بەدوای مقەبای زیادە، نایلۆنی بەتاڵ، شوشەی بێکەڵک، شوشەی شکاو، دەیکڕم! پارەکەشی نەقدە. ناوەکەی بنووسە هەموو ڕۆژێك خۆم دێم.

((دووبارە هەموو خەڵکەکە دەستیانکرد بەپێکەنین، لەکاتێکدا کە بەرپرسەکە خۆشی هەم پێکەنینی دەهات و هەم توڕەش بوو بوو، ئاماژەی بەپاسەوانێك کردو ئەویش خێرا هات قادری لەگەڵ خۆی بردە دەروە، پاشان لەکەسێکی تری پرسی))

- ناوی هاوسەرەکەی ئێوە چیبوو؟

- سورەییا عیبادی.

بەرپرس- ئەوان تەندروستیان زۆر باش بوو لەگەڵ یارمەتیدەرەکەیاندا تەشریفیان بردوەتەوە.

((دووبارە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا))

بەرپرسەکە- بەرپرسی ئاسانسۆری بەشی دوو، بەرپرسی ئاسانسۆری بەشی دوو.

((پاشان لەنیمای پرسی))

- ئێستا ئێوە بڵێن.

نیما- چی بڵێم؟

((بەرپرسەکە دەستیکرد بەپێکەنین و وتی))

- کاکەگیان دەڵێی سەرنەخەیتە سەرم؟

نیما- نەخودا ئاگادارە! ئێوە بڵێن ئامنیش بڵێم!

بەرپرسەکە- بەپێکەنینەوە وتی ئێوە ئەمر بفەرموون.

نیما- ئەها! عەرزم بەحزروتان ...

((تانیما ویستی قسەبکات، تەلەفۆنەکە زەنگی لێداو بەپرسەکە هەڵیگرت و دەستەکەی تریشی لەپێش دەموچاوی نیمادا ڕاگرت واتە پەلە مەکە. لەدوای کەمێك تەلەفۆنەکەی داخست و نیما وتی))

- عەرزم بەحزورتان ...



Scanned with CamScanner

((دووبـاره بەرپرسەکە دەستی لەپێش دەموچاوی نیمادا راگرت واتە دیسان پەلەمەکە، بەبڵندگۆکە وتی))

- دکتۆر ئەجابەتی، بەشی تیشك ... دکتۆر ئەجابەتی بەشی تیشك.

((پاشان دەستی هێنایە خوارەوەو بەنیمای وت))

- داوای لێبوردن دەکەم ئێستا بفەرموون.

نیما- عەرزم بەحزورتان ...

((دووباره تەلەفۆنەکە زەنگی لێداو بەرپرسەکە دەستی لەپێش دەمووچاوی نیمادا راگرتو وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە پاش کەمێك قسەکردن تەلەفۆنەکەی داخستەوەو نیما وتی))

نیما- عەرزم ...

((دووباره بەرپرسەکە دەستی لەپێش دەموچاوی نیمادا راگرتو بەبڵندگۆکە وتی))

- کاك عەتا، مەخزەن ... کاك عەتا، مەخزەن.

((پاشان بەرپرسەکە بەنیمای وت دوای لێبوردن دەکەم ببەخشە))

نیما- خودا بمانبەخشێت، عەر...

((لەگەڵ نیما وتی عەر دووباره بەرپرسەکە دەستی لەپێش دەموچاوی نیمادا راگرت! لەوکاتەدا پەرستارێك بەوێدا تێپەڕیو بەرپرسەکە پێیووت))

- پەروانە، بەمیهەن بڵێ بێت، لێرە بەتەنهام.

((نیما کە لەپی دەستی بەرپرسەکە لەپێش دەموچاویدابوو لەپڕێکدا وتی))

- بەه بەه! بەه بەه، لەو لەپی دەستە، بەه بەه لەو فاڵە، بەه بەه لەو خەتی تەمەنە، هەزار ماشائەڵڵا لەو خەتی بەختە، گیانم بۆتانبڵێت، لەم رۆژانەدا بڕێك پارەی چاك بەدەستتان دەگات ئەوەندە!

((پاشان نیما بەدەست لەهەوادا شتێکی بەئەندازەی شوتییەکی گەورە پیشانداو پاشان وتی))

- خوشکێ فاڵیشم نەخوێندووەو دەشزانم فاڵت بۆ بگرمەوە.

((بەرپرسی پرسگەکە چیتر نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵا بکات ناچار دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- بەڕێز مەبەستت چییە؟

نیما- خانم بەندە لێرەدا بومەتە عەر عەر! دڵم شەقی برد تۆ هەر نەتهێشت قسە بکەم.

((بەتوندیی کێشام بەکەلەکەی نیمادا، نیماش بەدەنگی بەرز وتی))

- ئاخ ...!



Scanned with CamScanner

دەستیانکردەوە بەپێکەنین. بەڕاستی
((دووبـارە هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێدابوون ئامێز دەچوو تاپرسگەی
لەوکاتەدا بەردەمی ئەو پرسگەیە زیاتر لەنمایشکردنی شانۆگەرییەکی تەنز خەڵکەکەوە، پاشان بەرپرسەکە
نەخۆشخانەیەك. دوو سێ پەرستاری تریش زیادیکردو هاتنە ناو
بەپێکەنینەوە وتی))

- کاکەگیان چیبکەم؟ تەنهاو ئەم هەموو بەرپرسیاریەتییەش!

نیما- باشە بۆچی بەمیهەن ناڵێیت بێت هاوکاریت بکات؟

((ئامادە بوانی بەردەم پرسگەکە دیسان دەستیانکردەوە بەپێکەنین، پاشان کچێکی گەنجی
جوان کە گوایە میهەن ئەو بوو هاتو زۆر بەجدی بەنیمای وت))

- ئێوە ئەمربفەرموون کارتان بەچەڵەمەی دیکەوە نەبێت.

نیما - بەسەرچاو دەکرێت بەرپرسی ساردخانەم بۆ بانگ بکەیت؟

میهەن- بەرپرسی ساردخانەت بۆچییە؟

نیما- میهەن خان عەرزم بەحزورتان ئێمە کاتژمێرێکە لێرەدا لەخزمەتی ئەم هاوکارە بەڕێزەی
جەنابتاندا وەستاوین، بەڕاستی ژنێکی زۆر زەحمەتکێشە.

بەرپرسی یەکەم- ئێوە چارەکە سەعاتێك نابێت تەشریفتان هێناوە!

نیما- خاوەن تەشریفن ئێستا هەرچی، لەحزورتان عەرزکەم میهەن خان ئێمە نەخۆشێکمان
هەبوو بەناوی ((زەکـاوەت))ەوە، کە بێگومان تا ئێستا گیانی پاکی بەخاك سپاردووە! دەمەوێت
نەڕۆم بۆ سەرەوەو نەبمە ئەرك بۆ ئەو کارمەندانەی تریش، ئەگەر دەکرێت ڕاستەوخۆ ڕێنومایمان
بکەن بۆساردخانە با لەگەڵ ئەو خوداڵێخۆشبووەدا دیدارێك تازە بکەینەوەو باقی قسەکان هەڵگرین
بۆ ئەو دونیا!

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین، نیما بەجۆرێك قسەیدەکرد، منیش دەستمکرد
بەپێکەنین. پاشان بەرپرسە تازەکە واتە ((میهەن))، کە دەیویست پێنەکەنێت و زۆر جدی بێت،
سەیری دەفتەری ناوەکانی کردو وتی))

- نەخێر بەڕێز، خەیاڵتان ئاسوودە بێت، نەخۆشەکەتان زیندووەو نەمردووە، هەروەها کوڕێکی
جوانیش بووەتە میوانتان چاوتان روون!

نیما- چاوو دڵتان ڕۆشن، توخودا بەڕاستتانە؟ خۆی چۆنە؟ تەندروستی باشە؟

میهەن- بەڵێ! هەم دایك و هەم منداڵەکەش ساغ و سەلامەتن!

نیما- بەداخەوە! من هەمیشە لەخودام دەویست کە ئەگریجە قەیتانییەکمان پێبدات، هەڵبەت



Scanned with CamScanner

زۆر سوپاس بۆ خودا هەرچی خۆی بەچاکی بزانێت هەرئەوە باشە!

((حەپەسابووم تەنها سەیری نیماو میهەنم دەکرد. پاشان هەموو ئامادەبوان دەستیانکرد بەپیرۆزبایکردن لەنیما، نیماش بەخۆشحاڵییەوە سوپاسی هەموویانی دەکرد. یەکێك لەپەرستارەکان کە لەوێدا ئامادە بوو بەنیمای وت))

- شیرینییەکەیتان لەیادنەچێت!

نیما- بەسەرچاو! پێویستە لەسەرم، بەڵام لوتف بفەرموون پێم بڵێن حاڵەتی منداڵبوونەکەی ئاسایی بووە یان پێویستی بەنەشتەرگەریی کردووە؟

((بەتوندیی کێشام بەکەلەکەی نیمادا، پاشان میهەن وتی))

- نەخێر منداڵبوونەکە ئاسایی بووە.

نیما- خودایە سەد هەزار جار سوپاس بۆ تۆ.

((پاشان نیما بەمیهەنی وت))

- ئایا دەزانن کەمێك تەمەنی هەبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە کەمێك نیگەران بووین.

میهەن- لەخودا بەزیادبێت بەخۆشی کۆتایی هات.

نیما- هەر کە لێرە ڕۆشتمە دەرەوە مەڕێك دەکەم بەقوربانی.

((پاشان نیما زۆر لەسەرخۆو بەهێمنی بەمیهەنی وت))

- داوای لێبوردندەکەم، ناتانەوێت ئەم روداوە سەرسوڕهێنەرە لەڕێگەی کەناڵێکی ئاسمانییەوە بەجیهان بگەیەنن؟!

((ویستم نەهێڵم نیما قسەی تر بکات، کە میهەن بەدەموچاوێکی گرژەوە وتی))

- بەڵێ؟!

نیما- دەڵێم ئەم هەواڵە بنێرن بۆ کەناڵێکی ئاسمانی!

میهەن- کام هەواڵ؟

نیما- ئەو هەواڵەی کە پیاوێکی ملیان لەتەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا کوڕێکی خرپنی جوانی بوو بێت، ئەویش بەبێ نەشتەرگەریی‌و بەلەدایکبوونێکی ئاسایی! بەخودا زۆر سەیرە! زانایان‌و پزیشکەکانی فەرەنگ تینوی ئەو جۆرە هەواڵانەن!

((لەگەڵ نیما ئەمەی وت، ئامادەبوانی بەردەمی پرسگەکە دەستیانکردەوە بەپێکەنین! نیما خۆی پێنەدەکەنی! پاش کەمێك هەموو بێدەنگ بوون. هەر ئەوە مابوو کە ئامادەبوان بزانن مەسەلە چییە. میهەن سەیرێکی دەفتەرەکەی کردو وتی))



Scanned with CamScanner

- تۆ دەڵێیت چی کاکە؟ وابزانم گاڵتەمان پێدەکەیت، ئەو نەخۆشەی کە تۆ دەڵێیت ((زوهرە زەکاوەت))ە! واتە ئەوەی کە لێرەدا نوسراوە.

نیما- ئەها ...! وادیارە باوکم لێرەدا خۆی بەزوهرە ناساندووە؟!

((دووبـارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین، نەخۆشێکیش کە پۆشاکی نەخۆشخانەی لەبەردابوو، دارێکیش لەژێر باڵیدابوو، ئەوەندەپێکەنی کە دارەکە لەژێر باڵیدا دەرچوو بەلادا کەوتە سەر زەوییەکە!

((نیما سەیرێکی کردو وتی))

- براکەم، لەجیاتی ئەوەی پێبکەنیت هەستە دارەکەت بخەرە ژێر باڵتو تازووە لێرە هەڵبێ، چونکە کاتێکتزانی بڵاویانکردەوە کە تۆش بێچویەکی بنکەڵکت بووە!

((دووبارە هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین، پاشان بەرپرسەکە بەپێکەنینەوە وتی))

- کاکی برا تکادەکەم دەنگە دەنگ دروستمەکە.

((نیمام بردە ئەولاوە ویستم خۆم لەگەڵ بەرپرسەکە قسە بکەم، بەڵام نیما وتی))

- خانم داوای لێبوردن دەکەم، ئێستا بەوێتو نەمەوێت باوکم بەساغو سەلامەتی بەختەوەر بووە. هیچ نەبێت ئەمر بفەرموون ئەو شاپیاوە هەرئێستا سونەت بکەن، چونکە کاتێك بردمانەوە بۆ ماڵەوە تاماوەیکی زۆر نایهێنینە دەرەوە لەبەر ئەوەی کە هەوا پاکژ نییەو منداڵەکەمان نەخۆش دەکەوێت.

((ئەگەر لەوکاتەدا یەکێك بهاتایەتە ناو ئەو نەخۆشخانەیە وایدەزانی کە هاتووە بۆ تەماشاکردنی فیلمێکی کۆمیدی، هەموو خەڵکەکە پێدەکەنین. بەرپرسەکەو هەموو پەرستارەکان لەبیریانکردبوو، کە ئەو هەموو خەڵکە لەوێدا وەستاوەو ئەوانیش کارمەندێکن، قاە قاە پێدەکەنین. بەڵام ئەو نیما کوێر بووە هەر پێنەدەکەنی، هەروەك ئەوەی کە ئەو نییە قسەدەکات. تەنانەت بزەش نەدەکەوتە سەر لێوی. کاتێك خەڵکەکە بێدەنگ بوون بە بەرپرسەکەم وت))

- خانم تکادەکەم، دەتوانم داوابکەم کە ((سیما))خانم بۆ بانگ بکەیت؟

بەرپرسەکە- دکتۆر سیما فەترەت؟!

- بەڵێ.

((میهەن بۆساتێك سەیری کردم، پاشان نیما وتی))

- بێگومان ئەویشیان سونەت کردووەو خەریکە دەورانی خۆشبونەوە بەسەردەبات!

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین، پاشان نیما هاواری کردو وتی))



Scanned with CamScanner

- ئاخر شتێکم بۆ بکەن، باوکە بێچارەکەم مرد!
میهەن- تکاتان لێدەکەم لەسەرخۆبن.
نیما- لەبەر ئەوەی کە تۆ دەفەرمویت بەسەرچاو.
میهەن- بەڕێز باوکی تۆیان بۆ چ نەخۆشییەك هێناوە بۆ ئێرە؟
نیما- دەڵێن گوایە ریخۆڵە کوێرەی تەقیوە! ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن هێناویەتی بۆ ئێرە.
((میهەن سەیرێکی دەفتەرەکەی بەردەمی خۆی کردو وتی))
- ئێمە ئەمڕۆکە تەقیویمان نەبووە!
نیما- ئیختیارتان هەیە میهەن خان! لەپێش چاوی خۆمدا پسپۆڕی تایبەت لەبواری تەقینەوەدا، تەقینەوەکە رویدا، تەواوی دارو دیوارەکانیشی پیس کردبوو!
((دووبارە ئامادەبوانی بەردەمی پرسگەکە دەستیانکردەوە بەپێکەنین! ویستم قسە بکەم، کە میهەن وتی))
- مەبەستم ئەوەیە ئەمرۆ هیچ حاڵەتێکی لەوجۆرەمان نەبووە.
نیما- کەواتە من درۆدەکەم وانییە؟ باوەڕبفەرموون دەنگی تەقینەوەکە ئەوەندە بەرز بوو، کە گەڕەکی ئەودیومان گوێیان لێبوو بوو! هەموو دەیانووت دەنگەکە وەك دەنگی نارنجۆك وابووە. ئەگەر باوەڕ ناکەیت بابچم هەموو شایەتەکانی گەڕەکی ئەودیومانت بۆ بێنم! با واز لەوە بێنین. ئەو خوداڵێخۆشبووە بێگومان ئێستا مردووە، بەڵام ئەگەر دەکرێت سیماخانمان بۆ بانگ بکە ئەگەر ئەویش دەورانی خۆشبونەوەکەی تەواو بووە. بەڵکو سیماخان بێت‌و دەستێك بداتە باڵمان.
((دووبـارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. لەوکاتەدا دەستێك خرایە سەرشانم! کاتێ ئاوڕمدایەوە بینیم سیمای خوشکمە، سیما خەریکبوو پێدەکەنی، هەربەدەم پێکەنینەوە بەمن‌و نیمای وت))
- چۆنن؟ پەلەتان چیبوو بۆ ئەوەندە زوو هاتن؟!
نیما- چۆنی سیماخان، بەخودا ئێمە زۆر دەمێکە لێرەین، بەڵام ئەو باوکە مەکربازەم درەنگ لەژووری منداڵبوون هاتە دەرەوە. گوایە سەری منداڵەکە گیری خواردبوو.
((دووبارە پێکەنین دەستی پێکردەوە. سیما پێدەکەنی‌و سەیری نیمای دەکرد. پاشان من وتم))
- سیما گیان پێموایە لێرەدا هەڵەیەك رویداوە.
سیما- چ هەڵەیەك؟
((بەرپرسی پرسگەکە ویستی مەسەلەکە بۆ سیما روونبکاتەوە، بەڵام نیما پێش ئەو وتی))



Scanned with CamScanner

ناساندووە. گوایە باوکم لێرەدا خۆی بەزوهرە ناساندووە.
- سیماخان هەڵەکە لەلایەن ئێمەوە بووە. گوایە باوکم لێرەدا خۆی بەزوهرە ناساندووە.
ماوەیەکی زۆرە باوکم لەگەڵ خەڵکی ناجۆردا هەڵسوکەوت دەکات، پێدەچێت هەڵیانخەڵەتاندبێت، وابزانم هەرئەوانیش سکیان بۆ پڕکردووە ...
((خۆ ئیدی ئەو خەڵکە خەریکبوون لەپێکەنیندا دەبورانەوە))
- نیما بەسە ئیتر! بەڕاستی لەبیری باوکتدا نیت.
نیما- پێویست ناکات لەبیری باوکمدا بم، چونکە دڵنییام خۆشی‌و منداڵەکەشی ساغ‌و تەندروستن! بوومە خاوەنی برایەکی بچووک! لەئێستا بەدواوە هەموو رۆژێك لەگەڵ خۆم دەیبەم بۆ گەڕان.
((دووبارە پێکەنین دەستی پێکردەوە. لەبەردەمی ئەو پرسگەیەدا رۆژی مەحشەر هەستابوو، بەسیمام وت))
- سیما گیان پەلی بگرەو بیبە بۆلای باوکی، خۆ ئابڕوی بۆ نەهێشتین.
((خولاسە سیما بەڕێکەوت بەرەو نهۆمی سەرەوە بۆلای کاك زەکاوەت، میهەن کە لەتاو پێکەنین چاوەکانی پڕ بوو بوون لەئاو وتی))
- بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم! بەڵام باوەڕبکەن تاوان لەئێمەوە نەبوو. لێرەدا شتێك لەوبابەتە نوسرابوو.
نیما- توخودا ئێوە خۆتان بێتاقەت مەکەن، بەپشتیوانی خودا بۆ شەوی ناولێنانەکەی بانگهێشتتان دەکەم بۆ ماڵەوە! ناوی بنێین ((سەعید)) باشە؟!
((پاشان دەستیکرد بەچەقەنە لێدان‌و چڕینی گۆرانی خاڵ لەڕوو خاڵ لەڕوو. پاڵم پێوەناو لەگەڵ خۆمدا بردمە ناو ئەوبەشەی کە باوکی لێبوو. ئەگەر دوو کاتژمێری تریش لەوێدا باین نیما سەری دەخستە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێدا بوون‌و بەهیچ جۆرێك بیری لەباوکی نەدەکردەوە))
- نیما تۆ شەرم ناکەیت؟ تەریق نابیتەوە؟
نیما- بەڕاست زۆر سوپاس بۆ ئەو هەموو هاوکارییەی کە بەمنت کرد. ماڵت ئاوەدان بێت بوارت نەدا من قسە بکەم! ئەوە بەڕاست تۆ لاڵ بوو بوویت؟ من بۆچی پێمووتیت وەرە بۆ نەخۆشخانە؟ لەبەر ئەوەی کە تەنها ڕاوەستیت‌و پێبکەنیت؟!
- ئاخر مەگەر تۆ هێشتت کەس قسەبکات؟
نیما- بۆ ئێستا باوکم چی لێهاتووە؟
((سیما کە پێدەکەنی وتی))
- نەشتەرگەریم بۆ ئەنجامدا. تەندروستی زۆر باشە.



Scanned with CamScanner

نیما- بەقوربانی ئەو نەشتەری نەشتەرگەریەتبم سیماخان، کە وەك شمشێرەکەی ئیمامی عەلی تیژە! خودایەگیان من نەخۆشییەك بگرم و رۆژی دوو جار پێویستم بەنەشتەرگەریی بێت و تۆ نەشتەرگەریم بکەیت!

((کێشام بەکەلەکەیداو وتم))

- هێی ... ئەوە دەڵێیت چی؟

نیما- بەتۆچی؟ مەگەر تۆ وەزیری تەندروستی و دەرمانیت؟! جەستەی خۆمەو حەزدەکەم هەر لەپەسا نەشتەرگەریی بکەم!

((منو سیما لەناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا دەستمانکرد بەپێکەنین))

سیما- ناتەوێت چاوت بەباوکت بکەوێت؟

نیما- نەخێر.

- مردوو شۆرەکەت بمرێت نیما!

نیما- واتە بەڵێ دەمەوێت بیبینم خۆ من هەر هاتووم پێموایە زیانی نەبێت ئەگەر چاوێکیشم بەباوکم بکەوێت. باشە ئەم باوکەی من لەکوێیە؟ رۆشتووەو نازانم چ بێئەدەبییەکی کردووە کەوا سکیان بۆ پڕکردووە!

((سیما ژمارەی ئەو ژوورەی پێداین کە کاك زەکاوەتی تێدابوو. سیما بەنیازبوو بڕوات، چونکە کاری هەبوو. نیما وتی))

- سیماخان توخودا مەڕۆ! بەم حاڵەوە ناوێرم بڕۆم بۆلای باوکم، چونکە ئەو ئێستا تەندروستی باش نییە، ئەگەر منیش لەو حاڵەدا چاوم پێی بکەوێت، بەدڵنیاییەوە تەندروستیم تێکدەچێت! ئەگەر جەنابتان لەوێبن هەر هیچ نەبێت ئۆکسجینێك شتێکم بۆ دەبەستن.

((دووبارە کێشام بەکەلەکەی نیمادا، پاشان نیما وتی))

- ئاخ ... ! ئەوەندەت سیخورمە لێدام کەلەکەم سووربوەتەوە.

- ئاخر تۆ چ ئیشێکت بەسیما هەیە؟ وازی لێبێنە بابڕوات بەلای کاری خۆیەوە.

نیما- زۆرچاکە، ئەمەش کە من دەڵێم هەر کاری ئەوە، مەگەر پزیشك سوێندی نەخواردووە تاوەکو دوایین قۆناغ بەفریای نەخۆش بکەوێت؟ باشە خۆمنیش دڵم زۆر لاوازە بێگومان هەر کە چاوم بەباوکم کەوت جەڵتەکەم حەلاَلا کردووە.

((کاتێك نیما ئەو قسانەی دەکرد. سیما ئەوەندە پێدەکەنی خەریکبوو دەبورایەوە. منو نیما لەقوتابخانەی سەرە تاییەوە پێکەوە بووین، باوکی هەردوکیشمان کاتی خۆی هەر لەیەك گەڕەکدا



Scanned with CamScanner

پێکەوە بوون، واتە دراوسێ بوون لەگەڕەکی ((شاپور))ی خوارووی شاردا. هەر لەبەر ئەوەشە کە من و نیما ئەوەندە یەکترمان خۆشدەوێت و هەمیشە پێکەوەین. هەڵبەت ئێمە ئێستا لەگەڕەکێکدا دەژین لەبەشی سەرەوەی شار. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە ماڵمان لەیەکدییەوە دوور نییە. نیما هەر لەمنداڵییەوە سیمای خۆشدەویست و هەمیشە ئاگاداری بوو. کاتێك دەڕۆیشتین بۆ قوتابخانە تاپێکەوە سیمامان نەبردایە بۆ قوتابخانەکەی خۆمان نەدەچووین بۆ قوتابخانە. لەبیرمە لەوسەردەمەدا بوو نیما لەسەر سیما چەندجارێك لەگەڵ ئەو لات‌و لوتانەدا کە گاڵتەیان بەسیما کردبوو بەشەڕهاتبوو. هەتاجارێکیان باش باش تێهەڵدانی خواردبوو. هەڵبەت ئەمەی کە من باسی دەکەم نزیکەی پانزە ساڵ پێش ئێستا بوو. بەهەرحاڵا بەزۆر دەستی نیمام راکێشا بۆ ئەو ژوورەی کە باوکی تێدابوو. کاتێك چوینە ژوورەوە، لەدوای چۆنی‌و چاکی، دایکی نیما دەستیکرد بەدەنگە دەنگ‌و وتی: بۆچی ئەوەندە درەنگ هاتویت بۆلای باوکت. نیماش چەند درۆیەکی کردو دەنگە دەنگەکەی کۆتایی پێهێنا. نیو کاتژمێرێك لەوێ ماینەوە و پاشان خوداحافیزیمان کرد، کە بگەڕێینەوە بۆماڵەوە. کاتێك گەیشتینە ساڵۆنەکەی خوارەوە، نیما بەرەو بەشی پرسگەکە رۆشت))

- نیما بۆکوێ دەچیت؟

نیما- دەچم خوداحافیزی لەمیهەن و ئەوان دەکەم.

- بەڕاستی سیما حەقی خۆیەتی کە شوت پێناکات! هەر ئێستا دەچم پێیدەڵێم تۆ چەند بێئەدەبیت.

نیما- باشە، ناچم خوداحافیزی بکەم، تۆش هیچ بەسیما مەڵێ، باشە؟

- باشە. بەڵام هەوڵبدە رەوشتت بگۆڕیت. بەئەدەب بە.

نیما- باشە بەڵێن دەدەم ((جاسیاوەش)) وەرە بابڕۆین!

- زەهری مار سەد جارم پێووتیت وشەی ((جا)) لەپێش ناوی منەوە مەهێنە.

((نیما هەرکاتێك بیویستایە سەربخاتە سەرم، وشەی ((جا))ی لەپێش ناوەکەمەوە دەووت))

نیما- سیاوەش گیان خۆ من شتێکم نەوتووە. دەڵێم وەرە بابڕۆین.

((خەریکبووین پێدەکەنین لەپڕێکدا کچێکی زۆرجوان کە تەمەنی نزیکەی بیست‌و پێنج بیست‌و شەش ساڵێك دەبوو، زۆر نیگەران‌و پەشێو دیاربوو هاتە بەردەمی نیماو بەپەشۆکاوییەوە وتی))

- چۆنی کاك نیما؟ ببەخشە تۆ من ناناسیت، تازە لەفەرەنگ گەڕاومەتەوە، ناوم یەڵدایە!

((هەر لەگەڵ کچە داماوەکە ئەمەی وت نیما دەستیپێکرد))

- بەقوربانی ڕێگەکەت بم یەڵداگیان! زۆر چاکتکرد گەڕایتەوە بۆ ئێران! بەخودا شوێنت چۆڵ



Scanned with CamScanner

بوو. لەو ساڵەوەی کە لەئێران ڕۆیشتوویت هەواڵت نازانم ...!

((نیما دەیویست سەربخاتە سەر کچە داماوەکە، هەروەك بڵێی کچەکە تێگەیشت بۆیە بەنیمای وت))

- وابزانم نەتناسیمەوە؟

نیما- کوێربم ئەگەر بتناسمەوە. مەگەر ئێوە یەڵداخان نین کە تازە لەفەرەنگ گەڕاونەتەوە؟

((بەتوندیی کێشام بەکەلەکەی نیمادا، یەڵدا وتی))

- من کچی کاك ((پرهام))م دراوسێو دۆستی باوکتان.

نیما- خودا مەرگمبات ئەو باوکەم بەمنی نەوتبوو کە ئێوە لەفەرەنگ گەڕاونەتەوە. تەندروستیتان چۆنە؟ باوکت چۆنە؟ دایکت چۆنە؟ فەرەنگستان چۆنە؟ ئێرانییەکانی ئەوێ چۆنن؟ باشە ئەوە ئێوە لەکوێبون؟ خۆ ئێمە دڵمان شەقی برد لەم چوار دیواریەدا. وابزانم ئێوە بیرلەوە ناکەنەوە کە ئێمە دڵمان بۆتان تەنگ دەبێت؟!

((یەڵدا حەپەسابوو سەیری نیمای دەکرد. منیش دووبارە کێشام بەکەلەکەی نیمادا))

یەڵدا- ڕوداوێکی خراپ ڕووی تێکردوم! لەژنێکی پیرم داوە!

نیما- کارێکی زۆر چاکت کردووە، دەستت خۆشبێت...

((نیما تازە تێگەیشت کە یەڵدا چی وتووە. بۆیە بەسەرسامییەوە وتی))

- چیت کردووە؟ بەسەیارە لێتداوە؟

یەڵدا- بەڵێ، تکادەکەم یارمەتیم بدەن، من ئەوەندە پەشۆکاوم نازانم دەبێت چیبکەم!

نیما- مردووە؟!!

یەڵدا- نەخێر، نەخێر.

نیما- لێتداوەو هەڵاتوویت؟

یەڵدا- نەبەخودا.

نیما- خەریکبوویت هەڵدەهاتیت دەستگیریانکردیت؟

یەڵدا- نەخێر، نەخێر.

نیما- پیرەژنەکە هەڵاتووە؟

یە ڵدا- ئاخر بهێڵە منیش قسە بکەم.

نیما- ئاخر یەڵداخان بۆ ناڵێیت لەپیرەژنەکەت داوەو دەتەوێت ئێستا هەڵبێیت؟!

- نیما بهێڵە ئەویش قسەبکات.



Scanned with CamScanner

نیما- بەڵێ، قسەبکە بەقوربانتبم، بەنیازیت سێ کەسی بەڵایەك بەسەر ئەو پیرەژنەدا بهێنین؟

((کێشام بەکەلەکەی نیمادا، پاشان بەیەڵدام وت))

- ئێستا ئەوژنە لەکوێیە؟

یەڵدا- لەناو ئۆتۆمبێلەکەمدایە لەبەردەمی نەخۆشخانەکەدا.

نیما- کچی کاك پرهام تۆ خۆت بێتاقەت مەکە، ئێستا من و سیاوەش دەڕۆین سەریدەکەین بەگۆمێکدا! تەمەنی چەند ساڵ دەبێت؟

یەڵدا- بەدبەختە زۆر پیرە، پێدەچێت هەشتا ساڵ زیاتر بێت.

نیما- باشتر! خوێنیشی نییە، ئێستا بنەماڵەکەی لەخودایان دەوێت بمرێت و لەدەستی ڕزگاربن، وەرە سیاوەش بابڕۆین، چونکە کارمان زۆرە. چەقۆیەك هەڵگرەو لەگەڵ خۆتی بێنە! بەڵام نا پێویست ناکات، هەربەدەست دەیخنکێنم! داماوە ئێستا خۆی نیوەگیان بووە.

((بەهەرحاڵ ڕۆیشتین ژنەکەمان هێناو بردمان بۆلای پزیشك، بەڵام لەوکاتەدا کە پیرەژنەکەمان هێنایە ژوورەوەو گەشتینە بەردەمی پرسگەکە نیما وتی))

- میهەن گیان ڕاکە ئەمجارەیان زەیستانێکی ڕاستیم بۆهێناویت! بیگرەو خێری لێببینیت!

((خولاسە بەدەم پێکەنینەوە پیرەژنەکەمان گەیاندە بەشی فریاکەوتن‌و هەواڵیشمان بەسیمادا. لەدوای چەند خولەکێك سیما هات و هەموو کارە پێویستەکانی جێبەجێکرد. کاتێك پزیشکی بەشی فریاکەوتن پشکنینی بۆ هەموو جەستەی پیرەژنەکە کرد وتی))

- دایەگیان خۆشبەختانە تۆ لەمن ساغ تری، هیچ کێشەیەکت نییە هیچ زیانێکت پێنەگەیشتووە.

((پیرەژنەکە هێشتا لەسەر قەرەوێڵەکە کەوتبوو وتی))

- ئەی باشە بۆچی چاوم ئەوەندە کزە؟ بۆچی دەستم هێزی تێدانییە؟

پزیشکەکە- پاش لێدانی ئەو ئۆتۆمبێلە وات لێهاتووە؟

پیرەژن- نەوەڵا کوڕم ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێت وام! هەرچی دەرمانیش بەکاردەهێنم سوودی نییە!

((پزیشکەکە دەستیکرد بەپێکەنین‌و نیماش چووە تەنیشتی پیرەژنەکەوە و پێیووت))

- دایەگیان، دەرمانی تۆ لای منە!

پیرەژن- کوڕم تۆش پزیشکی؟

نیما- بەڵێ، بەڵام من لەبوارێکی تردا پسپۆڕم. باشە خۆ تۆ پەنجاو شەش پەنجاو حەوت ساڵ زیاتر تەمەنت نییە؟



Scanned with CamScanner

((لەگەڵ نیما ئەمەی وت پیرەژنەکە وەك ئیسپرینگ لەسەر قەرەوێڵەکە هەستایەوەو دانیشت. ئێمە هەموو حەپەسابووین. نیما بەپیرە ژنەکەی وت))

- دایەگیان دەتوانیت ناونیشانی ماڵی خۆتانم پێبدەیت؟ من خزمێکی نزیکم هەیە کە پیاوێکی تەنهایەو تەمەنی شەستو حەوت شەستو هەشت ساڵ زیاتر نابێت. داماوە نزیکەی دە ساڵە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە. ئەویش تەنهاو بێکەسە. ئێستا خەریکە بەدوای ژنێکی باشدا دەگەڕێت کە نازونوك کەر نەبێت و هەموو رۆژێك ئەمەم دەوێتو ئەوەم دەوێت نەکات! لەهەموی گرنگ تر ئەوەیە کە دەبێت لاشەی ساغ بێت.

((هەر لەگەڵ نیما ئەمەی وت ئەو پیرەژنە وەك کچێکی بیست ساڵە لەسەر قەرەوێڵەکە هاتەخوارەوە.

ئیتر خۆ ئێمە خەریکبوو لەپێکەنیندا دەتەقین، بەڵام بەزۆر خۆمان گرتبوو، پاشان نیما بەپیرەژنەکەی وت))

- تۆ لەئاشناکانتدا کەسێکی لەوجۆرە شك نابەیت؟ ببەخشە کە واش دەڵێم، بەڵام باهەر لەتەمەنی خۆتدا بێت. بەڵام بەمەرجی ئەوەی کە وتم ساغو سەلامەت بێت.

((پیرەژنەکە بەتەواوی خەیاڵی رۆشتبوو یان بڵێین رۆشتبووە دونیای خەیاڵەوەو بیری لەشتێك دەکردەوە، پاشان لەپڕدا وتی))

- بەخودا لەناو خزمو کەسوکاردا کەسێك بەوجۆرە شك نابەم. بەڵام ئەو پیاوە خانەنشینە؟ ماڵو حاڵی هەیە؟ رەوشتی چۆنە؟

((نیما چووە پێشەوە، ژێر بازووی پیرەژنەکەی گرتو ئارام ئارام لەگەڵی کەوتە بزوتن، هەر بەدەم رۆیشتنەوە نیما سەری نابوو بەلای گوێی پیرەژنەکەوەو قسەی بۆ دەکرد! کاتێ چەند هەنگاوێك لەئێمە تێپەڕین، دەنگی پێکەنینی پیرەژنەکە بەرز بووەوەو دەستی خستبووە ناو دەستی نیماو شانبەشانی دەڕۆیشت. نازانم نیما چی پێدەوت کە پیرەژنەکە بەدەنگی بەرز پێدەکەنیو دەیووت))

-ساغو سەلامەتە، ئەوەیان ساغو سەلامەتە!

((بەهەرحاڵ لەدوای پێنج خولەکێك نیما گەڕایەوەو دەستی کێشا بەیەکداو وتی))

- کچی کاك پرهام ئەوە کێشەکەشت چارەسەر بوو. بەڵام دەبێت ئیشێکی بچووك ماوە تۆ ئەنجامی بدەیت. لەبەر ئەوەی ئەو پیرەژنە رازیبێت.

یەڵدا- بەڕاستی زۆر سوپاسی خۆتو برادەرەکەتو خانمی دکتۆریش دەکەم. هەرکارێکیش



Scanned with CamScanner

هەبێت من ئامادەم ئەنجامی بدەم. بێگومان دەبێت بەیانی بیهێنم بۆ ئێرە تادڵنییابم لەوەی کە هیچ شوێنێکی نەکوتراوە، وایە؟

نیما- نەخێر، کچی کاك پرهام ئەو پیرەژنە پێویستی بەوشتانە نییە. لەوبارەیەوە خەیاڵت ئاسوودە بێت. ئەو پیرەژنە ئەگەر سەد نەخۆشی تریشی هەبێت تەنها وشەیەك دەربارەیان ناڵێت.

- نیما ئەوە بەچپە چیت پێدەوت کە داماوە تەواو چاکبووەوە؟

نیما- پرسیار بۆ ئەوەیان مەکە، چونکە هەمووی قسەی پرو پوچ بوو.

یەڵدا- ببورە کەواتە دەبێت من چی بۆ ئەو پیرەژنە بکەم؟ ئەها! بێگومان پارەی دەوێت.

نیما- نەخێر ئەو پیرەژنە پێویستی بەپارە نییە، تەنها تۆ ئەو ئەرکە بکێشە باوکت ئامادەبکە بۆ ئەوەی بچێت بۆخوازبێنی ئەو پیرەژنە!

- نیما تۆ خەریکبوویت ئەو قسانەت بۆ ئەو پیرەژنە دەکرد؟

نیما- ئەی چیبکەم؟ وا دەزانیت ئەگەر ئەو قسانەم پێنەگوتبا دەیبەخشین؟!

ئەو پیرەژنەی کە من بینیم ئەگەر نەخۆشی روماتیزمەشی هەبوایە دەبوایە ئێمە قبوڵمان بکردایە کە لەو رووداوەدا توشیبووە.

((سیما مردبوو لەپێکەنیندا، یەڵدا بەجۆرێك حەپەسابوو لەپەیکەرێك دەچوو، چونکە بەڕەوشتی نیما ئاشنا نەبوو))

نیما- سیماخان ئەو سیستمی چارەسەرکردنەتان بەدڵ بوو؟

سیما- بە دڵنیاییەوە بەدڵم بوو! بەڕاستی دروستتکرد!

نیما- بەقوربانی ئەو هاندانەتبم کە دەبێتە هۆی باوەڕبەخۆ بوون بۆ مرۆڤ.

- هێی ئەوە دەڵێیت چی؟

نیما- ئەوە تۆ بۆچی من هەرچییەك دەڵێم هاوارت لێ هەڵدەستێت دەڵێی نینۆکت دەردێنن! دەمەوێت سوپاسی بکەم بۆ ئەو هاندانەی!

- پێویست ناکات ئەوەندە خەست سوپاسی بکەیت!

نیما- چیبکەم؟ تێکسمڕاوی وشەکانم زۆرە.

- سیما گیان تۆ بگەڕێوە بۆ سەر کارەکەت، زۆرسوپاس بۆ هاوکارییەکانت.

نیما- یاخودا سیاوەش خۆڵبکەن بەسەرتا! بۆچی ئەوەندە ئەو خوشکەت لەمن دەشاریتەوە؟ بەخودا چاوم پیس نییە!

- تووگیانی پورت بەڕاستتە؟ وەرە ئابڕۆینە ئەو بەرەوە چونکە رێگەمان لەو کارمەندانە گرتووە.



Scanned with CamScanner

((سیما خوداحافیزی لێکردین، منو نیماو یەڵداش وەڕێکەوتین تا لەنەخۆشخانەکە بچینە دەرەوە، کە یەڵدا وتی))

- دیسان زۆر سوپاستان دەکەم. بەڕاستی ئەگەر ئێوە نەبونایە نازانم دەبوایە چیم بکردایە.

نیما- پێدەچێت تەشریفتان ببردایە بۆ زیندان یان بۆ گرتووخانە!

((کێشام بەکەلەکەی نیماداو بەیەڵدام وت))

- کچی کاك پرهام داوای لێبوردن دەکەم، ئەم هاوڕێیەم کەمێك بێشەرمە.

نیما- کچی کاك پرهام تۆ چۆن من دەناسیت؟

((یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- خۆ من ناوی خۆمم پێووتیت ئیتر بۆچی بەکچی کاك پرهام بانگم دەکەیت؟

نیما- ببورە ناوت چی بوو؟ ئەها! شەوی چلە!

((یەڵدا دەموچاوی لەنیما گرژکردو منیش بەنیمام وت))

- دەکرێت بۆ خولەکێك بڕۆیتە ئەولاوە؟

نیما- نەخێر نابێت! بۆچی کاتێك سیمای لێیە دەبێت من بوونی لاکوتێکی وەك تۆ قبوڵ بکەم، کە ئێستاش یەڵداخان دۆستییەکی لەگەڵ مندا هەیە، بۆچی نابێت منیش لاکوت بم؟!

- نیما زۆر بێئەدەبیت! باشە یەڵداخان چ ناسراوییەکیان لەگەڵ تۆدا هەیە؟

نیما- پۆشاکەکانی کاتی منداڵی باوکی یەڵداخان لەگەڵ پۆشاکەکانی کاتی منداڵی باوکی بەندەدا، هەردووکییان لەسەر سەربانو لەژێر هەتاوێکدا وشك دەبونەوە! چۆن ناسراویمان نییە! با ئەوەش بزانیت من لێرە ناڕۆم، ئەگەر دەتەوێت کچە داماوەکە هەڵخەڵەتێنیت لەپێش چاوی مندا ئەو کارە بکە.

- شەرم بکە نیما! من تەنها مەبەستم ئەوە بوو کە تۆ سەر نەخەیتە سەر یەڵداخان.

((یەڵدا بورابووەوە لەپێکەنیندا، پاش کەمێك یەڵدا وتی))

- بەهەرحاڵ من هەر سوپاستان دەکەم، ئەگەر مۆڵەتم بدەن من دەبێت بڕۆم، رەنگە لەکاتێکی تردا چاومان بەیەکدی بکەوێتەوە.

((پاشان یەڵدا دەستی هێنایە پێشەوە تەوقەو ماڵئاوایی لێکردین. هەر لەگەڵ یەڵدا دوو هەنگاو دوور کەوتەوە نیما لەسەرخۆ وتی))

- تف لەگۆڕی باوکت یەڵداخان! وا دەزانیت ئێرەش فەرەنگستانە. ئەگەر یەکێك چاوی لێبوایە کە لەگەڵ کچی خەڵکیدا تەوقە دەکەین، خۆ باوکیان لەقەبردا دەردەهێنایین!



Scanned with CamScanner

- ئەوە تۆ بۆچی ئەمڕۆ ئەوەندە بێئەدەب بوویت؟ وەرە بابڕۆین کارم هەیە.

نیما- ناهێڵیت بچم خوداحافیزی لەمیهەن‌و ئەوان بکەم؟

((دەستی نیمام گرت‌و بەدوای خۆمدا کێشمکرد. نیما لەبەردەرگای نەخۆشخانەکەدا وتی))

- ئەرێ سەرئەنجام باوکمم بینی یان نە؟

* * *

((نزیکەی کاتژمێر یەك‌و نیوی پاش نیوەڕۆ بوو. لەگەڵ نیمادا بڕیارماندا پێکەوە لەشوێنێك نان بخۆین. هەرکەسەمان سواری ئۆتۆمبێلی خۆمان بووین. ئۆتۆمبێلەکەی من ((پراید))ێك بوو ئۆتۆمبێلەکەی نیماش ((ئۆپڵێکی ئۆمیگا)) بوو. نیما لەپێشەوە دەڕۆیشت و منیش لەدواوە. لەشەقامی ((وەلی عەصر)) چێشتخانەیەکی ... کاتێ گەیشتین نیما هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەوە چێشتخانەکەی پیشاندام، نیما ڕۆیشتە ناو گەراجی چێشتخانەکەوە. منیش بەدوایدا ڕۆیشتم‌و ئۆتۆمبێلەکەم بردە گەراجەکەوە، پێکەوە چووینە ناو چێشتخانەکەوە.

((سالۆنی چێشتخانەکە زۆر قەرە باڵغ بوو، زۆربەشیان کچ‌وکوڕی لاو بوون))

نیما- سەیرکە چ بەزمێکە! هەر دەشڵێن باری گوزەران‌و بژێوی خەڵکی نەخۆشە، لەمردندایە. مرۆڤ کاتێ سەیری ئێرە دەکات دەزانێت کە ژێرخانی ئابوریمان رووەو مردن نییە کە هیچ، تەنانەت ئەنفلۆنزایەکی سادەشی نەگرتووە!

- تۆ تەنها ئەمانە دەبینیت؟

نیما- ریشەی کارا هەر ئەمانەن! واز لەوانی دیکە بێنە!

- رێژەی ئەمانە لەبەرامبەری ئەوانەدا کە حاڵیان باش نییە ئەژمار ناکرێت...

نیما- وەرە دانیشە نانەکەت بخۆ ئەو دروشمانە بۆ پورت بدە! لەپێش چاوی کەسێکی وەك من پارەداردا ئەو قسانە مەکە، چونکە بەڕاستی پێم ناخۆشە!

((من و نیما لەپشتی مێزەکەوە دانیشتین و شاگردەکە هات، لەگەڵ نیمادا ناسراوییان هەبوو، سڵاوو ئەحواڵپرسی کردو لیستی خواردنەکانی بۆ هێناین. نیما سەیری لیستی خواردنەکانی کردو وتی))

- ئاخ! خۆ ئەمە نرخی گرانترینیان پێنج هەزار تمەنە! باشە من ئەم هەموو پارە دزیانەی باوکم لەکوێ خەرج بکەم؟! ئەو کاتیش دەڵێن بۆچی خەڵکی کۆچ دەکەن بۆ فەرەنگ! بەه بەه. چ ئاوو هەوایەکی هەیە بەڕاستی لەسەر زەوی ناچێت!

- نیما تو گیانی خۆت لێرە بێدەنگ بە! ئەو ئاگرەی کە لەنەخۆشخانەکە هەڵتگیرساند بۆ



Scanned with CamScanner

سەد پشتمان بەسە! شاگردەکە راسپاردەی خواردنەکانی هەڵگرت‌و رۆشت. مێزەکەی ئێمە لەنزیك دەلاقەیەکەوە بوو. کەلوپەلی ناو چێشتخانەکە زۆر سەرنج ڕاکێشبوو. لەپشتی نیماوە کچێك لەگەڵ کوڕێکدا دانیشتبوو کە کچەکە بەڕوخساریدا تەمەنی نزیکەی بیست‌و حەوت بیست‌و هەشت ساڵ دەبوو، کچەکە زۆر جوان بوو، بەڵام ئەوەی کە سەرنجی راکێشام جوانییەکەی نەبوو، بەڵکو ئەوەبوو کە لەسەرخۆ دەگریاو قسەی بۆ کوڕەکە دەکرد! نیما کاتێك گوێبیستی دەنگیان بوو کەمێك زیاتر سەری خست بەپشتدا تاباشتر گوێی لەقسەکانیان بێت. ئەوان هەرچییەکیان دەوت نیماش پەسەندی دەکرد))

کچەکە- مەگەر تۆ نەبویت کە دەتوت بەهەرجۆرێك بووە زەماوەندم لەگەڵ دەکەیت؟

کوڕەکە- من وام وت؟

کچەکە- ئەی چۆنت وت؟ مەگەر وتن لەگەڵ وتندا جیاوازیی هەیە؟

نیما- ئەی چۆن جیاوازییان نییە! گوتنمان هەیە وتنیشمان هەیە!

- نیما بێدەنگبە عەیبە! گوێیان لێیەتی!

کچەکە- ئێستا کە بەدبەختت کردوم؟! ئەو شەوە دەڵێم خۆ لەبیرت ماوە؟

نیما- خودابکات کوڕەکە لەبیری نەمابێت و کچەکە بیری بخاتەوە!

- وسس!! بێدەنگبە نیما.

کوڕەکە- بەڵێ لەبیرمە، بەڵام خۆشت حەزتدەکرد.

نیما- مردوشۆرەکان ئەو بیرو هۆشەت بشۆن! ئێستا بتهێشتایە بانەوکچە داماوە بۆی باسبکردیتایە، ئێمەش گوێمان لێدەبوو!

- نیما بەسە دەنگت دەبیستن.

نیما- بەدبەخت! من تەنها ((Audio))م هەیە! تۆ ((Video))کەشت بەتەواوی هەیە! دەڵێم روخساری کچەکەت لێوەدیارە؟

- لەسەرخۆ قسەبکە، بەڵێ دیارە.

کچەکە- ئەو شەوە هەڵسوکەوتت بەمجۆرە نەبوو.

کوڕەکە- ئەگەر بتەوێت لەسەری بڕۆیت هەڵدەستم دەڕۆم!

کچەکە- چیتر بەلامەوە گرنگ نییە چیدەبێت، من کاتێ هاتم بۆلای تۆ کچ بووم، بەڵام ئێستا چی؟!

کوڕەکە- ئەگەر قسەت هەر ئەمەیە، ها بگرە!



Scanned with CamScanner

((کوڕەکە دەستیکرد بەگیرفانیداو پارچەیەك کاغەزی دەرهێنا کە پێموایە چەکی بانك بوو، لەپێش کچەکەدا رایگرت! کچەکەش بۆ ئیستێك بێدەنگ بوو، پاشان چەکەکەی لەدەستی کوڕەکە وەرگرت و فرمێسکەکانی سڕی، پاشان هەستایە سەرپێ، کچێکە پێش ئەوەی بڕوات بەکوڕەکەی وت))

- تۆ لەگەڵ هەموو کچێکدا بەمجۆرە رەفتار دەکەیت؟

کوڕەکە- ئەوە پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە.

کچەکە- باشە! بەڵام هەر هیچ نەبێت یادگارییەکت لەمنەوە بۆ بەجێدەمێنێت! دڵنیابە ئەگەر تەنها بۆ جارێکیش بێت بیر لەمن دەکەیتەوە.

((لەروخساری کچەکەم دەڕوانی کە هەستی پێکردم، منیش هەروەك ئەوەی کە بڵێم بەداخەوە سەرێکم بۆ راوەشاند، کچەکەش بزەیەکی مەسخەرە ئامێزی بۆ کردمو ڕۆیشت))

نیما- سیاوەش تۆ وێنەت ماوە، د ەنگەکە پچڕا!

- نەخێر ڕۆیشت، سەردەمێکی زۆر خراپە.

نیما- لەنێوەندی ئەم مەسەلەیەدا گرێیەکی سەرسامکەر هەیە، تا ئێستا بیستومانە کە کوڕان یادگاری بۆکچان بەجێدەهێڵن. بەڵام ئێستا ئەوەندە دونیا خراپ بووە کە کوڕان لەکچانەوە یادگرییان بۆ بەجێدەمێنێتو ئاگادارەدەکرێنەوە! وابزانم ئەو کوڕە سکی پڕەو بەخۆی نەزانیوە! کەواتە چۆن زانیاری لێی نییە، ئەگەر وابێت ئەو کوڕە زۆر بێئەزموونە. سەیرکە بزانە خواردن چییان خواردووە رەنگە لەجۆری خواردنەکەیاندا بۆمان دەرکەوێت کە کچەکە دوو گیانە یان کوڕەکە!

- دیسان قسەی بێتامکردن؟

نیما- سیاوەش باوەڕ ناکەیت؟ باوکم لەم چەند رۆژەی دوایدا هەمیشە ترشی دەخوارد. خۆ بینیت کە لەنەخۆشخانە وتیان منداڵەکەی کوڕە! بەڕاست باسی باوکمان کرد، ئاخرەکەی باوکم چیبوو؟

- زەهری مار! ئەم رەفتارەشتت لەبیر نەچێت تابەسیما دەڵێم، تۆ ئاوا لەبیری کەسێکدایت کە گەورەی کردویت، قوڕ بەسەر ئەو کچەی کە دەبێتە هاوسەرت.

نیما- یاخودا سیاوەش مردوشۆر لاشەت بشوات! چونکە ناتوانیت کچێکم بۆخوازبێنی بکەیت، بەحساب برای کچەکە هاوڕێی بیستو ئەوەندە ساڵەمە!

- یەکەم من هەرگیز ئامادەنیم خوشکی خۆم بەتۆبدەم! دووەم سیما خۆی نایەوێت شوبکات. من چی لێبکەم؟ خۆ منداڵ نییە بکێشم بەسەریدا و بەزۆر بیدەم بەشوو.



Scanned with CamScanner

نیما- توخودا سیاوەش ئەوە خوشکە تۆ هەتە؟ بەڕاستی کچێکی زۆر ناشرین‌و بێتامە. چیتر ناوی لەپێش چاوی من مەهێنە! بەپشتیوانی خودا یەک داواکاری نابێت‌و بۆخۆی دەمێنێتەوە!

- داماو ئاگات لەچییە؟ دوێنێ یەکێک لەئاشناکانمان ئاگاداری کردین، کە بەنیازن بێن بۆ خوازبێنی سیما!

نیما- ئەو ئاشنایەتان هەڵەی کرد. بەخودا ئەگەر بهێڵم یەک داواکار قاچی بگاتە ماڵی ئێوە.

- بێئەدەب!

((لەوکاتەدا شاگردەکە هات‌و خواردنەکانی بۆ هێناین، نیما ویستی قسەبکات، منیش هەربەدەست ئاماژەم پێکرد کە بێدەنگ بێت، هەرکە شاگردەکە ڕۆیشت نیما وتی))

- سیاوەش بەگیانی تۆ تەواو بێتاقەتبووم. وا هەستدەکەم شتێک چنگ دەخاتە دڵمەوە!!

- بەڕاستی سەیرە بۆچی نیما تۆش نیگەران دەبیت؟!

نیما- بۆچی وا دەزانیت من پەتاتەم؟ سیاوەش تو گیانی نیما ڕاستدەکەیت یان دەتەوێت سەربخەیتە سەرم؟

- بەگیانی نیما ڕاستدەکەم! هێشتا من باسی یەکێک لەداواکارەکانم بۆ کردویت،

هەر لەم ماوەیەی پێشودا دە کەسی ترمان ڕەتکردووەتەوە.

نیما- باشە رازیم بەوەی کە خوشکەکەت هەزار داواکاری هەیە. من کە وتم دەیهێنم واتە دەیهێنم. ئیدی بۆچی بازاڕگەرمی بۆ خوشکەکەت دەکەیت؟!

- بڕۆ... بڕۆ ونبە لەبەرچاوم. سیما هەرگیز نابێتە هاوسەری تۆ!

نیما- تو گیانی من داخودازییەکە چ ڕۆژێکە؟

- نایڵێم چونکە زۆر بێئەدەب بوویت!

نیما- خودایە مردوشۆرەکان بمشۆن! دە بڵێ دڵم شەقی برد.

- نەخێر. زۆر بەسەرو گوێت دەخوات!

نیما- ئاخر خۆ من‌و تۆ هەمیشە پێکەوەین.

- منیش هەر لەبەرئەوە نایڵێم کە هەمیشە پێکەوەین.

نیما- یاخودا سیاوەش کوێر بیت! هەر من بووم کە پێری شەو لەگەڵ ئەو...

((نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات وتم))

- منیش تەنها لەبەر ئەو کردارانەتە کە شەوی خوازبێنییەکەت پێناڵێم.

نیما- بەچاوی سیاوەش بەڵێن دەدەم هەرگیز ئەو کردارانە دووبارە ناکەمەوە. حەزدەکەیت



Scanned with CamScanner

بەو ئاوی تۆبە بکە بەسەرما با بۆن خۆش‌و پاك‌و خاوێن بم! بەڵام هەر خۆت بۆ بەیانییەکەی نەیەیت بڵێیت نیما هەستە بابچین بۆپیاسە.

- ئاخ بەدەست تۆوە ...! چەندە قسەدەکەیت. شەوی هەینییەو بێدەنگ بە. هێشتا چەند رۆژێکی ماوە.

نیما- کەواتە تۆ لەوێ دەنکە شقارتە بویت کە نەتتوانیوە ئەو بەرنامەیە تێك بدەیت بەسەر یەکدا؟

- خۆ من ناتوانم کارو پیشەی خۆم واز لێبێنم‌و بەلای تەلەفۆنەوە دانیشم تابزانم کێ بۆ خوازبێنی سیما تەلەفۆندەکات تێکی بدەم. خۆت ئەوەندە بەتوانابە کارێك بکە.

((پاشان نیما هەروەك ئەوەی کە بگریەت بەدەنگێکی گریان ئامێزەوە وتی))

- ئاخر چیبکەم کە تفەنگەکەم لەڕووی ئەم خوشکە چاو سپییەی تۆدا ناکەوێتە کار. دەترسم سیما هیچکات منی خۆشنەویستبێت.

- وانییە بێنەقڵ سیما تۆی خۆشدەوێت، زۆریشی خۆشدەوێت، بەڵام دەڵێت جارێ ئامادەنییە شوبکات.

نیما- باشە پێیبڵێ زەماوەند دەکەین دوای خۆمان ئامادە دەکەین.

- زەهری مار ناشرین.

نیما- سیاوەش باشە ئەگەر سیما منی خۆشدەوێت بۆچی مۆڵەت دەدات داواکاری بێت؟

- سیما ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نییە، دایکم ئەو بەرنامەیەی جۆر کردووە. ئاخر داواکارەکە خزمی دایکمە.

نیما- خودایە هەواڵی مەرگی ئەو دایکەتم بۆبێنن تاچیدی لەو تیکانە بۆ ئەو کچە نەگلێنێت!

- لاڵ بیت نیما! بەخودا زۆر بێتام بوویت.

نیما- بەدەست خۆم نییە هەر لەگەڵ باسی شووکردنی سیما دەکرێت من دڵم دەلەرزێت.

((دەستمکرد بەپێکەنین‌و وتم))

- نیما مەترسە سیما لەکۆتایدا دەبێتە هاوسەری تۆ، ئێستاش ئەگەر ئاگاداری ئەوەبێت کە شەوی هەینی داواکاری دێت زۆر بێتاقەت دەبێت.

نیما- سیاوەش شتێك بڵێم ((نا))م پێناڵێیت؟

- دەبێت بزانم شتەکە چییە.

نیما- بڵێ بەگیانی تۆ ((نا))ت پێناڵێم!



Scanned with CamScanner

- باشە بەگیانی تۆ نالێم ((نا)).

نیما- شەوی هەینی بەجۆرێك منیش بەرەوە بۆ ماڵی خۆتان.

- بەنیازیت بێیت بۆ ئەوێ خوازبێنییەکە تێکبدەیت؟

نیما- بەڵێ.

- باشە، بەڵام بەمەرجێك کارێك نەکەیت حەیامان بچێت‌و دەنگە دەنگ دروستبێت.

نیما- بەچاوی تۆ ئاگادارم، بەبێ دەنگە دەنگ پاڵیان پێوەدەنێم.

- کەواتە ئێستا نانەکەت بخۆ.

((هەردوکمان دەستمانکرد بەنانخواردن. داوای ستێکی مریشکمان کردبوو. زۆربەتام بوو. لەوکاتەدا کەخەریکی نانخواردن بوین بەنیمام وت))

- نیما ماڵی ئەو کاك پرهامە لەکوێیە؟

نیما- بەرامبەری ماڵی ئێمەیە. ماڵەگەورەکەیە. پێموایە دوسێ هەزار مەتر دەبێت. بۆچییتە؟

- حەزم لێکردووە.

نیما- لەماڵەکە؟

- نەخێر، لەیەڵدا.

((لەوکاتەدا کە من ئەو قسەیەم کرد نیماخەریکبوو بیبسی دەخواردەوە. بیبسییەکە لەقوڕگی گیراو دەستیکرد بەکۆکە کۆك‌و وتی))

- تەنها بەنیگایەك؟!

- بەڵێ تەنها بەنیگایەك. لەوکاتەوەی چاوم پێیکەوتووە، بەهیچ جۆرێك لەبەر چاومدا لاناچێت!

نیما- ئاخر خۆ تۆ نیوکاتژمێری تەواویش لەگەڵی نەبویت.

- خۆ دڵ لەوقسانە تێناگات. هەر لەگەڵ کەسێکی ویست، یەکسەر دەڵێت خۆشمدەوێت.

نیما- بەڕاستی دڵێکی دەمشڕت هەیە! یەك دوو جارێك بەتاکەنەعل بکێشە بەناو دەمیدا پڕیکە لەخوێن ئاچیتر لەوهەڵانە نەکات.

- تۆ بۆچی ئەوەندە بێئەدەب بوویت؟!

نیما- ئاخر داماو تۆ ئاگات لەچییە. یەکەم ئەو کچە یەڵدا، چەندین ساڵە لەئێران نییەو تازە گەڕاوەتەوە، هەروەها بنەماڵەکەشیان ماوەیەکی کەمە لەفەرەنگ گەڕاونەتەوە.

- باشە. ئەوە چییە هەر کێشە نییە؟

نیما- بیری ئەو کچە لەکەلەت بکەرە دەرەوە، چونکە ئەو کارە کردەنی نییە.



Scanned with CamScanner

- بۆ؟

نیما- ئەو بنەماڵەیە کچ بەمن‌و تۆ نادەن.

- بۆ؟

نیما- واتە ئێمە لەشانی ئەواندا نین.

- بۆ؟

نیما- عەرزم بەحزورت ئەوەندەی کە تاگیانت تێدا نامێنێت!

((بۆساتێك سەیری نیمام کرد کە بەبێ خۆتێکدان‌و بەبێ خەیاڵ خەریکبوو خواردنەکەیی دەخوارد. منیش چەقۆو چەتاڵەکەم دانا، هەستام‌و وتم))

- ئەمڕۆ زۆر بێئەدەب بوویت، دانیشە بەتەنها خواردنەکەت بەدڵە دەرد بکە!

نیما- ببەخشە، هەڵەمکرد. ئیتر بێئەدەبی واناکەم. تو گیانی من دانیشە. ئاخر تۆ ئەوەندە دەڵێیت بۆ، بۆ!

- باشە من دەڵێم بۆ، تۆ دەبێت ئەو قسانە بکەیت؟!

نیما- ئاخر دەڵێن، واتە پێشینان وتوویانە نابێت وشەی ((بۆ)) سێجار لەسەر یەك کەسێك بەکاری بهێنێت. چونکە زیانی بۆ کەسەکە هەیە، منیش ئەو رستەیەم لەبەر ئەوە وت کە زیانەکەی بەتاڵ بێتەوە.

- ئێستا بڵێ بزانم، بۆ هاوشانی ئەوان نین‌و کچ بەئێمە نادەن؟

نیما- ئەوە (بۆ)ی چەنەم بوو سێهەم بوو یان چوارەم؟

- ئاخ بەدەست تۆوە ...!

نیما- دەیڵێم بەڵام تورە نەبیت، دەمەوێت شتێکت عەرزبکەم، یەکەم ئەوان لەبنەماڵەی شازادەکانن. واتە ناوو شۆرەتیان هەیە. ئەوان لەگەڵ کەسێکدا زەماوەند دەکەن کە کەسەکە ناوو شۆرەتی هەبێت. بۆ نموونە شازادەیەك شتێك بێت. لەڕاستیدا شازادەکان کۆتاییان پێهاتووەو نەوەکانیشیان تەفروتونا بوون! تەنها سێ چوار شازادەی بەتاڵ ماونەتەوە. وەك شازادە ((قمبل الممالك))و ((پشم السلتنه))و ((گردالدوله)). تەنها لەبەر ئەوەشە کە پوری یەڵدا تا ئێستا شوی نەکردووەو لەماڵەوە بەسەر دڵی براکەیەوە ماوەتەوە! ئەگەر تۆ لەشەجەرە نامەکەتاندا، لەدوای ناوەکەی خۆتەوە لەقەبێکی وەك ((سەڵتەنە)) یان ((دەولـە))ت پەیدا کرد، یەکسەر قسەبکە بابڕۆین بۆ خوازبێنی پوری یەڵدا.

- ئێمە نە ئەوشتانەمان هەیەو نە حەزیشمان لەشتی وایە.



Scanned with CamScanner

نیما- بەڕاست لێشت دێت لەقەبێکی وات پێوەبێت! جەنابی سیاوەشی فەترەت ئەلدەولە، ئاخ! بمبەخشە بڕیار بوو چیتر بێنەقڵی نەکەم.

((لەژێر چاوەوە سەیرێکم کردو وتم))

- سەردەمی ئەو قسانە بەسەر چووە.

نیما- دڵنیابە لەوەی کە ئەوان ئەوەندە پابەندن بەو دەستوورەی خۆیانەوە، کە پوری یەڵدا شوکردنی لەبیر کردووە، هەروەها باوکی یەڵدا پیاوێکی بەستەزمانو بێدەنگە، هەموو ئیشوکارێکی ئەو ماڵە لەدەست ئەو پورەی یەڵدادایە کە بەڕاستی ((فۆتۆکۆپی شەیتانە)) ماوەتەوە و ئاشکولێت وەك گۆشتی گا وایە ئاشکرێت لەت لەتی بکەیتو ئاشکرێت بیخۆیت!

- پوری یەڵدا پارچە پارچە بکەینو بیخۆین؟!

نیما- بۆچی هاربوویت پوری یەڵدا دەخۆیت؟ من باسی ئەم ستێکی مریشکە دەکەم!

- بەڵام ناوێکی خۆشی هەیە.

نیما- چی ناوێکی خۆشی هەیە؟ مریشك مرشیك نییە تۆ ئەوەنیت بتوانیت بیخۆیت.

- ئاخ بەدەست تۆوە، من باسی یەڵدا دەکەم. قاپەکەت کون کون کرد هەستە بابڕۆین.

((بەهەرحاڵ لەگەڵ نیمادا لەچێشتخانەکە هاتینەدەرەوەو خوداحافیزیمان لەیەکتری کرد. هەریەکەمان سواری ئۆتۆمبێلی خۆمان بووینو بەرەو ماڵەوە وەرێکەوتین. ماڵی نیما لە((زەعفەرانیە)) بوو، ماڵی ئێمەش کەمێك لەسەرووی ئەوانەوە لە((وەنەك))بوو. کاتێك گەیشتمە ماڵەوە باوکم خۆی پەیوەندیی بەباوکی نیماوە کردبوو هەواڵی پرسیبوو. منیش سڵاوێکم کردو ڕۆیشتمە ژوورەکەی خۆمەوە، پۆشاکەکانم گۆڕیو لەسەر سیستەمەکە لێی راکشام، کەوتمە بیرکردنەوە لەیەڵدا))

کچێکی زۆر ناسكو جوان بوو. چاوو برۆیەکی رەشی قەترانیو باڵایەکی بەرزو کوڵمێکی زۆر نازدارو لاکردنەوەیەکی سیحراوی هەبوو. دەستێك پۆشاکی زۆر جوانی پۆشیبوو. مانتۆیەكو پانتۆڵێكو سەرپۆشێك. نەمزانی رەنگی قژی چۆنە. زۆر هەوڵمدا رەنگی قژی لەزهنمدا دروستبکەم، بەڵام نەدەکرا.

نازانم بۆچی دڵم دەیویست بیری لێبکەمەوە. کە بیرم لێدەکردەوە ئاسوودە دەبووم، وردە وردە چاوم گەرمبوو، خەوم لێکەوت. نزیکەی کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو کە لەخەوهەستام. هەر کە بەخەبەرهاتم یەکسەر هەستامو چووم ئاوێکم بەخۆمدا کرد، پاشان پۆشاکەکانم پۆشیو بەرەو ماڵی نیما کەوتمەڕێ. ڕاستییەکەی بەخۆشی بینینی یەڵداوە ڕۆیشتم. بەخۆمم دەوت بەڵکو یەڵدا لەبەر دەرگاکەی خۆیاندابیبینم. بەبێ ویستی خۆم بەرەو لای ئەو رادەکێشرام. سواری ئۆتۆمبێلەکەم



Scanned with CamScanner

بوومو وەڕێکەوتم. لەدوای چارەکێك بیست خولەك گەیشتمە ئەو گەڕەکەی کە ماڵی نیمای لێبوو. کاتێ گەیشتمە سەر گۆشەی گەڕەکەکەی ماڵی نیمایەڵدام بینی وەستابوو تەماشای ئۆتۆمبێلەکەیی دەکرد. لەخۆشیدا خەریکبوو باڵم لێدەردەهات. ئۆتۆمبێلەکەم خستە کەنارێکەوەو دابەزیم، چوومە پێشەوە بۆلای یەڵداو سڵاوم لێکرد. ئەویش لەگەڵ چاوی بەمن کەوت دەستیکرد بەپێکەنین و وتی))

- وابزانم دەبێت هەرکاتێك تۆ ببینم پێویستە داوای یارمەتیت لێبکەم.

- شتێك رویداوە؟

یەڵدا- تایەی ئۆتۆمبێلەکەم پەنچەر بووە. بەداخەوە کاك حەیدەر چووە بۆ کارێك و لەماڵەوە نییە تاوەکو پێی بڵێم بێت و تایەکەم بۆ بگۆڕێت. ئاخر ئەو خزمەتکارمانە.

- ئەوە هەر هیچ نییە هەرئێستا من بۆتان دەگۆڕم.

یەڵدا- ئاخر شتی وا چۆن دەبێت. پۆشاکەکانت پیس دەبێت.

- گرنگ نییە تۆ بەبێ زەحمەت ئەو سندوقەم بۆبکەرەوە با ئەو جەکە دەربهێنم.

((ئۆتۆمبێلەکەی یەڵدا وەك ئۆتۆمبێلەکەی نیما وابوو. یەڵدا سندوقی ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە، منیش تایە سپێرەکەو جەکەکەم دەرهێنا. بەڵام هەرچەند گەڕام یەدەی جەکەکەم نەدۆزییەوە. یەدەی جەکەکەی خۆشم پێی نەدەکرد.

- یەڵداخان یەدەی جەکەکەی منیش پێی ناکات، مۆڵەت بدەن تابچم ئەوەی نیما بهێنم. چونکە ئۆتۆمبێلەکەی نیماش لەئۆتۆمبێلەکەی تۆیە.

یەڵدا- ئاخر توخودا زەحمەتە، بەڕاستی تەریق دەبمەوە کە ئەوەندە ئەرکتان دەخەمە سەر.

- بەپێچەوانەوە خۆشحاڵدەبم ئەگەر بتوانم کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم. هەرخودابکات نیما لەماڵ بێت کێشەنییە.

((بەخێرایی وەڕێکەوتم بەرەو ماڵی نیما کە پەنجامەترێك لەماڵی یەڵداوە دوور بوو. زەنگی دەرگاکەم لێدا، نیما خۆی وەڵامی دایەوە))

نیما- کێیە؟

- نیما منم.

نیما- ببورە ناتناسم!

- سیاوەشم.

((نیما دەنگی خۆی وەك دەنگی کچ لێکردبوو))

نیما- کام سیاوەش؟ ئەو سیاوەشەی کە لەچیرۆکی رۆستەمو زۆرابدا هەیە؟ داوای لێبوردن



Scanned with CamScanner

دەکەم. من ئەو چیرۆکەم نەخوێندووەتەوەو ناتناسم.

- ئاخ بەدەست تۆوە نیما. خۆت بێتام مەکە خێرا وەرە خوارەوە کارم پێت هەیە.

نیما- ببورە، من مۆڵەتم پێنەدراوە بێمە بەردەرگاو لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا قسە بکەم، چونکە دراوسێکان دەمبینن‌و دوای قسەیەکم بۆ دروستدەکەن، ئەگەر دەتوانیت تۆ لەسەرخۆ وەرە سەرەوە بۆ ژوورەکەم، چونکە ئەوێ هێمن ترە!

- بەڕاستی نیما کات نەناسی.

نیما- ئەو کارانە کات‌و ناکاتی بۆنییە، دەرگاکە دەکەمەوە و تۆش لەسەرخۆ بەقادرمەکاندا سەرکەوە بۆ سەرەوە! بەڵام ئاگاداربە کەس نەتبینێت.

- نیما بەگیانی تۆ کارێکی گرنگم هەیە، خۆت بێتام مەکە.

((نیماش هەر دەنگی بەرزدەکردەوە و قسەی هەڵەق‌ومەلەقی دەکرد))

نیما- هەتا بەجوانی نەتناسم نایەم بۆ بەردەرگا بۆلات هەتیووی بێحەیا! کوڕی گەڕەکی خۆمانیت یان لەگەڕەکێکی کەوە هاتویت بۆ شەیتانی کردن؟ ئەگەر دەکرێت جارێکی کە ناوەکەت بڵێرەوە با ناوەکەت دەرخ بکەم.

- چاوت دەردەهات هەرمەیە خوارەوە. ئەوە دوسێ کچ هاتوون بۆ ئێرەو بەدوای ماڵێکدا دەگەڕێن منیش نازانم کام ماڵەیە تاوەکو پێیان بڵێم.

((هەر لەگەڵ ئەم قسەیەم کرد نیما وەك خۆی لێهاتەوەو وتی))

- سیاوەش گیان مەهێڵە بڕۆن واهاتم!

((لەدوای دە چرکە نیما لەبەردەرگا بوو))

نیما- کچەکان کوان؟ فێڵت لێکردم؟!

- زەهری مار هەرگیز نازانیت کات چییە.

نیما- باشە وەرە سەرەوە، وا دەزانیت مەلاﻡ هێناوە لەگەڵ هاتیتە سەرەوە مارەت دەبڕم؟!

- لاچۆ لەبەرچاوم!

نیما- ئێستا چیبووە؟

- یەڵدا پەنچەر بووە!

نیما- لەکوێ؟ واتە کوێی پەنچەر بووە؟

((دەموچاوم لێ گرژکردو وتم))

- دەمەوێت جەکی بۆ لێبدەم‌و ...



Scanned with CamScanner

((نیما نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم وتی))

- ئافەرین بۆ تۆ. لەوچەند کتێبەی پێشودا ئەوەندە زرنگ نەبویت. هێشتا کچە داماوەکە نەگەیشتووە تۆ خەریکیت چەکی بۆ لێدەدەیتو پەنچەری بۆ دەکەیت! دەمەوێت بڵێم دەبێت لەپێشدا پێداویستییە زیادەکان دەربهێنیتو پاشان دەست بەکاربیت.

((هەروا تەماشام دەکرد کە نیما وتی))

- بەڵێ دەتانفەرموو.

- پێداویستییە زیادەکانم دەرهێنا, تەنها یەدەی جەگەکەی دیار نییە. هاتووم ئەوەی خۆتم بدەیتێ تا بچم بۆی بگۆڕم.

نیما- براکەم یەك یەدە زیاترم نییە، ئەویش نایدەمە دەستی هەرکەسێك.

- بەڕاستی زۆر بێئەدەب بوویت.

نیما- دەتەوێت بڵێیت چی؟ یەدەی خۆمەو نایدەم، بێئەدەبم؟

- چاوت... ! هەرنەموویست.

نیما- وەرە مەڕۆ، چونکە هاوڕێیت پێتدەدەم، بەڵام زۆر ئاگاداری بە. منمو ئەو یەدەیە.

((پێکەنین گرتمیو وتم))

- بڕۆ بۆم بهێنە.

نیما- بۆکوێ بڕۆ؟ لێرەیە لەسندوقی ئۆتۆمبێلەکەدایە.

((خولاسە یەدەی جەکەکەم لەنیما وەرگرتو گەڕامەوە بۆ لای یەڵدا و تایەی ئۆتۆمبێلەکەم بۆ گۆڕی. کاتێك کە لەگۆڕینی تایەکە بوومەوە یەڵدا وتی))

- زۆر سوپاس، بەڕاستی لوتفت نواند. ببورە ناوەکەتم لەبیرچویەوە!

((کەمێك پێم ناخۆش بوو بۆیە زۆر بەهێمنی وتم))

- ناوم سیاوەشە، وامدەزانی هەرگیز ئەو ناوەت لەبیر ناچێت.

یەڵدا- ببورە چیتر لەبیرم ناچێت. تۆ لەکوێ کاردەکەیت؟

- باوکم خاوەنی کۆمپانیایەکە، منیش لەلای ئەو کاردەکەم. کۆمپانیاکە کۆمپانیایەکی ئەندازیارییە. ببورە یەڵداخان تۆ وا گەڕاویتەتەوە بۆ ئێران کە بمێنیتەوە؟

یەڵدا- رەنگە بمێنمەوەو رەنگە نەشمێنمەوە. دەزانیت چی؟ دەبێت هۆیەك هەبێت تاوەکو بێنمەوە، لەڕاستیدا زۆر بەگەڕانەوە رازی نیم، دەزانیت چۆنە؟ بەڕاستی مرۆڤ لێرە تێکدەچێت.

- بمبەخشە تێنەگەیشتم.



Scanned with CamScanner

یەڵدا- مەبەستم ئەوەیە کە، ئێرە بەجۆرێکە، لەڕاستیدا من چەند ساڵێك لەئەمریکا ژیاوم. خولقەتم بەوێوە گرتووە. لەئەمریکا بۆ هەر کاتژمێرێك بەرنامەیەکم هەبوو، بەڵام لێرە چی؟ لەئەمریکادا تەنها کاتژمێرێکت بەبێ بەرنامە لەدەست ناچێت، بەڵام ئەم چەند وەختەی کە گەڕاومەتەوە بۆ ئێرە، بەبێ ئامانج ڕۆژ بەشەو دەگەیەنم‌و شەو بەڕۆژ. لێرە مرۆڤ ناتوانێت کارێك بکات بۆ ئەوەی کە ئاسوودە بێت.

- یەڵداخان تۆ دەتوانیت بۆخۆت کارێك هەڵبژێریت. ببورە خوێندنی بەدەستهێناوت لەچ بەشێکدایە؟

یەڵدا- کیمیا، ماستێرم لەکیمیادا هەیە. بەڵام مەبەستم ئەوە نەبوو. دەمویست بڵێم مرۆڤ لێرە هیچ شادی‌و خۆشییەکی نییە.

- نەخێر یەڵداخان وانییە، تۆ دەتوانیت لەگەڵ ماڵەوەتاندا یان لەگەڵ هاوڕێیەك دۆستێکتدا بچیت بۆ سینەما، پارك، سەیران‌و ئەو شوێنانە!

((یەڵدا سەیرێکی کردم، پاشان دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- بەڵێ تۆ ڕاستدەکەیت، من دەتوانم بڕۆم بۆ ئەو شوێنانەی کە تۆ وتت. تۆ خۆت لەگەڵ هاوڕێکانتدا بۆ خۆشی‌و شادی‌و کەیفکردن دەچیت بۆ ئەو شوێنانە؟

((کەمێك بیرم کردەوە خۆشم پێکەنینم بەخۆم دەهات، پاشان بەیەڵدام وت))

- لەڕاستیدا نەخێر، تاقەتی ئەو جۆرە شوێنانەم نییە!

((دووبارە یەڵدا سەیرێکی کردم‌و وتی))

- کەواتە چۆن کاتەکانت بەسەر دەبەیت؟

- هەر بەوجۆرە. واتە خۆشم نازانم! بەڕۆژدا لەبەیانییەوە تاوەکو عەسر لەسەر کارم، کاتێکیش لەسەر کار دێمەوە پشوویەك دەدەم، ئەوجا یان من دەڕۆم بۆلای نیما یان نیما دێت بۆلای من. زۆربەی شەوان لەگەڵ نیمادا پێکەوە لەدەرەوە نانده‌خۆین.

یەڵدا- تەنها ئەوەو بەس؟!

((پاشان یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- ئێمە لەئەمریکا ڕۆژەکانی پشوومان بۆ سەرگەرمی‌و شادی بەکەم دەزانی! بەڕاست تۆ دەرچووی چ بەشێکیت؟

- ئەندازیاری ئاواکردن.

یەڵدا- زۆر باشە نیما چی؟



Scanned with CamScanner

- نیماش هەروەك من ئەندازیارە.

یەڵدا- ژنت نەهێناوە؟ یان بیرت لەژنهێنان نەکردووەتەوە؟

- لەڕاستیدا لەخەیاڵمدا هەیە کە ژن بهێنم، تۆ چی؟

یەڵدا- نەخێر جارێ نیازی شوکردنم نییە. بەهەرحاڵ ئەگەر مۆڵەت بدەن من دەبێت بڕۆم. دیسانەوە زۆر سوپاستدەکەم تا دیدارێکی تر خوات لەگەڵ.

((یەڵدا دووبارە دەستی هێناو تەوقەی لەگەڵ کردم، پاشان سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو ڕۆیشت. منیش ئەو قسەیەی نیمام بیرکەوتەوە کە ئەو ڕۆژە لەنەخۆشخانەکە لەسەر تەوقەکردن بەیەڵدای وت، دەستمکرد بەپێکەنین‌و وەڕێکەوتم بەرەو ماڵی نیما. زەنگی دەرگاکەم لێدا. هێشتا دەستم لەسەر زەنگی دەرگاکە هەڵنەگرتبوو کە نیما لەپشتی دەرگاکەوە ڕاوەستابوو لەپڕێکدا نیما دەرگاکەی کردەوەو بەجۆرێك کە من سەرسام بووم وتی))

- خێرا یەدەکەم بەرەوە!

- چیتدەکرد لەپشتی دەرگاکەوە؟

نیما- بەداخی تۆوە دەتلامەوە، کوا یەدەی جەکەکەم؟

((ئەو کاتە بیرم کەوتەوە کە یەدەی جەکەکەی نیمام خستووەتە ناو سندوقی ئۆتۆمبێلەکەی یەڵدا. سەیرێکی نیمام کرد و بەپێکەنینەوە وتی))

- یەدەی جەگەکەتم دا بەدەستەوە؟

- بەڵێ.

نیما- ئەو کاتەش کە هەر ئاسن دەکوتم‌و پێتدەڵێم ئاگاداریبە پێت ناخۆشە، بەڵام کێشەنییە چونکە سێ چوار یەدەی ترم هەیە.

- نیما واز لەگاڵتەکردن بهێنە دڵم زۆر تەنگە.

نیما- دڵی دوژمنت تەنگ بێت خودایە، وەرە بزانم دڵت لەچی تەنگ بووە؟ بۆیەدەی جەکەکەی من دڵت تەنگ بووە؟ فیدای سەرت، داوتە بەدەستەوە قەیدی نییە خەم نەخۆیت، من هێشتا یەدەی ترم هەیە. ئەگەر یەدەی تریشت پێویست بوو شەرم مەکە وەرە بۆلای خۆم نەچیت داوا لەخەڵکی بکەیت وەرە خۆم پێت دەدەم.

((هیچم نەوت‌و ئاوڕمدایەوە تەماشایەکی ماڵی یەڵدام کرد. نیما وتی))

- ئەی دڵی بێئاگا! لەکۆتاییدا عەشق جەستەی بۆ سەردار کێش کردم! هەروەك تەواوی قافییەکەیت لەدەست دابێت؟! ئەی باوك سوتاو شەوی چلەخان. ئاخیرەکەی ئەو چاوە مەستانە



Scanned with CamScanner

کاری خۆی کرد، وەرە تۆ بابزانم، وەرە هاوڕێکەم.

((لەگەڵ نیمادا پێکەوە ڕۆشتینە باخچەکەیانەوە، ماڵی نیما زۆر گەورە بوو، هەروەها باخچەکەشی گەورە بوو. لەسەر کورسییەك دانیشتین، نیما وتی))

- سیاوەش عاشق بوویت؟

((بەقسەکەی نیما پێکەنیم))

نیما- خۆشەویستی بەڵای ڕۆژگارە!

- ئێستا چۆن دەبێت نیما؟

نیما- هیچ نابێت، دەتەوێت چۆن بێت؟

- واتە دەڵێم تۆ دەڵێیت چی؟

نیما- مەگەر عاشقی من بوویت وا وەڵامت لەمن دەوێت؟

- دەمەوێت بۆچوونی تۆ بزانم.

نیما- وەك پرۆفیسۆرێك لەکاروباری خانماندا؟

- ئاخ ...! بەڕاستی بێتامیت.

نیما- ئەگەر بۆچوونی کارناسییەکەمت بوێت شتێکە و بۆچوونی هاوڕێیەتیەکەشمان شتێکی کەیە.

- بۆچوونی کارناسیەکەتم دەوێت.

نیما- بەبۆچوونی کارناسێکی وەك من دەمەوێت پێت بڵێم بێچارەو بەدبەخت بوویت. ئەو هەموو کتێبو چیرۆکە عاشقانەت خوێندووەتەوە هێشتا تێنەگەیشتوویت عەشق یانی چی؟ برۆ کتێبی ((لەیلو مەجنون)) ، ((شیرینو فەرهاد))، ((رۆمیۆو جولێت)) بخوێنەرەوە ئەوکاتە تێدەگەیت عەشق یانی چی!

- نیما تو گیانی خۆشەویستت تا ئێستا رویداوە تەنها بۆ جارێك بەرێكو پێکی وەڵامی کەسێك بدەیتەوە؟

نیما- بەڕاستمە، تاوەکو تۆ ئەو کتێبانە دەخوێنیتەوە، یەڵدا سێ منداڵی دەبێت، بهێڵە خۆم بۆت باسبکەم. لەیلو مەجنون هەردووکیان مردن! شیرینو فەرهاد، کوڕەکە لەکۆتاییدا خۆی کوشت! رۆمییوو جولێت هەردووکیان خۆیان کوشت. بۆ زانیاری زیاترت ئەم چیرۆکانە لەو سەردەمانەدا بوون کە هەوا وەك ئێستا پیس نەبوو!

- ئەسڵەن بۆچوونی تۆم ناوێت پێویست ناکات چیتر قسەبکەیت.



Scanned with CamScanner

نیما- هاوڕێکەم زویرمەبە. بڕۆ دوا لاپەڕەی مێژوی عاشقان هەڵبدەرەوە ئەوکات دەزانیت، کە تەواوی عاشقان لەکۆتاییدا یان شێت بوون یان خۆیان کوشتووە! ئێستا گوێبگرە، بەڵام ئەمەیان وەك هاوڕێیەك. دەبێت پێت بڵێم هاوڕێکەم بچۆرە پێشەوەو لەهیچ شتێك مەترسە! خەیاڵت ئاسوودە بێت بەتەواوی تواناو بەهرەو ئەزموونەوە کە زۆر بەنرخە لەخزمەتتدام‌و ئامادەم هاوکاریت بکەم و ببمە پاسەوانت. هەر بەم بۆنەیەشەوە هەواڵێکی هێجگار خۆشم پێیە بۆ ئەم هاوڕێ تازە عاشقەم. بڕیارە دوو سبەی شەو کاك پرهام‌و هاوسەرەکەی تەشریف بێنن بۆ ماڵی ئێمە. یەکەم لەبەر بۆ هەواڵپرسینی نەخۆشییەکەی باوکم، دووەم بۆ سوپاسگوزاری لەمن‌و تۆ دێن. لەبەر ئەوەی هاوکاری یەڵدامان کرد. باسی ڕووداوی پیرەژنەکە دەکەم.

((لەخۆشیدا پێکەنینم دەهات، وتم))

- نیما تو گیانی من ڕاستدەکەیت؟ کەی باوکت لەنەخۆشخانە دێتەدەرەوە؟

نیما- سبەینێ بەیانییەکەی. گوێبگرە توخودا ئەگەر ملیۆنێك دۆلاری نەقدیان پێبدایتایە ئەوەندە خۆشحاڵدەبوویت؟

- نەبەگیانی نیما.

نیما- بڕۆ بیر لەنان بکەرەوە چونکە کاڵەکەکە هەمووی ئاوە، هەتیو خۆشویستن هەرگیز نەبوەتە نان‌و ئاو.

- یەڵداش دێت؟

نیما- ئاگاداری ئەوەیان نیم.

- ئەگەر یەڵدا نەیەت چ سودێکی بۆمن هەیە؟

نیما- چۆن سودی نییە. شاعیر دەڵێت: «ئەگەر بۆنی گوڵ نەیەت، لەگوڵاو حاڵ وەردەگرم. یەڵدا نەهات، باوکی دێت. تۆش دوماچی باوکی بکە وەك ئەوەوایە ماچێکی یەڵدات کردبێت!

- توخودا نیما شتێك بکە تایەڵداش بێت.

نیما- بەڕاستی داواکارییەکی بێبجێت هەیە! ئاخر من چیبکەم تایەڵداش بێت، واتە چیم لەدەست دێت؟

- تۆ ئەگەر بتەوێت دەتوانیت!

نیما- ئێستا بهێڵە شەوی حساب بگات شتێکی لێدەکەم.

***



Scanned with CamScanner

# بـــــــەشی دووەم

بۆ سبەینێ ئێوارەکەی نزیکەی کاتژمێر حەوت بوو کە نیما تەلەفۆنی بۆماڵەوە کرد. خۆم وەڵامم دایەوە.

نیما- ئەلو، سیا!

-نیما چۆنیت؟ چی بووە؟ خۆمم.

نیما- سیا بەفریوە وەرە بۆ ئەوێ چونکە بۆم جۆرکردیت.

- زەهری مار سەدجارم پێوتیت ناوی من بەتەواوی بڵێ.

نیما- تاوانی خۆمە کە دوێنێ کارێکم کرد یەڵداش بێت بۆ ماڵمان.

- توخودا نیما ڕاستدەکەیت؟!

نیما- بەڵێ ڕاستدەکەم، بەڵام کێشەیەك هاتووەتە پێشەوە.

- چ کێشەیەك؟ چی رویداوە؟

نیما- خەیاڵی زەماوەندکردن لەگەڵ یەڵدادا لەسەرتا بکەرەدەرەوە!

- بۆ؟!

نیما- یەڵدا دەستگیراندارە، دەزانیت کوڕەکەش کێیە؟!

- نیماکێیە؟ من دەیناسم؟

نیما- بێگومان لەتەلەفزیۆندا چاوت پێی کەوتووە!

- هونەرمەندە؟

نیما- نەخێر، یەکێکە لەبەتواناترین پاڵەوانانی جیهان. ئۆتۆمبێل بەددان بەسەر بەرزترین شوێندا سەردەخات! بەزنجیر دەیبەستنەوە و بەتەکانێك هەموو زنجیرەکە پارچەپارچە دەکات! هەردەستێکی پێنج سەد کیلۆگرام کێشی هەیە. ئەگەر بزانێت تۆ عاشقی دەستگیرانەکەی بوویت هەر بەددانەکانی



Scanned with CamScanner

پارچە پارچەت دەکات!

- نیما ڕاستدەکەیت؟ تو گیانی من ڕاستدەکەیت؟

نیما- مەترسە بابەگیان گاڵتەمکرد.

- بەڕاستی بەشێك لەگاڵتەکانت بێتامن.

نیما-تەلەفۆنەکە بدەرە باوکت باوکم دەیەوێت بانگهێشتتان بکات بۆ ماڵی خۆمان، چونکە کاك پرهام پەیوەندیی بەباوکمەوە کردووە و وتویەتی حەزدەکات باوکی تۆش ببینێت. ئەوان دۆستییەکی کۆنیان لەنێواندایە.

- کەواتە چۆن زانیت یەڵداش دێت؟

نیما- ڕۆشتم بۆ ماڵیان بۆ ئەوەی یەدەی جەکەکە بهێنمە، بەهەر شێوەیەك بوو بەیەڵدام وت تۆش سبەی شەو دێیت بۆماڵی ئێمە! زۆر پێدەچێت واتە لە٩٠٪ ئەویش دێت.

- ئەگەر نەهات چی؟

نیما- تۆ تا ئێستا ژن ناناسیت. دڵنیابە کە دێت.

- ئاخر ئەگەر نەهات؟

نیما- هیچ، هەرلەسەر ئەو حسابە کەمێك باوکی یەڵدا بگرەئامێز تائاگری عەشقەکەت دامرکێنەوە.

- نیما!؟

نیما- بۆچی وا بەپاڕانەوەوە بانگم دەکەیت؟ بێگومان کارێکی تریشت هەیە.

- نیماگیان! دەکرێت داواکارییەکی بچووکت لێبکەم؟

نیما- فەرموو.

- دەتوانیت بەجۆرێك بیدەیت بەگوێی دایکم و باوکمدا کە من دڵم بەیەڵداوەیە؟

نیما- بۆچی خۆت لاڵیت؟

- ئاخر من ڕومنایەت! بەڵام تۆ روو قایمیت دەتوانیت هەموو شتێك بڵێیت!

نیما- زۆرسوپاس، دەستت خۆشبێت، هەمووی تاوانی خۆمە!

- واتە مەبەستم ئەوەیە کەتۆ قارەمانیت، بەتوانایت!

نیما- بێئەقڵ خۆتیت!

- ئێستا پێیاندەڵێیت یان نە؟

نیما- باشە کێشە نییە. خۆمن ژیانی خۆمم لەپێناوی تۆدا ڕاگرتووە، بائەمەش بچێتە سەر ئەوانی تر! بابزانم تۆ کەی شەرم لەخۆتدەکەیتو ئەوخوشکە بێتامەت بەمن دەدەیت؟



Scanned with CamScanner

-نیما! نیماگیان.

نیما- ئەمجارەیان چییە؟

- زوو پێیاندەڵێیت؟

نیما- ئاخ...! پێیاندەڵێم باشە پێیاندەڵێم!

- ئاخر من دەمەوێت زوو پێیانبڵێیت لەبەرئەوەی بەرنامەکانم جۆربێت.

نیما- مەگەر دەتەوێت باوکت بخوازیت کە ئەگەر من زووتر پێیان بڵێم تۆ بەرنامەکانت جۆر دەکەیت؟ کە وتم دەیڵێم یانی دەیڵێم. وردە فەرمایشتی کەت نییە؟

- نەخێر. دەستت خۆشبێت. دڵنیابە رۆژێك دەبێت هەقی هەموویت بۆ دەکەمەوە.

نیما- دەمەوێت هەقم بۆنەکەیتەوە! خوات لەگەڵ! تەلەفۆنەکە بدەرە باوکت.

((بۆ سبەینێ شەوەکەی نزیکەی کاتژمێرهەشت بوو کە لەگەڵ سیما و دایکم و باوکمدا سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووین و بەرەو ماڵی نیما وەرێکەوتین. لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا باوکم وتی))

- سیاوەش ئەفەندی پیرۆزەو بەدڵی خۆش. بیستم لەبیری ژنهێناندایت؟ دایکی نیما کۆمەڵێك شتی بەدایکت وتووە!

((بەڕاستی بەو قسەیەی باوکم زۆر خۆشحاڵبووم، بەڵام خۆم بەلێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەوە خەریککردو تەنها پێکەنیم))

سیما- ئەو کچەی سیاوەش هەڵی بژاردووە زۆر چاکەو زۆریش جوانە.

((دایکمم لەئاوێنەی ناو ئۆتۆمبێلەکەوە بینی کە تەنها پێدەکەنی. زۆر خۆشحاڵبووم، لەلایەکەوە خۆشحاڵبوومو لەلایەکیشەوە شەرمم دەرکرد، پاشان باوکم وتی))

- بەپشتیوانی خودا هەموو شتێك جۆردەبێت، بەڵام بنەماڵەی پرهام شازادەن رەنگە بیانوی زۆریان هەبێت بۆ بەشودانی ئەو کچە!

دایکم- ئەوەیان چارەنوس دیاری دەکات.

باوکم- رەنگە ئەو حاڵەتەش ئەوەندە گرنگ نەبێت. هەرچییەك خودا بییەوێت هەر ئەوە دەبێت.

((بەڕاستی ئەو بابەتە خەریکبوو دەبووە شتێکی جدیو بیرو هۆشمی بەخۆیەوە خەریکدەکرد. کاتێك سەیرەکەم لەبەردەمی دەرگاکەی ماڵی نیما بووم. بەهەرحاڵ لەئۆتۆمبێلەکە دابەزین و رۆشتینە ژوورەوە.

لەدوای چۆنیو چاکیو هەواڵ پرسی سیما بەباوکی نیمای وت))



Scanned with CamScanner

- من لەبەر ئەوە لەنەخۆشخانە رەوانەی ماڵەوەم کردیت ئاپشوو بدەیت!

باوکی نیما- دەستت خۆشبێت سیما گیان. بەڕاستی بەچەشنێك نەشتەرگەریت کردوم وا دەزانم نەشتەرگەریی نەکراوم.

- ئەی نیما کوا؟

دایکی نیما- ئێستا لێرەدا بوو!

((کاتێکم زانی نیما لەسەر قادرمەکانی نهۆمی سەرەوەیەو خەریکە دێتەخوارەوە. کاتێك نیما هاتەخوارەوە چۆنیو چاکی لەگەڵ هەمووماندا کردو پاشان هاتە لای سیماوەو بەئارامی وتی))

- خوداپمکات بەقوربانی ئەو دەستوورە پزیشکییەی کە پزیشکی وەك تۆ پێدەگەیەنێت!

((سیما دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- وامدەزانی لەگەڵ زەنگی دەرگا لێدرا تۆ یەکسەر لەبەردەمی دەرگاکەدا ئامادە دەبیت بۆ پێشوازی!

- ئاخرچیبکەم بەدوای کاری ئەو برا باوك سوتاوەتەوە بووم!

((سیما بورابووەوە لەپێکەنیندا، پاشان من وتم))

- بۆچی بەدوای کاری منەوە بویت؟!

نیما- بابەگیان کاتژمێرێکی تەواوە من بەدووربین ماڵی پرهامم خستووەتە ژێر چاودێرییەوە لەبەر ئەوەی بزانم ئەوکچە ئاگرتێبەر بووەیان دێت یان نە!

- تۆلەو سەرەوە بەچیدا دەزانیت یەڵدا دێت یا نە؟!

- گێژە، ئەگەر دوو کاتژمێر پێش میوانییەکە دەستێك پۆشاکی جوان بپۆشێت و لەمبەرەوە بڕوات بۆ ئەوبەرو دووسەدجار بچێتە بەردەمی ئاوێنە، ئەوا ئاشکرایە کە دێت. مەگەر خوشکەکەت نابینیت چ پۆشاکێکی لەبەر کردووە . قژی کردووە بەدوو بەشەوەو گوڵی سووری لەقژیداوە!

- نەخێر وانییە سیما هەرکات بییەوێت بچێت بۆ میوانی هەروا پۆشاکی جوان دەپۆشێت.

نیما- دیسانەوە دەستی کردەوە بەبازاڕ گەرمکردن بۆ خوشکەکەی.

((سیما تەنها پێدەکەنی، پاشان من وتم))

- هەرگیز نابینیت سیما ببێتە هاوسەری تۆ!

نیما- واتە کارلەکار ترازاوە؟

- نیماگیان گاڵتەت لەگەڵ دەکەم.

نیما- هێی! ئاگاداربە چونکە هێشتا ئاشکرانییە کە یەڵدا دێت یان نە!



Scanned with CamScanner

((خولاسە بەدەم پێکەنینەوە لەدەوری یەکتری دانیشتین‌و هەموو باسەکان کەوتە سەر من. باوك‌و دایکی نیما پیرۆزباییان لێکردم، پاشان باوکی نیما وتی))

- سیاوەش گیان یەڵدا کچێکی زۆر باشە، زۆر جوانیشە. باوك‌و دایکیشی زۆریان خۆشدەوێت. تەنیها منداڵیانەو ئەزیزترین کەسیانە. هەڵبەت تۆش کوڕێکی زۆر باش‌و ڕێکوپێکی هەر لەبەر ئەوەشە من هەرکارێکم لەدەست بێت بۆت ئەنجام دەدەم بەتایبەتی لەبەر خاتری سیما گیان.

سیما- زۆر سوپاس.

باوکم- ئەو قسانە چییە؟

باوکی نیما- زۆر بەڕاستمە. ئەم یەك دوو ڕۆژە بەتایبەتی کۆششی لەگەڵ کردووم. بەڕاستی شایانی نازناوی ((خانم))ی هەیە.

نیما- لەڕاستیدا.

باوکی نیما- لەپیشەکەی خۆیدا مامۆستایە.

نیما- بێشك وایە.

((نیما ئەو قسانەی لەسەر خۆدەکردو سەریشی لەگەڵدا نەویدەکرد))

باوکی نیما- سیما بەتەواوی سەرکەوتووە لەکارەکانیدا!

نیما- بەتەواوەتی!

باوکی نیما- من باوەڕم نەدەکرد کە کچ بتوانێت ببێتە پزیشکێکی ئاوا لێهاتوو.

نیما- زۆر ڕاستە!

دایکم- کاك زەکاوەت ئێوە لوتوفتان هەیە.

باوکی نیما- بەخودا بەڕاستیمە! سیما گیان بەئەندازەیەك جدییە لەکارەکانیدا کە مرۆڤ ئیرەی پێدەبات!

نیما-بێگومان!

باوکی نیما- بەئەندازەیەك ئەم کچە سەرنج ڕاکێشە بڵێم وەك کێ وایە؟!

نیما- وەك ((ڕۆز))ی فیلمەکەی تایتانیك.

((هەموو بەجارێك دەستمانکرد بەپێکەنین))

باوکی نیما- هەتیو هەر هیچ نەبێت لەبەرخاتری دەمی خۆت بۆ ساتێك ئارامبگرە!

((باوکم بەپێکەنینەوە وتی))

- خزمەتکاری خۆتانە.



Scanned with CamScanner

باوکی نیما- ڕووناکی چاومە، بوکی ئەزیزی خۆمە.
((نیما هەر لەگەڵ گوێبیستی ئەم قسەیە بوو دەستیکرد بەچەپڵەو فیکەلێدانو وتی))
((دەمتان شیرینکەن، گوێی شەیتان کەڕ بێت وابزانم زەماوەندەکەی ئێمەش سەری گرت))
باوکم- سیما ئاخر دەتەوێت تاکەی داخ بەدڵی ئەم کوڕە داماوەدا بکەیت؟ بەڵێیەك بڵێو کۆتایی پێبهێنە.
نیما- ئاگر بەرنەبێت لەڕیشەی تەمەنت کچەکە! بەڵێیەك بڵێو ڕزگارمانکە! ئەگەر بەلاشتەوە سەختە تەنها سەرێك بجوڵێنە خۆمان تێدەگەین!
((سیما دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))
- جارێ هاوسەرگیریی بۆ نیما ئەفەندی زووە. ئەو دەبێت ئاماوەیەکی تریش خەریکی شەیتانی کردن بێت.
نیما- منو ئەو کارانە؟! بەخاکی سەرگڵکۆی باوکم! واتە بەگیانی باوکم ئەگەر من بزانم شەیتان ڕەنگی چۆنە! واتە ئاوەکو ئەمڕۆ کە لەحزوری جەنابتا دانیشتووم، بۆم ئاشکرا نەبووە ڕەنگی شەیتان چۆنە!
((لەسەرخۆ وتم))
- ڕاستەکات لەبیری نەبووە بەتەواوەتی تەماشایان کات!
((نیما بەهێواشی قاچێکی بەقاچمداناو وتی))
- بەڵێ، لەم سیاوەشە بپرسن، خۆ ئەم برای خۆتانەو درۆتان لەگەڵداناکات، من شەوو ڕۆژ لەگەڵ ئەودام، بڵێ سیاوەش.
- کامەیان بڵێم؟
((هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین))
نیما- زەهری مارو کامەیان! نەك حەرام، بهێڵە ئەوکچە یەڵدا بێت ئاپیشانت بدەم!
- واتە مەبەستم ئەوە بوو کە کام لەکردەوە چاکەکانت بڵێم.
نیما- ئەها! ئێستا هەرکامێکیانت لەبیرە ئەوەیان بڵێ تا ئەمانە کەمێك باشتر بمناسن!
- باسی ئەو شەوە بکەم کە دەمانویست بڕۆین بۆ سینەماو ئیتر شتێك هاتە پێشەوەو ڕۆشتین بۆ شوێنێکی تر؟
((نیما دەموچاوی دابەیەکداو بەتوڕەییەوە وتی))
- نەخێر، شتێکی تر بڵێ.



Scanned with CamScanner

- باسی ئەو چوارشەمەیە بکەم کە رۆشتین بۆلای قومارخانەکەوە؟

نیما- نەخێر، وتم باسی شتێکی سادە بکە کە تەنها خۆم و خۆت بوو بین.

((هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین))

- باسی ئەو دووشەمەیە بکەم کە پێکەوە بەرەو کۆمپانیا دەچووین لەپڕێکدا دوو کچ بەئۆتۆمبێلێکەوە لەبەردەممان‌دا ڕاوەستان و پاشان ئەوەبوو ئیتر نەچووین بۆ کۆمپانیا؟!

باوکی نیما- ئەی کوڕی کەر! خۆتۆ وتت دووشەمە ئۆتۆمبێلەکەت لەسەر شەقامێکدا خراپ بووە!

((نیما تۆقیبوو! نەیدەزانی چیبکات بۆیە بەدەنگی بەرز وتی))

- بەگیانی باوکم ڕاستمکرد. دوای ئەوەی کە شەهلاو ئەوان هاتنە بەردەممان ئۆتۆمبێلەکە خراپ بوو. بەگیانی باوکم درۆناکەم.

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین، پاشان باوکم وتی))

- قەیدی نییە لاون! لەوتەمەنەدا شەیتانیکردن خۆشە.

نیما- شەیتانی چییە جەنابی فەترەت؟!

((پاشان نیما لەسەرخۆ بەمنی وت))

- مردوشۆر ئەوباسی چاکەو پیاوەتییانەت بشوات، هەتیوو بەمشێوەیە باسی چاکەی مرۆڤ دەکەیت؟! خۆتۆ بێچارەت کردم!

((لەهمانکاتدا (زینەت خان) بەسینییەك چاوە خۆیکرد بەژووردا. ئاخر زینەت خان خزمەتکاری ماڵی نیما بوو. لەدوای ئەوەی کە هەریەکەو چایی خۆی هەڵگرت باوکی نیما پێی وتم))

- سیاوەش گیان یەڵدا لەهیچ شتێك ئاگادارە؟

نیما- لەچی ئاگاداربێت؟

باوکی نیما- مەبەستم ئەوەیە کە یەڵدا رازییە؟

نیما- لەچی رازیبێت؟

باوکی نیما- باشە هەتیو تۆ وەکیلی قسەکردنی سیاوەشیت؟ بهێڵە خۆی وەڵام بداتەوە!

نیما- وەڵامی چی بداتەوە؟

باوکی نیما- ئاخ بەدەست تۆوە نیما! توخودا ساتێك بێدەنگبە بادوو قسە لەگەڵ سیاوەشدا بکەم.

- ئەمر بفەرموون قوربان.



Scanned with CamScanner

باوکی نیما- دەڵێم سیاوەش یەڵدا رازییە زەماوەندت لەگەڵ بکات؟

نیما- کام زەماوەند؟ چ کەشکێك؟ چ دۆیەك؟ ئەم سیاوەشە بەدبەختە تا ئێستا دووجار چۆنیو چاکیو دووجار خوداحافیزی لەیەڵدا کردووە! بەپێی ئەو زانیاریانەی کە من لەبەردەستمدایە، سیاوەش جارێك پەنچەری بۆ یەڵدا گرتووەو دووجاریش تەوقەی لەگەڵدا کردووە! تەنهاو تەنها هەر ئەمە! ئەوکچە بێتاوانەو رۆحیشی لەهیچ شتێك ئاگادار نییە!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین، پاشان باوکی نیما وتی))

- کەواتە دەبێت ئێمە چیبکەین؟

نیما- بابەگیان هێشتا ئەم کورە، واتە سیاوەش بەجوانی ئەو کچەی نەبینیوە. ئەو کاتژمێرێك پێش ئێستا پرسیاری رەنگی چاوو برۆی یەڵدای لەمن دەکرد!

((دووبارە هەموو دەستمانکردەوە بەپێکەنین، پاشان باوکی نیما وتی))

- ئەوە کێشە نییە، ئەمشەو کاتێ ماڵی پرهام هاتن سیاوەش دەبێت بەبۆنەی شتێکەوە یەڵدا بەرێتە باخچەکەوە تابزانێت یەڵدا خۆی رازییە یان نە. ئەگەر قبوڵی بوو بەپشتیوانی خودا ئێمەش قۆڵی لێهەڵدەکەین‌و بەرنامەی زەماوەند رێکدەخەین.

((هەر لەگەڵ باوکی نیما ئەمەی وت، هەموو دەستیانکرد بەتەوقەکردن‌و پیرۆزبای لێکردنم. پاشان باوکم هەستاو رۆشت لەتەنیشتی باوکی نیمادا دانیشت‌و دەستیانکرد بەقسەکردن. دایکم‌و سیماش لەگەڵ دایکی نیمادا دەستیانکرد بەباسی زەماوەندکردنی من. منیش هەستام‌و رۆشتم لەتەنیشتی نیماوە لەسەر قەنەفەکە دانیشتم‌و بەنیمام وت))

- نیماگیان من بەچ جۆرێك یەڵدا بەرم بۆ حەوشەکە؟

((سەیرەکەم نیما لێمدەڕوانێت‌و هیچ ناڵێت))

- نیما لەگەڵ تۆمە.

((دیسانەوە هیچی نەوت))

- ئۆف ...! من قسە لەگەڵ تۆ دەکەم نیما، بۆچی وەڵامم نادەیتەوە؟

نیما- ئاخر لەبیرم چووە کە دەبێت لێرەی چیرۆکەکەدا چی بڵێم؟

- بەڕاستی بێنەقڵێت! ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

نیما- چیبکەم؟ لەبیرم چووە خۆ ناتوانم هەموو ئەو شتانە دەرخ بکەم. کۆمەڵێکیان لەمێشکمدا نەماوە!

- ئاخ خودایە بەدەست تۆوە! نیما خۆت بێتام مەکە! ئەو قسانە لەکتێبدا ناکرێت!



Scanned with CamScanner

نیما- سیاوەش تۆ قسەی بەلاش دەکەیت! منیش مرۆڤم! بیرم دەچێت کەچی بڵێمو لەکوێی چیرۆکەکەدام! وابزانم بیرم هاتەوە، تۆ ئەو رستەیەی کۆتای خۆت بڵێرەوە!

- زەهری مار، وتم نیما گیان من بەچ جۆرێك...

نیما- ئەمە چ مۆدیلی نیما گیان وتنێکە؟! بۆچی بەتوڕییەوە دەڵێیت نیما گیان؟

- نیما بێتام مەبە، ئەو قسانە لەکتێبدا جوان نییە!

نیما- سەیرکە سیاوەش، وەرە بگەڕێینەوە بۆ فەرەنگ، بەیەکەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەوروپا! چۆنە بەلاتەوە؟

- خودابتباتەوە نیما! تۆبۆچی لەم کتێبەدا وات لێهات؟

نیما- ئاخر سیاوەش گیان هیلاك بووم، پارەی هەقی خۆشمانمان نادەنێ تاسەر شۆڕ بکەینەوە بەسەر ژیانی خۆمانداو خەریکی کاری خۆمانبین!

- نیما هەڵدەستم دەڕۆم!

نیما- باشە! باشە! رستەی کۆتایت بڵێرەوە. بەڵام بەناسکی بڵێی نیما گیان!

- نیما گیان.

نیما- گیانەکەم.

- زەهری مارو گیان، ئەوەچ گیان وتنێکە؟

نیما- زۆر بەئیحساسەوە وتم؟

- توخودا نیما واز لەگاڵتەکردن بهێنە!

نیما- باشە بچۆرەوە ناو چیرۆکەکە!

- نیماگیان، ئاخر من بەچ جۆرێك یەڵدا بەرم بۆ حەوشەکە؟

نیما- یانی چی بەچ جۆرێك یەڵدا بەریت بۆ حەوشەکە.

- ئاخر نیماگیان من نازانم چۆن یەڵدا بکێشمە حەوشەکەوە!

نیما- دەستی بگرەو بەزۆر بەزەویەکەدا کێشیکەو بیبەرە حەوشەکەوە! بەڵام ئاگاداربە سەری بەر شتێك نەکەوێت لەجیاتی زەماوەند بیبەن بۆ ((بێهۆشی))!

- ئاخ ...! مەبەستم ئەوەیە کە بەچ بەهانەیەك بیبەم بۆ حەوشەکە؟

- کەواتە ئەو چەندجارەی کە دەمبردیت لەگەڵ خۆمدا بۆ ئەملاو ئەولا هیچ فێرنەبوویت؟ ئەگەر هەر جارەو وشەیەك فێر ببویتایە ئێستا لەپێشبڕکێی چاودێریدا بەلانی کەمەوە سێیەم دەبویت.

- توخودا نیما واز لەگاڵتەکردن بێنە! بەگیانی تۆ نازانم چۆن یەڵدا بەرمە دەرەوە بۆ حەوشەکە.



Scanned with CamScanner

نیما- سیاوەش گیان ئاسانە، شتێکی پێبڵێ‌و بیبە دەرەوە.

- ئاخر لەڕووم هەڵنایەت کاری وابکەم. نیما باوەڕم پێبکە هەر لەئێستاوە ترس کەوتوەتە دڵمەوە، خەریکە ئەژنۆم دەلەرزێت.

نیما- بەڕاستی جێگەی شانازییە بۆ بنەماڵەی ئێمە کە لەگەڵ بنەماڵەی ڕۆستەمی زاڵدا هاتووچۆو ئاشنایەتییان هەیە! لەخودا بەزیاد بێت کوڕەکەیان سیاوەش نییە، ڕۆستەمی دێو کوژە!

دڵ دڵی شێرەو بەقیافە فیل          ئەهەنگ دەردێنێت لەناو دەریای نیل

خودا تۆ بۆ ئێمە بهێڵێت سیاوەش گیان، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمجارە ((سەدام حسەین))ی کافر هێرشی بۆ کردین، تۆی بۆ دەنێرینە پێشەوە تاوەکو بەتەنیا هەموو کچەکانیان بەیەکجار داخودازی بکەیت و بیبانهێنیت بۆ ئێرە بۆ خۆمان. لەبەرئەوەی کە وڵاتەکەیان کچی تێدا نەمێنێت، بەڵکو بەوجۆرە باری دەروونییان لاواز بێت‌و لەبەرامبەرماندا شکست بخۆن!

((لەهەمانکاتدا دەنگی زەنگی دەرگای حەوشەکە هات، من ئەوەندە شپرزە بوو بووم بەسەر قەنەفەکەوە کەوتمە خوارەوە. لەگەڵ زەنگی دەرگاکە لێدرا هەموو لەجێگەی خۆیان هەستان‌و هەر یەکەو بەرەو شوێنێك دەڕۆیشتن ئانیما هاواریکرد))

-بابەگیان شپرزە مەبن! جارێ وەرن ئەم مرەبا هەڵوژەیەیە کۆبکەنەوە کە ڕژاوەتە سەر زەویەکە پاشان دەرگاکە بکەنەوە!

((نیما ئاماژەی بەمن کردو هەموویان دەستیانکرد بەپێکەنین،

بەهەرحاڵ زینەت خان دەرگاکەی کردەوەو پاش کەمێك یەڵداو دایکی‌و باوکی هاتنە ژوورەوە، بەدەم بەخێر هاتنەوە ڕۆشتینە هۆڵی میوانداریەکەی ماڵی نیماو دانیشتین. یەڵدا زۆر جوان بوو بوو. دەستێك پۆشاکی زۆر جوانی پۆشیبوو، هەموو دانیشتن‌و زینەت خان دەستیکرد بەمیوانداری کردن. من‌و نیما لەتەنیشتی یەکەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشتبووین))

باوکی نیما- زۆر بەخێربێن، زەحمەتتان کێشا کە هاتن.

باوکی یەڵدا- تکا دەکەم، ئێوە چۆنن؟ بەڕاستی نیگەرانتان بووم.

باوکی نیما- هەروەها ئێمەش، ئاشکرایە ئێوە لەکوێن؟ لەئێرانن؟ لەفەرەنگن؟

باوکی یەڵدا- لەهەر شوێنێك بین لەژێر سێبەری جەنابتداین قوربان. جەنابی فەترەت تۆ چۆنیت؟ کارو بار چۆنە؟ کۆمپانیاکەت ماوە؟

باوکم- لەسایەی لوتفی ئێوەوە کۆمپانیکە لەکارکردن بەردەوامە.



Scanned with CamScanner

باوکی یەڵدا- بەڕاست کاك زەکاوەت نەخۆشییەکەت چۆنە وتیان نەشتەرگەریی کراویت؟ ئێستا چۆنیت؟

باوکی نیما- سوپاس بۆخودا زۆر باشم. بەهۆی لێهاتووی دکتۆر سیماوە زۆر باشم.

نیما- هەزار ماشائەڵڵا لەلێهاتوییان، هەزار دەست خۆشی بۆ پزیشکییەکەیان! هەزار ئافەرین لە...

((منیش کێشام بەکەلەکەی نیمادا و ئەویش بێدەنگ بوو))

باوکی یەڵدا- خودا بییان پارێزێت. بەڕاستی گەورە بووە، لەخودا بەزیادبێت خانمێکە بۆ خۆی!

نیما- هەزار ماشائەڵڵا لەگەورە بونیان! هەزار...

((دووبارە کێشامەوە بەکەلەکەی نیمادا))

باوکی یەڵدا- زۆر باش بوو کە جەنابیشت تەشریفت هێناوە بۆ ئێرە کاك فەترەت، دەمەوێت زۆر سوپاسی سیما گیان و نیما گیان و کاکە سیاوەش بکەم، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە لەنەخۆشخانەکە بەفریای یەڵدا کەتبوون، بەڕاستی سوپاسیان دەکەم.

((دایکی یەڵدا بەدوای قسەکانی کاك پرهامدا وتی))

- بەڵێ زۆر سوپاس کە هاوکاریتان کردین، هەڵبەت مۆڵەتی شۆفێری بۆ شتێکی ئاوا باشە، ئەگەر یەڵدا مۆڵەتی شۆفێری هەبوایە پێویستی بەئێوە نەدەکرد.

((ئەو قسەیەی کە دایکی یەڵدا حاڵەتێکی ناخۆشی لەناو کۆڕەکەدا دروستکرد، هەموو بەساردییەکەوە سەریان بۆ لەقاند واتە بەڵێ قسەکەت ڕاستە. باوکی یەڵدا تەریق دەبووەوە، یەڵداش زۆری پێناخۆش بوو، پاشان باوکی نیما لەبەرئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت وتی))

- باشە کاك پرهام چۆن بوو گەڕانەوە بۆ ئێران؟ ئێوە لەهەندەران دەژین.

کاك پرهام- بەڵێ، لەڕاستیدا ئاوو هەوای ئەوێ سازگار نەبوو.

((نیما بەهێواشی بەمنی وت))

- واتە ئێرە لەچاو ئەوێدا بەهەشتە.

((دایکی یەڵدا ژنێکی لەخۆبای دیار بوو، زۆر خۆشی بەشت دەزانی، دایکی یەڵدا وتی))

- ئاخر فەرەنگستان بەجۆرێکە. نازانم تەشریفتان بردوە یان نە؟ لەمەملەکەتی غوربەتدا هیچ کەس ناتناسێت. نازانیت لەگەڵ کێدا دەژیت! کەس نازانێت تۆ لەچ بنەماڵەیەکیت!

((نیما بەئارامی بەمنی وت))

- وەرگێڕانی بۆ فارسی ئەندازیار نیما زەکاوەت «واتە ناتوانیت لەپێش چاوی خەڵکی بێگانەدا



Scanned with CamScanner

خۆت فش کەیتەوە»!

((پاشان نیما بەدەنگی بەرز بەدایکی یەڵدای وت))

- ئەی باشە بۆچی خۆت پێت نەدەوتن کە تۆ کێیت؟

((دایکی یەڵدا بزەیەکی بۆ نیما کردو وتی))

- لەڕاستیدا من زۆرم حەزدەکرد بگەڕێینەوە، پرهام زۆر بەگەڕانەوە رازی نەبوو. ئێستاش کە گەڕاوینەتەوە هەمیشە بۆڵە بۆڵی دێتو ناڕەزایی دەردەبڕێت. لەهەمانکاتدا وەك زەردەزیڕەیەك ئاڵاوەتە گیانم، هەمیشە قسەم پێدەڵێت!

نیما- پرهام غەڵەت دەکات قسەت پێدەڵێت!! واتە مەبەستم ئەوەیە کە کاك پرهام بەهەڵە تێگەیشتووە هەموو کەسێك بەنیشتمانەکەیەوە زیندووە. بەڵام درۆم نەکردبێت ئاوو هەوای فەرەنگ بەجەنابت کەوتووە دایکی یەڵدا خان. کاتێك کە لەدەرگاکە هاتنە ژوورەوە ئێوەم نەدەناسییەوە. وەك ژنێکی سی ساڵەتان لێهاتووە! چاوم بەژێر پێتان بەڕاستی گەنج بویتەتەوە.

((هەر لەگەڵ نیما ئەو قسەیەی کرد دایکی یەڵدا هەروەك هەموو دونیات پێدابێت، لەناخی دڵەوە بزەیەکی کردو وتی))

- نیماگیان هێشتا هەر چەتونییەکەی ماوە، بەباشی رەگی خەوی ژنان شارەزایە.

نیما- نەبەگیانی تۆ بەڕاستیمە، چەند رۆژێك پێش ئێستا هاوڕێیەکم لەفەرەنگ گەڕایەوە بۆ ئێران، چەند ساڵێکە لەگەڵ ماڵەوەیاندا لەوێ دەژی. کاتێك ڕۆشتم بۆ فڕۆکەخانە بۆ بەخێرهاتنەوەیان. سەیرەکەم دایەگەورەشی گەڕاوەتەوە. منیش پێمووت «عەلی گیان کەی دایەگەورەت هات بۆ فەرەنگ خۆ من لەم ماوەیەی پێشودا چاوم پێی کەوت»؟ عەلی تەماشایەکی کردمو وتی» نیماگیان ئەوە دایەگەورەم نییە ئەوە خێزانەکەمە»!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- گوایە دەڵێن ئەو ژنە داماوە لەوێ سێ شەفت کاری کردووە. بۆیە وا داغان بووە. بەڵام ئێوە، نازانم بەکێ سوێند بخۆم کە باوەڕبکەیت. ئەوە جارێ دەموچاوت هەر نەگۆڕاوە، هەروەك ئەو ڕۆژە وان کە هاتن بۆ ماڵئاوایی بۆ ماڵمان، هەمان روخسار هەمان باڵا!

دایکی یەڵدا- ماڵت ئاوەدان بێت کوڕەکە، بەڕاستی زمانی دەڵێی شەکرە.

((کاتێك دایکی یەڵدا ئەمەی وت، هەمووومان لەناچاریدا قسەکەی نیمامان پەسەندکرد))

باوکی نیما- بەهیچ جۆرێك نەگۆڕاون.

دایکی نیما- بەخودا کوڕەکەم ڕاستدەکات.



Scanned with CamScanner

باوکم- پاراوی لەڕوخسارتاندا دیارە.

((دایکی یەڵدا کە گوێ بیستی ئەم قسانە بوو کەیفی دەکردو پێدەکەنی، کاک پرهامیش سەرسامانە خەریکبوو نیگای هاوسەرەکەیی دەکرد. ئاوڕم دایەوەو سەیرێکی دایکی یەڵدام کرد، سەیرێکی نیماشم کرد کە نیما زۆر لەسەرخۆ وتی))

- هەر ئەو رۆژەی کە بۆ ماڵئاوایی هاتبوون بۆ ماڵمان وامدەزانی دایکی کاک پرهامە!

((پێکەنینم دەهات، بەڵام بەزۆر خۆم کۆنترۆڵ کردبوو. بەهەرحاڵ پیاداهەڵدانی دایکی یەڵدا کۆتایی پێهات‌و دایکی یەڵدا وتی))

- خەریکبووم باسی چیمدەکرد؟

نیما- دەتانفەرموو کە پرهام وەك زەردەزیرە ئاڵابووە گیانتان!

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. باوکی یەڵداش کە زۆر بێزار دیاربوو پێدەکەنی. پاشان باوکی نیما بەدایکی یەڵدای وت))

- هەڵبەت ئەوێش تام‌و چێژێکی تایبەتی هەیە. بەڵام ژیان لەنیشتیمانی خۆتدا شتێکی کەیە.

باوکم- خۆ هیچ نەبێت لەوڵاتەکەی خۆتدا چوارکەس دەتناسێت.

دایکی یەڵدا- کێشە لەوەدا نییە، چونکە لەوێش تەواوی ئێرانییەکان پرهامیان دەناسی، هەرکە دەیانوت شازادە هەزار شازادە لەدەمیان دەکەوتە خوارەوە! هەروەها ماڵی چەند هەزار مەتری‌و خزمەتکارو دەرگاوان‌و شۆفێر بۆ ئۆتۆمبێلەکان، چوار ئۆتۆمبێلمان هەبوو، سفرەی نانخواردنەکەمان هێجگار پان‌و بەرین بوو لێرەوە بۆ ئەو بەر دەبوو.

((دایکی یەڵدا بەدەست ئاماژەی بۆ ئەو سەری هۆڵەکە کرد. یەکسەر نیما بەهێواشی وتی))

- سیاوەش وەرە ئەملاوە وابزانم ئێمە لەناوەڕاستی سفرەکەدا دانیشتووین.

دایکی یەڵدا- هیچ شەوی یەکشەمەیەك نەبووە لەماڵی ئێمەدا ئاهەنگ‌و میوانی نەبێت، خۆ دەزانن لەوێ رۆژی یەکشەممان پشووە.

((نیما بەدەنگی بەرز وتی))

- نەێ!

((هەموو ئاوڕیان دایەوە بەلای نیمادا، منیش بەتوندی سیخوڕمەیەکم کێشا بەکەلەکەیداو نیما وتی))

- ئاخ ! واتە ئاخ خۆزگەم بەقوتابییە تەمەڵە کانیان! چونکە یەکشەممەش‌و هەینیش پشووە.



Scanned with CamScanner

دایکی یەڵدا- خودا بیکاتە نسیبت نیماگیان تابچیت‌و بزانی چ باسە، ڕاستت بوێت خۆشم پەشیمانم لەوەی کە گەڕاومەتەوە، وادەزانم شتێکم ونکردووە. زیاد لەئەندازە خولقەتم پێوە گرتووە، بەهیچ جۆرێك لێرە ئاسوودەنیم هەتا بەهەناسە هەڵمژینەکەشی، من لێرە ناتوانم هەناسە بدەم.

((لەپڕێکدا نیما وتی))

- لەخودا بەزیاد بێت!

((هەموو سەیری نیمایان کردو نیماش وتی))

- لەخودا بەزیادبێت کە من نەڕۆیشتم بۆ فەرەنگ! دەنا ئێستا لێرەدا دەمردم، بەو هەوا پیسەی شاریشەوە.

دایکی یەڵدا- نیماگیان تۆ نازانیت ئەوێ چ ئاوو هەوایەکی هەیە، چ تەکنەلۆژییەکی هەیە.

نیما- خودا بمکات بەقوربانی ئاوو هەواکەیان، بەڵام یاخودا ئەو تەکنەلۆژییە سەریان بخوات.

دایکی یەڵدا- دەبێت خۆت بڕۆیت ببینیت، شەقامەکان هەموویان پان‌و بەرینن، ئاو تاکسییەکانیان هەر زۆر فراوانە، وەك مێروله تەکسی لەوسەر شەقامانەدا بڵاو بووەتەوە! پاس وەك نەهەنگ دێت‌و ئەو هەموو نەفەرە سەر دەخات! پاسی کارەبای وەك دەمی لەق لەق دێت‌و دەرگاکەی دەکرێتەوە هەزار نەفەری تێدەچێت! قیتار وەك ئەژدیها دێت نەفەر لەسەر زەوی ناهێڵێت!

نیما- مەگەر ئەوێ باخچەی ئاژەڵانە وا ئەو هەموو جرو جانەوەرانە هاتوو چۆی تێدادەکەن؟

((هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین، بەڵام هەر زوو هاتنەوە سەرخۆیان. بەگۆشەی چاو تەماشای یەڵدام دەکرد، لەوکردەوانەی دایکی زۆر بێتاقەت دیار بوو. دایکی نیما لەبەرئەوەی پێش بە پێکەنینەکە بگرێت دەستیکرد بەخوڵك کردنمان بۆ میوە خواردن.

((دایکی یەڵدا سەیرێکی میوەکانی کردو وتی))

- هەرچی میوەی باشە لێرەوە دەینێرن بۆ ئەوێ! ناشرین‌و ناخۆشەکانیش دەمێنێتەوە بۆ خۆمان.

((نیما سەیرێکی میوەکانی کرد کە هەموویان زۆر گەورەو جوان بوون. پاشان کاك پرهام وتی))

- ژن لەم میوانە جوانتر چیت دەوێت؟ ئەو پرتەقاڵانە هەر یەکەی بەقەدەر چی بڵێم...

نیما- تۆپی هێلکەی مریشك!

کاك پرهام- تۆپی هێلکە...

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین‌و نیما وتی))

- ببورە کاك پرهام تۆپی بالە!



Scanned with CamScanner

کاك پرهام- نیما ڕاستدەکات بەقەد تۆپی باڵە!
دایکی یەڵدا- من ئەمانە ناڵێم، تۆ هەر ئاگات لەقسەکانی من نەبوو پرهام.
نیما- زۆر ڕاستە شازادە دیقەت ناداتە قسەکانی خانمی گەورە.
دایکی یەڵدا- هەمیشە هەروایە، هۆش‌و بیری لەشوێنێکی کەیە!
((خێرا باوکی نیما قسەی هێنا بەسەر قسەدا لەبەر ئەوەی گفتوگۆکەیان تەشەنە نەسەنێت. باوکی نیما وتی))
- یەڵداگیان تۆ چیدەکەیت؟ خۆ لەوێ شوت نەکردووە؟
((تایەڵدا ویستی قسە بکات، دایکی وتی))
- نۆی! نەك شوی نەکردووە زۆر کەس هاتونەتە خوازبێنی، بەڵام ئێمە پەسەندمان نەکردووە. پزیشکی ئەمریکی دەهاتن ئەویش چ پزیشکێك.
((نیما بەهێواشی لەپاڵ گوێی مندا وتی))
- هەموو ئاودارو نارێك!
دایکی یەڵدا- ئەندازیار دەهاتن چ ئەندازیارێك.
نیما بەئارامی- هەموو پێگەیشتووو شیرین!
دایکی یەڵدا- بەڵام هیچکامین هاوشانی بنەماڵەی ئێمە نەبوون.
((نیما بەئارامی پێیووتم))
سیاوەش بێچارە بوویت، ئەمانە لەسەرۆك وەزیر کەمتر بیت بەزاوای خۆیان قبوڵت ناکەن.
((پاشان نیما بەدایکی یەڵدای وت))
- بەڕاستی هەقی خۆتانە، زاوای بنەماڵەیەکی بەناوبانگی وەك ئێوە دەبێت چی بێت؟ چی پێدەڵێن؟!
دایکی یەڵدا- ناوو شۆرەتدار نیماگیان.
نیما- بەڵێ، دەبێت ناوو ناوبانگی هەبێت. وەك ئەسغەر پیاو کوژ! هەموو کەس دەیناسێت!
((هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین، دایکی یەڵدا وتی))
- بەڕاستی نیماگیان کوڕێکی خۆشەویستە.
نیما- جەنابتان لوتفتان فەرموو. لەبەر ئەوە کەمێك گاڵتەدەکەم تامیوانداریيەکە وشك‌و بێتام نەبێت.
((پاشان نیما بەمنی وت))



Scanned with CamScanner

- زمانت وشك بێت ژنەکە! خۆ مێشکمان چوو!

دایکی نیما- بەڕاست دایەگەورە چۆنە؟ پورەخان چۆنە؟ ئەوان بۆچی تەشریفیان نەهێنا؟

دایکی یەڵدا- شازادەخان حەزی بەملاو بەولا ڕۆیشتن نییە. دایەگەورەش بەو هەموو تەمەنەوە سەردانیکردن بۆ ئەو زۆر سەختە، کەمێکیش ناساغە.

دایکی نیما- خودا شفایان بدات.

دایکی یەڵدا- لەم دواییەدا داواکارێکی هات.

نیما- داواکاری دایەگەورە؟

((هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین، دایکی یەڵدا وتی))

- ماڵت ئاوەدانبێت کوڕەکە، من باسی یەڵدا دەکەم.

کاک پرهام- بێگومان دایەگەورەش بێمەیل نییە.

((دایکی یەڵدا ناچەوانی لەکاک پرهام گرژ کرد کە شازادەگیان یەکسەر بزەکە بەسەر لێویەوە وشك بوو))

دایکی یەڵدا- بەڵێ، داواکارەکەی یەڵدا فرۆکەوان بوو. بەڵام ئێمە پێمانووت بەهیچ جۆرێك قسەی وا نەکات!

نیما- کارێکی چاکتانکرد! بۆچی پێتان نەوت پێش تۆ براکەی ((یوری گاگارین)) هاتو وەڵاممان نەدایەوە.

((دووبارە هەموو دەستیانکردوە بەپێکەنین، پاشان دایکی یەڵدا بەنیمای وت))

- نیما گیان تۆ ئیشو کارت چییە؟

نیما- توخودا باسی من هەرمەکە، چونکە ئیشو کاری من بەجۆرێکە تا سەدساڵی کەش لەشارێکدا کە هیچ لەگەڕەکەکەی خۆشماندا ناناسرێم. ئێوە دەبێت بەدوای یەکێکدا بگەڕێن کە هەموو کەس بیناسێت واتە خۆی ناسراوبێت وەك ((ناپلیۆن پۆناپارت))!

((ئیتر ئەمجارەیان منیش نەمتوانی خۆم بگرم، دەستمکرد بەپێکەنین! ئەو نیما کوێر بووە خۆی پێنەدەکەنی. دایکی نیما بەدەم پێکەنینەوە خێرا خێرا فەرمووی لێدەکردین بۆ میوەخواردن وەك ئەوەی کە بییەوێت مەسەلەکە بەئاقارێکی تردا ببات. سیما هەستا لەهۆڵەکە ڕۆشتە دەرەوە! باوکی نیماش بەدەنگی بەرز بانگی لەزینەت خان دەکردو دەیووت چا بێنە، سەرئەنجام باوکم کە زۆر بەجدی دانیشتبوو وتی))

- کاک پرهام کارخانەکەتان چی لێکرد؟ هێشتا هەر ماوتانە؟



Scanned with CamScanner

کاک پرهام- بەڵێ هێشتا هەر ماومانە، واتە لەگەڵ یەک دوو ناسراودا شەریکم.

باوکم- ئێستاش هەر خۆت سەرۆکایەتی دەکەیت؟

کاک پرهام- جیاوازی چییە؟ گرنگ کارگێڕیی کردنە. ئیتر چ من بم یان کەسێکی تر بێت.

دایکی یەڵدا- یانی چی؟ سەرۆکایەتی ئەو کارخانەیە بەهیچ کەسێکی تر ناکرێت. تۆ نەبێت بەحساب شازادەیت و لەبنەماڵەیەکی خانەدانیت.

کاک پرهام- ژنەکە ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە، ئێمە بۆ لای نەخۆش هاتووین.

دایکی یەڵدا- بڵێ زمانیم نییە! بڵێ دەست و پێیم نییە! بڵێ چاوت نییە تاببینیت لەدەوورو بەرتدا چ باسە!

((نیما لەسەر خۆ وتی))

- نەخێر، وابزانم سەروپێخانەکە داخراوە! چاوو زمان و قاچ تەواو بووە، تەنها مۆخ و بناگوێ ماوە!

دایکی یەڵدا- بیر لەقسەی خەڵکی ناکەیتەوە کە چیدەڵێن؟ خەڵکی دەڵێن شازادە کەوگیرەکەی بەدیوێکی تردا باداوەو بەشەکەی خۆی فرۆشتووە. ئەسڵەن تۆ هەقی هیچت نەبێت خۆم ڕۆژێك دێم بۆ کارخانەو هەموو شتێك بۆ ئەو خەڵکە ڕووندەکەمەوە.

((پرهامی داماو لەتەریقیدا سەری داخستبوو. یەڵداش زۆری پێناخۆش بوو، بۆیە بەبیانوی سەر ئێشەوە هەستاو داوای یارمەتی لەهەمووان کردو ڕۆشتە دەرەوە بۆ حەوشەکەی ماڵی نیما. پاشان نیما بەمنی وت))

- هەستە خێراکە ئاوەکەیان پاڵاوتووە. ئەو خۆی ڕۆیشتە دەرەوە، بڕۆو بکەوەرە گفتوگۆکردن لەگەڵی. بەڵام بەخێرایی قسەکانت بکە چونکە کاتی کەممان لەبەر دەستدایە. نەڕۆیت لەوێ وەك شێلم ڕاوەستیت.

- نیما تۆش وەرە.

نیما- من بێم چیبکەم؟ هەستە داڕزێیت! بڕۆ وەك پیاوێك گفتوگۆی لەگەڵ بکە خێراکە دەی.

((لەسەرخۆ هەستام و لەپشتی قەنەفەکانەوە بەبێ ئەوەی کە بهێڵم کەس پێم بزانێت ڕۆیشتم بەرەو حەشەکە. لەهۆڵەکەدا هەموو خەریکی قسەکردن بوون، نیما لەبەر ئەوەی هەموویان سەرگەرمی قسەکردن بکات دووبارە مەسەلەی سەرۆکایەتی کارخانەکەی هێنایەوە ناو مەیدان.

نیما- بەڕاستی تاوانە ئەگەر کەسێکی تر ببێتە سەرۆکی کارخانەکە جیا لەکاک پرهام. بەحساب شازادەن، پیاو لەبەر ئەوە دەبێتە شازادە کە ببێتە سەرۆکی کارخانە!



Scanned with CamScanner

دایکی یەڵدا- بەقوربانی دەمتبم نیماگیان ...

((من ئیتر لەهۆڵەکە هاتبوومە دەرەوەو نەمزانی دایکی بەڵدا وتی چی. لەڕاڕەوەکە تێپەڕیمو ڕۆشتمە حەوشەکەوە. ماڵی نیما زۆر گەورە بوو، حەوشەیەکی جوانو گەورەی هەبوو، حەوزێکیش لەناوەڕاستی حەوشەکەدابوو، یەڵدا لەتەنیشتی حەوزەکەدا ڕاوەستابوو خەریکبوو تەماشای درەختەکانی دەکرد. لەسەرخۆ ڕۆشتمە پێشەوەو وتم))

- ئازاری سەرت باشتر بوو؟

((یەڵدا ماڵەکەی بەرامبەری ماڵی نیمای پیشاندام کە ماڵی خۆیان بوو. یەڵدا وتی))

- لەماڵی ئێمەوە ئێرە دەبینرێت. تا ئێستا چەندجارێك تۆم لێرەدا بینیوە کە دێیت بۆلای نیما.

((پاشان یەڵدا ئاوڕیدایەوەو وتی))

- سەرم ئازاری نەبوو دەمویست لەوێ هەڵبێم.

((یەڵدا ئاماژەی بۆ هۆڵەکە کرد))

- ئەوە کێشە نییە، زۆرجار لەنێوانی دایكوباوکی منیشدا ئەو باسانە ڕوودەدات.

یەڵدا- بەڵام لەنێوان دایكوباوکی مندا هەمیشە لەم کێشانە ڕوودەدات!

((زۆر شڵەژابووم، نەمدەزانی دەبێت چی بڵێم. لەپڕێکدا وتم))

- دایکت ڕاستدەکات؟

یەڵدا- دەربارەی چی؟ دەربارەی کارخانەکە؟

- نەخێر دەربارەی ئەوانەی کە باسی دەکرد.

یەڵدا- دەربارەی شەریکەکانی باوکم؟

- نەخێر، ئەوانەی کە بۆلای تۆ دەهاتن.

((یەڵدا سەرسام ما! لەگەڵ وام وت ڕەنگی دەموچاوی تێك چوو، تەنها تەماشای دەکردم. تێگەیشتم کە لەمەبەستەکەم نەگەیشتووە. بۆیە وتم))

- داواکارەکان دەڵێم.

((یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- بۆچی لێم نایەت داخوازیکاری پزیشكو ئەندازیارم هەبێت؟

- نەخێر بەپێچەوانەوە، مەبەستم ئەوە نەبوو، دەمووویست بڵێم تۆ خۆت ئەوانت ڕەتدەکردەوە یان ئەوان خۆیان وازیان دەهێنا! مەبەستم ئەوەیە کە تۆش وەك دایکت وایت؟!

((یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنین. زۆر شپرزە بوو بووم، کاتێك کە بەرامبەری دەبومەوەو تەماشای



Scanned with CamScanner

چاوی دەکردم، دەست و پێم وندەکرد، نەمدەزانی دەبێت چی بڵێم))

یەڵدا- ئەگەر مەبەستت بیروباوەڕو بیرکردنەوەیە دەبێت بڵێم نەخێر. بەڵام خۆخۆت ئاگات لەمەسەلەکەیە.

- بەڵێ مەبەستم ئەوە بوو، بەڵام وابزانم زۆر خراپ ئاماژەم بۆکرد!

((یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنین، رۆشتە سەرقادرمەکانی بەردەمی دەرگای چونە ژوورەوەکەو لەسەر یەکەم پلەی قادرمەکە دانیشت. یەڵدا بەجۆرێك دانیشت کە پشتی لەدەرگای ڕاڕەوەکە بوو. من هەروەك خۆم لەشوێنی خۆمدا وەستابووم، کاتێکم زانی نیما هاتە بەردەرگای ڕاڕەوەکەو دەستیکرد بەئاماژەکردن بۆ من، نیما جارێك ئاماژەی بەوە دەکرد کە بڕۆم و لەگەڵ یەڵدادا قسە بکەم، جارێکی تر کاتژمێرەکەی پیشاندەدام و جارێکی تر ئاماژەی بەوە دەکرد بڕۆمە تەنیشتی یەڵداوە دانیشم، جارێکی تر دەیکێشا بەسەری خۆیداو لەکۆتاییدا وابزانم جنێوی پێدام! پاشان کاتێ دڵنیابوو من وەستاوم و تەنها تەماشای یەڵدا دەکەم، تاکێك لەپێڵاوەکانی لەپێی داکەندو دەیویست بیهاوێژێت، بۆیە لەپڕێکدا وتم))

- باشە، باشە.

((یەڵدا بەسەرسامییەوە تەماشایەکی کردم و وتی))

- چی باشە، باشە؟!

((بەڕاستی پێکەنینم بەخۆم دەهات کە بەوجۆرە شپرزە بوو بووم، لەهەمانکاتیشداشەرمم پێدەهات))

- هیچ یەڵداخان، هەر لەخۆمەوە شتێکم وت!

یەڵدا- بۆچی بەپێوە وەستاویت؟ تۆش وەرە ئێرەوە دانیشە، هیلاك دەبیت ئەوەندە بەپێوە بوەستیت.

- نا زۆر سوپاس.

((لەگەڵ ئەو قسەیەم کرد نیما دەستی بەرزکردەوە کە تاکە پێڵاوەکە هەڵبدات، منیش چونکە دڵنیا بووم لەوەی کە نیما دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەخێرایی ڕۆشتم لەسەر قادرمەکان لەتەنیشتی یەڵداوە دانیشتم، ئەو بزوتنەو ئەوەی کە بەیەڵدام وت جیاوازییەکی زۆریان هەبوو. بۆیە یەڵدای هێنایە پێکەنین))

- ببورە لەپڕێکدا هیلاك بووم!

((یەڵدا دووبارە دەستیکردەوە بەپێکەنین. منیش سەرم داخستبوو، رقم لەخۆم دەبووەوە.



Scanned with CamScanner

خەریکبووم بیرم لەوە دەکردەوە کە چی بڵێم، بەڵام هیچ شتێك بەبیرمدا نەدەهات. بێدەنگی بەرقەرار بوو، بەوجۆرەش زۆر ئازار هێنەر بووم. لەپڕدا شتێك لەپشتەوە کێشای بەسەرما، لەسەرخۆ دەستێکم بۆ سەرم برد کە بەڕاستی ئازاری دەهات، کاتێ روانیم کلۆیەك شەکری گەورە لەپشتمەوە کەوتووە. لەوە دڵنیابووم یەڵداش بە بەزمەکەی زانیوە. بەڵام نازانم بۆچی خۆی لێ بێئاگا کرد. زۆرم لەخۆم دەکرد ئاشتێك بڵێم، بەڵام ئەوەندەی تر شپرزە بووم. بەدەست لەپشتەوە ئاماژەم بەنیما دەکرد کە ئیتر شەکر هەڵنەدات، نەمدەتوانی تەنها وشەیەك بڵێم، کاتێکم زانی کلۆیەك شەکری تر کێشای بەسەرما، یەڵدا پێکەنین گرتبووی، بەڵام رووی بەولادا وەرگێڕا واتە ئاگام لەهیچ نییە، ئاوڕم دایەوە بەلای نیمادا ئاپێی بڵێم ئیدی شەکر هەڵنەدات، کاتێکم زانی کلۆیەك شەکر کێشای بەچاومداو بەبێویست وتم))

- ئاخ!

یەڵدا- چیبووە؟!

- هیچ دەڵێم ئاخ چ شەوێکی خۆشە!

((هەرلەگەڵ ئەو قسەیەمکرد لەگەڵ یەڵدادا هەردووکمان دەستمانکرد بەپێکەنین. بەگۆشەی چاو تەماشایەکی نیمام کرد بینیم کلۆیەك شەکری بەدەستەوەیەو دەیەوێت ئەویشم تێبگرێت. بۆیە دڵم دایە دەست دەریاو وتم))

- یەڵداخان دەمەوێت شتێکت پێبڵێم، واتە دەمویست شتێکت لێبپرسم.

((یەڵدا ئاوڕی دایەوەو نیگایەکی کردم، دووبارە دەستو پێم ونکردەوە، هەرچەند زۆرم لەخۆم دەکرد ئاشتێك بڵێم، بەڵام نەمدەتوانی. یەڵدا دووبارە دەستیکردەوە بەپێکەنینو روویکردە درەختەکانو لێیان راما. لەگەڵ ئاوڕم دایەوە بەلای نیمادا کلۆیەك شەکر بەرەو روم هاتو منیش خۆم لێلاداو کەوتە ناو باخچەکەوە. یەڵدا بەپێکەنینەوە وتی))

- ئێرە هەمیشە بەمشێوەیەیە؟ هەمیشە لەئاسمانەوە شەکر بەسەر ئەم زەویەدا دەبارێت؟

- نەخێر، وابزانم زینەت خان لەنهۆمی سەرەوە خەریکە شەکر دەشکێنێتو پارچە وردەکانی دەکەوێتە ئێرەوە!

((یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنینو هەستا بەرەو لای حەوزەکەوە وەڕێکەوت، منیش هەستامو سەیرێکی نیمام کرد تابزان چیدەکات. هەر کە چاوم بەنیما کەوت خەریکبوو هاوار بکەم، چونکە نیما ئەمجارەیا شەکردانەکەی هەڵگرتبوو تاوەکو تێمبگرێت. منیش بەخێرایی بەرەو لای یەڵدا رامکرد، ئەوەندە خێرا رامکرد خۆم بۆ نەگیرایەوەو خۆم کێشا بەیەڵدادا، هەردووکمان دەستمانکردەوە



Scanned with CamScanner

بەپێکەنین. پاشان یەڵدا وتی))

- بەنیازبوویت چیم لێبپرسیت؟

- بەنیازبووم بپرسم، واتە دەمەوێت بڵێم لەماڵەکەتان رازیت؟

((یەڵدا دووبارە دەستیکردەوە بەپێکەنین و وتی))

- بەڵێ ماڵێکی خۆشە.

((لەگەڵ یەڵدا ئەوقسەیەی کرد، نیما لەپشتی دەرگای راڕەوەکەوە کەمێك سەری دەرهێناو دەنگی خۆی گۆڕیی و وتی))

- ئێستا لەخودا بەزیاد بێت لەبەر ئەوەی ماڵەکەتان خۆشە، وەرە ببە بەژنی من!

((من و یەڵدا هەردوو بەو قسەیەی نیما حەپەساین! پاشان یەڵدا ئەوەندە پێکەنی خەریکبوو دەبورایەوەو هەربەدەم پێکەنینەوە وتی))

- ببورن ئێنەگەیشتم.

((رووی خۆمم پتەوکردو وتم))

- ئەوەی کە گوێ بیستی بوویت وتەی من بوو!

یەڵدا- باشە دووبارە بیڵێرەوە!

- یەڵداخان ببەخشە دەکرێت تکاتان لێبکەم لەگەڵ مندا زەماوەند بکەیت؟!

((یەڵدا تەماشایەکی کردم و بەئارامی وتی))

- ئاخر ئێمە هێشتا بەباشی یەکدی ناناسین.

- باشە ڕاستدەکەیت، بەڵام ئەوە کێشە نییە.

((یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنین و نیما لەپشتی دەرگاکەوە وتی))

- کچەکە سەرت شینکەیت بۆخۆت و ئەو وەڵامە ((مەنتق))ییەت!

((دووبارە من و یەڵدا دەستمانکردەوە بەپێکەنین، پاشان یەڵدا وتی))

- کەمێ پێش ئێستا گوێت لێبوو کە دەبێت داواکاری من خاوەنی کۆمەڵێك مەرج بێت، بەداخەوە بیروباوەڕی بنەماڵەی ئێمە بەمجۆرەیە، منیش دیلی ئەو بیرو باوەڕەم.

- بەڵام ئەوە ڕاست نییە.

یەڵدا- دەزانم بەڵام دەتوانم چی بکەم؟ تۆ هێشتا شازادەخانمت نەبینیوە مەبەستم پورمە، ئەو وا دەزانێت ئێستاش لەسەردەمی قاجاریەکاندا دەژی. لەوکاتەوەی کە ((ئینقلاب)) لەئێراندا کراوە مۆڵەتی بەکەس نەداوە لەماڵەوە تەلەفزیۆن بکاتەوەو تەماشای کەناڵە ناوخۆییەکان بکات!



Scanned with CamScanner

((من سەرم داخستبوو کە نیما لەپشتی دەرگاکەوە وتی))

- یەڵداخان پورت وازلێبێنە بۆ خۆم، بەڵام تۆ رازی دەبیت ئەم مرۆڤە شەلو بێزمانە بێتە داخوازیت؟ بابەگیان شەکر لەماڵکەماندا نەما!

((یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنین‌و بەدەم هەستانەوەوە وتی))

- تەشریف بهێنن ماڵی خۆتانە.

((پاشان یەڵدا بزەیەکی جەرگ بڕی بۆکردم‌و بەرەو ژوورەوە وەڕێکەوت. کاتێک یەڵدا گەیشتە دەرگای ڕاڕەوەکەو بەردەمی نیما، نیماش دەستی وەك پەلی درەخت بەرزکردەوەو بەیەڵدای وت))

- چۆنیت؟ ببورە من سنەوبەرم‌و لەناو ئەم گوڵدانەدا رووا‌ندومیان، فەرموو وەرە ژوورەوە، ماڵی خۆتانە.

((من‌و یەڵدا دەستمانکرد بەپێکەنین، پاشان لەگەڵ نیمادا وەڕێکەوتین بەرەو هۆڵەکە. دوای چارەکە سەعاتێك لەگەڕانەوەی ئێمە دایك‌و باوکی یەڵدا مۆڵەتی رۆشتنەوەیان خواست‌و هەستان بڕۆنەوە. ئێمەش هەمووما‌ن تابەردەرگای حەوشەکە لەگەڵیاندا ڕۆیشتین. کاتێك خوداحافیزیم لەیەڵدا کرد یەڵدا دەستی هێناو تەوقەی لەگەڵ کردم. منیش کەمێك دەستیم لەناو دەستمدا هێشتەوە، یەڵدا هیچی نەوت تنها دەستیکرد بەپێکەنین، لەخۆشیدا خەریکبوو باڵم لێدەردەهات. خۆشەویستی یەڵدا بەجۆرێك کاری تێکردبووم لەباسکردن نایەت. بەڕاستی هەستمدەکرد ئەو کچەم زۆر خۆشدەوێت. بەهەرحاڵ ئەوان ڕۆیشتن‌و ئێمەش هەموو گەڕاینەوە بۆ ماڵی نیماو لەهۆڵەکەدا دانیشتینەوە، پاشان باوکی نیما وتی))

- کاك سیاوەش وەرە بزانم چیتکرد؟

نیما- نەبوو کە نەبوو باوکەگیان.

باوکی نیما- بۆچی نەبوو؟

سیما- یەڵدا وەڵامەکەی ((نا)) بوو؟

نیما- بەوجۆرەش نەبوو.

((سیما زۆر نائارام بوو وتی))

- کەواتە یەڵدا وتی چی؟!

نیما- تۆ خۆت بێتاقەت مەکە سیماخان، خودانەکردە نەوەك لەپڕێکدا تەندروستیت تێك بچێت!

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- ئاخر یەڵدا وتی چی؟ سیاوەشی بەدڵ نەبوو؟



Scanned with CamScanner

نیما- ئەی هاوار بەدەست تۆوە من دەڵێم خۆت بێتاقەت مەکە، لەگۆڕی باوکی هەردوکیان بەم! واتە سڵاوات، مەبەستم دوعای خێرا لەکۆتاییدا خۆی شتێك دەردەچێت.

((هەموومان دەستمانکرد بەپێکەنینو باوکی نیما وتی))

- باشە بۆچی تۆ قسەدەکەیت نیما؟ سیاوەش لەگەڵ یەڵدادا قسەی کردووە ئەوکات تۆ لەجێگەی ئەو وەڵام دەدەیتەوە؟

نیما- سیاوەش بێجای کردووە، ئەگەر من نەدەبووم، ئەو تاکاتژمێرێکی دیکەش دەربارەی خانووەکەی ماڵی یەڵدا قسەی دەکرد!

((هەموو ئاوڕیان دایەوەو سەیری منیان کرد. پاشان نیما وتی))

- ناردوومە خوازبێنی کچەکە بکات، کەچی پێیدەڵێت لەماڵەکەتان رازیت یا نە.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنینو پاشان دایکم وتی))

- کوڕەکەم بەستەزمانە.

نیما- کوڕەکەت شەلو کوێرە! بەستەزمانی چی؟ مەگەر ئێمە دەمانەوێت غەدری لێبکەین کە دەڵێیت بەستەزمانە!

((دووبارە هەموو دەستمانکردەوە بەپێکەنین، پاشان نیما بەسیمای وت))

- خودا مکات بەقوربانی ئەو پێکەنینەت، بێگومان تۆش بەستەزمان نیت.

باوکی نیما- ئێستا دەڵێیت یەڵدا وتی چی یان نە؟

نیما- بابەگیان یەڵدا وتی نە، نە، نە. واتە وتی نە منو نە باوکمو نە دایکم، کەسمان حەزمان لەشیربرنج نییە، ئاخر یەڵدا سیاوەشی ناو ناوە شیربرنج!

((لەگەڵ نیما ئەمەی وت دایکم پرسی))

- بەسیاوەش دەڵێت شیربرنج؟!

نیما- نەخێر، داماوە کەی قسەی وایکردووە، یەڵدا وتی شی شی!

((پاشان نیما بەدەنگی بەرز بەدایکمو ئەوانی وت))

- توخودا ئەمە منداڵە ئێوە هەتانە؟ ئێوە مرەباتان بووە یان منداڵ؟ ئەم منداڵە بەستەزمانە لەهەرکوێیەکدا دایبنێیت دەڕژێت. باوکم لەقەبردا هاتە دەرەوە تاوەکو داخوداژی ئەو کچەم بۆ کرد. کاکە سیاوەشیش بۆخۆی ڕاوەستابوو وشەیەکی نەدەوت!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین کە نیما هێشتا هەر توڕەبوو وتی))

- بەخودا دەبێت لەمێژودا بینووسن، لەپشتی دەرگای ڕاڕەوێکەوە خوازبێنی یەڵدام بۆ کرد!



Scanned with CamScanner

باوکم- سیاوەش نیما ڕاستدەکات؟

((منیش دەستمکرد بەپێکەنین و هەموو دەستیانکرد بەچەپڵە لێدان بۆ نیما، نیماش بەپێکەنینەوە بەسیمای وت))

- سیماخان ئاگات لێیە من چەند کوڕێکی باشم، چەند قارەمانم.

باوکی نیما- ئافەرین بۆ تۆ نیما، ئێستا بڵێ بزانم یەڵدا وتی چی؟

نیما- یەڵدا وتی نا!

باوکی نیما- بۆچی؟

نیما- یەڵدا وتی دەبێت بڕۆم خۆم ئامادەبکەم، چونکە حەزم لەشیربرنج نییە.

((بەهەرحاڵ بەدەم پێکەنینەوە نیما هەموو شتەکانی بۆ گێڕانەوەو باوکی نیما وتی لە نزیکترین کاتدا خۆم قسەلەگەڵ پرهام دەکەم. پێیدەڵێم چ کاتێك بێین بۆ خوازبێنی یەڵدا. نیوسەعاتێکی تر بەیەکەوە دانیشتین و چایەکمان خواردەوەو هەستاین تابڕۆینەوە. کاتێ ماڵئاواییمان دەکرد بەنیمام وت نیما وەرە باپێکەوە بڕۆین کەمێك پیاسە بکەین، دایکم و باوکم و سیما پێکەوە ڕۆشتنەوە بۆ ماڵەوەو من و نیماش بەرەو سەرشەقامەکە وەڕێکەوتین. بەدەم ڕۆیشتنەوە بەنیمام وت))

- نیما ئەگەر یەڵدایان پێنەدام چیبکەم؟

نیما- بۆ نایدەن؟

- ئاخر ئەوان بەدوای ناوو ناوبانگدا دەگەڕێن منیش نیمە.

نیما- لەجیاتی ئەو ناوو ناوبانگەی ئەوان داوای دەکەن هەزار شتی دیکەت هەیە کە هەریەکێکیان بەهاکەی هێندەی دونیایەکە. نەجیب زادەو سەربەرزیت، خاوەنی بنەماڵەیت ئەویش چ بنەماڵەیەك، بڕوانامەداریت، ئەندازیاری ئەم مەملەکەتەیت، پاشەکەوتت خراپ نییە. لەوەش دڵنیام کە ئێستا باوکت لەشوێنێکدا خانوێکی باشی بۆ داناویت لەبەر ئەوەی کاتێك ژنت هێنا بڕۆیتە ناوی و ژیانی تێدا بەسەربەریت. ئۆتۆمبێلی باشیشت هەیە ئیتر چیت دەوێت؟

- هەموو ئەوانەی کە تۆ وتت ڕاستە، بەڵام نیماگیان ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت من نیمە!

نیما- یانی چی ئەوەی کە ئەوان داوای دەکەن تۆ نیتە؟

- ئەو مەرجەی کە بۆ زەماوەندکردن لەگەڵ یەڵدادا پێویستە!

نیما- واتە... قوڕ بەسەرت کوڕەکە، بۆچی تا ئێستا پێت نەوتووم تا بتبەم بۆلای پزیشکێك و دەرمانێکت بۆ پەیدا بکەم؟ ئەترسم هەرلەبناغەوە ماڵەکەت قایم نەبێت؟!

- ئاخ بەدەست تۆوە، خۆت بێتام مەکە.



Scanned with CamScanner

نیما- غەڵەتیان کردووە مەرجی وایان داناوە، دڵنیابە ئەگەر خودا بیەوێت یەڵدا بەنسیبی تۆ دەبێتو دەمی هەموویان دەبەسرێتو رازی دەبن. ئێستا بۆ کوێ دەڕۆین؟

- وەرە بابڕۆین بۆ پارك ئێستا زۆر چۆڵە.

نیما- کاتژمێر یانزەو نیوە پارکی چی؟

- بۆ پارکی چی، وەرە دەڕۆین لەشوێنێکدا دادەنیشین، حەزناکەم بڕۆمەوە.

نیما- تۆ هەرلەئێستاوە رۆحیەت بەمجۆرەیە، دەبێت لەدوای ژنهێنان چۆن بێت.

- چیبکەم؟ بەدەست خۆم نییە.

نیما- خۆشحاڵبە، قسەبکە، پێبکەنە. بەناخێری گیانت ئەمشەو یەڵدا ناڕاستەوخۆ وەڵامی هاودەمیی پێداویتەوە.

- نیما ڕاستدەکەیت؟

نیما- بەڵێ ڕاستدەکەم، کاتێك وتی تەشریف بهێنن بۆ خوازبێنی مانای چی؟ واتە خۆشیدەوێت. بەئومێدی خودا هەموو شتێك جۆر دەبێت، خەم مەخۆ.

((منو نیما رۆشتینە ناو پارکەکەوەو کەسی لێ نەبوو. لەگەڵ نیمادا دەستمانکرد بەپیاسە کردن))

-نیما، ئەگەر وەڵامی (نا)یان پێدامەوە چیبکەم؟

نیما- خۆ ئەوان هێشتا هیچیان نەوتووە، تۆ بۆچی ئەوەندە پێشبینی خراپ دەکەیت؟.

- ئەگەر وابوو کە من دەیڵێم چی؟

نیما- ئەگەر رۆشتینو رەدیانکردینەوە ئەوا خۆم رێگەیەکی باشت پیشاندەدەم.

- تو گیانی من ڕاستدەکەیت؟

نیما- بەڵێ ڕاستدەکەم، لەوبارەیەوە خەیاڵت ئاسوودە بێت.

- نیما چ رێگەیەکە؟ تو گیانی من بیڵێ.

نیما- ئەگەر ڕۆیشتینو وەڵامەکەیان ئەوەبوو کە تۆ لێی دەترسیت، ئەوا هەر ئەوشەوە خۆت بکوژە!

((سەیرێکی نیمام کردو وتم))

- خەتای خۆمە کە لەگەڵ تۆدا باسی چاکەو خراپە دەکەم.

نیما- ئاخر سروشتی من لەگەڵ تۆدا جیاوازی هەیە. سەیرکە، سیما ئێستا وەڵامی (نا)ی بەمن داوەتەوە، بەڵام من هەروەك لەخەیاڵمدا نەبێت وایە!

- ئاخر تۆ نامیهرەبانیت.



Scanned with CamScanner

نیما- من نامیهرەبانم؟ غەڵەتت کرد.

- ئەگەر تۆ هەستێکی ناسکو جوانت هەبوایە دەبوو ئێستا غەمگین بویتایە.

نیما- ئەوە چ پەیوەندییەکی بەهەستەوە هەیە؟ سیما ئێستا بەنیاز نییە شوبکات. ئیتر خۆ ناتوانم بیکوژم. منیش دەڕۆمو شەش مانگ ساڵێك لەگەڵ یەکێکی تردا زەماوەند دەکەم. کاتێکیش سیما ئامادە بوو، ئەو تەڵاق دەدەمو سیما دەهێنم! چۆنە؟

- بەگیانی پورت زۆر جوانە. بەڕاستی ڕێگەچارەیەکی سانایە. ئەی ئەگەر خانمی یەکەم تەڵاقی وەرنەگرت چیدەکەیت؟

نیما- بیرم لەوەش کردووەتەوە. لەبەڵێن نامەکەدا دەنوسم کاتی دیاری کراوی ئەم زاوایە لەڕۆژی دەرچوونییەوە تاوەکو شەش مانگی تر بەکاردێت. تکایە پاش بەکارهێنانی ئەم زاوایە، بەئاوی سارد بیشۆن، لەژێریشیدا دەنوسم لەشوێنی تەڕ بیپارێزن، تێبینی: ئەم مرۆڤە گرەنتی لەگەڵ نییە. هەر خەسارەتێك لەم زاوایە بکەوێت تاوانکار لەلاین حوکمەتەوە سزادەدرێت. دەشتوانم لەشوێنێکی تردا بنوسم. تاریخ الانتاج... تاریخ الانتها الصلاحیه: السادس الشهر من بعد تولید العناصر الترکیبه: التیپ خوش، الشوخ الگبیعت، الجاذب النساو، سریعه المصرف، بدیعه الصوت، الفارغ الخیال، الزیب المجالس، الجمیل الصورته.

الگول القامته: ۱/۸۰ الوزن الصافی ۸۰ کیلوغرام صنع فی الایرانیه.

لاوزن الاصافی، الکامل فی القاعده الاندام.

ئەگەر ئەمانە بنوسم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بازرگانیم پێوەدەکرێت، هەر هیچ نەبێت بەڵکو لەوێ قەدرم بزانن.

- نیما تۆ چۆن توانیت ئەمانە بڵێیت؟

نیما- ئاخر لەقوتابخانەدا ئەوەندە بەعەرەبی لەگەڵماندا دەدوان. لەگەڵ زەنگی وانەکان لێدەدرا قوتابییەکانیش زەنگی سەفرەیان لێدەداو لەباخچەی قوتابخانەکەدا دەستیاندەکرد بەسەماکردن. دەزانیت چی؟ بەڕاستی ئەو زمانە ئەوەندە کاری تێکردبووین کە حەزێکی زۆرمان بۆی هەبوو. باوەڕبکە مامۆستاکەمان ئەوەندە بەجوانی وانەی عەرەبی پێدەوتینەوە کە وەك سەماکەرە عەرەبەکان هەمووگیانمان دەلەرزی! مەبەستم سامییە جەماڵە. ئەویش ئەوەندە وانەی عەرەبی خوێندبوو تاوەکو شازی سەماکەری لێدەرچوو. سیاوەش سەیرکە ئەگەر کەمێك لاشەت رووت بکەیتەوەو خۆت شل کەیت ڕەنگە ڕۆژێك بێت سەماکەرێکی باشت لێدەربچێت.

((نیما لەو قسانەی دەکردو منیش پێدەکەنیم. لەپڕێکدا لەگۆشەی پارکەکەداو لەپشتی



Scanned with CamScanner

درەختێکەوە چاوم بەتارماییەك کەوت))

- نیما تەماشای ئەوێ بکە.

نیما- کوێ؟

- ئەوگۆشەیەی ژێر درەختەکە، وابزانم کەسێك لەوێدا دانیشتووە.

((هەردووکمان وەستاینو روانیمانە تارماییەکە، ئەوکەسەی کە لەوێدابوو کشایە دواوە))

نیما- وەرە بابڕۆین، بەئێمەچی کەسێك لەویادا بێت یان نە.

((بەبێویستی خۆم دوو هەنگاو چوومە پێشەوە. نیما دەستی راکێشامو وتی))

- وەرە کاکە خۆتۆ باخەوانی پارکەکەنیت. وەرە بابڕۆین، هاکازانیت سەگێك بوو خۆی بۆهەڵداینو لەت لەتی کردین.

((من دووهەنگاوی تر ڕۆیشتمە پێشەوە، ئەو کەسەی کە لەژێر درەختەکەدا بوو ئەوەندەی تر خۆی کێشایە دواوە))

نیما- بینیت وتم سەگە، وابزانم زۆر هاریشە، گازێکمان لێدەگرێت هاردەبین.

- دەترسیت واناوێریت بێیتە پێشەوە؟

نیما- من دەترسم؟ من لەپڵنگ ناترسم چبکات بەو تولەسەگە!

((لەگەڵ نیما ئەمەی وت، ئەوەی کە لەتاریکییەکەدا بوو بەپێکەنینەوە وتی))

- خۆت فش مەکەرەوە ناوێریت بێیتە پێشەوە، خۆیشت تولە سەگیت!

((دەنگەکە دەنگی کچێك بوو. نیما بەشپرزەییەوە وتی))

- الصوت الاشِنا فيِ سَمَعيِ! ئەو دەنگە بەگوێم ئاشنایە، مَن جلوس فی ظلمه؟! انتَ بی آزار؟

- ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

نیما- ئاخ.... هێشتا هەر لەعەرەبیدام!

- وەرە نیما بابڕۆین بزانین کێیە.

نیما- مەڕۆ پێشەوە رەنگە ترسناکبێتو پەلامارمان بدات.

((پاشان نیما بەو کچەی ناو تاریکییەکەی وت))

- ببورە دادەگیان، ئەگەر بێینە پێشەوە پەلامارمان دەدەیت؟

((لەگەر دووکاتژمێری کەش لەوێدا بوەستامایە نیما هەر قسەی بێتامی دەکرد. لەسەر خۆ ڕۆیشتم بەرەو لای درەختەکە. سەیرەکەم کچەکە لەوتاریکییەدا دانیشتووە، لەگەڵ چاوم پێیکەوت موچڕکەیەکم پێداهاتو سڵاوم لێکرد. کچەکەش وەڵامی دامەوەو وتی))



Scanned with CamScanner

- بۆچی بەقسەی برادەرەکەت ناکەیتو ناڕۆیت؟
- لەکاتت دەگرم؟
- نەخێر.
نیما- سیاوەش حاڵەتەکە ئارامە؟ منیش بێمەپێشەوە؟
- ببورە ئەم هاوڕێیەم هەروا گاڵتە چییە.
((کچەکە وتی))
- باشتر، زۆر خۆشە.
- کچی باش بڕوانە، من نامەوێت خۆم لەئیشو کاری کەس هەڵبقورتێنم، مرۆڤێکی فزولیش نیم، بەڵام بەم نیوەشەوە کچێکی تەنها لەتاریکی پارکێکدا بەڕاستی سەیرە.
((نیما هاتبووە پێشەوە کە من ئەو قسەیم کرد بۆیە وتی))
- بۆچی سەیرە ئەگەر تۆش لەماڵەوە هەڵهاتبیتو جێگەیەکیشت نەبێت بۆی بچیتو بتەوێت ئاسایشی ناوشاریش نەتبینێت، بێگومان دەهاتیتە ئەم جێگەیەوەو لەپشتی ئەو درەختانەوە خۆت حەشاردەدا.
((کچەکە دەستیکرد بەپێکەنین، نیما چووە پێشەوەو لەتەنیشتی کچەکەوە دانیشتو پێووت))
- سەرمات نییە؟
- با سەرمامە.
((نیما دەستیکرد بەگیرفانیدا، مشتێك چکلێتی دەرهێنا دای بەکچەکەو وتی))
- فەرموو بخۆ گەرمت دەکاتەوە.
((کچەکە چکلێتەکانی لەدەستی نیما وەرگرتو سوپاسی کرد. منیش ڕۆیشتم لەتەنیشتی نیمادا دانیشتم. کچەکەش دەنکێك لەچکلێتەکانی هەڵپچڕی خستیە دەمییەوەو وتی))
- زۆر بەتامە.
نیما- ئێستا بڵێ بزانم کچی باش، لەماڵەوە هەڵاتوویت؟
((کچەکە بەپێکەنینەوە وتی))
- زۆردەمێکە! لەماڵەوە، لەخۆم، لەمرۆڤەکان!
نیما- ئافەرین بۆتۆ کچی جوان، ئێستا بڵێ بزانم ناوت چییە؟
- کام ناوەیان بڵێم، من سەد ناوم هەیە!
نیما- ناوێکی بیانی بڵێ. شەهناز چۆنە؟



Scanned with CamScanner

((کچەکە دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- لەبەر ئەوەی ئەو چکلێتە بەتامەت پێدامو گەرمم بویەوە ناوی ڕاستەقینەی خۆمت پێدەڵێم. ناوی ڕاستی من ((فەهیمە))یە، بەڵام شوهرە، شەهرزاد، فەریبا، لەیلا، ئەوانە هەموویانم پێدەڵێن. بەکورتی من لەهەر شوێنێکداو ناوێکم هەیە یان چۆن بڵێم لەهەر جێگەیەکداو بەناوێك ناسراوم.

نیما- هەزار ئافەرین بۆ تۆ چونکە هەزار ناوت هەیە، تا ئێستا دوولیمتیازی باش لەکارنامەکەتدا تۆمارکراوە. یەکەمیان لەبەر ئەوەی کە لەزووەوە لەماڵەوە هەڵاتوویت دووەمیان لەبەر ئەوەی ئەو هەموو ناوە جوانەت لەخۆت ناوە!

فەهیمە- ئەی ئەگەر باسی ئەو کارانەی تر بکەم کە ئەنجامم داوە چەند ئیمتیازی تر لەکارنامەکەمدا تۆماردەکرێت؟

نیما- ئەگەر باسی کۆمەڵێکی تر لەوکارانە بکەیت کە ئەنجامت داوە ئیتر پێویستت بەکارنامە نابێت، ڕاستەو ڕاست دکتۆرات پێدەدەمو دەڕۆیت بەلای کاری خۆتەوە.

((فەهیمە بەپێکەنینەوە وتی))

- خۆم بڕوانامەی دکتۆرام هەیە!

نیما- بێگومان وایە، بەئاشکرا دیارە، بەوجدیەتەی کە تۆ وانەکانت دەخوێنیتو ئەو هەموو هەوڵە دەدەیت بێگومان دەبێت دکتۆرات پێبدەن! بەڕای من هێشتا هەقیان خواردویت تۆ دەبوایە ئێستا پرۆفیسۆربویتایە!

((فەهیمە دووبارە دەستیکردەوە بەپێکەنینو وتی))

- باشە ئێستا هەستن بابڕۆین ئێمە دەنگەدەنگ دەکەین، ڕەنگە پاسەوانەکان بماندۆزنەوە.

نیما- باشە فەهیمەخان، ئەگەر ئێستا یەکێك لەئێمە لێرەدا بمێنێتەوەو ئەوی دیکەشمان بڕوات بەدوای ئاسایشداو تۆیان پێبدەین ئەوکات تۆچیدەکەیت؟

((نیما تائەو قسەیەشی کرد ئێمە هێشتا بەتەواوەتی دەموچاوی فەهیمەمان نەدیبوو، چونکە ئەو لەگۆشەیەکی زۆر تاریکدا بوو. بەڵام لەگەڵ نیما ئەو قسەیەی کرد فەهیمە دەموچاوی هێنایە ڕۆشناییەکەوە))

- تۆ؟!!

- ئاە...! ئەوەچییە ئێمە بۆ هەرکوێیەك دەڕۆین تۆش دێیت بۆ ئەوێ؟ لەچێشتخانە، لێرە.

فەهیمە- نەخێر بەپێچەوانەوە، من بۆهەرکوێیەك دەڕۆم ئێوە دێن بۆ ئەوێ.

نیما- هەر زانیم ئەو دەنگە بەلامەوە ئاشنایە، تومەز ئەمە جارێکی دیکە بەخزمەتی یەکدی



Scanned with CamScanner

گەیشتووین. ئەو کوڕەی کە ئەو ڕۆژە لەچێشتخانکە بوو چی لێهات؟ لەوکاتەوە نەتبینیوە؟

((نیما خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵ فەهیمەو منیش تەنها لێم دەڕوانی. دڵم تەنگ بوو. کچێکی بێچارەی وا کەوتوەتە دەستی گەنجێکی پارەدار هەڵی خەڵەتاندووەو ئێستا لەماڵەوە هەڵهاتووە. فەهیمە ئەو کچەبوو کە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا لەگەڵ نیمادا لەچێشتخانەکەدا بینیبومان))

نیما- فەهیمەخان ئێستا تۆ بەنیازیت چیبکەیت؟ وتمان دەتوانیت دە ڕۆژی تریش خۆت دەگریتو دەتوانیت نەڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە لەکۆتاییدا چی؟

فەهیمە- نازانم.

- ئەو ڕۆژە چەکێکی بانکت لەو کوڕە وەرگرت چیت لێکرد؟

نیما- چەکی بانکت لێوەرگرت؟ ئاگاداربە تەزویر نەبێت، بیدەرە من بابیگۆڕمەوە بەپارەی نەقد بۆت، یەك دوو هەزار زیاتری لێناخۆم.

((فەهیمە دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- ئێستا پێم نیە بەڵام دوایی بۆت دەهێنم تا بۆمبکەتە پارەی نەقد.

((کەمێك ڕۆیشتمە پێشتر دانیشتم. هەروەك هەموو خەمو خەفەتی دنیایان ڕشتبێتە دڵی منەوە وابوو. بەدەنگێکی گیراوەوە بەفەهیمەم وت))

- فەهیمەخان.

فەهیمە- پێم مەڵێ فەهیمە حەزم لەوناوە نییە.

نیما- چۆنە بەناوێکی فەرەنسییەوە بانگت بکەین؟ ((صغری)) چۆنە؟

((فەهیمە سەیرێکی نیمای کردو وتی))

- پێم بڵێن ((شیوا)) لەمنداڵییەوە ئارەزوی ئەوە دەکەم کەسێك پێم بڵێت شیوا.

نیما- ئەمیش یەکێکە لەوناوانە؟

فەهیمە- نەخێر نەبەخودا تا ئێستا ئەو ناوەم بەکەس نەوتووە. نازانم بۆچی ناوە ڕاستییەکەی خۆشم پێووتن.

((بەئارامی پێمووت))

- شیواخان تەمەنت چەندە؟

شیوا- بیستو حەوت بیستو هەشت ساڵ دەبێت.

- گوناە نییە تۆیەك بەوجوانییەوە بکەویتە سەر ئەم ڕێگەیە؟

((شیوا تەنها سەیری دەکردم))



Scanned with CamScanner

- ئەو کوڕەی ئەم بەڵایەی بەسەر هێناویت ناوی چییە؟ پێمان بڵێ باوکی لەقەبردا دەردەهێنین. مەگەر ئێرە شاری بێحاکمە کە هەرکەس دڵی هەرچییەکی خواست ئەنجامی بدات و بڕوات؟

شیوا- ئەم قسانە بۆ من درەنگە.

- ئەوقسەیە چییە؟ ئەزیزم گوێبگرە چیدەڵێم، تۆ وەك خوشکی بچووکی من وایت. نەشەرەفم نەویژدانم بەوە رازی نابێت کەسێکی وەك تۆ ببینم خەریك بێت خۆی بەدبەخت بکات و هیچ نەڵێم. ئێستا هەڵەیەکت کردووە هەڵەیەکی تر ئەنجام مەدە. من وەك برای تۆ وام، بهێڵە هاوکاریت بکەم. سوێندبێت بەخودای تاك و تەنیا، ئەگەر پێویست بکات دە ڕیش سپیت بۆ کۆدەکەمەوەو دەتبەمەوە بۆماڵەوە ناهێڵم کەس قسەت پێبڵێت. کارێك دەکەم تادایك و باوکت لەهەڵەکانت خۆشبن، بەخودا ئەگەر ئەو هەتیوە لەژێر زەویدابێت دەیخەمە سەر زەوی و ناچاری دەکەم بتخوازێت. بەڵێنت پێدەدەم تا هەموو شتێك ئاسایی نەبێتەوە بەتەنها بەجێت نەهێڵم. هەروەها ئەم هاوڕێیەشم وەك من ئامادەی هاوکاریکردنە، تۆ وامەزانە هەموو مرۆڤەکان یان هەموو نێرینەکان وەك یەك وان. بۆ ئەوەی خەیاڵت ئاسوودە بێت، سوێند بێت بەشەرەفم ناهێڵم تۆ ئەمشەو لێرەدا بمێنیتەوە. تاوەکو نەتبەم بۆ شوێنێکی بێترس و هێمن لێرەدا ناجوڵێم. کاتێك کە دەڵێم وەك برات وام بەڕاستی ئەو قسەیەدەکەم. تاوەکو خەیاڵیشم دەربارەت ئاسوودە نەبێت لێت ناگەڕێم.

((لەگەڵ قسەکانم تەواو کرد شیوا دەستیکرد بەگریان))

نیما- وابزانم لەهەبوونی برایەکی وەك تۆ شەرم دەکات بۆیە دەگریەت، هیچ نەبێت بتوتایە من برای ئەوم بالەبەرچاوی خەڵکیدا تەریق نەبێتەوە.

((بەگۆشەی چاو سەیرێکی نیمام کردو قەمسەڵەکەم لەبەرم داکەندو دام بەسەر شانی شیوادا. شیوا سەری بەرزکردەوەو بەچاوێکی هەقناسانەوە نیگایەکی کردم و وتی))

- منیش برایەکی وەك تۆم هەبوو.

- ئێستاش تۆ برات هەیە. من و ئەم هاوڕێیەم هەردووکمان برای تۆین، هیچ غەم مەخۆ.

((شیوا دەستیکرد بەکۆکە کۆك کردن. بەخراپی دەکۆکی، کلێنکسێکم لەگیرفانم دەرهێناو پێمدا تا بیگرێت بەدەمییەوە، کاتێك کۆکەکەی تەواو بوو چاوم بەچەند قەترەیەك خوێن کەوت کە بەکلێنکسەکەوە بوو. کاتێك ئەو دیمەنەم بینی وام هەستدەکرد کەسێك چنگ دەخاتە دڵمەوە. ئاوڕم دایەوەو بەنیمام وت))

- نیما بڕۆ ئۆتۆمبێلەکەت بهێنە.

((نیماش لەبینینی ئەو دیمەنە هەم بێتاقەت بوو بووو هەم هەروەك هەمیشە وابوو. نیما



Scanned with CamScanner

بەحاڵەتی گریان‌و هەروەك ئەو ژنانەی کە زمانی خۆیان دەگەزن، جارێك بەچۆکیدا دەکێشاو جارێك بەسنگیدا، نیما بەئارامی وتی))

- تۆ دەزانیت دەڵێیت چی دایکەکەم؟ خودایە ئەو هەتیوە کەنفتی سەرجێگە بکەیت، چونکە دەبێت ئێمە باجی کارە قێزەونەکانی.

- ئەوە دەڵێیت چی نیما؟

نیما- دەڵێم کام ئۆتۆمبێلەیان بهێنم؟ ئەوەی تۆ یان ئەوەی خۆم بهێنم؟

- جیاوازییان نییە تەنها بەخێرایی.

نیما- جگەرت بێتە ئاو هەتیوە رشکنەی بێڕەوشتە. لەبەرئەوەی کچی خەڵکی بێچارە دەکەیت، دەڵێم سیاوەش گیان ئاگات لەخۆتە خەریکە چیدەکەیت؟

- ئاگام لەچی بێت نیما؟

نیما- سیاوەش ئەگەر ئەو کچە بکەوێتە ئەستۆی ئێمە ئەوکات چیبکەین. ئەی ڕۆژگاری بێوەفا، ئەی چەرخی غەدار، خۆناتوانین کوڕەکەش بدۆزینەوە ئەی ئاسمانی شین، ناوی کردەوەکەشمان زینایە ئەی بەخت سەرەو خوار، هەم قامچی خواردنی هەیەو هەم دەبێت بیهێنیت ئەی چارەنوسی شووم، با ئابڕو چونەکەشی بوەستێت ئەی گومەزی وێران، ئەی دایکت کوێر بێت کچە هەڵخەڵەتێنراوەکە. سیاوەش گیان ئەو کاتە یەڵدا بێ یەڵدا. چارەنوست رەشە. ئیدی هەناری شەوی چلە لەخەونیشدا نابینیت هەی باوك سەگی فزول!

- ئەوە نیما تۆ دەڵێیت چی؟

((نیما لەپڕێکدا هاواریکردو وتی))

- ئاخر ئەمە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە هەتیوی باوك سوتاو. هەستە بابڕۆین بەلای ژیانی خۆمانەوە. ئەگەر کوڕەکە نەدۆزینەوەو هێلکەکە لەسەری ئێمەدا شکا دەزانیت چیمان لێدەکەن؟ سەرمان دەتاشن‌و ژمارگەیەك دەکەنە ملمان‌و تەواوی شارمان دەگێڕن.

((پاشان نیما لەشیوا راما کە ئەویش ماق بوو بوو بەئێمەدا))

نیما- دایکم بەقوربانتبێت چونکە هەڵخەڵەتاویت.

((شیوا گریانەکەی بیر چووەوەو دەستیکرد بەپێکەنین))

- هەستە نیما بڕۆ ئۆتۆمبێلەکەت بهێنەو بیربکەرەوە بزانە دەتوانین ئەمشەو شیواخان بۆ کوێ بەرین.

نیما- ئەوە بیرکردنەوەی بۆچییە؟



Scanned with CamScanner

- واتە شوێنێك شك دەبەیت؟

نیما- بەڵێ تۆ وەرە ئەملاوە تاپێت بڵێم.

((هەستاین و چەند هەنگاوێك لەشیوا دووركەوتینەوەو لەنیمام پرسی))

- بۆكوێی بەرین؟

نیما- بۆ گۆڕستان! من چوزانم بۆكوێی بەرین. دەستی بگرەو بیبە بۆ ماڵی خۆتان.

- بیبەم بۆ ماڵی خۆمان؟

نیما- نەخێر قوربان وابزانم بەنیازیت من بیبەم بۆ ماڵی خۆمان.

- كەواتە بیرێكی لێبكەرەوە.

نیما- بیر لەچی بكەمەوە؟

((پاشان نیما ئاوڕی دایەوە بەلای شیواداو دووبارە كێشایەوە بەسنگیداو وتی))

- خودایە ئەو هەتیوە توشی نەخۆشی پرۆستات بكەیت. ئەو هەتیوە هیچ و پوچە.

- نیما خۆ تۆ هەمیشە دەستی هاوكاریت هەبوو، ئێستا بۆچی كارێك بۆ ئەم كچە بێتاوانە ناكەیت؟

نیما- سیاوەش گیان ڕاستدەكەیت من هەمیشە دەستی هاوكاریم هەیە. بەڵام غیرەتی هاوكاریم نییە. بێگومان ئەم دانەیەشیان شەڕی پێوەیە هەی باوك سەگ. بۆچی نازانیت ئەگەر ئەم مەسەلەیە بكەوێتە ئەستۆی ئێمە باوكی هەردووكمان لەقەبردا دەردەهێنن؟

((پاشان نیما دووبارە سەیری شیوای كردو وتی))

- دایكم بەقوربانت بێت غەم مەخۆ خەریكە بەئەنجام دەگەین.

- نیماگیان خۆ تۆ شەوانی تر ئەمكاتانە دە میوانخانە زیاتر شارەزابوویت. ئێستاش یەكێكیان بڵێ باشیواخانی بۆ بەرین.

((پاشان نیما بەدەنگێكی گیراوەوە وەك ئەوی كە بگریەت وتی))

- براكەم ئێستاش میوانخانەی زیاتر شك دەبەم، بەڵام ئەم كچە ناسنامەی پێ نییە. من چۆن دەتوانم بیبەم بۆ میوانخانە.

- نیما تۆ ئەگەر بتەوێت بەبێ ناسنامە ناوی ئەو كچە لەزانكۆدا تۆمار دەكەیت.

نیما- تۆش هەر شوتی بخەرە ژێر باڵمەوە. ئەگەر پێیانزانین دەبێت تۆ تاوانەكە بخەیتە ئەستۆی خۆتەوە.

- مەترسە دەمانەوێت كاری خێر بكەین، هیچ شتێكی خراپ روونادات.



Scanned with CamScanner

((نیما دووباره تەماشایەکی شیوایکردو وتی))

- دایکت پێش مەرگت کەوێت بێتاقەت مەبە. خەریکین نەخشەی تەواوی پیلانەکە دادەڕێژین. تەنها دووهێڵی تر بکێشم نەخشەکە تەواو دەبێت. ئیتر یەك لیمزای چاودێری هونەری دەمێنێت.

- ئێستا چیبکەین؟

نیما- سەرتا دەبێت بیبەین بۆلای پزیشکێك دەرمانخانەیەك شتێك. چونکە تەندروستی زۆر خراپە.

- ئافەرین نیما، هەرخۆم وتم تۆ هەمیشە دەستی هاوکاریت هەیە.

نیما- ئاه...! لاچۆ لەبەرچاوم، ئەوە تۆ بۆچی ئەوەندە دەست دەکەیت؟ ئەگەر حەزت لەدەستم کردووە لەجیاتی نوقڵی بەرات پێتدەدەم.

- بێنەدەبی کەم رەوشت.

نیما- تۆ بهێڵە بامن کەمێك وتووێژ لەگەڵ ئەو کچە خۆی بکەم بزانم هیچم بۆ دەرناکەوێت. کێدەڵێت خۆی هەر ئەمە پیشەی نەبێت.

- نیماگیان تۆ ئێستا وابزانە کچێکی بەدبەختی چارە رەشەو پەنای بۆ تۆ هێناوەو هیچ کەسێکی تر لەم سەر زەویەدا شك نابات. ئیتر کارت بەسەر ئەوی دیکەیەوە چییە.

((نیما سەیرێکی کردمو هیچی نەوتو بەرەو ماڵی خۆیان رۆشتو لەدوای چەند خولەکێك بەئۆتۆمبێلەکەیەوە گەڕایەوە بۆ لای ئێمە. منو شیوا هاتینە بەردەرگای پارکەکە، نیماش یەکسەر لەبەردەممماندا ڕاوەستاو وتی))

- خێرا سواربن ئەگەر ئۆتۆمبێلەکانی ئاسایشی ناوشار بگاتە سەرمان، ئەمشەو هەرسێکمان میوانی میوانخانەی خراپەکارانین، سواربن چونکە هیچکەس باوەڕناکات کە دوو گەنج ئەوەندە بێنەقڵ بن بەم نیوە شەوە تەنها بۆخێر کچێکی گەنجی وا بەرن بۆ میوانخانەو جێگەی بۆ پەیدابکەن.

((ویستم بەنیما بڵێم کە وانییە، بەڵام نیما هاواری لێهەستاو وتی))

- سواربە هەتیووە کەرە ئێستا کاتی دروشم دان نییە! ئێستا تەنها دەبێت هەڵبێیت.

((منو شیوا بەخێرایی‌و بەدەم پێکەنینەوە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین، نیماش وەك بروسکە وەڕێکەوت. پاش چارەکە سەعاتێك لەبەردەمی میوانخانەیەکدا ڕاوەستاو وتی))

- ئێوە هەرلێرەدا بمێننەوە تا من دەگەڕێمەوە.

- نیما خاوەنی میوانخانەکە ئاسراوە؟

نیما- نەخێر ئەو کەسەی کە تەنها شەوانە لێرەیە ئاشنامە. چونکە ئەویش کەسێکە بەحەوت



Scanned with CamScanner

هەشت دەستی خێرەوە. وەك سوپەرمان! بەهەردەستێکی کارێکی خێر ئەنجام دەدات. بەتایبەت بەنیوەشەودا. ئاخ... ! ئاخر ئەوە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟ تۆ کاری خێرت دەویست من خەریکم ئەنجامی دەدەم.

((بەهەرحاڵ نیما رۆشتە ناو میوانخانەکەوەو پاش چەند خولەکێك گەڕایەوەو وتی))

- بەرنامەکەمان سەری گرت، تەنها دەبێت برۆین لەم نزیکانەدا کلینیکێکی شەوانەو رۆژی بدۆزینەوەو شیواخانی بەرین بۆ ئەوێ، ئەوجا بگەڕێینەوە بۆ میوانخانەکە.

((نیما سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو، چەند شەقامێك گەڕاین، پاشان لەبەردەمی کلینیکێکدا ڕاوەستاین. هەرسێکمان دابەزینو رۆشتینە ژوورەوەو کەسی لێنەبوو. واتە نەخۆشی لێنەبوو. پزیشکەکە پشکنینی بۆ شیوا کردو رەچەتەیەکی دایە دەستی نیماو داوای کۆمەڵێك دەرمانی لێکرد. نیماش بەخێرایی رۆشتو هەرچی کە نوسرابوو هێنای. ئەو دەرمانانەی کە نیما هێنای دەرزییەکی پەنسلین بوو، پارچەیەك حەبو شروبێك. لەگەڵ شیوادا ڕۆیشتمە بەشی دەرزی لێدانەکەوەو دەرزییەکیان بۆ شیوا کرد. کاتێك کە لەشوێنی دەرزی لێدانەکە هاتینە دەرەوە شیوا بەو کەسەی وت کە دەرزییەکەی لێدا))

- سرنجەکەت فڕێدایە شوێنێکی باشەوە؟

((پزیشکەکە بەسەرسامی وتی))

- بێگومان خانم، ئێمە هەمیشە ئەو کارە دەکەین.

شیوا- کەواتە لوتف بفەرموون لۆکەکەش فڕێدەنە هەمان شوێنەوە.

((پزیشکەکە لەشیوای روانیو پاشان تەماشایەکی ئێمەی کردو وتی))

- بۆچی خانمەکەم؟ پێدەچێت نەخۆشییەکی تەشەنەدارت هەبێت وا ئەوەندە قایمکاری دەکەیت؟

شیوا- بەڵێ، رەنگە نەخۆشی سیلم هەبێت. کاتێك کە دەکۆکم خوێن لەقوڕگم دێت.

((هەر لەگەڵ شیوا ئەو قسەیەی کرد نیما بەپەلە کشایە دواوەو وتی))

- ئەی خودا مەرگت بات سیاوەش.

((پزیشکەکە دەستیکرد بەپێکەنینو لۆکەکەی فڕێداو وتی))

- نەخێر کچی خۆم خەیاڵت ئاسوودە بێت ئەو خۆێنەی کە لەقوڕگت دێت نیشانەی سیل نییە. بەڵام بەچاکی ئێمەت ترساند.

((پاشان هەرسێکمان لەکلینیکەکە هاتینە دەرەوەو نیما بەشیوای وت))



Scanned with CamScanner

بەجێنەهێڵێت باشە؟ ئێمە تادڵت بخوازێت لەم‌و لەو یادگاریانەی کە بۆ ئەو کوڕەت بەجێهێشت بۆ ئێمەشی

- شیواخان گیان تو گیانی دایکت لەو یادگاریانەی کە بۆ ئەو کوڕەت بەجێهێشت بۆ ئێمەشی بەجێنەهێڵێت باشە؟ ئێمە تادڵت بخوازێت لەم‌و لەو یادگاریمان هەیە.

((بەهەرحاڵ بەدەم پێکەنینەوە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین‌و گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکە. شیوامان بردە ژوورەوەو بە بەرپرسەکەی ئەوێمان ناساند، کاتێک ماڵئاواییمان لێکرد شیوا وتی))

- مەگەر ئێوەش نایەنە سەرەوە؟

- کارت پێمانە؟

شیوا- ئێوە کارێکتان بەمن نییە؟

- نەخێر، بەیانی دێین بۆ لات‌و بەتەواوی قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین.

شیوا- من ئەمشەو دەڵێم.

- تازە ئەمشەو درەنگ وەختە، تۆش هیلاکیت، قسەکانمان دەخەینە سبەینێ.

نیما- گەمژە، ئەو مەبەستی شتێکی ترە.

((سەیرێکی شیوام کردو وتم))

- پێویستت بەهەرشتێك هەیە بڵێ شەرم مەکە. برسیتە؟

شیوا- نەخێر، برسیم نییە.

- کەواتە برۆ ئاوێك بکە بەخۆتداو بۆخۆت بحەوێرەوە. سبەینێ نزیکی عەسر دێین بۆلات‌و بەپشتیوانی خودا هەموو شتێك جۆر دەبێت. برۆ.. برۆ پشویەك بدە. هەرشتێکت پێویست بوو زەنگ بۆ خواروە لێبدە تا بۆت بهێنن.

((پاشان شیوا لێی روانین‌و شەو شادی وت‌و رۆشتە سەرەوە. نیماش رۆشت‌و چەند شتێکی لەگەڵ بەرپرسی میوانخانەکە وت، پاشان لەمیوانخانەکە هاتینە دەرەوەو سواری ئۆتۆمبێل بووین‌و بەرەو ماڵەوە وەڕێکەوتین))

نیما- سیاوەش ئێستا ویژدانت ئاسوودە بوو؟

- بەڵێ دەستت خۆشبێت. ئەگەر تۆ نەبویتایە من نەمدەتوانی هیچ کارێك بۆ ئەو کچە ئەنجام بدەم. تۆ لەمجۆرە کارانەدا دەستی خێرت زیاترە.

نیما- دیسان وتییەوە دەستی خێر. دەتەوێت بەم شەوە دەستێك بەتۆش بگەیەنم لەبەر ئەوەی دەستی تۆش ئەو تایبەتمەندییە پەیدا بکات؟

- برۆ بێتامی ناشرین.

نیما- ئێستا دەڕۆین دەستدەکەینە گەڕان، بەڵکو کچێکی فریودراوی تر پەیدا بکەین‌و سەرەتا



Scanned with CamScanner

چکلێتێکی دەدەمێ، پاشان دەیبەین بۆلای پزیشكو دەرمانی بۆ وەردەگرین، پاشان دەیبەین بۆ هەمان میوانخانەو ژوورێکیش بۆ ئەو دەگرین، لەبەر ئەوەی ویژدانمان ئاسوودە بێت. دووبارە دێینە دەرەوەو لەگەڕێکی تردا کچێکی فریودراوی کە پەیدا دەکەینو سەرەتا چکلێتێکی...

- ئاخ...! باوکەڕۆ کە قسەدەکەیت.

نیما- تۆ رات چییە کە خۆمان میوانخانەیەك بۆ ئەو جۆرە کچانە بکەینەوە؟

- نیما تۆ دەزانیت ئەمشەو چ باشەیەکت کردووە؟

نیما- بەڵێ دەزانم، بەڵام مەگەر ئەو کچانە یەك دووانێکن؟ هەرکچەو لەماڵەوە هەڵدێت. قابیلە بتوانین بەهەموویان رابگەینو بیانبەین شوێنو جێگەیان بۆ پەیدا بکەین. هەر ئەوە یەکێکی ترە لەو کچانە.

((نیما ڕاستیکرد. لەپێش ئێمەوە، کچێك لەقەراخی شەقامەکەدا ڕاوەستابوو، لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکدا کە پیاوێکی تێدابوو قسەیدەکرد))

نیما- سیاوەش من ئێستۆپێك لەبەردەمی ئەو کچەدا دەگرمو تۆ خێرا دابەزە تاوەکو من پێچ دەکەمەوە سەری بگرەو بیخەرە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە بایبەین بۆ میوانخانەکە. چونکە فریاناکەوین لەگەڵ هەموویاندا وتووێژ بکەینو جکلێتی پێبدەین. ئێمە دەمانەوێت کاری خێر بکەین ئێستا چ بەزۆر بێت یان بەخۆشی جیاوازی نییە.

((نیما لەگەڵ ئەمەی وت لەبەردەمی کچەکەدا ڕاوەستا، کچەکە سەیرێکی کردینو وتی))

- دوو کەس بیست هەزار تمەن دەکات!

نیما- بیست هەزاری چی؟ ئێمە گروپی کۆمەك کەرین، خۆت فڕێدەرە ئۆتۆمبێلەکەوە بۆ ئەوەی تاجێگە ماوە بتبەین بۆ میوانخانە.

((کچەکە بۆ ساتێك تەماشای کردینو پاشان وتی))

- ئاسایشن هیچو پوچانە؟

((کچەکە ئەمەی وتو بەرەو کۆڵانێك هەڵات))

- نیما ئەوە شەرم لەخۆت ناکەیت؟

نیما- بابەگیان تۆ بەنیازیت هاوکاری هەموو ئەو کچە هەڵاتووانە بکەیت، دەمویست تێتبگەیەنم تابزانیت بەگوڵێك بەهار نایەت، بائەوەش بزانیت کە ئەمانە تازە کارەکانن کە لەسەر شەقامەکاندا رادەوەستن ئەوانی تر...

- باشە بڕۆ، دەبێت هەرکەسێك لەلای خۆیەوە ئەوەی کە لەدەستی دێت ئەنجامی بدات،



Scanned with CamScanner

ئێمەش ئەمشەو هەر ئەوەمان لەدەست دەهات کە ئەنجامماندا، مرۆڤ دەبێت دەستی هاوکاری هەبێتو هەرچییەکی لەتوانادا بوو درێغی نەکات.

نیما- ئەوە تۆ بۆچی ئەمشەو ئەوەندە دەست دەست دەکەیت؟ مەگەر چەند دەستمان هەیە؟ هەموو دەستەکان مەخەرە کاری خێرەوە، هەرهیچ نەبێت دانەیەکیان بهێڵەوە بۆنەگبەتیو بێنەقڵییەکانی خۆمان!



Scanned with CamScanner

# بـــــەشی سێیەم

((بۆ سبەینێ بەیانییەکەی لەکۆمپانیاوە پەیوەندیم بەمیوانخانەکەوە کرد. نزیکەی کاتژمێر یانزەی بەیانی بوو. لێپرسراوی میوانخانەکە وتی ئەو خانمەی کە دوێنێ شەو ئێوە هێناتان بۆ میوانخانەکە. هەر لەپاش ڕۆیشتنی ئێوە ئەویش ڕۆیشت. زۆر بەلامەوە ناخۆش بوو، لەلێپرسراوی میوانخانەکەم پرسی پەیامێك شتێکی بۆ دانەناوین؟ لێپرسراوەکە وتی تەنها نامەیەکی لێرەدا داناوە ئەویش نەیوت بیدەم بەجەنابت یان بەکاك نیما. زۆر سوپاسم کردو وتم منو نیما جیاوازیمان نییە. یان خۆم یان نیما یەکێکمان دێنو وەریدەگرین. بەهەرحاڵ هەرچەند زۆر بێزار بوو لەدوای ئەوەی تەلەفۆنەکەم داخستەوە پەیوەندیم کرد بەنیماوە))

- ئەلو نیما.

نیما- چۆنی بێبەڵێنی بێوەفا.

- چ بەڵێنێك؟

نیما- مەگەر ئەمڕۆ پێنج شەمە نییە؟

- بۆ؟

نیما- بڕیار نەبوو ئەمڕۆ داواکاری سیما بێت؟

- بەڵێ وایە.

نیما- کەواتە منیش ئەمڕۆ دێم بۆ ماڵی ئێوە.

- زۆرباشە وەرە، پەیوەندیم پێوەکردیت شتێکی ترت پێبڵێم.

نیما- چیبووە؟

- شیوا لەمیوانخانەکە ڕۆیشتووە.

نیما- پەیوەندیت بەمیوانخانەکەوە کرد؟



Scanned with CamScanner

- بەڵێ، وتیان هەر دوێنێ شەو ڕۆیشتووە.

نیما- دوێنێ شەو چیم پێوتیت؟ نەمووت بەقسەی ئەمانە هەڵمەخەڵەتێ؟

((هیچم نەوت))

نیما- ئێستا تۆ بۆچی غەمباریت؟ تۆ هەرکارێکت لەدەست هات بۆت ئەنجامدا، ئیتر ئەوی دیکەی بەئەستۆی خۆی، چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە.

- بەڵێ وایە، بەڵام بەداخەوە. خۆزگە کارێکمان بۆ بکردایە.

نیما- کاتێك خۆی حەزی بەو ژیانەیە منو تۆچ دەسەڵاتێکمان هەیە.

- نیما شیوا نامەیەکیشی لەمیوانخانەکە بۆ بەجێهێشتووین.

نیما- بۆ ئێمە؟

- بەڵێ بۆ ئێمە.

نیما- باشە هەرکات کارم تەواو بوو دەچم وەریدەگرمەوە. شەو کاتژمێر چەند خوازبێنییەکەیە؟

- نازانم چ کاتێك دێن، بەڵام لەوە دڵنیام کە دێن. تۆ کاتژمێر شەش وەرە بۆ ماڵی ئێمە. دەڵێم هەواڵی یەڵدات پێ نییە؟

نیما- هەواڵی کێ؟

- یەڵدا، یەڵدا. دەڵێم باوکت بەنیازە چیبکات؟

نیما- ئەم بەیانییە باوکم دەیووت دەبێت بچم چەند کیلۆیەك هەنارو مۆزو چەرەسات بکڕم، چونکە چەند شەوێکی تر شەوی یەڵدایە!

- نیما دیسان دەستت پێکردەوە؟ دەڵێم باوکت دەربارەی زەماوەندکردنی منو یەڵدا هیچی نەکردووە؟

نیما- هیچی بەمن نەوتووە.

- ئەی تۆ خۆت چی؟ لەدوێنێ شەوەوە تا ئێستا نەتدیووە؟ مەبەستم ئەوەیە کە لەپەنجەرەی ژوورەکەتەوە چاوت پێی نەکەوتووە؟

نیما- ئەگەر بڵێم، دوایی وا دەزانیت منەتت بەسەردادەکەم.

- تو گیانی من یەڵدات بینیوە؟

نیما- تەلەسکۆپەکەت لەبیرە؟ ئەوەی کە لەخوێندنگەی ناوەندیی بوین کڕیم؟

- بەڵێ، بەڵێ لەبیرمە.

نیما- لەناو شتە کۆنەکاندا بوو دەرمهێنا.



Scanned with CamScanner

- باشە.

نیما- بەگیانی تۆ سیاوەش دوێنێ شەو کە ڕۆیشتمەوە بۆماڵەوە تاکاتژمێر پێنجی بەیانی خەریکبووم سەرنجی یەڵدام داوە. باوەڕم پێبکە تەلسکۆپەکەم خەریکبوو دەهاتە زمان لەوەندەم تەماشا پێکرد.

- تۆ بەتەلسکۆپ تەماشای ژووری یەڵدات کردووە؟

نیما- بەڵێ، خۆ چاوم چاوی گورگ نییە تابەو تاریکییە شت ببینم.

- تۆ بێجات کردووە بەتەلسکۆپ سەیری ژووری یەڵدات کردووە!

نیما- ئاخ...! بەغیرەتی مەنوێنە، هیچم بۆ ئاشکرا نەبوو.

- کەواتە چیبوو؟

نیما- بنوسە ئاوەکو کاتژمێر بەکاتژمێریت پێبڵێم. کاتژمێر دوو و نیوی شەو، خر...پف! خر... پف...! کاتژمێر سێ و چل خولەکی شەو گینگڵێکی داو هەروەك خۆی خر...پف...! خر...پف! بەداخەوە پاش چوارو بیست خولەکی دەمەوبەیان ئەستێرەناسەکە خەو گرتی و دەستیکرد بەوەنەوزدان.

- ئەوە دیسان خەریکی قسەی بێتام کردنیت؟

نیما- هەتیوو دوێنێ شەو کاتژمێر دووی نیوەشەو گەشتی هاوکاری کەرەکانی کیژانی فریودراو تەواو بووەو منیش گەڕاومەتەوە. بەونیوەشەوە یەڵدا حەوت پاشای لەخەوندا بینیوە، ئیدی من ئاگاداری چیبم؟

- بابزانیت نیما تۆ جارێکی تر بۆت نییە تەماشای ژووری یەڵدا بکەیت تێگەیشتیت؟

نیما- کەواتە چۆن هەواڵەکان بۆ جەنابت بگوێزمەوە؟

- من هەواڵم ناوێت.

نیما- بەمەیلی خۆت. لەهەمانکاتدا نیشانەخانەکەی تیمە شەوو ڕۆژ ئامادەی خزمەتکردنە بەئێوەی ئەستێرە ناسی بەڕێز. بەتەلەفۆنێك داواکارییەکانتان جێبەجێ دەکرێت. هەرشوێنێکیشت بوێت تیمەی نیشانەگر ئەوشوێنە دەستنیشاندەکەین.

- ئەگەر بەڕێکەوت یەڵدا هاتە حەوشەکەی خۆیانەوەو چاوت پێی کەوت کێشە نییە سەیری بکەیت و بەمنیشی بڵێیت.

نیما- هاوڕێکیان ئاخر وانابێت، یان غیرەت یان توێژینەوە. نابێت دەستو باڵی توێژەرەوان ببەسرێت. ئەگەر غیرەتت قبوڵناکات، بڵێ باتیمەش واز لەبەدواداچوون بهێنین.

- باشەوە ئەوە تۆ ئیش و کارت نییە لەکۆمپانیا؟ وا کاتژمێرێکە خەریکە قسەدەکەیت. بڕۆ



Scanned with CamScanner

خەریکی ئیش‌و کارەکانت بە.

نیما- پێموایە تۆ پەیوەندیت بەمنەوە کردووە.

- من هەڵەبووم کاکەگیان. بیرت نەچێت کاتژمێر شەش وەرە بۆ ئەوێ، خوات لەگەڵ.

((تەلەفۆنەکەم داخستەوەو بەئیش‌و کارەکانمەوە خەریکبووم. کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ ئیشم تەواوبوو. ڕۆیشتم بۆلای باوکم‌و پێمووت دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. لەکۆمپانیاکە هاتمە دەرەوەو سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم، ڕۆیشتم بۆ میوانخانەکەی شەوی ڕابردوو. ئەو نامەیەم وەرگرت کە شیوا شەوی ڕابردوو بەجێی هێشتبوو. کاتێك ویستم پارەی میوانخانەکە بدەم پێیانوتم ئەو خانمە خۆی پارەی داوە. بەڕاستی سەیرم پێهات، باشە ئەوکچە پارەی لەکوێ هێناوە؟ ڕۆیشتمە ناو ئۆتۆمبێلەکەوەو نامەکەم لەزەرفەکە دەرهێنا. لەنامەکەدا تەنها ژمارەی مۆبایلێك نوسرابوو. کەواتە نیما ڕاستی دەکرد من هەڵخەڵەتابووم. ژمارەکەیم لێدا لەبەرئەوەی کە هەرهیچ نەبێت شتێکی پێبڵێم لەبەر ئەوەی دڵم ئاسوودە بێت. مۆبایلەکە زەنگی لێداو وەڵامی دایەوەو وتم))

- چۆنی فەهیمەخان، شیواخان، شوهرەخان، لەیلاخان، یاهەرچییەکی تر...، خۆتی؟

- ئەی تۆ چۆنی سیاوەش یانیما یاهەرچییەکی تر...!

- من سیاوەشم‌و تەنها ناوێکیشم هەیە.

- کەواتە سیاوەش چۆنیت؟

- گوێبگرە خانم دەمویست هەر بەبیستنی دەنگت زۆرشتت پێبڵێم. واتە زۆر شت هەبوو کە پێتی بڵێم‌و شتگەلێکی باشیش نەبوون، بەڵام ئێستا پەشیمان بومەتەوە، من نازانم تۆچیدەکەیت‌و ناشمەوێت بزانم. تەنها ئومێدەوارم بیر لەقسەکانی دوێنێ شەوم بکەیتەوە. خوات لەگەڵ!

- نا! تەلەفۆنەکە دامەخەرەوە، کارم پێتە!

- فەرموو.

- ئەگەر قسەکانی دوێنێ شەوت کاریان تێنەکردبام بۆچی ژمارەی مۆبایلەکەمم بۆ بەجێدەهێشتیت؟ باوەڕبکە قسەکانت کاریان تێکردووم. بەکێ سوێند بخۆم تا باوەڕم پێبکەیت؟

((بۆ ساساتێك کەوتمە بیرکردنەوە. هەروەك ئەوەی ڕاستبکات وابوو))

- ئەلو، ئەلو سیاوەش.

- پێویست بەسوێندخواردن ناکات، هیوادارم هەروابێت کە وتت.

- ئێستاش ئامادەیت یارمەتیم بدەیت؟

((کەمێك ڕاوەستام‌و بیرمکردەوە. خەریکبوو بەڕاستی قسەی دەکرد))



Scanned with CamScanner

- ئەگەر بتوانم بەڕاستی هاوکاریت بکەم، بەڵێ.

- دەمەوێت بتبینم. وەرە بۆ ئەم ناونیشانەی کە دەیڵێم.

- ناونیشانی شوێنەکەی پێدام، شوێنێك بوو لەشارۆچکە... یەکدا بوو. ناونیشانەکەیم نوسی‌و شیوا وتی))

- ئەمشە کاتژمێرحەوت چاوەڕوانم، نیماش لەگەڵ خۆتدا بهێنە.

- کاتژمێر حەوت ناتوانم.

- هەرکاتێك ویستت وەرە.

- کێشە نییە ئەگەر درەنگتر بێم؟

- نەخێر کێشە نییە، وتم هەرکاتێك ویستت وەرە، بەڵام دەبێت بێیت. باشە؟

- باشە دێم.

- بەڵێن دەدەیت؟

- بەڵێن دەدەم.

- سیاوەش زۆر شت هەیە کە بەو بەڵێنەی تۆوە بەستراوە.

- دڵنیابە دێم.

- چاوەڕوانت دەبم.

- خوات لەگەڵ.

- خوات لەگەڵ.

((تەلەفۆنەکەم داخستەوەو خۆشم باوەڕم نەدەکرد قسەکانم ئەوەندەی کاریگەریی لەسەر کەسێك هەبێت. تەلەفۆنم بۆ نیما کرد. باوکی وەڵامی دایەوەو وتی نیما ڕۆیشتەتەوە بۆ ماڵەوە. تەلەفۆنم بۆ مۆبایلەکەی کرد))

- ئەلو نیما.

نیما- چۆنیت سیاوەش، ئەوە لەکوێیت؟

- دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە تۆ لەکوێیت؟

نیما- دەموێت بڕۆم بۆ میوانخانەکە.

- مەڕۆ بۆ میوانخانەکە، چونکە من نامەکەم وەرگرت.

نیما- نامەکەت خوێندەوە؟

- بەڵێ، تەنها ژمارەی مۆبایلێك بوو.



Scanned with CamScanner

نیما- باشە دەی دوای ئەوە.

- سەرەتا ویستم ژمارە تەلەفۆنەکە بدڕێنم‌و فرێیبدەم.

نیما- هەروایە ترێی خۆش هەمیشە بەخت‌و هاتی چەقەڵە.

- چی؟

نیما- هیچ بڵێ، خەتێکی تر تێکەڵی خەتەکەمان بووە.

- بەڵام لەدوایدا تەلەفۆنم کرد، لەپێشدا ویستم چەند جنێوێکی پێبدەم و دایخەمەوە.

نیما- بێجات کردووە.

- چی؟

نیما- بابەگیان خەتێك تێکەڵی خەتەکەمان بووە.

- خەڵەتت کرد ئەوە دەنگی تۆ بوو.

نیما- لەدواییدا چی بوو؟

- هیچ، ویستم قسەی پێبڵێم ، بەڵام سەرنجمدایە قسەکانی، وا دیار بوو قسەکانی شەوی ڕابردوو کاری تێکردبوو. ئەمەیان خۆی وتی کە قسەکانم کاری تێکردووە.

نیما- مردوشۆر ئەو ئامۆژگارییە بێ کاتانەت بەرن بۆ شتێ.

- بێگومان ئەمجارەیان خۆت بویت‌و خەت تێکەڵی خەتەکەمان نەبووە.

نیما- ئەوە دەڵێیت چی؟ واخەریکە بەژێر پردێکدا دەڕۆم بۆیە قسەکان وای لێدێت.

- ئاخر کەسێك خەریکە گوێ لەقسەکانمان دەگرێت، لەناوەندی قسەکاندا ئەویش شتێك دەڵێت، وابزانم جنێو دەدات.

نیما- واز لەوەبێنە بڵێ بزانم لەدوای چی روویدا.

- ئەمشەو من‌و تۆ لەماڵە شیوا میوانین. ماڵەکەشیان لەشارۆچکەیەکدایە...

نیما- بەه، بەه، لەو ناوچاوانە.

- ئەوە دەڵێیت چی؟

نیما- دەڵێم خۆشحاڵم کە دوێنێ شەو کاتی خۆمان بەهەدەر نەداوە.

- بەڵێ، وابزانم بەنیازە بەبۆنەی منەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. واهەستدەکەم قسەکانم بەچاکی کاریگەرییان لەسەری هەبووە.

نیما- بەهێزترین دەرمانی جیهان بەو زووییە کارناکاتە سەر مرۆڤ، وابزانم تاوەکو بەتەواوی کاری تێدەکات چەند رۆژێکمان لەبەر دەستدا ماوە.



Scanned with CamScanner

- گوێی شەیتان کەڕبێت ئاقڵ بووە.

نیما- بۆچی شەیتان دەهێنیتە ناو مەسەلەکەوە؟ واز لەشەیتان بهێنە، من خۆم ئامادەم!

- چی؟

نیما- هیچ دەڵێم ناتوانین ئەمڕۆ بڕۆین، چونکە ئەمشەو داواکاری سیما دێت.

- تۆ ڕاستدەکەیت، بەڵام میوانەکان زودەڕۆن. واتە بۆ ئێوارە نامێننەوە. بەشیواشم وتووە درەنگ دێین، ئەویش وتی هەرکاتێك ویستان وەرن.

نیما- ئافەرین شەونشینییەکەی کاتێکی دیاریکراوی نییە.

- یانی چی؟

نیما- دەڵێم زۆرچاکە کە دەتوانین بەخوازبێنییەکەش و بەکارە خێرەکانیش رابگەین.

- بەڵێ زۆر باشە.

نیما- ئاگات لەچییە داماو بابڕۆینە ئەوێ چاکتر دەبێت.

- چۆن؟

نیما- دەڵێم ئەوشارۆچکەیە شوێنێکی زۆر خۆشە، جێگەیەکی زۆر شیاوە بۆ گەشەو بەرهەمهێنانی هەرشتێکی چاك و خێرو خۆشی! لەبیرت نەچێت دەستی خێرەکەشت لەگەڵ خۆت بهێنە. منیش دەیهێنم. ئیشت نییە؟

((نەمدەزانی نیما دەیووت چی، خواحافزیم لێکردو ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. هەرلەگەڵ گەیشتمە ماڵەوە ئاوڕێکم بەخۆمدا کردو ڕۆیشتم نووستم.

نزیکەی کاتژمێر پێنج بوو لەخەو هەستام. ئاپۆشاکەکانم پۆشی زەنگی دەرگاکە لێدرا، نیما بوو. ڕۆیشتمە حەوشەکەوە لەگەڵ بەنیما گەشتم پێمووت))

- مەگەر بڕیار نەبوو کاتژمێر شەش بێیت؟

نیما- لەبەر ئەوە زووتر هاتم وتم نەوەك ئیشێکیان هەبێت بایارمەتییەکیان بدەم. واتە دەستەکەمم لەگەڵ خۆم هێناوە.

- چیت هێناوە؟

نیما- دەستی خێرەکەم.

- نیما تۆ بەڵێنت داوە کارێك نەکەیت ئابڕومان بچێت.

نیما- بەگیانی تۆ لەسەر بەڵێنی خۆم ماوم، خەیاڵت ئاسوودەبێت، ئێستا سیما لەکوێیە؟

- لەنەخۆشخانەیە هێشتا نەگەڕاوەتەوە.



Scanned with CamScanner

نیما- سیاوەش توخودا ڕاستدەکەیت کەدەڵێیت سیما ئاگاداری ئەم خوازبێنییە نییە؟
- تۆشێتیت شێت.
نیما- باشە، کەواتە بابڕۆینە ژوورەوە.
((منو نیما ڕۆیشتینە ژوورەوە. دایکم هەرلەگەڵ چاوی بەنیما کەوت وتی))
- بۆچی ئەمڕۆ ئەمەت بۆ ئێرەهێناوە؟
نیما- چۆنی زوهرەخان، ئەمەت بۆچی هێناوە چییە؟ مەگەر دەکرێت ئەم بەستەزمانە لەڕێوڕەسمی خوازبێنی خوشکەکەیدا بەشداری نەکات؟ تۆش قسەی سەیر دەکەیت.
دایکم- من تۆ دەڵێم!
نیما- من دەڵێیت؟ ئەها! وەڵا من لەبەر ئەوە هاتم دەستێك بدەمە باڵتانو هاوکاریتان بکەم.
دایکم- پێویستمان بەهاوکاری تۆ نییە. بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە دوسێ کاتژمێری تر وەرەوە بۆ ئێرە.
نیما- مەگەر من چ کارێکم بەکاری کەسەوە هەیە زوهرەخان؟ بەخودا بۆخۆم لەگۆشەیەکدا دادەنیشمو تەماشادەکەم. ئەگەر دەنگ لەو دیوارەوە هات ئەوا دەنگ لەمنیشەوە دێت. لەڕاستیدا دەمەوێت بزانم ڕێورەسمی خوازبێنیکردن چۆنە.
دایکم- باوك سوتاو هێشتا بەزمی خوازبێنییەکەی تر ئاشکرانەبووە. ئەوەی دراوسێکەمان دەڵێم.
((نیماحاڵەتێکی بێدەسەڵاتانەی لەخۆیدا بەرجەستە کردبوو، تەنها لەدایکمی دەڕوانی. دایکم وتی))
- ئێستاش نەزانرا چ ئاگرتێبەربوویەك بوو تەلەفۆنی بۆکردبوونو چی پێوتبوون، ئەوە هیچ کە نەهاتن بۆ داخوازییەکە، لەوکاتەوە وەڵامی سڵاوی سەر ڕێگەکەشمان نادەنەوە.
نیما- ئاخر ئەوە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە زوهرەخان؟ من کەی جاری پێشوو زانیبووم کاك ((زێڕین)) دەیەوێت بێتە خوازبێنی سیما؟ ئاخربۆچی لەخۆتانەوە قسەی ناڕەوادەکەن؟ بەخودا لێتانخۆشنابم. دەبێت بەیانیو دووبەیانی وەڵامی ئەو قسانە بدەیتەوە. بەخودا من تەنها مەبەستم خێرە. هەرلەبەر ئەوەش هاتم تابتوانم کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم. بەگیانی دایکم درۆناکەم.
دایکم- منیش دەزانم تۆ واهاتویت کارێك ئەنجام بدەیت، بەڵام کارێکی خێر نە، تۆ کاری خێرت لێنایەت.
نیما- ئاوا؟ بریا دوێنێ شەو لەوێ دەبویتو دەتبینی کە...
- ئاە..! نیما دەتەوێت بڵێیت چی؟!
دایکم- نیماگیان من تۆم زۆر خۆشدەوێت، بەقەد سیاوەشم خۆشدەوێیت. تۆ تەنها ئەمشەو



Scanned with CamScanner

بڕۆرەوە بۆماڵی خۆتانو بهێڵە ئەم میوانییە بەخۆشی بەڕێوەبچێت.

نیما- تۆ ئەگەر ڕاستدەکەیتو منت خۆشدەوێ، بۆچی داواکارت بۆ سیما پەیدا کردووە؟

دایکم- من پەیدام نەکردووە، خۆیان پەیدا بوون، منیش لەروو دامامو ناچاربووم بهێڵم بێن. سیماش ئاگاداری هیچ شتێك نییە. لەڕاستیدا کوڕەکەشم زۆر بەدڵنییە، بەڵام نەمتوانی پێیانبڵێم نەیەن. ئێستاش هیچ نەبووە بۆ نیوکاتژمێرێك دێنو دەڕۆنەوە. ئەوە سیماشە خۆ نایەوێت جارێ شوبکات. وەسەلام.

نیما- ئێستا چ کەموکورتییەك روودەدات ئەگەر منیش لەگۆشەیەکدا دانیشم؟

((دایکم بەپێکەنینەوە وتی))

- کەمو کورتییەکەی ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت بەبێدەنگ دانیشیت. دەترسم شەڕێك بنییتەوە.

نیما- هەواڵی مەرگی باوکمم بۆ بهێنن ئەگەر شەڕبنێمەوە. حەزدەکەیت من دەڕۆمو لەچێشتخانەکە ژێرپیاڵەکان دەشۆم تامیوانەکان دەڕۆن لەوێدا نایەمە دەرەوە. باشە؟

دایکم- من تێناگەم تۆ بەو دزێوییو زمان لوسیەتەوە چۆن تا ئێستا نەتتوانیوە سیما بکەیتە لۆکەو زەماوەندی لەگەڵدا بکەیت؟

نیما- ئاخر ئەویش وەك تۆ بێتامو سەگ بابە!!

دایکم- تف بێشەرەفی بێحەیا!

((دایکم ئەو قسەیەی کردو بەتاکە نەعلێکەوە بەدوای نیما کەوت، نیماش

بەرەو حەوشەکە رایکرد، لەوێدا خۆی کێشا بەباوکمدا، باوکم بەسەرسامی سەیرێکی دایکمو نیمای کردو وتی))

- بۆچی وادەکەن؟!

((نیما بەدەم راکردنەوە گەیشتبووە بەردەرگای حەشەکە وتی))

- مامەگیان، بەوخودایە ئەوەندە لێدانی دەستی زوهرەخانم خواردووە بەدەستی دایكوباوكی خۆمم ئەوندەم لێدان نەخواردووە.

باوکم- ژن تۆ چیت لەوکوڕە دەوێت؟

((دایکم کە پێدەکەنی وتی))

- ئاخر تۆ نازانیت ئەوە چیدەڵێت.

نیما- بەخودا لەمنداڵییەوە ئەم زوهرەخانە لەمن دەدات. بابەگیان ئاخر من ئیتر گەورەبووم. کەس نییە لەپیاوێکی ملپانی وەك من بدات. یەکێك نەزانێت دەڵێت ئاخۆ ئەوەچیکردوە.

دایکم- لەلای من هەر ئەو منداڵە بچووکەی جارانیت. بۆت نییە بێیتە ئەم ماڵەوە، هەر لێرەدا لەحەوشەکەدا هێنەرەوە.

نیما- بەسەر چاو. بەڵام زوهرەخان، ئەمبێکردن هەمیشە ئەنجامەکەی بەپێچەوانەوە بووە. ئەویش ئەمبێکردنی جەستەیی، حەزدەکەم ئەوەش بزانیت کە هاندان بارهێنان بەرەو پێشەوە دەبات.

((پاشان دایکم دەستیکرد بەپێکەنینو لەگەڵ باوکمدا ڕۆیشتنە ژوورەوە. نیما هێشتا هەرلەحەوشەکەدابوو پێمووت))

- وەرە بابڕۆینە ژوورەوە.

نیما- نەخێر نەتزانی، ئەگەر ئێستا بێم دیسان دایکت بەدوام دەکەوێتەوە!

- وەرە من دەبمە ئەستۆ گرت. ناهێڵم دەستت لێبدات.

نیما- بڕۆ ونبە، من خۆم لەمنداڵییەوە تا ئێستا ئەستۆگری خۆت بووم تا تێهەڵدان نەخۆیت. ئێستا واملێهاتووە تۆ ببیتە ئەستۆگرم. زوهرەخان چارەکەسەعاتێکی تر لەبیری دەچێت کە مەسەلەکە چیبووە. تۆ بڕۆ دوو چا بهێنە تابیخۆینەوە.

- دەڵێم وەرە بابڕۆین، دڵنیابە دایکم هیچ ناڵێت.

نیما- ئێستا زووە، بڕۆ جارێ دوو چا بهێنە بابیخۆینەوە. دوای دەڕۆینە ژوورەوە. ئەگەر ئێستا بێمە ژوورەوە دایکت دیسان بەدوامدەکەوێتەوە.

((پێکەنین گرتبوومی، نیما وەك کاتی منداڵی قسەی دەکرد، بەمنداڵیش هەروابوو. کاتێك دەهات بۆ ماڵمان شەڕێکی دەنایەوەو دایکیشم بەتاکە نەعلێکەوە شوێنی دەکەوت. نیماش یان رایدەکرد بۆ حەوشەکە یان بۆ سەربانو هەرلەوێشەوە بۆ سەربانی دراوسێکان. کاتێکیش دایکم وازی لێدەهێناو بەدوایدا نەدەگەڕا، نیما بەمنی دەوت بڕۆمو شتێك بهێنم تابیخۆین. منیش خێرا دەڕۆیشتمو چیمان هەبوایە بۆ خواردن دەمهێنا پێکەوە دەمانخوارد، تاوەکو خواردنەکە تەواو دەبوو ئیتر دایکم لەبیری چوبوو کە ویستویەتی لەنیما بدات))

- وەرە بابڕۆینە ژوورەوە لای دراوسێکان حەیات بۆ نەهێشتین. ئەوکارانە چییە دەیکەیت؟

نیما- تۆ بڕۆ دوو چا بهێنە بالێرەدا بیخۆینەوە زۆر بەتامە.

((لەهەمانکاتدا سیما دەرگای حەوشەکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە. لەگەڵ چاوی بەئێمەکەوت سڵاوی کردو بەنیمای وت))

- ئەوە چیدەکەن لەحەوشەدا؟



Scanned with CamScanner

نیما- خەریکبووم لەگەڵ دایکتدا ((فرپوە))م دەکرد کە باوکت هاتەوەو یارییەکەی لێ تێکداین!

سیما- ئەوە نیما دەڵێیت چی؟

((سیما کە پێدەکەنی سەیرێکی منی کردو منیش وتم))

- شتێکی بەدایکم وت، ئەویش بەتاکە نەعلێکەوە دوای کەوت‌و پێیوت نابێت بێیتە ژوورەوە.

سیما- ئێستا دایکم لەکوێیە؟

نیما- ڕۆیشتە ژوورەوە، باوکت یارییەکەی لەئێمە تێکداو خۆشی دەستی دایکی گرت‌و بردیە ژوورەوە! ئەوباوکەت زۆر بەغیلە.

((سیما بەپێکەنینەوە بەرەو رووی نیما ڕۆیشت‌و وتی))

- وەرە بابرۆینە ژوورەوە من دەمەە ئەستۆگرت.

نیما- سیما گیان دەکرێت نەبیتە ئەستۆگرم‌و دوو بەدوو لێرەدا بمێنینەوە؟

- زەهری مار وەرە بابرۆینە ژوورەوە.

((لەگەڵ ڕۆیشتینە ژوورەوە دایکم بەسیمای وت))

- خێرا برۆ ئاوێك بکە بەخۆتدا چونکە میوانمان دێت. بەو سەرو شکڵەوە جوان نییە بێیتە پێش چاوی میوان.

نیما- توخودا ئەوکچە خۆشتنی بۆچییە خۆی دەڵێی دەستەی گوڵە.

سیما- بۆچی بڕیارە کێ بێت بۆ ماڵمان؟

دایکم- ماڵی شەفیق.

((سیما تەماشایەکی دایکمی کردو وتی))

- شەفیق؟! چۆنە وا لەپڕدا ئێمەی بیرکەوتووەتەوە؟ ئەوان زۆر دەمێکە هەواڵیان نییە.

دایکم- تەنها دەیانەوێت بێن بۆ سەردانی باوکت ئیشێکی تایبەتیان نییە.

نیما- بەڵێ وایە. شتێکی وانییە، دەیانەوێت بێن بۆ خوازبێنی باوکت! هەرکەسێك باوکی وەختی شوی بێت بێگومان هاتوچۆی زیاتر دەکرێت.

دایکم- دیسان تۆ دەستت پێکردەوە؟

((باوکم خەریکبوو لەپێکەنیندا دەبورایەوە. پاشان نیما وتی))

- بەخودا دەمەوێت وردە وردە سیماخان تێبگەیەنم کە بڕیارە داواکاری بێت! ئەگەر لەپڕدا پێیبڵێم داماوە توشی شۆك دەبێت!

سیما- کوڕی شەفیق؟ داواکاری من؟



Scanned with CamScanner

نیما- کام شەفیق ئەوەی کە کوڕەکەی ناوی کورشە؟ مەگەر لەگەڵ دەسگیرانەکەیدا جیابوەتەوە؟

باوکم- بۆچی کورش دەسگیرانی هەبووە؟

نیما- بەڵێ، ساڵو نیوێك پێکەوە بوون. گوایە کچە قوڕبەسەرەکە بەهانەی بێجای دەگرت، تا وایلێهات لێکجیابوونەوە.

((باوکم کە پێدەکەنی وتی))

- لەسەرچی لەیەکتری جیابونەوە؟

نیما- کچەکە دەیووت کورش سکی گەورەیە. توخودا ئەوە بەهانەیە؟ دەیتوانی پشتوێنێکی بۆ بکڕێتو پێشکەشی بکات. ئەوجا ئەویش لەپشتی دەکرد. داماوە سکی ئەوەندەش گەورە نییە شەش مانگێك زیاتر پیشان نادات.

((منو سیماو باوکم دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- سیماخان خێرا بڕۆ ئیشو کارەکانت ئەنجام بدە، چونکە کاتێکت زانی خۆیانکرد بەژووردا. بەس خوا بکات کورش گۆرەوییەکانی گۆڕیبێت. ناوم بۆ گوڵێکی پاك بردبێت قاچی وەك قاچی حوشتر بۆنی دێت. هەڵبەت ئەوە نابێتە کەمو کوڕی پیاو.

((سیما لەناو پێکەنین لەسەر کورسییەك دانیشت))

نیما- سیماخان دەڵێیت دانیشتیت؟ درەنگ دەکات، بەڕاست سیاوەش لەبیرت نەچێت پاکەتێك کلێنکس بخەرە سەر مێزەکەی بەردەمی کورش، چونکە داماوە لەگەڵ دەکەوێتە قسەکردن نازانم بۆچی قەراخی دەمی کەفی سپیدەکات.

- ئاه...! حاڵت تێکداین نیما.

((سیماو باوکم مردبوون لەپێکەنیندا، دایکیشم خەریکبوو پێدەکەنی، بەڵام ئەو نیما کوێربووە تەنها بزەیەکیش نەدەکەوتە سەر لێوی))

نیما- زوهرەخان هەمووشتێك ئامادەیە؟ خۆزگە یەك دوو کیلۆ خورماشتان بکڕیایە. چەنکە کورش زۆری حەز لەخورمایە. ڕۆژی چلەکەی کاك ((تەوەکەلی)) کورش لەتەنیشتی مندا دانیشتبوو. داماوە وابزانم برسی بوو، کیلۆیەك زیاتر خورمای خواردووە. خۆش لەوەدابوو دەستو پلیشی دەسڕی بەخۆیدا!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- خاڵە کورش کاتێك شت دەخودات پیاو خەریکە سوێی دەبێتەوە بۆی، ئەو ڕۆژە لەو مەراسیمە وەختێ خورمای دەخوارد مڵچەمڵچێکی بوو کە مامۆستای پرسەگێڕەکە قسەکانی خۆی



Scanned with CamScanner

بڕیو جارێکی تر بەدەنگی بەرز دەستیپێکردەوە لەبەر ئەوەی دەنگەکە بگاتە هەموو کەس.

((هەر بەوجۆرە خەریکی قسەکردن بووین کە زەنگی دەرگاکە لێیدا. نیما لەتەنیشتی تەلەفۆنی دەرگاکەوە دانیشتبوو خێرا وەڵامی دایەوە))

- کێیە؟

- ناتناسم ببورە!

- بەداخەوە دەنگت ناگات.

- وابزانم بەهەڵە هاتوویت.

((نیما ئەم قسانەی کردو تەلەفۆنەکەی داخستەوەو وتی))

- باسی چیم دەکرد؟

دایکم- نیما ئەوە کێبوو؟

نیما- نازانم یەکێك بوو دەیووت من ((رەفیقم))!

دایکم- خودا مەرگ بەدەست تۆوە هەتیو، ئەوە وتویەتی من شەفیقم.

((پاشان دایکم بەخێرایی ڕۆیشت بۆلای تەلەفۆنەکە. ئیدی خۆ ئێمە لەپێکەنیندا مردبووین. دایکم دەرگاکەی کردەوەو بەنیمای وت))

- هەستە بڕۆرەوە بۆماڵی خۆتان هەردەمزانی شەڕێکم بۆ دەنێیتەوە، هەستە بڕۆ.

نیما- زوهرەخان ئێستا ناتوانم بە بەرچاوی ئەوانەوە لێرە هەڵبێم، بهێڵە ئەوان تەشریف بهێنن ئەوجا دەڕۆم.

دایکم- لەترسی تۆ یەك داواكار ناوێرێت بێتە ئەم ماڵەوە.

نیما- بەخودا زۆر عەیبە، دەنگت دەچێتە دەرەوە. بڕۆ پێشەوە هەر هیچ نەبێت بەخێرهاتنێکیان بکە. کچەکەتان خۆی داواکاری نییە بەمن چی؟

دایکم- ڕاوەستە بائەمانە بڕۆن ئەوکاتە من دەزانمو تۆ.

((سەرئەنجام دایکم ڕۆیشت بۆ پێشوازیکردن لەمیوانەکانو پاش کەمێك هەموو پێکەوە گەڕانەوە، چۆنیو چاکی دەستی پێکرد. کورش تەمەنی سی ساڵ دەبوو، کورش گەیشتە بەردەمی نیماو چۆنیو چاکی لەگەڵ نیمادا کرد، نیماش تەوقەی لەگەڵ کورشدا کردو وتی))

- تۆچۆنیت کورش گیان؟ ئەوە بۆ ساڵێك دەچێت نەمبینیویت بەڕاستی زۆر داغان بوویت. بێگومان ئیشو کارەکان زۆرە، فەرموون... فەرموون زۆر بەخێربێن.

((داماوە کورش کەمێك پێی ناخۆشبوو، بەڵام بەڕووی خۆی نەهێناو دەستیکرد بەچۆنیو



Scanned with CamScanner

چاکی کردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. هەموو پێکەوە ڕۆیشتن و لەهۆڵی میوانداریەکەدا دانیشتن. من بەئەنقەست ڕۆیشتمە تەنیشتی نیماوە لەبەرئەوەی کە ئەگەر ویستی شتێك بکات نەهێڵم. دەمزانی ئەوندە سیمای خۆشدەوێت بۆ تێکدانی ئەو خوازبێنییە ئامادەبوو ئاوڕ لەهیچ شتێك و هیچ کەسێك نەداتەوە.

بەکورتی هەموو دانیشتن و منیش دەستمکرد بەقسەکردن لەگەڵ کاك شەفیقدا کە لەملامەوە دانیشتبوو. کاتێك ئاوڕم دایەوە بەملادا سەیرەکەم نیمای لێنەماوە. سەرەتا ویستم هەستم بەڵام دانم بەخۆمداگرت. ئەوەندەی پێنەچوو نیما بەسینیەك چاوە خۆیکرد بەژووردا. دایکم گازێکی لەلێوی خۆی گرت و دەستیکرد بەمۆرەکردن لەنیما. بەڵام نیما سەری بەکارەکەی خۆیەوە گەرمبوو. نیما چای بەسەر هەموویدا دابەشکرد جگە لەکورشی داماو! لەدوای هەموویانەوە نیما سینییە چاکەی بردە بەردەمی کورشەوە. پاش کەمێك دایکی کورش وتی))

- ئەی سیماخان لەکوێیە؟

((پێش ئەوەی دایکم وەڵام بداتەوە نیما وتی))

- کەمێك پێش ئەوەی جەنابتان تەشریف بهێنن ئەویش هاتەوە. کەمێك هیلاك بوو ئێستاش ڕاکشاوە ئاپشوویەك بدات. ئائێوە چاکەتان نۆشی گیان دەکەن و دەمێك شیرین دەکەن ئەویش دێتە خزمەتتان.

((باوکم خەریکبوو لەپێکەنیندا دەتەقی، گوایە دەڕوات سیما بانگ دەکات هەستاو لەهۆڵەکە ڕۆیشتە دەرەوە. من لەگەڵ ئەو کارە دزێوانەی نیمادا ڕاهاتبووم دەمتوانی پێش بەپێکەنینەکەم بگرم. پاشان کاك شەفیق و خێزانەکەی و کورش سەیرێکی یەکتریانکرد، بەڵام هیچیان نەوت. دایکم لەتاواندا خەریکبوو تێك دەچوو، نیما هەستاو شیرینی بەسەرهەمواندا دابەشکرد، لەکۆتاییشدا دایە کورش. کورشیش دانەیەك لەشیرینییەکانی هەڵگرت، بەڵام نیما هەربەزۆر چەند دانەیەکی خستە ناو قاپێکەوەو لەبەردەمی کورشدا لەسەر مێزەکە دایینا. کورشی داماو وایدەزانی نیما لەخۆشەویستیدا وای لەگەڵ دەکات. بۆیە لەپەسا سوپاسی نیمای دەکرد. پاشان نیما دانیشت و دەستیکرد بەمیوە پاککردن. نیما قسەی لەگەڵ کورش دەکردو خێرا خێرا سێو، پرتەقاڵ، لالەنگی، خەیار، کیوی و مۆزی کردبووە ناو دوو قاپەوەو خستبویە بەردەمی کورش! کورشی داماویش هەر سوپاسی نیما دەکرد. نیما ئەوەندەی قسەی بەسەر یەکدا دەکرد کە کورش نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە. پاش کەمێکی تر نیما هەستاو نوقڵدانێکی پڕکرد لەنوقڵ و جکلێت و خستیە بەردەمی کورش. پاشان دەستیکرد بەفەرموو فەرموو کردن لەکورش. دوای ئەوە نیما دەستی بەچەند کلێنکسێك سڕی و خستییە بەردەمی کورش.



Scanned with CamScanner

من کاتێك سەیری ئەومێزەی بەردەمی کورشم کرد خەریکبوو هاوار بکەم. چونکە دوقاپی پڕ لەمیوە قاپێك شیرینیو نوقڵدانێك نوقڵو جکلێتو چەند کلێنکسێکی پیسیشی لەبەردەمدابوو. بەڕاستی دیمەنێکی پێکەنین ئامێز بوو. لەسەرخۆ بەنیمام وت))

- نیما بەسە دانیشە تەواو.

((نیما بەهێواشی وتی))

- لێیگەڕێ بابیخوات باوك سەگی کەچەڵە. نۆشی گیانی بێت.

((لەهەمانکاتدا سیماو باوکم هاتنە هۆڵەکەوەو هەموو هەستانەوەو چۆنیو چاکییان لەگەڵ سیمادا کرد. دڵنیابووم لەوەی کە باوکم بەزمی چاییەکەی بۆ سیما گێڕاوەتەوە، چونکە سیما ئامادەی پێکەنین بوو. سیما هەرگەیشتە هۆڵەکەو لەدوای ئەحواڵ پرسی چاوی بەمێزەکەی بەردەمی کورش کەوت کە ئەو هەموو شیرینیو میوەو شتەی لەسەر بوو خەریکبوو بداتە قاە قای پێکەنین کە من بەخێرایی وتم))

- سیما لەبیرتە جارێك کورش هات بۆ ماڵمان، لەکاتی یاریکردندا من کەوتمە ناو حەوزەکەوە؟

((لەپڕدا سیما دەستیکرد بەپێکەنین واتە لەبەر ئەوە پێدەکەنێت کە وێنەی ئەو ڕۆژەی لەبەرچاوە. منیش تەنها لەبەر ئەوە ئەو قسەیەم کرد. چونکە دەمزانی سیما خۆی پێناگیرێتو ئەگەر لەخۆشییەوە پێبکەنێت ناشرینە. بەهەرحاڵ سیما هاتو لەسەر ئەوجێگەیەی کە سەرەتا منی لێدانیشتبووم دانیشت. منیش ویستم لەتەنیشتی سیمادا دانیشم  کە نیما پاڵێکی پێوەنامو خۆی لەتەنیشتی سیمادا دانیشت. منیش لەناچاریدا ڕۆیشتم لەودیووی ئەوانەوە دانیشتم. دووبارە هەواڵپرسی دەستپێکردەوەو کورش بەگۆشەی چاو تەماشای نیمای دەکرد))

دایکی کورش- سیما گیان چۆنیت؟ بیستومە دەڵێن لەنەشتەرگەریدا مامۆستایەکی بۆ خۆت؟

((پێش ئەوەی سیما قسەبکات یان وەڵام بداتەوە نیما وتی))

- بەڵێ، بەڵێ. بەڕاستی مامۆستایە. چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ریخۆڵەکوێرەی باوکمی نەشتەرگەری کرد بەڕاستی شاکارە. ئەو ڕۆژەی باوکمی نەشتەرگەری کرد باوکم بۆبەیانییەکەی لەپێشبڕکێی گوڕپانو مەیداندا بەشداریکرد.

شەفیق- بۆچی کاك زەکاوەت هێشتا هەر رادەکات؟

نیما- بەڵێ، بەڵێ. هەڵبەت بەدوای دایکمدا.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین، پاشان دایکی کورش بەسیمای وت))

- بەڕاستی بویتە خانمێك بۆ خۆت، هەم جوان، هەم بڕوانامەدار.



Scanned with CamScanner

((لەگەڵ دایکی کورش ئەو قسەیەی کرد نیما سەری هێنایە لای منەوەو وتی))

-هەستە بەسیما بڵێ ((ئەویای)) بخورێنێت.

-بەهێواشی بەنیمام وت.

- بەسیما بڵێم چییکات؟

نیما- ئەویای بخورێنێت.

- ئاخر کوێی؟

نیما- ئاخ...! دایکی کورش چاوی پیسە! دوای سیما دەبێت بەچاوەوە!

- سیما ئەویای بخورێنێت؟

نیما- ئەی قابیلە من بڕۆم ئەویای بخورێنم؟ دەبێت بۆخۆی بیخورێنێت.

- زەهری مار هەتیوە کەرە!

شەفیق- سیاوەش گیان تۆچۆنیت؟ لەکوێ سەرقاڵی کارکردنیت؟

- باشم زۆر سوپاس. لەکۆمپانیاکەی باوکمم.

دایکی کورش- بەپشتیوانی خودا دەبێت لەمرۆژانەشدا دەستێك بۆتۆ بەرز بکەینەوە.

نیما- بۆچی قابیلە خۆی کەمنەندامە خانم گیان؟

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. سیما تەنها چاوەڕوانبوو نیما شتێ بڵێت و ئەو پێبکەنێت))

دایکی کورش- ئاخر خەریکە درەنگ دەبێت. وابزانم خۆی خەیاڵی لای ژنهێنان نییە. لەبەرئەوە دەڵێم دەبێت ئێمە دەستی بۆ بەرز بکەینەوە.

نیما- پێویست ناکات سیاوەش خۆی بەرزی کردووەتەوە.

((کورش کە تەنها هۆش و بیری لای سیمابوو وتی))

- چی؟

نیما- هەردوچاوت بێنەدەب. دەستی دەڵێم دەستی!

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. کورشی نەگبەتیش لەتەریقیدا سور بووبووەوە، منیش پێدەکەنیم کە بینیم نیما خەریکە مێزەکەی بەردەمی کورش پیشانی سیما دەدات. سیماش سەیری مێزەکەی دەکردو پێدەکەنی. لەسەرخۆ بەنیمام وت))

- نیما عەیبە. تۆ بەڵێنتدابوو کاری نابەجێ نەکەیت.

((نیما وەڵامی نەدامەوەو بەکاك شەفیقی وت))

- کورش گیان لەگەڵ دوایینجاردا کە بینیم کەمێك گۆڕاوە. تۆزێك قژی روتاوەتەوە!



Scanned with CamScanner

شەفیق- نیماگیان ژیانە ئیدی. شتێکی ئاساییە کە پیاوان قژیان بڕوتێتەوەو کەچەڵ بن. ئەوە تەنیا کورشنییە. ئەویش بەسەرەیە.

نیما- خۆ کورش کەچەڵ نییە، کەمێك ناوچەوانی ساف‌و بەرزە.

((دووبارە هەموو دەستمانکردەوە بەپێکەنین، کورش لەبەرئەوەی هەقی خۆیکاتەوە وتی))

- نیما تۆ هێشتا هەروەك جاران هەمیشە لەماڵی سیاوەشیت؟ ناڕۆیتەوە بۆ ماڵی خۆتان؟

نیما- بۆ، جارجارێك سەرێك لەماڵەوە دەدەم. بەڕێکەوت ئەمڕۆ لەجێگەیەك کارم هەبوو کە سیاوەش پەیوەندیی پێوەکردم‌و وتی وەرە بۆماڵی ئێمە، چونکە بڕیارە کورش بێت بۆ لەوێ. منیش وتم دێم‌و کەمێك پێکەوە پێدەکەنین. هەڵبەت بەیادی منداڵییەوە، کورش ئەوکاتانەت لەبیرە کە سەرمدەخستە سەرت‌و تۆش رقت هەڵدەگرت‌و دەڕۆیشتیت دایکت بۆ دەهێنام؟ چ رۆژانێکی خۆش بوو یادیان بەخێر.

((پاشان نیما رویکردە هەمووان‌و وتی))

- لەبیرمە جارێکیان کولەیەکم گرتبوو خستمە پشتەملی کورشەوە، کورش هاوارێکی کرد کە مەپرسن. هەڵبەت شتێکی خراپیشی کردبووە پانتۆڵەکەیەوە! تاچەند ساڵێکیش هەرپێماندەوت میزە میزە شەرمەندە، گسك بەکلکییەوە بەندە. لەسەرئەوە چ تێهەڵدانێکم بەدەستی باوکم خوارد. واتە کورش بەدایکی وتبوو دایکیشی بەباوکمی وتبوو باوکیشم تێهەڵدانێکی باشی تێهەڵدام. ئاخ چ رۆژانێکی خۆش بوو.

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. کورشی داماویش خۆی کۆکردەوەو ئیتر هیچی نەوت. باوکم لەبەر ئەوەی کە بابەتەکە بەئاقارێکی تردا بەرێ وتی))

- کورش گیان بەچییەوە سەرقاڵیت؟

کورش- خەریکی بارکردن‌و گواستنەوەم.

نیما- خەریکی گواستنەوەی نەفەریت؟

کورش- بارکردن‌و گواستنەوە بەئۆتۆمبێلی گەورە.

نیما- شۆفێری لۆریت؟

دایکی کورش- نیماگیان کورش کۆمپانیای بارکردن‌و گواستنەوەی هەیە.

نیما- ئەها! بەڕاست بۆیە شکڵ‌و شێوەی شۆفێری لۆریەکانی گرتووە. دەموت خودایە کورش بۆچی وای لێهاتووە. ئێستا دەزانم کە خەریکی کاری بارکردن‌و گواستنەوەیە. داهاتی باشە؟

شەفیق- سوپاس بۆخودا خراپ نییە.



Scanned with CamScanner

نیما- شتومەك باردەكەن؟
شەفیق- شت‌ومەكی چی نیماگیان؟ كۆمپانیای باركردن‌و گواستنەوەیە بەترانزێت.
نیما- ئەها. زۆرچاكە بێگومان كارێكی پڕ داهاتە.
((پاشان نیما ئاوڕی دایەوە بەلای سیماداو وتی))
- هاوسەری ئایندەت خاوەن لۆرییە.
((سیما سەری داخست‌و دەستیكرد بەپێكەنین. كورش‌و دایكی‌و باوكی بەڕقەوە لەنیمایان دەڕوانی. هەستمكرد خەریكە میوانییەكە ناخۆشدەبێ. لەسەر خۆ بەنیمام وت))
- هەستە بابڕۆینە دەرەوە ئیشم پێتە.
نیما- بێدەنگبە.
((دایكم لەبەر ئەوەی كۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنێت دەستیكرد بەقسەكردن لەگەڵ دایكی كورشدا. باوكیشم لەگەڵ كاك شەفیقدا دەستیكرد بەقسەكردن. پاشان كورش بەهێواشی بەسیمای وت))
- سیماخان ئەگەر دەكرێت دەمەوێت چەند خولەكێك بەتەنها قسە لەگەڵ بكەم.
نیما- بۆچی كورش ئەفەندی ناشێ بەنیازبیت شتێكی خراپ بەسیما بڵێیت وا نابێت ئێمە گوێمان لێبێت؟
كورش- نیما وابزانم پێتناخۆشە من هاتووم بۆ ئێره؟
نیما- بەڵێ پێم ناخۆشە.
كورش- ئاخر بۆ؟
نیما- لەبەرئەوەی قاچت لەبەڕەكەی خۆت زیاتر راكێشاوە. هەر بۆیە مەسەلەی ((كولە))كەیشم باسكرد تاوەكو جارانت بكەوێتەوە یاد. ئەو كاتانەش هەر زۆر بەدەوری سیمادا دەهاتیت.
- نیما ئەوقسانە چییە؟ عەیبە.
كورش- ئاخر ئەوكاتانە منداڵ بووین.
نیما- بەڵێ ڕاستدەكەیت، هەربۆیە ئەو مەسەلەیەش بەكولەیەك كۆتایی هات. چاكتر وایە بڕۆیت‌و عەرەبانەكەت راكێشیت. ئەوتیكەیە بەئەندازەی دەمی تۆ نییە.
((ویستم قسە بكەم كە سیما هەستاو لەهۆڵەكە رۆشتە دەرەوە))
كورش- واتە هیچ كەسێك بۆی نییە بێتە خوازبێنی سیما؟
نیما- تا وەڵامی من نەداتەوە كەس بۆینییە بێتە خوازبێنی سیما.



Scanned with CamScanner

کورش- واتە سیماش مافی ئەوەی نییە راوبۆچوونی خۆیی بڵێ؟
نیما- سیما ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئێوە تەشریف دەهێنن دەنا پەیامی بۆ دەناردن بۆئەوی ئەو هەموو ڕێگەیە تەی نەکەن‌و زەحمەت نەکێشن.
کورش- ئێستا من ناتوانم چەند خولەکێك لەگەڵ سیما خۆیدا قسە بکەم؟
نیما- با دەتوانیت قسەی لەگەڵ بکەیت، بەڵام ئەگەر سیما رەدی کردیتەوە بەهانە نەگریت، باشە؟

((کورش ویستی قسەبکات نیما بواری نەداو وتی))

- سەیرکە کورش گیان من وەك قاز لەسەر یەك قاچ ڕاوەستاوم بۆ خوازبێنی سیما. ئەگەر تا ئێستاش نەهاتومەتە پێشەوە تەنها لەبەر ڕێزگرتن بووە لەبیرو بۆچوونەکانی سیما. چونکە من بیرو بۆچوونی سیمام بەلاوە گرنگە. ئێستاش دڵنیابە کە نایەوێت لەگەڵ کەسدا زەماوەند بکات. تۆش وەك من ئەو کارە بکە، ئەگەر رەدی کردیتەوە بڕۆ بەلای ژیانی خۆتەوە. واتە دەڵێم وەك جاران بەهانە گرو ناوو ناتۆرە باز مەبە. کاتی خۆشی سیما نەیدەویست لەگەڵ تۆدا یاری بکات، بەڵام تۆ دەست هەڵگر نەبوویت.

کورش- ئێستا لەگەڵ ئەو سەردەمەدا جیاوازە. چیتر من ئەو منداڵە حەوت هەشت ساڵانە نیم.
نیما- منیش ئەو منداڵەی جاران نیم، بەڵام تۆ زۆر ناوو ناتۆرە بازیت.
- ئەوقسانە چییە ئێوە دەیکەن؟ بەحساب ئێوە هاوڕێی دێرینی یەکترین. سیما خۆیدەتوانێت بڕیار لەسەر ئایندەی خۆی بدات.
((بەوقسەیە هەردووکیانم بێدەنگ کرد. پاش کەمێك کورش وتی))
- سیاوەش تۆ دەڵێیت چی؟ تۆ برای سیمایت بەڕای تۆ بۆچوونی سیما چۆنە؟
- دەتوانیت بڕۆیت خۆت لێی بپرسیت.
کورش- تۆ هەرچییەك بڵێیت باوەڕدەکەم.
- ئەگەر بڵێم قسەی منت قبوڵە؟
کورش- بەڵێ، تۆ هەمیشە ڕاستتکردووە. ئێستاش دەزانم کە ڕاستییەکەیم پێدەڵێیت.
- ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سیما ئێستا بەنیاز نییە شوویکات. ئەگەر هەر ڕۆژێکیش بیەوێت زەماوەند بکات بەئیحتمالی ٪۹۰ شوو بەنیما دەکات، چونکە سیما نیمای خۆشدەوێت. ئێستاش خۆت دەتوانیت بڕۆیت‌و لەسیما بپرسیت.
((هەر لەوکاتەدا سیما گەڕایەوە بۆ ناو هۆڵەکەو لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشت. هەر لەگەڵ



Scanned with CamScanner

سیما دانیشت کورش وتی))

- سیماخان پرسیارێکم لێت هەیە ...

((سیما نەیهێشت کورش قسەکەی تەواو بکات وتی))

- ئەگەر دەربارەی زەماوەند کردنە دەبێت بڵێم، کە من جارێ بەنیازی زەماوەندکردن نیم.

((هەرکە سیما ئەو قسەیەی کرد کورش سەری داخستو چیتر قسەی نەکرد. لەدوای چارەکە سەعاتێك کورش ئاماژەی بەدایكو باوکی کرد تاهەستن. دایکم هەرچەند پێداگریکرد تابۆ نانخواردن بمێننەوە، بەڵام نەمانەوەو خوداحافیزییانکرد. لەبەردەرگاکەدا کاتێك منو نیما خەریکبووین بەڕێماندەکردن، کورش ئاوڕیدایەوەو بەنیمای وت))

- هێشتا منو تۆ هەر هاوڕێی یەکترین؟ باوەڕناکەم کارێکی هەڵەم ئەنجامدابێت.

نیما- بەڵێ، ئێمە هێشتا هەر هاوڕێی یەکترین. منیش بەڵێنت پێدەدەم ئەگەر سیما نەیویست لەگەڵ من زەماوەند بکات لەسەر ڕێگەکەی لابچم، ڕەنگە هەر ئەو کاتەش پەیوەندیت پێوەبکەم.

((نیماوکورش پێکەوە تەوقەیان کرد، پاشان ماڵی کورشو ئەوان ڕۆیشتن. کاتێك گەڕاینەوە بۆ ژوورەوە دایکم بەنیمای وت))

- داخی دڵی خۆت ڕشت؟

نیما- بەڵێ.

دایکم- ئیتر خەیاڵت ئاسوودە بوو؟

نیما- بەڵێ، لەخودا بەزیادبێت.

دایکم- باشە ئەگەر ئەمجارە کەسێك ویستی بێت بۆ خوازبێنی سیما من چی پێبڵێم؟

نیما- ئاخر بۆچی خەڵك دەخەنە زەحمەتەوە؟ هەر بەتەلەفۆن پاڵیان پێوەبنێن بابڕۆن.

((لەگەڵ نیما ئەو قسەیەی کرد دایکم دەستیبرد بۆ نەعلەکەی، نیماش بەدەم ڕاکردنەوە وتی))

- تا توخودا پێداگری مەکە بۆ نانخواردن بمێنینەوە. چونکە لەشوێنێکی دیکە میوانین. سیاوەش راکە درەنگە.

((منیش بەدوای نیمادا ڕۆیشتمە دەرەوە کە لەپڕێکدا سیما بانگی کردینو هاتە پێشەوە بۆلای نیماو وتی))

- ڕاوەستە نیما ئەفەندی ئیشم پێتە.

نیما- بەسەر چاو.

سیما- ئەو قسانە چیبوو کە بەکورشت وت؟



Scanned with CamScanner

نیما- مەگەر سیماخان گیان چیم وتووە؟

سیما- من تیکەم؟

نیما- تۆ بەڕێزیت، تۆ گوڵیت، تاجی سەری منیت.

سیما- تکایە زمان لوسی مەکە.

نیما- بەسەر چاو.

سیما- هەر بەڕاستی بۆچوونی تۆ بەرامبەری مێینە بەم شێوەیەیە؟ ئێوە وادەزانن ژن ئەو شتەیە کە دەتوانن بەئاسانی ببنە خاوەنی؟ ئێوە وادەزانن ئەگەر رەقیب لەمەیدان بکەنە دەرەوە ئیتر مافی ئەوەتان هەیە کە ببنە خاوەنی ئەو ژنە؟ واتە کارگەیشتووەتە ئەوەی کە هەتا ئێمەی ژنان مافی ئەوەمان نییە دەربارەی زەماوەندکردنمان بڕیاربدەین یان هەڵبژاردن بکەین لەهاوسەرگیریدا بۆ ئایندەمان؟

نیما- ئەوقسانە چییە سیماخان؟

سیما- ئەی تۆ ئێستا ئەوەی کە من دەیڵێم بەکردەوە ئەنجامت نەدا؟

نیما- بەڵێ ئەنجامم دا.

سیما- ئەو کردەوەیەت چ واتایەکی هەیە؟

نیما- مەگەر ئەوەش تاوانی ئێمەیە؟

سیما- کەواتە تاوانی کێیە؟

نیما- تاوان لەکلتورەکەمانەوەیە. لەمنداڵییەوە لەماڵەوە پێیان وتوین تۆ پیاوی، تۆ پیاوی. ژن لاوازە، ژن لاوازە، ئێمەش وا راهاتوین کە ژن بەشتێکی لاواز ببینین!

سیما- سەرنج ڕاکێشە.

نیما- بەڵێ، ئێستا لەوەسەرنج راکێشتر ئەوەیە، کە ئێمەی نێرینە، مافی تایبەتی خۆمان هەبووەو دایکوباوکمان پێی قایل بوون. بۆ نمونە ئێمە دەمانتوانی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێماندا بڕۆینە دەرەوە، بەڵام کچان ئەو مافەیان نەبووە. ئێستا وەرە تۆ خۆت بەسەر ئەو هەموو مافەی ئێمەو ئەو بێمافییەی خۆتانەوە بڕیاربدە. هەروەها ئێستا ئێمە گەورەبووین‌و بووینەتە پیاوێك. ئایا نابێت ئێمە بەخۆمانی بسەلمێنین کە ئێمە دەبێت بەشێکی زیاترمان لەمێینە هەبێت؟

((سیما سەیرێکی نیمای کردو هیچی نەوت))

نیما- هەرکاتێکیش کە لەگەڵ کچێکی ژیکەڵەدا زەماوەندمانکرد. رازی نابین پەنجا بەپەنجا لەژیانماندا شەریکی بکەین! بۆ؟ لەبەر ئەوەی لەمنداڵییەوە پێمانوتراوە ژن لاوازە، ژن لاوازە، ژن



Scanned with CamScanner

ترسنۆکە، حەزدەکەم بزانیت شیعریشیان لەسەر داناون! مۆڵەت دەدەن بیخوێنمەوە؟

((سیما تەنها سەرێکی لەقاند))

نیما-

کوڕان شێرن وەك شمشێرن          کچان مشکن وەك کەروێشکن

ببەخشە سیماخان لەگەڵ تۆم نییە لەگەڵ کچانی دیکەمە.

سیما- باشە، دەتانفەرموو.

نیما- عەرزم بەحزروتان، بەڵێ خەریکبووم دەمووت. کاتێکیش کە زەماوەندمانکرد ئێمەین کە بەشە زۆرەکەی ژیانی هاوسەریماندەوێت. لەپێناوی ئەو بەشەشدا خۆمان توشی هەزارویەك دەردی سەری دەکەین، بۆ؟ چونکە هاوسەرەکەمان ئامادەنییە لەبەشەکەی خۆی بداتە ئێمە! ئەوکات ئێمەی پیاویش دەبێت بەزۆر لەلاشەو شتەکانی دیکەی سوود وەرگرین تابتوانین ئەو بەشە زیادەیەی لێداگیر بکەین. هەر لەبەر ئەوەشە کە هەمیشە رووبەڕووی کێشەی گەورەی خێزانی دەبینەوە. واتە هەمیشە ماڵەوە دەبێتە بەرەی جەنگێك بۆمان، عەسابمان خراپ دەبێت، ژیانمان لادەبێتە دۆزەخ، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو نەگبەتییەش دیسان ئامادەنین چاوپۆشی لەو بەشە زیادەیە بکەین! بۆ؟ چونکە ئەوکات خۆمان بەپیاوێکی ترسنۆك یان لەژن ترساو دەزانین. ئێستا تۆ خۆت دەزانیت ئەو بەشە زیادەیە چییە؟ ژنێك بەبێ پرسی مێردەکەی مافی ئەوەی نییە لەماڵ بچێتە دەرەوە، دەبێت مێردەکەی مۆڵەتی بدات تاوەکو هاموشۆی کەس‌و کارەکەی بکات، ئەگەر بیەوێت شتێك بکڕێت دەبێت مۆڵەت لەمێردەکەی وەربگرێت، لەهەموو روویەکەوە بڕیاری کۆتایی بەدەست پیاوەکەیەتی‌و زۆربەی شتەکانی دیکەش. سەیر لەوەدایە زۆربەی شتەکان لەڕێگەی یاساوە هاتووە! بۆ نموونە هیچ ژنێك بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی ناتوانێت پاسپۆرت وەربگرێت‌و لەوڵات بچێتە دەرەوە. بەڵام پیاو نەخێر، خۆی هەق وابوو کە هەنگاوی یەکەم یاسا بینایە هەروەك چۆن بەبێ ڕەزامەندی مێرد ژن ناتوانێت ببێتە خاوەنی پاسپۆرت، با پیاویش بەبێ ڕەزامەندی ژن نەیتوانییایە پاسپۆرت وەربگرێت. لەڕاستیدا ئەمەیان دادپەروەرییە. من نازانم لە وڵاتانی دیکەدا چۆنە، ڕەنگە لەوێ هیچکامێکیان پێویستیان بەوی دیکەیان نەبێت. بەڵام ئەوەش باش نییە. ئێستا خۆتان بفەرموون‌و دادگایم بکەن، من ئەمڕۆکە تەنها کەمێك لەوبەشە زیادەیەم بەکارهێناوە!

((سیما تەماشایەکی نیمایکردو وتی))

- بەڕاستی کۆمەڵێك شتی جوانت وت، بەڵام تۆ لەڕاستیدا خۆت بەخاوەنی ئەو بەشە زیادەیە دەزانیت؟



Scanned with CamScanner

نیما- من بەگۆڕی باوکم پێدەکەنم کە وابزانم.. لەسەدا بیستی بەشەکەی منیش هەر بۆ تۆ!
((سیما دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))
- ببەخشە لەکاتم گرتیت، بەخێرچیت.
نیما- بەخودات دەسپێرم، بەپشتیوانی خودا ئەو بەشە زیادەیەی کە خواردوومە دەبێتە خوێن‌و لەژێر نینۆکەکانمەوە دێتەدەرەوە، بەپشتیوانی خودا دەبێتە دڕکی ماسی‌و دەگیرێتە قوڕگم! بەپشتیوانی خودا...
- هێی ئەوە چیتە؟!
((سما ئاوڕی دایەوەو دەستیکرد بەپێکەنین))
نیما- بەپشتیوانی خودا وەك مریشکێکی کڕ تاوەکو بەیانی کورکە کورك دەکەم‌و خوێنم تێدا نامێنێت، لەبەرئەوەی کە چیتر دوو دەنکە گەنمی هیچ هەتیوێك نەخۆم! تۆم خودایە هەرچی دەردو بەڵا بۆ تۆ دێتە خوارەوە بکەوێت لە...
- ئاە...! ئەوە دەڵێیت چی؟
نیما- بەتۆ چی دەمەوێت هەقی ئەوتاوانانەی بۆ بکەمەوە کە بەرامبەری ئەنجامم داوە!
- تۆ ئەو قسانە لەکوێ فێربویت؟ ئەو قسانە لەتۆوە دوورە.
نیما- ئۆتۆمبێلەکە بخەرە کار بابڕۆین. ئەوانەم بۆیە وت تا سیما هەڵخەڵەتێنم. تۆ بۆچی باوەڕتکرد؟
- ئاخر وتم ئەو قسانە لەتۆ نایەت.
نیما- بڕۆ بابڕۆین ئاەوی دیکەیت لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بۆ باسبکەم.
((لەگەڵ نیمادا سواری ئۆتۆمبێلەکە بوین‌و بەرەو شارۆچکە... وەڕێکەوتین))
نیما- ئەوقسانەی کە بەسیمام وت هەموویان شتگەلێکی ڕاستن. ئێمەی پیاوان خۆشمان دەزانین کە خەریکین مافی ژنان پێشێل دەکەین. دروشم زۆر دەدەین، بەڵام حەزناکەین لەو دروشمانە بێتە ناو ماڵەکانی خۆمانەوە.
- نیما تۆ بەتەواوی ئیمانت بەو شتانە هەیە کە خۆت وتت؟
نیما- بەڵێ ئیمانم پێی هەیە. بەڵام شتێك هەیە کە لەگەڵ ئەو قسانەدا ناگونجێت.
- ئەوشتە چییە؟
- وەبارهێنانمان، کەسێك بیست‌و شتێك ساڵ تەمەنی بێت‌و یاسایەکی وا لەناخیدا ڕەگی داکوتا بێت، لەهەمانکاتدا خۆشی ئاگاداری نەبێت بەڕاستی گاڵتە نییە. کاتێکیش کە ئەوکەسە زەماوەندی



Scanned with CamScanner

کرد ناتوانێت ئەویاسایەی کە پێیگەیاندووەو ئەو تۆوەی کە لەناخیدا چێنراوە فڕێبدات.

- خۆ هەمووومان بەو جۆرە پەروەردە نەکراوین.

نیما- ڕاستەوخۆ نەخێر، بەڵام ناڕاستەوخۆ بەڵێ. سەیرکە سیاوەش، بۆ نمونە تۆو سیما کاتێک منداڵ بوون و بەیەکەوە دەبووە شەڕتان، دایكوباوكت پشتی کامتانیان دەگرت؟

- لەبیرم نایەت.

نیما- بەجوانی بیربکەرەوە.

- خەریکم بیردەکەمەوە، بەڵام هیچم وەبیرنایەتەوە.

نیما- من ناونیشانی ماڵی شیوا دەڵێم هەتیوە گێژە!

- بڕۆ ونبە بێتام.

نیما- چۆن لەبیرت نییە؟

- ناونیشانی ماڵی شیوا؟

نیما- نەخێر شەڕەکانت لەگەڵ سیمادا.

- ئێستا هیچم لەبیرنییە، بیرو هۆشم لەجێگەیەکی دیکەیە.

نیما- باشە مەگەر تۆ نەتنوسیبوو؟

- شەڕەکانمان؟

نیما- ناونیشانی ماڵی شیوا دەڵێم.

- ئەوەیان دەزانم لەکوێیە.

نیما- من خۆم هەمووی دەزانم.

- بۆچی تۆ جارێکی تر هاتوویت بۆ ئێرە؟

نیما- من باسی شەڕەکانتان دەکەم!

- تۆش قسەی بێتام دەکەیت، یەکێکیان بڵێو ڕزگارمانکە.

نیما- تۆ خۆت ئاگاداری ناونیشانەکەی ماڵی شیوابە من باسی ئەوی تر دەکەم.

- بڵێ بزانم.

نیما- من خۆم چەندینجار ئاگاداربووم کە تۆو سیما بوەتە شەڕتانو ناڕاستەوخۆ دایكو باوکت پشتی تۆیان گرتووە. ئێستا بۆکوێ؟

- ئێستا بۆ کوێ؟!!

نیما- بڕۆ ناو ئەو گەڕەکەی دەستی ڕاستت، دەگاتە سەنتەرێکی... شارۆچکەکە.



Scanned with CamScanner

- من ئەویتریان دەڵێم.

نیما- ئەها! دەمەوێت شتێکت عەرزبکەم، ئەوکاتەی کە دایكو باوکت بەسیمایان دەوت سیما گیان ئەوە براتە، تۆ دەبێت رێزی لێبگریت))

- هەرئەمە؟

نیما- نەخێر، ئەوکۆڵانەی تر دەڵێم، چونکە لەمەش دەگاتە سەنتەرێکی دیکەی ... شارۆچکەکە.

- ئەوە نیما تۆ سەرخۆشیت؟

نیما- بۆچی؟

- من باسی ئەو بابەتەی تر دەکەم.

نیما- ببورە. هەر ئەو چەند وشەیەی کە دایكو باوکت بەسیمایان دەوت، دەبووە هۆی ئەوەی کە هەم لەناخی تۆداو هەم لەناخی سیمادا بەرنامەی لەسەدا نەوەد ٪٩٠ ی ژیان رەگ دابکوتێت، سیما ناچار بوو کە دەبێت لەبەرامبەری پیاودا لاواز بێت. بەڵام ئێستا کە گەورە بووەو خوێندنی تەواو کردووەو بووەتە کەسێکی رۆشنبیر نایەوێت بچێتە ژێر ئەو بارە قورسەوە.

ئێستا واز لەوە بهێنە باباسی ئەو ژنە نەگبەتانە بکەین کە لەناو خێڵەکییەکاندا دەژین. ئەوان ئاگاداری بەشی خۆیان نین لەژیاندا. بەگوێی تۆی پیاویشدا خوێندراوە کە دەتوانیت زیاتر لەبەشی خۆت بوێت. ئەگەر ئەم نەریتە کۆمەڵایەتییە بگۆڕدرێت زۆربەی کێشەکان بۆ خۆیان چارەسەر دەبن. هەم ژن ئاسوودە دەبێت هەم پیاو. ژن ئاسوودە دەبێت لەبەرئەوەی کە بەمافی خۆی گەیشتووە. پیاویش ئاسوودە دەبێت لەبەرئەوەی دەزانێت بەشی خۆی چەندەو ناچار نابێت ئیتر بەهۆی تورەوبونو وەشاندنو شەقو شەڕکردنەوە زیاتر لەبەشەکەی خۆی بەکار بهێنێت. ئێستا ئیتر گەیشتین.

- هێشتا لەکوێمانە بگەین ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

نیما- من ئەوی تریان دەڵێم، دەڵێم گەیشتینە قسەکەی من.

- باشە قسەکانت ڕاستە هەڵبەت دەربارەی من کە خوشکم هەیە. ئەدی دەربارەی خۆت چی کە تەنهایتو خوشکت نییە؟

نیما- خودا لەوانەی بسێنێتەوە کە هەیانەو بیدات بەوانەی کە نییانە.

- زەهری مار.

نیما- منیش دایکمو باوکمم بینیووە. ئاگاداربووم کە هەمیشە دایکم لەبەردەمی باوکمدا لاواز تر بووە. ئیتر توێژینەوە تەواو بوو توێژینەوە دانم دەرهات!



Scanned with CamScanner

- نیما دەزانیت لەبیری کێدا بووم؟

نیما- کێ؟

- یەڵدا، بەڕاستی بیری دەکەم. دڵم بەجۆرێکە.

نیما- واز لەدڵت بهێنە ئەمجارەیان بەڕاستی گەیشتین. ژمارەی ماڵەکە چەند بوو؟ ئۆتۆمبێلەکەت پارککە. دەستی خێرەکەشت لەبیر نەچێت نەکو لەوێ پێویستمان بێت ((فیکلانکۆ))ی پێبکەین.

((ئۆتۆمبێلەکەم پارك کردو لەسەر ناونیشانەکە ڕۆشتینە بەردەمی باڵەخانەیەك کە زۆر گەورە بوو. پێموابوو بیستو شتێك یەکەی نیشتەجێی تێدا بێت. لەسەر زەنگەکان هیچ نەنوسرابوو تەنها ژمارەیان لەسەر بوو. زەنگێکمان لێداو شیوا وەڵامی دایەوە.

- کێیە؟

نیما- یارمەتیدەری هاوڵاتیانین خوشکی بەڕێز، سەربەکۆمەڵەی یارمەتیدەرانین.

((شیوا دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- وەرنە سەرەوە بۆ نهۆمی حەوتەم.

((ڕۆیشتینە نێو ئاسانسۆرێك، دوگمەی ژمارە حەوتمان لێدا))

نیما- خودا من بکوژێت لەتاوی ئەم داماوانە. قوڕبەسەرە ئەوشەوە جێگەی نەبوو تێیدا بنوێت. سەیرێکی چوار دەورت بکە گەمژەگیان. جەنابیشت بەنیازبوویت پارەی بدەیتێ، ئەی خۆم بۆ نالێیت کە بوو بوومە لۆکە بۆ ئەو کچە. واتە تاوانی تۆ بوو کە منیش فریوم خوارد ئەگەرنا من ئەوەندە گێل نیم.

- نیما ئەگەر ڕۆیشتینە ژوورەوە هیچ نەڵێیت ها! ڕەنگە بەڕاستیی پێویستی بەهاوکاری بێت.

نیما- من بەگۆڕی باوکم پێدەکەنم ئەگەر لەگوڵ کاڵتری پێبڵێم. بەڵام ئەگەر تۆش لەوێ دەست بکەیت بەئامۆژگاریکردنی، بەگیانی خۆت، بەگیانی سیما، وادەکێشم بەدەمتا ددان لەدەمتا نەمێنێت! شەوی رابردوو گوێمان بۆ تۆ گرت، دەبێت ئەمشەو گوێ بۆ قسەکانی من بگرن!

- برۆ ونبە لەبەرچاوم بێتام.

((ئاسانسۆرەکە لەنهۆمی حەوتدا ڕاوەستاو ئێمە هاتینە دەرەوە. خەریکبووین تەماشای یەکە یەکەی ژمارەی سەردەرگاکانمان دەکرد، واتە ئەو ماڵانەی کە لەونهۆمەدابوون، کاتێکمان زانی دەرگایەك لەولامانەوە کرایەوەو شیوا هاتە دەرەوە. منو نیما بەبینینی شیوا حەپەساین، شیوا دەستێ پۆشاکی لەبەردابوو رەنگە سیما کە پزیشکێکە تاوەکو ئێستا هەر نەشی بینیبێت. شیوا هەر لەوێوە دەستی بۆ بەرز کردینەوە))



Scanned with CamScanner

نیما- ئەگەر دەمزانی ئاوایە. چۆن دەمهێشت شەوی رابردوو تۆ بڕۆیتە پێشەوە! دەستە خێرەکانی خۆم هەبوو دەڕۆیشتمو چەند دانەیەکی دیکەشم قەرز دەکردو دەستی ئەو کچە بێنەوایەم پێدەگرت!

((ڕۆیشتینە پێشەوەو شیوا خەریکبوو پێمان پێدەکەنی کە نیما وتی))

- شیواخان چۆنیت چاکیت؟ پارساڵ دۆست بویت ئەمساڵ ئاشنا. بەبێ هەواڵ بۆکوێ چوویت؟ دڵمان هەزار شتی کردووە. خەریکبوو لەداخاندا بمرین.

((شیوا بەجۆرێك ئارایشتی کردبووو خۆی جوان کردبوو باوەڕم نەدەکرد ئەوە کچەکەی دوێنێ شەو بێت. بەڕاستی شیوا خۆی جوان بوو، بەڵام ئەو پۆشاکە ناوازانەش کە لەبەری کردبوو ئەوەندەی تر جوانتری کردبوو))

شیوا- سیاوەش ئەوە بۆچی نایەیتە پێشەوە؟

((وەڕێکەوتم بەرەو شیواو چۆنیو چاکیم لەگەڵ کرد))

شیوا- وەرە ژوورەوە.

- زۆر سوپاس ئێرە زۆر باشە.

نیما- سیاوەش گیان ئێستا لەئاسانسۆرەکەدا چیم پێوتیت؟ «ئەگەر لەدەستت دێت کارێك بکە پێش ئەوەی لەدەستت نەیەت هیچ کارێك».

ئێستا کە دەتوانیت کارێك بکە سبەینێ تەمەنت بووە حەفتاساڵو تەبیعەتت توشی ژاکاوی هات ئیدی هیچ شتێکت لەدەست نایەت.

- نەخێر ئێرە زۆر باشە.

شیوا- تۆ نەهاتوویت هاوکاریم بکەیت؟ ئەترسم پەشیمان بوویتەوە.

- نەخێر وانییە.

شیوا- کەواتە وەرە ژوورەوە.

((لەگەڵ نیمادا ڕۆیشتینە ژوورەوە. لەگەڵ ڕۆیشتینە ژوورەوە دووکچ کە لەجوانیدا هیچیان لەشیوا کەمتر نەبوو. هاتنە پێشەوەو بەخێرهاتنیان کردین. نیما کە چاوی زەق بوو بوو بەچێژەوە وتی))

- ئەگەر دەمزانی ئێرە ئەوەندە پێویستی بەیارمەتییە هەردوێنێ شەو بەونیوە شەوە خۆم دەگەیاند!

((بەتوڕەییەوە سەیرێکی نیمام کردو نیماش وتی))



Scanned with CamScanner

- سیاوەش تۆ چرکەیەك ئەو پێنوسەت دابنێ تاشتێکت پێبڵێم.

-چی؟

نیما- ئەو پێنوسەی کە ئەم کتێبی پێدەنوسیت. هاوڕێگیان خۆنابێت ئێمە بۆ هەرکوێیەك بچین‌و هەرچییەك بکەین خوێنەر بیزانێت! ئێستا تەنها خولەکێك شت مەنووسە دوایی کە ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە هەتا دڵت دەیەوێت بنووسە! ئاخر ئێمەش مرۆڤین. پێویستمان بەچەند کاتژمێرێك سەربەستی هەیە. کاکی خۆم تۆ لێگەڕێ تاخۆم پێیان بڵێم:

خوێنەرانی ئازیزو خۆشەویست، زۆر سوپاستان دەکەین کە لەکاتی خۆتانتان بەئێمە بەخشی‌و تەشەکورتان دەکەین بۆ ئەو هەموو پارەیەی کە داوتانە بەم کتێبە، حەتمەن لەوە دڵنیابن کە هەڵخەڵەتاون‌و پارەکەتان بەهەدەر چووە. بەڵام قەیدی نییە چونکە هەریەکەتان هەموو ڕۆژێك تائێوارە چوار پێنج ئەوەندەی ئەوپارەیە بە بەلاش خەرج دەکەن، دەمەوێت ئەوەتان عەرز بکەم کە ئەم کتێبە جارێ لێرەدا کۆتایی دێت. واتە لەڕاستیدا هەم کاغەزمان تەواو بووەو هەم مرەکەبی پێنوسەکەشمان. ئێستاش تاوەکو جەنابی پەخشدار پێنوس‌و کاغەز دەهێنێت دوسێ کاتژمێر درێژە دەکێشێت. هەروەها دەستی سیاوەشیش ئازاری دێت‌و دەمی منیش لەکارکەوتووە. تاوەکو ئێوە دەگەڕێنەوە سەر بیست سی لاپەڕە پێش ئێستاو جارێکی دیکەی دەیخوێننەوە. ئێمەش هیلاکیمان دەردەچێت‌و پشویەك دەدەین، ئەوکاتە بەکاغەزو پێنوسی تازەوە دەست دەکەینەوە بەنوسین.

سکاڵاتان بان دیەم          زەماوەندەیە کوڕەکەم

بڕۆن بڕۆن جارێکی دیکە لەسەرەتای بەشی سێیەمەوە دەست پێبکەنەوە. بەڵام بەوردی بیخوێننەوە بائێمەش کەمێك وزە بێتە لاشەمانەوە. بڕۆن خێراکەن دەردوبەڵاتان بکەوێت لەگیانم.

((کچەکان دەستیانکرد بەپێکەنین‌و شیوا هات ئێمەی بردە هۆڵێکەوەو لەسەر قەنەفەیەك دانیشتین. نیماش هاتە تەنیشتی منەوە. ڕووبەڕی ماڵەکە نزیکەی سەدوشەست سەدو حەفتا مەتر دەبوو. زۆر جوان‌و تازە بوو. ئەو دوو کچەش یەکی دەستێك پۆشاکیان لەبەکردبوو کە ئێمە تەنها لەسەتەلایتدا بینیبوومان. هەرسێکیان وەك ئەو بوکانە وابوون کە لەبەردەمی فرۆشگا گەورەکاندا پۆشاکیان لەبەردەکەن.

یەکێك لەکچەکان ڕۆیشت لەدوو کوپدا کە زۆر جوان بوو چای بۆ هێنایین، سەرەتا چایەکی لەبەردەمی نیمادا دانا))

نیما- بابەگیان ئەمکارانە چییە؟ ئێمە بەپەلە هاتووین تادەست‌و باڵتان بگرین. نەهاتووین ببینە ئەرك بۆتان. توخودا واز لەمیوانداری بهێنن. تۆ وەرن لەتەنیشتی مندا دانیشن تابزانم کێشەتان چییە.



Scanned with CamScanner

بەهیچ جۆرێکیش شەرم مەکەن، چونکە بەگیانی ئەو سیاوەشە رقم لەو بەزمانەیە. بەه بەه چ پۆشاکێکی جوانە! چ پارچەیەکی ناسکە! چ قوماشێکە؟ حەریرە؟ ئەمانە لەکوێ دەفروشن بابڕۆم بۆ خوشکەکەمی بکڕم. بەڕاستی خەرجیشی کەمە! پانییەکەی سەدو چل سانتیمەترە؟ سی سانتیمەتر قوماشی بردوە؟

((کچەکان خەریکبوون لەپێکەنیندا دەبورانەوە، هەر ئەوکچە کە چاییەکانی هێنا چاییەکەی تری دابەمن))

- نیما، چاکەت بخۆ.

((نیما بەدەم پێکەنینەوە وتی))

- بەکام کلۆ شەکرەیانەوە چاکەم بخۆمەوە؟ واتە شەکریان پێنەداوم!

((ئەوکچەی کە چاکەی هێنا ئاوڕی دایەوە بەلای نیماداو وتی))

- خودا مکوژێت، لەبیرم چوو.

((نیما بەدەم هەڵگرتنی کلۆیەك شەکرەوە هێواش هێواش وتی))

نیما- خودا من بکوژێت. بەپشتیوانی خودا تۆ دەمێنیت تاهەزار ساڵ. دووهەزار ساڵ. سێ هەزار ساڵی کە...!

- نیما شەکرەکەت هەڵگرە ئەو کچە دەستی هیلاك بوو.

نیما- ئەی بەسەر چاو. بەس توخودا ئیتر وەرن دانیشن‌و میوانداری هەڵگرن بۆ دوایی، باشە؟ دڵنیابن نەخۆر نین!

((شیواو ئەوکچەی کە چاکەی هێنا هەردووکیان دانیشتن، ئەوی دیکەشیان بەسوزگییەك میوەوە هات‌و سوزگییەکەی خستە سەر مێزەکەی بەردەمی من‌و نیماو خۆشی هات لەلای ئێمەدا دانیشت))

شیوا- زۆر بەخێربێن.

نیما- ببورە شیواخان. دەکرێت لوتف بفەرموون بڵێن بارودۆخی ستارگرتن لەنێو ئەم دوورگەی خۆشبەختییەدا چۆنە؟ باشە بۆچی فۆڕمێکیش بەمن نادەن تا داخودازی پەناهەندەیی بکەم؟

شیوا- ستارگرتن لێردا بارودۆخێکی تایبەتی هەیە.

نیما- بەزانیارییەوە؟ تکاتان لێدەکەم وتووێژم لەگەڵ بکەن. بەڵێن دەدەم کە وەربگیرێم. باشە ئێرە بۆ شەوێك ژووری بەچەندە؟ نا، نا، نا! واز لەوە بێنە. ژوورم بۆ چییە؟ هەر لێرە لەگۆشەیەکدا شتومەکەکانم فڕێدەدەم. من ساچینەرم بەئەندازەی لەپەدەستێك شوێنم بەسە.

((بەئارامی چرپاندم بەگوێی نیمادا))

- نیما واز لەگاڵتەکردن بهێنە. ئەمانە حسابێکی دیکەیان بۆ ئێمە کردووە. بیرت نەچێت ئێمە هاتوین هاوکاریان بکەین.

((لەگەڵ وام وت نیما بەدەنگی بەرز وتی))

نیما- دەیکەین! یارمەتییان دەدەین. تەنها ئەوەندەم پێبڵێن کە من دەبێت چیبکەم. لەچێشت لێنانەوە تاقاپ شتن، لەگسکدانەوە تا ئاو گرتن، لەهەڵگرتن‌و داگرتنەوە تا ماڵین‌و سڕین. من لەکۆمپانیاش لەلای باوکم هەر ئیشم پاککردنەوەو ئەو شتانەیە.

((سەیرمکرد ئەگەر مۆڵەت بەنیما بدەم تا بەیانی قسەدەکات. بۆیە کوپە چاکەم هەڵگرت‌و بەدەم خواردنەوەیەوە بەشیوام وت))

- شیواخان تۆ وتت کە قسەکانم کاریان تێکردویت. ئەو قسانەی نیما هەمووی بۆ خۆشی‌و گاڵتەو گەپ بوون. ئێستا بڵێ ئێمە چ کارێکمان لەدەستدێت بۆتانی ئەنجام بدەین. هەرچییەك بێت بەمەرجێك لەڕێگەیەکی ڕاستەوە بێت. ئێمە درێغی ناکەین. سەرەتا بڵێ بزانم بۆچی دوێنێ شەو لەمیوانخانەکە ڕۆیشتیت؟ ئەم ماڵە خۆشە چییە؟ بۆچی دوێنێ شەو هاتبویتە ناو ئەو پارکەوە؟ من سەرم لەهیچ کام لەمانە دەرناچێت.

((هەر کە من قسەکانم تەواوبوو یەکێك لەوکچانە کە لەحاڵێکدا زەردەخەنەیەکی لەسەر لێوو بوو وتی))

- دەزانین تۆ هاتوویت بۆ هاوکاریکردن. ئەی هاوڕێکەت چی؟ ئەویش بۆ هاوکاریکردنمان هاتووە یان ئیشێکی تری هەیە؟

- گوێ لەقسەکانی نیما مەگرن. واتە بەهەڵە لەقسەکانی تێمەگەن، ئامانجی ئێمە تەنها یارمەتیدانی ئێوەیە. بەڵام بەمەرجێك خۆشتان بتانەوێت یارمەتیتان بدرێت. بەڵام وەڵاهی هەرچی سەیری ئەم ماڵەو ئەم ژیانە دەکەم... چیبڵێم وەڵا؟

((نیما بەتوڕەییەوە ویستی شتێك بڵێت کە کێشام بەکەلەکەیدا))

شیوا- ئەگەر ئێوە شتێکی تر جگە لەهاوکاریکردن لەبەرنامەتاندا هەبوایە ئەوا هەردوێنێ شەو لەمیوانخانەکەدا خۆتان پیشاندەدا. بەڵام دوێنێ شەو جگە لەکردەوەیەکی مرۆڤ دۆستانە هیچی دیکەم لێ نەبینین. سەرەتا بهێڵن تا هاوڕێکانمتان پێبناسێنم. ئەوەیان ((پەروانە)) ئەوی دیکەشیان ((گیتا))

((من‌و نیما سەرمان بۆ لەقاندن‌و بەرەسمی ئاشنا بووین. پاشان شیوا وتی))

- ئێستا ئامادەن کە بڵێم؟



Scanned with CamScanner

- بلێ سەربەست بە.

شیوا- سەرەتا بەخێربێن بۆ ماڵی ((HIV POSITIVE))ە کان.

نیما- ماڵی خۆمانە شیواخا...!

((ئاوڕمدایەوە سەیرەکەم دەمی نیما بەکراوەیی وەستاوەو دەستیشتی بەکوپی چاکەوە وشك بووە. وامدەزانی کە دیسان نیما گاڵتە دەکات، بەڵام دوای چرکەساتێك ئاوڕیدایەوە بەملداو وتی))

- تف لەگۆڕی باوکت سیاوەش وا بێچارەت کردین!

((من لەو قسەیەی نیما تێنەگەیشتم کە دیسان وتی))

- وەرە نەگبەت ئەمەش ئاکامی کاری خێر کە دەتووت.

- ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

((نیما وەڵامی منی نەدایەوەو سەیرێکی شیوای کردو وتی))

- گاڵتە دەکەیت شیواخان؟

((شیوا تەنها سەرێکی لەقاند))

نیما- خۆ ئێمە داوای بونە ئەندامیمان نەکردبوو؟

شیوا- منیش نەموتووە ئێوە بونەتە ئەندام.

((نیما کوپە چاکەی خستەوە سەر مێزەکەو تفێکی قوت داو هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەمنی روانی! من حەپەسابووم هێشتا هەر سەیری نیمام دەکرد کە نیما لەپڕدا وتی))

- باشە دەوەرە هاوکاری بکە.

- من دەبێت چیبکەم؟

نیما- بەخودا منیش زۆر شارەزانیم، بەڵام ئەگەر بەرێکەوت لەگیرفانتدا ژەهربڕێك شتێکت لەسەر Hiv پێیە بەخێرایی دەریبهێنە چونکە ئێستا کاتییەتی.

- واتە ئەمان نەخۆشن؟

نیما- نەخێرگیان. نەخۆشی چی؟ ئەمانە تەنها کەمێك ماندوون.

- کەواتە ئیتر چییە؟

((لەپڕێکدا نیما بەدەنگێکی گریاناوییەوە وتی))

- هەتیوە کەرە تۆ تا ئێستاش بەو هەموو تەمەنەتەوە نازانیتHiv چییە؟

- مەگەر چییە؟

نیما- ئەو ناوە لەناسنامەدا واتە ((ئایدز)) وڵاخ!



Scanned with CamScanner

((وامدەزانی لەشاخێکەوە خراومەتە خوارەوە راچەڵکیم. تەنها ئەوەندەم توانی پاڵ بدەم بەقەنەفەکەوە، سەرم گێژی دەخوارد. لەپڕێکدا یەکێك لەکچەکان هەستاو وتی))

- بڕۆم پەرداخێك ئاوت بۆ بهێنم؟

نیما- نەبەقوربانی دەستت بم. ئاتێرەش کە سۆزداریتان بەرامبەر کردوین زۆر سوپاستان دەکەین.

((پاشان نیما بەمنی وت))

- ئەمجارەیان بەڕاستی ئەو پێنوسە خاوەن مردووەت دابنێ، چونکە ئابڕومان لەپێش چاوی خوێنەراندا ڕۆشت!

((لەوکاتەدا هاتمەوە سەرخۆمو بەشیوام وت))

- ئێوە ئایدزتان هەیە؟! واتە ئێوە نەخۆشی ئایدزتان هەیە؟!!

((شیوا تەنها سەرێکی لەقاند. سەرم خستە ناو هەردوو دەستمەوەو بۆ چرکە ساتێك بێدەنگ بووم. پاشان وتم))

- ئاخر بۆ؟ ئاخر بۆچی ئێوە؟! بەخودا ئەگەر هەریەکێك لەئێوە لەماڵەوە بمانایەتەوە. دە دانە داواکارتان دەهات. ئاخر بۆ ئێوە؟! ئەگەر ناشرینو بەد ڕواڵەت بوایەن دڵم پێتان نەدەسوتا، بەڵام ئێوە بەو هەموو جوانیو بێوێنەییەوە بۆ؟!

نیما- ئەوەندە بۆ بۆ مەکە. بیرێك لەخۆت بکەرەوە داماو!

- بۆچی بیر لەخۆم بکەمەوە؟ خۆ من هیچم نەکردووە ئابترسم، بیر لەمانە بکەرەوە کە وەك گوڵ دەبێت پەڕپەڕبن.

نیما- ئەوەتۆ بۆچی ئەمشەو وات بەسەرهاتووە؟ ئەترسم دەرمانی ئەونەخۆشییە دوابڕاوەت پەیداکردبێتو پیشانی کەسی نەدەیت؟

((کوپە چاکەم هەڵگرت ئابیخۆمەوە نیما دەستی گرتمو وتی))

- هێی...! ئەوە چیدەکەیت؟ وا دەزانیت لەماڵی پورت دانیشتویت وا ئەوەندە بەخەیاڵی ئاسوودە دانیشتویت خەریکی چا خواردنەوەیت؟! دەزانیت ئێستا لەکوێیت؟ ئەگەر ئەمانە تەنها پەنجەیەکمان رابکێشن دەبینە خۆشناوترین ئەندامی پێنازینی ئەم ئەنجومەنە.

((دەستیم لاداو وتم))

- ئەگەر ئەوان ئەوەندە بێ سۆز بوون کارێکی وایان لەگەڵ ئێمەدا کردبوو. بهێڵە ئێمەش گیرۆدەی ئەو دەردەبین، چونکە دەردی مردن لەبێوەفای شیرینترە.



Scanned with CamScanner

((ئەوقسەیەم کردو چاکەم خواردەوە. نیماش سەیرێکی منی کردو کڵۆیەك شەکری خستە دەمیەوەو چاکەی خواردەوە))

شیوا- لەوە دڵنیابن کە ئێمە ئەوەندە بێویژدانو بێماریفەت نین کە کەسانێکی وەك ئێوە گوڵو بەتوانا گیرۆدە بکەین. هەموو شتێکی ئەمماڵە ئاساییە.

((نیما کە دووبارە حاڵەتی ئارامی پەیدا کردەوە، بەدەم خواردنەوەی چاکەوە وتی))

- بەبێ هۆ خۆتا خستووەتە زەحمەتەوە شیواخان. لەخودا کە شاراوەنییە، بۆچی لەبەندەی خودا شاراوە بێت؟! منیش، ئێی بزانیو نەزانی دەستێکم لەو نەخۆشیەدا هەیە! واتە ماوەیەکە لەلایەن پزیشکەکەی خۆمەوە ئاگادارکراومەتەوە کە شایستەی ئەوەم بێمە ناو ئەم ئەنجومەنە پڕ تەرەفدارە گرنگەی ئێوەی ئازیزو خۆشەویستەوە!

((ئەمجارە سەرەی شیواو برادەرەکانی بوو کە لەسەرسامیدا وشك بن، پاشان نیما بەدەم پێکەنینەوە کوپە چاکەی لەسەر مێزەکە داناو وتی))

- بابزانن کە من لەئێوە زیاتر خزمەتم هەیە. من هیپاتیت (C B)یشم هەیە. بەگیانی سیاوەش درۆناکەم. ئێستا لەپێش چاوی ئێوە دەریایەك ڤایرۆسو بەکتریاومیکرۆبو هەزار ژەقنەو نەخۆشی دانیشتووە. تا ئێستا لەسێ چوار نەخۆشخانەی بەناوبانگی وڵاتانی دەرەوە بانگهێشت کراوم کە بڕۆم بۆ ئەوێو تەنها بۆ جارێك چاویان پێم بکەوێت!

- ئاە...! دیسان دەستت پێکردەوە؟

نیما- بهێڵە ڕاستییەکەیان پێبڵێین!

((پاشان نیما زۆر بەجدی ڕوویکردە شیواو هاوڕێکانیو وتی))

- بەو ڕواڵەتە ستەم لێکراوەی سیاوەش تێمەکەون. ئەو خۆی لەم نەخۆشیەدا خاڵی پرگاڵە. من خۆم لەوەوە توشی ئەم نەخۆشیە بووم! ئێوەنازانن ئەمە چ فەساد چییەکە! بەس توخودا چیتر لەپێش چاوی ئێمەدا تەریق مەبنەوەو سەربەستبن.

((شیواو ئەوان دەستیانکرد بەپێکەنین. منیش بەتوڕەییەوە تەماشایەکی نیمام کردو پێمووت))

- ئەو قسە بێتامانە چییە دەیکەیت؟

نیما- دەمەوێت هەست بەهاودەردێك بکەن. ئەگەر ئەوقسانە نەکەم ئەی قسەی چی بۆ ئەم هاوڕێیانە بکەم؟ ئەگەر تۆ شتێك دەزانیت لەمکاتەدا بەکەڵکی وتن بێت بیڵێ.

- تۆ چرکەیەك بێدەنگ بەو قسەمەکە تابزانم ڕێگەچارە چییەو دەبێت چیبکەین.

نیما- هەرچییەکت دەوێت بیکەیت بیکە، بەڵام لەجێگەی خۆت مەجوڵێ، چونکە ئەگەر نوکی



Scanned with CamScanner

دەرزییەك بچێت بەهەر شوێنێکتا کارت تەواوە.

- نیما هەر هیچ نەبێت بهێڵە چرکەیەك بیربکەمەوە.

نیما- پێویست ناکات تۆ بیربکەیتەوە. تەواوی ئەو زانیاریانەی کە تۆ پێویستت پێیەتی ئێستا لەسەر زمانی مندایە. سەرەتا بهێڵە شێوازی پەرەسەندنی ئەم نەخۆشییەت بەڕێکخراویی پێبڵێم تاباگا بیبیتەوە. یەکەم ڕێگەی توشبوون بەو نەخۆشییە کردەوەی بێ رەوشتییە. پێچەوانەکەی داوێن پاکییە کە ئێمە خۆشبەختانە تێماندا نییە. شیوا داوێن پاکمان تێدایە؟ گیتا تێماندایە؟ پەروانە تێماندایە؟ نەخێر تێماندا نییە داوێن پاك بێت. کەواتە ئەم ڕێگەیە لەبەردەمی ئێمەدا بەستراوە بۆیە دەگەینە ڕێگەی دووەم!عەرزم بە ...

- ئاە ...! بەسە ئیتر نیما!

((بەشیوام وت))

- چۆن بوو کەوتنە سەر ئەم ڕێگەیە؟

شیوا- داستانەکەی دوورو درێژە سیاوەش گیان. دوایی بۆت باسدەکەم. ئێستا شتێکی گرنگتر هەیە کە دەمەوێت پێت بڵێم.

((لەپڕێکدا نیما کێشای بەسەریداو وتی))

- سەیری ئێرەکە چ خەبەرە ((ئایدز)) لەلایان بێ بایەخە!

((دووبارە شیواو هاوڕێکانی دەستیانکردەوە بەپێکەنین. خۆشم پێکەنینم دەهات. پاشان شیوا وتی))

- مەترسن. مەبەستم لەشتێکی گرنگ شتێکی مەترسیدار نییە. ئەم باسەیان لەڕوویەکی دیکەوە گرنگە.

نیما- خێرا بیڵێ شیواگیان وا ڕۆحمان دەرچوو.

شیوا- هەواڵەکە ئەوەیە کە لەدوێنێ شەوەوە ئێوە هەردووکتان یارمەتی منتاندا بەبێ هیچ مەبەستێك، دیدو بۆچوونم بەرامبەری خەڵکیو کۆمەڵگا گۆڕا.

نیما- ببورە، مەگەر جاران ئێوە دەربارەی کۆمەڵگەو خەڵکی چ بیرو بۆچوونێکتان هەبوو؟!

((شیوا بەپێکەنینەوە وتی))

- بیرو بۆچوونێکی باشو سادە!

نیما- کەواتە بۆچی راتان گۆڕیوە؟ ئەگەر شەوی رابردوو ئێمە کارێکی منداڵانەمان کردووەو رەفتارمان بەرامبەری ئێوە نەزانانە بووە ئەوا ئێوە بەگەورەی خۆتان بمانبەخشنو تکایە هەربەو



Scanned with CamScanner

دیدگایەی جارانتانەوە لەکۆمەڵگەو خەڵکی بڕوانن.
((دووبارە شیواو ئەوان دەستیانکردەوە بەپێکەنین))
شیوا- دوێنێ شەو کاتێک گەڕامەوە بۆ ئێرە، ئالزیکەی کاتژمێر چواری بەیانی لەگەڵ گیتادا قسەم کردووە. خۆشبەختانە توانیم بیرو بۆچوونی ئەویش بگۆڕم.
نیما- توخودا ئەو کەریەتییەی کە ئێمە کردمان لەدڵی مەگرن! ئێستا ئێمە...
- ئاە...! نیما بهێڵە بزانم شیواخان دەڵێت چی.
((تەماشایەکی شیوام کردو وتم))
- بۆچی ئێوە لەگەڵ خەڵکی چیتان دەکرد؟
شیوا- تا ئێستا لەڕۆژنامەکاندا هیچتان دەربارەی ئێمە نەخوێندوەتەوە؟
((نیما رەنگی سوور هەڵگەڕاو بەتوڕەییەوە وتی))
- لەکام رۆژنامەدا؟ بۆچی رۆژنامەکان پروپاگەندەیان بۆدەکردن؟ لەکام لاپەڕەدا بوو؟ هەر لەپەسا ئەو باوکە داماوەم پێیدەوتم کوڕم رۆژنامە بخوێنەرەوە بازانیاریت زیادبێت. من هەر گوێم بۆ نەدەگرت!
- نیما بهێڵە بزانم مەسەلە چییە!
((پاشان ئاوڕم دایەوە بەلای شیواو ئەواندا کە هەموویان خەریکی پێکەنین بوون. ئامن ویستم قسە بکەم نیما وتی))
- بەڕاستی چ ئیرادەیەکی بەهێزو دڵێکی خۆشیان هەیە ئەم کچانە. بەخودا ئەگەر کەمێک مەیدان بۆ ژنان چۆڵدەکرێت، بابزانم چکارێك هەیە کە ژن نەتوانێت ئەنجامی بدات؟!
((زۆر بەتوڕەییەوە سەیرێکی نیمام کرد کە نیماش بەخێرایی بێدەنگ بوو. پاشان لەشیوام پرسی))
- لەڕۆژنامەکاندا چییان دەربارەی ئێوە دەنووسی؟
شیوا- ئەوکچانەی کە هێزی رێکخراوەیی‌و ئاسایش بەدوایانەوە بوون‌و دەیانویست دەستگیریان بکەن!
نیما- کێ دەڵێت ئێوە سیستمی کۆمەڵگە تێکدەدەن؟ ئێوە، ژنانێك بەو رێك‌و پێکییە بۆچی ئەوەندە دەبنە ئەرك بۆتان؟ ئەم بابەتەی ئێوە تەنها پەیوەندیی بەڕێکخراوی لێپرسینەوەی زانیاریی مرۆڤەوە هەیە.
((ئەمجارەیان هەمووومان پێکەوە دەستمانکرد بەپێکەنین‌و شیوا وتی))
- نەتانبیستووە ئەو کچانەی کە نەخۆشی ((ئایدز)) یان هەیە دەڕۆن لەزۆربەی ئەو ماڵانەدا



Scanned with CamScanner

لەدوای ئەنجامدانی کاری خۆیان بەماجیكو سوراوی لێو دەنووسن ((بەخێربێن بۆ کۆمەڵگەکەمان)).

((لەکاتێکدا کە لەسەرسامیدا تەواو حاڵم تێکچوو بوو، وتم))

- ئەو کچانە ئێوەن؟!

((شیوا تەنها سەرێکی لەقاند))

نیما- کەواتە ئەم بابەتەیان پەیوەندیی بەکارگەی سوراو دروست کردنەوە هەیە. بێگومان بەهۆی راگەیاندنە خراپەکانەوە شکاتیان لێکردوون. توخودا تازۆر بەناوبانگ نەبوون ئیمزایەکم بۆ بکەن، چونکە دوایی منێکی داماو لەکوێ دەستم بەئێوە بگات.

((هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین، پاشان شیوا وتی))

- وەرن لەگەڵم تاشتێکتان پیشانبدەم.

((نیما وەك ئیسپرینگ لەجێگەی خۆی هەستا. دەمووچاوم لەنیما گرژ کردو ویستم قسە بکەم کە نیما وتی))

- دەهەستە. نابینیت شیواخان راوەستاوەو چاوەڕێیە؟

((هەستام لەگەڵ نیمادا وەڕێکەوتن، ڕۆیشتینە ژوورێکەوە، سەیرەکەم ژنێکی پیری بێهۆش لەناو پێخەفی مەرگدا کەوتووە))

نیما- ئەمە کێیە؟ چ نەخۆشییەکی هەیە؟

شیوا- دایکمە.

نیما- چی لێ بەسەرهاتووە؟ بۆچی نایبەن بۆ نەخۆشخانەیەك شوێنێك؟

شیوا- بێئاگایە، بێهۆشە، زۆر دەمێکە وایە.

((بەبێتاقەتییەوە لەگەڵ نیمادا لەو ژوورە هاتینە دەرەوە، بەگیتام وت))

- تۆ چۆن گیرۆدەی ئەم نەخۆشییە بوویت؟

نیما- رەنگە گیتاخان بەنیاز نەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

شیوا- چیرۆكو بەسەرهاتەکانمان دوورو درێژە. هەڵیانگرە بۆدوای.

((منونیما ڕۆیشتینو لەسەر جێگەکەی خۆمان دانیشتینەوە، ئەوانیش هەروەك ئێمە هاتنو لەسەر جێگەی خۆیان دانیشتنەوە، شیوا وتی))

- هەمووکەس لەڕێگەی بەدیو خراپەوە گیرۆدەی ئەم نەخۆشییە نابێت!

نیما- بێگومان وایە. بابزانن زۆربەی خەڵکی لەرێگەی باشەوە توشی...

((دووبارە لەژێر چاوەوە سەیرێکی نیمام کرد کە ئەویش بێدەنگ بوو. پاشان شیوا وتی))



Scanned with CamScanner

- پەروانە کچێکی زۆر باشبووە.

((لەقسەکەی شیوا تێنەگەیشتمو ئاوڕمدایەوە سەیرێکی پەروانەم کرد کە دەستیکرد بەگریان))

شیوا- هەتا پەروانە خۆشی نازانێت چۆن گیرۆدەی ئەم نەخۆشییە بووە.

- ئاخر چۆن؟

شیوا- دایکی پەروانە نەخۆشی گورچیلەی هەبووە، پەروانەش لەئەنجامی بەکارهێنانی خوێنی پیسەوە توشی ئەو نەخۆشییە بووە.

- پەروانەخان مانای وایە تۆ خۆشت نازانیت چۆن توشی ئەم نەخۆشییەبوویت؟

((پەروانە تەنها سەرێکی لەقاند))

- کەواتە چۆن گیرۆدەی ئەو نەخۆشییە بوویت؟

پەروانە- خۆشم نازانم. لەبەکارهێنانی پەرداخی ئاوی یەکترییەوە بوو، خواردنی خۆراك بوو لەیەك قاپدا. خاولی یەکترمان بەکارهێنا، ئەو موسەی کە دایکم بەکاریهێناوە نازانم منیش بەکارم هێناوە؟ نازانم! نازانم!

- ئاخر دەڵێن تەنها لەڕێگەی...

نیما- بۆخۆیان وت. ئەوەتا لەبەرچاوی خۆتدا ئامادەیە. ئێستا ئەوانەی کە دەڵێن واو وا بابۆ خۆیان هەر بڵێن. کاتێك خۆت توشی ((ئایدز)) بوویت ئەوجا برۆ بڵێ خۆ ئێوە وتتان تەنها لەڕێگەی بەرکەوتنی سێکسیو خوێنو دەرزیلێدانو ئەوشتانەوە مرۆڤ توشی ئەو نەخۆشییە دەبێت! کاتێك کارلەکار ترازا چ سودێکی بۆتۆ هەیە؟ گریمان خۆیان لەکۆتایدا وتیان ئێمە هەڵەمانکرد، واتە زانست هەڵەی کرد، واتە زانایان هەڵەیان کرد، واتە لەئەزمونەکەدا هەڵەمان کردووە! چ جیاوازییەکی بۆتۆ هەیە؟

((ئاوڕم دایەوەو بەشیوام وت))

- ئێوە چی؟

شیوا- بەسەرهاتی من دوورو درێژە، بەڵام گیتا لەدەرزی لێدانەوە توش بووە.

نیما- واتە گیتاخان ئەوەپیشەیەتی؟

شیوا- گیتا سەرەتا ماددەهۆشبەرەکانی بۆ باوکی کۆکردووەتەوە. پاشان گیتا خۆشی گیرۆدەیان دەبێت.

- ئەی تۆچی؟

شیوا- منیش نامەردێك گیرۆدەی کردم.



Scanned with CamScanner

((بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. پاش کەمێك وتم))

- ئاخر خۆ هەر ئاوا نابێت. سکاڵایەك، شکاتێك شتێك، هەروا بەخۆڕایی؟

((پەروانە وتی))

- بڕۆین بۆ کوێ شکات بکەین؟ بۆلای کێ بڕۆین؟ ئەوکەسە کێیە کە بەفریاماندەگاتو بەدەنگمانەوە دێت؟!

((کەمێکی دیکە بێدەنگ بووین، هەموو بیرماندەکردەوە، واتە هەریەکەو بۆخۆی بیری دەکردەوە کە شیوا لەپڕێکدا وتی))

- بەهەرحاڵ بۆیە داوام لێکردیت بێیت بۆئێرە تاپێت بڵێم میهرەبانییەکانی دوێنێ شەوت بێسوود نەبوو. ئێمە بڕیارمانداوەو دەستمان لەکاری خۆمان کێشاوەتەوە. ڕەنگە بشڕۆینو خۆمان بەنەخۆشخانەیەك بناسێنین. هەڵبەت بڕواناکەم شوێنێکی لەوجۆرە بۆ ئێمە پەیدابێت. لێرە تەنها چەند شوێنێك هەیە کە ئەوانیش باوردۆخی ئاگادارکردنی نەخۆشەکانی زۆر باش نییە.

- واتە هیچ ڕێگەیەك بۆچاکبوونەوەی ئێوە نییە.

شیوا- لەئێستادا نەخێر.

((ئاوڕم دایەوە بەرروویەکی گرژەوە سەیرێکی نیمام کرد، کە نیما وتی))

- بۆچی ئاوا سەیرم دەکەیت؟ مەگەر بڕیاربووە من ((دەرمان))ی ئەو نەخۆشییە بدۆزمەوەو نەمدۆزیوەتەوە. لەهەمانکاتدا ئەم کچانە ورەیان زۆر باشەو هەرهیچ نەبێت خەندەیەك لەسەر لێویان ماوە.

شیوا- کام خەندە؟ کام ورە؟ تۆ دەزانیت مانای ئەم نەخۆشییە چییە؟ تۆ دەزانیت مردن یانی چی؟ تۆ دەزانیت ئازار کێشان یانی چی؟

((لەپڕدا شیوا دەستیکرد بەگریانو وتی))

- هیچکامێکتان نازانن مرۆڤێك کە بڕیارە تاچەند وەختێکی دیکە بمرێت چ حاڵێکی هەیە! ئێوە نازان کە ئێمە هەر ڕۆژێك لەخەو هەڵدەستین چیمان لێدەڕوات! تەواوبوونی ڕۆژێكو دەستپێکی هەر ڕۆژێکی تر بۆ ئێمە، ڕۆژێك لەمردن نزیکتر بونەوەیە. ئێوە نازانن نائومێدی چییە؟ واتە تەنها ئێوەنین کە نازانن، هیچکەسێك نازانێت! بەڵام من توڵەی خۆمم کردەوە!

زۆرکەس لەگەڵ مندا دێنە ئەو دونیاوە. هەموو ئەوکەسە خراپ کارانە، تەواوی ئەو پیاوانەی کە خیانەت لەژنەکانیان دەکەن، تەوای ئەو گەنجانەی کە کەس نازانێت باوکە بێ هەمووشتەکانیان ئەو پارانەیان لەچ ڕێگەیەکەوە پەیداکردووە کە وا هەڵیان ڕشتووەتە بەردەستی منداڵەکانیان، ئەوانیش



Scanned with CamScanner

ئارەزوویان لەهەرشتێکبێت پێی ئەنجام دەدەن. ئێستا نیما خۆ دەزانیت ئەو کوڕەی ئەو ڕۆژەی چێشتخانەکە چ یادگارییەکی منی لەگەڵ خۆی بردوە؟

((نیما تەنها سەرێکی لەقاند))

- ئایا تۆ دەزانیت بەم کارانەت چەند کەست گیرۆدە کردووە؟

شیوا- خەم! کاتێك خەریکە خۆم دەمرم، لێگەڕێ هەمووان بمرن!

((ویستم قسە بکەم، بەڵام نیما ئاماژەی پێکردم هیچ نەڵێم. یەك دوو خولەکی تر دانیشتین و هەر بەئاماژە لەجێگەی خۆمان هەستاین و مۆڵەتی ڕۆیشتنمان خواست، خوداحافیزییەکی ئارامبان کرد. شیواو گیتاو پەروانە تابەردەرگاکە لەگەڵماندا هاتن. نیما دەرگاکەی کردەوەو ڕۆیشتە دەرەوە، منیش بەدوایدا ڕۆیشتم، بەڵام لەچرکەساتی کۆتاییدا ئاوڕمدایەوەو بەشیوام وت))

- نەتوت دوێنێ شەو چیتدەکرد لەو پارکەدا؟ چاوەڕوان بوویت کەسێکی تر گیرۆدەبکەیت؟

شیوا- نەخێر گیتا پەیوەندیی پێوەکردم کە نەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. گیتا واتێگەیشتبوو ماڵەکەمان لەژێر چاودێریدا بێت.

- بەڕاستت بوو وتت لەوکارانە دووردەکەویتەوە؟

شیوا- بەڵێ، ئیتر هەموو شتێك تەواو بوو.

- بەڵێ. بەڵام ڕەنگە ئێستا درەنگ بێت. برۆ کەمێك بیربکەرەوە بزانە چیتکردووە. پێدەچێت زۆربەی ئەو کەسانەی بەو نەخۆشییە گیرۆ دەبوون هەقی ئەوەیان نەبوو بێت.

شیوا- با هەقی خۆیان بووە. ئەی تۆو نیما بۆچی تووشی ئەونەخۆشییە نەبوون؟ ئەگەر ئێوەش دوێنێ شەو دەربارە من نیازتان خراپ بوایە بێگومان ئێستا ئێوەش حسابتان ڕۆیشتبوو. خۆ من بەزۆر نەدەچووم بەدوای کەسدا. ئەوان سۆراخی منیان دەکرد. پیاوی خوێڕی هەر ئەوە سزایەتی.

- ئەی ژنی پیاوی خوێڕی چ تاوانێکی هەیە؟ ئەویش هەقی خۆیەتی؟ ئەو چ تاوانێکی ئەنجامداوە؟

((لەگەڵ ئەو قسەیەم کرد شیوا بەسەرسامییەکەوە سەیرێکی کردم، پاشان دەرگاکەی بەسەردا داخستم))

نیما- وەرە بابڕۆین سیاوەش. وەرە مەگەر خوداخۆی بەفریامان بکەوێت، دڵنیابە تاچەند ساڵێکی تر کارەساتی گەورە گەورە ڕوودەدات.

((لەگەڵ نیمادا ڕۆیشتینە ناو ئاسانسۆرەکەوەو دووگمەی نهۆمی یەکمان لێدا))

نیما- دەزانیت ئەم شتە دوابڕاوە هەر لەخۆوە سەردەکەوێت؟

- ئێمە خەریکە دەچینە خوارەوە سەرەوەی چی؟



Scanned with CamScanner

((نیما سەیرێکی کردمو وتی))

- ئاخر من لەداخی تۆ چیبکەم؟ هەتیو تۆ تێکچوویت؟ من باسی ئایدز دەکەم نەك ئاسانسۆرەکە. دوێنێ هەزار جار پێموتیت وەرە بابڕۆین واز لەوکچە بێنە بەگوێت نەکردم. ئێستا ئەگەر خودانەکردە نەخۆشییەك شتێکمان گرتبێت چیبکەین؟ شۆربای نەخواردووەو دەمی سوتاوە. بەهەر کەسێك بڵێین ڕۆشتووین یارمەتی کچێکی بەدبخت بدەینو چایەکمان خواردووەو ئایدزمان گرتووە، پێمانپێدەکەنو دەڵێن کەر خۆتانن.

((بەهەرحاڵ هاتینە خوارەوەو وەڕێکەوتین بەرەو دەرەوە. نیماش هەرخەریکی قسەی بێتامکردن بوو))

نیما- کابرا شێرپەنچە دەگرێت دنیا دێت بۆ سەردانی، دڵی خۆش دەکەن، لەخودا دەپاڕێنەوە چاك بێتەوە، تەماشای ئەشیعەکانی دەکەن. دەیبەنە لای دکتۆرو دەرمانی بۆ پەیدا دەکەن. بەکورتی ئەوەندە بەدەوریدا دێنو دەچن وەك پەروانە لەدەوری دەگەڕێن تاکابرا لێدەبێتەوەو دەمرێت. پاشان بە((فاتیحە)) داخستنو پاڕانەوە لاشەکەی هەڵدەگرنو بەڕێزەوە بەخاکی دەسپێرن، تاماوەیەکیش هەرباسی چاکەو پیاوەتییەکانی دەکەن. بەس ئێمەچی؟ لەگەڵ زانرا چ نەخۆشییەکمان گرتووە لەپێشدا دایكو باوکمان لەماڵەوە دەرماندەکەن. ئەگبەتیش لەوەدایە منو تۆ هەمیشە پێکەوەین. دوایی پێماندەڵێن هەر زۆر بێڕەوشت بوون، بەیەکەوە شتیان لەیەکتری کردووە بۆیە ئایدزیان گرتووە!

- ئاە...! قسەی بێتام زۆر دەکەیت.

((بەهەرحاڵ لەوێ هاتینە دەرەوە ڕۆشتین سواری ئۆتۆمبێلەکە بوینو وەڕێکەوتین))

نیما- ئەوجا بزانە خزمو کەسوکار چیمان پێدەڵێن. «هەر بەو چاوە حیزانەیاندا دیاربوو کە بەسەری ساغەوە ناچنە گۆڕەوە». کەسێکی تر دەڵێت» من دەمبینی زیاتر بەیەکەوە بوونو زۆر دەچوون بەملاو بەولادا، ئەمە تومەز شتێك هەیە» یەکێکی تر دەڵێت» ئێستا وتمان بۆ نیما قەیناکا، بەڵام تۆ باسی ئەو سیاوەشە بێشەرەفەم بۆ بکە داخی ئەو روخسارە غەدرلێکراوو داماوەی»! وەی ئەگەر ئەو کورشە کەچەڵە بزانێت دوژمن شاد دەبم. خودایە بەچ جۆرێك خۆمان پاك بکەینەوە، بابەگیان برۆ بۆ دەرمانخانەیەك شتێك تادوو شروب بکرمو بیپرژێنم بەخۆمدا بەڵکو رزگارم بێت.

- ئاە...! توخودا بەسە نیما.

نیما- نەگبەت کاتێك مردین تەنها کەسێك نابێت بچێتە ژێر دارەمەیتەکەمانەوە. باشە ئەو دایکە داماوەم چۆن لەسەر گۆڕەکەم لێو بگەزێتو بکێشێت بەسنگی خۆیدا؟! ئاخر بڵێت چی؟ بڵێت



Scanned with CamScanner

ڕۆڵەگیان بەقوربانی ڤایرۆسە((Hiv ))ە کانت بم؟ ئەگەر تەنها وشەیەکی لەدەم دەربچێت‌و بڵێت کوڕەکەم ئایدزی بووە، تەواوی ئامادەبوانی سەر گۆڕستانەکە ئەوە هیچ کە هەڵدێن، مردووەکانی تەنیشتیشم هەڵدەستنەوەو رادەکەن! ئاخ چ ئابڕوچوونێك ئابڕومان دەچێت لەناو خەڵکیدا. باشە ئەگەر مەلاکە بیەوێت دەربارەی کارە چاکەکانمان قسەبکات داماوە بڵێت چی؟ وەرە ئاخۆمان ماوین شتێك بنووسین بۆ ئەوەی بۆمان بخوێننەوە. ئاخر بنوسین چی؟ بنوسین جوانەمەرگان، هەموو دەڵێن ئەگەر جوانەمەرگ بوایەن توشی ئایدز نەدەبوون! بنوسین ...

- نیما توخودا بهێڵە ئاگام لەخۆم بێت.

نیما- ئێستا وتمان ئەوانە قەیدی نییە، ئەی لەلافیتەکەدا چی بنووسن؟ خەڵك لەبەر کام ڕەوشتە جوانەمان بێت بۆ پرسەکەمان‌و سەرەخۆشی لەکەسوکارمان بکەن؟ کورە تۆ لەوانەگەڕێ، بزانە کچانی خزم‌و دۆست چۆن تف‌و نەحلەتمان دەکەن. دەڵێن» یاخوا داوەشێن بێنەقلانە، ئەو هەموو کچە جوانە لەناو خزم‌و ناسراودا هەبوو بۆ ئەوەی زەماوەندتان لەگەڵ بکەن، ئەوکات ئێوە نابوتان بەیەکەوە. بابەگیان لەشوێنێکدا ڕاوەستە باقوڕیکەین بەسەرماندا! بەڵکو ئێستا بتوانین پێشی لێبگرین. وەی... باوك‌و دایکمان دەبێت بەشەودا بێن بۆسەر گلکۆی کوڕەکانیان پرسەیان بۆ بگێڕن!

((پێکەنینم دەهات))

- بڕۆ ونبە بێتام.

نیما- ونبە چییە؟ ڕاستدەکەم. ئیتر لەبەیانییەوە نەیەیت بۆلام. بهێڵە بالەم کۆتایی تەمەنەدا چیتر تاوان نەکەین. با هەر هیچ نەبێت کاتێك مردین هەموو بڵێن لەم دواییەدا تۆبەیان کردبووو کاری خراپیان نەدەکرد!

((گەیشتمە بەردەمی ماڵی نیماو دامبەزاند، نیما کاتێك کە لەئۆتۆمبێلەکە دادەبەزی وتی))

- ئێستا چۆن زانیاریی نوێی پزیشکی لەسەر ئەو بابەتە پەیدا بکەین؟

- بۆچی؟

نیما- بۆ زەهری مار! لەبەرئەوەی کە ئاگاداری ڕێگەی ڕاستی تەنینەوەی ئەو نەخۆشییە بین.

- هاوڕێ گیان هیچ کەسێك بەچاخواردنەوەیەك توشی ئایدز نابێت.

نیما- ئەی ئەگەر دەستی ئەو کەسەی کە چاکەی هێناوە برین بوو بێت ئەوکات چی؟ وەی تازە بێچارە بووین. ئێستا بڕۆین دوو پرسیار لەکێ بکەن؟ لەگەڵ هەرکەسێکدا دوو وشە دەربارەی بدوێیت یەکسەر دەڵێت کابرا ئایدزیەتی. ئەگەر بڕۆیت بۆلای کتێب فرۆشێك‌و دەربارەی ئایدز داوای کتێبێك بکەیت، لەژێر چاوەوە سەیرت دەکەن.



Scanned with CamScanner

- هەرچی قسەدەکەم هەروەك لەگەڵ تۆم نەبێت وایە. بڕۆ بنو نیوەشەوە، نازانم تۆ بۆچی بەم نیوەشەوە بەلەسەبوویت! ئیشێکت بەمن نییە؟

نیما- با، ئینشائەڵلا دایکت جەرگ سوتاوبێت، مادام توشی ئایدزت کردم.

- بڕۆ ونبە.

((بەرەو ماڵەوە وەڕێکەوتم، لەدوای کەمێك گەیشتمە ماڵەوە. کاتێك ڕۆیشتمە ژوورەوە هەموو نوستبوون. منیش ڕۆیشتمە نهۆمی سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. پۆشاکەکانم گۆڕیی‌و ئاوێکم کرد بەخۆمدا ویستم بنوم. بەڵام هەرکە لەسەر جێگەکەم راکشام. لەخۆمەوە دڵم باشی نەدەوت دەترسام نیما ڕاست بکات، ئەگەر بەڕاستی توش بوو بووین ئەوکات چیبکەین؟ چی وەڵامی دایك‌و باوکم بدەمەوە؟ بەچ رویەکەوە سەیری دەمووچاوی سیما بکەم؟ بەهەرحاڵ بەتەواوی ترسابووم. لەکۆتایدا بەپشتیوانی خودا لەبیری خۆمم کردو نوستم. شەو چ خەوێکم دەبینی. جگە لەوەی کە لەخەوەکانمدا ئایدزم بوو، هەموو دەیانویست زیندە بەچاڵم کەن، لەشەوەوە تاوەکو بەیانی چەند جارێك راچەنیم، لەدواییدا کاتژمێر هەشت‌و پێنج خولەك بوو کە تەلەفۆنی ژوورەکەم زەنگی لێدا. بەگێژی‌و ترسەوە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. نیما بوو))

نیما- ئەلو، ساغ‌و سەلامەتیت؟

- بەم بەیانی زووە دەستت پێکردەوە؟

نیما- دەڵێم تەندروستیت چۆنە؟ شتی سەرسامکەر رووی نەداوە؟

- وەك چی؟

نیما- دڵ تەنگییەك، سەرگێژەیەك، هێڵنج نادەیتەوە؟

- بڕۆ ونبە، دەتەوێت  ترس بخەیتە دڵمەوە.

نیما- من لەبەیانییەوە کە هەستاوم هەر لەپەسا هێڵنج دەدەم. بەڵام نازانم نیشانەی ئایدزە یان نیشانەی سکپڕیی خێرایە!

((وەڵامم نەدایەوەو تەنها پێدەکەنیم))

نیما- دەڵێم ئێمە دوێنێ شەو تەنها لەسەر لایەنە خراپەکانی ئەو دوابڕاوە قسەمان کرد.

- مەگەر لایەنی باشیشی هەیە؟

نیما- ئەی چۆن نییەتی. بەهەرکەسێك بڵێیت فڵانکەس ((Hiv))ی باشە. بەدیدێکی کەوە سەیردەکرێت! دەڵێن کابرا (Level)ی بەرزە، نەخۆشییەکی رۆشنبیرانەی هەیە!

- تەنها بۆ ئەوە تەلەفۆنت کرد ئەم قسە بێتامانە بکەیت؟ کوڕە مەگەر تۆ ئیش‌و کارت نییە؟



Scanned with CamScanner

ڕۆژێك لەماڵەوەم دەست لەسەرم هەڵناگریت؟ بڕۆ بلكێ بەژیانتەوە. بهێڵە منیش بكەمەژیانی خۆم. دەی ئافەرین كوڕە باشەكە. بڕۆ، بڕۆ دەی خەریكی ئیش و كارتبە.

نیما- بەسەرچاو سیاوەش گیان. لەبەرئەوەی ئەوەندە بەئەدەبەوە قسەت لەگەڵ كردم منیش بەگوێت دەكەم. بەڕێكەوت چارەكە سەعاتێك پێش ئێستا زینەت خان هەرلەپەسا دەیوت. هەستە دەی هەستە! ئێستا دەڕۆم پێوەی دەلكێم.

- بەكێوە دەلكێی؟

نیما- بەئیشو كارمەوە.

- ئافەرین بڕۆ خەریكی ئیش و كارەكانت بە.

نیما- سیاوەش باوەڕم پێبكە هاندانی تۆ بەتەواوەتی كاریگەریی لەسەرم هەیە. واتە دەڵێم ئەگەر ئامۆژگاری هاندانیشی لەگەڵ بێت من مێشكم زووتر وەری دەگرێت.

- لەسەدا سەد هەروایە.

نیما- واتە بەهاندان دەڕواتە ناو ئەوەی تۆشەوە؟

- بێئەدەب!

نیما- مەبەستم ئامۆژگارییە، هەی بێئەقڵ لەدنیادا.

- بەڵێ، كاردەكاتە سەر بیرۆكەكانی منیش، ئێستا بڕۆ.

نیما- كەواتە مەسەلەی خوازبێنییەكەی یەڵداخان بامێنێتەوە بۆ دوای ئیش و كارەكان.

- ئاە...! خودا بتكوژێت نیما. بڵێ بزانم چیبووە.

نیما- سەرەتا ئیش و لكان، پاشان مەسەلەكانی دیكە. خوات لەگەڵ.

((نیما تەلەفۆنەكەی داخستەوە. منیش بەخێرایی ژمارەكەم وەرمگرتەوە))

- ئەلو. نیما، بەڕاستی بێئەقڵیت! بڵێ بزانم مەسەلەی خوازبێنییەكە چییە؟

نیما- كوڕە تۆ ئیش و كارت نییە؟ تۆش بڕۆ بلكێكی بەشتێكی دیكەوە.

- تو گیانی خۆت ئازارم مەدە نیماگیان. توخودا بڵێ چیبووە.

نیما- سەرەتا دەبێت زۆر زۆر داوای لێبوردنم لێبكەیت!

- باشە داوای لێبوردن دەكەم.

نیما- نەخێر بەوشێوەیە نە. زۆر موئەدەبانەیە. لێمنایەت زۆر زانایانەیە.

- باشە من هەڵەمكرد لێم ببورە نیما گیان.

نیما- ئەمیش هەر موئەدەبانەیە. هەڵبەت گەیشتووەتە شانی بروانامەی دیپلۆم.



Scanned with CamScanner

- کەواتە بڵێم چی؟

نیما- نمرەیەك وەرە خوارتر باکەمێك خۆمانە بێت. با لەئاستی پۆلی شەشی سەرەتایی بەرەو خوارتر بێت.

- ئاخر بڵێم چی؟ کاکە پێویستم بەو هەواڵە نییە کە تۆ پێمدەدەیت.

نیما- باشە. کەواتە جارێ خوات لەگەڵ.

- نا نا نا! هەڵەم کرد ببورە!

نیما- باشە، ئەمەیان باشتر بوو. ئێستا خەریکە گفتوگۆیەکی دۆستانە دەکەین. ئێستا تۆ نمرەیەکی تریش وەرە خوارتر، وەرە ئاستی نەخوێندەواری.

- ئاستی نەخوێندەواری چییە؟

نیما- ئەوەی کە دەڵێت ببورە ... خوارد!

- نیما زۆر بێئەدەب بوویت ها. بیرت نەچێت تۆ هێشتا کارت بەمن هەیە.

نیما- زۆر سوپاس کە بیرت هێنامەوە، باشە ئاتێرە داوای لێبوردنکردنێ بەسە.

- ئێستا باسی خوازبێنییەکەم بۆبکە بزانم چیبووە.

نیما- باوکم هەمووشتێکی براندووتەوەو بڕیارە ئەم عەسرە بڕۆین بۆ خوازبێنی. گوایە باوکم خۆی لەگەڵ کاك پرهامدا وتووێژی کردووە. لەخودا بەزیادبێت ئەویش هیچی نەوتووە، تەنها وتویەتی تەشریف بێنن. وابزانم خەریکە هەموو شتێك بەخۆشی کۆتایی دێت.

- نیما تو گیانی من ڕاستدەکەیت؟ گاڵتە ناکەیت؟

نیما- بەگیانی تۆ ڕاستدەکەم.

- ئافەرین بۆ کاك زەکاوەت. لەمنەوە دووماچی بکە، زۆر دەستی خۆشبێت.

نیما- کەوایە بەرنامەی ئەمشەویشمان جۆربوو. شەوی رابردوو خوازبێنییەکم گەرمکرد. ئەمشەو خوازبێنییەك تێك دەدەم!

- دەڵێیت چی؟

نیما- ئەها ببورە هەڵەمکرد. دوێنێ شەو خوازبێنییەکم تێکدا دەبێت ئەمشەو خوازبێنییەك جۆرکەم. دەبێت لەدەفتەری ڕۆژانەکەمدا بینوسم تا لەبیرم نەچێت. باشە دەی ئێستا بڕۆ بلکێ بەکارو ژیانتەوە.

((خواحافیزیم لەنیما کردو تەلەفۆنەکەم داخستەوە، ئەوەندە ئاسودەبووم نەمدەزانی چیبکەم. خێرا ڕۆیشتمە خوارەوەو، مەسەلەکەم بەدایکم وت. پاشان خۆم گۆڕیو بەرەو ماڵی نیما



Scanned with CamScanner

وەڕێکەوتم. یەکەم لەبەرئەوە دەچووم بۆماڵی نیما تاقسە لەگەڵ یەکێکدا بکەم و لەو دڵ خۆشییەمی بەشبدەم. دووەم لەبەرخاتری بینینی یەڵدابوو. بەخۆمم دەوت بەڵکو هەرهیچ نەبێت تەنها جارێك لەژوورەکەی نیماوە چاوم بەیەڵدا بکەوێت. دوای چارەکە سەعاتێك گەیشتمە بەردەمی ماڵی نیماو زەنگی دەرگاکەم لێدا. نیما خۆی وەڵامی تەلەفۆنی بەردەرگاکەی دایەوە))

- بەڵێ.

- نیما، منم.

نیما- لێرەچیدەکەیت؟ خۆمن ئێستا تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

- شەقامەکان چۆڵبوو، بۆیە زوو گەیشتم ئاخر ئەمڕۆ هەینییە.

نیما- ئاخر من تازە لکاوم، هێشتا چەسپەکەم وشك نەبوتەوە.

- ئاە...! بێتام.

نیما- وەرە سەرەوە. ڕاوەستە خۆ ئایدزو مایدزت نییە؟

- ئاخر لەتەلەفۆنی بەردەرگادا ئەو قسانە دەکرێت؟

((نیما دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشتمە ژوورەوە، چۆنی و چاکیم لەگەڵ دایکی وباوکی نیمادا کرد، ئەوانیش پیرۆزباییان لێکردم، ڕۆیشتمە نهۆمی سەرەوە بۆ لای نیما. سەیرەکەم نیما لەبالەکۆنەکەدا دانیشتووەو مێزیکی پڕ لەخواردنی لەبەردەمدایە، خواردنێکی زۆریان بۆ ئامادەکردووە. هێلکەی کوڵاو تەنها زەردێنەکەی، هێلکەی سورەوەکراو تەنها سپێنەکەی، هێلکەو ڕۆن، هێلکەی مراوی، ئاوی پرتەقاڵ، هەنگوین، مرەبا، کەرە، پەنیر، قەیماغ، دوولەت کێك، قۆرییەك چا! خولاسە بەئەندازەی چوارکەس خواردنیان بۆ ئامادە کردبوو))

- بتەقیت نیما، هەموو ئەوانە دەخۆیت؟

نیما- نا، تیکەیەکیش دەدەم بەتۆ تابیخۆیت! ڕاوەستە بزانم کامەیان زیادەیە تابیدەم بەتۆ بیخەیتە دەمتەوە! خۆنانت نەخواردووە؟

- نەخێر.

نیما- باشە وەرە دانیشە، بابزانم کام لەمانە خۆم نایخۆم تابیدەم بەتۆ!

((نیما سەیرێکی مێزەکەی کردو بەدەنگی بەرز هاواری کرد))

- زینەت خان، زینەت خان.

- نیما زینەت خانت بۆ چییە؟

نیما- دەمەوێت پێیبڵێم تاخواردن بۆتۆش بهێنێت.



Scanned with CamScanner

- ئەی ئەمانە چییە؟ ئەمانە بەسە.

نیما- ئەمانە تەنها هینی خۆمە!

- بەنیازیت بەتەنها ئەم هەموو خواردنە بخۆیت؟!

نیما- ئەی چی؟ نابێت ئەوەندەم گیانم تێدابێت کە بتوانم لەم کتێبە دوابڕاوەدا قسە بکەم یان نە؟! خۆتۆ لەم کتێبەدا تەنها وشەیەك نالێیت. هەردەبێت من قسە بکەم. ئاخر تەندروستیم تێکدەچێت! ئەویش ئەم کتێبە بێتامەت. ئەگەر من نەبم قسەی تێدا بکەم تۆ دەتوانیت چی تیابنووسیت؟!

- هیچ بابەگیان. بەڕاستی سك برسیت. فەرموو هەمووی خۆت بیخۆ. بەڵام ئەو هەمووشتە بکەیتە تۆپیشەوە دەتەقێت. ئیدی لەئێستاش بەدواوە کەمتر قسەبکە، خەڵکی مێشکیان چوو!

نیما- ئەگەر لە ((پریچهەر))دا من نەبوایەم تۆ دەتویست بڕۆیت بۆ ((شاعەبدول عەزیم))و لەلای خودالێخۆشبوو پریچهەردا دانیشیتو ئەویش هەرباسی ژیانی خۆی بکاتو بگریەت. تۆش بگریەیتو بکێشیت بەسەری خۆتدا! لە((یاسەمین))یشدا هەردەڕۆیشتی بۆلای خودالێخۆشبوو کاك ((هیدایەت))و ئەویش هەر کەمانچەی دەژەندو چیرۆکی دەگێڕایەوە! لەکۆتایشدا ئاشکرا نەبوو کە چۆن سەری ئەو داماوەت کرد بەقوڕداو دەستتگرت بەسەر چەند سەد ملێۆن تمەنەکەیدا. بەختت هەیە کە من لەم دوو کتێبەی تریشدا دەستی چەند کچێکم گرتو هێنامە ناو چیرۆکەکەوە. ئەگەر وانەبوایە کێ پارەی بەکتێبی تۆ دەدا؟ لەشیرینیشدا ئەگەر من نەبوایەم ئاشکرا نەبوو کە تۆ ئێستا دینو ئیمانی دروستو حسابیت هەبێت. ئەوکاتیش هەرچۆنێك بوو ((بەهارو روئیا))م ڕازیکرد تابێنە ناو چیرۆکەکەوە. دەشیانووت نیماگیان ئێمە تەنها لەبەرخاتری تۆ هاتوینەتە ناو ئەم کتێبەوە، ئەماندەویست دەست بنێین بەڕوتەوە. ئەگەرنا سیاوەش ئەوەندە وشكو بێتامە پەنجاساڵی پێدەچێت تابەکەسێك دەڵێت خۆشمدەوێیتو بچێتە خوازبێنی. بەخودا ڕاستدەکەن، قاپێك ماستیان داوەتە دەستمانو ناویان ناوە سیاوەش. ئەوکات دەڵێن بڕۆ کتێبی لەگەڵدا بنووسە. ئەمەش لەکتێبی یەڵدات، ڕۆشتویت کچێکی ئایدزیت پەیدا کردووە خەریکبوو بێچارەمان بکەت. ئەگەر من فریات نەدەکەوتم، تا ئێستا هەزار ژەقنەو دەرتت گرتبوو. لەبیرت چوو کە لەماڵیان چاییەکەت ئەوەندە بەئاوسودەی دەخواردەوە کە واتدەزانی پورت چای بۆ هێناویت. هەرهیچ نەبێت بۆ ساتێك ئەو چاوە کوێرانەت لێك بنێ تاتیکەیەك نان بخۆم، چونکە ئێستا دەبێت دووبارە دەستبکەمەوە بەقسەکردن.

((قاپی هێلکەکەم ڕاکێشا بۆ بەردەمی خۆم کە نیما هاواریکرد))

- ئاە...! دەڵێم ئەمانە هەمووی هینی خۆمە. هێی زینەت خان، زینەت خان! چوارهێلکەی تر بکەرە ڕۆن، چونکە من هیچم نەخواردووە.



Scanned with CamScanner

- ئەریق بەرەوە نیما، من بەهەمووی تیکەیەك ناخۆم.

نیما- بەڵێ، بەڵام ئێستا ئیشتیهات دەكرێتەوەو قاپەكەشی پێوە دەخۆیت. خواردنی بەیانی هەروایە مرۆڤ سەرەتا حەزی بەخواردن نییە. هەر ئەوندەی كە دوو تیكەت خستە دەمتەوە ئیتر نان بەرگەت ناگرێت!

((پێكەنینم دەهات. چونكە ڕاستیدەكرد. لەگەڵ هێلكەكە گەیشتە دەممو تامیمكرد بەپێكەنینەوە دەستم برد تاتیكەیەكی تر بكەم. بەڵام نیما دووهێلكەی كوڵاو كە لەلای هێلكە سورەوەكراوەكەدا بوو هەڵیگرت و وتی))

- هەر هیچ نەبێت بائەمانە رزگاربكەم، وابزانم تۆ ئیشتیهات كرایەوە.

- برۆ بێتام. من ئەگەر هەر بخۆم دوتیكەی تر لەو زەردێنەی هێلكە كوڵاوە دەخۆم.

نیما- تۆ بەهەڵە تێگەیشتوویت. جارێ ڕاوەستە باگەرم بیت، ئەوە هیچ كە هەموو هێلكەكان دەخۆیت. ئەگەر هێلكەكانی خۆشم بخەمە بەردەستت ئەوانیش دەخۆیت.

- خودا بكێشێت بەناو دەمتا نیما بێئەدەب.

نیما- مەبەستم هێلكەی مراوییەكانە.

- بەڕاستی پێم ناخۆشبوو، ئیتر دەم بۆ یەك شت نابەم. سواڵكەر!

نیما- بخۆ كەرە گاڵتەمكرد. بەه بەه! بەه بەه بەه! لەو بەخت و ناوچەوانە. یەڵداخانیش هاتە حەوشەكەوە. ئیتر چیت لەخودا دەوێت؟ خواردنێكی شاهانەی ئامادەكراو، كچێكیش بەو جوانییوە لەبەردەستتابێت. ئەم عەسرەش بڕیارە بڕۆین بۆ خوازبێنی بۆ جەنابت. ئێستاش هەر هێلكە بەدڵە دەردكەو بڵێ ((تاران)) شوێنێكی ناخۆشە.

((سەیرمكرد یەڵدا هاتووەتە ناو حەوشەكەوە و خەریكە لەنێو گوڵ و درختی حەوشەكەیاندا پیاسە دەكات. یەڵدا چاوی بەئێمەكەوت و دەستی بۆ بەرز كردینەوە، دەستی بۆ ڕاوەشاندین. منیش هەستام و ڕۆیشتم بەرەو لای رایەڵەكان و دەستم بۆ ڕاوەشاند، یەڵدا بزەیەكی بۆ كردم و منیش بزەیەكم بۆكرد. پاشان بەدەست ئاماژەم بۆ كاتژمێرەكەم كرد واتە عەسر دێین. یەڵدا دەستیكرد بەپێكەنین و سەرێكی لەقاند، پاشان وەك ئەوەی یەكێك لەماڵەوە بانگی بكات ڕۆیشتوو و دەستێكی دیكەی بۆ ڕاوەشاندم. ئەوەندە بێتاقەت بووم كە لەباسكردن نایەت. دوو دڵ بوو بووم لەوەی كە بزانم دێتە دەرەوە یان نا. لەپڕێكدا نیما لەدواوە وتی))

- هێی..! نەكەویتە خوارەوە. چیبووە؟ هێلكەكان چ وزەیەكی تێدا بوو.

((دەستمكرد بەپێكەنین و گەڕامەوە بۆ شوێنەكەی خۆم، تیكەیەكی كەم خستە دەممەوە، وتم))



Scanned with CamScanner

- نیما بەگیانی تۆ دڵم هێندەی گەردیلەکی ماوەتەوە. دەزانیت چەند وەختە سۆمای ئەو چاوە سیحراویانەیم نەبینیووە؟ بەخودا ئەمڕۆش بەخۆشی یەڵداوە هاتم بۆ لای تۆ.

نیما- ئەگەر بۆلای یەڵدا هاتوویت لەدی بۆچی بەسەر هێلکە داماوەکانی منەوە عەشق بازی دەکەیت؟ خۆ هەمویت تەواو کرد. بهێڵە منیش تیکەیەك بخەمە دەممەوە. مەگەر خودا خۆی بەهاواری دولبەرەکەت بگات. وابزانم لەیەکەمشەوی پێك گەیشتنتاندا بەدوو تیکە تەواوی دەکەیت‌و کۆتایی بەژیانی دێنیت.

((پێکەنیمو وتم))

- بەڵام ڕاستکرد. تاموچێژێکی خۆشی هەبوو.

نیما- چی؟ یەڵدا یان هێلکەکە؟

- هێلکەکە.

نیما- وەختێ منیش وا دەڵێم پێمدەڵێیت سواڵکەر. من ئەزموونم تێیدا هەیە ئەوشتانە چاك دەزانم. بیخۆ نۆشی گیانت بێت، دەڕۆم بەزینەت خان دەڵێم دوو دانەی دیکەت بۆ دروستبکات.

- نیماگیان بڵێ چوار دانەم بۆ دروست بکات. تێوارەی رابردوش نانێکی وام نەخواردووە.

نیما- باشە، بەڵام دوو هێلکەی مریشك زیاترمان نەماوە هێلکەی شتێکی تر بێت کێشەنییە؟

- زەهری مار.

- بابەگیان هێلکەی قازیان بۆ هێناوین. مەبەستم لەهێلکەی شتی تر ئەوەیە.



Scanned with CamScanner

# بـــەشی چــــوارەم

((نزیکەی کاتژمێرحەوتی شەو بوو کە منو سیماو دایکمو باوکم لەبەردەرگاکەی ماڵی نیمادا وەستابووین. چەپکێك گوڵی زۆرجوانم بەدەستەوە بوو. چاکەتو پانتۆڵم لەبەرکرد بوو لەگەڵ ڕیباتێدا. حەزمدەکرد زۆر بەشیکی بچم بۆ ماڵی پەڵدا.

لەدوای چەند خولەکێك نیماو دایكوباوکی هاتنە دەرەوە، لەدوای چۆنیوچاکیکردن وەڕێکەوتین بەرەو ماڵی کاك پرهام. نیماش هەروەك من چاکەتوپانتۆڵی لەبەرکردبوو، ئەویش ڕیباتی بەستبوو. باوکی نیماش بەهەمانشێوەو باوکی خۆشم هەمیشە بەوجۆرە بوو. هەمووومان زۆر ڕێكوپۆشو تایبەت بووین، چونکە ماڵی پرهام و ئەوان گرنگییان بەو جۆرە شتانە دەدا. بەهەرحاڵ زەنگی دەرگای ماڵی پرهامامان لێداو دەرگاکە کرایەوە، هەموو ڕۆیشتینە ژوورەوە. من و نیما لەدواترەوە دەڕۆیشتین. بەنیمام وت))

- نیما کاتێك ڕۆیشتینە ژوورەوە نەڕۆیت لەشوێنێکی تردا دانیشیت ها! وەرە لەتەنیشتی خۆمدا دانیشە. ئەگەر بەتەنهابم شەرم دەکەم.

نیما- من کارم بەسەر تۆوە نییە لەکوێدا دادەنیشیت، سیماخان لەهەرکوێدا دانیشت جێگەی منیش لەتەنیشتی ئەودایە.

((نیما ئەو چەند وشەیەی بەدەنگی بەرز وت بۆیە سیما گوێی لێبوو ئاوڕی دایەوەو دەستیکرد بەپێکەنین))

- زەهری مار. دەبێت بێیت و لەتەنیشتی مندا دانیشیت، خۆشت بێتام نەکەیت.

((لەحەوشەکە تێپەڕین، بەپلیکانەکاندا ڕۆیشتینە سەرەوە، گەشتینە هەیوانێکی فراوانەوە. ماڵێکی زۆر گەورە بوو نزیکەی دووهەزار مەتر دەبوو. هەر کە گەشتینە دەرگای سەرەکی باڵەخانەکە کچێکی خزمەتکار دەرگاکەی کردەوەو ئێمەش ڕۆشینە ژوورەوە. بەڕاڕەوێکدا تێپەڕین، لەهۆڵێکی



Scanned with CamScanner

گەورە نزیکبووینەوە کە کاک پرهام خۆی هات بۆ پێشوازیمانو میوانداری کردین بۆ ئەو هۆڵە گەورەیە. یەڵداودایکی هاتنە پێشەوە بۆ بەخێرهاتنمان. یەڵدا دەستێك پۆشاکی زۆر جوانی پۆشیبوو، گوڵێکی سوریشی دابوو لەلایەکی قژی. یەڵدا بەڕوویەکی گەشو لێوێکی بەخەندەوە بەرەو روم هات، چەپکە گوڵەکەی لەدەستگرتمو دایە دەستی خزمەتکارەکەیان. خەریکبووم ئەحواڵپرسیم لەیەڵدا دەکرد کە لەپڕێکدا یەکێك بەحاڵەتی هاوارکردن وتی))

- سیما گیان ئەوە تۆیت؟ ماشائەڵلا چەند گەورە بوویت!؟

((ئاوڕمدایەوە سەیرەکەم دەنگەکە خانمێك بوو نزیکەی هەشتاو شتێك تەمەنی دەبێتو چێو دەستێکی بەدەستەوەیەو سەماعەیەکی لەگوێدایەو بەرەولای نیما دەڕوات))

نیما- دایەگەورە چۆنیت؟ ((تامەزرۆی دیدار))

((دایەگەورە تەماشایەکی نیمای کردو وتی))

- سیما گیان ((قاپو دیوار)) چییە؟

((نیما کە حەپەسابوو وتی))

- دایەگەورە قاپو دیوار نە، تامەزرۆی دیدار.

دایەگەورە- ئێ خۆمنیش هەرئەوەم وت سیما گیان.

نیما- دایەگەورە، من نیمام سیما نیم. سیما ناوی کچانەیە.

دایەگەورە- مەگەر من چیم وت؟ منیش وتم سیما. بەڵام من هەرنەمزانی بۆچی ناوی کچانەیان لەتۆ ناوە؟

نیما- ئاخر باوکم زۆری حەز لەکچ بوو.

((هەموو دەستیان کرد بەپێکەنین، بەڵام من خۆم کۆنترۆڵ کردبوو. لەوکاتەدا یەڵدا وتی))

- ئەوە دایەگەورەمە گوێی کەمێك گرفتی هەیە.

((لەهەمانکاتدا دایکی یەڵدا کە بێتاقەت بوو بوو بەدایەگەورەی وت کە دایکی خۆی بوو))

- دایەگەورە تۆ تەشریف بەرە بۆ ((ساڵۆنەکە))

دایەگەورە- من بڕۆم بۆ ((مەنهۆڵەکە)) کام مەنهۆڵ؟

((دووبارە هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین، دایکی یەڵدا وتی))

- تکادەکەم وەرنە ئێرەوە، ئەوێ باش نییە.

((پاشان دایکی یەڵدا روویکردە کاک پرهامو وتی))

- شازادە بۆچی هەروا ڕاوەستاویت پێدەکەنیت؟ میوانەکان بەرە بۆ هۆڵەکە ئێستا منیش دێم.



Scanned with CamScanner

((لەدوای ئەو قسەیە دایکی یەڵدا دەستی دایەگەورەی گرت‌و لەگەڵ خۆیدا بردییە دەرەوە. ئێمەش کە ئائەوکاتە ئەحواڵپرسیمان لەیەکتری دەکرد وەڕێکەوتین بەرەو بەشی سەرەوەی هۆڵەکە. هۆڵەکە چەند دەستەیەك قەنەفەی جوانی تێدا بوو. بەهەر حاڵ کاك پرهام  پێداگری کرد کە ئێمە دەبێت بچینە بەشی سەرەوەی هۆڵکە دانیشین، ئێمەش دەمانوت ئێرە باشە، تاوەکو ئێمە خەریکی ئەو بەزمەبووین دایەگەورە چێو دەستەکەی کێشا بەزەویەکەداو لەدەرگای سەرەوەی هۆڵەکە هاتە ژوورەوەو لەسەر قەنەفەیەك دانیشت‌و وتی))

- سیما گیان تۆ وەرە بۆم بگێڕەوە بابزانم ئەم چەند وەختەی کە من لێرە نەبووم لێرە چی رویداوە؟

((سیماو نیما سەیرێکی یەکتریانکردو نیما لەسەرخۆ کەوتەڕێ بەرەو لای دایگەورە، نیما هەر ئەوکاتەی کە بەتەنیشتی مندا تێپەڕی وتی))

- خوایەگیان من خۆم بەتۆ سپاردووە، چونکە هێشتا شادەماری پیرەژنم نەدۆزیوەتەوە.

((نیما ڕۆیشت‌و لەسەر قەنەفەکە لەتەنیشتی دایەگەورەدا دانیشت، منیش ڕۆیشتم لەتەنیشتی نیمادا دانیشتم، ئەوانی دیکەش هەریەکەو لەجێگەیەکدا دانیشتن، دایەگەورە وتی))

- زۆر بەخێربێن، بەڕاستی زۆرم بیردەکردن بێتاقەتتان بوو بووم، دڵم لەمەملەکەتی غەریبیدا پوا. هاوزمانێکت دەستناکەوێت تاکەمێك دەردەدڵی لەگەڵ بکەیت. خۆ ئێمە زمانی ئەوانمان نەدەزانی، ئەوانیش زمانی ئێمەیان نەدەزانی. هەزارجارم بەشازادە وت یان وەرگێڕێکم بۆ بگرە تاچوار وشەم فێرکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دراوسێیانەدا قسە بکەم. یان ئەوەیە مامۆستایەك بێنە ماڵەوە تافێری زمانەکەی ئەوانم بکات. بەڵام بەگوێی نەدەکردم. ئێستا هەرلەخوداییەوە بوو کە توانیم ئەو چوار وشە ((ئینگلیزی))یە لەتەلەفزیۆنەوە فێربم. بەڵام نازانم بۆچی هەرلەگەڵ بەیەکێکیان دەگەیشتم‌و شتێکم پێدەوت پێم پێدەکەنی‌و دەڕۆیشت!

نیما- دایەگەورە بێگومان ((دەربڕینت)) باش نەبووە.

دایەگەور- ((تەرگیز))م باش نەبووە؟ نەبابەگیان ئەوان هەمویان لوت بەرزن. ناتوانیت شۆخییان لەگەڵ بکەیت، خۆیان زۆر بەقورس دەگرن.

(هەموو پێکەنینیان دەهات‌و بەزۆر پێشیان بەخۆیان گرتبوو. لەوکاتەدا نیما وتی))

- دایەگەورە ئێستا لەتەلەفزیۆنەوە چی فێربوویت؟

دایەگەورە- باشە کاکەگیان تۆ بۆچی تەنها دەمت دەجوڵێنیت‌و قسەناکەیت؟

((ئەمجارەیان کەس نەیتوانی خۆی بگرێت بۆیە هەموو دامانە پرمەی پێکەنین، پاشان نیما



Scanned with CamScanner

بەحاڵەتی هاوار کردنەوە وتی))

- لەتەلەفزیۆنەوە چی فێربوویت تا بەو خەڵکەی بڵێیت؟!

دایەگەورە- ئەها. چەند شتێك فێربووبوم، یەکەم کاتێك کە پێیاندەگەیشتم پێمدەوتن ((ئەلو))

نیما- ئافەرین، ئافەرن، ڕاستییەکەی واتە ((Hello))

((دایەگەورە کە دڵی زۆر خۆشبوو، لەکاتێکدا کە پێدەکەنی وتی))

- بەڵێ، رۆڵەگیان، ئێمەی بەتەمەن لەزۆرشت تێدەگەین‌و هەموشتێك زوو فێردەبین.

نیما- باشە دایەگەورە چیترتان پێدەوتن؟

دایەگەورە- کاتێك دەموت ئەلو، ئەوانیش سەرێکیان بۆ دەلەقاندم، بەڵام لەگەڵ پێمدەوتن ((ئەو هۆی شێت)) خێرا هەڵدەستان دەڕۆیشتن.

((لەپڕێکدا هەموو دەستیانکرد بەقاە قاە لێدان، نیما وتی))

- دایە گەورە ئەوان زۆر پێئەدەبن.

دایەگەورە- ئەترسم ئەو ((ئەوهۆی شێت))ە شتێکی خراپ بێت.

((کاك پرهام کە چاوی لەتاو پێکەنینن ئاوی لێدەهات وتی))

- نەخێر دایەگەورە قسەکەی تۆ خراپ نەبووە، ئەوان تێنەگەیشتوون.

((لەهەمانکاتدا دایکی یەڵدا هاتە هۆڵەکەوەو لەدوای ئەویشەوە خزمەتکارەکەیان بەسینییەك چاوە هات. هەریەکەوە چایەکمان هەڵگرت. من لەژێر چاوەوە لەیەڵدام دەڕوانی، ئەویش تەماشای منی دەکرد. بەڵام زۆر بێتاقەت دیاربوو. ئێمە خەریکی چا خواردنەوە بووین کە خانمێك بەرەو هۆڵەکەهات، دەستێك پۆشاکی زۆر جوانی پۆشیبوو. چێو دەستێکی جوانیشی بەدەستەوە بوو. لەسەرخۆ بەرەو ئێمە دەهات. کاك پرهام هەر کە چاوی بەو خانمە کەوت خۆی کۆکردەوەو لەجێگەی خۆی هەستا، پاشان وتی))

- شازادە خان تەشریفیان هێنا.

((لەگەڵ کاك پرهام ئەو قسەیەی کرد ئێمەش هەمووومان لەجێگەی خۆمان هەستاین. شازادەخان، پوری یەڵدابوو. لەسەر خۆ هاتە پێشەوەو ئێمەش سڵاومان لێکرد، شازادەخان تەنها سەرێکی بۆ ئێمە لەقاندو ڕۆیشت لەبەشی سەرەوەی هۆڵەکە لەسەر قەنەفەیەك دانیشت‌و ئاماژەیشی بۆ ئێمەش کرد کە دانیشین. هەموومان دانیشتین، پوری یەڵدا وتی))

- زۆر بەخێربێن، سەرچاومان هاتن.

((دایك‌و باوکی نیما دەستیانکرد بەچۆنی‌و چاکیکردن لەگەڵیداو ئێمەشیان پێناساند. کەمێك



Scanned with CamScanner

دەربارەی ئەم دەردەکەو ئەو دەردەکە دواییِن. پاشان باوکی نیما بەکاك پرهامی وت))

- دوو دۆست تاوەکو زیاتر گفتوگۆ بکەن گفتوگۆکەیان خۆشتر دەبێت. لەڕاستیدا ئێمە بۆ میوانیو کارێکی خێر هاتوینەتە خزمەتتان.

((لەگەڵ باوکی نیما ئەم قسەیەی کرد پورێ خانو دایکی یەڵدا ناوچەوانیان گرژبوو. باوکی نیما درێژەی بەقسەکانیدا))

- لەڕاستیدا ئەم کاکە سیاوەشەی ئێمە یەڵداخانی زۆر خۆشدەوێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە ئەمڕۆ بۆ خوازبێنی هاتووین. جەنابتان کەم تازۆر ئەندازیار فەترەت دەناسن. بنەماڵەیەکی زۆر نەجیبو خانەدانن. سیاوەش گیانیش بۆ خۆی ئەندازیارێکی بەناوبانگەو لەکۆمپانیاکەی باوکیدا خەریکی کارکردنە. لەڕووی کارکردنەوە لەخودا بەزیا دبێت کێشەی نییە. من هەر بەمشێوەیە ئەم بنەماڵەیەم پەسەند کردووە. ئیتر ریشو مقەست دەخەمە بەردەستی خۆت. تۆش سیاوەش گیان بەکۆیلەی خۆت قبوڵ بفەرموو.

((من سەرم داخستبوو، لەشەرمدا ئارەقم دەکرد. بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو. کەس قسەی نەدەکرد تادایکی یەڵدا وتی))

- بەڕاستی ئێمە ناکاوگیر بووین. ئەم مەسەلەیە زۆر لەناکاو بوو. ئێمە واماندەزانی ئەمە تەنها بەسەرکردنەوەیەکە و هیچی دیکە.

((پاشان دایکی یەڵدا بەزۆر خۆیهێنایە پێکەنین. ئیتر هیچ کەسێك هیچی نەبوو تابیڵێت. لەپڕدا نیما وتی))

- وابزانم هێرشەکە زۆر لەناکاو بوو.

دایەگەورە- وتت چی سیما گیان؟

((نیما کە خۆشی حەپەسا بوو بەدەنگی بەرز وتی))

- هێرشەکە، دایەگەورە وتم هێرشەکە؟

دایەگەورە- بۆچی جەنگ تەواو نەبووە؟ ئێمە بۆیە گەڕاینەوە بۆ ئێران وتیان جەنگ تەواوە بووە!

نیما- دایەگەورە گاڵتەم لەگەڵ کردیت.

دایەگەورە- سیما گیان داڵغەی چیت هەبوو؟

((ئێمە هەمووومان پێکەنین گرتبووینی کە پورێ خان بەدایکی یەڵدای وت))

- بڵێ باچا بهێنن.

((دایکی یەڵداش ئاماژەی بەخزمەتکارەکە کردو ئەویش ڕۆیشت تاچا بهێنێت، لەپردا دایەگەورە بەدەنگی بەرز هاواری کرد))

- فاتێ خان، فاتێ خان. ئەو رادیۆیەم بۆ بهێنە بابزانم هەواڵ چییە. خۆ هەمووکەس لەدەرەوەی وڵات دەیانوت جەنگ تەواو بووە. ئەمجارە لەسەرچی جەنگ بەرپا بووە؟

((نیما لەسەرخۆ بەمنی وت))

- زۆر بیری لێمەکەرەوە وازبزانم بارودۆخ تەواو نییە.

- کەواتە تۆ شتێك بکە.

نیما- من چیبکەم؟ دایەگەورەت دەوێت بۆت داوابکەم؟ ئەگەر داوای دایەگەورە بکەین پێماندەدەن، بەڵام بیری یەڵدا لەمێشکتا بکەرە دەرەوە.

((لەهەمانکاتدا پورێ خان دەستیکرد بەقسەکردن))

پورێ خان- دەبێت شتێکتان بەخزمەت بکەیەنم، ئێمە ناکاوگیر بووین. لەڕاستیدا چاوەڕوانی خوازبێنیو شتی لەو چەشنەمان نەدەکرد.

((پورێ خان ویستی درێژە بەقسەکانی بدات، بەڵام نیما نەیهێشتو خۆی وتی))

- خودا بیبەخشێت شازادە کامەران میرزا. چ پیاوێك بووەو چ شتگەلێکی وتووە. نیما ئەو قسەیەی کردو پورێ خان یەکسەر بێدەنگ بووو روویکردە نیما))

نیما- حەیف کە ئێستا زیندوو نییە ئەگەرنا بارودۆخ بەمچەشنە نەدەبوو. گۆڕی پڕبێت لەنور، لەشوێنێکدا چەند شتێکیم خوێندەوە کە دەڵێت: «یەکێك لەهۆکارەکانی دواکەتنی ئێمە، ناکاو گیر بوونمانە. ئەوی دیکەشیان پەچەکرداری هەڵەیە لەم زەمانەدا».

((نیما ئەو قسەیەی کردو پورێ خان سەرێکی لەقاندو پرسی))

- نیما ئەفەندی تۆ لەکوێ بەو بابەتە گەیشتیت؟

نیما- عەرزم بەحزورتان شازادەخان ماوەیەك پێش ئێستا کتێبێکم لەهاوڕێیەکم وەرگرت، بەشێکی کتێبەکە لەسەر ژیانی شازادە کامەران دەڕۆیشت.

((ئاوڕم دایەوەو بەلای نیمادا ویستم شتێکی پێبڵێم کە خزمەتکارەکە بەسینییەك چاوە هاتە ژوورەوە و دەستیکرد بەفەرمووکردن. دەمویست بەنیما بڵێم ئەو قسانە چییە دەیکەیت. بەڵام دایەگەورە چەناگەی خستبووە سەردەستی و دەستیشی لەسەر چێودەستەکە دانابوو لەنیما رامابوو، ئەگەر من شتێکم بەنیما بوتایە یان ئاماژەیەك شتێکم بۆ بکردایە یەکسەر دایەگەورە ئاگادار دەبوو. پاش کەمێك پورێ خان وتی))



Scanned with CamScanner

- بەڕاستی شازادە کامەران قسەکانی لەجێگەی خۆیدا بووە. لەکاتی ناکاوگیریدا ئێمە نابێت بڕیار لەسەر هیچ شتێك بدەین.

((ئەوکاتە زانیم کە نیما شەیتان شتێکی چاکی وتووە و لەکاتێکی باشدا ئەو قسەیەی کردووە. خەریکبووم لەدڵەوە نزام بۆ نیما دەکرد کە دایەگەورە وتی))

- سیما گیان نەتووت ئەم چەند وەختەی کە ئێمە لێرە نەبووین لیرە چی ڕوویداوە؟

نیما- دایەگەورە من نیمام نەك سیما. سیما خوشکی ئەم سیاوەشەیە. من ناوم نیمایە نیما.

دایەگەورە- مینا؟!

((هەموو پێکەنینمان دەهات، بەڵام بەزۆر خۆمان گرتبوو))

نیما- بەڵێ دایەگەورەگیان هەر میناکە بڵێ عەیبی نییە. هەرهیچ نەبێت کاتێك بانگمدەکەیت تەنها خۆم وەڵام دەدەمەوە. وەختێ دەڵێیت سیما منو سیماخان لەوتێوەندەدا نازانین ئیشت بەکاممان هەیە.

دایەگەورە- تۆ دوو ناوت هەیە؟ سیماش‌و میناش؟

((ئیتر نەمانتوانی خۆمانبگرین بۆیە دەستمانکرد بەپێکەنین. هەروەك پورێ خان بەلایەوە خراپ نەبێت کە یەکێك سەربخاتە سەر دایەگەورە، هەرچەند پورێ خان خۆی زۆر بەقورس گرتبوو بەڵام خەریکبوو پێدەکەنی))

دایەگەورە- ئێستا هەرچییەك. بڵێ بزانم ئەم چەند وەختە بارودۆخ چۆن بووە؟

نیما- دایەگەورە گیان ئێوە لەناوەڕاستی جەنگدا لێتانداو ڕۆیشتن. ئێستا دە دوانزە ساڵە شەڕ تەواو بووە. من چۆن ڕاستییەکانی ئەم پانزە شانزە ساڵەتان بۆ بگێڕمەوە؟

((دایەگەورە هەربەوجۆرەی کە سەیری نیمای دەکرد سەرێکی لەقاندو بەحاڵەتێکی غەمگینەوە وتی))

- ئێی دونیا. هەموو گەنجە دە دوانزە ساڵەکانمان پانزە شانزە ساڵ بەدیل گیراون؟

((نیما لەدایەگەورە رامابوو. لەدوای کەمێك ئاوڕیدایەوە بەلای پورێ خانداو وتی))

نیما- بەڵێ، خەریکبووم عەرزم دەکردن. لەشوێنێکی تری ئەو کتێبەدا هاتبوو هەڵبەت بەگێڕانەوە لەشازادە کامەران میرزاوە، ئەو وتبوی کە گەورەترین ((زەربە)) ئینگلیزەکان لەئێمەیان وەشاندووە.

دایەگەورە- بەخودا درۆدەکەن، ئینگلیزەکان کام ((خزمەت))ە یان بەئێمە کردووە؟

((دووبـارە هەموو پێکەنین گرتینی، بەڵام کەس ڕووی نەهات پێبکەنێت. نیما دووبارە تەماشایەکی دایەگەورەی کرد، پاشان پیاڵە چاییەکەی هەڵگرت و دەستیکرد بەخواردنەوەی، پورێ



Scanned with CamScanner

خان وتی))

- ئەو بابەتانە لەڕێگەی دانوستانەوە لەگەڵ خۆیدا بەدەست هاتووە؟

نیما- نەخێر شازادەخان چەند لاپەڕەیەك زیاتر نییە. بەناونیشانی ((یادگاری)) لەدوای بەجێماوە.

(دایەگەورە بەتوڕەییەوە وتی))

دایەگەورە- ((دواکاریی)) یان هاتووە؟ ئەو باوك سەگانە هەرگیز ژیانی هاوسەری پێکناهێنن. هەموویان تولەسەگێك دهێنن‌و لەجێگەی منداڵ گەورەی دەکەن. ئەو کات لەهەموو شوێنێك ((درەختێك)) دەڕوێنن و دەڵێن ئێمەش ئامادەی زەماوەند کردنین‌و منداڵ بۆ خۆمان دروستدەکەین؟

((لەپڕدا نیما ئاوڕیدایەوە بەلای کاك پرهامداو وتی))

- بابەگیان بەلانیکەمەوە وەرگێڕێك بهێنن بۆ ئێرە تاقسەکانی ئێمە بۆ دایەگەورە وەرگێڕێت. کاتژمێرێکە من هەرچییەك دەڵێم دایەگەورە خەریکە ((دەیگۆڕێت))

((ئیتر نەمانتوانی پێش بەخۆمان بگرین‌و دەستمانکرد بەپێکەنین))

دایەگەورە- کەواتە باسی باشەتان کردم، بەڕاستی زۆر سەیرە!

((هەر کە دایەگەورە ئەو قسەیەی کرد نیما بەپشتدا خۆیدا بەسەر قەنەفەکەداو مات بوو، تەنها سەیری دایەگەورەی دەکرد. پورێ خان ئاماژەی بەدایکی یەڵدا کرد تاوەکو دایەگەورە لەهۆڵەکە بەرێتە دەرەوە. دایکی یەڵداش هەستاو بەبۆنەی ئەوەی کە گوایە کاتی خواردنی دەرمانەکانییەتی دایەگەورەی لەهۆڵەکە بردە دەرەوە. پاشان پورێ خان دوای لێبوردنی کردو وتی))

- گوێی دایەگەورە کەمێك گرفتی هەیە. بەداخەوە زۆر حەز بەئامادەبوون دەکات لەم باسانەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لەباسەکاندا.

((هەمووومان وتمان ئەوقسانە چییە؟ دایەگەورە تەنها کەمێك ماندووە». پاشان کاك پرهام خوڵکیکردین تامیوە بخۆین. من دڵ لەنێو دڵمدا نەبوو. بەڵام نیما پرتەقاڵێکی هەڵگرت‌و لەسەرخۆ دەستیکرد بەپاککردنی. زۆر لەدەستی قەڵس بووم. بەئارامی بانگم کردو لەسەرخۆ پێمووت))

- خەریکی بەدڵی ئاسوودە میوە پاك دەکەیت‌و دەیخۆیت؟

نیما- بۆتۆیشی پاك بکەم؟

- زەهری مار. ئێمە هاتووین بۆ ئێرە میوە بخۆین؟ ئاخر ئێستا کاتی میوە پاککردنە؟

نیما- دەی چیبکەم؟ پرتەقاڵەکە بەتوێکڵەوە بخۆم؟!

- شتێك بکە. شتێك بڵێ.

((نیما سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆیکردو بەئارامی وتی))



Scanned with CamScanner

- ئەگەر مەسەلەکەی کامەران میرزام لەخۆمەوە دروست نەکردایە لەحزەی یەکەم دەرکرابووین و ناوی پاکیان کردبوو بەدەستماندا. ئێستا پەلەمەکە بابزانم چیدەبێت.

((دەنگ لەهیچ کەسەوە نەدەهات. ئاوڕمدایەوە تەماشایکی باوکمم کرد، زۆر بێتاقەت دیاربوو. باوکی نیماش بەهەمان شێوە. سیماش دەموچاوی سور بوو بووەوە. لەژێر چاوەوە سەیرێکی پەلدام کرد. بەستە زمانە سەری داخستبوو. کەمێك هەروا بەبێدەنگی تێپەڕی تاوەکو نیما وتی))

- ماوەیەك پێش ئێستا لاوێکی ئێرانی لەهەندەران شتێکی داهێنابوو کە لەتەواوی دونیادا دەنگی دابووەوە. لەتەلەفزیۆنی خۆشماندا پیشانیاندا. بەڕاستی شایانی ڕێزگرتنە. ئەوانە کەسانە شایانی ئەوەن ڕێزیان لێبگیرێت. لەڕاستیدا ناوو شۆرەت هەر ئەمەیە. بۆ نموونە ئەم سیاوەشەی ئێمە. لەپێشبڕکێی چاودێریدا سێهەم کەس بوو. ئەمە پێیدەڵێن پێنازین، ناوو شۆرەت. خۆ مرۆڤ هەرنابێت کوڕی پوری شا بێت، یان کوڕی خاڵی سەرۆك وەزیر تاوەکو ناوو شۆرەت پەیدابکات. تەنها ئەو شتانە نرخییان هەیە.

((هەموو قسەکەی نیمایان قبوڵ بوو بۆیە سەریان بۆلەقاند. نیما ویستی دووبارە دەستبکاتەوە بەقسەکردن کە دایەگەورە لەدەرگای ساڵۆنەکەوە هاتە ژوورەوە و ڕۆیشت لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشت! هیچ هەواڵێکیش لەدایکی پەلدا نەبوو. هەموو پێکەنین گرتینی، نیما وتی))

- لەڕاستیدا ناوی ئێران و ئێرانییەکان بەهۆی ((فردەوسی، سەعدی، حافز، خییام))ەوە بەنەمری ماوەتەوە. وادەزانن باوکی ئەوان کێبوون؟ هەموویان کوڕی ئیمپراتۆرو شاو ئەو کەسانە بوون؟ نەخێر. بەپێچەوانەوە خییام باوکی ((خێمە دوور)) بووە.

((دایەگەورە کە لەنیما رامابوو بەنیمادا وتی))

- مینا گیان باوکی ئەو داواکارە ((پینەچیی)) بووە؟

((نیما تەواو بێتاقەت بوو بوو، وتی))

- نەخێر باوکی ئەو ((بۆیاخچی)) بووە.

دایەگەورە- شۆفێری ((تاکسی)) بووە؟

((لەپڕدا هەموومان دەستمانکرد بەپێکەنین، تەنانەت پوری خانیش سەری داخستبوو پێدەکەنی، پاشان دایەگەورە وتی))

- باوکی لەفەرەنگستان شۆفێری تاکسی بووە یان لێرە؟

((دووبارە هەموو بەئارامی دەستمانکردەوە بەپێکەنین. نیماش سەری خستبووە ناو دەستییەوەو هیچی نەدەوت. کاك پرهام لەبەرئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت وتی))



Scanned with CamScanner

- بەڵێ. بێگومان ناوی ئێران بەزاناکانییەوە زیندووە.
((کاک پرهام ئەم قسەیەی کرد و نیماش سەری بەرزکردەوەو وتی))
- بەندەش دەیویست ئەوە بڵێت. ناوو شۆرەت و شەجەرە بەڕێگەی خۆی، بەڵام شتگەلێکی دیکەش هەیە کە مرۆڤ بتوانێت پێوەی بنازێت و شانازی پێوەبکات.
((لەگەڵ نیما ئەو قسەیەی کرد. دایەگەورە قۆڵی نیمای گرت تاسەیری بکات، کاتێك نیما سەیری کرد دایەگەورە وتی))
- بەڵام مینا گیان شۆفێری تاکسییەکانی ئەوێ پارەیەکی باش پەیدادەکەن.
نیما- توخودا دایەگەورە تەنها سەرمەخەرە سەرمن، کەمێکیش سەریخەرە سەر ئەوانی دیکە.
دایەگەورە- نەخێر سەربەسەرناکەن. لەنیوەی زیاتری پارەکەیان قازانجە. دووهەنگاوت دەبەن، بەپارەی خۆمان چەند هەزارتمەنت لێدەسەنن.
((من ئیتر خەریکبووم لەپێکەنیندا دەمردم. بەڕاستی کەشی میوانییەکە گۆڕابوو. هەمو سەریان داخستبوو پێدەکەنین. تەنها نیما بوو کە بەداماوی لەدایەگەوەری دەڕوانی، دایەگەورەش هەر سەیری دەمی نیمای دەکرد، تەنها لەبەرئەوەی بزانێت چیدەڵێت. تاوەکو خێرا وەڵامی بداتەوە. لەهەمانکاتدا دایکی یەڵدا هاتە هۆڵەکەوەو لەگەڵ چاوی بەدایەگەورە کەوت وتی))
((ئاه...! دایەگەورە تۆ لێرەیت؟ ساتێك وەرە بۆئێرە کارم پێتە))
((دایەگەورە سەیرێکی دایکی یەڵدای کرد، پاشان ئاوڕیدایەوە بەلای نیماداو وتی))
- ئێ مینا گیان خەریکبووین قسەمان دەکرد، باسی چیمان دەکرد؟ ئەها کوڕەکە خۆی ئیش و کاری چییە؟
((نیما وەڵامی دایەگەورەی نەدایەوەو روویکردە کاک پرهام و وتی))
- لەسەر دەرگای رێکخراوە نەتەوەییەکان شیعرێکی ((سەعدی شیرازی))یان نوسیووە. ئەمە زۆر گرنگە لەنێو هەموو شیعری دونیادا شیعری شاعیرێکی ئێرانی هەڵبژێردرێت. ئەمە پێنازینی دەوێت. باوکی سەعدی کێبووە؟ ئەوەتا کوڕەکەی بوەتە کەسێك کە هەموو دونیا بیرۆکەکانی ئەویان قبوڵە، رێزی لێدەگرن، تا ئێستاش ئاشکرا نەبووە باوکی کێ بوەو چکارە بووە. بەڵام کوڕەکەی زاناو رۆشنفیکرو عارف و (شاعیرە).
((نیما ئەو قسەیەیکردو دایەگەورەش دووبارە قۆڵی نیمای راکێشا تاوەکو نیما سەیری کرد. پاشان دایەگەورە وتی))
- کوڕەکە ((شەلاعە))؟!



Scanned with CamScanner

نیما- خودایە پمکوژە تارزگارمبێت لەدەستی دایەگەورە! بەخودا قوڵمت دەرهێنا وازلەو بێخاوەنە بێنە. کێ شەلاعە؟

دایەگەورە- نانەواکە موڵکی خۆیەتی؟

نیما- نەخێر، ئەو هەویر شێلە، بەپشتیوانی خودا یەك دوو ساڵێکی تر دەوڵەمەند دەبێتو نانەواکە دەکرێت.

((ئیتر مەسەلەکە بەجۆرێکی لێهات کە بەڕاستی نەمانتوانی پێش لەخۆمان بگرینو دەستمانکرد بەپێکەنین. نیما تەواو هیلاك بوو بوو. تائەوکاتە نیمام نەبینیبوو بەو چەشنە تورەبێت. بەئارامی بەنیمام وت))

- نیما بۆچی وادەکەیت؟ ئەم پیرەژنە داماوە گوێی گرانە خۆ بەدەستی ئەنقەست ئەو قسانە ناکات.

نیما- بەگیانی تۆ هۆشو بیری بۆ نەهێشتووم. ناهێڵێت تەرکیز بخەمە سەر ئەو شتانەی کە دەمەوێت بیبانڵێم. هەرلەگەڵ وشەیەك دەڵێمو دەمەوێت بابەتەکە بگەیەنمە گوێی بیسەران، ئەو شتێك دەڵێتو هەمووی تێکدەدات بەسەریەکدا.

((دایەگەورە هەروەك لەپێکەنینەکەی ئێمە حاڵی بووبێت کە قسەیەکی خراپی کردبێت خۆشی دەستیکرد بەپێکەنینو پاشان بەنیمای وت))

- مینا گیان من شتێکی خراپم وتووە؟

((نیما دڵی پێی سوتاو دەستیکرد بەپێکەنینو زیاتر لەدایەگەورە نزیك بووەوەو بەدەنگی بەرز وتی))

- نەخێر، دایەگەورە گیان ئێمە بەشتێکی تر پێدەکەنین.

((هەرکە نیما ئەو قسەیەی کرد هەروەك هەموو دونیایان دابێت بەدایەگەورە وابوو لەناخی دڵەوە بزەیەکی کردو وتی))

- ئەوکاتانەت لەبیرە کە ئێمە هێشتا نەڕۆیشتبووین بۆ فەرەنگ تۆ دەهاتیت بۆ کۆڵانو سواری پاسکیل دەبوویت؟

((نیما دەستیکرد بەپێکەنینو دەستی دایەگەورەی خستە ناو دەستی خۆیەوەو وتی))

- بەڵێ دایەگەورەگیان لەبیرمە، تۆش نوقڵو چەرەساتت پێدەدام.

((رەنگە ئەو چەند وشەیەبوبێت کە خۆشەویستییەکی زۆری لەنێوان دایەگەورەو نیمدا دروستکردبێت. بەڵام وادیاربوو کە پورێ خان حەزی بەو پەیوەندییە نەدەکرد. پورێ خان ئەهلی



Scanned with CamScanner

پۆزو فیزو ئەو شتانە بوو. حەزی نەدەکرد ئەو پێرو کۆمەڵەی کە ئەوی تێدایە دایەگەورەی لێبێت‌و بەقسە هەلەق‌و مەلەقەکانی ببێتەهۆی مەسخەرەکردن لەلایەن خەڵکییەوە. دایەگەورەش دەست بەردارنەدەبوو، بەهەرجۆرێك بوایە بەشداریی لەو پێرو کۆمەڵانەدا دەکردو بەوگوێ گرانانەیشییەوە دەچووە ناو هەموو باسێکەوە. لەسەرێکیشەوە پورێ خان نەیدەتوانی شەجەرە نامەی بنەماڵەکەی بخوێنێتە، بۆ؟ چونکە دایەگەورە زیاتر نزیکبوو لەبنەماڵەی قاجارییەوە. پورێ خان لەبەر ئەوە بوو حەزی نەدەکرد چاوی بەدایەگەورە بکەوێت. رەنگە ئیرەییشی بەوە بردبێت کە نیما دەستی خستە ناو دەستی دایەگەورەوە. پورێ خان بەبێزارییەوە وتی))

- باشتر وایە من هەرئێستا وەڵامی ئەم خوازبێنییە بدەمەوە تاچیتر ئێوە چاوەڕوان نەبن، وەك خۆتان دەزانن ئێمە بنەماڵەیەکی نەجیب زادەین‌و تەنها خوێنی شازادەکان لەڕەگماندایە. بەڵداش بەهەمانشێوە، هەڵبەت بنەماڵەی ئێوەو کاك فەترەت بنەماڵەیەکی زۆر رێك‌وپێك‌و خانەدانن، بەڵام مۆڵەت بدەن هەرکەس ئەوە بێت کە هەیە. ئێمە وەك خۆمان پارە هیچ بەهایەکی لامان نییە. بەڵام دەبێت لەگەڵ بنەماڵەیەکدا زەماوەند بکەین کە وەك خۆمانبن. من داوای لێبوردن لەئێوە دەکەم. ئەگەر ئێمە پێشتر لەنیازی دڵی ئێوە ئاگاداربوایەین، بێگومان بەچەشنێك ئاگادارمان دەکردنەوە تاوەکو توشی زەحمەت نەبن‌و لەحزورتات بەشێوەیەکی تر لەزەمان دەبرد. دەبێت بمانبەخشن، هاتنە ناو ئەم بنەماڵەیە مەرجی تایبەتی خۆی هەیە.

((کاتێك پورێ خان ئەو قسەیەی کرد هەموو خەریکبوو تێکبچین. ئاوڕمدایەوە بەلای یەڵدادا بینیم تەنها تەماشای زەویەکە دەکات‌و بەهیچ شێوەیەك سەری بەرزناکاتەوە. بەملامدا ئاوڕمدایەوە سەیری باوکمم کرد روخساری سوور هەڵگەڕابوو، باوکی نیما لەتاو توڕەیی سەیری کەسی نەدەکرد. دایکم‌و دایکی نیماو سیما تەنها سەیری پورێ خانیان دەکرد. کاك پرهامیش سەری داخستبوو. دڵم شکا. چاوەڕوانی شتێکی لەوجۆرەم نەدەکرد. بەتایبەت لەم سەردەمەدا. پورێ خان بەجۆرێك قسەی کرد کە جێگەی هیچ قسەیەکی تری نەهێشتەوە. ئاوڕمدایەوە بەلای نیمادا. دەمویست دوو قسەی زۆر ناشرین بەو پورێ خانە بڵێم تادڵم ئاسوودە بێت. بەڵام کە نیمام بینی بزەیەك لەسەر لێویەتی‌و بەئاسوودەیی پرتەقاڵ دەخودات‌و تەماشای پورێ خان دەکات. نازانم بۆچی لەپڕێکدا ئارامییەکەی نیما کاریتێکردم‌و منیش کەمێك ئارام بوومەوە. لەهەمانکاتدا باوکم لەجێگەی خۆی هەستاو مۆڵەتی بەوەڕسییەوە لەدەرگایەکی ترەوە رۆیشتە دەرەوە. کاتێك گەیشتینە بەردەرگای حەوشەکە تەماشای رۆیشتنی خواست، ئێمەش هەستاین. لەگەڵ ئێمە بەرەو دەرگای هۆڵەکە وەرێکەوتین یەڵدا نهۆمی سەرەوەمکرد. یەڵدا لەپشتی پەنجەرەی ژوورەکەیەوە وەستابوو تەماشای منی دەکرد.



Scanned with CamScanner

نەمدەویست چاوی لەسەر لابەرم، بەڵام نیما دەستی گرتم و لەگەڵ خۆیدا بردمییە دەرەوە.

لەماڵی یەڵدا هاتینە دەرەوە، لەسەرخۆ بووم، بەڵام زۆر خەمگین بووم. ئەوانی تریش هەربەو شێوەیە بوون، باوکم پێیوتم))

- سیاوەش بابڕۆین.

نیما- ئێوە تەشریف بەرنەوە من کەمێک ئیشم بەسیاوەش هەیە. دوایی خۆم دەیهێنمەوە.

((دایکم و باوکم سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون، سیما هاتە بەردەمم و بزەیەکی کردو وتی))

- بزانە کە دونیا بەکۆتایی نەگەیشتووە.

((منیش بزەیەکی درۆینەم بۆ کرد))

سیما- نیما شتێک بدە بەسیاوەش تابیخوات. ئێوارەش نانی نەخواردووە.

نیما- بەسەرچاو. ئەگەرچی ئەم بەیانییە بەئەندازەی سێ گا خواردوە، بەڵام ئێستا لەبەرەئەوە تۆ دەفەرموویت بەسەرچاو. دەیبەم هەرچەندێک حەزی لێبێت ((ئالیک)) هەڵدەڕژمە بەردەمی تابیخوات! بەسەرچاو!

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین و ڕۆیشت تاسواری ئۆتۆمبێلەکە ببێت))

نیما- بەسەرچاو، بەسەر دیدەم! تۆ فەرموو تەشریف بەرەوە بۆ ماڵەوە یاخوا هەرچی دەردو بەڵا بۆ ئەو برایەت دێتە خوارەوە بکەوێت لەمن!

- هێی ئەوە دەڵێیت چی؟

نیما- ناتوانم بەقوربانی هاوڕێیەکم بم؟ وەرە سواربە باکەمێک بگەڕێین.

((ماڵئاواییمان لەدایک و باوکی نیماش کرد، کە ئەوانیش زۆر بێتاقەت بوون. من و نیما ڕۆیشتین سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و وەڕێکەوتین. نیما کاسێتێکی کردە تەسجیلەکەوە کە مۆزیکێکی زۆر هێمن بوو. زۆر دڵم تەنگ بوو. وام هەستدەکرد یەڵدام لەدەستداوە. نیما دەستیکرد بەقسەکردن و سەرخستنە سەرم، بەڵام من وەڵامم نەدایەوە بۆیە ئەویش بێدەنگ بوو، بارانیش نم نم دەستی بەبارینکرد. نیما ڕۆیشت بەرەو شەقامێکی گەورە تا گەیشتینە ترافیکێک. ترافیکەکە پڕ بوو لەخەڵکی چاوەڕوانی تاکسی و پاس بوون تابێت و سواریان بکات. ئێمەش لەلای ڕاستی شەقامەکەوە دەڕۆیشتین. جامی ئۆتۆمبێلەکە تەم گرتبووی، من جامەکەی لای خۆمم دادایەوە تا تەمەکە نەمێنێت. دووکچ لەبەردەمماندا لەسەر شەقامەکەدا ڕاوەستابوون. یەکێکیان بەتەواوەتی تەڕبوو بووو، ئەو هاتە پێشەوەو سەری لارکردەوەو بەنیمای وت))

- ببورە کاکەگیان (خواجە نەسیر) ئەهلی بخۆر بخۆر بووە؟



Scanned with CamScanner

نیما- بەخودا من زانیارییەکی وام لەسەر جەنابیان نییە، بەڵام وانازانم ئەهلی بخۆر بخۆر بوو بێت. ئێستاش حەزدەکەیت لەچەند کەسێکی تر بپرسن بەڵکو ئەوان زیاتر بزانن!

((دەستمکرد بەپێکەنین‌و جامەکەم هەڵدایەوە))

- ئەوە بۆچی ئەوەندە قسەی هەلەق‌و مەلەق دەکەیت؟

نیما- بۆچی تۆ دەڵێیت ئەهلی بخۆر بخۆر بووە؟

- برۆ بێتام. بۆچی گاڵتە بەخەڵکی دەکەیت؟ شەرمناکەیت ئەو شتانە دەڵێیت؟

((لەگەڵ من ئەو قسەیەمکرد نیما لەلای خۆیەوە دوگمەی جامەکەی منی دادایەوەو بەدوو کچەکەی وت کە هێشتا پێدەکەنین))

- ببورن خانمەکان، ئێمە نە دەزانین ئەهلی بخۆر بخۆر بوون نە نەبوون. تکاتان لێدەکەم ئەم وەڵامەی ئێمە پەخش مەکەن با نەبێتە دەردی سەری بۆمان.

((پاشان نیما جامەکەی بەرز کردەوەو بەمنی وت))

- بەدڵت بوو؟ ئێستا ئەگەر هەر پەخشیشی کەن ئێمە وەڵامێکی چاکمان داوەتەوە. نە وتومانە بەڵێ، نە وتومانە نەخێر. باشە بەئێمە چی؟ ئەوانەی کە ئێستا خەریکن دەخۆن بۆچی کەس قسەناکات. ئێستا وەمان ئەو داماوانە چەندین ساڵ پێش ئێستا خواردوویانە. ئەوانەیان واز لێهێناوە کە ئێستا دەیخۆن ڕۆیشتوون بۆ سۆراغی ئەو داماوانە، ئەگەر دەوێرن برۆن سۆراغی ئەوانە بکەن کە ئێستا دەخۆن‌و کەسێکیش نییە پێیان بڵێت پشتی چاوتان برۆیە. کابرا هەموو مانگێك حەوت سەد هەزار وەردەگرێت. ئەوکات بینای کردووەتەوە سێ نهۆمی هەر باڵەخانەیەکیشی حەوت سەد مەترە. مەتری چەندت پێبڵێم تابەرگەی بگریت. هەر دەشڵێین ئێمە خزمەتگوزارین. ئێستا خزمەتگوزاری کێ، خودا دەزانێت. خودا ئەو کەسە زەلیل کات کە ماڵی خەڵکی دەخودات.

- بابەگیان ئەو مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟

نیما- چۆن نییەتی؟ خەریکن ماڵی من‌و تۆ دەخۆن، ماڵی تۆش دەخۆن. ماڵی باوکی منیش دەخۆن، ماڵی باوکی تۆش دەخۆن، ئەوکات ئیتر هیچ بۆ خۆمان نامێنێتەوە، هەمووی ئەوان خواردویانەو ڕۆیشتون بەلای کاری خۆیانەوە. هەر کاتێکیش ویستمان ژن بێنین. ئەگەر کچەکە وتی وەرە بزانم چیت هەیە. چی وەڵام بدەینەوە؟ کاتێ زانی خاوەنی هیچ نین‌و کەسێکی تر بەشەکەی خواردوین‌و ئێمەش ناتوانین ژیانێکی باش بۆ خۆمان پێکەوە بنێین. خوایە بەدەردیان بێت.

((بەتوڕەییەوە تەماشایەکی نیمام کردو پێمووت))

- من بیر لەچی دەکەمەوەو تۆش بیر لەچی دەکەیتەوە.



Scanned with CamScanner

نیما- وازبێنە بابەگیان ئەوەندە تاقەتت خۆشە. یەڵدا نەبوو یەکێکی تر.

- من جگە لەیەڵدا لەگەڵ هیچکەسێکی تردا زەماوەند ناکەم.

نیما- بەڕاستی تۆ کەسێکی زۆر بێنەفلێت. بەدبەخت هەر ئەو یەڵدایەی کە ئێستا تۆی توشی خەمۆکی کردووە. ئەگەر ببێتە هاوسەرت پاش ماوەیەك وات لێدەکات رقت لەهەموو شەوەکان بێت، چ بگات بەدوورو درێژترین شەوی ساڵ کە شەوی یەڵدایە. ئەوەندەت شەجەرەنامەی بنەماڵەکەی بۆ دەخوێنێتەوە تاکەچەڵت دەکات و یەك تاڵ موو بەسەرتەوە نامێنێت، واز لەو کچەو پورە پێش زاین لەدایك بووەکەی بهێنە.

- چەنەبازی مەکەو مەگەیەنەرە ماڵەوە، چونکە تاقەتی بیستنی ئەم قسە بێتامانەتم نییە.

نیما- چیبوو؟ پێت ناخۆش بوو؟ ناڕەحەت بوویت قسەم بەپورێ خان و شەجەرەی قاجاری دا؟ خانم ئەوەندە شانازی بەبنەماڵەکەیەوە دەکات وا دەزانێت. وەچەی ((میرزا تەقیخانی ئەمیر کەبیر))ە! دەبێت دووکتێبی مێژوی بۆ ببەم و بۆی بخوێنمەوە تابزانێت کە ئەو قاجاریانە چەندە مرۆڤگەلێکی هیچ و پوچ بوون. چەندین ساڵ خوێنی ئەم میلەتەیان کردووەتە شوشەوە، تاوانکار بوون، هێشتا شەرمی کوشتنی ئەمیرکەبیر لەدۆسیەکەیاندا هەیە. هەر ئەوانیش ئینگلیزەکانیان هێنایە ئەم وڵاتەوە. ئێستاش پورێ خان شانازییان پێوە دەکات.

- مەگەر من بەنیازم بڕۆم ((ناصرالدین شاه))ی قاجار بهێنم وا تۆ ئەو قسانە بەمن دەڵێیت؟

نیما- بەنیازیش بویتایە نەماندەهێشت. ئەو یەڵدا خانمە لەو خانمانە نییە کە تۆ بتوانیت ژیانی لەگەڵدا بەسەر بەریت.

- بابگەڕێینەوە چونکە حەوسەڵەم نییە.

نیما- سیماخان دەستوریانداوە بتبەم نانت پێبدەم بیخۆیت. تا نان نەخۆیت ناتوانیت بڕۆیت.

- باشە ئەگەر ئیشتیهای خواردنم نەبێت ئەوکات چی؟

نیما- کاتێك تیکەی یەکەمت خستە دەمتەوە ئیشتیهات دەکرێتەوە.

- من بەهیچ شێوەیەك دەمم بۆ خواردن ناکرێتەوە.

نیما- کێشە نییە. بادەمت نەکرێتەوە. لەڕێگەیەکی ترەوە خواردنت پێدەدەم! سیماخان نەیووت تیکە لەدەمەوە وەربگریت یان لەجێگەیەکی کەوە. تەنها دەستووریدا خواردنت پێبدەم.

((خولاسە نیما بەزۆر بردمیە چێشتخانەیەکەوەو داوای خواردنی کردو ناچاری کردم چەند تیکەیەك بخۆم. پاشان گەڕاینەوە بۆ ماڵی نیما. نیما دەیویست نەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان. دەیویست پێکەوە بین تامن لەوە زیاتر بێتاقەت نەبم. نیما لەبەردەمی ماڵی خۆیاندا لەئۆتۆمبێلەکەی دابەزی و



Scanned with CamScanner

ڕۆیشت دەرگای حەوشەکەی کردەوە. کاتێك خەریکبوو دەگەڕایەوە سەیرێکی ماڵی یەڵدای کردو کەمێك ڕاوەستا، پاشان سواری ئۆتمبێلەکە بوو، ڕۆیشتە ژوورەوە. لەژوورەوە لەئۆتۆمبێلەکە دابەزیمو بەنیمام وت))

- نیما من دەبێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. چونکە بەوجۆرە ئاسوودە ترم.

نیما- تۆ ڕاوەستە کارم پێتە.

- بیخەرە بەیانی ئێستا تاقەتم نییە.

((دوو بەدوو لەماڵی نیما هاتینە دەرەوەو نیما دەرگای حەوشەکەی داخست. من ویستم خوداحافیزی لێبکەم بەڵام نیما وتی))

- بابەگیان چرکەیەك ڕاوەستە کارم پێتە.

((پاشان نیما ڕۆیشتە سەر شۆستەکەو دەستیکرد بەتەماشاکردنی ماڵی یەڵدا. تێدامابووم کە نیما دەیەوێت چیبکات. بەهیچ جۆرێك حەزم نەدەکرد سەیری ئەو ماڵەبکەم. دەترسام یەڵدا لەپەنجەرەکەوە ببینمو حاڵم لەوەی کە هەبوو خراپتر بێت. لەدوای چەندچرکەیەك نیما دەستیکرد بەفیکەلێدان))

- ئاە...! نیما بۆچی وادەکەیت ناشرینە.

نیما- تۆ بۆ ساتێك بێدەنگبە.

- نیما دەڵێم ئەوە کردەوەیەکی ناشرینە.

نیما- بەتۆچی؟ من خەریکم خۆشەویستەکەی خۆم بانگ دەکەم. دایەگەورە لەباڵەکۆنەکەدا دانیشتووە دەمەوێت بانگی بکەم.

- تۆ چ ئیشێکت بەدایەگەورە هەیە؟

نیما- تۆ پەلەمەکە ئاپێت بڵێم.

((نیما دووبارە دەستیکردەوە بەفیکە لێدانو هەڵبەزو دابەزکردنو دەست ڕاوەشاندن))

- نیما من دەڕۆم.

نیما- بۆکوێ؟

- بۆماڵەوە، تۆش هەر بێنەقلیەك دەکەیت بیکە.

نیما- باشە تۆ بڕۆ. بەیانی پەیوەندیت پێوەدەکەم.

- بەبێ هۆ تەلەفۆن مەکە. حەوسەڵەم نییە. دەمەوێت بەتەنهابم، حەزدەکەم هیچ کەس نەبینم. تاقەتی هیچ کارێکیشم نییە. ڕەنگە بشڕۆم بۆ سەفەر.



Scanned with CamScanner

نیما- ئەی کۆمپانیا چی؟

- تاقەتی ئیشکردنیشم نییە.

نیما- ئاخر ئەگەر تۆ بڕۆیت بۆ سەفەر سیماو ئەوان بەتەنها دەبنو خەفەتبار دەبن. دەتەوێت من بڕۆم بۆلایان؟

- بڕۆ ونبە بێتام. خوات لەگەڵ.

نیما- ڕاوەستە بزانم کوڕە چواردە ساڵەکە. ئەم هەموو خەڵکە لەدونیادا هەموویان بەو شێوەیەی تۆ عاشق دەبن؟ هەر لەبەر ئەوەی دایكو باوکی کچەکە ڕەدیان کردویتەتەوە؟

- من ئاوام.

نیما- کەواتە تۆ لەمەجنون مەجنون تری. چونکە مەجنونیش وەك تۆ نەبوو. بیستومە ئەوکاتەی کە عاشقو شەیدا ی لەیلا بووە هەر ئەوکاتە هەمیشە لەبیابانەکاندا گەڕاوە گریانو زاری بۆ لەیلا کردووە، هەر لەوکاتەدا ئەگەر هەر هیچ نەبێت، دڕکێك، دارێکی وشك، پارەماڵێك، چڵو چێوێك. شتێکی بەردەست کەوتبێت کۆیکردووەتەوەو لەسەر ڕێگەکەیدا لەیەکەمین شار، کە پێیگەیشتبێت فرۆشتوێتیو کاسبی کردووە. بیستومە، واتە لەکتێبدا خوێندومەتەوە بەپێی ئەژمارێکی ورد، ڕۆژی دە فەردە چڵو چێوی فرۆشتووە. لەدوای ئەوەو  پاش ماوەیەك هەواڵی بۆ لەیلا ناردووە کە جارێ چاوەڕوانی نەبێت، چونکە کاسبییەکەی چاکە، بەخێرهاتی! فەرموو بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە.

((نیما ئەو قسەیەی کردو ڕۆیشتەوە بۆ سەر شۆستەکەو دەستیکردەوە بەدەست ڕاوەشاندن بۆ ماڵی یەڵدا. منیش بڕیارمدا هیچ نەڵێم تاهەرچییەك کە دەوێت بیکات. دوو سێ هەنگاو لێی دوورکەوتمەوەو دڵم تاقەتی نەگرت گەڕامەوە، ڕۆیشتمە تەنیشتییەوەو لەسەر شۆستەکە ڕاوەستام، تەماشای ماڵی یەڵدام کرد. دایەگەورە لەهەیوانەکەیاندا لەسەر کورسییەك دانیشتبوو خەریکبوو گوێی بۆ رادیۆ دەگرت. دەنگی رادیۆکە ئەوەندە زۆر بوو کە ئێمە بەئاسانی دەمانبیست))

نیما- ئاخر فەرەخ لیقاگیان. بەقوربانی ئەو خاڵەی سەر گۆنات بم. یان پاتری گۆیەکەکەت بگۆڕە یان دەنگی رادیۆکە نزم بکەرەوە تادەنگی منی داماو ببیستیت. ئەوندەم فیکە لێدا ئێستا دراوسێکان پەیوەندیی بەپۆلیسی فریاکەوتنەوە دەکەنو پۆلیسێك مۆلیسێك دێت پەلکێشمان دەکات.

- باشە نیما خۆ ئەو گوێی لەهیچ نییە.

نیما- بۆت نییە سوکایەتی بەدەستگیرانی من بکەیت. یارم شت دەبیستێت بەڵام بەکەمیی! ئەویش لەبەرئەوەیە کە هێشتا منداڵە. هێشتا پەردەی گوێی بەتەواوەتی نەهاتووەتە ئاستی ئەم تەمەنەی ئێستایەوە. ئەگەر کەمێك گەورەتر بێت پەردەی گوێی چاك دەبێتو کێشەکەمان چارەسەر



Scanned with CamScanner

دەبێت. تەمنی هەر نییە، ئەو منداڵە بەستەزمانە!

((پێکەنین گرتمی))

نیما- ئەها. ئێستا خەریکی دەبێتە مرۆڤ. دانیشە تاببینیت کاکە نیمات چی شتێك هەیە کە لەدەستی نەیەت.

((نیما ئەو قسەیەی کردو نوشتایەوە لەسەر زەوییەکە چەند بەردێکی هەڵگرت و گرتییەماڵی یەڵدا))

- نیما لەوە چیدەکەیت؟!

نیما- بەتۆچی؟ تۆ بڕۆ بۆماڵەوە بەیانی وەرە وەڵامەکەی وەرگرە.

((تامن ویستم دەستیبگرم دوو سێ بەردی تری هەڵدا، لەپڕدا دایەگەورە ئاگاداری ئێمە بوو، نیما دەستێکی بۆ راوەشاند. دایەگەورە لەگەڵ چاوی بەنیما کەوت خۆشحاڵ بونێك خۆشحاڵبوو کە بەڕاستی باس ناکرێت. دایەگەورە بەخێرایی هەستایەوەو لەپلیکانەکان هاتە خوارەوە، بەرەو لای دەرگای حەوشەکە وەڕێکەوت. لەدوای چەند چرکەیەك دەرگاکەی ماڵی یەڵدا کرایەوە، دایەگەورە هاتە دەرەوەو بەپێکەنینەوە بەنیمای وت))

- بێئەدەب بۆچی بەرد دەگریتە ماڵی خەڵکی؟

نیما- ((کارم)) پێتانە.

دایەگەورە- ((لۆریت)) هەیە؟

نیما- دەمویست شتێکتان پێبڵێم.

دایەگەورە- دەتویست شتێکم پێبدەیت؟!

نیما- هیچ بابەگیان ((وازی لێبێنە))

دایەگەورە- چی ((شلکەم))؟! ئەو خۆی ئیش ناکات تاشلی بکەمەوە یان توندی بکەمەوە. لەوکاتەوەی کە تۆ وتوتە جەنگ دەستی پێکردووەتەوە. ئەم رادیۆ دوابڕاوەم ئیش پێکردووە، بەڵام هیچ پەخش ناکات. وابزانم بەرنامەکەیان پچڕاندووە.

نیما- برا رۆ چی بەرنامەکەیان پچڕاندووە؟! خۆ ئەو بێژەرە داماوە لەناخی دڵەوە ((نەڕە نەڕ)) دەکات!

دایەگەورە- بێژەری رادیۆکە خەریکە چی بە((هەدەر))دەبات؟!

((نیما رادیۆکەی لەدەستی دایەگەورە گرت و وتی))

- بەم دەنگە دەنگە کە تۆ ناوتەتەوە هەموویان دەزانن کە ((هاتویتەتە بەردەرگا))



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- ((هاتویت برۆین بۆ دەرەوە))؟ بەم نیوەشەوە؟!

((من خەریکبووم لەپێکەنیندا دەمردم، نیما گۆیەکەی لەگیرفانی دایەگەورە دەرهێناو سەیرێکی کردو وتی))

- بابەگیان خۆ ئەمە وایەرەکەی پێوە ((رەبت))نییە.

دایەگەورە- چی؟ جۆرەکەی ((ئەسڵ)) نییە؟ یابانی ئەسڵە.

((ئەوەندە پێکەنیم کە ڕۆیشتم لەسەر قەراخی شۆستەکە دانیشتم. بەڕاستی قسەکردنی ئەو دوو کەسە شایانی تەماشاکردن بوو. ئەم شتێکی دەوت ئەو شتێکی تری وەڵام دەدایەوە. نیما ئاوڕی دایەوە بەلای مندا وتی))

- ئاگات لێە لەپێناوی تۆدا چ بەدبەختییەك دەکێشم.

دایەگەورە- ئێستا ئیشت چیبوو کە وا بەردت بۆ هەڵدەدام؟

نیما- دەمویست ((هەواڵێکتان پێبگەیەنم))

دایەگەورە- ((زەرەرێك بەمشکەکەمان بگەیەنیت))؟!

((من خەریکبووم لەپێکەنیندا دەبورامەوە. نیماش لەداخاندا خەریکبوو دەستی دەکردە گریان. ئاخیرەکەی گۆیەکەکەی دایەگەورەی بردە ژوورەوەو لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بەتاڵێك وایەر چاکی کردەوە. کاتێك دایەگەورە گۆیەکەکەی کردەوە گوێی وادیاربوو کە خراپ نییە.

نیما- دایەگەورە ئێستا چاکتر بوو؟

- ((دایەگەورە کە تۆزێك زیاتر دەنگەکانی دەبیست وتی))

- بەڵێ کوڕەکەم زۆر باشترە. کەواتە ئەم شتە پیسە خراپ بوو بوو بۆیە کەمێك بەکزی دەنگی دەهێنا؟!

((نیما تەماشایەکی دایەگەورەی کردو وتی))

- بابزانیت گوێی تۆ پێویستی بەو شتانە نییە. تۆ هەر لەخۆتەوە برێك پارەت پێداوە.

دایەگەورە- ئێستا بڵێ بزانم مینا گیان ئیشت چیبوو؟

نیما- دایەگەورەگیان لەڕاستیدا ئەمڕۆ کاتێ هاتین بۆ ماڵی ئێوە، پورێ خان کۆمەڵێك شتی دەربارەی تۆ بەئێمە وت. سەرەتا نەمدەویست پێتبڵێم، بەڵام تەماشام کرد تۆ لای خەڵك خۆشەویستیت و دراوسێت باش نییە ئەو قسەیەت لێ بشارمەوە.

((دایەگەورە کە هەموو هەستی لای نیما بوو پرسی))

- پورێ خان لەپاشملە باسی منی لای ئێوە کردووە؟



Scanned with CamScanner

نیما- شتێکی خراپی نەوت. تەنها دەیووت لەکاتی تۆپ قەرساندنی ئەنجومەندا، گوایە تۆ کچێکی ((پێگەیشتوو)) بویت.

دایەگەورە- من لە((پایتەخت)) بووم؟! واتە کاری من بووە؟

نیما- پێگەیشتوو. پێگەیشتوو. نەك پایتەخت.

دایەگەورە- پورێ خان زۆر بێجای کردووە. ئەی خۆیی لەبیر چووە، کە زەمانی ((ئەحمەد شاە)) کاتێك کە حیجاب ئاشکرا کرا تەمەنی بیست ساڵ بوو.

نیما- ئاشکراکردنی حیجاب کە ((رەزا شاە)) کردی.

دایەگەورە- ئەی پێگەی هونەری کێ دروستیکرد؟

نیما- ئەو ((ئەمیر کەبیر)) دروستیکرد.

دایەگەورە- ((سەفیر کەبیر)) دەزانم کە بەشەودا کەشکۆڵەکەی‌و تەورزینەکەی هەڵدەگرت، پاشان پۆشاکی دەروێشی لەبەردەکردو دەچووە ناو شارەوەو سەری لەخەڵکی دەدا.

نیما- دایەگەورە- ئەوە ((شاە عەباس)) بوو!

دایەگەورە- ((شاە تەهماس)) کردیانە گەورەترینی شاکان.

نیما- بابەگیان ئەوە ((محمد خان)) بوو.

دایەگەورە- ((مزەفەرخان)) مان نەبوو. موزەفەرە الدین شاە یەکمان هەبوو تاکی ئەم پورێ خانەبوو. دەیانووت ئینگلیزەو لەمۆسکۆ هاتووەتە دونیاوە.

نیما- بەڕاستی بەهـ بەهـ.. لەوزانیارییە رێكوپێکە مێژووییە. رۆژ ژمێری مێژوویت بۆ کورت کردینەوەو بەدوو هێڵا خستتە بەردەستمان. کەواتە پایتەختی بەریتانیا مۆسکۆ بووە ئێمە چەند وەختە واماندەزانی لەندەن پایتەختە.

دایەگەورە- بەڵێ کوڕم. ئەگەر من دانیشم‌و قسەتان بۆ بکەم. شتی وام پێیە بۆ وتن ئەگەر بیڵێم شاختان لێدەردێت. ئەو میرزا ئاغاسییەی کە زۆر باسدەکرا، ئەویش ئینگلیزبوو، هەربۆیە بووە وەزیری ناصرالدین شا، ئێستاش نەمردووەو زیندووە. یەك دوو ساڵێك پێش ئێستا ئەوکاتەی کە ئێمە لەفەرەنگ بووین هات بۆ ئەوێ‌و لەکافتریایەکدا گۆرانی دەوت. سەمایەکی دەکرد باسناکرێت. چ شیعرێکی دەوت. کچی بەندەری، لەکەناری دەریادا، لێوی کاروانچی.

((من‌و نیما دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- دایەگەورە بێخەمبە. ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ئێران دەیگرن‌و بەتاوانی خیانەتکردن لەوڵات‌و میلەت‌و دنەدانی ناصرالدین شاو بەکوشتنی ئەمیر کەبیر دادگایی دەکرێت.



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- بەخودا حەیفە، ئەوندە دەنگی خۆشە باسناکرێت، ئێستا بڵێ بزانم خوازبێنییەکەی ئەمرۆش لەسەر تۆپ دروستکردنی ئەنجومەن تێکچوو؟

نیما- ئەبابەگیان، پورێ خان وتی ئەوکاتە تۆ هەڤدە هەژدە ساڵان بوویت. سیاوەشی داماویش، هەرئەوەندە بەپورێ خانی وت پێناچێت دایەگەورە ئەوەندە بەتەمەن بێت. تەنها لەسەر ئەو قسەیە پورێ خان رقی لەم سیاوەشە داماوە هەڵگرت. زۆر بەداخەوە تازە نەکرا. ئەگەر ئەم سیاوەشە لەگەڵ یەڵداخاندا زەماوەندی بکردایە، بێگومان کارێکی دەکرد تائەو ((گوێ گرانییە))ی تۆش چارەسەر بکرایە.

دایەگەورە- ((رۆڵی سینەما))یم بۆ پەیدا دەبێت؟

((نیما بەدەنگی بەرز وتی))

- ((گوێ گرانی))یەکەتان.

دایەگەورە- ((دوشی)) گەرماوەکەمان چاك دەكات؟ بۆچی ئیشو کاری چییە؟

نیما- بۆری بەستە. دێتو چی بۆری لەماڵەکەتاندایە چاکی دەکات. بابەگیان بێچارەبووم بەدەست تۆوە.

((دایەگەورە خۆشی تێگەیشت کە قسەی بێجێی کردووە. بەئارامی بەنیمای وت))

- مینا گیان کەمێك بەرزتر قسەبکە، بەحساب تۆ پیاویت. نابێت پیاو ئەوەندە بەدەنگی نزم قسەبکات!

((نیما سەیرێکی دایەگەورەی کردو بەدەنگی بەرز وتی))

- خوشکی ئەم سیاوەشە ((پزیشکە))

دایەگەورە- بەڵێ شازادەش وتی کچەکە حەزی لە((مریشکە))

((نیما گۆیکەکەی دایەگەورەی لەپێش دەمیدا گرتو بەدەنگی بەرز وتی))

- دایەگەورە مریشك نە پزیشك، خوشکەکەی دکتۆرە.

دایەگەورە- مینا گیان بەڕاستیتە؟ بەوخودایە ئەگەر بمزانییایە پێمدەدا تاهەرلەوێدا ((سەیرێکی بکردایە))

نیما- توخودا ئەوندە مەڵێ مینا گیان مینا گیان. تابڕوم لەلای دراوسێکاندا ڕۆیشت. تۆ بەیانی لەگەڵ یەڵداخاندا برۆ بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی کە کەمێك لەسەروی ئێرەوەیە. لەوێ بەچاکی چارەسەرت دەکەن. خۆنابێت لەماڵەوە چارەسەربکرێت. دەبێت بەیانی لەگەڵ یەڵدادا برۆیت بۆ ((نەخۆشخانە))



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- بۆچی لەگەڵ یەڵدادا بڕۆم بۆ ((بەهارستان))؟

نیما- بۆ بەهارستان نە بڕۆ بۆ نەخۆشخانە.

((خەریکبووم لەپێکەنیندا دەمردم. نیما خۆشی پێکەنین گرتبووی. دووبارە دایەگەورە وتی))

- لەبیرت نەچێت دەبێت هەر لەگەڵ یەڵدادا بچیت. ئەگەر بەتەنها بچیت چارەسەرت ناکەن. ئەمڕۆ زۆر لەدەستی پورێ خان بێتاقەت بوو. ئەگەر یەڵداخانت لەگەڵدابێت بێتاقەتییەکەی باشتر دەبێت.

دایەگەورە- باشە کوڕەکەم. ئێستا ڕاوەستە تاوەکو پورێ خانت بۆ تەمبێ بکەم. ئەو وای لێهاتووە لەپاش ملە باسی من بکات.

نیما- دایەگەورە بەیانی بڕۆیت لەبیرت نەچێت.

دایەگەورە- باشە مینا گیان. تۆش هەر کارێکت هەبوو زیخێك هەڵدەرە هەیوانەکەوە. من هەر بەئەستەم دەنگ بێت دەیبیستم!

((دایەگەورە لەدوای ئەو قسەیە خوداحافیزیکردو ڕۆیشت. نیما مات بوو بوو لەدایەگەورەی دڕوانی. منیش ڕۆیشتمە بەردەمیی‌و وتم))

- نیما دەستت خۆشبێت بەڕاستی چ ((کەڵەکێکت)) لێکرد.

نیما- چ ((کەچەڵێکم)) لێکرد؟ من کەی کەچەڵم سوار کردووە. من هەرکەسێکم سوارکردبێت وەك مانگ وابووە.

((هەردووکمان دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- نەخۆشییەکەی دایەگەورەم توشبووە. بەگیانی تۆ تەنها دوو ڕۆژ لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەم یان شێت دەبم یان کەڕ.

((لەم کاتەدا مۆبایلەکەی نیما زەنگی لێدا. تەلەفۆنەکە لەو میوانخانەیەوە بوو کە شیوامان بۆ بردبوو. گوایە شیوا پەیوەندیی پێوەکردبوون‌و تکای لێکردبوون تابەمن بڵێن پەیوەندیی پێوە بکەم. کاتێ نیما تەلەفۆنەکەی داخستەوە وتی))

- سیاوەش تەلەفۆنی بۆ نەکەیت ئەوانە تووشی شتێکمان دەکەن.

- نەخێر، رەنگە کارێکی گرنگی پێم هەبێت هەر دەبێت پەیوەندیی پێوەبکەم.

نیما- باشە بەڵام ئەگەر ژوانێك شتێکی دانا قبوڵی نەکەیت. تۆ ئەم ئایدزو دەردەت بەشۆخی گرتووە. وەرە بائەمشەو بڕۆینەوە بۆ ماڵی خۆمان. هەر لەوێشەوە تەلەفۆنی بۆ بکە. تۆ نابێت یەك خولەك چاوت لێ خافڵ بکرێت وەرە بابڕۆین.



Scanned with CamScanner

((هەردووكمان ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی نیما. باوكو دایكی نیما نوستبوون. ئێمەش ڕۆیشتینە نهۆمی سەرەوە بۆ ژوورەكەی نیما. نیما ڕۆیشت دووچای هێناو منیش ژمارەی مۆبایلەكەی شیوام وەرگرت))

- ئەلو، شیواخان.

شیوا- چۆنی سیاوەش. باشیت؟

- زۆر سوپاس.

شیوا- نیما چۆنە؟

- ئەویش باشە.

شیوا- زۆر سوپاس كە پەیوەندیت كرد. پێویستە كەمێك سكاڵای دڵی خۆمت بۆ بكە. دڵم زۆر تەنگە، ئەم ژمارەیەی تر بنووسە ژمارەی تەلەفۆنەكەی ماڵەوەمانە. ئێستا تەلەفۆنەكە دابخەرەوەو بۆ ئەم ژمارەیانی بكە. لەبەرئەوەی پارەی تەلەفۆنەكەتان زیاد دەبێت.

- گرنگ نییە بەڵام تۆش ئەم ژمارەیە بنووسە ژمارەی خۆمە. هەركاتێك كارێكت هەبوو پەیوەندیم پێوە بكە. شیوا ژمارەكەی منی نوسیو وتی))

- ئێستا تۆش تەلەفۆنەكە داخەو ئەو ژمارەیەی دیكەیان وەربگرە.

((تەلەفۆنەكەم داخستو ژمارەكەی ترم وەرگرت. نیما دەنگی تەلەفۆنەكەی دا بەدەرەوە بۆ ئەوەی ئەویش گوێبیستی قسەكان بێت.

شیوا- خۆ ئیشو كارتان نییە؟

- نەخێر، سەربەستیە، قسەبكە.

شیوا- نیما لەكوێیە؟

- هەر لێرەیە خەریكە گوێ لەقسەكانت دەگرێت.

شیوا- كاك نیما چۆنیت.

نیما- تۆ چۆنیت. تەندروستیت چۆنە؟

شیوا- هێشتا زیندووم. خەریكم دوایین ساتەكانی تەمەنم دەژمێرم.

نیما- نە بابەگیان شتی خراپ لەدڵی خۆتاندا دروست مەكەن. لەمرۆژانەدا بیستم كە گوایە خەریكی دروستكردنی دەرمانی ئەو دوابراوەن.

شیوا- دڵخۆشیم دەدەنەوە؟

((كەسمان قسەمان نەكرد))



Scanned with CamScanner

شیوا- دەزانن چی؟ ئومێد لەئێمەدا مردووە. ئێوە دەزانن یانی چی؟

- ئەو قسانە چییە؟ مرۆڤ دەبێت هەمیشە ئومێدەوار بێت.

شیوا- وەڵامتان نەدامەوە. دەزانن کەسێك بەیەکجاری بێئومێد بێت یانی چی؟

((ئەمجارەشیان کەسمان وەڵاممان نەدایەوە))

شیوا- واتە هیچ شتێك بۆ ئەو جیاوازییەکی نییە. واتە ئیتر لەهیچ شتێك ناترسێت. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئومیدەواری ترسە!

نیما- ترس لەچی؟

شیوا- ترس لەهەموو شتێك. کەسێك کە ئومێد لەژیانیدا مابێت. ترسیش لەژیانیدا بوونی هەیە. بۆ نموونە: بۆچی زۆربەی خەڵکی کاری خراپ ناکەن؟ چونکە ئومێدیان هەیە کە بۆ وێنە دەتوانن لەرێگەی باشەوە لەدوای چەند ساڵ ژیانیان باشتر دەبێت. چونکە ئومێد لەدڵیاندا هەیە، بۆیە دەست نادەنە کاری خراپ دەترسن لەپڕێکدا گیرۆدەبن و هەموو ئومێدەکانیان ئاو بیبات. هەر بەوشێوەیە مەمرەو بژی دەچنە پێشەوە. واتە تاکاتێك ئومێد لەدڵتا هەبێت ترسیشی لەگەڵدایە. ئەی لەورۆژەی کە ئومێد واز لەمرۆڤ دەهێنێت!

((هیچکاممان هیچمان نەوت))

شیوا- ئێمە وەك تی ئێن تیمان لێهاتووە، رەنگە لەهەر چرکەیەکداو بەتەقینەوەیەك هەموو شتێك کۆتایی بێت.

- بۆچی؟

شیوا- ئەم نەخۆشییە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو وایە، کە تەقینەوەکەی وردە وردەیە، ماوەیەك پێش ئێستا کەس باوەڕی نەدەکرد ئەم نەخۆشییە لەئێراندا هەبێت. تەنانەت کەس باسیشی نەدەکرد، بەڵام ئێستا گەنەکارییەکانیان ئاشکرا بووەوناچارن باوەڕ بکەن کە ئەم نەخۆشییە لەئێراندا هەیە. ئەگەر بەخێرایی بیر لەشتێك نەکەنەوەو مەسەلەکە بەجدی نەگرن، مەگەر خودا خۆی بزانێت چ کارەساتێك ڕوودەدات.

- پێش لەچی بگرن؟ بۆچی تۆ بۆ خۆت یەکێك لەوکەسانە نیت کە بویتەتە هۆی بڵاوبونەوەی ئەو نەخۆشییە؟!

شیوا- قسەی ناخۆش مەکە! ئەگەر من ئەم کارەم کردووە کەسێکی تر هۆکارەکەی بووە، منیش بەخەیاڵی خۆم خەریکبووم هەقی خۆمم لەوانی دیکە دەکردەوە. بیرم لەوە نەدەکردەوە کە خەریکم چ بەڵایەك بەسەر خەڵکیدا دەهێنم. ئەگەر ئەو شەوە لەپارکەکەدا ئێوەم نەدیبایە، رەنگە



Scanned with CamScanner

تا ئێستاش خەریکی ئیشی خۆم بوایەم. رقو قین کوێری کردبووم.

دەزانن هەروەك چۆن کاری خراپ بێسزا نییە، هیچ کارێکی باشیش بێ پاداشت نامێنێتەوە. پاداشتی ئەو کارەی کە ئێوە ئەو شەوە ئەنجامتاندا یەکێکیان ئەوەبوو کە ئێستا ساغوسەلامەتن، ئەوی دیکەشیان ئەوەیەکە بوونە هۆی ئەوەی ئێستا هەم منو هەم گیتاش دەست لەو کارە بکێشینەوە. ئەگەر دونیایەکی تر دوای ئەم دونیایە هەبێت بێگومان ئێوە خێرێکی گەورەتان تێدا دەستدەکەوێت. دەزانن چی، ئێمە رۆژی چوارپێنج کەسمان گیرۆدە دەکرد.

نیما- وەی...!! چوارپێنج کەس؟! بێگومان ئەوانەش کە گیرۆدە دەبوون هەر بەو شێوەیەی ئێوە ئەوانیش هەموو رۆژێك چوار پێنج کەسیان گیرۆدە کردووەو ئەوانی دیکەش هەموو رۆژێك چەندکەسی ترو...! خودایە خۆت فریامان بکەویت.

شیوا- نەخێر، بەو شێوەیەش نییە. بۆ ئەو پیاوانەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن زۆر ئاساییە. چونکە ناتوان وەك ئێمە ئەو نەخۆشییە بڵاو بکەنەوە. ئەگەر ژنیان هەبێت تەنها ژنەکانیان لێوەیان تووش دەبن.

- ئەی منداڵەکانیان چی؟ ئەو ژنو منداڵە داماوانە چ تاوانێکیان هەیە؟

شیوا- ئەوانیش شەقی تاوانکارییەکانی باوکیان دەخۆن وەك من.

- کەواتە تۆ چۆن بوو کە گرفتاری ئەو دەردە بوویت؟

شیوا- داستانەکەی دوورو درێژە.

- بڵێ حەزدەکەم بزانم.

شیوا- تۆ چ قازانجێکی لێدەکەیت؟

نیما -دەیەوێت بیکاتە کتێب.

شیوا- سیاوەش نیما ڕاستدەکات؟

- رەنگە. بۆچی بۆتۆ جیاوازییەکی هەیە؟

شیوا- نەخێر ڕەنگە خراپیش نەبێت. بەڵکو کۆمەڵێك کچی بەستەزمانو بێچارە بیخوێننەوەو ئەقڵیان بێتەوە جێگەی خۆی، تابەقسەی کورو کاڵە هیچو پوچەکان هەڵنەخەڵێن.

- باشە ئەم ئایدزە چییە؟ چۆن لەپڕدا پەیدا بوو؟

شیوا- کۆمەڵێك دەڵێن یەکەمجار لەئەفریقادا روویداوە. دەڵێن لەئەنجامی پەیوەندیی سێکسی مرۆڤ و مەیمونەوە دروست بووە. کۆمەڵێکی دیکەش دەڵێن تەنها لەنێوان مەیمونەکاندا هەیە. بەهەرحاڵ دەستپێکردنی لەنێرو نێرەوە دەستی پێکردووە.



Scanned with CamScanner

نیما- ئەی دڵی خافڵ. بۆیە هەرجارێك دەڕۆم بۆ باخچەی ئاژەڵان، مەیمونێکی لێیە لەگەڵ دەمبینێت، ئاماژەم پێدەکات‌و دەڵێت وەرە بۆ ناو قەفەزەکە. من چوزانم باوك سەگە نێربازە.

((دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما-ئەو گڕتیبەربووە هەمیشە لەگۆشەی قەفەسەکەدا دوو مۆزی گەیووی دەست لێنەدراوی لایە. هەرکاتێك منی دەبینی، ئاماژەی بۆ دەکردم‌و دەیووت وەرە قەفەسەکەوە ئامۆزت پێبدەم. چ مۆزێك بوو ((چیکیتا)) هەریەکێکیان بەئەندازەی هەی هو...! نیما بەدەست شتێکی بەئەندازەی نیومەترێك پشانداو وتی))

- من هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم بێزمانە بۆچی خۆی ئەو مۆزانە ناخوداتو خوڵکی من دەکات. تومەز ئەوە تەڵەیەك بووەو بۆمنی ناوەتەوە. من وامدەزانی مەیمون مرۆڤ دۆستە.

((دووبارە دەستمانکردەوە بەپێکەنین))

نیما- شیواخان لەوێ دەنگی کەسێکی دیکەش دێت ئەوە کێیە؟

شیوا- گیتایە. ئێستا هاتەوەو دەنگی تەلەفۆنەکەشم داوە بەدەرەوە هەربۆیە ئەویش گوێبیستی قسەکانتان دەبێت.

گیتا- چۆنن باشن حاڵتان چۆنە؟

((ئێمەش چۆنی‌و چاکیمان لەگەڵ گیتادا کردو نیما وتی))

- ئێستا واز لەگاڵتەکردن بێنن، بهێڵن باقسەتان بۆ بکەم. هەڵبەت دەزانم کە باوەڕناکەن، بەڵام ئایدز نەخۆشییەکی دروستکراوە. دروستیانکردووە تابکەوێتە نێو جیهانی سێهەمەوە. کاریگەریشی لەبۆمبی ئەتۆم خراپترە. بەبێ دەنگە دەنگ مرۆڤەکان لەناودەبات. تاوەکو وڵاتێك پێیدەزانێت نیوەی خەڵکەکەی گیرۆدەبووە. ئێستا سەیرکەن ئەگەر وڵاتێك لاوەکانی ئایدزیان بێت، ئیتر دەتوانن بیر لەپێشکەوتن بکەنەوە؟ نەخێر. ئەوانە هەموویان جۆرێك تفەنگی جەنگن، بەڵام بێدەنگ. ماوەیەك پێش ئێستا بیستم کە لەیەکێك لەو وڵاتە پێشکەوتوانەدا زەردەواڵەیەکیان پەروەردەکردووە بەناوی ((زەردەواڵـەی ڕەش یان مەرگ)) لەدوایشدا وتیان گوایە لەتاقیگەکەدا هەڵاتووە. ئاخر ئێوە بیری لێبکەنەوە، بزانن شتی وادەبێت، کە زەردەواڵەیەك لەتاقیگەیەکدا بەوگەورەییەوە هەڵبێت. بێگومان یارمەتیدەرێکی هەبووە کە کردوویەتە دەرەوە. بەڕاستی هەروەك فیلم وایە. دەڵێن چزوەکەی بکات بەهەرکەسێکدا لەدوای یەك خولەك دەمرێت. ئێستا بۆ کوێ هەڵاتووە؟ بۆ ئەفریقا، بۆ دارستانەکانی ئەفریقا. ئەوجا لەدوای چەند ساڵێك بێچوی دەبێت‌و دەبنە ملیۆنێك. ئەوکات دەکەونە گیانی ئەو ئەفریقییە داماوانەو هەر چزەیان لێهەڵدەسێنن، بۆچی؟ لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگەکەیان کەمبێتەوە.



Scanned with CamScanner

ئێستا لەخودا بەزیادبێت ئێران ژەهر برەکەیی دروستکردووە.

- ئێران؟! باشە ژەهر برەکەی چییە؟!

نیما- هیچ. لەسوچێکدا ڕاوەستەو لەپەسا بڵێ «سیسرکە، سیسرکە، سیسرکە.» ئیتر مەگەر خودا خۆی رەحمبکات لەبەینی زەردەواڵەکاندا ئیربازی تێدا نەبێت ئەگینا توشی ئایدزیش دەبیت.

- ئیتر چ جیاوازییەکی هەیە کە ئەو کەسە پاش خولەکێك بمرێت، چ ئێستا ئایدز بگرێت چ نەیگرێت.

نیما- ئێستا گوێبگرە. مێرولەیەکیان پەروەردەکردووە بەناوی ((مێرولەی کاڵ یان سوور)) گۆشت خۆرە هەر لەگەڵ بەمرۆڤ دەگات دەستدەکات بەگازگرتن‌و گۆشت خواردنی مرۆڤ.

- ئەوە هەر هیچ نییە. چونکە مرۆڤ دەتوانێت بەدەست لەتی بکات.

نیما- بەڵێ بەمەرجێك ئەگەر یەك دانە بێت. بەڵام ئەوان هەر بەکۆمەڵ دەژین‌و لەپڕێکدا دەهەزار دانەیان هێرش دەکەنە سەر کەسێك. بابزانیت ئەم لەچاو مێشەکەدا هەر هیچ نییە. مێشێکیان پەروەردەکردووە کە بەخێرایی سەروتر لەدەنگ دەفڕێت.

- نیما ئیدی بەسە قسەی بێتام مەکە. ئێستا وەمان باشە مێشێك دەتوانێت بەخێرایی سەروتر لەدەنگ بفڕێت چ جیاوازییەکی بۆ ئەوان هەیە؟!

نیما- چۆن چ جیاوازییەکی بۆ ئەوان هەیە؟ ئاخر ئەو بەشەودا دێتە سەرسەری مرۆڤ و ناهێڵێت خەوی لێبکەوێت. ئەوەندە خۆی دەدات بەدارو دیواری ژوورکاندا ناهێڵێت کەس بخەوێت، ئەوجا کابرا هەر کە بەیانی لەخەوهەستا دەبێت بچێت وەستا بهێنێت ئاسەرلەنوێ دیواری ماڵەکەی بۆ دروست بکاتەوە. بۆ زانیاری زیاترتان مێشێکی دیکەشیان دروستکردووە حەزی بەتەماشاکردنی تەلەفزیۆنە. هەر کە شەو هات‌و ویستت بنویت، ئەو مێشە دێت‌و تەلەفزیۆنەکە دادەگیرسێنێت‌و دادەنیشێت بەدیار هەواڵەکانەوە!

- باشە بەسە ئیتر خۆت بێتام مەکە.

شیوا- خۆزگەم بەخۆتان. ئاسوودە، بێگرفت، خۆشبەخت.

((من‌و نیما دووبارە بێدەنگ بووینەوەو شیوا وتی))

- هەقی خۆتانە پێبکەنن‌و لەزەت لەژیان بەرن‌و بەدوای بێرەوشتیشدا نەگەڕێن. ژیانێکی دوورو درێژ لەبەردەمتاندایە. ئێوە دەتوانن بۆ خۆتان بژین. زەماوەند بکەن، ببنە خاوەنی منداڵ، دەزانن باڵاترین ئارەزووی کچێك چییە؟ کەسێکی باش پەیدابێت‌و زەماوەندی لەگەڵدا بکات، واتە گەورەترین ئارەزووی من ئەوە بوو. لەدوای ئەوەش ببمە خاوەن منداڵ‌و پێیان رابگەم، گەورەیان



Scanned with CamScanner

بکەم، بهێڵم بخوێنن، بڕۆنە زانکۆو بۆخۆیان ببنە شتێك. بەڵام ئێستا چی؟
- بۆچی ئەگەر ئێستا شووبکەیت ناتوانیت ببیتە خاوەنی منداڵ؟
((شیوا هیچی نەوتو نیما پێیووتم))
- بۆچی قسەی قۆڕدەکەیت؟! ئەوکەسانەی کە بەونەخۆشییەوە گیرۆدەن منداڵەکانیشیان ئەو نەخۆشییە دەگرن.
شیوا- بەهێواشی قسەمەکەن. بەدەنگی بەرز قسەبکەن من پێم ناخۆش نییە.
- شیوا داوای لێبوردن دەکەم. بەخودا من ئاگاداری ئەو شتان نەبووم.
شیوا- گوێ مەدەرێ. خۆ تاوانی تۆ نەبووە.
- وەختێك لەکۆمەڵگەیەکدا تەنها کەسێك دووچاری گرفتێك دەبێت تەواوی ئەو کۆمەڵگەیە تاوانبارن. کاتێك کەسێك لەکۆمەڵگەیەکدا توشی داڕوخان و هەڵدێران دەبێت تاوانەکەی لەئەستۆی یەکە بەیەکەی ئەو کۆمەڵگەیەدایە.
کاتێك هەریەك لەئێمە زۆر بەئاسوودەیی و بێ جیاوازیی بەتەنیشتی دەردو ڕەنجەکانی کەسێکدا تێدەپەڕین. ئێمەش بەرپرسیارین.
شیوا- ڕەنگە هەروابێت کە تۆ دەیڵێیت. من نازانم، واتە هیچ نازانم. چونکە کەسێك نەبووە تێمبگەیەنێت.
نیما- شیواخان ئەمەیان قبوڵ نییە. واتە کاتێك هەتیوێکی بێڕەوشت خەریکبوو هەڵیدەخەڵەتاندیت نەتدەزانی کە خەریکی کارێکی خراپ ئەنجام دەدەیت؟
شیوا- با، دەمزانی. بەڵام لەوکاتەدا لەحاڵێکدا بووم نەمدەزانی، یان نەمدەویست بزانم.
- شیوا من تێناگەم تۆ چیدەڵێیت.
شیوا- واتە لەوکاتەدا، بەوەشەوە کە دەمزانی هەڵەدەکەم، بەڵام بیرم لەهەڵەکەی نەدەکردەوە! واتە لەحاڵێکدا نەبووم کە بیر بکەمەوە، هەروەها دەشگەڕێتەوە بۆ شوێنی ژیانی ئەو کەسە.
- دیسان تێناگەم چیدەڵێیت.
شیوا- سیاوەش دەزانیت چۆنە. تەنها ئەو چرکەیە نییە. بۆ ئەنجامدانی هەڵەیەك، داڕوخانێك، ناپاکییەك. دەبێت زۆر شتی دیکەش ئامادەبێت تاکەسێك توشی هەڵەبێت و بڕۆخێت یان توشی ناپاکی و خراپ کارییەك بێت.
- من ئەوشتانەم قبوڵ نییە. تۆ لەبەرئەوە ئەو قسانە دەکەیت تاخۆت دەربازبکەیت.
نیما- تۆ بۆخۆت هەر قبوڵت نەبێت خەم. خەریکیت وەك باپیرەگەورەیان هەڵسوکەوتیان



Scanned with CamScanner

لەگەڵدەکەیت. لەتەمەنێکدا خۆیان هەمووشێك دەکەن. هەر کە گەیشتنە ئەوەی کە تەمەنیان زیاد بێتو نەتوانن هیچ بکەن بۆ خۆیان دەبنە دەروێشو پیاو چاك.

- من وەك باپیرەکان قسەناکەم، بەڵام مرۆڤ کاتێك هەڵەیەك دەکات یەکەمین کەس خۆیەتی کە دەزانێت ئەوەی کە کردویەتی هەڵەیە.

نیما- بەڵێ وایە. بەڵام بۆ ئەوەی هەڵەنەکات پێویستی بەپشتیوانێك هەیە. ئیتر ئەو پشتیوانە دایكوباوكو خوشكوبرا بێت یان هاوڕێیەك یان مامۆستایەك یان کتێبێك یان پۆلیسێك یان سەوزە فرۆشێکی سەر گۆشەی کۆڵانەکەیان بێت. ئەو هەموو پزیشكو ئەندازیارو پسپۆڕە پرۆژەیەك بەلێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی پسپۆڕی رێکدەخەن، بەڵام لەدوای بیست ساڵ دەردەکەوێت کە پرۆژەکە شکستی هێناوەو سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. دوویارە دادەنیشنو پرۆژەیەکی تر بەگەڕدەخەنەوە، ئیدی گوێ نادەنە ئەو پرۆژەیەی کە بیست ساڵ خەڵکی لەسەری ڕۆیشتوونو ئەویش شکستی خواردوە. تەنانەت بەلایانەوە گرنگ نییە کە لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا چەندین کەس بوەتە قوربانی ئەو پرۆژەیەی ئەوان. کەسێکیش نییە یەخەیان بگرێتو داوای وەڵامیان لێبکات.

هەر بۆخۆت سیاوەش ئەفەندی تا ئێستا لەژیانتدا چەندجار تاڵنواری هەڵەیەك ڕۆیشتویتو گەڕاویتەتەوە؟ خۆت کەڕمەکە شایەتەکە زیندووە. زرتو زیندو لەپێش چاوتدا دانیشتووە. چەندجار ویستت کاری هەڵ ئەنجام بدەیت، بەڵام بەپشتیوانیو توانای دەوروبەرت ئەنجامت نەداوە؟ دوایین جاریان ساڵی رابردوو بوو لەبیرتە؟ ئەگەر من نەبوایەم تۆ خەریکبووی چیت دەکرد؟

((کەمێك بیرم کردەوەو وتم))

- ڕاستە، رەنگە منیش ئەگەر کەسێکم نەبوایە پارێزگاریو پشتیوانی لێبکردبام ئێستا حاڵم لەشیواو ئەوان خراپ تر بوو.

شیوا- بریا منیش کەسێکی وەك نیمام هەبوایە تالەکاتی هەڵەکردندا یارمەتی بدامایە.

نیما- منیش زۆرکات تاسنووری هەڵدێران ڕۆیشتووم. ئێمە نابێت سەرکۆنەی یەکتری بکەین. هەمووومان لەشوێنێکدا قاچمان هەڵنوتاوە. دایكو باوکی هەمووومان کاتێك گەنج بوون بۆ کۆمەڵێك شوێنی هەڵە ڕۆیشتوون. بەڵام ئەوان لەو کردەوە کوشندەیە رزگاریان بووە. بێگومان یەکێك هەر هەبووە یان شتێك یان کەسێك هەبووە هاوکاری کردوون. بۆ نموونە باوەڕ بەخودا، باوکی باش، دایکی باش، برای باش، هاوڕێی باش، مامۆستای باش. من خۆم چەندینجار لەگەڵ مامۆستاکانمدا ڕۆیشتوم بەدوای ئەزموندا. مامۆستاکان دەستیان گرتمو بردمیان بۆ سەرزەمینی سەیرو سەمەرەکان. دەرگاکانی دونیای سەیرو سەمەرەیان بۆ کردمەوەو زۆر شتی جوانو باشیان پیشاندام.



Scanned with CamScanner

- بەڵێ، بەڵێ. هیچ کەس نە مامۆستاکانت!

نیما- باوەڕ ناکەیت؟ مامۆستایەکمان هەبوو کە تەنها نیو کاتژمێر لەسەرکتێب وانەی پێدەوتین. بەگیانی تۆ سیاوەش هەر شتێك کە ئەوی دیکەی باسی لەسەر دەرەوەی کتێبەکەمان دەکرد. ئەماندەتوانی لەکەسی بپرسین ئەو پێمانی دەوتو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەداینەوە.

- ئەمە مامۆستاکەتان؟!

نیما- بەڵێ. دڵنیام کەس نییە لەو باشتر بێت، هەم بەئاگای دەهێناینەوەو هەم پەیوەندییەکی نزیكو دۆستانەی لەگەڵ دروستکردبووین. هەروەها رێنمای دەکردینو پشتیوانیشی دەکردین. باوەڕت بێت وانەکەی ئەو لەهەموو وانەکانی تر زیاتر کاری تێدەکردینو فێری وانەکانی دەبووین.

شیوا- خۆزگەم بەخۆتان. من هیچ کاتێك بەبێ واستەیەك نەمدەتوانی هەتا وشەیەك لەگەڵ باوکمدا بدوێم.

- بەواستە؟ دایکت واستەت بوو؟

شیوا- نەخێر. قایشێکی چەرم یان قولاپێکی ئاسنی گەورە.

((بۆ چەند چرکەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر هەمووماندا کێشا. پاشان نیما پرسی))

- باوکت بەقایش لێیدەدایت؟

شیوا- زۆر بەتوندیش.

-بۆ؟

شیوا- بەحسابی خۆی وایدەزانی زیاتر بەتەربییەت دەبم.

- ئەی دایکت چی؟

شیوا- ئەویش بەجۆرێکی تر. هەڵبەت ئەگەر لەماڵ بوایە. زۆرکات لەبەر ئەوەی کە باوکم لەماڵ بوو دایکم لەگەڵ دراوسێکانو خوشکەکەیدا یان دەچوو بۆ کۆبونەوە یان دەچوو بۆ بازاڕ یان بۆ شوێنێکی تر.

نیما- بۆچی تەنها کاتێك باوکت لەماڵ بوایە دایکت دەڕۆیشتە دەرەوە؟

شیوا- دایکم ژنێکی ئاین پەروەر بوو، بەڵام باوکم عارەق خۆر. باسی چیتان بۆ بکەم؟ لەبەر خاتری مەشروب خواردنەوەکانی باوکم ئێمە دەبوایە رۆژی سێ چوار کاتژمێر قاپو پەرداخو شتمان بشتایە. باوکم مەشروبی دەخواردەوەو دەڕۆیشت بۆلای سەلاجەکە، بەقاپی ناو سەلاجەکە ئاوی دەخواردەوەو کەوچکەکەی دەمی دەکرد بەناو ماستەکەدا، کەوچکەکەی دەمی دەکرد بەناو شلەکاندا، هەر ئەو کاتە بوو کە ماڵەکەمان بوو بووە دۆزەخێك. هەرچەند دایکم بەباوکمی دەوت



Scanned with CamScanner

ئەو کردەوانەی تاوانە، بەڵام باوکم خراپتر دەبوو. هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لەم دواییانەدا قسەیان لەگەڵ یەکتریدا نەدەکردو هەتا یەکتریشیان نەدەبینی.

نیما- ڕاوەستن بزانم. داستانەکەتان تێکەڵکرد بەسەر یەکدا. یەکە یەکە قسەبکەن بابزانم چی بەچییە. شیواخان لەسەرەتاوە بیگێڕەوە بۆ ئەوەی تێبگەین.

شیوا- لەکوێوە دەست پێبکەم؟ لەدەنگە دەنگ‌و شەڕەکانی دایک‌وباوکمەوە؟ لەڕق لێبونەوەکەیان لەیەکتری؟ لەو تێهەڵدانانەی کە بەدەستی باوکم دەمخوارد؟ لەو ماڵە کرێیەی کە تەنها بۆ خولەکێك ئارامی تێدا نەبوو؟ لەکوێوە دەستپێبکەم؟

هەموو لەگەڵ کچێکی خراپ دەبینن دەڵێن فلان‌و فیسار سۆزانین، بەڵام کەسێك زەحمەتی خۆی نادات کەمێك بیر بکاتەوە بزانێت ئایا ئەو کچە ڕۆژێك لەخەو هەستاوەو بوەتە سۆزانی؟ نەخێر. وا نەبووە، ئەگەر من خراپ بووم، من پەروەردەی ئەم کۆمەڵگەیەم، کۆمەڵگە دەبێت سەیری خۆی بکات بزانێت چ نەخۆشییەکی تێدابووە کە من بوومەتە ئازار دەرێك تێیدا. من پێی لێدەنێم کە هەڵەمکردووە. من تاوانبارم، بەڵام ئازارەکەیشیم کێشاوە. لەم نەخۆشییە دوابڕاوە زیاتر چی تر هەیە؟ بەڵام دەمەوێت بڵێم کە کۆمەڵێك کەسی کەش تێیدا تاوانبار بوون. ئیدی ئێوە تەنها لەمن مەڕوانن.

((شیوا ئەم قسەیەی کردو دەستیکرد بەگریان. گیتاش بەدوایدا دەستیکرد بەگریان. هەردووکیان خەریکبوون دەگریان. من‌ونیماش تەماشایەکی یەکتریمانکردو هیچمان نەوت. ئەوان پاش کەمێك ئارام بونەوەو شیوا وتی))

- ئاخر کچێکی سیانزە چواردە ساڵ کە چواردەووری هەزار چاڵ‌و گێژاوو مڵۆزمە، پێویستی بەپشت و پەنایەك هەیە، پێویستی بەڕێنمایی هەیە، ماڵێکی هێمن‌و ئارامی پێویستە.

کاتێك ئەوانەی نەبوو بێگومان توشی فەسادی دەبێت. سەرەتا ئاگادار نییە کە کۆتاییەکەی چییە. وا دەزانێت هەرکە یەکەم کوڕ پێی گەشت‌و پێیووت ((خۆشمدەوێیت)) ئیتر تەواو. ئیتر خۆشبەخت بووە. ئیدی لەدوای ئەوەی کە ماوەیەك پێکەوە دەبن کوڕەکە دایک‌وباوکی دەنێرێت بۆ خوازبێنی‌و دەبێتە ژنی. ئەوکات کە لەگەڵ یەکەم کوڕدا توش بوو، نازانێت کۆتاییەکەی ڕەنگە وەك ئێستای ئێمەی لێبێت. من مەبەستم لەو کچانەیە کە ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا هەبووە.

نیما- واتە ئەوکچە بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو کوڕە نایەتە خوازبێنی کچێکی سیانزە چواردە ساڵە؟ کوڕەکە خۆی چەندساڵ تەمەنی بووە؟ زۆر زۆر بووبێت لەسەرووی هەڤدەساڵەوە بووە. ئاخر کوڕێکی هەڤدە ساڵ دەتوانێت ژن بهێنێت؟ ئەویش لەم کاتەدا کە کابرا بڕوانامەی زانکۆی هەیەو



Scanned with CamScanner

عەرەبانە دەگیرێت.

شیوا- نەخێر بیر لەوشتانە ناکاتەوە. لەگەر قەراربێت کچێکی سیانزە چواردە ساڵە بیر لەو شتانە بکاتەوە واتە سیانزە چواردەساڵ نییە. کچو کوڕ لەو تەمەنەدا بارودۆخێکی جیاوازیان هەیە. لەو تەمەنە تەمەنێك نییە کە لاو بتوانێت بەباشی بیری تێدا بکاتەوە. لەو کاتەدایە کە پێویستی بەیارمەتی دەرێك هەیە. لەو تەمەنەدایە کە بەدەورانی بلوغی دەگات‌و لەزیهن‌و بونیدا شۆڕش بەرپا دەبێت. لەوکاتەدا لاو وەك ئاگر وایە. هەر لەوکاتەدایە کە بیر دەکاتەوەو وا دەزانێت هەموو شتێك دەزانێت‌و دەتوانێت هەموو شتێك بکات‌و هەموو بیرۆکەکانیشی ڕاست‌و دروستە. بابەگیان کلتورەکان جیاوازییان هەیە، وڵاتێك کە وەك وڵاتی ئێمە هەر دەمەو دەوڵەتێك حوکمی تێدا کردووە. هەمیشە تەخت‌و تاجی جەنگ بووەو ماوەیەك ئەسکەندەر سەرپەرشتی کردووە، ماوەیەك عەرەبەکان، ماوەیەك مەغۆل. ئیتر پێم ناڵێیت کلتوری خۆی لەکوێ بوو؟ کۆمەڵێك شتمان لەئێرانی دێرین‌و زەردەشت هەیە، کۆمەڵێکی ترمان لەیۆنانییەکانەوە هەیە، کۆمەڵێکی کەمان لەعەرەبەکانەوە هەیە، کۆمەڵێکی تر لەمەغۆلەکانەوە. کۆمەڵێکی کەمان لەڕابەرە ڕۆژ ئاواییەکانەوە هەیە، ئەمانە هەموویان دەبنە چی؟ دەبنە ئەوەی کە ئێستا هەیە. لەلایەکیمان بڕیوەو بەوی کەشیان نەگەیشتووین. لەم ساڵانەی پێشوودا چەند کەسێك ڤیدیۆی کاسێتیان هەبوو بەتاوانبار لەقەڵەم دەدران. چەند کەسێکی کەش تەنها لەبەر ئەوەی کە لەناو ئۆتۆمبێلدا گوێیان لەتەسجیل گرتبوو کەس نازانێت چ بەڵایەکیان بەسەردا هێنان. بەڵام ئێستا هەم ڤیدیۆ ئازاد بووەو هەم گوێگرتن لەتەسجیل‌و هەم گۆرانیبێژەکەش. ئێستا کێ وەڵامی ئەو بەڵایانە دەداتەوە کە بەسەر چەندین داماودا هات؟ ئەی کێ سەتەلایتی هێنایە ئێرانەوە؟ پاشان چی ڕوویدا کە وا هەموو کڕییان. پاشان یاسایەکیان دارشت و هەموویان کۆکردەوە. ئێستاش بەقوربانیبم سەیری هەر ماڵێك دەکەیت، حەسیریکیان داوە بە بەردەمی باڵەکۆنەکەداو سەتەلایتێکیان لەپشتییەوە داناوە. ئەگەر ڕێگە لەویش بگرن ئەنتەرنێت هەیە. شتی وای تێدایە کە باسناکرێت. تا ئەم چەند ساڵەی پێش‌و چ فیلمێکیان دروستدەکرد؟ ئێستا بوەتە چی؟ تەلەفزیۆن چی پیشاندەدا؟ ئێستا چی پیشاندەدات؟ سەماکردنمان پیشاندەدات ئێمەش چووە دڵمانەوە. هەر کەسەو دەستوورێك دەردەکات. قوڕ بەسەر ئەوکەسەی کە لەم نێوەندەدا داری دەستی ئەو یاساو ڕێسایەی خوارد. ئەوانەی کەخاوەنی دایك‌وباوك‌و بنەماڵەیەکی باش بوون لەدەست ئەو دەردە ڕزگاریان بوو گیرۆدە نەبوون. بەڵام داماوێکی وەك ئێمە بەم ڕۆژە گەیشت، بوینە ئەوەی بێچارەنوس. هەموو مات‌و لێڵین، گێژو پەژموردە بەدەوری خۆماندا دەسوڕێینەوە. ئێوە بڕۆن لەگەڵ چەند کەس لەوکەسانەدا قسە بکەن، دوو پرسیاریان لێبکەن هەرگیز ناتوانن باوەڕیان



Scanned with CamScanner

پێبکەن، چونکە دەڵێن تەواوی بەدبەختییەکانمان تاوانی دەسەڵاتدارانە، لەلایەکی دیکەشەوە بەدوای ڤیزای ئەمریکادا وێڵن. ئەمە مانای چی؟ واتە دڵو زمانی مرۆڤ یەکێك نییە. واتە چەسپاویمان تێدا نەبووە.

- بێگومان بەو سادەییەش نییە کە تۆ باسی دەکەیت. دەتوانرێت لەسەر هەریەك لەو مەسەلانەی کە تۆ باستکرد چەند کاتژمێرێك قسە بکرێت. دەکرێت بچینە ناو مەسەلەکەوە. خۆ ناکرێت دەربارەی هەر شتێك تەنها بیر لەڕواڵەتەکەی بکەینەوەو شتێك بڵێین، دەبێت بگەینە ناخو ریشەکەی!

نیما- سیاوەش گیان ناکرێن ئەویات بگریتو کەمێك قسە نەکەیت، واتە دەمت بگری!

- بێئەدەب!

شیوا- باشە سیاوەش. بڵێ بزانم، تۆ کە زانکۆت تەواو کردووەو خاوەنی بڕوانامەیت، بەئێمەی نەخوێندەوار بڵێ کوێی قسەکانی ئێمە هەڵەیە بڵێ تائێمەش بزانین. ئەو هەموو پرۆفیسۆرو خوێندەوارە بەتوانایە هاتنو کۆبونەوەیانکردو توێژینەوەیانکردو بەرنامەیان دارشت! لەدواییدا چیبوو؟ ئەمە چارەنوسی منە، هەرئەوە چارەنوسی گیتاو پەروانەشە.

- ئاخر ئەوانە چ پەیوەندییەکی بەشتی دیکەوە هەیە؟

نیما- شیواخان داوای لێبوردن دەکەم. ئەم هەتیوە هەر خوی پێوە گرتووە کە وا جار جار خۆی بێنەقڵ بکات. لەدوایدا وەختێ هاتەوە سەر خۆی داوای لێبوردنتان لێدەکات. تکا دەکەم تۆ بەردەوامبە، وشەکانتان وەك ناوتان سافو پیاگەییوو شەفافە.

((شیواو گیتا دەستیانکرد بەپێکەنین. ئاوڕم دایەوەو تەماشایەکی نیمام کرد، ویستم قسە بکەم نیما وتی))

- شیواخان دەکرێت بەجوانی لەسەرەتای ژیانی خۆتانەوە باسمان بۆ بکەیت. بەڵکو بزانین لەکوێدا هەڵەت کردووە.

((کەمێك ئارامی باڵی بەسەردا کێشاین. پاشان شیوا وتی))

- ناتوانم بەتەواوەتی بیڵێم. چونکە یەك دوو دانە نەبوون. زۆرشت دەست دەخەنە ناو دەستی یەکەوە تا هەڵەیەکی گەورە رووبدات. بڕیاردانی هەڵە، ئاکاری نالەبار، ماوەی نێوان دوو ریشە، ئەویش دوو ریشە کە لەبەر کۆمەڵێك بابەت لەنێوانیاندا جیاوازیی زۆر هەبووە. دەزانن کاتێك زەمەن خەریکە بۆ پێشەوە دەڕوات هەموو لەگەڵیدا پێشدەکەوین. بەڵام کاتی وا هەیە زەمەن پێشدەکەوێت کەچی مرۆڤەکان لەگەڵیدا پێش ناکەون. لەپڕێکدا بیریاندەکەوێتەوە کە زۆر



Scanned with CamScanner

دواکەوتوون! پاشان دەیانەوێت بەڕاکردن پێی رابگەن. ئەوکاتەیە کە زوربەیان بەدەمدا دەکەون! وەك ئێمە!

- تێناگەم دەڵێیت چی.

شیوا- بۆ نموونە گومرگی وڵات باس دەکەین. کاتێك گومرگی وڵاتێك دە بۆ پانزە ساڵ رابگرینو نەهێڵن نە ئۆتۆمبێلێك بێتە ناوەوە، نەدەستگایەك نە شتێك، ئەوکاتە خەڵکی لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەر بەئۆتۆمبێلو تەلەفزیۆنو سەلاجەو تەسجیلە کۆنەکانیانەوە کاردەکەنو بەهەر جۆرێك بێت دەسازێن، پاشان گومرگ دەرگا بکاتەوەو هاتنە ژوورەوەی ئەو شتانە ئازاد بکرێت. بێگومان ئەوکاتە خەڵکی بەبینینی شتومەکی نوێو مۆدێرن دەحەپەسێن، ئەوکاتە دەزانن کە لەو چەند ساڵەدا چەند دواکەوتوون. ئەوکات هەموو دەستدەکەن بەقەرزو قۆڵەو کەڵەك بازیو هەزار شتی دیکە تاپارە کۆبکەنەوەو ئەو شتە نوێیانە بەدەست بێنن. باشە ئێستا خۆتان بیری لێبکەنەوە بزانن چ گێژاوێك دروستدەبێت، چەند کەس لەم نێوانەدا کڵاو دەکرێتە سەری؟ پارەی چەند کەسی تێدا دەخورێت لەپێناوی کەسێکی بێپارەدا؟ ئەوکاتە چەندین کەس دەخرێنە بەندیخانەوە لەسەر ئەوەی کە نەیانتوانیوە قەرزەکانیان بدەنەوە. واتە هەموو دەستدەکەن بەڕاکردن. ئێستا بزانە لەو ناوەندەدا چەند کەس بەدەمدا دەکەوێت؟ چیرۆکی ئێمەش هەروا بووە!

نیما- بەڕاستی ئافەرین بۆ ئەو رونکردنەوە سادەو ئەو باسکردنە جوانە. کابرا بەحساب پرۆفیسۆرەو دەیهێنن تاپرسیارێکی لێبکەن. بۆ نموونە دەڵێن بۆچی فڵان شت ئاواییە. کابرا لەوەڵامدا دووکاتژمێر قسەدەکات، بەڵام پیاو لەتەنها وشەیەکی تێناگات، بەڵام ئەم شیواخانە چوار وشەی وت یەکێك لەهەرە کێشە گەورەکانی وڵاتی بەجوانی رونکردەوەو باسیکرد. ئێستاش سیاوەش ئەفەندی جەنابیشت بڕۆ هەر بخوێنەو کاتی خۆت بکوژە، لەکۆتایشدا مەسینەیەك دروست دەکەیت یان لولەکەی لارەو بەڕێکی نیشانە ناپێکێت یان لەسێ شوێنەوە کونەو تاوەکو دەیگەیەنیتە خۆت نیوەی ئاوەکەی رژاوەو شوێنی شۆراو بەنیوەو ناچلی دەمێنێتەوە، ناچار هەروا بنێیتە دەرەوە.

شیوا- من بەزمانی خۆم قسەدەکەم بەبیرۆکەی خۆم، واتە کاتێك لەژیانی خۆم دەڕوانم، بەدبەختییەکانم لەناو ئەو کێشانەدا دەبینم بەلامەوە گرنگە، واتە من ئەو کێشانە دەبینمو بەدەستی خۆم ئێخەیان دەگرم.

نیما- ئێستا ناتەوێت بەسەرهاتی ژیانی خۆمان بۆ بگێڕیتەوە؟

شیوا- ئەمشەو زۆر قسەمکرد. بۆ شەوێکی تر بۆتان باس دەکەم. ئێستا بڕۆن بنوون چونکە دەبێت بەیانی بڕۆن بۆ سەر کار. شەوێکی شاد.



Scanned with CamScanner

نیما شەوێکی شاد هەی ئەوەی کارەساتبار. شەوێکی شاد ئەی ئەوەی تۆڵە لێسەندراو.

((من کێشام بەکەلەکەی نیماداو شیواو گیتاش تەلەفۆنەکەیان داخست))

- ئەوە چیبوو کە لەکۆتایدا بەو دوو کچە داماوەت وت؟

نیما- ئەوەی کارەسات. هەرچی بەڵاهەیە بەسەر ئەمەئەدا هاتووە، کەمێکیشی بەسەر ئێمەدا هات، بەڵام پارە پارێزگاری لێمانکرد. ئەو داماوانە بێپارەبوون، بەقسەی شیوا لەپێشبڕکێی دووهەمدا کەوتوون.

- نەخێر بەو شێوەیەش نییە کە شیوا دەیووت.

نیما- هەستە بنوو، چونکە ئەگەر تۆ لەجێگەی ئەوان بوایەیت ئێستا لەجیاتی ئایدز هەزار دەردوو نەخۆشی دیکەت هەبوو. هەستە کاسەو کوزەکەت کۆبکەرەوە. دانیشتویت دڵی خۆت خاڵی دەکەیتەوە.

- بێئەدەب.

نیما- بەخودا تۆ هەر لەگەڵ چاوت کردووەتەوە هەموو شتێك ئامادەبووە. ئێستا بۆ خەڵکی بویتەتە دروشم دەر. هەستە بنو، چونکە کارم هەیە.

((لەگەڵ نیمادا هەستاین‌و ئیش‌و کارەکانمان کردو نووستین))



Scanned with CamScanner

# بـــەشی پێنجەم

((کاتژمێر حەوتی بەیانی بوو. نیما خەبەری کردمەوە. هەستاین‌و نیما خاولییەکەی پێدام‌و ڕۆیشتم ئاوێکم بەخۆمدا کرد، پێکەوە لەگەڵ نیمادا ڕۆیشتینە باڵکۆنەکەوە ئەو خواردنەی کە زینەت خان بۆی ئامادەکردبوین خواردمان‌و وەڕێکەوتین بەرەو حەوشەکە. نیما لەپێش منەوە ڕۆیشت تاوەکو دەرگاکە بکاتەوە، لەپڕێکدا نیما ڕاوەستا)

- نیما بۆچی دەرگاکە ناکەیتەوە؟

نیما- وسس!

((نیما گوێی نا بەدەرگاکەوە))

- چیبووە نیما؟

نیما- گوێبگرە.

((لەدەرەوە دەنگی دایەگەورە دەهات))

نیما- وەرە بابڕۆینە سەرەوەو لەژوورەکەی منەوە تەماشا بکەین بزانین چ باسە.

((پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ژوورەکـەی نیماو لەپشتی پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەمانکرد، دایەگەورەو یەڵدا هاتبوون بۆ بەردەرگاکەی ماڵی نیما، نیماش دەرگای باڵەکۆنەکەی کردەوە تاباشتر گوێمان لەدەنگی دایەگەورەو یەڵدا بێت. هەرچەند کە دایەگەورە بەدەنگی بەرز قسەی دەکردو هەم یەڵداش لەبەر گوێگرانی دایەگەورە بەهاوار هاوارکردن قسەیدەکرد. کاتێ کە چاوم بەیەڵدا کەوت وامدەزانی هەموو دونیایان پێداوم))

یەڵدا- دایەگەورە بۆ زەنگ لێنادەیت؟

دایەگەورە- ئێستا ((بەرد)) هەڵدەدەم دایکەکەم. تۆ پەلەم لێمەکە.

یەڵدا- دایەگەورە بەرد نە، زەنگ لێیدە.



Scanned with CamScanner

((دایەگەورە نوشتایەوە تا لەسەر زەویەکە بەرد هەڵبگرێت کە یەڵدا دەستی گرتو وتی))

- دایەگەورەگیان ئەوە چیدەکەیت؟

دایەگەورە- کچم ئێمە خۆمان بڕیارمان بەمشێوەیەیە. منو مینا بە بەرد یەکدی ئاگادار دەکەینەوە.

((منو نیما خەریکبووین لەپێکەنیندا دەمردین))

نیما- وەرە بابڕۆینە خوارەوە ئێستا دایەگەورە ئەم ماڵە دەکات بەکەلاتی بەرد بارانکراو. وەرە بابڕۆین.

((دوو بەدوو ڕۆیشتینە خوارەوەو لەپشتی دەرگاکەوە ڕاوەستاین تابزانین یەڵداو دایەگەورە چی بەیەکتری دەڵێن))

یەڵدا- دایەگەورەگیان بەخودا عەیبە.

دایەگەورە- وەرە کچم تۆ ئەوبەردەم لێبگرەو هەڵیدە، ئاخر من دەستم تواناى نەماوە، تۆ بەتوندیی فڕێیدەرە حەوشەکەوە.

((منو نیما لەپشتی دەرگاکەوە لەپێکەنیندا بورابوینەوە))

یەڵدا- بەخودا دایەگەورە من بەرد هەڵنادەم، ئاخر تۆو نیشی وا بەخودا ((زۆر سەیرە))

دایەگەورە- مینا ((نوستووە))؟ نەخێر بابەگیان ئێستا هەستاوە. مینا خۆی وتی بەیانی وەرە.

یەڵدا- من بەرد هەڵنادەم.

دایەگەورە- ئەی دنیا، دەستی شکاوم بۆ گەنجێتی خۆم.

((لەگەڵ دایەگەورە ئەو قسەیەی کرد لەدوای چرکەیەك دەنگی شکانی شوشەیەك هات! ئەگەر منو نیما کەمێك لەولاترەوە بوەستاینایە تەواوی شوشە شکاوەکە دەهات بەسەرماندا، باوەڕمان نەدەکرد کە دایەگەورە کاری وابکات. منو نیما بەشڵەژاوی لەیەکدیمان ڕوانیو نیما لەپڕێکدا دەرگاکەی کردەوەو چووە دەرەوە. منیش بەدواى نیمادا ڕۆیشتمە دەرەوە. دایەگەورە لەگەڵ نیمای بینی بزەیەکی کردو وتی))

- چەندە زوو هاتی مینا گیان. یەڵداش دەیووت تۆ نوستوویت. بەڕاست شوشەکانتان زۆر سەیرن، یابانی نەسڵن. کاتێك کە دەشکێن دەنگیان نایەت!

((نیما وشك بوو بوو، تەماشایەکی یەڵدای کرد کە ئەویش لەئێمە دەڕوانی. نیما بەیەڵدای وت))

- یەڵداخان دەستت خۆشبێت. زۆر سوپاس.

یەڵدا- بەخودا من شوشەکەم نەشکاند. دایەگەورە بوو بەردی هەڵدا.



Scanned with CamScanner

نیما- ئەی دایەگەورەی شەیتان یاری تیرو کەوانت دەکرد؟ سەیرکە هەروا دەزانێت لەگەڵ ئەویشم نییە. ((دەبێت بوێریی لەم ژنەوە فێر ببین))

دایەگەورە- ((دەبێت زیانەکەی لەکێ وەرگرن))؟

نیما- دایەگەورە زیان نە بوێری. دەڵێم بەڕاستی تۆ کەسێکی ((نەترسیت))

دایەگەورە- من ((بەتوانام))؟ نەخێر رۆڵەگیان وانییە بەخودا هێزو توانا لەجەستەمدا نەماوە.

((لەدوای ئەو قسەیەی دایەگەورە، هەرسێکمان دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- چانسی خۆمان کە هێزو توانات نییە، ئەگەر نا ئێستا هەموو ماڵەکەت کاول کردبوو.

((لەهەمانکاتدا باوکی نیما هاتە بەردەرگاکەو وتی))

- نیما ئەوە کێبوو؟ بۆچی شوشەی ئەو پەنجەرەیە شکا؟

((ئێمە چۆنیو چاکیمان لەگەڵ باوکی نیمادا کرد. باوکی نیماش هەرکە چاوی بەدایەگەورەو یەڵدا کەوت دەستیکرد بەسڵاو ئەحواڵپرسی کردن. نیماش وتی))

- باوکەگیان هیچ نییە منداڵی گەڕەکی خوارە بوون، شەڕە بەردیان دەکرد ئەو بەردەش بەر شوشەی پەنجەرەکەی ئێمە کەوت.

باوکی نیما- خۆ ئێوە هچتان لێنەهاتووە؟

نیما- نەخێر لەخودا بەزیادبێت هیچمان لێنەهاتووە.

باوکی نیما- ئێستا چی رویداوە وا دایەکەورە بەم بەیانی زووە هاتووە بۆ ئێرە؟

((یەڵدا بەشەرمەوە وتی))

- گوایە کاك نیما بەدایەگەورەی وتووە بۆ ئەو گرفتەی گوێچکەتان پزیشکێکی زۆر چاك دەناسم.

((باوکی نیما بزەیەکی کردو وتی))

- بەڵێ بەڵێ. بەڕاستی پزیشکێکی زۆر چاکە. ئێستا وەرنە ژوورەوە با لەخزمەتتاندابین.

یەڵدا- زۆر سوپاس. نابینە ئەرك بۆتان.

نیما- باوکە گیان من ئەمڕۆ نایەم بۆ کۆمپانیا. تۆ خۆت ئەمڕۆ بەتەنها کڵاو بکەرە سەری خەڵکییەوە! واتە ئیشو کاری خەڵکی وەڕێکە.

باوکی نیما- فەرموون کێشە نییە. بێگومان سیاوەش ئەفەندیش لەگەڵ ئێوەدا دێت.

نیما- بەڵێ ئەو پزیشکە لەبەرخاتری رووی گوڵی سیاوەش گیان ئامادەیە دایەگەورە بەبێ بەرامبەر چارەسەر بکات.

باوکی نیما- کەواتە ئەمڕۆ هەردوکتان (of)ن.



Scanned with CamScanner

نیما- دەستت خۆشبێت. لەمۆڵەتداری ساڵانەمان کەمی دەکەینەوە. ئەگەر دەکرێت پەیوەندیش بەباوکی سیاوەشەوە بکە، بەرنامەکە بۆ سیاوەشیش جۆرکە. بەپەنای خودا لەکۆتایی ساڵدا هەقی هەموویان دەکەینەوە.

((باوکی نیما دەستیکرد بەپێکەنینو ڕۆیشتە ژوورەوە. نیماش دەرگای حەوشەکەی کردەوەو ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە دەرەوە، پاشان بەدایەگەورەی وت))

- فەرموو سواربە، بەڵام ئەگەر جارێکی تر شوشەی ماڵەکەمان بشکێنیت دەتدەم بەدەستی بارچاوشێکەوە! وامەزانە ئەمجارە پێت پێکەنیم، من زۆر ناحاڵیم ها. دەی خێرا سواربن.

((بەهەر حاڵ بەدەم پێکەنینو گاڵتەو گەپەوە ڕۆیشتین بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی کە سیمای لێبوو. کاتێك لەبەردەمی نەخۆشخانەکەدا لەئۆتۆمبێلەکە دابەزین نیما دەستی دایەگەورەی گرتو وتی))

- توخودا دایەگەورە گیان لێرە بەمینا بانگم مەکە. بەخودا حەیام دەچێت.

دایەگەورە- مینا گیان چی نەکەم؟

((نیما گوێیەکەکەی دایەگەورەی لەپێش دەمیدا گرتو بەدەنگی بەرز وتی))

- دایەگەورە لێرە ناوم مەهێنە.

دایەگەورە- کەواتە بڵێم چی؟

نیما- ناوی بنەماڵەکەم بڵێ، بڵێ ((زەکاوەت))

دایەگەورە- بڵێم ((نەجابەت))؟!

((منو یەڵدا مردبوین لەپێکەنیندا. نیما تەماشایەکی دایەگەورەی کردو خۆشی بزەیەکی کردو وتی))

- ئەوەندە بەستەزمانانە تەماشای پیاو دەکات دڵم نایەت هیچی پێبڵێم. باشە دایەگەورە هەرچی دڵت خواستی ئەوەم پێبڵێ. نەجابەت باشە. هەرچەند لێشم نایەت.

((هەرچوارمان ڕۆیشتینە ناو نەخۆشخانەکەوە، لەپرسگە داوامانکرد تاوەکو سیمامان بۆ بانگ کەن. لەدوای چەند خولەکێك سیما هات. سیما لەگەڵ چاوی بەتیمەکەوت حەپەسا. یەڵدا ڕۆیشتە پێشەوەو چونیوچاکی لەگەڵ سیمادا کرد، لەبەر ئەو مەسەلەیەی شەوی خوازبێنییەکە داوای لێبوردنی لێکرد. نیما وتی))

- چۆنی سیماخان گەورهەرێکی دەگمەنمان لەزانستی پزیشکییەوە بۆ هێناون. ئەم گەوهەرە بەنرخەمان هێناوە تاوەکو پێشکەشی بکەین بەتەلاری ڕونکردنەوە. وەرە وەریگرە.



Scanned with CamScanner

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین‌و سڵاوی لەدایەگەورە کردو پرسی))

- دایەگەورە کێشەیەکیان هەیە؟

نیما- نەخێر هیچ کێشەکیان نییە.

سیما- کەواتە چیبووە؟

نیما- دایەگەورەمان بۆ لەوە هێناوە کە تەنها تۆ ببینێت سیماخان گیان!

- زەهری مار هەتیوو. سازنەیی(ماستاو) مەکە!

نیما- نەخێر ببورن. ئەومان بۆیەهێناوە تاوەکو وانەی مێژووی بەهەموو کارمەندەکانتان بڵێتەوە. دایەگەورە یەکێکە لەهەرە مێژوو نووسە بەناوبانگەکان. شەوی رابردوو مێژوی ئێرانی قۆناغ بەقۆناغ بەوتنەوە بۆ رونکردینەوە. واتە لەسەرەتای بڕیاری ((صەفەوییەکانەوە)) تا شاربەدەرکردنی ئەحمەد شا!

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- نیما ئەفەندی ببورە تێناگەم. دەکرێت سادەتر قسەبکەیت؟

نیما- بەسەرچاو، بەڵام تەنها تۆ پێمەکەنە چونکە من دەست‌و پێم دەلەرزێت. پەنجا جاری تر بۆت دووبارە دەکەمەوە!

- دیسانەوە دەستتکردەوە بەقسەی هەلەق‌و مەلق کردن؟

نیما- عەرزم بەحزورتان لەلایەن ڕێکخراوەی نەتەوەییەکانەوە دەستوریان پێداوین کە حەیفە زانایەکی وا بەدەست کەمێك گوێگرانییەوە ئازار بکێشێت. ئێمەش لەبەرئەوە هێناومانە بۆلای تۆ تاوەکو تۆش پزیشکێکی چاکمان پێبناسێنیت، کە ئەم زانایە چارەسەر بکات تائەویش بتوانێت هاوکاری بەکۆمەڵگەی زانست دۆستان بکات.

((سیماو یەڵدا دەستیانکرد بەپێکەنین))

نیما- خودایە لەدەورت گەڕێم. ئەگەر من وەزیری تەندوستی بوایەم ئەم نەخۆشخانەیەم بەیەکەمین نەخۆشخانەی نموونەیی دەست نیشاندەکرد.

((کێشام بەکەلەکەی نیمادا))

نیما- بۆچی لێمدەدەیت؟ مەگەر تۆ جێگری وەزیری تەندروستیت؟ دەمەوێت پێشنیازێك پێشکەشی وەزارەتی تەندروستی بکەم.

سیما- باشە تێگەیشتم. تەشریف بیهێنن. چانسی خۆتان پزیشکێکی گوێ‌و گەروو کەپوی زۆر چاکمان لایە، کە بەڕاستی کارەکانی شاکارە. فەرموون من ڕێنمایتان دەکەم.



Scanned with CamScanner

((سیماو یەڵدا لەپێش ئێمەوە وەڕێکەوتن منو نیماو دایەگەورەش بەدوایاندا بەرەو نهۆمی سەرەوە کەوتینەڕێ. لەساڵۆنێکدا دانیشتین. سیما ڕۆیشتە ژوورێکەوە کە ژووری پزیشکێك بوو. لەدوای چەند خولەکێك سیما هاتە دەرەوەو ئێمەی بانگکرد. هەموو ڕۆیشتینە ژوورەوەو لەگەڵ پزیشکەکەدا ئاشنا بووین، کە پزیشکێکی ژن بوو، مەسەلەکەمان تێگەیاند. پاشان پزیشکەکە دایەگەورەی لەسەر کورسییەك دانیشاندو تەماشای گوێچکەی دایەگەورەی کرد، پاشان ڕۆیشتە لای سیماوەو وتی))

- کچێ من چی چارەسەربکەم؟ ئەو گوێچکەیە تەنها کونێکی دیارەو هیچی تر.

((نیما ڕۆیشتە پێشەوەو وتی))

- جەنابی دکتۆر گرفت لەگوێچکەیەوە نییە.چونکە جوتێ گوێی بیانی ئیش پێنەکراوی سفر زۆر زۆر بڕوات هەفتا ساڵ دەڕوات. ئەم دایەگەورەیەی ئێمە ((مزەفەرالدین شا))ی بەچاوی خۆی بینیووە. ئێستا نزیکەی سەدەیەکە بەشکۆمەندی دەژیو هاتووەتە ناو هەزارەی سێیەمەوە.

پزیشکەکە- کەواتە ئیتر چ پێویستییەکی بەبیستن هەیە؟

نیما- دەیەوێت لەم سەردەمی تەکنەلۆژیایەدا گفتوگۆی شارستانیەتی پێ ببیستێت.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. پزیشکەکە وتی))

- کەواتە ئێستا من چیبکەم؟

نیما- بەقوربانی تۆبم، کێشە لەگۆیەکەیدایە. ئەوە چل ساڵە ئەو گۆیەکەی هەیە. دەبێت گۆیەکەکەی بگۆڕدرێت. پسوڵەیەکمان بدەرێ تابچین دانەیەکی بۆ بکڕینو شتێکیشی پێبڵێ تادڵی خۆش بێت. بەتەمەنە، زۆر داماوە.

((پزیشکەکە ڕۆیشتە تەنیشتی دایەگەورەوە دانیشتو دەستی خستە ناودەستییەوەو وتی))

- دایەگەورەگیان گوێچکەی تۆ هیچ ((کێشەیەکی)) نییە.

دایەگەورە- گوێچکەی من هیچ ((جوانییەکی)) تێدا نییە؟ یاخوا مشك بتخوات هەی دکتۆری نەخوێندەوار!

((پزیشکەکە تەماشایەکی ئێمەی کردو ئێمەش هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- دایەگەورەگیان جەنابی دکتۆر دەفەرموون کەگوێچکەی تۆ ((ساغە))

دایەگەورە- بەڵێ بەڕاستی جەنابی دکتۆر ((زانایە)) من تەنها ئەوەم دەوێت کە گوێچکەم بۆ بشۆن تائەو پیسییانەی لێ بێتە دەرەوە بۆ ئەوەی باشتربم.

((ئێمە دووبارە دەستمانکردەوە بەپێکەنین. پاشان پزیشکەکە وتی))



Scanned with CamScanner

- بەسەرچاو دایەگەورە بەجوانی بۆتان دەشۆم.

((پزیشکەکە لەدوای ئەوقسەیە ڕۆیشتە لای سیماو نیماوەو وتی))

- ئاخر دەبێت لەپێشدا قەترەیەکی پێبدەم تا یەك دوو ڕۆژ بیکاتە گوێچکەی بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر ئەو پیسییانەی ناو گوێچکەی‌و بیهێنێتە دەرەوە. دڵنیابن ئێستا بەو ئاسانییە پاك نابێتەوە.

نیما- دکتۆرگیان ئیمە پێویستمان بەقەترە نییە. لەجیاتی قەترە پیاڵەیەك ئاوی تێبکەو بیشۆ. ئەگەر ئاوەکەش بچێتە ناو گوێچکەیەوە هەموو پیسییەکە دەهێنێتە دەرەوە.

دایەگەورە- ئەوە مینا گیان تۆ دەڵێیت چی؟

نیما- دایەگەورە مینا نە ((نەجابەت))

دایەگەورە- ((خەجاڵەت))؟ باشە ئەوە کوڕەکە تۆ بۆچی ئەوەندە ناوی خۆت دەگۆڕیت؟

نیما- دایەگەورەگیان ئەوانە هەموویان ناوە سەرپێتییەکانمە!

دایەگەورە- بەهەرحاڵ ئاخیرەکەی چیتانکرد بۆ شتنەکەم؟ خۆم روت بکەمەوە؟

نیما- نەخێردایەگەورە. مەگەر دەمانەوێت بڕۆین بۆ شەکراو خواردنەوە تاخۆمان بشۆین. هەرلێرەدا بەجامێك ئاوو کەمێك سابوون کارمان تەواو دەبێت.

((پاشان نیما ئاوڕیدایەوە بەلای پزیشکەکەداو وتی))

- جەنابی دکتۆر خێراکە. چونکە ئەگەر دایەگەورە خۆی روت بکاتەوە ئەوجا ناچاریت هەموو جەستەی بشۆیت. تکایە هەمووتان بڕۆنە ئەولاوە تا لەکاتی ئاوکێشانی دایەگەورەدا ئاوتان بەرنەکەوێت!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. پزیشکەکەش ڕۆیشت قاپێك‌و سرنجێکی گەورەی هێناو کەمێك ئاوو دەرمانێکی کردە ناو قاپەکەوە، پاشان سرنجەکەی لێ پڕکردو بەنیمای وت))

- دەبێت تۆ کەمێك یارمەتیم بدەیت.

نیما- بەسەرچاو. بەڵام جەنابی دکتۆر ئەو سرنجە بەشی گوێچکەی دایەگەورە ناکات. دەڵێم باتەلەفۆن بۆ ئاگرکوژێنەوە بکەین بێن‌و بەو ئاوەی کە بینای چەند نهۆمی پێدەکوژێننەوە گوێچکەی دایەگەورەی پێبشۆن.

((پزیشکەکە بورابووەوە لەپێکەنینداو بەنیمای وت))

- تکایە ئەو قاپە لەژێر گوێچکەی دایەگەورەدا بگرە.

((نیما قاپەکەی لەژێرگوێچکەی دایەگەورەدا گرت‌و پزیشکەکەش خەریکبوو بەپاککردنەوەی گوێچکەی دایەگەورەوە. پزیشکەکە بەجوانی هەردوو گوێچکەی دایەگەورەی شت. کاتێك پزیشکەکە



Scanned with CamScanner

لەکارەکەی تەواو بوو دایەگەورە وتی))

- مینا گیان تەواو بوو؟

نیما- بەڵێ دایەگەورەگیان تەنها دەبێت کەمێك لۆکە بخەینە ناو گوێچکەوە تا ((وشك بێتەوە))

دایەگەورە- تازە سەرەی ئەوی تریانە؟

پزیشکەکە- نەخێر دایەگەورەگیان هەردوو گوێچکەکەتان بەجوانی ((شۆردووە))

دایەگەورە- پەردەی گوێچکەمتان ((هەڵگێڕاوەتەوە))

نیما- دایەگەورە جەنابی دکتۆر دەڵێت ((ئیشی گوێچکەتان تەواو بووە))

دایەگەورە- ((ئاوی خۆشۆردنەکەم حەرام بووە))؟

((پزیشکەکە مات بوو بوو تەماشای دایەگەورەی دەکرد. پاشان نیما وتی))

- لەخودا بەزیادبێت ئێستا گوێچکەی دایەگەورە کێشەی نەماوە. تەنها ئەو پیسیو چڵکەیە کە رێگە لەبیستنی دەگرێت.

((هەموومان دەستمانکرد بەپێکەنین. دایەگەورە بەسەرپۆشەکەی گوێچکەی وشککردەوەو وتی))

- ئۆخەی. یاخودا دکتۆرگیان خێر بێتە رێت. بەڕاستی گوێچکەم سوك بوو. عەرزم بەحزوری ئەم پزیشکە جوانە، ڕاستییەکەی ماوەیەکە چاوم کەمێك لاواز بووە. خێری قەبری مردوت تەماشایەکی بکە.

نیما- نەخێر وابزانم دایەگەورە واهاتووە بەگورگی بڕواتەوە!

پزیشکەکە- ئاخر من دکتۆری چاو نیم. تۆ دەبێت...

((نیما نەیهێشت پزیشکەکە قسەکەی تەواو بکات وتی))

- دکتۆر گیان چ جیاوازییەکی هەیە. دکتۆر هەر دکتۆرە. پسوڵەیەکمان بدەرێ تابڕۆین تەلسکۆپی هۆبڵی لەئەمریکییەکان بۆ بکڕینو بیکەینە چاوی دایەگەورەوە تائیدی کێشەی نەمێنێتو بتوانێت بەباشی ببینێت. هەروەها دەشتوانێت هەر لەسەر سەربانەکەیانەوە بونەوەرەکانی سەر مەریخ ببینێت.

((بەهەر حاڵ بەدەم گاڵتەو گەپەوە خوداحافیزیمان لەسیماو پزیشکەکە کردو هاتینە خوارەوە. کاتێك گەیشتینە بەردەمی پرسگەکە لەپڕێکدا هەر ئەو بەرپرسەی کە جاری پێشوو لەسەر کێشەکەی باوکی نیما بوو بووینە ئاشنای لەپرسگەکەدا بوو، هەر کە نیمای بینی سڵاوی لێکردینو وتی))

- چۆنی کاك زەکاوەت. تەندروستیت چۆنە؟ دیسان لێرە دەرکەوتیتەوە.



Scanned with CamScanner

نیما- چۆنی میهەن خان. تۆ باشیت؟

میهەن- زۆر سوپاس. تەندروستی باوکت چۆنە؟

نیما- سوپاست دەکەم. بۆخۆی سەری بەو منداڵەوە گەرمە کە تیوە بۆتان خستبووە سکییەوە! خەریکە شیری دەداتێو گەورەی دەکات!

((کچەکانی بەشی پرسگەکە دەستیانکرد بەپێکەنین. دایەگەورەش هاتە پێشەوەو وتی))

- مینا گیان ئەم کچە کێیە؟

نیما- ئاخ...! دایەگەورە. سەدجارم پێوتیت ناوە ڕاستەقینەکەم لەلای خەڵکیدا مەهێنە. دوایی فێر دەبنو بانگم دەکەن، بەخودا ئەگەر باوکم بزانێت بەشەق شینو مۆرم دەکاتەوە.

دایەگەورە- من دەڵێم ناوی ئەو کچە چییە؟

نیما- ئەمە میهەن خانە.

دایەگەورە- شەهێن خان؟ لێرەدا چیدەکات؟

نیما- ئەوەی کە ئەو دەیزانێت بۆ تۆ نابێت! ئەو تەنها لەبواری سکپڕیدا زانایە ئەویش تەنها بۆ ئەو پیاوانەی کە تەمەنیان لەسەروی پەنجا ساڵەوەیە. ئەم بوو کە ((سکی باوکمی)) پڕکرد.

دایەگەورە- ئەم بوو کە باوکی تۆی ((خەواند))؟

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. میهەن بەدایەگەورەی وت))

- ئەگەر ئەمرێکتان هەبێت من جێبەجێی بکەم، زۆر خۆشحاڵ دەبم.

نیما- ناتوخودا وامەڵێ. چونکە ئەگەر دایەگەورە شتی وابزانێت هەتا نەبێتە خاوەنی منداڵێك لێتان ناگەڕێت.

دایەگەورە- دەڵێم ئەم کچە کاری چییە؟

نیما- بابەگیان کۆمپانیای هەیە بەتۆ چی؟

دایەگەورە- باوکی کۆتربازە؟

((کچەکانی بەشی پرسگە دووبارە دەستیانکردەوە بەپێکەنین، نیما تەماشایەکی دایەگەورەی کرد، پاشان هات بۆلای منو وتی))

- سەد خۆزگەم بەناوە پاڵیوراوەکەی تاران. خۆهەرهیچ نەبێت کەمێك کلۆرو بەکتریای تێدابوو. دەرمانی ئەو پزیشکە هەر هیچی پێنەکرد.

- تێناگەم؟

نیما- بابەگیان مەگەر دایەگەورەم لەبەرخاتری کێ دوای خۆم خستووە؟ قابیلە لەبەر خاتری



Scanned with CamScanner

خۆمبێت. مردم ئەوەندە قسەی هەلەق و مەلەقم کرد، حەیام چوو.

- باشە ئێستا بەنیازیت چیبکەیت؟

نیما- زەهری مار. من تەواوی ئەم بەزمانەم گێڕاوە کە چی بێت؟ ئەو هەموو کڵاو چییەتییەم بۆ ئەوەکرد تاوەکو تۆ قسە لەگەڵ یەڵدادا بکەیت.

- ئاخر نیماگیان مەگەر دایەگەورە دەهێڵێت کەس قسەبکات؟

نیما- من دایەگەورە دەبەم بۆ کافتریای نەخۆشخانەکەو تۆش چوار وشە بەیەڵدا بڵێ و کۆتایی پێبهێنە.

- باشە نیماگیان دەستت خۆشبێت. تۆ دایەگەورە بەرە بۆ کافتریاکە، منیش دەستدەکەم بەقسەکردن لەگەڵ یەڵدادا.

نیما- باشە دەی، بەڵام لەبیرت نەچێت کە خەریکم چ فیداکارییەکت بۆ دەکەم. ئەم ژنە باوکی گوێچکەو زمان و مێشکی منی دەرهێناوە.

((نیما ئەو قسەیەی کردو ڕۆیشت بۆلای دایەگەورە کە خەریکبوو لەگەڵ پەرستارەکاندا قسەی دەکرد، پاشان نیما وتی))

- دایەگەورە وەرە بابڕۆین ((پێکەوە شتێك بخۆین))

دایەگەورە- بڕۆین ((کەمێك رابکەین))؟ مینا گیان من توانای راکردنم نەماوە.

((دووبارە هەمو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. نیما دەستی دایەگەورەی گرت و بەرەو کافتریاکەی برد. یەڵدا تەماشایەکی دایەگەورەو نیمای کرد، پاشان ڕۆیشت لەسەر کورسییەك دانیشت. منیش ڕۆیشتم لەسەر کورسییەکەی تەنیشتیدا دانیشتم. نەخۆشخانەکە بەجۆرێك قەرەباڵغ بوو کە باس ناکرێت. خەریکبووم لەزهنمدا بەدوای شتێکدا دەگەڕام کە سەری قسەکانی پێبکەمەوە. لەپڕێکدا یەڵدا وتی))

- هێشتا نائومێد نەبوویت؟

- نەخێر لەبەرچی؟

یەڵدا- کۆبونەوەی خوازبێنییەکەت لەبیرچوو؟

- نەخێر بیرم نەچووە. بەڵام ئەگەر دووکەس یەکتریان خۆشبوێت ئەو شتانە ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەخۆشبەختییان، بەڵام بەمەرجێك لەنێوانی ئەو دووکەسەدا خۆشەویستی هەبێت.

((یەڵدا ئاوڕی دایەوەو تەماشایەکی کردم، هەمووگیانم گەرم بوو))

- یەڵداخان سەرپۆشکەت لەسەرت کەوتە خوارەوە، تکایە بیدەرەوە بەسەرتا. دوایی دێن



Scanned with CamScanner

شتێکمان پێدەڵێن.

((یەڵدا لەحاڵێکدا کە سەرپۆشەکەی دەدایەوە بەسەریدا وتی))

- هێشتا پێی ڕانەهاتووم. وەك شتێکی زیادە وایە بەلامەوە. چەندین ساڵ لەئەمریکا بەجۆرێکی تر ژیاوم. بۆمن ژیان لێرە زۆر سەختە. لەوێ هەموو شتێکی لەگەڵ ئێرەدا جیاوازە.

- هەستو سۆز چی؟

یەڵدا- زمانی عەشق لەتەواوی دونیادا هەر یەك زمانە. من لێرە ڕووبەڕووی کێشە بومەتەوە. نزیکەی سیانزە چواردە ساڵ لەئەمریکا ژیاوم. ئێستا وەختێ هاتومەتەوە، ئەگەر لەئێراندا بمێنمەوە. ئەوە گەورەترین کێشەیە. جگەلەو ناتەباییەی کە لەنێوانی ماڵەوەمانو دەرەوەدا هەیە. لەماڵەوە کەسێك دادوەرەو لەدەرەوەش کەسێکی دیکە.

- تێناگەم.

یەڵدا- ئەگەر تەنها جارێك لەگەڵ پورمدا قسەبکەیت بێگومان تێدەگەیت. بۆ نموونە، ئێمە لەماڵەوە جگە لەبەرنامەکانی سەتەلایت. بۆمان نییە تەماشای کەناڵە ناوخۆییەکان بکەین. هیچ ڕۆژنامەیەکیش نایەتە ماڵی ئێمەوە.

- ئاخر بۆ؟

یەڵدا- پورم هەر بەو شێوەیەیە. دەربارەی زەماوەندیش بیرو بۆچونەکانیت بیستووە.

- کەواتە من چیبکەم؟

یەڵدا- تۆ دەبێت بڕۆیت بەلای ژیانی خۆتەوە.

- ئاخر بەو سادەییە؟

یەڵدا- ڕەنگە!

- باشە ئەگەر من بڕۆمە دواوە کەسێك هەیە شازادەبێتو بێتە خوازبێنی تۆ؟

یەڵدا- بەڵێ هەیە.

- بەڕاست؟ کەواتە بۆیە بەمن دەڵێیت بڕۆم بەلای ژیانی خۆمەوە؟

یەڵدا- نەخێر وانییە.

- کەواتە بۆچی قسەی وادەکەیت؟

یەڵدا- لەبەرئەوەی من بنەماڵەی خۆمان دەناسم. ئەوان ڕێگەنادەن ئەو هاوسەرگیرییەی منو تۆ سەربگرێت.

- ئەی تۆ چی؟ ویستی خۆت چییە؟



Scanned with CamScanner

یەڵدا- من داوای لێبوردن دەکەم، چونکە ناتوانم قسە لەقسەی ئەواندا بکەمو داواکاری ئەوان ڕەت بکەمەوە!

- بەڕاستی سەیرە! سیانزە چواردە ساڵ ژیان بردنەسەر لەئەمریکادا.

((یەڵدا ئاوڕیدایەوەو تەماشایەکی کردم. منیش لەجێگەکەی خۆم هەستامو وتم))

- ئەگەر تۆ کەسێکت خۆشبویستایە هەرهیچ نەبێت توانای دەربڕینی رای خۆتت پەیدا دەکرد. بەهەرحاڵ. دیسان سەرپۆشەکەت لەسەرت کەوتە خوارەوە بیدەرەوە بەسەرتا. خوات لەگەڵ یەڵداخان.

((ئەو قسەیەم بەیەڵدا وتو لەنەخۆشخانەکە هاتمە دەرەوە، دەستمکرد بەپیاسەکردن بەسەر شەقامە بێدەسەڵاتەکاندا. کەمێك لەنەخۆشخانە کە تێپەڕیم، ئاوڕمدایەوەو تەماشایەکی لای نەخۆشخانەوەکەوەم کرد، وتم بابزانم یەڵدا نەهاتووە بەدوامدا، بەڵام کە تەماشامکرد کەسم نەبینی. یەڵدا هەروەك ئەوەی کە من لەگەڵ ئەویشدا دڵگرانیم نەبوویێت. زۆر بێتاقەت بووم، سەرم نەویکردبوو، هەر بەوجۆرە وەڕێکەوتم. تەنها بەڕێگادا دەڕۆیشتمو بیرم لەخۆم دەکردەوە. هەستێکم لەلا دروست بوو کە وامدەزانی یەڵدا منی خۆشناوێت، تەنها ئەوەش بوو کە ئازاری دەدام، کەواتە بۆچی هێشتی بڕۆمە داوای؟ ڕەنگە لەبەرئەوە بوویێت کە دڵنیابووە چ وەڵامێکم دەدەنەوە. چەندجار مۆبایلەکەم زەنگی لێدا بەڵام رەتمدایەوە. خەریکبوو بیرکردنەوەکانم وەڕسیان دەکردم. وام لێهاتبوو کە تەنها دەڕۆیشتمو تەماشای دەوروبەری خۆشمم نەدەکرد. گەیشتمە ئەوپارکەی کە ئەو شەوە شیوای تێدا بوو، هەر کورسییەك‌و کوڕو کچێك لەسەری دانیشتبوون. زیاتر لەسەر ئەو کورسیانە دانیشتبوون کە کەمتر دەردەکەوتن واتە کەمتر دەبیزان. زۆربەی کچەکان پۆشاکی قوتابخانەیان لەبەردابوو. تێنەدەگەیشتم کە چۆن بەم بەیانییە ئەوانە لەقوتابخانەکانیاندا نین.

هەربەو شێوەیە خەریکبووم بەبێ ئامانج دەڕۆیشتم لەپڕێکدا کوڕێك کە تەمەنی نزیکەی پانزە شانزە ساڵ دەبوو هاتە پێشەوەو بەئارامی پێمیوت))

- شتێکت دەوێت؟

((بەسەرسامی تەماشایەکم کرد، کوڕەکە وتی))

- مەترسە، جێگەیەکی هێمنو لەسەر خۆیە. مادەت دەوێت؟ مەستیت؟

((تەنها تەماشامکرد، کوڕەکە وتی))

- بەدوامدا وەرە.

((پاشان بەدوای کوڕەکەدا وەڕێکەوتم بەرەو بەشی خوارەوەی پارکەکە. دەمویست بزانم



Scanned with CamScanner

ئەوکوڕە دەیەوێت چییکات. کوڕەکە هەر ڕۆیشت تاگەیشت بەکورسییەك کە کچێکی گەنجی جوانی لەسەر دانیشتبوو، کە تەمەنی نزیکەی بیست‌و چوار ساڵ دەبوو. وەختێ گەیشتمە لایان کوڕەکە وتی))

- ناوم جەعفەرە، هەرکاتێك شتێکت ویست لەم کاتەنەدا وەرە بۆ ئێرە. ویسکی‌و بیرەشم هەیە. ئەسڵی ئەسڵە. ئێستا دوسەت تمەنییەکم بدەرێ.

- منیش بەبێویست دەستم کرد بەگیرفانمداو کیفی پارەکەم دەرهێنا، دووسەت تمەنییەکم پێدا. کوڕەکەش ئاماژەی بۆ کچەکەکردو کچەکەش تاکێك لەپێڵاوەکانی لەپێی داکەندو لەناویدا بەستەیەکی بچووکی خستە دەستی منەوە. مات بوو بووم. تەماشایەکی ئەو بەستەیەی دەستمم کردو تەماشایەکی کچەکەم کرد، پاشان کچەکە وتی))

- بۆچی واسەیرم دەکەیت. دەڵێیت کەریت‌و تەماشای ناڵەکانی خۆت دەکەیت؟! بیخەرە گیرفانتەوە گەلحۆ.

((دیسان تەماشایەکم کرد. کچەکە وتی))

- ئاخ ...! ئێستا راسپێردراوەکان دەگەنە سەرمان. جەعفەر پاڵی پێوەبنێ بابڕوات.

((کوڕەکەش بەدوای خۆیدا کێشیکردم‌و لەکچەکەی دوورخستمەوە. پاشان کوڕەکە وتی))

- وادیارە حاڵت زۆر خراپە؟ ئەگەر دانەیکیان بکێشیت باشترە، چونکە هەردووکیان بۆتۆ زۆرە.

((هیچم نەوت‌و دووبارە کەوتمەوەرێ. هەرکە بەیەکەمین سەتڵی خاشاك گەیشتم بەستەکەم فرێدایەناویەوە. بەڕۆژی رووناك چ بەزمێك بوو لێرە. بەرەو دەرگای پارکەکە کەوتمەرێ. لەدەرگای پارکەکە نزیك بومەوە. بۆنی حەشیش گێژی کردم. چەند کوڕێکی پانزە شانزە ساڵە دانیشتبوون‌و خەریکبوون جگەرەی حەشیشیان دەکێشا. هەر کە لێیان نزیکبوومەوە یەکێکیان وتی))

- فەرموو. وەرە بەئارەزوت بگە.

((منیش وتم))

- بۆچی مەگەر تۆ تەمەنت چەند ساڵە؟

- هاوتەمەنی تۆم.

- تۆ دەبێت ئێستا لەقوتابخانە بیت. خەریکی وانە خوێندن بیت.

- تابیمە چی؟

- چۆن بیبتە چی؟

- خوێندن تەواو بکەم‌و بڕوانامەیەك وەرگرم، ئەوجا دەستبکەم بەسواڵکردن.



Scanned with CamScanner

- بۆچی سواڵکردن؟
- بڕۆ کاکەگیان وازمان لێبێنە.
- رۆڵەگیان تۆ دەزانیت خەریکە چیدەکەیت؟
- منداڵ لەشەکرداندایە. دەمیشی شەکردانە. ئەمە ئیتر چ پەردەیەکە بچکۆل گیان؟!!
- قوتابخانەکەتان لەکوێدایە؟
- چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە...

((کوڕەکە لەدوایی ئەوەی کە ئەو قسەیەی کرد هەستاو یەخەی گرتم. برادەرەکانیشی هەستانو بەچوار دەورمدا کۆبونەوەو هەتیوەکە وتی))

- باشە تۆ موختاری گەڕەکیت؟
- کاکەگیان تۆ خەریکە خۆت بێچارە دەکەیت!
- بەتۆچی؟ تۆ بڕۆ دەست بەشەرواڵەکەی خۆتەوە بگرە تا... دایکت ...!

((لەگەڵ گوێم لەو جنێوە بوو ئیتر نەمزانی چیدەکەم. یەکسەر سەریم گرتو بەتوندیی کێشام بەدرەختێکدا کە یەکێکی تریان دەستیکرد بەگیرفانیداو چەقۆیەکی دەرهێنا، بەرەو رووم هات. لەپڕێکدا نەمزانی نیما لەکوێوە پەیدا بوو، کە مەچەکی کوڕەکەی گرتو بەمشت کێشای بەدەموچاویداو چەقۆکەی لەدەست سەند. یەکێکی تریشیان هاتە پێشەوەو نیما بەمشت دانەیەکی کێشا بەناوچەوانی ئەویشداو لەسەر زەویەکە داینیشاند. تامن ویستم بزانم چیبووە. هەموویان هەستانو هەڵاتن. ویستم بڕۆم بەدوایاندا کە نیما دەستی گرتمو وتی))

- بۆکوێ؟
- دەمەوێت بڕۆم قسەیان لەگەڵ بکەم.

نیما- توخودا دەرگای ئەو نوێنەرایەتی هاوکاریکردنەت دابخە. دوایی توشی شتێکت دەکات.

- ئاخر ئەوانە هێشتا دەمیان بۆنی شیری لێدێت، خەریکبوون حەشیشیان دەکێشا.

نیما- بەڵێ زیانی مسقاڵێك حەشیشیشت لێدان. بەستەزمانانە مانگێك بەخۆشیو شادی پارەی رۆژانەیان کۆدەکەنەوە بەئومێدی ئەوەی کە رۆژێك دێتو کەمێك حەشیشی سێ گوڵی ئەفغانی پێدەکڕن تابیانباتە دونیای خۆیانەوە تۆش هەموویت لێ تێکدان. ئاخر هەتیوو مەگەر تۆ راسپێردراوی تێکدانی حاڵی خەڵکیت؟ لەگەڵ کچێك یان کوڕێك دەبینیت کە خەریکن بۆ خۆیان دەژین تۆ خێرا دەڕۆیتو دەستدەکەیت بەهاوارکردن بەسەریانداو کەیفو رابواردنەکانیان بەخەسار دەبەیت!

((ڕۆیشتم لەسەر کورسییەك دانیشتم. نیماش هات لەتەنیشتمەوە دانیشت. تائەوکاتەش



Scanned with CamScanner

ئەوچەقۆیەی کە لەکوڕەکەی سەندبوو بەدەستییەوە بوو. نیما تەماشایەکی چەقۆکەی کردو وتی))

- دەزانیت ئەگەر من لەحزەیەك درەنگتر بگەیشتبام چیدەبوو؟

((تەنها تەماشام کرد. نیما چەقۆکەی فڕێدایە گۆشەیەکەوەو وتی))

- یەڵدا دەیووت لەدەستی بێتاقەت بوویت. مەگەر یەڵدا وتی چی؟

((منیش هەموو شتەکانم بۆ نیما گێڕایەوە. نیما کەمێك بیری کردەوەو وتی))

- من هەر لەسەرەتاوە وتم ئەوە تیکەی تۆ نییە وازی لێبێنە.

- منیش بەنیازم هەر وای لێبکەم.

نیما- ئافەرین، لەپێناوی کەسێکدا مرە کە لەپێناوتدا تای لێبێت. ئێستا هەستە بابڕۆین. بەس تو گیانی دایکت ئەگەر بینیت کەسێك خەریکە لەزەت لەژیان دەبات، حاڵی تێك مەدە.

- ئاخر ئێرە بوەتە بنکەی کڕینو فرۆشتنی تریاك، هێرۆین، حەشیش.

نیما- ئێرە بنکەیەك نییە. ئێرە تەنها لقێکە لەو بنکەیە، بۆ زانیاریی زیاترت لقێکی بچووکیشە، بەڵام ئیشکەری زۆری تێدایە!

- واتە هیچ کەسێك ئاگاداریی ئەم شتانە نییە کە لێرەدا دەکرێت؟ باشە بۆچی کەسێك نایەت پێشیان پێبگرێت؟

نیما- هەمووان ئاگادارن. بەڵام بڕیارنییە ئێستا بێنو پێشیان پێبگرن!

- بۆچی؟

نیما- خۆ دەبێت میکانۆیەك شتێك بدەنە دەستی ئەم لاوانە تاخۆیانی پێوە خەریك بکەن. دڵداریکردن قەدەغەیە، سەماو هەڵپەڕکێ بەهەمان شێوە، یاریکردن بەتەرەقەو یارییە ئاگرییەکان لەدینی ئێمەدا نییە. ئەوکاتە گەنجیش تاقەتی زوو بەسەر دەچێتو ناچاردەبێت بۆ خۆی لەگۆشەیەکدا دانیشێت، کاتێك کە لەگۆشەیەکدا دانیشنو بیربکەنەوە، کاتێکیش بیریان کردەوە بیرلەوە دەکەنەوە کە بۆچی ئێرە بەمجۆرەیە. کاتێکیش کە بیریانکردەوەو بۆیان روونبووەوە وڵات ئەوەندە ناخۆشە. ئەوکات دەبێت کەسێك هەبێت وەڵامیان بداتەوە. کاتێك کەسێك هەبو وەڵامیان بداتەوە، دەبێت یان ڕاستیان پێبڵێت یان درۆ، ئەگەر درۆیان پێبڵێت ئەوا کێشەکە چارەسەر نابێت، ئەگەر ڕاستییەکەشی بڵێت زۆر شت هەیە کە ئاشکرا دەبێت، کاتێك زوربەی شتە خراپەکانیش ئاشکرا بوون، کۆمەڵێکی زۆر خراپەکار گیر دەخۆن، کاتێك کۆمەڵێك تاوانکار گیریانخوارد، ئاە ..! بابەگیان لەوانە گەڕێ تۆ چ ئیشێکت بەسەر ئەو شتانەوە هەیە. تۆبۆچی واز لەوگەنجانە ناهێنیت؟! داماوانە بۆ خۆیان دانیشتوون حەشیشو هێرۆین دەکێشنو کاریان بەسەر کاری کەسەوە نییە. بهێڵە لەحاڵی



Scanned with CamScanner

خۆیاندا بن. ئەگەر ئەوانە هەموویان هۆشیاربن دەبێت وەڵامی هەزار پرسیاریان بدرێتەوە. تەواوی مامۆستاکانی ئێران کۆبکەنەوە ناتوانن وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە بدەنەوە. هەستە بابڕۆین بەلای ئیشی خۆمانەوە.

((هەردووکمان هەستاین و وەڕێکەوتین بەرەو نەخۆشخانەکە، چونکە ئۆتۆمبێلەکەی نیما لەوێ بوو))

- سەیرکە نیما تەواوی ئەو کچانە کە لێرەدان، جلوبەرگی قوتابخانەیان لەبەردایە، بەبیانوی قوتابخانەوە دێن بۆ ئێرەو لەگەڵ کوڕاندا دادەنیشن و...

نیما- بەڵێ. بەڕاستی منیش دژی ئەو کردەوەیەم، ئێستا دەبێت ئەوانە لەناو پۆلەکانیاندا بن. کاتی وانە، وانە. کاتی کەیفکردن، کەیفکردن. هەمووشتێك لەکاتی خۆیدا. ئەمانە واچاکە بەعەسراندا بێن بۆ دڵداری و جێژوان.

- نیما گاڵتە مەکە من بەڕاستی قسەدەکەم.

نیما- بابەگیان چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟ تۆ بۆچی ئەوەندە دژی مرۆڤیت؟ ئەوانە وانەکانیان لێرەدا لەم کەشە کراوەیەدا فێری یەکدی دەکەن.

- من نازانم باوكودایکی ئەمانە چییان پێدەڵێن؟ بیر لەچی دەکەنەوە؟

نیما- ئەوان بەهیچ جۆرێك بواری بیرکردنەوەیان نییە. دایكوباوك بەیانی لەگەڵ خۆیاندا دەڕۆنە دەرەوە بەدوای تیکەیەك ناندا، شەویش بەهیلاکی و نیوە مردووی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە لەکوێ تاقەتی بیرکردنەوەیان هەیە. وەرە بابڕۆین چونکە ئەگەر خولەکێکی تر تۆ لێرەبیت دەبێت پۆلەکانی سەرەوەش واز لەوانە خوێندن بێنن!

- من تا ئێستا شتی لەم چەشنەم نەبینیوە.

نیما- ئاخر تۆ کوێریت. کاتێك خەڵکی بەتینویەتی بهێڵیتەوەو لەپەساش پێیان بڵێیت ئاو شتێکی باش نییە، ئاو شتێکی خراپە، ئەوکاتە ئەوانیش لەمو لەوی دەبیستن کە قەترەیەك ئاو هیچ زیانێکی نییە، کاتێکیش بۆ چرکەیەك چاوت لێخافڵا کردن هەڵدێن و هەر کە بەیەکەمین ئاو گەیشتن لەڕێگەکەیاندا ئەوا بەبێ شۆرت و قایشی پیاوەتییەوە خۆیان فڕێدەدەنە ناو ئاوەکەوەو خۆیان بەکوشت دەدەن.

- ڕاستە دەبێت ئەو کێشەیە ریشەکێش بکرێت.

نیما- دروشمی سەخت سەخت مەدە، واز لەڕیشە بێنە. وەرە باسی تونییەتی بکە. ئەوانە ئێستا تینوون و تازە بەئاو گەیشتوون و خەریکن قوڵپ قوڵپ ئاو دەخۆنەوە. ئێستا تۆ برۆ باسی پاکی و



Scanned with CamScanner

خۆپاراستن‌و پیاوەتیان بۆ بکە. تیر جنێویشت پێدەدەن‌و تایبشخۆیت تێت هەڵدەدەن. کەمێك پێش ئێستات بیر چووو؟ ئەگەر کەمێك درەنگتر بتگەیشتبام ئێستا یەك شوێنی ساغ لەجەستەتدا نەمابوو. وەرە بابڕۆین ئەوەندە دروشم مەدە.

((لەپارکەکە هاتینە دەرەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ نەخۆشخانەکە بەنیمام وت))

- دایەگەورەت چی لێکرد؟

نیما- وازم لێ هێناو دامە دەست خودا.

- ئاه...! بۆچی؟

نیما- دەی کاتێك تۆ لەگەڵ یەڵدادا بوە ناخۆشیت‌و ڕۆیشتیت، مەگەر من بەنیازبووم لەپێناوی دایەگەورەدا بسوتێم‌و بسازم؟ تۆ یەڵدات بەو جوانی‌و ئاوازەییەوە بەجێهێشت. چاوەڕوانیت من خۆم پیرو کوێری دایەگەورە بکەم؟

- ئەو قسە هەلەق‌و مەلەقانە چییە؟

نیما- تۆ بۆچی تەنها بۆ ئەم‌و ئەو دروشم دەدەیت؟ ئەگەر تۆ لەگەڵ یەڵدادا هەڵتبکردایەو نەبوایەتە ناخۆشیت. منیش دادەنیشتم بەلای ماڵ‌و ژیانی خۆمەوەو بەهەرجۆرێك بوایە لەگەڵ دایەگەورەدا هەڵمدەکرد.

- ئاه ...! ئەو پیرێژنە داماوەت هەروا وازلێهێناوەو هاتوویت بۆلای من.

نیما- هەروا نە، مارەیەکەیم پێداو ئەوجا هەرچی شتێکیش کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوی پێمدایەوە تا لەگەڵ خۆیدا بیبات‌و منیش هاتم بۆلای تۆ، لەوەزیاتر چی لێبکەم؟ بابەگیان ئێمەن پێکەوە نەدەگونجاین، لەقسەی یەکدی تێنەدەگەیشتین. واتە من لەقسەی ئەو تێدەگەیشتم، بەڵام ئەو لەقسەی من تێنەدەگەیشت.

- بێتام برۆ ونبە.

نیما- لەکافتریای نەخۆشخانەکەدا دەڵێم دایەگەورە ((چا خۆشە داوای بکەین))؟ تەماشایەکی کردم‌و بەدەنگی بەرز دەڵێت مەگەر ئێمە چیمانکردووە تابڕۆین ((شوێنەکە ئاشکرا بکەین))؟ هەموو ئەوانەی کە لەوێدابوون دەستیانکرد بەپێکەنین. ئابڕوی بردم.

- نیما خۆت بێتام مەکە ئەوان ئێستا لەکوێن؟

نیما- یەڵدا پێیووتم تۆ لێی دڵگران بوویت‌و ڕۆیشتویت. منیش ویستم ئەوان بگەیەنمە ماڵەوە، ئەوجا بێمەوە بەدوای تۆدا. بەڵام یەڵدا نەیهێشت‌و وتی تۆ برۆ بەدوای سیاوەشدا ئێمە خۆمان دەڕۆینەوە. ئێستا لەکۆتاییدا لەگەڵ یەڵدادا گەیشتیتە چی؟



Scanned with CamScanner

- هیچ. یەڵدا ئەگەر منی خۆشبویستایە خۆی شتێکی دەکرد.

نیما- سەدجارم پێوتیت بیری یەڵدا لەو کەلە بەتاڵەتدا بکەرەدەرەوە. بەڵام تۆ هەستایت و گەمژە گەمژە چوار چڵ گوڵت گرت بەدەستتەوەو چوویت بۆ خوازبێنی شازادەیەك. هاوڕێ گیان سنووری خۆت بزانە. برۆ لەگەڵ هاوشانی خۆتدا زەماوەند بکە. تۆ هەر لەو لات و لوتانەی سەر جادەکانت قابیلە، تۆ چ ئیشێکت بەشەجەرەی قاجاریی هەیە؟ ڕۆیشتم شەجەرە نامەم بۆ دەرهێنایت، ناسراوترین کەس لەناو بنەماڵەکەتاندا لەسەردەمی قاجارییەکاندا چاڵ هەڵکەن بووە. ئێستا ئەگەر پارەیەکی باش خەرج بکەین، دەتوانین شەجەرەنامەیەکت بۆ دروست بکەین بڵێین باوکی باوکی باپیرەت چاڵ دەردەری ناصرالدین شا بووە. هەڵبەت ئەوکاتە پورێ خان یەڵدات دەداتێ، بەڵام دەبێت بۆ هەمیشە لەبەردەمی هاوسەرەکەتدا سەر شۆڕی بکێشیت. ئێستا ئەگەر دەتەوێت قسەبکە.

- نیما گاڵتە مەکە تاقەتم نییە. بۆ ئەوەی دڵنیاش بیت رقم لەهەموو کچێکە.

نیما- قوڕ بەسەر ئەو کەریەتی و بێسەلیقەییەت.

- نیما شتێکی هەڵەت پێدەڵێم ها!

نیما- ببەخشە داوای لێبوردن دەکەم. ئافەرین بۆ ئەو فام و تێگەیشتنەت. ئێستا بەنیازیت چیبکەیت؟

- دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. دەمەوێت بەتەنیا بم.

نیما- وەرە بابڕۆین بۆ شوێنێك نانێك شتێك پێکەوە بخۆین. بەڵێنت پێدەدەم کاتێك سکت تێربوو ئەو بێنەقڵیەت چاك دەبێت.

- نەخێر زووتر بمگەیەنەرە ماڵەوە. هیلاکم.

((چیتر نیما پێداگری نەکرد. سواری ئۆتۆمبێلەکەی نیما بوین و نیما گەیاندمییە ماڵەوە. خواحافیزیم لەنیما کرد، ڕۆیشتمە ماڵەوە. یەکسەر ڕۆشتمە ژوورەکەی خۆمەوە. لەدوای چەند خولەکێك دایکم بانگی کردم تابڕۆمە خوارەوە نان بخۆم. منیش پێموت هیچم پێناخورێت و دەمەوێت بنووم. ئیدی ئەویش هیچی نەوت. پۆشاکەکانم گۆڕی و ڕۆیشتمە سەر جێگەی نوستنەکەم. نیو کاتژمێرێك راکشام، بەڵام هەرچیمکرد خەوم لێ نەکەوت. بیرکردنەوە لەیەڵدا هەراسانی کردبووم. چاوە جوانەکانی، دەنگە بولبولییەکەی، جوڵە بێوێنەو خانمانەکانی، ئەگریجە ئەژنۆ شکێنەکەی کە، کاتێ سەرپۆشەکەی لەسەری دەکەوتە خوارەوە دەردەکەوت. بۆ ساتێکیش دەستی لێهەڵنەدەگرتم. بەڵام چ سوودێکی هەبوو؟ کاتێك یەڵدا دڵی لەلام نەبوو چ سوودێکی بۆمن هەبوو؟!

هەستام و بەبێ ویست ڕۆیشتم بۆلای تەلەفۆنەکەو ژمارەکەی شیوام وەرگرت. پێویست بوو



Scanned with CamScanner

لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەم. هەرکە تەلەفۆنەکە دوو جار زەنگی لێدا شیوا خۆی وەڵامی دایەوە))

شیوا- بەڵێ، فەرموو.

- چۆنی منم.

شیوا- تۆ چۆنیت ئێستا خەریکبووم بیرم لێدەکردیتەوە. لەماڵەوەیت؟

- بەڵێ. زۆر بێتاقەت بووم. دەمویست لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەم. هەر لەبەر ئەوەش بوو تەلەفۆنم بۆتۆ کرد.

شیوا- نیما لەکوێیە؟

- نیوکاتژمێرێك پێش ئێستا ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

شیوا- بۆچی بێتاقەتیت؟ شتێك بووە؟

- پێم خۆش نییە دەربارەی قسە بکەم.

شیوا- کەواتە مەسەلەکە کچە.

((هیچم نەوت))

شیوا- پێکەوە شەڕتان بووە؟

- نەخێر.

شیوا- شتێکی خراپت لێدیووە؟

- شتێك لەو بابەتەیە.

شیوا- خۆشتدەوێت؟

((بۆ ساتێك بێدەنگ بووم. شیوا وتی))

- کەواتە خۆشتدەوێت.

- کێشەکە هەر ئەوەیە.

شیوا- خۆشویستن کێشە نییە. ئەوە خۆشنەویستنە هەمیشە کێشە دروستدەکات.

- بەڵێ ئەگەر ئەو خۆشەویستییە یەك لایەنە بێت بێگومان کێشە دروستدەکات.

شیوا- واتە ئەو تۆی خۆشناوێت؟ بەڕاستی دەبێت زۆر بێ سۆز بێت!

- سوپاستدەکەم. بەڵام مەسەلەکە لەسەر شتێکی دیکەیە. ڕەنگە هەر ئەوەش بێت کە تۆ دەیڵێیت.

شیوا- مادام ئێستا دەربارەی قسەمانکرد هەموو بەسەرهاتەکەم بۆ بگێڕەوە.

((پێکەنین گرمی، ژن دەتوانێت چەند بەئاسانی هەرشتێك کە لەژێر زمانتا بێت بیهێنێتە دەرەوە.



Scanned with CamScanner

منیش دەستمپێکردو تەواوی مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە، کاتێك قسەکانم تەواو بوو، شیوا وتی))
- ئەگەر کێشەتان پارەیە من دەتوانم یارمەتیتان بدەم.
- نەخێر. خۆ وتم، ئەوان پارەیان ناوێت. ناوو شۆرەتیان دەوێت. منیش نەشازادەمو نەهیچ شتێکی تر.
شیوا- ئەگەر خۆشتدەوێت دەبێت تاکۆتاییەکەی لەگەڵی بڕۆیت.
- نازانم. نازانم دەبێت چیبکەم.
شیوا- ئامادەم هەرشتێك لەدەسەڵاتی مندا بێت بۆتانی ئەنجام بدەم.
- زۆر سوپاس، بەڵام وانازانم هیچکەسێك هیچ شتێکی پێبکرێت.
شیوا- خۆزگەم بەو کچە! بەڵام وابزانم ئەو نازانێت کە دەبێت چۆن لەزەت لەژیان بەرێت.
- لەمەبەستەکەت تێناگەم. کچێك دەتوانێت بەچ شێوەیەك لەزەت لەژیان بەرێت؟
شیوا- لەگەڵ ئەوکەسەی کە خۆشی دەوێت زەماوەند بکات واتە کاتێك کوڕێك بەڕاستی کچێکی خۆشویستو لەناخی دڵییەوە ویستی ئەو کچە ببێتە هاوسەریو بڕواتە خوازبێنی، ئەوە ئیتر زۆرترین لەزەتە بۆ کچێك، کاتێکیش پێکەوە زەماوەندیانکردو کچەکە بووە دایك، ئەوە ئیدی کۆتایی لەزەتەکەیە. هیچ شتێك بۆ ژن وەك ئەوە نییە کە مێردەکەی خۆشی بوێتو هەر لەویش ببێتە خاوەنی منداڵ. یەکێك لەو چێژە نەبڕاوانەی کە خودا بەژنی داوە بوونە دایکە. بەڵام ئەوانەی کە دەتوانن ببنە دایك نرخی نازانن. کاتێك کە ئەو لەزەتە لەمرۆڤ سەندرایەوە ئەوکاتە دەزانێت چ شتێکی لەدەستداوە.
- زۆر حەزدەکەم بزانم چۆن بوو بەئێرە گەیشتیت.
شیوا- چ پرسیارێکی سادەیە. بەڵام وەڵامەکەی بەقەد ژیانێکە، واتە دەبێت تەواوی ژیانێك بگێڕدرێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە.
- ناتەوێت باسی ژیانی خۆتم بۆ بکەیت؟
شیوا- بۆچی دەتەوێت بیزانی؟
- نازانم. رەنگە تەنها لەبەر وردبینی بێت.
شیوا- رەنگە لەکۆمەڵێك شوێندا شتی ئازاردەری تێدابێتو رقت لێم بێتەوە. توانای بیستنیت هەیە؟
- مەگەر لەوە زیاترە کە ئێستا هەیت؟
شیوا- نازانم رەنگە لەوە زیاتر بێت.



Scanned with CamScanner

- ئەگەر پێت ناخۆشە مەیڵێ.

شیوا- من هەمیشە غەمبارم، ڕەنگە خراپ نەبێت جارێك بەتەواوی بەژیانمدا بڕۆمەوە. هەروەك پێداچونەوەی کتێبێك بۆ شەوی تاقیکردنەوە. بەڵام خۆمن دەرنەچووم. ئیتر بۆ دەبێت بەو کتێبەدا بڕۆمەوە؟

- ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە کتێبەکەت بەهەڵە خوێندبێتەوە.

شیوا- ڕەنگە.

((لەدوای ئەو قسەیە شیوا بێدەنگ بوو. نزیکەی دوو خولەکێ قسەی نەکرد))

- ئەلو. شیوا! تەلەفۆنەکەت بەدەستەوەیە؟

شیوا- بەڵێ. بیر لەوەدەکەمەوە کە لەکوێوە دەست پێبکەم. باسی کێتان بۆ بکەم؟ باسی باوکم؟ باسی دایکم؟ باسی براکەم؟ باسی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژیام؟ باسی هاوڕێکانم بکەم؟ یان باسی ((فاتی)) خودا لێخۆشبوتان بۆ بکەم کە لەسەر شوشەیەك بۆیەی نینۆك بەخۆڕایی خۆی بەکوشتدا؟ خۆزگە ئەگەر تەنها بۆ جارێکیش بوایە، نینۆکەکانی پێ ڕەنگبکردایە، داماوە ئەوە تەنها ئارەزووی بوو. چەند ڕۆژێك پارەی بۆ کۆکردەوەو بەدزییەوە ڕۆیشت بۆیەیەکی نینۆکی کڕی، بەخۆشی ئەوەوە کە جارجارێك بڕوات بۆ سەربانو لەپشتی هەورەبانەکەوە دانیشێتو تەنها لێی بڕوانێت.

بۆیەی نینۆکەکەی لەپشتی هەورەبانەکەدا شاردبووەوە. پێیدەوتم کاتێك کە ئەو شوشەی بۆیەی نینۆکە دەگرم بەدەستمەوە، خۆمم بەدەستێك پۆشاکی زۆر جوانەوە دێتەوە بەرچاو، وەك کچەکانی بەشی سەرەوەی شار کە نینۆکەکانی دەستو قاچیشیان ڕەنگ دەکەنو لەشەقامەکاندا پیاسە دەکەن. فاتی هەموو ڕۆژێك چەندجارێك دەڕۆیشت سەری لەو شوشەیە دەدا. شتێکی زۆری لەم دونیایە نەدەویست، تەمەنی هەژدە نۆزدە ساڵ بوو، بەڵام باوکی بەرامبەری گومانی لادروست بوو بوو، شەوێك باوکی بەدزییەوە دەڕوات بۆ سەربان، فاتی داماویش هەر دەنگی قاچی باوکی دەبیستێت دەڕواتو لەسەر سەربانەکەی خۆیانەوە خۆی هەڵدەدات بۆ سەربانی دراوسێکەیان، کە قاچی دەخلیسکێو بەسەردا دەکەوێتە کۆڵانەکەوە، هەر لەجێکەدا گیانی دەردەچێت، کاتێك گەیشتنە سەری شوشەی بۆیەی نینۆکەکە بەساغی لەدەستیدا بوو.

لەماڵەکەیاندا چ هەرایەك بوو. دایکی خەریکبوو خۆی دەکووشت. براکەی کراسەکەی لەبەر خۆیدا لەت لەت کردبوو. خزمو کەسو کار چییان بۆ دەکرد. تەواوی نمرەکانی سەد بوو. تاوەکو لەدونیادا بوو تەنها کەسێك دڵی بەرامبەری ئەوکچە گەردی نەگرتبوو. بەئەندازەیەك سەنگینو ڕێکوپێك بوو کە باسناکرێت. وەختێ بەکۆڵانەکاندا دەڕۆیشت ئەوەندە چارشێوەکەی بەجوانی



Scanned with CamScanner

دەدا بەخۆیدا مرۆڤ ئیرەی پێدە برد. لەگەڕەکدا کەسێك نەبوو گوێی لەدەنگی بوو بێت. کەسێك نەی دیبوو ئەو کچە بۆ تەنها جارێك لەکۆڵاندا ئاوڕبداتەوەو لەپشت سەری خۆی بڕوانێت. باوکی لەداخاندا دەیویست خۆی بکوژێت. خزموکەس و کارەکەی دەترسان و بۆ چرکەیەك بەتەنها بەجێیان نەدەهێشت. دەترسان بەڵایەك بەسەر خۆیدا بهێنێت. داماوە پیاوێکی موسوڵمان و زەحمەت کێش بوو. لەخۆی دەداو دەیووت: من لەکوێ دەمزانی ئەو قوڕبەسەرە بەخۆشی شوشەیەك بۆیەی نینۆکەوە دەچێتە سەربان. وامدەزانی بەخۆشی شتێکی ترەوە دەچێتە سەربان. باوکی بەچەشنێك هاواری دەکرد کە لەباسکردن نایەت. داماوە ترسابوو. ئەو لەوە ترسابوو کە کچەکەی بەلاڕێدا ڕۆیشتبێت.

((شیوا کاتێك گەیشتە ئێرە بۆ ئیستێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

* ((لەماڵی ڕوزبەدام، بەڵام هێشتا نەجیب و پاك))*

- شیوا ئەوەچیت وت؟

شیوا- چیتر نامەوێت دووبارە بەسەر تەنها لەتێك لەو ژیانەدا بچمەوە!

((لەوە تێگەیشتم کە خەریکە لە لەحزەیەك لەژیانی نزیك دەبێتەوە کە ڕەنگە ئەو لەحزەیە چارەنوسی گۆڕیبێت))

شیوا- زوهرە بۆ ناڵێیت. داماوە خەریکی وانەو کتێب خوێندنەوە بوو. یان ئەوەبوو درومانی دەکرد. هەرکاتێك لەقوتابخانە دەگەڕایەوە لەپشتی چەرخی بەرگدورینەوەکەوە دادەنیشت و کتێبەکانیشی دەخستە لای دەستی خۆیەوە. کەمێك بەرگدوورینی دەکردو دێڕێك شتی دەخوێندەوە. ئەویش پایەیەك بوو بۆ نان پەیداکردنی ماڵەوە. هەم کچێکی جوان بوو، هەم خانم بوو، هەم دەرس خوێنیش بوو. سێ چوار ساڵێك پێش ئێستا هەواڵیم دەزانی لەدووبەی بوو. دەیووت لەوێ ئیش دەکەم. هەر ئاشکرا نەبوو چ بەڵایەکیان بەسەردا هێنا. ئێستا دووساڵ دەبێت هیچ هەواڵێکی نییە.

زوهرەو فاتی یەکێك بوون لەهەرە قوتابییە زیرەکەکانی قوتابخانە. هەرکاتێك مامۆستا پرسیارێکی دەکرد جارێك زوهرە وەڵامی دەدایەوەو جارێك فاتێ. فاتێ زۆر کات ڕەخنەی لەمامۆستاش دەگرت.

((شیوا دووبارە بێدەنگ بوو، پاشان زۆر لەسەرخۆ وتی))

*((لەخۆمدا نیم. هەرخۆشم نیم. هەموو شتێك جوان و ئاوازەیە، بەڵام لەناخەوە دڵ تەنگم))*

((هیچم نەوت وازم لێهێنا تا ئاسوودە بێت و بەوجۆرەی کە خۆی دەیەوێت قسەبکات. لەدوای کەمێك بێدەنگی وتی))

- ماڵی زوهرە زۆر هەژاربوون. باوکی لەکارگەیەکی بەرهەمهێناندا کاری دەکرد. واتە کرێکارێکی



Scanned with CamScanner

ئەو کارگەیە بوو. چەرخی ژیانیان زیاتر زوهرەو دایکی دەیان چەرخاند. هەرکاتێك ئێمە ئەو کچەمان دەبینی هەر یەك دەست پۆشاکی لەبەردابوو. ئەو تەنها دەستێك جلکی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە پاك‌وخاوێن بوو. بەڵام ئەوەندە ئەو پۆشاکانەی شۆردبوو رەنگ‌و رووی نەمابوو. داماوە وای لێهاتبوو شەرمی دەکرد چیتر بۆ دەرەوە بیانپۆشێت. رۆژێکیان بینیم دەستێك پۆشاکی زۆرجوانی لەبەردابوو. خۆی بۆخۆیی دووربیوو. کاتێك پێمانوت زوهرەگیان پیرۆزت بێت، بەڕاستی پۆشاکێکی جوانە. لەکوێ کڕیت؟ پێیووتین ئەوە ڕازێکی شاراوەیە. هەموو واماندەزانی کەسێك قوماشەکەی پێداوەو زوهرە نایەوێت پێمانبڵێت.

ئەو شەوەی کە بەدەم گریانەوە هات بۆ ماڵمان رازی ئەو دەستە پۆشاکەی پێووتم. تاکاتی گەڕانەوەی باوکم لەماڵی ئێمەبوو، پاشان ڕۆیشت. زوهرە لەباوکم دەترسا. هەموو خەڵکی گەڕەك لەباوکم دەترسان. باوکم زۆر بێڕەوشت بوو. زوهرە زۆر حەزی دەکرد ئەو شەوە لەلام بمێنێتـەوە. خۆزگە ئەوشەوە لەلام بمایایەتەوە. بەدەستی دایکی تێهەڵدانێکی چاکی خواردبوو. بۆیە بەدەم گریانەوە هات بۆ ماڵی ئێمە، ئەو لەباوکی دەترسا. ئەگەر باوکی بیزانیبا قوماشی مشتەرییەکی خراپ کردووە ملی لێدەکردەوە. هەم خۆشی هەم دایکیشی دەترسان. بۆ بەیانییەکەی تاقیکردنەوەی بیرکاریمان هەبوو. بەڕاستی زۆر قورس بوو. زوهرە بیری لای کارەکەی نامێنێت‌و قوماشێکی گران قیمەت بەهەڵە دەبڕێت. هەر ئەو شەوەی کە لەماڵی ئێمەوە ڕۆیشت ئیتر نەگەڕایەوە. ڕۆیشت‌و نەگەڕایەوە. بەڵام پێش ڕۆشتنی رازی پارچە قوماشەکەی بۆ گێڕامەوە. چیتر نەدەگریا. زوهرە وتی شەوێکیان ڕۆیشتم ئەو لافیتانەی کە لەکۆڵانەکاندا هەڵدەواسران بەبۆنەی جەژن‌و پرسەکانەوە دوو دانەیانم لێکردەوەو بردمەوە بۆ ماڵەوە، تاتوانیم نوسراوەکانم لێکردنەوە، پاشان بۆ خۆمم دووری. کاتێك زوهرە دامێنی ئەو دەستە پۆشاکەی بەری هەڵدایەوە، هەردووکمان دەستمانکرد بەپێکەنین. هێشتا کەمێك لەنوسراوەکانی پێوە مابوو. ساڵڕۆژ ... لەهەموو... تەماشاگەی ... پیرۆزبێت!

لەگەڵ زوهـرەدا ئەوەندە پێکەنین کە لەبیرمان چوو بوو زوهرە بۆچی هاتووە بۆ ئێرە. لەدوای ئەو شەوە چیتر من زوهرەم نەبینییەوە. نە لەماڵەوە، نە لەگەڕەکدا، نە لەقوتابخانە. زوهرە دەیویست بۆ پزیشکی بخوێنێت. بێگومان دەبووە پزیشك، چونکە زۆر بەتوانا بوو. دەیانووت لەدوبەی کەوتووەتە بەردەستی کۆمەڵێك لاشە خۆرەوە. یەك دوو ساڵێك کاریان پێکردووەو پاشان سەریانکردووە بەگۆمدا.

((شیوا کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

* ((هەمووشوێنێکی ئەو ماڵە بۆنی ئەو قۆڵۆنییایەی لێدەهات کە ئەو لەخۆیی دەدا))*



Scanned with CamScanner

((من هیچم نەوت تاخۆی دووبارە دەست بکاتەوە بەقسەکردن. لەدوای کەمێك وتی))

- کوێی ئەم شەوە لێڵە، پیامدا بدە، کەوا کۆنو پرتوکاوەکەت.

شیوا- سیاوەش تۆ حەزت لەشیعر هەیە؟

- بەڵێ. بەڵام بەمەرجێك شیعرەکە جوانو باش بێت.

شیوا- جارێکیان کتێبێکی شیعرم کڕی. شیعرەکانی ((فروغ)) بوو. خستبوومە ناو کتێبەکانمەوەو جارجارێك دەڕۆیشتم دەمخوێندەوە. ڕۆژێکیان کاتێ لەقوتابخانە گەڕامەوەو قاچم خستە ناو ژوورەکەوە، دایکم پەلاماری سەرپۆشەکەی دامو پڕ بەدەست قژی لەسەرم کردەوە، توشی شۆك بووم. نەمدەزانی چ تاوانێکم کردووە کە وا دایکم ئەوندە لەدەستم تووڕەیە. ویستم لێی بپرسم، بەڵام چنگێکی لەدەموچاوم داو وتی: چییە خانم زمانت درێژ بووە؟ بۆ نایەت لەپێش چاویشماندا... داکەنیت؟

تاوتم دایکە چیبووە، دایکم بەتوندی کتێبەکەی فروغی گرتە دەمووچاوم، حەپەسابووم، دەمووت خودایە دایکم بۆچی وادەکات. کەمێکی دیش تێهەڵدانم بەدەستی خوارد، ئەوجا تێگەیشتم کە دایکم بۆچی وادەکات، سەرم نەویکردو هیچم نەوت. دایکیشم کتێبەکەی هەڵگرتو بردی بۆ حەوشەکەو نەوتی پێداکردو ئاگری تێبەردا. سەرنج ڕاکێشە، وانییە؟

((دووبارە لەبەرخۆیەوە دەستیکرد بەوورتە ورتکردن))

شیوا-

بڕوانە وانەستێرەکان سوتاندمیان

هێند پڕم لەئەستێرە، تام لێهاتووە

وەك سوورە ماسییە دڵسافەکان

بوومە ئەستێرەچنی هەسێڵی شەوان

((دووبارە لەژێر لێوەوە دەستیکردەوە بەوورتە ورتکردن))

* ((وەك باڵدارێکم لێهات کە لەتاو چاوە ئەفسوناوییەکانی مار، توانای هیچ شتێکی نییە. هەموو پەردەکان دادراونەتەوە، لەهۆڵەکەدا تەنها چل چرایەك ئیش دەکات، دەنگی دوودڵیو دەنگی ترس پێکەوە ئاوێتە بووە. نازانم دەبێت گوێ لەکامیان بگرم))*.

((بەجۆرێك قسەیدەکرد، کە هەستمدەکرد سات بەدوای ساتدا شانۆیەك لەپێش چاویدا گیانی دێتەوە بە بەردا.

شیوا- لەبیرمە ئەو ڕۆژە هەر نەگریام. بۆچی دەبوایە بگریەم؟ کاتێك کە زۆر لەکەسێك دەکەن

نابێت بگریەیت. تەنها دەبێت ئاگاداربێت نەگریەت.

بۆ شەوەکەی باوکم بەمەستی گەڕایەوە بۆماڵەوە. هێشتا باوکم نەگەیشتبووە ماڵەوە هاوارو فوغانی دایکم بەرز بووەوە بۆ ئاسمان. دایکم هەر لەبەردەرگاکەوە دەستیکرد بەشەڕفرۆشتن بەباوکم. دایکم بەباوکمی دەوت: من لەدەستی تۆ گیانم گەیشتووەتە سەر لێوم. بەهۆی تۆوە تەنها شتێکی پاك لەم ماڵەدا نەماوە. بە (لەبو فەزڵا) شکاتت لێدەکەم تابێن تێرت تێهەڵدەن. باوکم هەردەتوت لەگەڵ ئەویشی نییە. لارە لار هاتە سەرەوە، یەکسەر ڕۆیشت بۆ لای سەلاجەکەوەو سەری نا بەشوشەیەك ئاوەوەو خواردییەوە. دووبارە هاوار هاواری دایکم دەستیپێکردەوە. دایکم بوتڵی ئاوەکەی بەزۆر لەدەستی باوکم گرتو بردییە دەرەوە. بوتڵەکەی بردو خستییە پشتی دەرگاکەوە. لەگەڵ دایکم گەڕایەوە ژوورەوە دەستیکرد بەلەخۆدان. دایکم ئەوەندە بەتوندی دەیکێشا بەسەرو دەموچاویدا کە باوکم حەپەساو مەستیی بەریدا. تێگەیشت کە شتێك لەماڵەوە روویداوە. باوکم ئاوڕیدایەوەو تەماشایەکی منی کرد. زراوم بووە ئاو، پاشان دایکم دەستیپێکرد: خودا لەو تاوانەت خۆشنەبێت کابرا. چونکە بەدڕەوشتییەکەت کچەکەشتی گرتەوە. یاخوا لاشەت کرمە رێز بێت. یاخوا مردوشۆر ببینم جگەرت بشوات. ئەوەندەت خراپەکاری کرد تاکچەکەشت خراپ بوو!

ئاوڕمدایەوەو لەدایکم رامام. دایکم قیژاندی بەسەرماو وتی: بەڵێ خانم بۆچی نایەیت بەو چاوە... بمانخۆیت. لەگەڵ دایکم ئەوقسەیەی کرد زرمە لەگوێمەوە هات. ئەمجارەیان زللەی باوکم بوو کە لێیدام. نازانم چۆن توانی لەوبەری ژوورەکەوە خۆیم بۆ هەڵبداتو ئەو زللەیەم لێبدات. لەدوای ئەوە ئیتر بۆ خۆم لەخۆمدا بوومو تەماشام نەدەکردن. هەر ڕق بوو لەچاوەکانمەوە دەهاتە دەرەوە. ئیتر هیچ باکم لەوە نەبوو کە باوکم قایشەکەی پشتی دادەکەنێتو بەقولاپەکەی لێمدەدات یان نە. هیچ جیاوازییەکی بۆم نەبوو کە بزانم دایکم بەرگریم لێدەکات یان نە. ئەو کتێبی شیعرەی کە سوتا، هەرزەییەك بوو کە لەمندا کوژرا.

خەریکبووم لەمێشکی خۆمدا ئەم شیعرەی فروغم دەچڕی. باوکیشم بۆ خۆی خەریکبوو هاوار هاواری دەکرد. قایشەکەی بەتوندی بەرزەکردەوەو بەسەر سەری دایکمدا دەهاتو دەیکێشا بەمندا. سەرەتای ئەم شیعرەی فروغم بیرنەدەکەوتەوە. «ئەمبەی بۆ رێگەی پڕ لەئەستێرە» سەگ تۆپیو بەرەڵا.لەسەرووی ئەستێرەکانەوە دامەنیشێنیت، لێمانبویتەتە شاعیر؟ «بمبە ئەی نومێدی دڵا نەوازم»سەرت دەخەمە سەر سنگت! «بمبە بۆ شاری شیعرو خرۆشان « قژت هەڵدەکەنم! «چۆن سێبەری رەشی یاخیبووم، دیلی نێو دەستی هەتاو دەبێت».

((شێوا لەدوای ئەوە دەستیکردەوە بەورتە ورتکردن))



Scanned with CamScanner

*((لێو دڵم هیچی تێدا نییە. نازانم دەبێت چیبکەم. تەواوی ئەو وانانەی کە لەقوتابخانە فێریانکردووم بەمێشکمدا دێنو پێیاندا دەچمەوە، مێژوو، جوگرافیا، ماتماتیك، فیزیا، پەروەردەی نیشتمانی! هیچکامیان بەکەڵکم نایەت. شتێکی وایان تێدا نییە لەئێستادا هاوکاریم بکات))*

سیاوەش ئەم شیعرەی فروغت خوێندووەتەوە؟

- بەڵێ، بۆ یەکەمینجار دایکم ئەو شیعرەی بۆ خوێندمەوە. ئەوکاتە زۆر منداڵ بووم.

شیوا- بەڕاستی سەرنج ڕاکێشە. لەجیاوازیی فەرهەنگەکان بڕوانە. دایکت خوێندەوارە؟

- بەڵێ.

شیوا- کاتژمێر چەندە؟

- نزیکەی سێیە.

((شیوا کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- لەکۆتاییدا ئەوشەوە هەرچییەکم کرد سەرەتایی ئەو شیعرەی فروغم وەبیر نەهاتەوە. بەڵام لەناوەڕاستییەوە بەتەواوەتی لەیادم بوو. ئەو کەمەی کە لەبیرم بوو ئەوەندەم لەبەر خۆمەوە وت تاخەوم لێکەوت. بەڵام پێش ئەوەی بنوم باوکم ناچاریکردم تابڕۆم دەستی دایکم ماچ بکەمو چیتر لەو شتانە نەهێنمەوە بۆ ماڵەوە.

- ئەی براکەت لەکوێ بوو؟

شیوا- براکەم؟ حەزدەکەیت لەکوێ بوو بێت؟ ڕۆیشتبوو بەدوای خوێڕیەتیدا. ماوەیەك لەزینداندایەو ماوەیەك لەدەرەوەیە، بۆ دوساڵ دەبوو نەم بینیبوو. تەرکی ماڵەوەی کردو ڕۆیشت. ئەوکاتانەش کە لەماڵ بوو. یان لەسەربان دەبوو یان لەکۆڵان. ماوەیەکی زۆر دایکم هەوڵی لەگەڵدا، بەڵام نەبووە حەریفی. واتە تاکاتێك دایکم لەماڵ بوو براکەم بێدەنگ بوو. بەڵام لەگەڵ دایکم دەڕۆیشتە دەرەوە ئەویش یەکسەر بەدوایدا دەڕۆیشتە دەرەوە. ڕەنگە لەتاو بێزاری خۆی بوبێت وا هەڵدەهات، یان لەداخی شەڕە هەمیشەییەکانی باوکمودایکم. لەنێوان دایکموباوکمدا هیچ خاڵێکی هاوبەش نەبوو. ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە زۆر بەلامەوە سەیرە، ئەو دووانە چۆن پێکەوە زەماوەندیان کردبوو. یەکێکیان ئیماندارو مێشك وشك، ئەوی دیکەیان عەرەق خۆرو قەشمەر. ئێستا تۆ بڵێ ئێمە ئەو دوو منداڵە لەنێوانی ئەو دوانەدا چی دەردەچین. لەبەیانییەوە تاباوکم دەگەڕایەوە دایکم کۆمەڵێك شتی پێدەوتین. کۆمەڵێك شتی دەکردە مێشکمانەوە. کاتێك باوکم دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. کۆمەڵێك شتی دی دەرخوار دەدایەن. دایکم هەمیشە باسی بەهەشت، جەهەنم، ئازار، دۆزەخ، حەڵاڵ، حەرام، نوێژ، ڕۆژوو پاکی بۆ دەکردین. باوکیشم باسی کەیفکردن، خۆشگوزەرانیو

رابواردن.

دایکم تەنها چاوی لەرۆژی دوایی بوو. باوکیشم بەهیچ جۆرێك بەهەشت‌و جەهەنەمی قبوڵ نەبوو. باوکم دەیووت مرۆڤ تەنها ئەم دونیایەی بۆ دروستکراوە. لەوەش سەرنج راکێشتر ئەوە بوو کە شەوانە بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە، منو براکەمی لەبەردەمی خۆیدا دادەنیشادو دەستیدەکرد بەئامۆژگاریکردنمان. ئیتر ئێمەی بەدبەخت نەماندەزانی بەسازی کامیان سەما بکەین. دوو ئایدیای فیکری زۆر سەقەت‌و جیاوازیان هەبوو. خولاسە هەرچییەك دایکم لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوار پێیدەوتین ئێوارە باوکم هەمووی لەبیر دەبردینەوە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئێمە ئەو دووکەسە پوچو بێکەڵکەمان لێدەرچوو.

((شیوا دووبارە دەستیکردەوە بەبیرکردنەوە. پاشان بەئارامی وتی))

*((ترس تەواوی جەستەمی داگیرکردبوو. ترسێکی شیرین! ئیدی نەمدەویست هاوکاری لەهیچکام لەو وانانە وەربگرم کە خوێندبووم! لەڕاستیدا شتێکی وای تێدا نەبوو تاڵەکاتێکی لەوچەشنەدا یارمەتیم بدات))*

- ئەمە چ دیمەنێکە وا لەپەسا بیرت دەکەوێتەوە؟

شیوا-

تۆ هاتی لەدووری دوورەوە
لەسەرزەمینی عەترو نورەوە
ئێستا منت لەبەلەمێکا دانیشاندووە
بەلەمێ لەعاج‌و هەورو بلورەکان
ئەم شیعرەی فروغت حەزلێیە؟

- بەڵێ زۆر جوانە.

شیوا-

بڕوانە مۆمی شەو لەسەر رێگەمان
چۆن دڵۆپ دڵۆپ ئەبێتە ئاو
پێکی رەشی چاوانیشم
بەلای لایەی گەرمی تۆ
لێوان لێو ئەبێ لەشەرابی خەو

ماوەیەکی زۆر بوو کە ئێمە لەقوتابخانە مەشقمان بۆ بۆنەیەك دەکرد.



Scanned with CamScanner

یەڵدا

م. موئەدەب پور

بڕیاربوو من‌و چەند قوتابییەکی دی شانۆنامەیەك پێشکەش بکەین. من هەم سیناریۆکەم نوسیبوو هەم وەك ئەکتەرێکیش ڕۆڵم دەگێڕا. شانۆ نامەیەکی زۆر جوان بوو. ڕاهێنەری قوتابخانەکەمان باوەڕی نەدەکرد من خۆم ئەو شانۆنامەیەم نوسیبێت. دەیووت زۆر هونەرییە. لەگەڵ قوتابییەکاندا ئەوندەمان مەشق کردبوو لەخەونیشدا ڕۆڵەکانی خۆمانمان دەبینی. ئەو شانۆنامەیە بەلامەوە زۆر گرنگ بوو. بایەخێکی تایبەتی هەبوو.

پێمخۆشبوو هەموو هونەرەکەم بناسن. چونکە لەبواری مادییەوە زۆر لەقوتابییەکانی دیکە خوارتر بووم. دەمویست توانام بەهەموو قوتابییەکان پشانبدەم بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو ناتەواوییەم بۆ بکاتەوە کە لەبواری مادديدا هەمبوو. زۆر بەجدیەت کارم دەکرد بۆ ئەوەی ئەو شانۆیەم پێشکەش بکرێت. هەموو شتێك ئامادەبوو. بەڵام لەپڕێکدا هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوەو تێکچوون.

بۆ ئەو ڕۆژە زۆربەی دایك‌وباوکان بانگهێشت کرابوون بۆ قوتابخانە. باوکم‌ودایکیشمیان بانگهێشت کردبوو. تەنها چارەکە سەعاتێکی مابوو بۆ نمایشکردنی شانۆکە. دایکم بەعەبایەکەوە هات بۆ قوتابخانەو پێیووتم: وەرە بابڕۆینەوە بۆ ماڵەوە! حەپەسابووم! ئێمە خەریکی ڕێکخستنی خۆمان بووین.

دایکمم بردە پۆلێکی چۆڵەوەو لێی پاڕامەوە. تکام لێکرد، گریام، وتم داگیان توخودا، توگۆڕی دایەگەورە، نیو کاتژمێر مۆڵەتم بدە. تەنها نیوکاتژمێر چاوەڕوان بکە. ئەگەر بڕۆم ئابڕوم دەچێت. دوایی مۆستاکەم لەوانەی ڕەوشت‌و هونەردا سفرم بۆ دادەنێت. دایکم وتی بابڕۆین ئەگەر نەیەیت لێرەدا دەستدەکەم بەهاوار هاوار! تۆم ناردووەتە قوتابخانە دەرس بخوێنیت یان فێری لۆتێتی ببیت؟! کوا ئەو بەڕێوەبەرە... واو وا لێکراوەت؟!

لەگەڵ دایکم ئەمەی وت، دەرگای پۆلکەم داخست‌و بەدەم گریانەوە وتم دایەگیان خوا بمکات بەقوربانت. هیچ مەڵێ، بابڕۆین، هەڵەمکرد، ... خوارد!!

((شیوا کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

شیوا.

پێشتر ئەم زەوییەی ئێمە چەند دوور بوو

لەم ژووره شینانەی ئاسمان

ئێستا دووبارە دێتەوە گوێم

دەنگی تۆ

دەنگی باڵی بەفرینی فریشتەکان



Scanned with CamScanner

ن‌ەده‌كردم. ه‌اوڕێكانم قسه‌یان له‌گه‌ڵ نه‌ده‌كردم.
ده‌زانیت چ شتێك له‌مندا شكا؟ شانۆنامه‌كه‌مان سڕایه‌وه. بۆ خۆم به‌ناو
بۆ به‌یانییه‌كه‌ی نه‌ڕۆیشتمه‌وه بۆ قوتابخانه. ڕۆیشتم بۆ پیاسه‌كردن به‌ناو شه‌قامه‌كاندا، بۆ خۆم به‌ناو
كوچه‌و كۆڵانه‌كانی شاردا ده‌گه‌ڕام. عه‌سره‌كه‌ی به‌ڕێوبه‌ره‌كه‌مان له‌به‌رده‌رگاكه‌ماندا بوو. دایكم له‌ماڵ
نه‌بوو. ده‌رگاكه‌م كرده‌وه چاوم به‌چاوی به‌ڕێوبه‌ره‌كه‌مان كه‌وت. له‌ته‌ریقیدا بوومه ئاو. ده‌ستمكرد
به‌گریان. ده‌ستێكی به‌سه‌رمدا هێناو ماچێكی كردم‌و ڕۆیشت. به‌ڕێوبه‌ره‌كه‌مان له‌پشتی ده‌رگای
پۆله‌كه‌وه هه‌موو قسه‌كانی دایكمی گوێ لێبوو بوو.

بڕوانه من به‌كوێ گه‌یشتووم

به‌كاكێشان

به‌بێكۆتایی

به‌نه‌مری

- شیوا له‌دوای ئه‌وه چی ڕوویدا؟

شیوا- بۆ به‌یانییه‌كه‌ی ڕۆیشتم بۆ قوتابخانه. مامۆستای ڕاهێنه‌ری كاروباری قوتابییه‌كان كه مامۆستای وانه‌ی ئاینیشمان بوو. له‌هه‌موو وانه‌كاندا سه‌دی بۆ دانام. به‌ڵام شتێك له‌مندا شكا.

*((له‌سه‌ر قه‌نه‌فه‌كه دانیشتووم. نازانم چی له‌ده‌سته‌كانم بكه‌م. له‌حزه‌یه‌ك ده‌یخه‌مه سه‌ر قاچم. بۆ له‌حزه‌یه‌كیش ده‌ینێمه سه‌ر قه‌راخی قه‌نه‌فه‌كه. بۆ ساتێكیش له‌ناو یه‌كدیدا قوفڵیان ده‌كه‌م!

روزبه ته‌له‌فزیۆنه‌كه داده‌گیرسێنێت. شریتێك ده‌خاته ناو ڤیدیۆكه‌وه. له‌دوای له‌حزه‌یه‌ك چیم بینی. بۆ ساتێك چاوم لێك ده‌نێم. روزبه به‌ده‌نگی به‌رز پێده‌كه‌نێت))*

له‌گه‌ڵ براكه‌مدا پاره‌ی ڕۆژانه‌ی خۆمامان كۆده‌كرده‌وه بۆ ئه‌وه‌ی ته‌سجیلێكی پێبكڕین. پاره‌ی ڕۆژانه‌مان زۆر كه‌م بوو. واته باوكم پاره‌یه‌كی وای په‌یدا نه‌ده‌كرد. ئه‌گه‌ر په‌یداشی بكردایه نیوه‌ی ده‌دا به‌عارق‌و له‌كه‌یف‌و سه‌فای خۆیدا خه‌رجی ده‌كرد. ئه‌گه‌ر پێت بڵێم به‌مانگێك چه‌نده‌مان پاره‌ی ڕۆژانه هه‌بوو دڵنیام باوه‌ڕناكه‌یت. ڕۆژی پێنج تمه‌ن. ئه‌ویش ڕۆژێك پێمانده‌دراو ڕۆژێك نه‌بوو. باوكم ده‌یووت نابێت منداڵ پاره‌ی زۆری له‌به‌رده‌ستدابێت. به ده تاك تمه‌نی ده‌وت پاره‌ی زۆر. بۆ كچێكی یانزه ساڵ. كوڕێكی هه‌ڤده ساڵ. بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین ته‌سجیلێك بكڕین براكه‌م وتی ده‌ڕۆم كه‌مێك كار ده‌كه‌م. به‌هه‌رحاڵ له‌دوای مانگێك پاره‌ی ته‌سجیله‌كه‌مان وه‌ده‌ستخست. ته‌سجیله‌كه‌مان كڕی. چ كه‌یفێكمان هه‌بوو، به‌ڵام به‌دبه‌ختیی له‌وه‌دا بوو ته‌سجیلمان كڕیبوو به‌ڵام شریتمان نه‌بوو. براكه‌م ڕۆیشت بۆلای یه‌كێك له‌هاوڕێكانی تاچه‌ند شریتێكی لێوه‌رگرێت. هه‌ردووكمان چاوه‌ڕێمانكرد تاوه‌كو دایكم بڕواته ده‌ره‌وه. وه‌ختێ دایكم ڕۆیشته ده‌ره‌وه. هه‌ردووكمان ته‌سجیله‌كه‌مان داگیرساند



Scanned with CamScanner

هەروەك (ئەدیو بدی) دانیشتین‌و لێی رامابووین. کاتێك کە تەسجیلەکە دەنگی لێوەهات هەروەك ئەوە وابوو خۆمان دروستمانکردبێت. ئەوەندە دڵمان خۆشبوو کە باس ناکرێت. لەدوایدا زانیم کە براکەم پارەی تەسجیلکەی چۆن پەیداکردووە. لەگەڵ هاورێکانیدا دەستی لەسەر یاری تۆپی پێ دەبەست. لەسەر پارە، براکەم بردبوویەوە، تازە زانیبووی کە جگە لەپارەی گیرفانی باوکم لەرێگەی دیکەشەوە پارە پەیدا دەکرێت.

((شیوا بۆ ماوەی خولکێك بێدەنگ بوو. منیش هیچم نەوت. پاشان شیوا خۆی وتی))

- زۆرم قسەکرد وانییە؟

- نەخێر.

شیوا- دیسان تەلەفۆنم بۆ دەکەیت؟

- بەڵێ.

شیوا- چاوەڕوان دەبم.

- کەواتە جارێ خوات لەگەڵ.

شیوا-

بڕوانە،

هەموو ئاسمانم

پڕ ئەبێ لەنەیزەك

دەزانیت کاتێك دایکم ئاگادار بوو ئێمە تەسجیلمان کڕیوە چی کرد؟ بەباوکمی وت. ئەویش بردی فرشتی‌و پارەکەیی کردە زەهری ماری. تاسێ چوار مانگ پارەی رۆژانەکەشی بڕین. باوکم دەیووت ئاشکرایە پارەیەکی زۆرتان لەبەردەستدایە بۆیە وا لەشتی خراپدا خەرجی دەکەن.

((شیوا بۆ کەمێکی تر بێدەنگ بوو، پشان وتی))

- دەزانیت سەرەتای ئەو شیعرە چییە؟

شیوا-

بڕوانە کە غەمی نێو چاوەکانم

چۆن دڵۆپ دڵۆپ ئەبێ بەئاو

چۆن سێبەری رەشی یاخیبونیشم

ئەبێتە دیلی ئێودەستی هەتاو

خوات لەگەڵ.



Scanned with CamScanner

((لەدوای ئەوەی شیوا تەلەفۆنەکەی داخست. نزیکەی خولەکێك تەلەفۆنەکەم بەدەستەوە بوو، بیرم لەقسەکانی شیوا دەکردەوە لەرابردوویی، چ جۆرە ژیانێك لەچواردەوماندایەو ئێمە لێی بێئاگاین. تەلەفۆنەکەم داخستەوە، ویستم بنووم بەڵام حەوسەڵەی نوستنم نەبوو. هەستامو ڕۆیشتم ئاوێکم بەخۆمدا کردو پۆشاکەکانم گۆڕی، ڕۆیشتمە خوارەوە، دەنگی دایکموباوکم دەهات لەهۆڵەکەدا بوون. خەریکبوون پێکەوە قسەیاندەکرد. چەند بلیتێکی فرۆکەو پاسپۆرتەکەی دایکموباوکم لەسەر مێزەکە دانرابوو. کاتێ سڵاوم لێکردن باوکم وتی دەبێت بەیانی بۆ چەند رۆژێك بڕۆم بۆ دوبەی. هاتەوە یادم کە پێش مانگێك دایکموباوکم بڕیاری ئەو سەفەرەیان دابوو، بڕیار بوو پێکەوە بڕۆن بۆ دوبەی. بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەیەی خوازبێنییەکەم بەو جۆرە شکایەوە دایکم نەیدەویست بەتەنیا بەجێمبهێڵێت، ئەو دەیویست باوکم بەتەنیا بڕوات.

منیش دەبوو بەهەرجۆرێك بووە قایلم بکردنایە پێکەوە بڕۆن. بەهەرحاڵ لەدوای چەند بەچەند گفتوگۆکردنو پێداگریکردن رازیمکردن پێکەوە سەفەربکەن. خوداحافیزیم لێکردنو لەماڵ هاتمە دەرەوە، سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم، وەڕێکەوتم بەرەو لای ماڵی نیما. ئۆتۆمبێلەکەم لەقەراخی شۆستەکەدا ڕاگرتو دابەزیم. نەمدەویست ئاوڕ بدەمەوەو تەماشای ماڵی پرهام بکەم. دەترسام یەڵدا لەپشتی پەنجەرەیەکەوە ببینمو ئیرادەم لاوازبێتو لەبڕیارەکەم پاشگەز بمەوە. نەمدەویست بیری لێبکەمەوە. بۆیە سەرمم نەویکردو ڕۆیشتمە بەردەرگاکەی ماڵی نیما. زەنگی دەرگاکەیانم لێدا. زینەت خان وەڵامی دایەوە))

- کێیە؟

- زینەت خان منم، چۆنیت، نیما لەماڵە؟

زینەت خان- سیاوەش گیان چۆنیت، بەڵێ کاکە نیما لەماڵە. فەرموو.

- نا زۆر سوپاس. بەبێ زەحمەت پێی بڵێ من هاتووم.

((زینەت خان هەر لەوێوە بانگی لەنیما کرد. لەدوای کەمێك زینەت خان بەپێکەنینەوە پێیوتم))

- سیاوەش گیان نیما دەڵێت خەریکی جوانکاریی خۆمم. بابێتە سەرەوە!

((زینەت خان دەرگاکەی کردەوە، منیش ڕۆیشتمە سەرەوە. دایكوباوکی نیما لەماڵا نەبوون. یەکسەر ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی نیما خۆی. نیما تەلەفۆنی دەکرد. سڵاوم لێکردو بەئاماژە تێیگەیاندم کە دانیشم. لێم پرسی لەگەڵ کێدا قسەدەکەیت. نیماش دەستینا بەسەر تەلەفۆنەکەداو لەسەرخۆ وتی))

- دەمەوێت پەیمان نامەیەك بۆ کۆمپانیا ببەستم. تۆ دانیشە ئێستا تەواو دەبێت.



Scanned with CamScanner

((ڕۆیشتم لەسەر کورسییەك دانیشتم، خۆم خەریککرد بەتەماشاکردنی ئەو وێنانەی کە لەژوورەکەدابوو. لەپڕێکدا گوێ بیستی کۆمەڵێك شتی سەیر بووم کە نیما بەو کەسەی تەلەفۆنەکەی دەوت. نیما خەریکبوو دەربارەی دروستکردنی باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی قسەی دەکرد. من تەنها قسەکانی نیمام دەبیست))

نیما- بەخودا دکتۆر گیان ئەمشەو ناکرێت.

- ئێمە لەگەڵ تۆدا ئەو شتانەمان نییە. ئەم سیاوەشە هاوڕێمە ئێستا هاتووە سەرم لێبدات.

- بەخودا درۆناکەم. حەزدەکەیت تەلەفۆنەکە دەدەم بەخۆی قسەی لەگەڵ بکە.

-ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە. منیش ناتوانم بەڕاشکاوی قسە بکەم.

- نەخێر وانییە بیر لەشتی بێ جێ مەکەرەوە. بەگیانی ئەو سیاوەشە کە ئێستا بەرامبەرم دانیشتووەو لەگلێنەی چاوم خۆشترم دەوێت. من تەنها ڕێچکە گری ئەو کۆمپانیایەی جەنابتم.

- ئاه ...! تاوانی خۆت بوو. پێرێ شەو پێمووتیت کاتم هەیە، دەستم خاڵییە. ئەو نەخشەیە بهێنە بابڕۆین و لەگۆشەیەکی چۆڵدا بەتەواوەتی کاری تێدا دەکەین. زەویەکە ئامادەیە، کرێکار ئامادەیە، ئەندازیارەکەش دەست لەسەر سنگ لەخزمەتی جەنابتدا وەستاوە. ئیتر چیت دەویست؟ دەستم گەرم دەبووو بەشەوێك سێ نهۆمم بۆ دروستدەکردیت.

- ئاخر بەمن چی کە تۆ پێرێ شەو حەوسەڵەت نەبووە.

- نەخێر. ئەگەر ئەمشەو مەوسەڵەیشت هەبێت سوودێکی نییە. نە کەرەستە ئامادەیەو نەستوونی ئاسن ئامادەیە. ئەندازیارەکەش ئەمشەو کاتی نییە کولانەیەکیش دروست بکات چ بگات بەباڵەخانەیەك.

- بابەگیان بۆچی ئەوەندە ناوو ناتۆرە دەڵێیت؟ دەڵێم ئەمشەو باوکم ئیشی پێمە. باوکم خۆی وتی ئەمشەو لەماڵەوە بمێنەرەوە چونکە ئیشم پێتە.

((بەنیمام وت))

- مەگەر دەکرێت بەشەوێك باڵەخانەیەك دروستبکرێت؟ ئەوە قسە لەگەڵ کێ دەکەیت؟!

((نیما دەستی نایەوە بەسەر تەلەفۆنەکەداو پێمی وت))

- ئەوە یەکێکە لەمشتەرییە باشەکانمان. ئەمشەو کارەکەی ڕاوەستاوە، پێویستی بەمنە. منیش ئەمشەو گرفتارم ناتوانم بڕۆم بۆ سەر کارەکەی.

- ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟ ئەوە وتمان کاتیشت هەبوو ڕۆیشتیت. مەگەر دەکرێت بەشەوێك هیچی لێبکرێت؟



Scanned with CamScanner

- ئەوەیان پەیوەستە بەکەسەکە خۆیەوە سیاوەش گیان. من ئەگەر ئەمشەو ئیشم نەبوایەو بمتوانیبایە بڕۆم. بێگومان کارەکەیم وەڕێدەکرد. بەدبەختییەکەم یەك دوو دانە نییە. دەستێکم بەزەوی ئامادەوەیە، دەستەکەی دیکەم بەکەرەستەوەیە، دەستێکی دیم بەنەخشەوەیە، دەستێکی ترم بەکرێکارەوەیە، دەستێکی دیکەم بەتۆوەیە، دەستێکیشم بەباوکمەوەیە. هەموو کارەکان کەوتووەتە سەرشانی من. منیش لەم نێوەندەدا نازانم چ هەڵەیەك بکەم. ئەو کابرایە چ زەوییەکی هەیە، سی (لەسەر) بەرزییەکی زۆر، شوێنێکی زۆر خۆشەو ئاوو هەوایەکی سازگاری هەیە.

((تێدامابووم کە نیما چیدەڵێت، دووبارە نیما دەستیکردەوە بەقسەکردن))

- نەبابەگیان خەریکبووم لەگەڵ سیاوەشدا قسەمدەکرد.

- بەڵێ ئەویش ئەندازیارە، بەڵام قوڕبەسەرە کاری بورجو مورج ناکات.

- چی لەگەڵ ئەودا بێم؟ ئەو ئەوەندە خاوو خلیچکە سێ مانگی پێدەچێت تاوەکو تاسێك چیمەنتۆ لەم سەری زەوییەکەوە ببات بۆ ئەو سەر زەوییەکە. ئەو لەکوێ دەزانێت زەوی هەڵبژاردە چییە. ئەو هەمیشە دەڕوات کار لەزەوییەکدا دەکات یان پڕە لەچاڵیو چۆڵی یان ئەوەیە دەبێت ئەوەندەی خۆڵ تێدا لابدەین تاوەکو گیانمان دەردەچێت. لەکۆتاییەکەشیدا دەزانێت کە زەوییەکە قەناسە.

((پێکەنین گرتبوومی. نازانم ئەو قسە هەڵەق و مەڵەقانەی بۆ کێ دەکرد. ئاماژەم بەنیما کرد تازووتر تەلەفۆنەکە دابخاتەوە))

نیما- دەڵێم خانم دکتۆر، تۆ ئەم چەند وەختە سەبرت گرتووە. ئەمشەویش دان بەخۆتدا بگرەو کار مەکە. بەپشتیوانی خوا لەسبەی شەوەوە بەبێڵاو قازمەوە ئیش لەزەوییەکە دەکەین. دەبێت باڵەخانەیەکت بۆ دروستکەم کە خۆت ئیرەی پێبەریت. جارێ برۆ چونکە وابزانم ئەم سیاوەشە بەستەزمانە بەدوسێ نەخشەوە هاتووە تامن بڕیاری لەسەر بدەم.

- ها!

- ئەزیزەکەم چیبکەم؟ کاری من شاکارە هەموو کەس دێن بۆ کۆمپانیاکەی ئێمە، دەبێت بەیانی بڕۆیت بۆ زانکۆ؟

- باشە کێشە نییە، هەرکاتێك گەڕایتەوە پەیوەندیم پێوەبکە.

- بەسەلامەت، خوات لەگەڵ.

((نیما تەلەفۆنەکەی داخستو پێیووتم))

- بەگیانی تۆ هەر لەگەڵ دۆسییەیەك دێت بۆ ئەو کۆمپانیایەمان ئیتر دۆسییە بەدوای دۆسیەدا



Scanned with CamScanner

دێت. یەکێك لەشارەوانی گیری خواردووە. یەکێك لەدارایدا، یەکێك ئاوەکەیان بڕیوە، یەکێك کارەباکەی، یەکێك غازەکەی، هەمووشی دەبێت من چاکی بکەم. باوەڕدەکەیت؟ تەنها تەمەنێکیان لێوەرناگرم. تەنها لەبەر خاتری دۆستییە. خەڵکی گرفتارن. دەبێت هاوکاری یەکدی بکەین‌و بەیەکتری رابگەین.

- بەڵێ، بەڵێ. بەگیانی پورت وایە. مەگەر سیما نەبینم.

نیما- ئاە ...! باشە خۆ کاری بیناسازی‌و سازکردنی کارەکانی بینا پەیوەندیی بەوەزارەتی تەندروستی‌و زانستی پزیشکییەوە نییە تابەسیما خان بڵێیت.

((دەستمکرد بەپێکەنین))

نیما- ئێستا بڵێ بزانم دەنگوباس چییە؟

- هەواڵێکی خۆش.

نیما- سیماخان رازیبووە شوم پێبکات؟ تو گیانی من ڕاستدەکەیت؟

- حوشتر هەر خەو بەلۆکەوە دەبینێت. تۆ بڕۆ بەدروستکردن‌و سازکردنەکانی شەوانت رابگە. بەڵام ئاگاداربە ئەگەر شارەوانی بەئەستەم بۆن بکات، هەر ئەو شەوە مۆری سوتاندن لەکۆمپانیاکەتان دەدات.

نیما- ئەگەر تۆ نەڕۆیت بەشارەوانی بڵێیت، ئەوان ئاگادار نابن دەم شڕ. ئێستا بڵێ بزانم هەواڵی خۆش چییە؟

- کاتژمێرێك پێش ئێستا کاتێك کە لەژوورەکەی خۆم دەهاتمە دەرەوە، لەهۆڵەکەی خوارەوەدا دەنگی دایکم‌وباوکم دەهات. هەر لەگەڵ ڕۆیشتمە خوارەوە دەزانیت چیم بینی؟!

نیما- تف لەحەیای ئەو دایك‌وباوکەت! بەخوا شەرم نەماوە. لەوتەمەنەدا، لەڕۆژی ڕووناکدا، ئەویش لەکوێدا لەناوەڕاستی هۆڵێکدا. منت بمرم دەبێت چ دیمەنێکت بینیبێت. خوایە هەرچی دایك‌وباوکی بێرەوشتە بەساتێك بمرن.

- بێدەنگبە نیما، تەریق بەرەوە شەرم بتگرێت.

نیما- دایك‌وباوکی تۆ لەهۆڵەکەدا بوون، من شەرم بمگرێت‌و تەریق بمەوە؟ من چەند بەدبەختم. هەرکەسێك هەرکارێك بکات دەبێت من شەرم بکەم‌و تەریق ببمەوە. تاوانی خۆمە کە بەحسابی خۆم پشتیوانیم لەتۆکردو هاوبەشی غەم‌و پەژارەت بووم. باشە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە.

- بڕۆ ونبە نیما.

نیما- بابەگیان خۆ تۆ خۆت پێتووتم!



Scanned with CamScanner

- باشە تۆ هەر دەزانیت من چیم بینیووە وا قسەدەکەیت؟

نیما- دەزانم، چونکە منیش جارێکیان واتە چەند ساڵێك پێش ئێستا هەر لەخۆوە خەبەرم بووەوە. کاتژمێر دووو نیوی شەو بوو. زۆر لەسەرخۆ هاتم تا بڕۆم لەسەلاجەکەدا ئاو بخۆمەوە. خۆم کێشا بەمێزەکەداو گوڵدانەکە کەوتە خوارەوە. لەگەڵ دەنگی گوڵدانەکە بەرز بووەوە باوکە بێچارەکەم هەروەك کۆماندۆکان لەم بەری ساڵۆنەکەوە بەخۆهەڵدان و ڕاکردن خۆی گەیاندە حەوشەکە.

((منیش مردبووم لەپێکەنیندا))

- یاخوا لاڵ بیت نیما.

نیما- تۆ نازانیت ئەم باوكودایکانە چەند هۆگری هۆڵن.

((هەردووکمان مردبووین لەپێکەنیندا))

- ئێستا دەهێڵیت بڵێم چیم بینیووە؟

نیما- بۆچی تۆ بەنیازیت هەرچییەکت بینیووە بۆم باس بکەیت؟

- بێتام.

نیما- بابەگیان دە بڵێ خۆدڵم شەقی برد.

- کاتێ لەپلیکانەکان دەڕۆیشتمە خوارەوە دەبینم پاسپۆرتەکەی دایکم‌وباوکم‌و بلیتی فڕۆکەکەشیان لەسەر مێزەکەیە. بڕیارە بەیانی بڕۆن بۆ دوبەی.

نیما- سیاوەش ڕاستدەکەیت؟ خۆزگەم بەخۆت. کەوات تاچەند ڕۆژ کۆمپانیا پشووە.

- بەڵێ.

نیما- بۆباسی ئەو دایك‌وباوکەی من ناکەیت. هەمیشە لەماڵەوە کەوتوون. ئەگەر زۆر دوور بکەونەوە کەرەج دوایین گەراجیانە. بەڵام ئەگەر من تاوەکو دووسبەی ڕەوانەی دوبەیم نەکردن، ئەگەر نەمکردن ناوەکەم دەگۆڕم.

- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەلەفۆنم بۆ شیوا کرد.

نیما- دیسان فیلەکەت یادی هندستانی کرد؟

- بێتاقەت بووم وتم با تەلەفۆنێکی بۆ بکەم.

نیما- بابە گیان بۆ کاتی بێکاریت سەرگەرمییەکی تر پەیدا بکە. ئەو میکانۆیانەی تۆ یارییان پێدەکەیت ترسناکن. من ئاگادارم کردویتەتەوە ئیدی خۆت دەزانیت.

- شیوا باسی ڕابردوی خۆیی بۆ دەکردم. بەڕاستی ژیانێکی سەختی هەبووە.

نیما- هەر لەخۆتەوە ژوانی لەگەڵ نەبەستیت ها!



Scanned with CamScanner

- شیوا باسی دایکی‌وباوکی‌و براکەیی دەکرد. دایکی ژنێکی موسڵمان بووە. باوکی عارەق خۆر بووە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی تا بەو رۆژە گەیشتووە.

نیما- بەڵێ وایە، ئەگەر باوك بەوجۆرە بێت دڵنیابە منداڵەکەشی هەروەك شیوا دەردەچێت. باوکی رێك‌وپێك، منداڵی لەسەر خۆو بەئەدەب وەباردەهێنێت، بۆ چی من ئەوەندە کوڕێکی پاکم، چونکە باوکم کەسێکی باش بووە. برۆ لەدراوسێکانمان بپرسە. لەدەرگای ماڵی هەریەك لەوکچانەی دراوسێمان بدەیت‌و پرسیاری منیان لێبکەیت، سەرەتا بزەیەکی دڵفرێنت بۆ دەکەن، پاشان لێویان دەگەزن‌و سەریان دادەخەن وەك ئەوکاتەی کە دەیانەوێت لەسەر سفرەی مارەبڕیندا ((بەڵێ)) وەڵامی مامۆستاکە بدەنەوە. بەئارامی پێت دەڵێن بەڕاستی پیاوە.

((تەماشایەکی نیمام کردو وتم))

- کەواتە برۆ سوپاسی هەموویان بکە.

نیما- پێشتر جارجارێك بەخزمەتی هەموویان گەیشتووم‌و سوپاسم کردوون. تۆ خەمی منت نەبێت. تۆ برۆ خەمی خۆت بخۆ ولاخ تەنها دراوسێیەك لێت رازی نییە. هیچ شتێك بەقەد ئەوە خراپ نییە دراوسێکانت لێت ناڕازی بن.

- زەهری مار، ئێستا دەهێڵیت پاشماوەکەیت بۆ باسبکەم؟

نیما- واتە جەنابت بەنیازیت دەتەوێت تەواوی ژیانی شیوام بۆ باسبکەیت؟!

- نەخێر شتێکی سەرنج راکێش لەنێوەندی قسەکانیدا بوو، لەدوای هەر چەند شتێك هەروەك بچێتە دونیای خەیاڵات‌و بیرکردنەوەوەو دیمەنێك لەپێش چاویدا زیندوو ببێتەوە، ئەویش چەند رستەیەکی لێدەوتن.

نیما- دیمەنی چی لەپێش چاویدا زیندوو دەبووەوە؟ بێگومان لەوخەیاڵە بێمانایانەیە کە هەمیشە کچانی منداڵا بیری لێدەکەنەوە. بابەگیان لێمگەڕێ بێزارم.

- من پێموایە ئەو دیمەنە هەمان ئەو دیمەنیە کە بۆ یەکەمینجار کوڕێك بەدبەختی کردووە.

نیما- دەی باشە درێژەی پێبدە تکایە.

- هەرچییەك هەیە لەماڵێکدایە.

نیما- تکات لێدەکەم روونتر قسەبکە.

- زەهری مارو رونتر! تۆ بهێڵە من خۆم خەریکە دەیڵێم.

نیما- ئەزیزەکەم بۆچی توورە دەبیت؟ مەبەستم ئەوەیە زیاتر مەسەلەکە بقڵیشێنین‌و بچینە ناویەوە بەڵکو بەئامانجێکی ویستراو یان داخواز بگەین.



Scanned with CamScanner

- ئەوا بڕیارمدا هەر نەیڵێم.

نیما- سیاوەش گیان تۆ سەیرکە. دەربارەی گرفتەکانی خەڵکی نابێت ئاسانکاری بکەیت. ئەگەر بەدووبارە دروستکرنەوەی دیمەنێك دەکرێت کۆمەکی کەسێك بکەیت ئەوا دەبێت دەستو بردی لێبکەیت. نابێت وەك منداڵ بەهانە بگریت. ئێستا زۆر بەئارامیو لەسەر خۆ بۆم بگێڕەوە تابزانم دیمەنەکە چۆن بووە.

- هێشتا بەتەواوەتی دیمەنەکەی بۆ باس نەکردووم. بەڵام شتێکی سەرنج راکێشی لەنێوەندی قسەکانیدا وت زۆر گرنگە.

نیما- هەمیشە ئەوشتانەی کە لەناوەڕاستی ئەو جۆرە دیمەنانەدا روودەدەن سەرنج راکێشو گرنگو بەنرخن!

- هەروەك پێویست بوبێت لە لەحزەیەکی زۆر ناسکدا بڕیارێکی گرنگی بدایە، بەڵام ئەو هیچ ئەزموونێکی بەکەڵکی نەبووە تاهاوکاری بکات. شیوا دەیووت «تەواوی بیرو هۆشم تاوتوێ کرد. بەڵام شتێکی تێدا نەبوو بەکەڵکم بێت یان هاوکاریم بکات.»

نیما- بەڵام ئێستا کە لەژیانی خۆی دەڕوانێت تێدەگات کە لەو ساتە ناسکەدا بڕیارێکی ژیرانەی داوە.

- زەهری مار. ئەو بەدبەختانە تاماوەیەکی دی دەمرن. کام بڕیارە ڕاستەی داوە؟

نیما- تۆ بەردەوامبە لەسەر باسکردنی بابەتەکە. راڤەی ئەو شتانە من کازانم تێیداو دەبێت بڕیاری لەسەر بدەم، ئەوە پەیوەندیی بەتۆوە نییە.

((بەتوڕەییەوە تەماشایەکی نیمام کردو وتم))

- شیوا دەیووت هیچ کام لەو وانانەی کە لەقوتابخانەدا فێریانکردبووم بەکەڵکم نەدەهات، نە مێژوو نە جوگرافیا، نە ماتماتیك نە فیزیا، نە زانستو نە هیچکامیان.

نیما- دوایین دانەیانم قبوڵ نییە. ئێستا وتمان مێژوو جوگرافیاو کیمیاو فیزیا قەیدی نییە، بەڵام زانست نا، چونکە تەواوی ئەو جۆرە بابەتانە پەیوەندیی بەڕشتەی زانستی مرۆڤایەتییەوە هەیە، من تێناگەم بۆچی ئەو هەموو وانەی مێژوو جوگرافیایە دەرخواردی ئەو قوتابییە داماوانە دەدەن. ئەگەر من کاربەدەستێکی ئەم وڵاتە بوایەم. لەماوەی دوو رۆژدا هەموو بەرنامەی پەروەردەم دەسڕیەوەو زانستی مرۆڤایەتیم لەجێگەی دادەنا. هەر لەسەرەتای ساڵەوە برنامەی ساڵانەم بەقوتابییەکان دەداو تەواوم دەکرد. شەممە زانست، یەك شەممە زانستی مۆڤایەتی، دووشەممە زانستی شیکردنەوەی مرۆڤایەتی. سێ شەممە زانستی لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، چوار شەممە زانستی لێکۆڵینەوەی



Scanned with CamScanner

بەهێزکردنی مرۆڤایەتی، پێنج شەممە وەرزش. باوەڕبکە ئەگەر ئەم بەرنامەیە لەوڵاتدا کاری پێبکرێت، چیتر هیچ بەستەزمانێك دووچاری کێشەی بڕیاردان نابێت. دەبێت بەیانی نامەیەك بۆ وەزارەتی پەروەردە بنوسم!

((نیما بۆخۆی خەریکبوو قسەی بێتامی دەکردو بەژوورەکەشدا هاتوچۆی دەکرد. منیش پێدەکەنیمو تەماشام دەکرد. کاتێك نیما قسەکانی تەواو بوو پێمووت))

- نیوەی ئەو قسانەت لەم کتێبەدا نانووسم.

نیما- مەگەر تۆ ئەوەندە بەتوانایت تاڵەو قسانەی من نەنووسیت؟

- بێئەدەب.

نیما- من سەعاتێك زۆر لەخۆم دەکەم تائەو قسانە دەکەم ئەوجا تۆش نایینووسیت؟

- ئاخر هەر لەو جۆرەقسانە لەکتێبدا دەکرێت بۆیە ڕێگەنادەن بڵاوبێتەوە.

نیما- بابەگیان ئەوەی من دەیڵێم تەنها کۆمەڵێك وشەی تەنز ئامێزن. قسەگەلێکی تەنز ئامێزی چز دارن، هەر بەگاڵتەوە قسەکانم دەکەم، ئامۆژگارییەکانم بەخەڵکی دەگەیەنم، ڕێگای چاكو خراپ بەگەنجەکان پیشاندەدەم، تەماشای شیوا بکە. لەسەرەنجامدا چی بەسەرهات. ئایدز! ئیتر لەوە باشتر چ ڕێنومایەکت دەوێت؟ تۆ تەماشکە من سێ چوار شت دەڵێمو خەڵکی پێدەکەنن، زۆربەی قسەکانم ئامۆژگارییە، قسەکردن بەم شێوەیەی منیش زیاتر کار لەمرۆڤ دەکات تاوەکو زمانێکی وشكو جدی.

((نیما هەر بەو شێوەیەی کە قسەی دەکرد، بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت. لەپڕێکدا وەك بروسکە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتو بەخێراییەکی زۆر لێی ڕۆیشتە دەرەوە. منیش هەستامو ڕۆیشتم بەرەو لای پەنجەرەکە، تەماشای دەرەوەم کرد. یەڵداو دایەگەورەم بینی لەبەردەرگاکەی ماڵی نیمادا ڕاوەستابوون. دەرگای ڕاڕەوەکەی سەرەوەم کردەوەو ڕۆیشتمە باڵکۆنەکەوە. یەڵدا توڕە بوو، خەریکبوو بەدەنگی بەرز قسەی لەگەڵ دایەگەورە دەکرد))

یەڵدا- دایەگەورەگیان، ئاخر تۆ بەنیازیت ((چی)) ((پیشانی)) دکتۆر بدەیت؟

دایەگەورە- دەتەوێت ((کێ)) لەگەڵ دکتۆردا ((ببزوێنی)) چییە؟

یەڵدا- دەڵێم بۆ ((چارەسەر))ی چی دەڕۆیت؟

دایەگەورە- بۆ ((زەماوەند)) لەگەڵ کێدا دەچم؟ ئەم قسانە چییە تۆ دەیکەیت کچەکە؟ وەرەو ئیتر قسەی بێتام مەکە. پورێ خانت ئەم قسانەی فێر کردویت؟

((پێکەنینم بەقسەکانی دایەگەورە دەهات. یەڵدا تەنها تەماشای دایەگەورەی دەکرد. لەپڕدا



Scanned with CamScanner

دایەگەورە نوشتایەوە تاوەکو بەرد هەڵبگرێت))

یەڵدا- دایەگەورەگیان هەرهیچ نەبێت بهێڵە من ((زەنگ)) لێبدەم.

دایەگەورە- مەگەر پیرو کوێر بووم تا تۆ لەبری من ((بەرد)) هەڵبەدەیت؟

یەڵدا- ئاخر بابەگیان مەگەر ((ماڵی)) نیما ((زەنگی)) نییە؟

دایەگەورە- بەڵێ کچم ڕاستدەکەیت ((کۆڵانەکەیان))، ((بەردی)) تێدا نییە. کاول بێت. ئەمجارە لەباخچەکەی خۆماندا دووسێ بەرد لەگەڵ خۆم دەهێنم.

((تایەڵدا ویستی پێش لەدایگەورە بگرێت، دایەگەورە بەردێکی هەڵدایە حەوشەکەی ماڵی نیماوە، بەردەکە کێشای بەئۆتۆمبێلەکەی باوکی نیماداو دەنگێکی زۆری لێوەهات. لەوکاتەدا نیما گەیشتبووە نزیکی دەرگای باڵەخانەکەیان. کاتێك نیما دەنگی بەردەکەی بیست هەر لەوێوە هاواری لێهەستاو وتی))

- بەرد هەڵمەدە ستەمکار. بەرد بارانت کردین.

((منیش بۆخۆم لەوێوە وەستابووم‌و پێدەکەنیم. هەر کە یەڵدا دەنگی نیمای بیست، ویستی بگەڕێتەوە بەرەو ماڵەوە، بەڵام نیما گەیشتە بەردەرگاکەو کریەدەوەو وتی))

- یەڵدا خان هەڵنەیەیت چاوم پێت کەوت.

یەڵدا- کاك نیما بەگیانی دایکم من بەردم هەڵنەداوە.

نیما- کەواتە لەبەرچی دەتویست ((هەڵبێیت))؟

((لەگەڵ نیما ئەوقسەیەی کرد دایەگەورە دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- مینا گیان ئێمە ((بەسەر)) هیچ شتێکدا خۆمان هەڵنەداوە.

((ئەمجارەیان نیما خۆشی دەستیکرد بەپێکەنین. نیما ڕۆیشتە بەردەمی دایەگەورەو سڵاوی لێکرد، پاشان وتی))

- ئاخر دایەگەورەگیان، وەڵڵاهی کاتژمێرێك پێش ئێستا شوشەمان کردە ئەو تاکەی جاری پێشوو جەنابت شکاندت. ئاخر تۆ بۆچی ((زەنگ)) لێنادەیت؟!

دایەگەورە- بۆچی ((چنگ)) نەگرین؟ چنگ لەچی بگرین مینا گیان؟!

((نیما بەحاڵەتی گریانەوە وتی))

- توخودا ئەوەندە لەپێش چاوی دراوسێکاندا بەمن مەڵێ مینا گیان مینا گیان. ((ئابڕوم ڕۆیشت))!

دایەگەورە- ((ئاوەکەتان ڕۆیشتووە بۆ سەر چڵەکان)) چییە؟



Scanned with CamScanner

((نیما هەر لەوێدا لەسەر زەویەکەو رووبەڕووی دایەگەورە دانیشتو لێی راما. من لەسەرەوە مردبووم لەپێکەنیندا. نیما گوێ بیستی دەنگی من بوو. ئاوڕیدایەوەو تەماشایەکی کردمو هاواریکرد))

- زەهری مار، شوشەی ئۆتۆمبێلەکەی باوکمی شکاند. ئەو ئەگەر هەموو ڕۆژێك ئەوکارە بکات دەبێت ئێمە ماڵەکەمان بفرۆشینو لەگەڕەکەکە بکوێزینەوە.

((هەر چەند حەزم نەدەکرد لەگەڵ یەڵدادا رووبەڕوو ببمەوە. بەڵام ناچاربووم بڕۆمە خوارەوە. کاتێك گەیشتمە خوارەوە تەماشادەکەم نیما خەریکە زۆر بەجدی قسەلەگەڵ دایەگەورەدا دەکات))

نیما- سەیرکە دایەگەورە. من بەجدی قسەدەکەم. ئەگەر جارێکی تر بێیتو بەرد بگریتە ماڵمان، دەڕۆم ((تەلەفۆن)) بۆ ((فریاکەوتن)) دەکەم.

دایەگەورە- دەتەوێت ((بەرد)) بنێیت بە((برات عەلی))یەوە؟ برات عەلی کێیە؟

((منو یەڵدا دەستمانکرد بەپێکەنین. نیما هاواریکرد))

- توخوا دراوسێکان یەکێکتان بێت هاوکاریم بکات، من ناتوانم ببمە حەریفی ئەم ژنە. بە بەرد هەموو شوشەی ماڵەکەمانی شکاند!

((منیش ڕۆیشتمە پێشەوەو سڵاوم لەهەموویان کرد. دایەگەورە هەر لەگەڵ چاوی بەمن کەوت وتی))

- ئاه ...! تۆش لێرەیت کیا گیان؟

نیما- دایەگەورە کیا نە سیا.

دایەگەورە- زیا؟

نیما- سیا، سیا. ئەوەی کە رەنگی ((باینجانییە))

دایگەورە- ماڵی زیا لە ((بەرازجونە))؟

نیما- بابەگیان وەرە بابڕۆین. دوو کاتژمێرە لێرەدا وەستاوین تەنها قسەی بەلاش دەکەین. خۆ ئێمە لەقسەی یەکتری تێناگەین. ئێوە شتێك دەڵێنو دایەگەورە شتێکی دیکە.

((پاشان نیما ئاوڕیدایەوەو بەیەڵدای وت))

- یەڵداخان ئێستا ئێوە چ فەرمایشتێکتان هەیە؟

((یەڵدا بەشەرمەوە وتی))

- ڕاستییەکەی دایەگەورە هاتووە تائێوە ببەن بۆ نەخۆشخانە.

نیما- بۆچی من شۆفێری ئامبولانسم یان ئامبولانست لەماڵەکەماندا بینیوە؟

((من دەستمکرد بەپێکەنین، یەڵدا وتی))

- نازانم چۆن تکاتان لێبکەم، بەڵام هەرچەند بەدایەگەورە دەڵێم بەگوێم ناکات.

((نیما دەستیکرد بەپێکەنین و وتی))

- یەڵداخان گاڵتەم کرد. بەسەر چاو ئێستا دێم.

((پاشان نیما ئاوڕیدایەوەو بەدایەگەورەی وت))

- ئەگەر جارێکی تر بەرد هەڵبدەیتە ماڵمانەوە، دێم لای گەورەکانت شکاتت لێدەکەم.

***



Scanned with CamScanner

# بـــــەشی شەشەم

((نیما وەڕێکەوت تابڕوات ئۆتۆمبێلەکە لەحەوشەکەیاندا بهێنێتە دەرەوە. منیش ڕۆیشتم بۆلای و پێمووت))

- نیما ئەگەر لەبەرخاتری من ئەو کارە بۆ دایەگەورە ئەنجام دەدەیت، ئەنجامی مەدە، چونکە من ئیدی هیچ ئیشێکم بەیەڵدا نییە.

نیما- لەڕاستیدا سەرەتا لەبەرخاتری تۆ دەمکرد. بەڵام ئێستا لەبەرخاتری ئەم ماڵ و ژیانە دەیکەم. ئەو باوکەی قوڕبەسەرەم تەمەنێك رایکردووەو گیانی داوە تائەمانەی بەدەست هێناوە. ئەگەر لەحزەیەك لەدایەگەورە بێئاگابین بەو دەستە نیوە گیانانەیەوە ئەوەندە بەرد دەگرێتە ماڵمان تاماڵەکەمان وەك ئاسارە مێژووییەکان دەڕواتە ژێر خاکەوە. ئەوکاتیش تاهەزار ساڵی تر هەرچی ئاسارناس و پسپۆڕ هەیە ناتوانن بیدۆزنەوە.

- من ئێستا دەڕۆم قسەلەگەڵ دایەگەورە دەکەم تابڕواتەوە.

نیما- تۆ ئەگەر توانیت تەنها وشەیەك لەو پیرەژنە بگەیەنیت، من هەر ئێستا دەستی یەڵدا دەخەمە دەستتەوە.

- بابەگیان پێش هەموو شتێك ئەو پیرەژنە مرۆڤە. تۆ ساتێك ئارام بگرە.

((وەڕێکەوتم بەرەو لای دایەگەورە. دایەگەورە خەریکبوو تەماشای ئێمەی دەکرد. نیماش لەگەڵ مندا وەڕێکەوت. یەڵدا ڕۆیشتبوو لەنزیکی ماڵی خۆیانەوە ڕاوەستابوو. هەر کە بەدایەگەورە گەیشتم پێموت))

- دایەگەورە سیما ئێستا لەنەخۆشخانە نییە.

دایەگەورە- ئێستا چیمەنتۆ لە ((مەجارستان))نییە؟ زیا گیان چۆن شتی وادەبێت؟

نیما- من بڕۆم ئۆتۆمبێلەکە زووتر ئیش پێبکەم، چونکە پێموایە دایەگەورە دەمانێرێت بۆ



Scanned with CamScanner

مەجارستان بۆ چیمەنتۆ بارکردن. تۆ وەرە ئەملاوە خراپتری مەکە، هەر بۆ نەخۆشخانەکە بڕۆین باشترو نزیکترە.

((نیما ویستی بڕوات ئۆتۆمبێلەکە بهێنێت. دایەگەورە وتی))

- مینا گیان مەگەر زیا دەیەوێت خانوو دروستبکات وا بەدوای چیمەنتۆدا دەگەڕێت؟

نیما- نەخێر، بەنیازە لەوێ ((قەبر))ێك بۆخۆی بکڕێت!

دایەگەورە- دەیەوێت لەوێ ((پڵنگ)) بکڕێت؟

((نیما بۆ چرکە ساتێك ڕاوەستاو نیگایەکی نائومێدانەی دایەگەورەی کرد. پاشان وەڕێکەوت بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکە. دایەگەورە دووبارە نیمای بانگکردو وتی))

- مینا گیان تۆ وەرە.

((نیماش لەنیوەی ڕێگادا گەڕایەوەو وتی))

- فەرموو دایەگەورە.

دایەگەورە- مینا گیان دەڵێم ئەوەك من بیرم نەمابێت، تا ئێستا لەگەڵ زاواکەمدا یەك دووجار ڕۆیشتووم بۆ ((مەجارستان))، چ ئاوو هەوایەکی هەیە. بەڵام بیرم نەماوە مەجارستان لەمبەری ((ورامین))ەوەیە یان لەو بەریەوەیەتی!

((نیما تەماشایەکی دایەگەورەی کردو وتی))

- سیاوەش لەحزەیەك وەرە ئەمبەر کارم پێتە.

((منو نیما دوو هەنگاوێك لەدایەگەورە دوور کەوتینەوە))

نیما- سیاوەش بگرە ئەوە سویچی ئۆتۆمبێلەکەمو ئەوانی پێ بەە بۆ نەخۆشخانە، پاشان ئۆتۆمبێلەکش بۆ خۆت!

- ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

نیما- بابەگیان من نامەوێت لەم کتێبەدا ڕۆڵ ببینم، مەگەر بەزۆرە؟ بگرە ئەوە سویچەکەو بڕۆ بەلای ئیشی خۆتەوە!

- نیما بۆچی دەوری شێت دەبینیت؟

نیما- ئەگەر من نەمەوێت لەم کتێبەی تۆدا هەبم، دەبێت کێ ببینم؟ دەبێت تۆ ببینم، پەخشدار ببینم؟ وەزارەتی ڕێنواندن ببینم؟ من دەبێت کێ ببینم؟

- نیما زۆر عەیبە تۆ ئەو قسە هەلەقو مەلەقانە لەپێش چاوی خوێنەراندا دەکەیت!

نیما- براکەم ئەو پیرەژنە ئابڕوی لەلای خوێنەرەکاندا بۆ نەهێشتووم! ئەگەر هاتوو بەیانی



Scanned with CamScanner

یەکێک منی لەسەر شەقامێکدا بینی، پێم نالێت نیما گیان ئەوە چ رابەختێکە تۆ راتخستووە؟ من لەم کتێبەدا سەرم خستووەتە سەر هەموو کەسێکو کەسیش حەریفم نەبووە، بەڵام ئەم پیرەژنە منی لەهێلکە بردووەتەوە! توخودا ئەمە داستان بوو تۆ پەیداتکرد؟

- دەسەڵاتی من چییە؟ دایەگەورە کچی... پاشایە. هەمان ئەم کارانەی لەڕاستیدا کردووە. من ناتوانم ئەواشتانە نەنووسم کە ئەو ئەنجامیداوە.

نیما- ئێستا ناتوانیت شتێك رۆڵەکەی کەم بکەیتەوە؟ بەخودا شێتی کردووم.

- تۆ وەڵامی مەدەرەوە. ئەو هەرچییەکی وت تۆ هیچ مەڵێ. ئەوەندەی نەماوە کتێبەکە کۆتایی بێت!

نیما- ئەو سویچانەم بدەرێ. تازە لەناوەڕاستی کتێبەکەداین. هێشتا لەکوێمانە بۆ کۆتایی کتێبەکە.

((بەهەرحاڵ نیما ئۆتۆمبێلەکەی لەحەوشەکەدا هێنایە دەرەوەو ئێمە سوار بووین. منونیما لەپێشەوە دانیشتینو دایەگەورەو پەڵداش لەدواوە. لەدوای ئەوە کەمێك رێگەمان تەی کرد پەڵدا وتی))

- بەڕاستی دەبێت داوای لێبوردنتان لێبکەم. بووینە ئەرك بەسەرشانتانەوە.

نیما- پەڵدا خان بەپێچەوانەوە، ئەو قسانە چییە؟

دایەگەورە- زیا گیان ئێستا چەند دانەن؟

- دایەگەورە چی؟

دایەگەورە- ئەو پڵنگانەی کە بەنیازیت لەمەجارستان بیانکڕیت.

((نیما هاواریکرد))

- پڵنگ نە، قەبر قەبر!

دیەگەورە- ئەها، دەی باشە چەند دانەن؟

((من بۆ ساتێك لەدایەگەورە رامام. پاشان نیما وتی))

- دایەگەورە گیان زۆر نییە. بەقەد ((خۆیو باوکییەتی))

- زەهری مار!

((پەڵدا دەستیکرد بەپێکەنین. دایەگەورە وتی))

- بەقەد ((نوکی قاچییەتی)) ؟ چەند بچووکە. قەبر دەبێت ئەوەندە گەورە بێت کە جێگەی جەستەی مردووەکەی تێدا بێتەوە!



Scanned with CamScanner

نیما- نەخێر دایەگەورە وانییە جێگەیان دەبێتەوە. چونکە ئەمان لەباوەشی یەکتریدا دەنوون.

((یەڵدا بەقوڵی کێشای بەدایەگەورەدا تابێدەنگ بێت. پاش کەمێك دایەگەورە بەشەرمەوە وتی))

- زیا گیان قسەیەکی خراپم کرد؟

((بەڕاستی دڵم پێی سوتا. منیش هەر بەسەر ئاماژەم پێکرد واتە نەخێر. دایەگەورەش ئیدی تانەخۆشخانەکە هیچی نەوت. لەدوای دە خولەکێك گەیشتینە نەخۆشخانەکە، چانسمان هەبوو چونکە تائەو کاتە سیما نەڕۆیشتبووەوە. لەبەشی پرسگە سیمامان بانگکرد. ئەویش هاتە خوارەوە. لەدوای چۆنیو چاکیو هەواڵ پرسی یەڵدا وتی))

- سیما خان بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم. بەخودا دایەگەورە وازم لێناهێنێت. دەڵێت هەر دەبێت خۆم بڕۆم بۆلای خانم دکتۆر تاخۆیی چارەسەرم بکات، باوەڕێکی زۆری بەتۆ هەیە.

سیما- تکادەکەم ئەو قسانە چییە؟ خۆشەویستن ئەزیزن. ئێستا کێشەتان چییە؟

یەڵدا- دایەگەورە قاچی دێشێت.

سیما- باشە ئاساییە. دەبێت پزیشکێکی روماتیزم بیبینێت.

دایەگەورە- یەڵدا گیان جەنابی دکتۆر چی دەفەرموون؟

یەڵدا- دەڵێت دەبێت پزیشکێکی ((روماتیزم)) بتبینێت.

دایەگەورە- دەبێت پزیشکێکی ((کۆمۆنیست)) ببینێت؟ خودایە هاوار لەو بەڵایە بمانپارێزیت.

((نیما دەستی دایەگەورەی گرتو لەگەڵ خۆیدا بردی. نیما بەدایەگەورەی وت))

- وەرە دایەگەورە ئەو پزیشکە کاتی خۆی کۆمۆنیست بووە. ماوەیەکیش لەزینداندا بووەو تۆبەی کردووە، بەڵام ئەگەر راگەیاندنێك ئاگادارییەك شتێکی پێدایت لێی وەرمەگرە.

((هەموو پێکەوە دەستمانکرد بەپێکەنینو بەدوای سیمادا ڕۆیشتین بۆنهۆمی سەرەوەو لەبەردەمی ژوورێکدا ڕاوەستاین. سیما خۆی ڕۆیشتە ژوورەوە. لەدوای دووخولەکێك هاتە دەرەوەو پێیووتین بڕۆینە ژوورەوە، هەموو پێکەوە ڕۆیشتینە ژووری پزیشکەکەوەو سڵاومان لەپزیشکەکە کرد، کە تەمەنی نزیکەی چل ساڵێك دەبوو، پاشان هەر یەکەو لەسەر کورسییەك دانیشتین. پزیشکەکە هاتە تەنیشتی دایەگەورەوەو بەپێکەنینەوە بەدایەگەورەی وت))

- دایەگەورەگیان فەرموو ئەمربفەرموو.

دایەگەورە- لەخزمەتی کاکی خۆمدا عەرز بکەم. ماوەیەك پێش ئێستا گوێچکەم کەمێك کەمو کورتی هەبوو. هاتمو ئەو پزیشکەی کە ژوورەکەی بەتەنیشتی ژوورەکە ئێوەوەیە بۆی شتم.



Scanned with CamScanner

لەخودا بەزیادبێت دەستی باش بوو گوێچکەم زۆر باش بووە. ئێستاش هاتومەت خزمەتی جەنابتەوە تابیرێك لەو قاچ ئێشەیەم بکەیتەوەو چارەیەکی بۆ بدۆزیتەوە. ماوەیەکە هەستیان تێدا نییە، بەڵکو دەرمانی بەهێزیی بێت، ڤیتامین بێت، شتێك لەو بابەتەم پێبدەیت تاچاك ببمەوە.

((پزیشکەکە تەماشای قاچی دایەگەورەی کردو وتی دایەگەورە هەستە کەمێك برۆ. دایەگەورەش هەستاو چەندجارێ لەمسەری ژوورەکەوە ڕۆیشت بۆ ئەوسەری ژوورەکەو دەگەڕایەوە. پزیشکەکە لەدوای تێڕوانین هاتە تەنیشتی سیماوەو وتی))

- سیما خان لەخودا بەزیادبێت قاچی دایەگەورە لەقاچی من زیاتر وزەو توانای تێدایە. ئەوکەمە دازاویی‌و سستییەش لەئاکامی پەك کەوتوویی‌و رۆشتنە تەمەنەوە تووشی بووە.

نیما- دکتۆر گیان تۆ تینەگەیشتووی. دایەگەورە بەنیازە قاچەکانی توانای قاچی مەرەدۆنای تێدا هەبێت. چونکە هەینی داهاتوو لەئەرجەنتین یاری هەیە.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. پزیشکەکە وتی))

- باشە من بۆی دەنوسم تاوەکو چەندجارێك کارەبایەکی سادەی بۆ بەکار بێنن.

نیما- من بزانم کارەبای سادە هیچ سوودێکی بۆ قاچی دایەگەورە نییە. دەبێت بنوسن تاوەکو هەموو وزەی کارەبای ئەتۆمی ئێران پێکەوە ببەستن‌و بیدەن لەقاچی دایەگەورە تاکەمێك شفای بۆ بێت.

((دووبارە هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. پزیشکەکە هەربەدەم پێکەنینەوە بەدایەگەورەی وت))

- زۆر بەداخەوە بەشی چارەسەری وەرزشییەکەمان ئامادە نییە پەیوەستە بەسیستەمی ((ناوکی))یەوە.

دایەگەورە- دکتۆر گیان لەدەرمانخانەکەتاندا دەرمانی ((باشتان)) نییە؟

((پزیشکەکە بۆ ساتێك تەماشایەکی دایەگەورەی کرد. پاشان نیما وتی))

- نەخێر. لەخودا بەزیادبێت دایەگەورە گوێچکەی بەو ششتنە کێشەی نەماوە.

((پزیشکە داماوەکە خێرا رەچەتەیەکی دایە دەستی سیما. ئێمە هەموو هەستاین‌و پێکەوە لەلای ئەو پزیشکە هاتینە دەرەوەو وەڕێکەوتین بەرەو نهۆمی خوارەوە بۆ بەشی چارەسەری وەرزشی. بەرپرسی بەشی چارەسەری وەرزشییەکە هەر لەگەڵ سیمای بینی سڵاوی کردو رەچەتەکەی لێوەرگرت. پاشان بەسیمای وت))

- خانم دکتۆر دایەگەورە دەبێت ئەمڕۆ بڕواتەوەو بەیانی بێتەوە، چونکە ئێستا بەرپرسی



Scanned with CamScanner

کارەباکە لێرە نییە. ئەگەر بەیانی هات، پێیدەڵێم چەندجارێك کارەبای بۆ بەکار بهێنێت.

نیما- هەی دادو بێدادا! ئێستا دەبێت ئێمە چەندجاری تر بڕۆینەوەو بێینەوە بۆ ئێرە. دکتۆرگیان ناکرێت خۆمان لەماڵەوە کارەبای بۆ بەکار بهێنین؟ وایەرو پلاکمان حازرە. کارەباکەشمان دوو سەدو بیستی فووڵە.

((پزیشکەکە دەستیکرد بەپێکەنین و وتی))

- ئازاری قاچی بێتاقەتتان دەکات؟

نیما- نەخێر. تەنها گوێچکەی هۆش و بیری تێکداوین.

((پاشان نیما ڕۆیشتە پێشەوە بۆلای پزیشکەکەو پێیووت))

- دەزانیت چییە دکتۆرگیان؟ ئەم دایەگەورەیەی ئێمە حاڵەتی وەرگرتن کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەیە، ئەگەر تۆ هەر ئێستا بهێڵیت کەمێك بەو کەرەستەو دەزگایەتان بجوڵێت، بەڵێنت پێدەدەم کە زۆر باش دەبێت. ئەم لاپەڕەی راگوێزەرە چییە لێرەدا؟ واتە ئەمەی کە لەسەری وەرێدەکەون، تۆ بهێڵە کەمێك لەسەر ئەوە بڕوات و کەمێکیش ئەو کێش و شتانە بەرزبکاتەوەو رایانکێشێت. دڵنیابە چاك دەبێت.

((پزیشکەکە دەستیکرد بەپێکەنین و دایەگەورەی بردە سەر دەستگاکەو پێیووت))

- دایەگەورە من ئێستا ئەم دەستگایە دەخەمە کار. تۆش وەك چۆن لەسەر شەقامێکدا بیت ((دەبێت ئارام ئارام بەڕێدا بڕۆیت))

دایەگەورە- ((دەبێت ئارام ئارام بڕۆم بۆ ناو چاڵا))؟

((نیما هاواری کرد))

- دەبێت بەسەریدا بڕۆیت. ((پیاسە)) بکەیت.

دایەگەورە- ((لەقە)) بدەم؟

نیما- بەڕاستی دایەگەورە لەدوای ئەو گوێچکە شتنە بەتەواوەتی هەستی بیستنی بەدەستهێناوەتەوە.

((هەموو پێکەوە دەستمانکرد بەپێکەنین. پزیشکەکە دەستگاکەی خستە کارو دایەگەورەش دەستیکرد بەڕۆیشتن))

پزیشکەکە- ئێستا خێرایی ئەم دەستگایە هەزارو دووسەد مەترە لەکاتژمێرێکدا. واتە نزیکە سێ و سێ سانتیمەتر لەهەرچرکەیەکدا. ئەگەر دایەگەورە بتوانێت بۆ ماوەی دەخولەك بەڕێگەدا بڕوات، بەڕاستی شتێکی سەیر دەردەچێت.



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- دکتۆر گیان کەمێك ئەم ((پاسکیلە)) خێراتر بکە. وابزانم خەریکە قاچم باشتر دەبێت.

((پزیشکەکە پلەیەکی تر خێرایی دەستگاکەی زیاد کرد. پاشان وتی))

- ماشائەڵڵا هەزار ماشائەڵڵا. دایەگەورە زۆر باش بەڕێگەدا دەڕوات.

نیما- دەمانەوێت مەشقی پێبکەین و ئامادەی بکەین بۆ ئۆڵۆمپیادی داهاتوو.

((دایەگەورە بەزمەکەی زۆر بەدڵ بوو بۆیە وتی))

- دکتۆر گیان خێراتر نابێت؟

نیما- نەخێر دایەوگەورە گیان خێراتر نابێت، چونکە خێراییەکەی دیاریکراوە واتە سنووردارە، وا دەزانیت تۆمان بۆ پارکی وەرزش هێناوە؟

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. پزیشکەکە وتی))

- بەچاوێکی خراپ نایڵێم بەڵام ماشائەڵڵا دایەگەورە وزەیەکی هێجگار زۆری تێدایە.

نیما- دکتۆر گیان مەڵێ دایەگەورە. بڵێ قارەمانی ماراسۆن.

دایەگەورە- ئۆخەیش، بەڕاستی دکتۆر گیان قاچم گەرم بوو! خوا چاکت بۆ بکات.

نیما- بەهـ بەهـ. دایەگەورە تازە قاچی گەرم بووە. خودا ڕەحممان پێبکات.

پزیشکەکە- وابزانم ئیتر بەسە. ڕەنگە بەهیلاك بچێت و خودانەکردە بکەوێت.

((نیما ڕۆیشتە بەردەمی دایەگەورەو وتی))

- دایەگەورە ئیتر بەسە وەرە خوارەوە.

((پاشان نیما ئاماژەی بەدایە گەورە کرد تابێتە خوارەوە))

دایەگەورە- هێشتا زووە مینا گیان! خۆمن تازە سوار بووم.

نیما- ئاە ...! بۆچی دایەگەورە مەگەر ئەوە چەرخ و فەلەکە وا تازە سوار بوویت؟ ئێمەش دەمانەوێت سوار بین سەرەمانە، تۆ وەرە خوارەوە دەمانەوێت بڕۆین بۆ بەشی بازهەڵدان بەسەر مەترو نیوێك بەرزیدا.

((ئێمە دەستمانکرد بەپێکەنین. پزیشکەکە دەزگاکەی کوژاندەوە. دایەگەورەش هاتە خوارەوەو وتی))

- مینا گیان بەخوا هەرچی ئازار لەجەستەمدا بوو دەرچوو.

نیما- باشە لەخودا بەزیاد بێت. ئێستا بابڕۆین بۆ بەرزکردنەوە کێش.

((پزیشکەکە دایەگەورەی بردە لای دەستگایەکی ترەوە کە دەستگیرێکی پێوە بوو. سیمێکیشی پێوە بوو کە کۆتایی سیمەکە کێشێکی بچووکی پێوە هەڵواسرابوو. کاتێك کە دایەگەورە لەسەر



Scanned with CamScanner

دەستگاکە دانیشت پزیشکەکە پێیووت))

- دایەگەورە ئەگەر دەتوانیت ئەم دەستگیرانە رابکێشە بۆ لای خۆت.

دایەگەورە- ئاخر دەستم هێزی تێدانییە.

پزیشکەکە- هەرچەند دەتوانیت ئەوەندە بیکێشە.

((دایەگەورە دەستگیرەکەی ڕاکێشاو وتی))

- باشە خۆ ئەمە هیچی پێوە هەڵنەواسراوە!

((پزیشکەکە کاتێ ئەوەی بینی دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- ماشائەڵڵا دایەگەورە زۆر ((بەجۆرێکە))

دایەگەورە- چ شتێك ئەنجام نەدەم ((تاوانە))؟!

نیما- هیچ دایەگەورە تۆ تەنها ئەو ((دەسکە)) بگرە.

دایەگەورە- کام ((بەستە)) بگرم؟

((نیما دەسکی کێش تاقیکردنەوەکەی دایەدەستی دایەگەورەو وتی))

- بابەگیان ئەم دوابڕاوە چەندجارێك ڕاکێشە بۆ خۆت‌و تەواو!

دایەگەورە- ئاخر مینا گیان ئەمە زۆر سوکە!

پزیشکەکە- ببەخشە تۆ ناوت مینایە؟

نیما- نەخێر، من ناوم سیمایە. دایەگەورە بەهەڵە بانگم دەکات.

((دووبارە هەموو دەستمانکردەوە بەپێکەنین. دایەگەورە وتی))

- دکتۆرگیان ئەگەر دەکرێت دوو بەردی تر بخەرە سەر ئەو دەزگایە!

نیما- دایەگەورە وا دەزانیت هاتووە بۆ پاڵەوان بازی.

((پزیشکەکە بەدەم پێکەنینەوە دوو قورسی دیکەی خستە سەر دەزگاکە. سەیرترین شت ئەوەبوو کە دایەگەورە زۆر بەسانای دەیتوانی وەرزش بەدەستگاکە بکات. ئێمەش لەگۆشەیەکدا وەستابوین‌و پێدەکەنین. پاشان دایەگەورە وتی))

- دکتۆر گیان ئەگەر هەیە دوو بەردی دی بخەرە سەر، یاخوا خێر بێتە ڕێت. چ دەستگایەکی چاکە. کەمێك دەستم نەرم بوو!

((پزیشکەکە دەستیکرد بەپێکەنین‌و هەرچی قورس لەوێدا بوو خستییە سەر دەستگاکە))

نیما- داماوانە بۆ خۆتان تەماشابکەن. هاکا زانیتان قورسێکی سێ سەد کیلۆیی بەسەر سەرتاندا گیڤاندی!!



Scanned with CamScanner

((دووبارە هەموو دەستمانکردەوە بەپێکەنین. دایەگەورە کە بینی ئێمە پێدەکەنین وتی))

- مینا گیان باش دەجووڵێم؟

نیما- دایەگەورەگیان جەنابت کەمو کورتیت نییە. کێشە لەوەدایە ماوەیەکە وازت لەوەرزش هێناوەو لاشەت تەمبەڵ بووە، یەك دوو هەزارێك پارچە ئاسن بەرزبکەرەوە لاشەت وەك خۆی لێدێتەوە.

دایەگەورە- ئەوانە بخەمەوە شوێنی یەکەم جاری خۆیان؟

نیما- نەخێر. نەخێر. هەر بە بەرزی بیگرە ئاسێ گلۆپی سپیت بۆ دادەگیرسێنن!

((دایەگەورەی داماو ئەوەندە بەتوندیی دەستگیری دەستگاکەی گرتبووو رایدەکێشا وایدەزانی نابێت هەر وازی لێبهێنێت. پاشان نیما وتی))

- سیاوەش خێرا ڕاکە تەلەفۆنێك بۆ یەکییەتی وەرزشەوانان بکەو پێیانڕابگەیەنە کە ئەستێرەیەکی بەتوانا لەوەرزشدا دەرکەوتووە!

دایەگەورە- مینا گیان وازی لێبهێنم یان نە؟

نیما- دایەگەورە گیان وازی لێبهێنە. چونکە تۆ مەدالیای ئاڵتونت وەرگرت. تۆ ئەسڵەن پێویستت بەدکتۆرو دەرمان نەبوو، تەنها چارەسەری تۆ ئەوەیە، کە بڕۆیتو لەیانەیەکدا ((ناوەکەت تۆمار بکەیت))

دایەگەورە- بەدڵی خاڵی بڕۆم بۆ ((تەوالێت))؟!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. ئەوەی باشبوو تەنها ئێمە لەو ژوورەدا بووین))

نیما- دایەگەورە تەوالێت نە تۆمارکردنی ناو، ناونووسین، لەیانەیەکدا ناوی خۆت بنووسە بۆ پاڵەوان بازی ((زۆر خانە))

دایەگەورە- بۆ ((تۆپخانە))؟

((لەهەمانکاتدا ئەو پزیشکەی کە ئەو ڕۆژە گوێچکەی دایەگەورەی شۆشت بەوێدا تێپەڕیو بەدەنگی پێکەنینەکەی ئێمە هاتە ژوورەوەو سڵاوی لێکردین، پزیشکەکە کاتێك قورسەکانی لەسەر دەستگاکە بینی بەسەرسامییەوە وتی))

- ئەو هەموو قورسە دایەگەورە بەتەنها وەرزشی پێکردووە؟ ماشائەڵڵا لەدایەگەورە!

نیما- دکتۆرگیان ئەگەر دەتوانیت شروبێك حەبێك شتێك بۆ دایەگەورە بنوسە بۆ ئەوەی ((توانای کەم بێتەوە))

دایەگەورە- مینا گیان ((کێ شەرم بکات))؟



Scanned with CamScanner

نیما- توخودا دکتۆرگیان شرووبێکی بۆ بنوسەو گیانی ئێمەش ڕزگارکە.

((پزیشکەکە دەستیکرد بەپێکەنین‌و شتێکی بۆ نووسین. پزیشکەکە ڕەچەتەکەی دایە دەستی دایەگەورەو وتی))

- دایەگەورە ((شرووبێکی بەهێزکردنم)) بۆ نووسیویت.

دایەگەورە- ((کۆڕێکی سەرەخۆشیتان)) بۆ ئامادە کردووم؟

نیما- بەهێز کردن، سەرەخۆشی نە. شرووبی ((ڤیتامین))

دایەگەورە- دەبێت بڕۆم بۆ ((ویرامین))؟

((پزیشکەکە ڕەچەتەکەی دایە دەستی نیماو خوداحافیزی کردو ڕۆیشت))

نیما- فەرموو دایەگەورە، دکتۆرەکە لەدەستی تۆ بێتاقەت بوو ((ڕۆیشت))

دایەگەورە- دکتۆرەکە تاقەتی لەمن ((نەما))و ڕۆیشت؟! خۆمن هیچم پێنەوت.

((هەموو خەریکبووین پێدەکەنین. سیما هەستاو ڕۆیشت بۆلای نیماو دایەگەورە. دایەگەورە زۆری بۆ بەرپرسەکەی خۆمان هێنابوو. من‌و یەڵدا لەدواترەوە لەسەر کورسییەك دانیشتبووین. لەپڕێکدا یەڵدا ئاوڕیدایەوەو تەماشایەکی کردم‌و وتی))

- سیاوەش ئەفەندی لەوکاتەوەی لەماڵەوە وەڕێکەوتوین تۆ تەنها نیگایەکی منت نەکردووە.

- بێگومان بەهەڵە تێگەیشتوویت.

یەڵدا- ئەوە هیچ کە تەماشات نەکردووم، هەتا وشەیەکیشت لەگەڵ نەوتووم.

((هیچم نەوت))

یەڵدا- باشە بۆچی ئەمڕۆ بەیانی بەبێ پێشەکی هەستایت ڕۆیشتیت؟

- دەبوایە بمایەتەوە؟

یەڵدا- بەڵێ دەبوو بمایتایەتەوە. دەبێت بمێنیتەوە.

((ئاوڕمدایەوەو لەچاوەکانیم ڕوانی، یەڵدا سەری نەویکرد. نەمدەزانی مەبەستی لەو قسەیەی چییە. لەخۆوە چاوم بەنیماکەوت. نیما خەریکبوو بەچاوو برۆ ئاماژەی پێدەکردم. لەنیماش تێنەدەگەیشتم. بەهێما بەنیمام وت دەڵێیت چی، ئەویش بەڕێکەوت بەرەو لای ئێمەو بزەیەکی بۆ یەڵدا کردو وتی))

- سیاوەش گیان تادایەگەورە خەریکی پاڵەوان بازییە. ئێوە لێرەدا بێکار دامەنیشن. ڕونکردنەوەیەك، ڕاپۆرتێك، هەواڵێك، دوو وشە بڵێن. بۆخۆتان شتێك بکەن.

- ئەگەر ئیشت پێمە بابێم بۆ ئەوێ.



Scanned with CamScanner

نیما- نەخێر ئەزیزەکەم چ کارێکمان بەتۆ هەیە؟ ماشائەڵلا دایەگەورە یەکە یەکە بەئاسانی قۆناغەکان دەبڕێت. ئیتر تۆمان بۆ چییە؟

- کەواتە چیت دەوێت؟

نیما- دەڵێم کەمێک شت لەدایەگەورەوە فێربە.

- نازانم دەڵێیت چی.

((نیما بزەیەکی بۆ یەڵدا کردو وتی))

- یەڵداخان ببەخشە. بەیارمەتیت شتێك بەگوێی سیاوەش گیاندا دەچرپێنم.

((پاشان نیما بەئارامی هاتە تەنیشتمەوەو وتی))

- وڵاخ! هەر هیچ نەبێت نح.. نحێك بکە تابزانێت لاڵ نیت.

((پاشان داوای لێبوردنی لەیەڵدا کردو وتی))

- یەڵدا خان ببەخشە من دەبێت بڕۆم بەقارەمانی وڵاتەکەمان ڕابگەم.

((پێکەنینم دەهات. هەر لەگەڵ نیما ڕۆیشت بەیەڵدام وت))

- تۆ پێت خۆشە من لێرەدا بمێنمەوە؟

((یەڵدا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- بەڵێ پێمخۆشە بمێنیتەوە. سەیرکە سیاوەش، من ساڵانێکی زۆر لەنیشتمانەکەمو لەخەڵکەکەی دوور بووم. لەدەرەوەش زۆربەی کات هەر بەتەنها بووم، ئێستاش کە گەڕاومەتەوە خۆم بەنامۆو بێگانە دەبینم. دووکەسایەتی سەیر لەمندا دروست بووە، ناتوانم لەگەڵ کەسدا هاودەمی بکەم، تەنانەت ناتوانم لەماڵەوەش بێمە دەرەوە، نە لەسەر شەقامەکاندا، نە لەماڵەوە، نە لەمیوانیدا، لەهیچ شوێنێکدا ئاسوودە نیم.

- حەزدەکەیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەمریکا؟

یەڵدا- نەخێر. حەزناکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەمریکا. بەڵام ژیانی ئێرە بەلامەوە سەختە. هەموو بەجۆرێکیان لێهاتووە، لەماڵەوە هەمیشە لەهاوڕێیەتی لەگەڵ پیاودا دەمترسێنن، دەڵێن نابێت متمانە بەکەس بکەیت، پێموایە کە زۆریش هەڵەناکەن.

- تۆ وابیردەکەیتەوە، ئەو قسانەت بەلاوە ڕاستە؟

یەڵدا- من هەر نازانم بیر لەچی بکەمەوە. هەرئەم چەند وەختەی کە گەڕاومەتەوە بۆ ئێرە. ئاگاداری زۆربەی ئەو بابەتانە بووم، بۆ نموونە ئەو کچانە کە ئاشنامان یان ئەوانەی کە کاتی خۆی دۆستایەتیم لەگەڵیاندا هەبووە، تا ئێستا سەد جۆر قسەیان لەپاشملە پێوتووم، لەهەمانکاتدا کە خۆم



Scanned with CamScanner

دەبینن یان لەگەڵ خۆمدا قسەدەکەن بەجۆرێکی دیکەن، کاتێك بۆچەند خولەکێك دەمەوێت بەسەر شەقامەکاندا پیاسەبکەم ئەوەندە لات‌و لوت بەگیرم دەهێنن ناچار دەبم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، لەماڵەوەش ئاسوودە نیم، کاتێ کە تەنها من‌و باوکم پێکەوە دادەنیشین باوکم شتێکم پێدەڵێت، بەڵام کاتێك پورێ خان لەوێدا دەبێت شتێکی دیکەم پێدەڵێت، دایکیشم بەهەمانشێوە، نازانم دەبێت باوەڕ بەکێ بکەم؟ خۆمم ونکردووە، کەسێتی خۆمم ونکردووە، من بەم چەشنە بارهێنانە رانەهاتووم، هەموو دوو ڕوو، رواڵەت سازو بێوژدانن، هیچکەسێك قسەی دڵی خۆی بەکەس ناڵێت.

((فرمێسك بەچاوەکانیدا رژێنەیان بەست‌و بێدەنگ بوو. منیش بەئارامی پێمووت))

- من قسەی دڵمم پێوتویت، من تۆم خۆشدەوێت، ئەگەر تۆ منت خۆشبووێت ئامادەم تاهەرکاتێك بڵێیت چاوەڕوان بکەم.

یەڵدا- چۆن بزانم تۆ ڕاستدەکەیت؟ من خۆم ئاگاداری زۆربەی زەماوەندەکانی ئێرەم که بە چ جۆرێك کۆتایی پێهاتووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایـدا، لەئەمریکا کچ‌و کوڕ پێکەوە زەماوەندیاندەکرد. ئەویش زەماوەندی (غیابی)، واتە وێنەی کوڕەکەیان دەنارد بۆ ئێران‌و وێنەی کچەکەش بۆ ئەمریکا، لەئێران مەراسیمێکی بچووکیان بۆ دەگرت‌و لەئەمریکاش ئاهەنگێکی گەورە. لەماوەی ساڵێکدا لێکدی جیا دەبوونەوە. من ئەوەم ناوێت، هەموو ئەوکارانە لەبەرخاتری وەرگرتنی ڤیزای ئەمریکایە، ئەوان ئامادەن لەپێناوی ڤیزا وەرگرتندا هەموو کارێك ئەنجام بدەن، ئەوە شێتییەتییە، من لەوێ فێربووم دەربارەی ژیانم خۆم بڕیاربدەم، من لەئەمریکا وا فێرکراوم باوەڕم بەخۆم هەبێت، بەڵام ئەم چەند وەختەی کە گەڕاومەتەوە بۆ ئێرە هەموو ئەو زانیاریانەم خراونەتە ژێر پرسیارەوە کە لەوێ فێربووم، لێرە زۆر بەسانایی خەریکن دیلم دەکەن‌و دەستدەگرن بەسەرما، دەبێت باوکم‌ودایکم‌و پورم لەسەر ئایندەم بڕیار بدەن، هەتا دایەگەورەش جارجارێك لەسەر سادەترین کار دەستوورم بەسەردا دەدات کەچی بکەم یان چی نەکەم، خەریکە کەسێتی خۆمم لەبیر دەچێتەوە، خەریکە پوچ دەبم پوچ!

((لەهەمانکاتدا نیما لەوبەرەوە بەدەنگی بەرز وتی))

- خەریکن یاری گوڵ‌و پوچ دەکەن؟ دەنگتان ئاهۆمی سەرەوە دەڕوات. کەمێك هێواشتر پێشبڕکێکە بەئەنجام بگەیەنن!

((یەڵدا سەری نەویکرد. نیماش لەگەڵ سیماو پزیشکەکەدا خەریکبوون دایەگەورەیان دەخستە سەر دەستگایەکی تر کە لەئێمەوە دوورتر بوو))

یەڵدا- سیاوەش دەکرێت بڕۆینە دەرەوە کەمێك پیاسە بکەین؟ ئەم شوێنە بێتاقەتم دەکات.



Scanned with CamScanner

((منیش هەستامو ڕۆیشتم بۆلای نیماو سیما پێمووتن ئێمە دەڕۆینە دەرەوە. بڕیاربوو کە ئەگەر ئیشی دایەگەورەش تەواو بوو نیما بیبات بۆ کافتریای نەخۆشخانەکە تائێمە دەگەڕێینەوە.

گەڕامەوە بۆلای یەڵداو پێکەوە لەنەخۆشخانەکە هاتینە دەرەوە. دەستمانکرد بەپیاسەکردن. ماوەیەك تێپەڕیو یەڵدا وتی))

- ئەو ڕۆژەی منیان ناردووە بۆ ئەمریکا، کەمێی تەمەنمو ڕەنگ گرتنم لەگەڵ ژیاندا لەبەرچاو نەگیراوە، من بەفەرهەنگی ئەمریکا گەورە بووم، بەئازادییەکانی ئەوێ، بەکات تێپەڕاندنەکانی ئەوێ، بەگەشتو سەیرانەکانی ئەوێ، بەخەڵکی ئەوێ. ئێستاش لەدوای سیانزە ساڵ منیان هێناوەتەوە بۆ ئێرە، وەك ئەوە وایە کەسێك لەشوێنە گەرمەکانەوە ببەیت بیخەیتە ناوەڕاستی جەمسەری باکورەوە. ئەو کەسە چۆن دەتوانێت خۆی بەو ژینگە تازەیە ڕابهێنێت؟ بەهەمانشێوە ئەگەر کەسێك لەجەمسەری باکورەوە ببەیت بیخەیتە ناوچە گەرمەکانەوە هەمان کێشە ڕووبەڕووی ئەویش دەبێتەوە. من لێرە بەهیچ شێوەیەك خۆم نیم. لێرە لەسەر بچووکترین بابەت لەگەڵ بنەماڵەکەمدا کێشەم هەیە، دەمەوێت لەگەڵ هاوڕێکانمدا بڕۆمەدەرەوە دەبێت داوای مۆڵەت بکەم، دەمەوێت بەتەلەفۆن لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەم دەبێت هەمووان بزانن کە من لەگەڵ کێدا قسەدەکەم، هەتا دەمەوێت تەماشای تەلەفزیۆن بکەم ڕێگەم نادەن، ئەوەی سەیرە کە خۆشیان لەوەی کە لێرە دەژین نائارامن.

- کەواتە بۆچی گەڕانەوە بۆ ئێران؟

یەڵدا- لەپێناوی پارە پەیداکردندا، لێرە پارە زۆر ئاسان پەیدا دەبێت، لێرە پارە پەیدادەکەنو لەئەمریکا دەیخەنە بانکەوە، یان سەرمایەگوزاری پێدەکەن، هەتا خۆشیان ناتوانن شوێنکەوتەی یاساکانی ئێرەبن. بەلای منەوە ئەم شتانە زۆر سەیرە!

- تۆ خۆت چی؟

یەڵدا- من ئێرەم خۆشدەوێت، هەر لەمنداڵییەوە خۆشمویستووە، هەر ئەوکاتەش بەتۆبزی لێرە دووریان خستمەوە، ئێستاش بەتۆبزی گەڕاندومیانەتەوە، دەزانیت چی؟ من شانازی بەئێرانی بوغمەوە دەکەم. لەئەمریکاش چەندینجار لەسەر ئەوشتانە لەگەڵ ئەواندا بوەتە دەنگە دەنگم، بەڵام ئێستا کاتێك گەڕاومەتەوە بەداخەوە ناتوانم بیرو ئەندێشەی بنەماڵەو خزمو کەسو کارەکەم قبوڵ بکەم، چونکە دەستوورەکەی ئێرە ئەوەندەی ناتەباییو دژیەکی تێدایە، بۆ کەسێکی وەك من کە چەندین ساڵە لەئەمریکا دەژیم هەرسکردنی قورسە، بنەماڵەکەمان لەگەڵ خۆشیاندا ڕوو ڕاست نین، هەر جارێك لێیان دەپرسم بۆچی گەڕاونەتەوە بۆ ئێران، بەخێرایی بابەتی نیشتمان پەروەریو



Scanned with CamScanner

خۆشەویستی نیشتمان دێننە ئاراوە کە هەمووشی درۆیە، تەنها لەبەر پارە گەڕاونەتەوە.

من زۆر تەنهام سیاوەش، ئەم چەند وەختەی کە گەڕاومەتەوە رۆحم تۆشی پەژموردەی بووە، نە سەیرانێك، نە هاوڕێیەك، نە کات گوزەراندنێك بەدڵی خۆت، نە سەر گەرمییەك، هیچ هیچ. ئەوان هەتا لەماڵەوە شەپۆلی تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکانی ئێرانیان بڕیووە! تەنها تەماشای سەتەلایت دەکەن، لەگەڵ هیچ کەسێکیشدا هامووشۆمان نییە، چونکە لەشانی هیچ کەسێکدا نین!

((یەڵدا رووی وەرگێراو نەیویست من فرمێسکو ئازارەکانی ببینم، کەمێك بەبێدەنگی پیاسەمانکرد، پاشان یەڵدا وتی))

- تۆ هەر لێرە خوێندنت تەواوکردووە؟

- بەڵێ.

یەڵدا- خۆزگەم بەخۆت. هەر هیچ نەبێت بەتەواوەتی بەم شتانەی ئێرە راهاتوویت، بەڵام من چی؟ تازە خوێندنی سەرەتایم تەواو کردبوو کە بەبێ ویستو خواستی خۆم بەزۆر بردمیان بۆ ئەمریکاو خستمیانە کەمپەوەو ساڵی دوو سێجار سەردانیان دەکردم، هەڵبەت هەر جارەو یەك دوو مانگێك لەلام دەمانەوە، ئەوە ئایدیای پورم بوو، دەیووت چیتر ئێران جێگەی مانەوە نییە، زۆری خایاند تا بە ئەمریکا راهاتم، چ سەختییەکم کێشا، هەڵبەت لەروانگەی جەستەییەوە، چونکە رەنگم لەڕەنگی ئەوان جیاواز بوو، لەهەموو شوێنێکدا لەوانی دیکە جیاوازبووم، کاتێکیش کە دەزانرا ئێرانیم خراپتر خراپ، زۆر لەو ئێرانیانەم دەناسی کە لە ئەمریکا دەژیان، کاتێك لێیان دەپرسین خەڵکی کوێن دەیانووت: یۆنانی، عەرەب، یان تورك. دەیانوت ئێمە بەمجۆرە ئاسودەترین، بەڵام من هەمیشە بەهەموو کەسم وتووە ئێرانیمو شانازیش بەئێرانی بوونمەوە دەکەم.

سیاوەش دەزانیت چی؟ ئێمە لەوێ لەقوتابخانەدا فێریاندەکردین بناغەی باوەڕ بەخۆبونمان پتەوبێت، واتە باوەڕمان بەخۆمان هەبێت، فێریاندەکردین سەبارەت بەژیانمان خۆمان بڕیار بدەینو لەسەر قاچی خۆمان ڕاوەستین. بەهایەکی تایبەتیت پێدەدەن، کەسایەتیت دروستدەکەن، ئیدی بەپێی کلتوری خۆیان، ئیتر ئەوە لەزانکۆدا هەر هیچ، پەیوەندیی کوڕو کچ ئازادە، لەڕووی سەیرانو گەڕانەوە تادڵت بخوازێت هەیە، ئێستاش لەدوای سیانزە چواردە ساڵاو لەپڕێکداو بەبێ ئامادەگیو بەبێ ئەنگیزەیەك، منیان هێناوەتەوە بۆ ئێرە، بەڕاستی بەلامەوە سەختە، بەڕاستی بەلامەوە گرانە بەئێرە رابێم، نازانم دەتوانیت هەستەکانم بخوێنیتەوە یان نا؟

- هەستت پێدەکەم.

یەڵدا- ئەگەر تۆ لەجێگەکەی مندا بوایەیت چیت دەکرد؟



Scanned with CamScanner

- بەدوای کەسایەتی خۆمدا دەگەڕام تاهەرچی زووترە بیدۆزمەوە.
((یەڵدا بۆ چرکە ساتێك لێم راما، پاشان وتی))
- ئاخر دەکرێت؟
- بێگومان.
یەڵدا- هەست بەبێهیواییەکی زۆر دەکەم.
- نابێت وابێت.
یەڵدا- بەڵام وایە.
- تەماشاکە یەڵدا، تۆ کچێکی خوێندەواریت، دەبێت بتوانیت بەباشی بیر بکەیتەوە، شوێن‌وکات مرۆڤەکان خۆیان بۆ خۆیانی دروستدەکەن، هۆکاری کەمێك لەو هەستەت ئەوەیە کە تۆ لەژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی زۆر جیاوازتر هاتوویت، ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە، دەبێت وورده وورده خۆت بدۆزیتەوە. دەبێت خۆت بڕیار لەسەر ژیانی خۆت بدەیت، هەڵبەت ژیرانە.
یەڵدا- من چۆن دەتوانم بڕیار لەسەر ژیانی خۆم بدەم لەکاتێکدا تەواوی ئەندیشەکانم لەنێو بنەماڵەکەمدا سەرکوت دەکرێت؟
- دەبێت بەهێزو پتەو بیت.
یەڵدا- دەزانیت پورم داواکارێکی بۆ پەیدا کردووەو بڕیارە چەند رۆژێکی تر بێت بۆ ماڵمان!
((بەبیستنی ئەو قسەیە حەپەسام))
یەڵدا- ئەوە چییە؟ بێتاقەت بوویت؟
- نەخێر.
یەڵدا- بەڵام لەپڕدا روخسارت سور بووەوە.
- بێگومان بەهۆی سەرماوەیە.
یەڵدا- بریا بەهۆی شتێکی دیکەوە بوایە.
((بۆ ساتێك لێی رامامو وتم))
- لەڕاستیدا بەهۆ شتی دیکەوەیە! هەر لەیەکەمین دیدارمانەوە هەستێکی سەیرم بەرامبەرت پەیدا کردووە، پێم خۆش نییە کەسێکی تر جگە لەمن هەتا بیریشت لێبکاتەوە.
یەڵدا- هەستدەکەم تۆ ڕاستم لەگەڵ دەکەیت.
- دڵنیابە قسەی دڵمم پێوتوویت.
((یەڵدا لەگۆشەیەکدا ڕاوەستا، پاڵیدا بەدیوارەکەوەو وتی))



Scanned with CamScanner

- بەڕاستی تەنهام. تەنها کەسێکم نییە بتوانم دوو وشەی لەگەڵ بڵێم. دایکم تەنها بەدوای چاو لێگەرییەوەیە، باوکیشی بەدوای پارەوەیە، هەرچی پوریشمە تەنها بەدوای شانازی فرۆشتنەوەیە، تەنها کەسێك کە بەدوای ئەو شتانەوە نەبێت دایەگەوەریە، ئەویش خۆت دەزانیت حاڵی چۆنە.

((پاشان یەڵدا لەنێو چاوەکانم ڕاما، ئەمە لەحاڵێکدابوو کە فرمێسك لەچاوەکانیدا قەتیس مابوو، وتی))

- خۆشت بووێم سیاوەش! من تۆم خۆشدەوێت، دەمەوێت باوەڕت پێبکەم، دەمەوێت پشتت پێببەستم، لەئەمریکا کچێك دەتوانێت بەبێ پشتیوانی پیاوێك بژی، بەڵام لێرە نەخێر، لێرە تەنانەت میوانخانەکان جێگەی کچێکی تەنها ناکەنەوە. دەمەوێت بڵێم ئەگەر عەشقی تۆ بەو شێوەیە نەبێت کە من بیری لێدەکەمەوە، ئیتر هیچ شتێك لەمن بەجێنامێنێت.

((لەگیرفانەکەمدا کلێنکسێکم دەرهێناو دامە دەستی یەڵدا. پاشان وتم))

- کاتێ فرمێسك لەچاوەکانتا قەتیس دەمێنن زیاتر جوان دەبیت.

((یەڵداش بزەیەکی بۆ کردمو وتی))

- ئەگەر پێت بڵێم جارێکی تر وەرە بۆ خوازبێنیم قبوڵی دەکەیت؟

- بێگومان. ئەگەر دایكوباوکت مۆڵەت بدەن زۆر ئاساییە.

یەڵدا- کەواتە دێیت.

- دڵنیابە تەنها ئارەزووی من زەماندکردنە لەگەڵ تۆ.

یەڵدا- ئەگەر ماڵەوەمان رازی نەبوون چی؟ دێیت پێکەوە لەئێران هەڵبێین؟

- تۆ پێتخۆشە وابێت؟

یەڵدا- بەڵێ. چونکە ئەوان بیر لەخواستەکانی منو تۆ ناکەنەوە، تەنها بیر لەخواستەکانی خۆیان دەکەنەوە.

- هەرچییەکت بوێت من ئەوە ئەنجامدەدەم، بەڵام کەمێك ئارام بگرە، دڵنیابە هەمووشتێك چاك دەبێت.

یەڵدا- من چۆن دەتوانم پەیوەندیت پێوەبکەم؟

((منیش ژمارەکەی ماڵەوەو مۆبایلکەشمم پێدا. هەروەها ژمارەی مۆبایلەکەی نیماشم پێدا. پاشان یەڵدا وتی))

- ئێستا ئیتر بابگەڕێینەوە.

- حاڵت باشە؟



Scanned with CamScanner

یەڵدا- بەڵێ. ئێستا زۆر باشترم، واهەستدەکەم خەریکە خۆم پەیدا دەکەم.

- تۆ هەر ئەو کچەیت کە بڕیارت داوە لەسەر قاچی خۆت بوەستیت، تۆ هەر ئەو کچەیت کە فێریانکردوویت بوێری‌و بێباکیت تێدا بێت، شتێکی وا لەیەکەوە دوور نین. تەنها ژینگەکان گۆڕاون، لێرەش دەتوانیت ببیتە ئەوکەسەی کە پێشتر بوویت.

یەڵدا- ئێستا زیاتر ئومێدەوارم، بەڵام هێشتا هەر دەترسم.

- ترسەکەت بێمانایە.

یەڵدا- ئاخر لەئەمریکا یاسا زۆر پشتگیریی لەژنان دەکات، بەڵام لێرە چی؟

- هیچ کەسێك نیازی ئازاردانی تۆی نییە. ماڵەوەشتان ئەگەر شتێك دەڵێن بەخەیاڵی خۆیان چاکەی تۆیان دەوێت، کەواتە ئیتر دەلیلێك نییە بۆ ترسەکەت، تەنها لەسەرخۆبەو باش بیر بکەرەوە، باش بیرکردنەوە بەسوودە.

یەڵدا- ئەگەر لەژێر زەبرو زەنگدا نەبم بەئاسانی دەتوانم بڕیار بدەم.

- کێ دەتوانێت تۆ بخاتە ژێر زەبرو زەنگەوە؟

یەڵدا- بۆ نمونە پورم. ئەو لەدڵی هەمووماندا ترسی هەیە.

- بەمن مەڵێ چۆن بڕیار بۆ ژیانی خۆم بدەم، چونکە ئەگەر کچێك لەئەمریکادا وەبارهاتبێت پێویستی بەکەس نییەکە هاوکاری بکات، هەروەها ناشتوانێت راوبۆچوونی خۆی بەتوێژی بەسەر چواردەورەکەیدا بسەپێنێت، یان ئەو بارهێنانە هەڵە بووە کە تۆی بەو جۆرە وەبارهێناوە، یان تۆ بەچاکی فێر نەبوویت. لەوکاتەوەی کە گەڕاویتەتەوەوە بۆ ئێران چیت کردووە؟ هیچ، هەمیشە لەماڵەوە دانیشتوویت‌و بەنیازیت شتێك ببێت یان شتێك رووبدات سوودی تۆی تێدا بێت، بەڵام بەوجۆرە نابێت، تۆ بۆچی لەماڵەوە دانیشتوویت؟ خوێندن‌و بڕوانامەکەت باشە، بڕۆ بەدوای کارێکدا بگەڕێ، لەبەرخاتری پارەکەی نە، لەبەر ئەوەی بتوانیت خۆت کۆبکەیتەوە، بتوانیت خۆت بدۆزیتەوە، کەواتە بۆچی ئەو هەموو ساڵە خوێندووتە؟

رەنگە بەبێ ئەوەی کە خۆت تا ئێستا هەستت بەو هێزەکردبێت توانای کارێکی گرنگت لەدەست بێت‌و بەسەرکەوتوویی بەئەنجامی دەگەیەنیت، ئیدی لەوەش دڵنیا دەبیت کە توانای کاری دیکەشت دەبێت، منیش هەرکارێکم لەدەست بێت بۆت ئەنجام دەدەم. ئەگەر قبوڵت بێت هەر لەئێستاوە دەگەڕێم کارێکی شیاوت بۆ پەیدا دەکەم، من دڵنیام تۆ دەتوانیت کاربکەیت، تۆ کچێکی لاواز نیت، ئەگەر کچێکی لاواز بوایەیت نەتدەتوانی بەتەنها ئەو هەموو ساڵە لەنیشتمانی غوربەتدا بژیت‌و سەرکەوتوش بیت، تۆ ئەوەندە بەهێز بوویت لەغەریبیداو لەتەمەنێکی کەمدا



Scanned with CamScanner

توانیوته ببیت‌و خۆت بیت، کەواتە ئێستاش دەتوانیت، ئێستاش بەهێزتریت، ڕەنگە زۆر لەو کەسانە بەهێزتربیت کە دەیانناسیت، بۆچی خۆتت لەدەستداوە؟ بۆچی خۆتت دۆڕاندووە؟ ئەوە خۆتیت وا دەزانیت کە لاوازیت، ئەوجا خەڵکیش ڕێگە بەخۆیان دەدەن تاچارەنوست بۆ دیاری بکەن، خۆتۆ کێشەیەکت نییە، لێرە لەم چەند ساڵەدا خەڵکی کێشەی وایان دروستدەکرد کە ئەگەر بزانیت باوەڕ ناکەیت، ئەوان لەپێناوی بچووکترین بابەتدا، بۆ نموونە کڕینی شوشەیەك شیر، ئەوەندەیان کێشە ناوەتەوە کە تۆ هەتا ناتوانیت بیریشی لێبکەیتەوە، بەڵام هێشتا هەر لەسەر قاچی خۆیان وەستاون‌و بەرەنگاری ژیان بونەتەوە، مەڵی بۆچی خەڵکی وایان لێهاتووە. ئەوە بارودۆخە کە مرۆڤەکانی گۆڕیووە، تۆ ڕاستدەکەیت، کەمتر دەتوانیت باوەڕ بەخەڵکی بکەیت، بەڵام بەوشێوەیەش نییە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، تۆ بۆچی ترساویت؟ مەگەر تۆ بۆکوێ هاتوویت؟ تۆ گەڕاویتەتەوە بۆ باوەشی خەڵك‌و نیشتمانەکەی خۆت، تەنها ئەوەندەت بەسە کە ئێرانی بیت‌و وەك خۆیان بیر بکەیتەوە، تەنها ئەوەت بەسە کە ئێرانی بیت‌و وەك خۆیان ڕەفتاربکەیت، کاتێك ئاگاداربوون لەخۆیانیت، زەحمەتە بتوانن ئازارت پێبگەیەنن، زۆربەیان لەبەرئەوەی کە لەخۆیان نیت، ناتوانن خۆشیانبووێیت، ناتوانن قبوڵت بکەن، کەواتە ئێرانی بە، بگەڕێرەوە بۆ ریشەکەت، هەموو دەرەختێك هەمیشەو هەمووکات بەهۆی ڕێشەکەیەوە زیندووە.

((یەڵدا کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتم))

- ئێستا ئەگەر دەڵێیت بابگەڕێینەوە.

((یەڵدا بزەیەکی بۆ کردم‌و پشتی لەدیوارەکە کردەوەو وەڕێکەوتین. تاگەیشتینە نەخۆشخانەکە کەسمان قسەمان نەکرد، کاتێگ گەیشتینە بەردەرگای نەخۆشخانەکە یەڵدا وتی))

- بەڕاستی تۆ زۆر بەچاکی مرۆڤ فێری باوەڕ بەخۆبون دەکەیت. من لەماڵەوە دانیشتووم‌و تەنها چاوەڕوانم، لەهەمانکاتدا نابێت وابێت، رەنگە زۆر شت هەبێت چاوەڕوانی من بێت.

((بزەیەکم بۆ یەڵدا کردو هەردووکمان پێکەوە ڕۆیشتینە ناو نەخۆشخانەکەوە. یەکسەر بەرەولای کافتریاکە ڕۆیشتین، هەر لەگەڵ ڕۆشتینە نێو کافتریاکەوە، تەماشادەکەم سیماو نیماو دایەگەورە لەپشتی مێزێکەوە دانیشتوون‌و چواردەورییشیان هەمووی پەرستارو دکتۆرە، دەنگی پێکەنین هەموو ئەوناوەی پڕکردبوو. نیما خەریکە قسەدەکات‌و ئەوانیش هەموو پێدەکەنن. ویستم بڕۆم بانگیان بکەم، بەڵام یەڵدا ڕێگەی پێگرتم، بەجۆرێك دەووریان قەرەباڵغ‌و جەنجاڵ بوو کە نیماو سیماو ئەوان ئێمەیان نەدەبینی، من‌و یەڵداش هەر لەلای دەرگاکەدا لەپشتی مێزێکەوە دانیشتین‌و گوێمان بۆ قسەکانی نیما رادێرا))



Scanned with CamScanner

نیما- ئەگەر بتانەوێت لەنێوەندی هەر وشەیەك کە من دەیڵێم ئێوە دەنگە دنگ بنێنەوە، ئەوا لەپڕێکدا سەرو کەلەی سیاوەش پەیدا دەبێتو لێم تورە دەبێت. سیاوەش پێی ناخۆشە من خەڵك لەخۆم کۆبکەمەوەو قسەیان بۆ بکەم. ڕەوشتێکی بێتامی هەیە، بەهەموو گاڵتەو قەشمەرییەك ناڕازییە. ئەگەر باوەڕیش ناکەن لەخوشکەکەی بپرسن. لەخاڵی فەترەت.

((قاە قاە هەموو پێکەنینو یەکێك لەپەرستارەکان وتی))

- دەی توخودا کاك نیما زووتر قسەبکە تابراکەی خانم دکتۆر نەهاتووە.

نیما- قسەدەکەم، بەڵام تۆ شتێکم بۆ بهێنن تابخۆمەوە گەرووم تازە بکاتەوە.

((یەکێك لەپەرستارەکان خێرا هەستاو بەڕاکردن ڕۆیشت پیاڵەیەك چای هێناو لەبەردەمی نیمادا داینا. یەکێکی تر لەپەرستارەکان وتی))

- ئاە ...! توخودا کاك نیما خێراکە ئێستا یەکێك بانگمان دەکات.

نیما- جەنابی دکتۆر بێخەمبە، چونکە بەرپرسی بانگکردنەکە ئەگەر میهەن خان بێت خۆی لێرەدایە. ئیتر بانگ بێ بانگ، حەزدەکات هەرچی گۆڕی باوکی نەخۆشە دڵۆپەی دەکرد.

((بەرپرسی پرسگەکە کە ناوی میهەن بوو، ئێمەش بەهۆی بابەتی نەخۆشییەکەی باوکی نیماوە ئاشنایەتیمان لەگەڵدا پەیدا کردبوو. میهەن بورابووەوە لەپێکەنیندا))

نیما- میهەن خان بۆ خۆت پێبکەنە، منداڵێکت خستە دامەنەکەی باوکە داماوەکەمەوەو ناردتەوە بۆ ماڵەوەو میراتگرێکی دیکەشت بۆ من زیادکرد، ئێستاش بۆ خۆت دانیشتوویت پێدەکەنیت، کەمێکی دیکەش دەڕۆیت پیاوێکی شەست ساڵەی تر دەگریتو دەڵێیت سکی پڕەو منداڵەکەی پێ فڕێدەدەیتو بەخۆشیو شادییەوە بەڕێیدەکەیت بۆ ماڵەوە، خۆ تۆ نازانیت لەدوای ئەوە چی ڕوودەدات چ شەڕێك دروستدەبێت، داماوە لەرووی هەڵنایەت لەگەڕەکدا سەری بەرز بکاتەوە، باوکە بێچارەکەم لەتاواندا خۆی کوشت! لەدوای مردنی نامەیەکیان لەژوور سەرەکەیدا دۆزیبووەوە کە نوسرابوو»لەبەر ئەوەی ناتوانم باوکی ئەم منداڵە بەستەزمان پەیدابکەمو ناچاریی بکەم زەماوەندم لەگەڵدا بکات، بۆیە ناچارم کۆتایی بەژیانی خۆم بهێنم، منداڵی نازەنینم بەئێوە، ئێوەش بەخودا دەسپێرم.

ئیمزا. حەسەن عەلی زەکاوەت.

((دووبارە هەموو دەستیانکرد بەپێکەنین. لەتاو پێکەنینو دەنگی قاە قاەی پەرستارو دکتۆرەکان، دەنگ بەدەنگ نەدەکەوت کە هیچ هەر لەپەساش دەرگای کافتریاکە دەکرایەوەو نەخۆش خۆی پێدادەکرد تابزانێت چ باسە))



Scanned with CamScanner

میهەن- دەبڵێ دەی کاك نیما، ئێستا ((Off))ەکەمان مانە تەواو دەبێت.

نیما- هەر خودابکات ((On))ەکەتان تەواو نەبێت! ئەگەر ((Off))یشتان تەواو بێت قەیدی نییە.

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. نیما وتی))

- بەڵێ. خەریکبووم دەمووت. لەگەڵ سیاوەشدا بوین، خەریکبووین لەدەورو بەری شەقامی ئەردەندا دەگەڕاین کە لەپڕێکدا لەکۆڵانێکەوە ئوتۆمبێلێکی پراید کە دوو کچی تێدابوو، بەبێ ئەوەی ئستۆپێك شتێك بگرێت هاتە دەرەوە، ئێستا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە کێیە؟ سیاوەشە مرەبایە.

((دووبارە هەموو دەستیانرکردەوە بەپێکەنین))

نیما- سیماخان توخودا تۆ پێت ناخۆش نەبێت. من گاڵتەدەکەم، خولاسە سیاوەش لەبری ئەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە بەولادا بەرێت یان ئیستۆپ بکات، بورایەوە. ئێمەش بۆ بەرانی کێشامان بەیەکدا، نیوەی پێشی ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەو لایت و گڵۆپی ئەوەکەی ئەوان شکا.

لەئۆتۆمبێلەکەمان دابەزین و تەماشامانکرد شتێکی وایش وانەبوو، زیانێکی زۆرمان لێکەوتبوو، یەکێك لەکچەکان واتە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە هاتە خوارەوەو وتی» بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم، تاوانی من بوو. لەشەقامێکی لاوەکییەوە بۆ سەر شەقامێکی سەرەکی دەبوایە بوەستایینایە کە نەوەستاین.» لەگەڵ کچەکە ئەو قسەیەی کرد سیاوەشە گەمژەش وتی: نەخێر دادەگیان کێشە نییە. ڕووداوێکەو ڕوویداوە. ئەوەی کە ئاشکرایە زیانێکی زۆرمان لێنەکەوتووە. فەرموون ئێوە بڕۆن.

((هەموو پەرستارەکان پێکەوە وتیان))

- ئاخر بۆچی؟ ئاخر بۆ؟ باشە بۆچی سیاوەش بەو سانایيە لێیانگەڕا بڕۆن؟

نیما- ئاخر سیاوەش زۆر پیاوە، ئەو وەك من نییە.

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین))

نیما- بەهەرحاڵ کاتێ سیاوەش ئەو قسەیەی کرد من پێمووت: ئاخر سیاوەش گیان تۆ دەڵێی خێرو خێرات بۆ گۆڕی باوکت دەکەیت؟ توخودا سیما خان تۆ ببورە. من و سیاوەش خۆمان پێکەوە لەمجۆرە گاڵتانە دەکەین.

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین))

نیما- خانمان کە ئێوە بن، پیاوەکانیش ئێوە، من بەکچەکەم وت: تکایە مۆڵەتی شۆفێرییەکەتم بدەرێ تاوەکو تەماشایەکی بکەم، کچەکە کەمێك مینجە مینجی کردو پاشان وتی» ئاخر من مۆڵەتی شۆفێریم نییە» لەگەڵ کچەکە ئەم قسەیەی کرد منیش پێمووت: کەواتە هەر لەبەرئەوەش بوو



Scanned with CamScanner

کە یاسای هاتووچۆت فێری من دەکرد؟ شەقامێکی لاوەکی، بۆ سەر ڕێگەیەکی سەرەکی. خۆتۆ سەرەکی و ناسەرەکیت کاولکرد. چیدی نە سەرەکی ماوەو نە ناسەرەکی.

سیاوەش هات و پێیوتم: نیما لێیانگەڕێ بابڕۆن. بەسیاوەشم وت: بابەگیان ئەم ئۆتۆمبێلە بێخاوەنە ئۆپڵی ئۆمیگایە نرخی لایتێکی دوسەد بۆ سێ سەد هەزار تمەنە. لەدوای ئەوەی من ئەو قسەیەم کرد کچێکی گەنجی زۆر جوان لەسەیارەکە هاتە خوارەوەو وتی«ئێستا ناکرێت بمانبوورن؟» منش وتم بەسەر چاو. بەفیدای سەرتان بێت، پێکدادانەو ڕوودەدات، ئێوە فەرموون. لەپڕێکدا سیاوەش کێشای بەکەلەکەمداو وتی باشە بۆچی لەوکاتەوە من دەڵێم بیانبوورە بەگوێم ناکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەو کچە دەمی کردەوە تۆ پاشگەز بویتەوە؟ بەسیاوەشم وت: هەرگیز لیرەیی بەکەس مەبە، چونکە مرۆڤی حەسوود جێگەی دۆزەخە.

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین))

نیما- توخودا سیما خان گیان تۆ دڵت هیچ نەکات، منو سیاوەش پێکەوە شۆخیمان هەیە. خولاسە کاتێ کچەکان ئاگاداربوون ئێمە بەخشیوومانن، پێیانووتین «ئێمە بەنیازین بڕۆین بۆ میوانی خزمێکمان، ئەگەر دەتوانن ئێوەش وەرن بەڵکو لەوێ بتوانین شتێکتان بۆ بکەین.» لەگەڵ کچەکە ئەو قسەیەی کرد من یەکسەر وتم باشە بەسەر چاو! هەرچۆنێك خۆتان بەچاکی دەزانن باوابێت، کچەکان سواربوونو ئێمەش سواری ئۆتۆمبێلەکەی خۆمان بووین، هەر لەگەڵ ئەوان وەڕێکەوتن ئێمەش ویستمان بەدوای ئەواندا بەڕێکەوین، بەڵام لەناوچاوانەکەی خۆماندا ئەفسەرێکی هاتووچۆ بەماتۆڕێکەوە گەیشتە سەرمان! ئەفسەرەکە دەستیکرد بەدەست راوەشاندنو وتی چی رویداوە؟ ئێمەش وتمان هیچ روینەداوە. ئەفسەرەکە وتی کەواتە بۆچی بەشێوەیە ئۆتۆمبێلەکەتان داغان بووە؟ من وتم ئەم ئۆتۆمبێلەی ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئاوا داغانو داماو بووە، ئەفسەرەکە وتی ئەدی ئەو شوشە شکاوانە چییە کە لەسەر ئەو زەوییە کەوتووە؟ وتم ئەوانە شوشەی ئۆتۆمبێل نییە، ئەوانە هەموو شوشەی شیرە لەوێدا کەوتووەو شکاوە. ئەفسەرەکە وتی من لەدوورەوە ئاگادار بووم کە ئێوە خۆتا کێشا بەئۆتۆمبێلێکی دیکەدا. منیش وتم خودا کوێرمکات ئەگەر من خۆم بەئۆتۆمبێلدا کێشابێت، پێدەچێت جەنابت بەخەیاڵ شتێکی وات بەرچاو کەوتبێت. ئەفسەرەکە وتی: مۆڵەتی شۆفێری و کارتی ئۆتۆمبێل. منیش ناچاربووم کارتی ئۆتۆمبێلەکەو مۆڵەتی شۆفێرەکەم پێدا. ئەفسەرەکە تەماشایەکی کردنو وتی: ئێستا سێ سەد چوار سەد هەزار تمەنتان خەسار لێکەوتووە، هەر هیچ نەبێت باپسوڵەیەکتان بۆ بکەم. وتم: جەنابی ئەفسەر ئاخر کاتێك من خۆم بەکەسدا نەکێشابێتو شکاتم لەکەس نەبێت، جەنابت پسوڵەی چی دەکەیت؟ هەروەها ئێستا ئەو



Scanned with CamScanner

ئۆتۆمبێلەی تر لەکوێیە؟ مەگەر جەنابت وێنەی ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە بکێشیت کە لەگەڵ هەوادا پێکدادانی کردووە. ئەفسەرەکە بەتوڕەییەوە وتی: باشە ئیتر قسەی بێتام مەکە. بکەوەڕێ بڕۆ. بەهەرحاڵ وەڕێکەوتین‌و سیاوەش وتی خەریکبوو دڵم بوەستێت. تامن ویستم وەڵامی سیاوەش بدەمەوە پرایدەکەم بینی کە لەقەراغی شەقامەکەوە چاوەڕوانی ئێمە دەکات. بەسیاوەشم وت وەرە قوڕ بەسەرئەو بێباوەڕیەت. بزانە کەس ناتوانێت بەشی کەسێکی تر بخوات! ببورە سیماخان. ئەمانە هەمووی بۆ گاڵتەکردنە.

((دووبارە هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. دایەگەورەش بۆ خۆی هەر پێدەکەنی. دڵی خۆشبوو بەوەی کە لەنێوانی کۆمەڵێك گەنجدا دانیشتووە))

بەکورتی‌و بەکوردی کچەکان ئاماژەیان پێکردین کە بەدوایاندا بڕۆین. سیاوەش وتی نیما بۆ کوێ دەچیت؟ وتم بەڵکو یەکێك لەئاشناکانیان کەمێك قەرەبوومان بکاتەوە.

نزیکەی چارەکە سەعاتێك ڕۆیشتین تا گەشتینە بەردەمی باڵەخانەیەکی زۆر خۆش. کچەکان دابەزین‌و ئێمەش دابەزین. کچەکان میوانداریبیان کردین بۆ ماڵەوە. سیاوەش وتی من نایەمە ژوورەوە. منیش دەستیمگرت‌و پاڵم پێوەنا بۆ ژوورەوە بۆ نهۆمێکی سەرەوە، نازانم نهۆمی چوارەم بوو یان نهۆمی پێنجەم بوو. لەدەرگای ژوورێکمانداو کوڕێك دەرگاکەی کردەوە. ئێمەش سڵاومان لێکرد. کوڕەکە لەگەڵ چاوی بەئێمە کەوت بەوکچەی وت ئەمانە کێن؟ کچەکەش وتی مەسعود بەئۆتۆمبێل لەگەڵ ئەمانەدا پێکدادامان کردووە. لەگەڵ کچەکە ئەو قسەیەی کرد خاڵە مەسعود سەری کرد بەژووورداو شتێکی وت. لەپڕێکدا تەماشادەکەم حەوت هەشت حەیتە هاتنە دەرەوە. ڕەنگمان بوو بەگەچی دیوار. ئاوڕمدایەوەو بەسیاوەشم وت باوك سەگ من چەندم پێوتیت خەسارەتم ناوێت ئێستا بەدڵتە؟ تاسیاوەش ویستی وەڵام بداتەوە، ئەو کوڕەی کە لەهەموویان گوندەتر بوو، هاتە پێشەوە بۆلای من‌و وتی ئێوە خۆتان بەواندا کێشاوە؟ منیش وتم ئێمە ... خواردووە کە لەو هەڵانە بکەین. هەتیوەکە وتی کەواتە بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟ وتم ئێمە تەنها لەبەر ئەوە هاتین تابزانین بەساغ‌و سەلامەتی گەیشتونەتە ماڵەوە یان نە، ئێستاش سپاردمانەوە بەدەستی تۆ. بەیارمەتیت دەبێت بڕۆین. خوداتان لەگەڵ.

((پەرستارەکان‌و سیماو ئەوان ئەوەندە پێکەنی بوون. فرمێسك لەچاویان دەهات))

نیما- توخودا سیماخان ببورە. من‌و سیاوەش پێکەوە شۆخیمان هەیە. بەهەرحاڵ ئێمە خۆمان ئامادەکردبوو کە تیهەڵدانێکی باش بخۆین، یان ئەوە بوو ڕابکەین، یەکێك لەکچەکان وتی مەسعود ئازاریان نەدەیت. تەماشایانکە خەریکن دەلەرزن، لەگەڵ کچەکە ئەو قسەیەی کرد بەرگی غیرەتی



Scanned with CamScanner

ئێمەش درا، من بەحاڵەتێکی زۆر بێناموسانەو لات‌و لوتانەوە وتم: ئێمە خەریکە دەلەرزین؟ هەر ئەوەندەی ئەو قسەیەم کرد. ئەو کوڕەی کە حەیتەیەکی بێوێنەبوو سمێڵێکی هەبوو، سمێڵ پڵنگی وتی ئەی چی؟ منیش وتم بەقوربانت بم ئێمە خەریکە دەبورێینەوە لەزموونی لەرزمان زوو تاقیکردەوە! بەڵام ئێستا سیاوەش پێی ناخۆشەو دەیەوێت شاخ‌و باڵیان بۆ بکات. بەتوندیی کێشام بەکەلەکەی کوڕەکەداو پێیووتم. تۆم زۆر بەدڵە. خەسارەتی ئۆتۆمبێلەکەت بۆ دەگێرمەوە کە هیچ، دەبێت ئەمشەویش میوانی ئێمە بیت. وەرە دانیشە یاخوا بەخێر بێیت.

((تەماشامکرد خەریکبوو کەشی کۆڕەکە ناجۆر دەبوو. بەپەڵدام وت هەستە بابڕۆین. خۆم هەستام‌و ڕۆیشتم لەپشتی نیماوە ڕاوەستام، نیما ئاگاداری من نەبوو، ئامادەبوان هەموو پێدەکنین‌و نیماش خەریکبوو پاشماوەی بەسەر هاتەکەی بۆ دەگێڕانەوە))

نیما- بەهەحاڵا من وەڕێکەوتم تابڕۆمە ژوورەوە، سیاوەش دەستیگرتم، وتم چییە؟ سیاوەش وتی وەرە بابگەڕێینەوە. منیش وتم ئەی پیاو چوار سەد هەزار تمەنم وەرگرتووە. هەر هیچ نەبێت بهێڵە ئەمشەو تابەیانی لێرە بین. بهێڵە خۆشحاڵ بین چونکە مەعشوقە بەکەیفی خۆمانە.

((دەستم خستە سەر شانی نیما، نیما لەگەڵ ئاوڕیدایەوەو منی بینی وتی))

- بەڵێ. ئیدی منیش بەگوێی سیاوەش گیانم کردو پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. چیرۆکەکەمان کۆتایی هات، قەلەڕەشەکەش گەیشتە ماڵەوە، بەرەو سەر ڕۆیشتین ماست بوو، بۆ خوارە هاتین دۆ بوو، چیرۆکەکەمان درۆ بوو! ئێستا هەستن بڕۆن بەوەنەخۆشانە ڕابگەن کە ئێستا لەجێگەکانیاندا خەریکن باڵیان لێدەڕوێت.

((نیما ئەمەی وت‌و لەسەر جێگەکەی هەستا. ئەوانی دیکەش هەر چەندە دڵیان نەدەهات لەنیما دوور بکەونەوە، بەڵام بەناچاری ڕۆیشتن بۆ سەر ئیش‌و کارەکانیان. کاتێک چواردەورمان کەسی لێ نەمایەوە بەنیمام وت))

- چییە دیسان شەڕگەت دروستکردووە؟

نیما- بەگیانی تۆ ویستم دوو وشە بڵێم تادڵمان بکرێتەوە.

- دوو وشە؟ نیوکاتژمێرە من لێرەدا گوێ لەقسە هەلەق‌ومەلەقەکانت دەگرم. بێگومان پێشهاتی بەر لەپێکدادانەکەشت بۆ باسکردون!؟

نیما- تۆ بەدەقیقی بڵێ بزانم لەچ وشەیەکدا لێرە توویت؟

- دەڵێم من‌و پەڵدا نیو کاتژمێرە لەوێدا دانیشتووین.

نیما- باشە. کەواتە لەخودا بەزیادبێت شتێکی وات نەژنەوتووە.



Scanned with CamScanner

- زەهری مار. تۆ تەریق نابیتەوە بۆ هەرکوێیەك دەچیت خەڵك لەخۆت کۆدەکەیتەوە؟

نیما- بەگیانی تۆ نازانم هۆکەی چییە بۆ هەرکوێیەك دەڕۆم کچان دەورم لێدەدەن. خۆشم پێم خۆشنییە، رەنگە قسمەتم هەروابێت.

- ئەگەر جارێکی تر لەشوێنێکدا قەرباڵغی دروست بکەیت من دەزانمو تۆ.

نیما- قەرەباڵغی چییە؟ من تەنها دەمویست دایەگەورە مەشغوڵ بکەم، تەماشای کە چەند بێدەنگ دانیشتووە.

((هەر کەنیما ئەو قسەیەی کرد دایەگەورە بەلای نیمادا ئاوڕیدایەوەو وتی))

- ئاە ...! مینا گیان ئەوە جەماعەت لەپڕێکدا بۆ کوێ چوون؟

نیما- هەستە دایەگەورە. ئەوان نیو کاتژمێر دەبێت ڕۆیشتوون. دەڵێی تۆ ئێستا بیرت دەکەوێتەوە؟

دایەگەورە- لەکۆتاییدا چیتان لەو ئەفسەرە کرد کە بە((حوشترەکەیەوە)) هات؟

نیما- دایەگەورەگیان ئەفسەرەکە بەماتۆڕ هات نەك بە حوشتر. هەستە بابڕۆین تۆ چیت داوە لەترافیكو گواستنەوەو گەیاندن.

((لەهەمانکاتدا سیماو یەڵدا کە خەریکی قسەکردن بوون پێکەوە هاتن بۆلای ئێمەو بەیەکەوە کەوتینەڕێ تابڕۆینەوە. لەدەرەوەی نەخۆشخانەکە سیما خوداحافیزی کردو بەتەنها سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو بەتەنێ ڕۆیشت. منو نیماو یەڵداو دایەگەورەش بەئۆتۆمبێلەکەی نیما وەڕێکەوتین. لەدوای بیست خولەکێك گەشتینە بەردەرگاکەی ماڵی نیما. یەڵداو دایەگەورە خوداحافیزییانکردو ڕۆیشتن. منیش لەگەڵ نیمادا ڕۆیشتم بۆماڵی نیما. تا زینەت خان ڕۆیشت چامان بۆ بهێنێت، من تەواوی ئەو قسانەی کە لەگەڵ یەڵدادا کردبووم بۆ نیمام گێڕایەوە. لەپڕێکدا مۆبایلکەم زەنگی لێدا. یەڵدا بوو))

- ئەلو. سیاوەش.

- یەڵدا چۆنیت، شتێك بووە؟

یەڵدا- نەخێر. تەنها دەمویست سوپاست بکەم.

- بۆچی؟

یەڵدا- قسەکانت زۆر کاریان تێکردوم.

- سوپاس بۆ خودا.

یەڵدا- دەمەوێت جارێکی دیکەش پێمبڵێیت.



Scanned with CamScanner

- چیت پێبڵێم؟

یەڵدا- هەر ئەوەی کە کاتژمێرێك پێش ئێستا لەسەر شەقامەکەدا پێتووتم.

- هەر ئەوەی کە دەبێت بەهێزو بەتوانابیت؟

یەڵدا- نەخێر.

- ئەدی ئەوەی کە وتم دەتوانیت خۆت پەیدا بکەیت؟

یەڵدا- نەخێر، نەخێر.

((ویستم قسەیەکی دی لەوقسانە بکەم کە لەنەخۆشخانەکە پێمووتبوو. کاتێکم زانی نیما لەپشتەوە تاکە نەعلێکی کێشا بەسەرمدا. ئاوڕمدایەوە تاشتێکی ناشرین بەنیما بڵێم. بەڵام نیما وتی))

- بێئەقڵ پێی بڵێ خۆشمدەوێیت. هەرکاتێکیش بڵێیت دێمە خوازبێنیت.

((منیش خێرا بەیەڵدام وت))

- یەڵدا من بەڕاستی خۆشمدەوێیت. ئەگەر پێویست بێت‌و تۆ بخوازیت سەدجاری دیکەش دێم‌و لەگەڵ ماڵەوەتاندا قسەدەکەم.

یەڵدا- منیش تەنها دەمویست ئەوەت لێببیستم.

((یەڵدا بۆ چرکەساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- ماڵئاوا سیاوەش.

- خوات لەگەڵ. هەرکاتێك ئیشت هەبوو پەیوەندیم پێوەبکە. هەرکاتێکیش بێت گرنگ نییە.

((چیتر یەڵدا هیچی نەوت، تەلەفۆنەکەی داخستەوە. هەر کە یەڵدا تەلەفۆنەکەی داخست، بەنیمام وت))

- ئاخر هەتیوو تۆ کەی دەبیتە بەشەر؟ ئەم ئیشە بێتامان چییە دەیکەیت؟

نیما- باشە ئەوە بۆچی من هەرشتێك دەکەم تۆ دەڵێیت خراپە. ئێستا خراپە کە من خەریکە هەموو شتەکان جۆردەکەم؟

- نەخێر. من ناڵێم ئەوە خراپە. بەڵام بۆچی نەعل دەکێشیت بەسەرما. هەروا پێتبگوتبام تێدەگەیشتم.

نیما- ویستم بەتەواوەتی سەرنجت بەلای بابەتەکەدا رابکێشم.

- دەڕۆیت‌و لەلای سیمادا دادەنیشت‌و ئەو قسە بێتامانە دەکەیت، بەنیازیت ببێتە هاوسەریشت.

نیما- سیما خۆی چاکم دەناسێت. دەزانێت من تەنها شۆخی دەکەم.



Scanned with CamScanner

- هەستم بڕۆم، هەستم بڕۆم چونکە قسەکردن لەگەڵ تۆدا بێسوودە.

نیما- ئەگەر تۆ لەهەموو ژیانتا سوودت لەکەسێك وەرگرتبێت ئەو کەسە منم.

- من دەمەوێت بڕۆم خەریکی ئیش و کارەکانم بم.

نیما- بێجات کرد. بەنیازیت بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ یەڵدادا بەتەلەفۆن قسەبکەیت لاکوت، ئاقڵ گیان هەر لێرەوە قسەی لەگەڵ بکە. چونکە هەم دەنگت هەیەو هەم ڕەنگیش.

- نامەوێت تەلەفۆن بکەم. لەماڵەوە ئیشم هەیەو تاقەتی تۆیشم نییە.

نیما- لەیلاو مەجنون بەیەکدی گەیشتن، ئیدی کاریان بەکەس نەماوە، دڵی پزیشکەکەت لەخۆت مەڕەنجێنە.

- بڕۆ وێڵبە هەتیوو! کەچەڵ ئەگەر تیمارکەر بوایە تیماری سەری خۆی دەکرد. تۆ ئەگەر زۆر هۆزانیت بڕۆ سیما رازی بکە زەماوەندت لەگەڵ بکات. خوات لەگەڵ.

نیما- ئاخ...! توخودا مەڕۆ. بەتەنها بێتاقەت دەبم.

- ئاخر بڕیارە بەیانی دایکم‌وباوکم سەفەر بکەن، هەر هیچ نەبێت بابڕۆم خوداحافیزییەکیان لێبکەم.

نیما- خۆزگەم بەخۆت. تاسێ چوار ڕۆژی دیکە کارت نییە.

- ئێستا ئەگەر تاقەتت بەسەر چوو وەرە بۆماڵی خۆمان.

- ئەها. تۆ وا بڵێ. خۆ لاڵنیت. هەستە ونبە لەبەرچاوم من خۆم شەو دێم بۆ ئەوێ.

((بەهەرحاڵ ماڵئاوایم لەنیما کردو ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوەو ئاوێکم کرد بەخۆمدا، پاشان تەلەفۆنەکەم هەڵگرت‌و پەیوەندیم بەشیواوە کرد. زۆر سەیر بوو، چونکە شیوا خۆی وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە))

- ئەلو، شیواخان.

شیوا- چۆنی سیاوەش.

- باشیت، زۆر سوپاس. خۆ نەبومەتە ئەرك، کاتم لێنەگرتوویت؟

شیوا- نەخێر بەپێچەوانەوە.

- دەنگت بەجۆرێکە.

شیوا- دەکرێت چەند خولەکێکی تر تەلەفۆن بکەیت؟

- بۆچی، کەسێك لەوێیە؟

شیوا- نەخێر.



Scanned with CamScanner

- کەواتە چییە؟ شتێك رویداوە؟

شیوا- چ شتێکی تر هەیە تا ڕوبدات؟

- کەواتە بۆچی دەڵێت چەند خولەکێکی دی تەلەفۆن بکەم؟

((شیوا بۆ لەحزەیەك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- لەڕاستیدا خەریکبووم دەگریام.

- بۆچی؟

شیوا- کاتێك بیر لەڕابردوو دەکەمەوە گریانم دێت، ئەوەندە ڕقم لەخۆم دەبێتەوە حەزدەکەم خۆم بکوژم، هەرچەند ئەگەر ئەو کارەش بکەم جیاوازییەکی نییە، چونکە تاماوەیەکی دی مەرگ خۆی سەردانیم دەکات.

- ئەو قسانە چییە؟ خودا گەورەیە، تەمەن بەدەستی خودایە.

شیوا- بەڕاستی زۆر خۆشحاڵم کە تەلەفۆنت بۆ کردم.

- ئێستا ئەگەر ئاسوودە نیت تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

شیوا- نەخێر، نەخێر. حەزدەکەم لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەم.

- تا ئێستاش لەسەر بەڵێنەکەت ماویت؟

شیوا- بەڵێ، لەسەر بەڵێنەکەم ماوم، هەتا مردنیش لەسەر ئەو بەڵێنە دەمێنم.

- تۆ بۆچی هەر باسی مردن دەکەیت؟ خۆتۆ بەیانیت نەبینیووە، بەڵکو دەرمانێك...

شیوا-

مەرگی من هاکا رۆژێ لەناکاوا گەیشت

لەبەهاری رۆشن و لەشەپۆلەکانی نوورا

لەزستانی غوبارو ئالوودەی دووریا

یاخەزانێکی رووت لەهاوارو خرۆشان

تاکۆتای تەمەنیشی هیچ کەسێك نەیزانی ئەو ژنە دەویست بڵێت چی. بەتەنها وەستاو قسەی کرد، بەڵام هیچ کەس نەیزانی دەڵێت چی.

- ئێمەی مرۆڤ لەقسەی زۆر کەس تێنەگەیشتووین.

شیوا- ئاخر دەردی ئێمە ئەوەیە. کە کەس لەقسەکانت تێنەگات.

- تۆ قسەکانت کردو کەس تێنەدەگەیشت؟

شیوا-مرۆڤ کاتێك بەکۆتایی ڕێگە دەگات، ئەوکاتە دەزانێت چ ڕێگایەکی بریووەو چەندە



Scanned with CamScanner

هیلاکە، تازە دەزانێت لەو ڕێگە ڕۆیشتنەدا لەچ شوێنێکو لەچ شتێک تێپەڕیووە.

مرۆڤ کاتێ بەکۆتایی ڕێگە دەگات، ئەوکاتە بیری دەکەوێتەوە کە دەبێت ئاوڕ بداتەوەو لەپشت سەری خۆی بڕوانێت.

- تۆ وا دەزانیت بەکۆتایی ڕێگە گەیشتوویت؟

شیوا- نەگەیشتووم؟

- ئاشکرایە کە نەخێر. من کۆمەڵێک کەس دەناسم کە هەموویان ئومێد بڕاو...

شیوا-

دوای من لەناکاوا بەلایەکا ئەڕۆن

پەردووە لێڵەکانی دونیای من

چاوە نەناسراوەکان ئەخشێن

بەڕووی کاغەزو دەفتەرەکانی من

بەڵام حەزدەکەم پێش لەناو چوونم، زۆر شت بوترێت، پێم خۆشە کەسێک هەبێت ئەم شتانە بزانێت.

- تۆ دڵنیایت لەوەی کە دەتەوێت ئەو شتانە باس بکەیت، ڕەنگە باش نەبێت هەمووکەسێک ئەو شتانە بزانێت.

شیوا- هیچ مرۆڤێک لەم بارودۆخەی ئێستای مندا ناتوانێت لەهیچ شتێک دڵنیا بێت. بەڵام من ئەوەندە دەزانم کە دەبێت تادەتوانم قسە بکەمو خۆم هەموو شتەکان بڵێم.

((شیوا بۆ کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- دوایین ساڵی ئامادەیم بوو، نمرەکانم خراپ نەبوو، دەمویست بڕۆم بۆ زانکۆ، زانکۆ بۆ من ئارەزوویەکی زۆر گەورە بوو. خەریکبووم خۆم بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە دەکرد. پێموایە هەمووی هەفتەیەک بەسەر مەسەلەی شانۆنامەکەدا تێپەڕیبوو. ڕۆژی سێ شەممە بوو. سێ شەممەیەک هەمیشە سێ شەممە، بەیانی بوو. هەستام ئیشوکارەکانی ماڵەوە بکەمو بڕۆم بۆ قوتابخانە. لەگەڵ لەجێگەکەم هەستام باوکمم بینی لەبەردەممدا ڕاوەستاوە، چونکە شەو زەهری خواردبوو، چاوی سوور بوو بوو دەتووت کاسەی خوێنە، ترسام. ئەوە باوکم نەبوو کە بەیانیان زوو لەخەو هەستێت. هەر لەگەڵ بەیانی باشم لێکرد هاواری لێبەرزبووەوە...! خانم وابزانم ئێستا بەنیازیت ((لۆتی)) بازی بکەیت؟! ئەم چەند شەوەش دایکت نەیهێشتووە ئەگینا هەر لەخەودا سەرتم خستبووە سەر سنگت.

یەک وشە وەڵامم نەدایەوە، ویستم بڕۆم بۆلای دایکم کە بەحسابی خۆم پەنای بۆ بەرم. بەڵام



Scanned with CamScanner

دایك وتی ئیدی پێویست ناكات بچیت بۆ قوتابخانە، وتم ئاخر دایكەگیان بۆچی؟ وتی ئەوەشی تا ئێستا خوێندووتە نیووەی زیادە، بڕیارە ئەمڕۆ داواكارت بێت. ویستم شتێك بڵێم كە قولاپی قایشەكەی باوكم بەتوندیی لەدواوە كێشای بەپشتمدا.

((شیوا بێدەنگ بوو، بێدەنگییەكی درێژخایەن. پاشان وتی))

- ئەو سێ شەممەیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

- تۆش خۆت بەدەستەوەدا؟

شیوا- خۆ بەدەستەوەدان، خۆ بەدەستەوەدان، بۆچی ئەگەر تۆ لەجێگەی من بوایەیت دەتوانی شتێكی تر بكەیت؟ كچێك، ئەویش لەبنەماڵەیەكی بەوجۆرە، دەتوانێت چیبكات؟

- ئاخر هەرهیچ نەبێت، هەوڵێك، تێكۆشانێك.

شیوا- واتە دەبوایە بڕۆیشتمایە شكاتم لەدایكموباوكم بكردایە؟ لەكوێ؟

لای كێ؟ هەر هەمان ڕۆژ بۆ عەسرەكەی خوازبێنی كەرەكان، كە دۆستی باوكم بوون هاتن. كوڕەكە قیافەی خراپ نەبوو، باوكی هاوپیاڵەی باوكم بوو، كوڕەكە شاگردی فیتەر بوو، هەر زۆر زوو مامەڵەكە كۆتایی هاتو نرخەكەشیان باش وتم، چواردە سكە مارەیی، جیهازییشیان نەدەویست. بەڵام سێ سەد هەزار تمەن شیربایی كاری خۆیی كرد، رایەخی عارەق خواردنەوەی باوكم تاماوەیەك ئامادەبوو.

بەڕاست شەیتان چ شكڵێكی هەیە؟ شێوەی كوڕێكی ڕێكوجوان، وەك كچێكی جوانە؟ وەك كەسێكی مسوڵمانە؟ وەك پەیمانێك؟ وەك خەیاڵێك؟ تۆ وا دەزانیت شەیتان ناشرینو ترسناكە یان وەك فریشتەكان وایە؟ باشە شەیتان بەوجۆرەی كە دەڵێن وجودی هەیە یان هەر هەواو هەوەسی خۆمان شەیتانە؟!

*((كاتێك هاتە تەنیشتمەوە دانیشت، لەرزێكی سەیر هەموو جەستەی داگیركردم. سەرم نەویكردبوو. نەمدەوێرا لێی بڕوانم))*

((ئیدی هیچی نەوت))

- ئەلو، شیوا!

شیوا- مرۆڤ جارجارێك دەتوانێت هەمووشتێك فەرامۆش بكات. هەموو ساتەكان، هەموو دیمەنەكان، هەموو ئەو مرۆڤانەی كە بەرخوردی لەگەڵ كردوون. هەموو ئەو كەسانەی كە بینیویەتی، هەموو ئەو كارانەی كە ئەنجامیداوەو پاشان پێیان ڕاهاتووە، بەڵام هیچ كاتێك ناتوانێت ئەوساتەی كە بۆ یەكەمینجار كارێكی هەڵەی تێدا ئەنجامداوە لەبیر بكات.



Scanned with CamScanner

کوڕەکە ناوی جەواد بوو. تەمەنی سیو پێنج سیو شەش ساڵێك دەبوو. واتە دووبەرامبەری تەمەنی منی هەبوو. بۆنی عارەقی جەستەی لەدوو مەتردا مرۆی بێتاقەت دەکرد. ددانەکانی ڕەش وەك خەڵوز بوو، ژێر نینۆکەکانی پڕبوون لەپیسیدا، قژی هەمووی هەر چەوری بوو، هەر هیچ نەبێت ئەوەندە زەحمەتی بەخۆی نەدابوو ریشێك تراش بکات. ئەوجا بێت بۆ خوازبێنی.

بەسەرپۆشەوە چاییم بۆ بردن بۆ ژوورەوە، بەجۆرێك لێی دەڕوانیم هەروەك سەیری مەکینەی ترۆمبێلێك بکات، وادیاربوو بەلایەوە جیاواز نەبوو کە بۆ خوازبێنی بڕوات یان بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلێك. قیافەی خراپ نەبوو، بەڵام ڕواڵەتی ئابڕوچوو دیاربوو.

لەدوای ئەوەی کە چاییەکەم گێڕا ڕۆیشتم بۆ چێشتخانەکەو لەوێدا مامەوە تاگفتوگۆکەیان کۆتایی هاتو هەستان ڕۆیشتن. لەچێشتخانەکەدا دانیشتبووم و گوێم لەقسەکانیان دەگرت کە چۆن لەسەر من چەنەیان دەدا، ئەوان دەیانویست پێنج سکە بکەنە مارەیم، بەڵام باوکم دەیووت چواردە سکە، ئەوان بەنیازبوون سەد هەزار شیربای بدەن، بەڵام باوکم داوای پێنج سەد هەزارتمەنی دەکرد، وەك ئەوەی لەسەر کردنەوەی مەکینەی ترۆمبێلێك چەنە بدەن، ئێستا چاو لەو کچەبکە لەگۆشەیەکدا دانیشتووە، لەدەرەوەی شەرگەکەدا دانیشتووەو چاوەڕوانە بزانێت چ ژمارەیەکی بەناوەوە تۆمار دەکرێت، هەروەها بزانێت نرخی بەپارە چەندە، سیاوەش تۆ بڵێ نرخی کچێك، ژنێك چەندێکە؟ نرخی مرۆیەك کە بەبێ خواستی خۆی بەکچی هاتووەتە دوونیاوە چەندێکە؟ ئەو هەتیوە بێڕەوشتە هەر بەدەم چا خوارنەوەوە بەئاوازێکی بازاڕی ناشرینەوە دەیووت: بەسەد هەزار هەر لەم کۆڵانەی ئێوەدا کچ دەهێنم وەك پەنجەی هەتاو، مەگەر ئێوە ئۆبەرەکەیتان بۆ من هێناوە؟!

((شیوا بۆ ساتێکی تر بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

شیوا-

دییەکانم وەك داڵانی لێڵا

کوڵمەکانم وەك مەرمەڕی سارد

بێئاگا هاکا خەوێ بردمییەوە

من ئەمە جەستەیەك لەهاوارو ئازار

مەرگی من ڕۆژێ لەناکاوا دێ

ڕۆژێك لەم ڕۆژە تاڵاو شیرینانە

ڕۆژێکی پوچە وەك ڕۆژەکانی دی

سێبەری ئەمڕۆو دوێنێکانە

- تەواوی ئەم شیعرانەت دەرخ کردووە؟



Scanned with CamScanner

شیوا- مرۆڤ دەبێت چیبکات تاگوناهەکانی بەیەکجاری ببەخشرێت؟ ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی تۆبە بکات هەموو گوناهەکانی دەبەخشرێت؟ یانی خودا تۆبەی مرۆڤەکان قبوڵ دەکات؟ ئەویش کەسێك کە ئیدی کاتی بەدەستەوە نەمابێت؟ خۆزگە بەجۆرێك بوایە کە بکرایە هەر هیچ نەبێت گورچیلەو چاوو دڵمم بەکەسێکی تر پێشکەش بکردایە، بەڵام هەتا ئەوشتانەشم بەکەڵکی هیچ کەسێك نایەت، پێموایە خودا هەموو دەرگاکانی تۆبەی بەسەرمندا داخستووە!

- نەخێر. بەوجۆرە نییە. خوداوەند ئەوەندە بەخشندەیە هەتا بەیەك نیگای پەشیمانی مرۆڤ دەبەخشێت.

((دووبارە شیوا بۆ ئیستێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- هەموو ئەو شتانەی کە من دەمزانی هەمووی لەجەواددا مەوجود بوو. سەرەتا وام بیردەکردەوە کە ئەگەر ببمە ژنی دەتوانم وردە وردە بیگۆڕم، ئومێدم بەخۆم هەبوو، دەمووت دەتوانم لەدوای ماوەیەکی کەم ڕەوشتی بگۆڕم، بەڵام ئەوە تەنها خەیاڵێك بوو. هەموو ئەو شتانەی کە ژنێك لەپیاوەکەی بێزار بکات جەواد تێیدا مەوجود بوو. سیاوەش باوەڕم پێبکە کاتێ نزیکی هاتنەوەی دەهات، هەروەك هەموو غەمی دونیات ڕشتبێتە دڵمەوە وابوو، کاتێك دەهاتەوە بۆماڵەوەو پێڵاوەکانی لەپێی دادەکەند، هەستم بەتەنگە نەفەسی دەکرد. قاچی بۆنی دەهات! جەستەی بۆنی دەهات، دەمی بۆنی دەهات!

((دووبارە شیوا بێدەنگ بووەوە. منیش پێمووت))

- بۆچی بەزمانێکی خۆش‌و شیرین کەموکووڕییەکانیت پێنەدەووت؟

شیوا- پێم نـەدەوت؟! ماوەیەك خۆم گرت تاشەوێك بەهەر زمانێك بوو پێمووت. سەرەتا ئەوەندە بەساقەو بەقوربانی بووم بۆ ئەوەی پێی ناخۆش نەبێت، پاشان لەخۆمەوە دەستمپێکرد. پێمووت: ئاغا جەواد، ئاخر پێیووتم دەبێت پێم بڵێیت ئاغا جەواد. پێمووت ئاغا جەواد سەیرکە، من کاتێك نزیکی هاتنەوەی تۆ دێت، پۆشاکەکانم دەگۆڕم، دەڵێم ئەوەك بۆنی چەوری‌و خواردنی لێنێت، لەبەر ئەوەی تۆ بێزار نەبیت. دەڕۆم دەستێك بەسەرو روخسارمدا دێنم، خۆمت بۆ جوان دەکەم بۆ ئەوەی تۆ ئاسودەبیت. مەگەر تۆ پاك‌و خاوێنیت حەز لێنییە؟ وتم ژن دەبێت خۆی بۆ مێردەکەی جوان بکات تامێردەکەی لێی رازی بێت، وتی باشە کەچی بێت؟! وتم: دەی کەواتە دەبێت مێردیش ئەو کارە بکات، وتی چی!؟ واتە ئێستا من دانیشم‌و خۆم بۆ جەنابت ساف‌ولوس بکەم؟ وتم ماشائەڵڵا تۆ روخسارێکی زۆر پیاوانەو جوانت هەیە. گوناه نییە کە ئەو روخسارەت بەچەوری‌و رەشی ناشرین ببێت؟ کەمێك خۆت رێك بکە، دەستێك بەقژتا بێنە، کاتێ لەڕێگەوە دێیتەوە ئاوێك



Scanned with CamScanner

بکە بەدەموچاوتا، هەر خۆشت هیلاکیت دەردەچێت، بەو شێوەیە خۆشت نەخۆش دەکەویت، ئەو بۆنی رۆنو بەنزینە نەخۆشت دەخات.

لەگەڵ ئەو قسەیەم کرد هەر وەك جنێوم بەدایكوباوکی دابێت. نەڕاندنێك نەڕاندی بەسەرما وەختبوو پەردەی گوێم بتەقێت. هەرچی لەدەمی هاتەدەرەوە پێمیوت، دەیووت وا دەزانیت تۆ کێیت؟ ئەوەی باشە کە دایكوباوکت لەپێش چاوتدان...! لەتاو بۆنی عارەقی باوکت پیاو لەفرسەخێك دووریشەوە ناتوانێت بەتەنیشتیدا تێپەڕێت. خۆت لەبیرچووەتەوە... خانم! ئەگەر دەستم لەڕۆنو نەوتو تەڕەماشدایە لەبەر ئەوەیە کرێکارم، نانی حەڵاڵ پەیدا دەکەم، پیاوم، پیاو ئەگەر بکێشی بەسەر شانیدا دەبێت تۆزو خۆڵی لێبەرز بێتەوە، تۆزو خۆڵی توانا، ئێستا ئیدی من بۆنم لێدێت؟ هەستە... خانم! بوخچەکەت بخەر بن دەستەوەو برۆ بۆ ماڵی باوکە...! ژنێك کە بەمێردەکەی بڵێت جەستەت بۆنی لێدێت ئیدی بەکەڵکی ئەوەنایەت لەگەڵی بژیت، هەستە برۆ، تۆ بەچیتدا دەنازیت؟ بەو چوار پۆلە خوێندنەتەوە دەنازیت؟

دەستمکرد بەگریان وتم جەواد ئاغا من شتێکی خراپم نەوتووە. هەر خۆت ئەو گۆرەویانەت بۆنبکە بزانە چ بۆنێکی لێدێت! خۆمن هەموو رۆژێك بۆت دەشۆم، بەڵام تۆ هەموو رۆژێك لەبری...

جەواد نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، هەر وەك گورگ خۆی بۆ هەڵدام و بەدەستێك قژی گرتم و بەدەستەکەی دیکەشی تاکێك لەگۆرەوییەکانی دەرهێناو خستییە دەممەوە!!

((حەپەسابووم، باوەڕم نەدەکرد، نەمدەتوانی هیچی پێبڵێم تاشیوا خۆی لەدوای کەمێك وتی))

- ببورە ئەو شتانەشم بۆ باسکردیت، پێموایە حاڵی تۆشم تێکدا.

- نەخێر بەپێچەوانەوە. لەڕاستیدا کەمێك حەپەساوم، ئاخر ئەو کردەوەیە زۆر وەحشییانەیە!

شیوا- تۆ خوێندەواریت بۆیە ئەو جۆرە رەفتارانەت بەلاوە سەیرە، بەڵام جەواد ئەوانەی بەجۆرێك لەتەمبێکردنی ژن دەزانی.

تەنها یادگارییەکی خۆشم لێی نییە تادڵی پێ خۆشبکەم. هەمووکچێك شەوی بوکێنی بەلایەوە شەوێکی هەرگیز لەبیر نەچووو خەیاڵییە، منیش شەوی بوکێنی خۆمم هەرگیز لەبیرناچێت بەڵام خەیاڵی نییە، مۆتەکەیەك بوو، وەك خەوێکی ترسناك وابوو، ئەوەندەی نەمابوو شەڕە چەقۆ روبدات، ئەو خواردنەی لەشەوی بوکێنییەکەمدا ئامادەیانکردبوو قیمە بوو، وەك خواردنی مەراسیمی پرسە. باوەڕدەکەیت؟ خۆزگە ئەوەندەش بوایە کە بەشی هەمووی برکردبایە.

خواردنەکە کەم بوو. دایکی مێردەکەم مەنجەڵێك برنجی لەگەڵ مەنجەڵێ شلەدا خستبووە لاوە. بۆ ئەوەی کەس دەستی لێنەداتو وەك خۆی بهێنێتەوە بۆ خزمو کەسو کارەکەی خۆی. نیوەی



Scanned with CamScanner

میوانەکانی ئێمەش خواردنیان بەرنەکەوتبوو. خواردنەکەیان لەماڵێکی دراوسێدا دروستکردبوو. یەکێك لەو ژنانەی کە خزمی ئێمە بوو دەڕواتە حەوشەی ئەو ماڵەوەو بەمەسەلەکە دەزانێت بۆیە دێت بەمێردەکە دەڵێت.

کابراش کە دەبینێت خواردن تەواو بووەو هێشتا بەخۆیو منداڵەکانیشی نەگەیشتووە، ئەویش مەسەلەکە لەوانی دیکە تێدەگەیەنێت. لەپڕدا دەنگە دەنگ دروست دەبێت. تەنها خودا ڕەحمی کردو ڕیش سپی هەردوولا ئەگەرنا خوێنی تێدا دەڕژا.

- ئاخر تەنها لەسەر ژەمێك خواردن؟

شیوا- لەسەر ژەمێك خواردن نە. لەسەر فەقیری، بەدبەختی، نەخوێندەواریی، برسێتی. تۆ وا دەزانیت ئێمەو مانان لەکوێدا ژیاوین؟ لەتەختی پادشایەتیدا؟ نەخێر سیاوەش ئەفەندی. لەو شوێنەی کە ئێمە لێی دەژیاین، ئەگەر باری مادیمان هەر زۆر زۆر باش بوایە لەمانگێکدا یەك دووجار بەڕەنگ گۆشتمان دەبینی! ماڵەکانی دەورو بەرمان ئەوە هەر هیچ، کۆمەڵێك لەدراوسێکانمان ڕەنگە لەو مانگەشدا گۆشت نەهاتایە بەماڵیاندا.

خولاسە ژیانی ژنو مێردایەتی منوجەواد بەمجۆرە دەستی پێکرد. جا باتەوە بمێنێتەوە کە تاماوەیەکی زۆر، چەندم قسەی ناخۆش لەلایەن دایکی مێردەکەمەوە پێدەوترا. دەیووت: هەمو خزموکەسوکارەکەت سواڵکەرن، برسین، لەسەر قاپێك خواردن چەقۆ کێشی دروستدەکەن. خوێن دەڕێژنو لەو قسە بێتامانە.

تەنها چانسێك کە من هەمبوو ئەوەبوو کە ماڵی باوکی مێردەکەم دوو ژوور بوو. ئەویش خانوێکی کرێ، حەوت هەشت کەسی تێدا دەژیا. ئیدی جێگەیان نەبوو کە منیش لەوێدا بەئاسانی بمێنمەوە. هەر ئەوەبووە هۆی ئەوەی کە جەواد لەدوای مانگێك ناچار بوو بڕوات ژوورێك لەچەند کۆڵانێك خوارتر لەماڵی خۆیانەوە بەکرێ بگرێت. ئەویش نەك لەبەر ئاسایشو ئاسوودەیی من، تەنها لەبەر ئەوەی کە خۆی ئاسوودەبێت. ئاخر خۆ لەبەرچاوی ئەو هەمووەدا نەدەکرا منوجەواد لەباوەشی یەکدیدا بخەوینو ... خۆ تێدەگەیت...؟

- بەڵێ تێدەگەم.

شیوا- بەکورتی جەواد ڕۆیشتو ژوورێکی بەکرێ گرت مانگی بەبیستو پێنج هەزار تمەن. ئێستا ڕۆژانەکەی خۆی چەند بوو؟ ڕۆژی هەزارو پێنج سەد تمەن. بەدبەختی لەوەدا بو کە جەواد جگەرەشی دەکێشا. ئیتر چەندێکی جگەرەکەشی دەچێتە سەر. لەڕاستیدا ئەوەندەی نەدەمایەوە. بەڵام باوەڕبکە ئەگەر جەواد ڕەوشتی جوان بوایە، هەر خۆم دەگرت، بەهەموو سەختییە کانیشی



Scanned with CamScanner

لەگەڵی دەژیام. هەرچەندە خۆم پێراگیراو تادوایین ساتیش لەگەڵی ژیام. ئەو پیاوە بێڕەوشتە دەم پیسەم. لەم دواییانەدا دەستیکردبوو بەکۆمەڵێك کاری تر، بەڵام من تاقەتم دەگرت، دەمووت هەر چاك دەبێت، بەخۆمم دەوت ئەگەر خودا منداڵێکمان بداتێ ئەویش بێدەنگ دەبێت‌و ڕەوشتی دەگۆڕێت. بەڵام وانەبوو. هەرچەند کە ئێستا تەمەنادەکەم، کە هەر ئەو جەوادە ئێستا مێردم بوایە، بەهەر جۆرێك بوایە لەگەڵی دەژیام. بەس نەبوو ئێستا لەناو ماڵ‌وحاڵی خۆمدا بووم. بەڵام خۆ نەبوو.

نزیکە چوار مانگێك بەسەر هاوسەرگیرییەکەماندا تێپەڕیبوو، کە لەیەکێك لەڕۆژەکانیدا هەواڵیان بۆهێنام وتیان جەواد لەگەڵ خاوەن کارەکەیدا بوەتە شەڕی! چ شەڕێکیش شەڕە چەقۆ، جەواد چەقۆیەکی دابوو لەسکی خاوەن کارەکەی، خاوەن کارەکەی جەوادیان بردبوو بۆ نەخۆشخانە، جەوادیشیان دەستگیرکردبوو، نزیکەی ساڵ‌و نیوێك حوکم درا، ئێستا لەو حاڵەدا دەبوایە چیم بکردایە. خودا خۆی دەزانێت، جەواد نە پاشەکەوتێکی هەبوو کە ژیانمی پێ بەسەر بەرم نە کارێك کە خۆم بتوانم کەمێك پارە پەیدا بکەم، بەدبەختی لەوەدابوو کە ئاغاجەواد لەزیندانیشدا داوای پارەی دەکرد!

دەبوایە خەرجی خۆمم‌و کرێی ژوورەکەو پارەی جگەرەی ئاغا جەوادیشم پەیدا بکردایە، دایك‌وباوکیشی هیچ باکیان نەبوو، واتە نەیاندەتوانی هیچ بکەن، ئەوان هەر ئەوەندەیان هەبوو کە بتوانن سکی خۆیان‌و منداڵکانیانی پێ تێربکەن. باوکی خۆشم هەمیشە برسی بوو دەستی بۆ ئەم‌و ئەو پاندەکردەوە، بەو حاڵەوە ئیتر چارەیەکم نەبوو. دەرگای ژوورکەمم کلۆمداو ڕۆیشتم بۆ ماڵی باوکم، سێ چوار شەوێك میوانداریانکردم، هیچیان لەڕوو نەدام، بەڵام شەوێك باوکم مەست بوو، هەر لەگەڵ لەدەرگاکە هاتە ژوورەوەو چاوی پێم کەوت دەستیکرد بەهاوار هاوار، دەیووت: من کچم بەشوداوە تا نانخۆرێکم لێ کەمبێتەوە، ئێستا تۆیش هاتویتەتەوە سەر سکم؟ هەستە بڕۆ ((تەخت)) لەماڵی باوك‌و دایکی ئەو مێردە بێ هەموو شتەتدا بکەوە، بڕۆ بائەوان نانت بدەنێ. خۆمن خوێنم نەڕشتووە. کەسێك... بخوات قاپەکەشی دەخاتە بەردەمی خۆی، چەقۆی وەشاندووە، چاوی دەردەهات، کە چوار ڕۆژ ناوی ((زیندان))ی خواردەوە خۆی چاك دەبێت‌و بیرێك لەخۆی دەکاتەوەو ئیدی لەو هەڵانە ناکات. هەستە بڕۆ بۆلای ئەو باوکە گەردن بەرزەی ئاغاجەوادد بائەو خۆی بەشتەکانەوە خەریککرد. منیش ناچاربوو هەستام بوخچەکەم هەڵگرت‌و هەر بەوشەوە وەڕێکەوتم بەرەو ژوورەکەی خۆم. بەخۆمم وت «ئەگەر لەبرسیشدا بمرم زۆر لەوەچاکترە ئەو قسانە



Scanned with CamScanner

لەدایكوباوكم ببیستم». كاتێك كە لەدەرگاكەدا دەهاتمە دەرەوە، دایكم هاواریكردو وتی: بۆچی نانی ئێوارە ناخۆیتو بەیانی بڕۆیت؟

- تۆ ئەم قسانە بەڕاستی دەكەیت شیوا؟

- تۆ وا دەزانیت درۆدەكەم؟

- نەخێر. نەبەخودا، بەڵام...

شیوا- هەموو مرۆڤەكان درۆدەكەن تابتوانن دەست بەشتێكەوە بگرن لەبەر ئەوەی غەرق نەبن، خۆ من غەرق بووم بۆیە ئیدی پێویستم بەدرۆكردن نییە.

- من مەبەستم ئەوە نەبوو. بەڕاستی ئەو شتانەی كە تۆ باسی دەكەیت بەلای منەوە زۆر سەیرە. باشە بۆچی نەڕۆیشتیت بۆ ماڵی باوكی مێردەكەت؟

شیوا- ڕۆیشتم، هەر لەسەرتاوە ڕۆیشتم. بەڵام ڕێگەیان پێنەدام تەنانەت بچمە ژوورەوەش، دایكی مێردەكەم هاتە بەردەرگاكەو دەستی خستە ئەمبەرو ئەوبەری دەرگاكە. ئەمە مانای چییە؟ دەبووایە پاڵم پێوە بنایەو بەزۆر بڕۆیشتمایەت ژوورەوە؟

- ئەدی براكەت چی؟ ئەو نەیدەتوانی هاوكاریت بكات؟

شیوا- دەیتوانی زۆریشی پێخۆشبوو یارمەتیم بدات، بەڵام خۆم قبوڵم نەدەكرد.

- بۆچی؟

شیوا- هەر ئەوجارەی كە ڕۆیشت پارەی هێناو تەسجیلمان پێكری بۆمن بەس بوو!

- تێناگەم.

شیوا- ئەدی نەمووت، براكەم ئیتر ئاگادار بوو بوو كە دەتوانرێت لەڕێگەی تریشەوە پارە پەیدا بكرێت. براكەم خەریكی كڕینو فرۆشتنی حەشیشو تریاكو هێرۆین بووا! نەمدەویست پارەی لێوەرگرم. نەمدەویست لەو پارانە بخۆم. هەر ئەوجارەی كە ئەوداماوە لەپێناوی ئەوەی كە دڵی خوشكەكەی نەشكێنێتو، بەهەر جۆرێك بووە دەبێت پارە پەیدا بكات ئالوودەی بوو بوو، هێشتا ویژدانی ئازار دەدا، ئێستا تێگەیشتیت؟

((هیچم نەوت))

شیوا- ناچار بووم موچەوانەكەی دستم بفرۆشم كە لەمارەبڕینەكەدا كردبوویانە دەستم، لەگەڵ ئەڵقەی هاوسەرێتییەكەشماندا. سەیر لەوەدا بوو كاتێك جەواد ئازادبووو ئاگاداربوو ئەو دوو پارچە ئاڵتونەم فرۆشتووە تۆفانێكی گەورەی نایەوە، هەرچی پێمدەوت ناچر بووم، ئەو گوێی بۆ نەدەگرتم، دەیووت بڕۆیشتیتایە لەوباوكە واو وا لێكراوەتت وەربگرتایە، تۆ تەماشای مەنتیق بكە. قاچێكم



Scanned with CamScanner

لەماڵەوە، قاچێکم لەئیش دۆزینەوە، قاچێکم لەزیندان، قاچێکیشم بەدوای لێخۆشبوونی خاوەن کارەکەی ئاغاجەوادەوە بوو، لەکۆتاییشدا کاتێ لێی خۆشبوو جەواد ئازاد بوو، بەوجۆرە قەرەبووی هیلاکییەکەمی بۆ کردمەوە.

- لەکۆتاییدا چیبت کرد؟ واتە توانیت چ کارێك بکەیت؟

شیوا- ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بەهەرجۆرێك بوو توانیم کرێی ژوورەکەو خەرجی ڕۆژانەو پارەی جگەرەی جەوادیش لەزینداندا پەیدابکەم، بەڕاستی سەخت بوو، بەڵام من توانام بەسەریدا شکا.

- یەکەمینجار ئەو جارە بوو؟

شیوا- کام یەکەمینجارە؟

- مەبەستم ئەوەیە کە ئەوجارەبوو کە...

شیوا- نەبەخودا، نەبەخودا. بەخودا بەپاکی مامەوە، بڵێم وەك چی کارم کرد، بەڵام بەپاکی مامەوە. ئەگەر باسی کارکردنەکەمم بۆت نەکرد لەبەر ئەوەبوو کە نەمدەویست تۆ بزانیت دەستم داوەتە چ کارێك، هەرچەند ئەوکارەم شەرەف مەندانە تربوو تائەمکارەی ئێستام.

سیاوەش ئەفەندی سواڵمکرد، قادرمەی ماڵی خەڵکیم پاککردووەتەوە، دارو دیواری ماڵی خەڵکیم سڕیوەتەوە، تەوالێتی خەڵکیم پاك کردووەتەوە، بەشەواندا ڕۆیشتووم بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان، تابەیانی ئەوان سەمایان کردووەو من قاپو قاچاخەکانیانم شتووە، بەرماوەی خواردنەکەیانم دەهێنایەوەو تادوو ڕۆژ لێم خواردووە، ئەوە سیاوەش تۆ دەڵێیت چی؟ وا دەزانیت ژن بەیەکەمین بەدبەختی دەستدەداتە کاری ناشرینو سۆزانییەتی؟ سواڵمکرد بەڵام بەپاکی مامەوە.

((شیوا لەپڕێکدا دەستیکرد بەگریان، منیش لەخۆم تەریق دەبوومەوە))

- ببەخشە شیواخان، بەخودا بەبێ مەبەست ئەوقسەیەمکرد. داوای لێبوردن دەکەم.

شیوا- من لەبەر قسەکانی تۆ ناگریم، بۆلاوازیو بەدبەختی خۆم دەگریم. بۆ بێچارەیو تیهەڵدراوی ئەو ژنانە دەگریەم کە وەك منن.

هەشت مانگی تەواو کارەکەریم کرد، لەبەردەمی ماڵی ئەوخاوەن کارەی جەوادا ئەوەندە پاڕاماوەو گریام تاجەوادی ئازاد کرد. چ شتێکم بینی، چ قسەیەکم لەو گەنجانە بیست کە لەو میواندارییانەدا بوون، زۆر سەخت بوو، بەڵام بەرگەم گرت.

((شیوا لەدوای ئەوە ئیدی هیچی نەوت. پاش کەمێك داوا لێبوردنی کردو ڕۆیشت کەمێك ئاوای خواردەوە. دیاربوو ئارام بوو بووەوە. گەڕایەوەو تەلەفۆنەکەی هەڵگرتەوە))



Scanned with CamScanner

- هەر چۆنێك بوو كابرام رازیكرد كە جەواد ببەخشێت. لەهەشتەم مانگدا جەوادم لەزیندا ئازاد كرد. پێمخۆشبوو قەدری ئەو فیداكارییانەم بزانێت، حەزمدەكرد لەچاوەكانیدا رێز بەرامبەری خۆم ببینم، بەڵام ئەو تەنها سوپاسێكی وشكو خاڵیشی پێنەوتم! دەزانیت یەكەم شت كە پێمیوت چیبوو؟ پرسی دایكوباوكم چۆنن؟ باشن؟

من بچڕابووم كەچی ئەو هەواڵی دایكو باوكی خۆیی دەپرسی. لەتەواوی ئەو هەشت مانگەدا ئەگەر ڕۆیشتبێ بۆسەردانی ئەو یش یەكجار بوو. لەهەمانكاتدا من هەموو هەفتەیەك دەڕۆیشتم بۆسەردانیو میوەو پارەو جگەرەم بۆ دەبرد. ئەو بێشەرەفە تەنها بۆ یەكجار نەی پرسی ئەو پارانە لەكوێ دێنیت. كارت چییە؟ چۆن كرێی ژوورەكە دەدەیت؟ دایكو باوكم دێن سەردانت دەكەن یان نە؟ هیچ هیچ.

بەهەرحاڵ جەواد گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەخودا دەپاڕامەوە كە سەری كێشابێتی بە بەردداو بوبێتە مرۆڤ، هەفتەیەك بەبێ كارو كاسبی گەڕاو هیچم پێنەوت، خەرجی ماڵەوەشم لەو پارەیە دەكرد كە پاشەكەوتم كردبوو، وازم لێهێنا تاهیلاكی بەندیخانە لەجەستەیدا دەرچێت، بەڵام كە تەماشادەكەم نەخێر! ئەو هیچ باكی نییەو بەئاسوودەیی دانیشتووە، ڕێكوڕاست بۆخۆی دەڕوات و پارەی گیرفانیشی لەمن وەردەگرێت، شەوێك پێمووت جەواد بۆچی ناچیت بەدوای كاردا بگەڕێیت؟ وتی ئەو كارەی كە خۆم مەیلم لێیەتی هێشتا پەیدام نەكردووە، وتم جەواد بەنیازیت چیبكەیت؟ ئازوقەی سێ ژەممەمان لەم ڕۆژانەدا تەواو دەبێت، كەوگیرەكە دەكەوێتە بنی قابلەمەكەوە، ئەوكاتە چیدەكەیت؟ كەچی بێشەرەفە پێمیوت تۆ هەر لەخۆتەوە لەماڵەوە دانیشتوویت، وتی تۆ برۆ بۆ سەر كارەكەی خۆت، وتم ئەو قسەیە چییە؟ تۆ لەماڵەوە دانیشیتو من بڕۆم بۆنیشكردن؟ وتی بۆچی جا چییە؟ وابزانە من هێشتا لەزینداندام، وابزانە هێشتا من نەهاتومەتەوە. وتم باشە تۆ وا دەزانیت ئەم چەند وەختە من چیمكردووەو چۆن ژیانم بردوەتە سەر؟ وتی ئەی... كۆمەڵێك شتیم بیستووە. وتم بهێڵە باخۆم پێت بڵێم، كارەكەریم كردووە، لەماڵی خەڵكیدا قاپم شتووە، كەچی جەواد وتی كار هەر كارە، وتم واتە تۆ پێت ناخۆش نییە ژنەكەت كارەكەری بكات؟ وتی بەجۆرێك قسەدەكەیت هەروەك بڕوانامەی دكتۆرات گرتووەتە چوارچێوەو بە((دیوار))دا هەڵتواسیووەو ناچاریان كردویت كارەكەری بكەیت، واپێی قەڵس دەبیت. منیش پێمووت تف لەغیرەتت هەی پیاو، لەگەڵ ئەو قسەیەمكرد جەواد دەستیكرد بەجنێودان. منیش ئەمجاریان لێم قبوڵ نەكردو هەرچییەكی پێدەوتم بەزیادەوە پێمدەوتەوە. ئەوهات بەرەو منو منیش ڕۆشتم بەرەو ئەو، دوو زللەم دەخواردو زللەیەكم دەوەشاند ئەما دەمەوەشاند! ئیدی گیانم گەیشتبووە سەر لێوم و نەمدەتوانی خۆم ڕابگرم.



Scanned with CamScanner

وابزانم جەوادیش تێگەیشت بۆیە وازی لێهێنام‌و ڕۆیشت لەسەروی ژوورەکەوە جگەرەیەکی پێکرد. هەر بەو شێوەیەی نەفەسی قوڵی لەجگەرەکە دەدا وتی: خانم هەر بەیانی تەڵاقت دەدەم. ژنێك کە دەست لەمێردەکەی بکاتەوە ئەوە ژن نییە، مودەتێکە دیارم نییە هاربوویت! کاتێك کە بە... خواردن کەوتیت خۆت تێدەگەیت! نمەك حەرام...!

توخودا سیاوەش تەماشاکە کێ بەکێی دەوت هار، کێ بەکێی دەوت نمەك حەرام. تەماشامکرد شایەنی ئەوەنییە کە وەڵامی بدەمەوە، بۆیە چەرپاکەم ڕاخست‌و نووستم. کەچی نیوەشەو جەواد دەستیکرد بەماچکردنم‌و هەڵەکردن‌و... خواردن!

ویستم نەهێڵم‌و وێڵی کەم، بەڵام وتم قەیدی نییە چونکە هەر هیچ نەبێت هاوسەرمە.

لەبەیانییەکەیەوە هەستاو ڕۆیشت بەدوای ئیش پەیداکردندا، لەدوای دوو ڕۆژ پێیووتم کە دەیەوێت دەڵاڵی بکات، منیش پێمووت یەکەم دەڵاڵی هەر کار نییە، هەروەها تۆ کوا سەرمایەکەت؟ وتی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کاردەکەم تاخۆم ڕێگەو چاڵەکان شارەزابم‌و بتوانم لەسەرقاچی خۆم بوەستمم. بەهەرحاڵا جەواد ئاغا دەستیکرد بەفۆرم فرۆشتن. بەڕاستی تووشی چ جۆرە ژیانێك بووم. منێك کە هەمیشە لەفەنتازیاکانما دەمبینی خوێندنی دواناوەندیم تەواوکردووەو ڕۆیشتم بۆ زانکۆو لەبەشی هونەردام‌و بڕوانامەی سینەمام وەرگرتووەو لەگەڵ لاوێکی هاوپۆلمدا زەماوەندم کردووەو هەردووکمان خەریکی کاری هونەرڕین. بەڵام کاتێك لەخۆمم ڕوانی تەماشادەکەم بومەتە کارەکەرێکی تەواوو هاوسەرەکەشم یانسیب فرۆشە. زۆر جوانە وانییە؟

((شیوا دووبارە بێدەنگ بووەوە، پاشان وتی))

*((جگەریەکی لەگیرفانی دەرهێنا، جگەرکەی پێکرد. چەند نەفەسێکی قوڵی لێدا، ئێستا جگەرەکەی بۆ من ڕاگرتووە، بۆنێکی تایبەتیش لەهۆڵەکەدا پێچراوە، منیش جگەرەکەی لەدەست وەردەگرم‌و نەفەسێکی لێدەدەم‌و دەکەومە کۆکە کۆك، سەرم گێژدەخودات، دارودیواری ئەو شوێنە لەبەرچاومدا دەخولێنەوە، خەریکە حاڵم خراپ دەبێت، ڕوزبە دەڵێت نەفەسێکی تریش بکێشە، دەڵێت ئەگەر نەفەسێکی تری لێبدەیت حاڵت باشتر دەبێت. منیش نەفەسێکی دی دەکێشم، هەروەك ڕاست بکات، ئیدی ماڵەکە لەبەر چاومدا نەدەخولایەوە، چیدی شەرم ناکەم کە نیگای چاوەکانی بکەم، پێموایە خەریکە بەتاڵ دەبمەوە، دیسان بەتاڵ تر دەبم، هەروەك میزەڵانێك کە ناوەکەیت پڕکردبێت لەغاز، خەریکە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێم، ئیدی ناکۆکم‌و سەریشم گێژ ناخوات، تەنها بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێم! ئێستا زۆر بەسانایی خەریکم تەماشای ئەو فیلمە دەکەم کە لەڤیدۆکەدا ئیش دەکات، دیسان بەرەو سەروتر هەڵدەکشێم، ئێستا تەواوی کۆڵانەکان لەژێر پێمدایە! ئیدی بەلامەوە



Scanned with CamScanner

گرنگ نییە کە روزبە خەریکە چیدەکات! من دیسان بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێم! تەماشای فیلمەکە دەکەم! ژنو پیاوەکە بەزمانێك قسەدەکەن کە من تێی ناگەم، دیسان بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێم! ئاوڕدەدەمەوەو لەروزبە دەڕوانم، ئەو ئیتر خەریکە کاری خۆی دەکات! چ جیاوازییەکی بۆ من هەیە، دیسان بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێم، ئێستا هەموو شار لەژێر پێمدایە! دیسان بەرەو سەروترو ئێستا لەپڕێکدا دەکەومە خوارەوە! چاوەکانم لێك دەنێم تاکەوتنە خوارەوەکەم نەبینم!!!))*

((ئەمجارەیان بێدەنگ بوو درێژخایەنتر لەهەمیشە))

- شیواخان پاشان چی رودەدات؟

((شیوا بۆ ساتێکی تریش بێدەنگ بوو پاشان وتی))

شیوا-

بڕوانە

بڵێسەیەك بەرەو حەز کەمنکێشم ئەکا!

ئەمبا بۆ دوند،

ئەمخاتە داوی خۆیەوە

بڕوانە

هەموو ئاسمانم

پڕ ئەبێ لەنەیزەك

هەموو بوونم خراپ ئەبێ

((شیوا چیدی قسەی نەکردو بێدەنگ بوو. پێموابوو ئیدی حەزی نەدەکرد قسەبکات. تێگەیشتم کە جارێ قسەکانی کۆتاییان پێهاتووەو تەنها لەبەر رێزی من تەلەفۆنەکەی دانەخستووەتەوە. هەر بۆیە منیش بەخێرایی وتم))

- دیسان پەیوەندیت پێوەدەکەمەوە.

((لەدوای ساتێك، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت تەلەفۆنەکەی داخستەوە))



Scanned with CamScanner

# بـــــەشی حەوتەم

((منیش تەلەفۆنەکەم داخستەوەو ڕۆیشتمە دونیای فەنتازیاوە، واتە نەدەکرا کارێك بۆ ئەو کچە ئەنجام بدرێت؟ دەمویست دەربارەی ئەونەخۆشییە زێتر بزانم، بێگومان سیما زانیاریی تەواوی دەربارەی هەبوو. پێویستبوو ئەو پرسیارە لەسیما بکەم.

لەوبیرکردنەوانەدابووم کە دایکم لەخوارەوە بانگی کردم‌و وتی نیما هاتووە، هەستام ڕۆیشتمە خوارەوە، تەماشا دەکەم نیما پانتۆڵێکی سپی زۆر جوان‌و کراسێکی نارنجی پۆشیوە. بۆنێکی زۆر خۆشیشی لەخۆی دابوو، خەریکبوو لەگەڵ دایکم‌وباوکمدا کە لەهۆڵەکەدا دانیشتبوون قسەی دەکرد))

دایکم- کوڕەکە ئەوە ئاشکرایە تۆ لەکوێیت؟ بۆچی چەند وەختە دیارت نییە؟

نیما- ئەگەر دێم بەتاکە نەعل لێمدەدەن، ئەگەر نەشیەم گلەیی دەکەن. ئاخر ئامۆژن من بەکام سازی تۆ سەما بکەم؟ هەروەها! مەگەر سیاوەش بوار بەمن دەدات بێم بۆ ئێرە؟ هەمیشە لەماڵی ئێمەیەو چاوی ناوە بەئەستێرە بینەکەوەو نیشانەی ئەملاو ئەولای پێدەگرێت، لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ زانستی ئەستێرەکاندا پەیداکردووە، هەمیشە چاوەڕوانە تابزانێت کەی دوورو درێژترین شەوی ساڵە!

دایکم- چاوەڕوانی شەوی چلەیە؟ خۆ شەوی چلە تێپەڕی!

نیما- نەخێر ئامۆژن گیان تۆ زۆر سادەیت. شەوی چلە بەڕێوەیە.

((باوکم دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- ئەو باسی یەڵدای کچی پرهام دەکات.

- نیما بێتام هێشتا نەهاتوویت دەستپێکرد؟

نیما- سیماخان تەشریفیان لەکوێیە؟



Scanned with CamScanner

((منیش ویستم کەمێك ئازاری بدەم بۆیە وتم))

- سیما لەنەخۆشخانەیە، ئەمشەو ئێشکگرە.

نیما- ئەی ئەفرەت لەهەرچی ئێشکگریی‌و نۆبەت كارییە! ئەگەر دەمزانی سیماخان لەماڵ نییە بێخودی منەتی ئەم هەتیوەم هەڵنەدەگرت، باشە هەتیو تۆ لاڵ بوویت کە پێمبڵێیت سیما لەماڵ نییە؟

- زەهری مار. ئێستا وەك هاتوویت دادەنیشین‌و پێکەوە کەمێك قسەدەکەین. دایکم‌وباوکیشم لەماڵن.

نیما- لەگەڵ تۆدا چ قسەیەکم هەیە تابیکەم؟ خۆتۆ بیست‌و چوار سەعاتە دەبینم. باوك‌ودایکیشت بینینیان ناوێت.

دایکم- ئاخ...! تۆ تەماشای ئەم باوك ئاگر تێبەربووە ناکەیت!

نیما- واتە دەڵێم ئێوە ئەگەر نەشتان بینم هەر خۆشمدەوێن. چونکە هەمیشە لەدڵمدان‌و دڵم بۆتان تەنگ نابێت!

((ئێمە خەریکبووین پێدەکەنین، لەپڕێکدا سیما لەژوورەکەی خۆیەوە لەنهۆمی سەرەوە هاتە خوارەوە. سیما هەر لەگەڵ گوێبیستی دەنگی نیما بوو وتی))

- چۆنیت نیما؟

نیما- ئاە...! ئەوە تۆ لێرەیت؟ وامدەزانی ئەمشەو ئێشکگریت، گەر بمزانیبا تۆ لەماڵیت نەدەهاتم.

سیما- ئەگەر پێت ناخۆشە بابگەڕێمەوە ژوورەکەی خۆم؟

نیما- ئاخ...! نا، نا. بابەگیان گاڵتەمکرد، باشە بۆچی من ئەمڕۆ لێرە هەرچییەکتان پێدەڵێم پێتان ناخۆشە؟

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین‌و هاتە خوارەوەو لەسەر کورسییەك دانیشت‌و وتی))

- نیما ئەمشەو شتێك هەیە؟ زۆر کەشخە بوویت.

نیما- ڕاستییەکەی لەماڵەوە جلکم زۆرە، وتم خۆ تازە هاتووم بۆ ئێرە با...

- تۆ هەڵەتکرد.

نیما- خۆت هەڵەتکرد بێئەدەب، پیاو لەگەڵ میوانەکەیدا بەو جۆرە قسەدەکات؟ تاوانی باوك‌ودایکتە کە تۆیان بەمجۆرە بارهێناوە. لەبەیانییەوە نیشانەگرتن لەدرێژترین شەوی ساڵ قەدەغەیە، ئیدی شەوی چلە بێ شەوی چلە. بڕۆ بۆ سەر سەربانەکەی خۆتان‌و هەر شەوە ئاساییەکان نیشانە بگرە.



Scanned with CamScanner

دایکم- نیما خۆ نانت نەخواردووە؟

نیما- ژەقنە بخۆم بەبێ تۆ, بەخودا ئامۆژن گیان بەبێ ئێوە تیکە بەگەرومدا ناڕواتە خوارەوە.

-دایکم- ئەی لاڵا نەبیت کوڕەکە.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنینو دایکم ڕۆیشت بۆ چێشتخانەکە تاخواردن ئامادەربکات. نیما هاتە تەنیشتمەوەو بەهێمنی پێمیوت))

- یاخوا مردوشۆر تۆی هاوڕێی نامەردم بەرێت.

- بۆچی؟

نیما- هاوارمەکە لەسەرخۆ قسەبکە.

- بۆچی؟

نیما- چی بۆچی؟ بۆچی لەسەرخۆ قسەبکەیت؟

- نەخێر، بۆچی مردوشۆر بمبات؟

نیما- لەبەر ئەوەی کە دەبێت مردوشۆرەکەش تیکەیەك نان پەیدابکات بۆ ژنوماڵو منداڵەکانی. ئەوە چ پرسیارێکە کە تۆ دەیکەیت؟

- نیما بێتام مەبە.

نیما- دەڵێم ئاخر من مردم بەدەست دایەگەورەوە ئەوەندەم دکتۆراو دکتۆر پێکرد. تەنها لەبەرخاتری تۆش، ئاخر تۆ مرۆڤیت؟ تۆ هاوڕێیت؟

- دەستت خۆشبێت، ئێستا من چیم لەدەست دێت تابیکەم؟

نیما- دەمەوێت زۆر بەجدی لەگەڵ سیمادا قسە بکەم. دەمەوێت دڵنیابم لەوەی کە دەبێتە هاوسەرم یان نە.

- بڕۆ ونبە لەبەرچاوم، تۆ هەر دەزانیت جدی چۆن دەنووسن؟

نیما- ئەرێ بەگیانی تۆ دەزانم. جیدی دەنوسنو بەجدی دەیخوێننەوە!

- فەرموو، ئەمەش جدی بونەکەت.

نیما- ئاخر من چیبکەم تاتۆ باوەڕم پێبکەیت؟

- دەبێت سوێندم بۆ بخۆیت.

نیما- تۆم کفن کردبێت ئەگەر درۆبکەم. گرێی ئەم کارە تەنها بەدەستی تۆ دەکرێتەوە. دەبێت شتێك بکەیت تامن نیوکاتژمێر لەگەڵ ئەو کچە چاو سپییەدا قسە بکەم.

- باشە ئێستا بیرێکی لێدەکەمەوە.



Scanned with CamScanner

نیما- زەهری مارو ژەقنە، چی ئێستا بیرێکی لێدەکەمەوە، بەڵێنی سەرخەرمانم پێدەدەیت؟!

- ئاخر چیبکەم؟

نیما- هەر هیچ نەبێت کارێك بکە تاسیما بۆ ساتێکیش بێت بێتە دەرەوەو من قسەی لەگەڵ بکەم بزانم دەبێـە ژنم یان نە.

- کەواتە هەر لێرەدا قسەی لەگەڵ بکە.

نیما- ئاخر باوکی زۆر لاکوتە!

- زەهری مار بێنەدەب.

نیما- ئاخ ...! بیرم چوو کە باوکی سیما باوکی تۆشە! هەڵبەت زۆر ئاشکرا نییە. چونکە هیچ کامێکتان لێکدی ناچن!

- نیما هەستە ونبە لەبەرچاوم.

نیما- باشە هاوڕێ لەسێوێك دەچن کە کرابێت بەدوو کەرتەوە، بەڵام تۆ کەرتە گەنیوەکەیت. ئێستا بانگی دەکەیت یان نە؟

- ئاخر بەچ بیانویەك بانگی بکەمە دەرەوە؟

نیما- بەهەواڵی مەرگت، شتێك بڵێ.

- تۆ شتەکەم پێبڵێ تامنیش بەسیمای بڵێم.

نیما- بۆ نموونە بڵێ سیما وەرە تەماشای ئەو کۆترە بکە کە لەسەر ئەو درەختە هێلکەی کردووە، ئیدی سیما بەرەو پێی پیشانبدە، یان بڵێ سیما وەرە تەمەشای درەختەکان بکە بزانە چ شکۆفەیەکی جوانیان کردووە.

- ئاخر خۆ درەخت ئێستا شکۆفە ناکات.

نیما- باشە کەواتە کۆترەکە بڵێ.

- لەسەر درەختی روت کۆتر هێلانە ناکات.

نیما- ئاخ...! لەکەلەی هەرچی شکۆفەو کۆترە...، خۆت شتێك بڵێ.

((منیش کەمێك ئەملاوئەولام کرد، پاشان هەر لەخۆمەوە وتم))

- سیما هەستە وەرە شتێکت لەحەوشەکەدا پیشانبدەم.

باوکم- ئێستا خواردنەکە پێدەگات، بەنیازیت چی پیشانی سیما بدەیت؟

((شڵەژامو بەبێویست لەخۆمەوە وتم))

- حەوزەکە.



Scanned with CamScanner

باوکم- خۆ حەوزەکە ئاوی تێدانییە.

((لەڕاستیدا تێدامابووم کەچی بڵێم، باش بوو نیما وتی))

- بەڵێ، بەڵێ. منیش بینیم. دنیایەك بێچووە بۆق لەهێلکە هاتونەتە دەرەوە، ئەوەندە جوانن!

((دایکم لەچێشتخانەکەدا سەری هێنایە دەرەوەو وتی))

- بێچووە بۆق؟ لەحەوزەکەدا؟!

نیما- ئەرێ بەگیانی تۆ. ژماردنم پەنجا دانەبوون.

((منیش بەسەرسوڕماوییەوە تەماشایەکی نیمام کرد. دایکیشم سەیرێکی منی کردو ڕۆیشتەوە چێشتخانەکە. باوکیشم دووبارە دەستیکردەوە بەڕۆژنامە خوێندنەوە))

سیما- سیاوەش بەڕاستتە؟

- نەخێر، واتە بەڵێ!

((سیما لەکاتێکدا کە بەخێرایی لەجێگەکەی هەڵدەستا، هەروەك منداڵیمان کە من شتێکم لەحەوشەکەدا دەبینی‌و بەوم دەوت، ئەویش کەیفی پێیدەهات‌و بەدوامدا دەهات تاسەیری ئەو شتە بکات، سیما هەستاو دستیگرتم‌و بەدوای خۆیدا رایکێشام، هەردووکمان ڕۆیشتین بۆلای دەرگای ڕاڕەوەکەوەو لەوێوە ڕۆیشتینە حەوشەکەوە. تێدامابووم کە چ هەڵەیەکم کردووە. ئێستا من چ شتێك بەسیما پیشانبدەم، بەهەرحاڵا سیما دەستی گرتم‌و بەدوای خۆیدا کێشی کردم بۆ لێواری حەوزەکە، سیما لەحەوزەکەی ڕوانی‌و وتی))

- سیاوەش بێچوە بۆقەکان کوان؟

((خەریکبووم بیرم دەکردەوە کە چی بڵێم، باش بوو نیما هاتە دەرەوەو هەروەك منداڵی پۆلی یەکی سەرەتای کە چۆن پەنجەیان بەرزدەکەنەوە بۆ مامۆستا تامۆڵەتی قسەکردن وەربگرن، نیماش پەنجەیەکی بەرز کردەوەو بەسیمای وت))

- سیماخان یارمەتیم دەدەیت منیش بێم تەماشای بێچووە بۆقەکان بکەم؟

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین‌و نیما هاتە تەنیشتی منەوەو بەهێمنی وتی))

- هەتیوی بێتەقڵ، ئەو فێڵەمان بۆ ئەوە کرد تامن بێمە دەرەوەو لەگەڵ سیمادا قسە بکەم، بەڵام ئێوە هەردووکتان سەرتان داخستووەو هاتونەتە دەرەوە بۆلای حەوزەکە؟ تۆ خۆت باوەڕ دەکەیت پەنجا بێچووە بۆق لەحەوزەکەدا بێت؟!

سیما- نیما ئەفەندی ئەدی بێچووە بۆقەکان کوان؟

((نیما ڕۆیشتە سەرحەوزەکەوەو تەماشایەکی حەوزەکەی کردو وتی))



Scanned with CamScanner

- تۆی...! داماوی بەستەزمانانە، خەویان هاتووە، ڕۆیشتوون خەوتوون.

((سیما تەماشایەکی نیمای کرد، پاشان تەماشایەکی منی کردو دەستیکرد بەپێکەنین))

نیما- باشە خۆ ئێستا بێچووە بۆقەکان ڕۆیشتوون خەوتوون، وەرن بابڕۆین لەو گۆشەیەی حەوشەکەدا تەماشای مێرولەکان بکەین. ئەوەندە جوانن! دان کۆدەکەنەوەو دەیبەنە لانەکەیانەوە. ئازوقە کۆدەکەنەوە، خواردن کۆدەکەنەوە.

- بەم شەوە؟

نیما- بەڵێ ئەوان کارمەندانێکی ئەوەندە بەشەرەفن کە بەشەویشدا کاردەکەن.

((بەدەم ڕۆیشتنەوە کە لەگەڵ نیمادا بەرەو لای دیوارەکە دەڕۆیشتین نیما هەر وەك ئەوکەسانەی کە چیرۆك دەگێڕنەوە دەستیکرد بەقسەکردن))

نیما- بەڵێ، بۆخۆیان لانە دروستدەکەن، ژن دەهێنن، شوودەکەن، دەبنە خاوەن منداڵ، ئەوەندە باشە.

((من دەستمکرد بەپێکەنین))

- زەهری مار! کوێی ئەو قسەیەم پێکەنین ئامێزە؟!

- من بەقسەکەی تۆ پێنەکەنیم، هەر لەخۆمەوە پێکەنین گرتمی!

نیما- بۆچی مەگەر شێتیت کە هەر لەخۆتەوە پێدەکەنیت؟ تۆ بڕۆ بۆسەر حەوزەکە تەماشای بێچووە بۆقەکان بکە، دەی خێرەگیان.

- خۆ بێچووە بۆقەقان لەحەوزەکەدا نین.

نیما- تۆ بڕۆ لەوێدا ڕاوەستە، هەر کاتێ هاتن ئێمەش بانگ بکە، فیکە لێبدە، خێرا دێین.

((پاشان ئاوڕیدایەوە بەلای سیمادا کە پێدەکەنی وتی))

- بەڵێ، خەریکبووم عەرزم دەکردیت. ئەو مێرولانە لەژیانیاندا یاسایەکی تایبەت هەیە، بۆ نموونە لەکاتی دیاریکراودا کار دەکەن، لەکاتی دیاریکراودا خواردن دەخۆن، لەکات دیاریکراودا دەخەون...

((لەنێوەندی قسەکانی نیمادا وتم))

- لەکاتی دیاریکراودا مێبازی دەکەن!؟

نیما- بۆچی وا دەزانیت ئەوانیش وەك تۆ بێشەرمو حەیان؟!

- وامدەزانی تۆ بەنیاز بوویت ئەوە بڵێیت.

نیما- نەخێر، من دەمویست شتێکی تر بڵێم کە تۆ قسەکەت پێبڕیم.



Scanned with CamScanner

-ببەخشە.

نیما- جارێکی تر قسەم پێ نەبڕیت.

- باشە بەسەر چاو.

نیما- بەڵێ سیماخان خەریکبووم عەرزم دەکردیت، ئەوان لەکاتی دیاریکراودا کاردەکەن، لەکاتی دیاریکراودا خواردن دەخۆن، لەکاتی دیاریکراودا زەماوەند دەکەن، لەکاتی دیاریکراودا منداڵیان دەبێت.

- لەکاتی دیاریکراودا دەمرن!

نیما- لاڵبیت هەتیوو، ئائیدی لەمەراسیمی مارەبڕینو زەماوەنددا باسی مردن نەکەیت!

- ئاخر تۆ هاتوویت بۆ ئێرە تاژیانی مێرولەکان بۆ سیما ڕونبکەیتەوە؟

نیما- هەموو شتێك كاتی خۆی هەیە، تۆ قسەمەکە. من خۆم دەزانم باسی چی بکەم.

- فەرموو.

نیما- بەڵێ دەمووت، عەرزم بەحزورت کە هەنگیش هەر بەو جۆرەیە، ئەوانیش هەمووشتێکیان لەکاتی خۆیدایە، بۆ نموونە لەگەڵ کاتی ژنهێنانیان هات بۆ تەنها ڕۆژێك درەنگی ناخەن. هەر شتێکیا بەدەستەوە بێت دایدەنێنو خێرا دەڕۆن ژن دەهێنن. تەماشاکە چەند ئەو بابەتەیان بەلاوە گرنگە.

- خۆ هەنگە کرێکارەکان ژن ناهێنن.

نیما- بۆچی نایهێنن؟ وەڵڵا چاك دەیهێنن! بەڵام چونکە بێپارەنو دەستیان کورتە، بێ قەرەباڵغیو دەنگە دەنگ زەماوەند دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە زانایانو لێکۆڵەرەوان بۆیان ئاشکرا نەبووە کە ژن دەهێنن.

- کەوات شاهەنگ لەوێدا چ کارەیە؟

نیما- هیچ کارە نییە، واتە هیچی بەدەست نییە.

- کەواتە بۆچی هەنگەکان پارێزگاری لێدەکەنو ڕێزی لێدەگرن؟

نیما- هۆکەی ئەوەیە کە هێشتا ڕژێمی پاشایەتی زاڵە بەسەر مافەکانیاندا! واتە مانای کۆماریی نازانن.

- بڕۆ بابەگیان تۆ هەر لەخۆتەوە، شاکەیان هێلکەیان بۆ دەکات.

نیما- بۆچی مەگەر شاکەیان مریشکە؟ کەواتە هەر شوێنێك شای هەبێت هێلکەشیان هەیە؟

- بەڵێ وایە، کاری شا هەر ئەوەیە.

نیما- کەواتە دەبێت ئێستا کۆمەڵگای ئینگلیز دە ملیارد کەس بێت.



Scanned with CamScanner

- من شای هەنگ دەڵێم، ئەگەر دەزانیت بڵێ کاری شای هەنگ چییە؟

نیما- ئاه ...! لەگۆڕی باوکی هەنگەکان بەم! باشە خۆ من باسی مێرولەم دەکرد.

- مێرولەکانیش وەك هەنگەکان وان.

نیما-نەخێر وەك یەك نین، ئێستا ئەگەر مێرولەی باڵدار بڵێیت شتێکی دیکەیە، بەڵام مێرولەی ئاسایی ژیانی جیاوازە.

- ئامادەم لەسەر هەرچییەك بڵێیت گرەوت لەگەڵ بکەم. مێرولەی کرێکار ژن ناهێنێت.

نیما- کەواتە چی لەژیان تێدەگەن؟ تەنها وەك کەر کار بکەن؟

- سروشتیان هەروایە.

نیما- نەخێر وانییە. من خۆم بەم چاوانەی خۆم تا ئێستا هەزار جار بینیومە کە ئەو مێرولانە کاتێك بەڕێگادا دەڕۆن‌و بەدۆستەکانیان دەگەن، ماچ‌و موچێك دەکەن کە باس ناکرێت. هەر لەگەڵ چاوی خاوەن کارەکەشیان لێ دیار نەبێت پارچەیەك شیرینی پێکەوە دەخۆن‌و دەستێك بەکوڵمی یەکدیدا دێنن‌و بەخێرایی بەتەنیشتی یەکتردا تێدەپەڕن تادەستەکەیان ئاشکرا نەبێت.

((من‌و سیما دەستمانکرد بەپێکەنین))

- شێتە! ئەوان مووی هەستیان دەنێن بەیەکەوەو بەوجۆرە پەیوەندیی دروستدەکەن.

نیما- شیرینی خواردن‌و دەست لەیەکدی دانیش پەیوەندییەکە.

- ئەوان هەر خۆیان سروشتیان بەوجۆرەیە.

نیما- خۆ سروشتی شێرو پڵنگیش بەوجۆرەیە، هەریەکەیان دە ژنیان هەیە.

- ئەوان جیاوازن، بابەگیان هەموو کەس دەزانێت کە هەنگ‌و مێرلەی کرێکار ژن ناهێنن.

نیما- من شتی وام قبوڵ نییە. کەواتە بۆچی ئەو هەموو زەحمەت دەکێشن‌و کاردەکەن‌و دان‌و خواردن دەبەنە لانەکانیانەوە؟ مرۆڤ ئەگەر ژن‌و منداڵی نەبێت بیر لەوشتانە ناکاتەوەو بەهیچ شتێکیش ناگات. نموونەکەشی خۆم‌و خۆتین. هەرچی پارە پەیدا دەکەین، خەرجی دەکەین. تەنها قەرانێك پاشەکەوتمان نییە. تۆ تا ئێستا رویداوە دوونان‌و چوار کیلۆ میوە بگریت بەدەستەوەو بیبەیتەوە بۆ ماڵەوە؟ نەخێر، بۆچی. چونکە ژن‌و منداڵت نییە.

- خۆ تۆ مرۆڤ بەنموونە دەهێنیتەوە.

نیما- کێ وتویەتی تۆ مرۆڤیت، وا هەر لەخۆتەوە دێیتە ناو باسی مرۆڤەکانەوە؟

- بێئەدەب.

نیما- تو گیانی من تا ئێستا نەت دیووە کە ئەو مێرولانە بەچ زەوق‌و شەوقێکەوە، بەخۆشی ژن‌و



Scanned with CamScanner

منداڵەکانیانەوە کاردەکەن.

- مەسەلە خۆشەویستیو ئەوشتانە نییە. ئەوانە تەنها ئەرکی سەرشانی خۆیان بەئەنجام دەگەیەنن.

نیما- واتە هیچ عەشقو خۆشەویستییەك لەنێوانیاندا نییە؟

- بابەگیان چەند جارم پێووتیت مێروله ژن ناهێنێت!

نیما- بەجۆرێك دەڵێت ژن ناهێنن هەروەك خۆی دەساڵ مێروله بوبێت.

((لەهەمانکاتدا دایکم لەپەنجەرەکەوە بانگی کردینو وتی خوارنەکە ئامادەیە))

نیما- ئاخ ...! ئامۆژن ئێمە هێشتا بێچووە بۆقەکانمان نەبینیوە.

دایکم- جارێ وەرن نانەکەتان بخۆن پاشان.

نیما- ئائێمە نان دەخۆینو دێینەوە ئەوانە یەکی بونەتە نێرەکەرێك بۆ خۆیان، ئیدی بێچوە بۆق نین.

((سیما دەستیکرد بەپێکەنینو ڕۆیشت بەرەو دەرگای ڕاڕەوەکەوەو وتی))

- فەرموون باجارێ نانەکەمان بخۆین، دوای دێین تەماشایان دەکەین.

((سیما ئەمەی وتو بەلێوێکی بەخەندەوە ڕۆیشتە ژوورەوە. کاتێ تەنها منو نیما ماینەوە، نیما تەماشایەکی کردمو وتی))

- زۆر سوپاست دەکەم کە دەربارەی ژیانی هەنگەکانو مێرولەکان قسەت بۆ کردم. ئەگەر زانیاریی دیکەت دەربارەیان پەیداکرد تکایە ئاگادارم بکەرەوە.

((من دەستمکرد بەپێکەنینو هیچم نەوت، نیما لەپڕێکدا هاوارێکی کرد بەسەرماو وتی))

- ناکرێت تۆ بۆ ساتێك بێدەنگ بیت؟. باشە ئەو مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیەکە مێروله ژن دێنێت یان نە؟ مێرولەکانی ماڵی ئێمە هەموویان ژنو منداڵیان هەیە. ئێستا مێرولەکانی ماڵی ئێوە نێرەموکن یان بێوەژنن یان زۆربەیان بێوە پیاون بەمن چی؟ لەگۆڕی باوکی هەرچی مێرولەو هەنگە...

- ئاخر سەرەتا خۆت دەربارەیان قسەت کرد.

نیما- من خەریکبووم ڕێگەم بۆ ژنهێنانی خۆم خۆشدەکرد.

- دەی ئاژەڵێکی دیت بەنموونە بهێنایەتەوە.

نیما- گوێ درێژو مانگاو گام بەنموونە بهێنایەتەوە؟! ئەوکات سیما هەڵنەدەگەڕایەوە هەزار قسەی ناشرینم پێبڵێت، لەبەر ئەوەی بەنموونە ئاژەڵم لەسەر ئەو هێناوەتەوە؟ دەمویست



Scanned with CamScanner

زیندەوەرێکی جوان بەنموونە بهێنمەوە.

((خەریکبووم لەپێکەنیندا دەمردم. نیما خۆشی پێکەنین گرتیو وتی))

- بەهەزار بەدبەختی ئەوکچەم کێشایە حەوشەکەوە تابەڕاستی داخوازی زەماوەندی لێبکەم. بەڵام هەمووی دەربارەی مێرولەو هەنگە دەرد گرتووەکان قسەمانکرد. شەیتان دەڵێت پێیەك بنێم بەسەریانداو لەتیان بکەم. باشە ئێسە بەڕاست مێرولەکان ژن ناهێنن؟

- بەڵێ، بەڵێ. ئەمە چەندجارت پێبڵێم؟

نیما- قوڕبەسەر ئەو بێسەلیقەیی‌و بێ هەستییەیان، باشە بڵێ ئێوە مێرولەن یان تراکتۆر؟ ئەو هەموو ئیش‌وکارە دەکەن دوایش دەیدەنە دەستی یەکێکی دیکە تابیخوات؟ هەروەك ئێمەی مرۆڤیان لێهاتووە کە هەر رادەکەین‌و کار دەکەین، بەڵام پارەکەی دەچێتە گیرفانی مل پانێکەوە!

((لەهەمانکاتدا دایکم پەنجەرەکەی کردەوەو وتی))

ئاە...! بۆچی نایەن؟ چوار بێچووە بۆق کەی ئەوەندە تەماشاکردنی دەوێت. خواردنەکە سارد دەبێتەوە.

- بەسەرچاو واهاتین. وەرە بابڕۆین نیما.

نیما- باشە ئامۆژن بۆچی وا هاوار دەکەیت؟ هەموو خەڵکی گەڕەکەکە ئاگاداربوون کە بڕیارە ئەم ئێوارەیە دڵە دەردێك بەمن بدەن!

((دایکم بزەیەکی کردو ڕۆیشتە ژوورەوەو من‌ونیماش ڕۆیشتینە ژوورەوە. هەر پێنجمان لەدەورەی مێزی خواردنەکە کۆبوینەوەو بەشۆخی‌و پێکەنینەوە نانەکەمان خوارد. لەدوای نیو کاتژمێرێك دایکم‌وباوکم ڕۆیشتن بخەون، چونکە دەبوو بەیانی زوو بڕۆیشتنایە بۆ سەفەر.

سیماش هەستاو ڕۆیشت چامان بۆ بێنێت کە من بەنیمام وت))

- زۆر دڵم بۆ شیوا دەسوتێت. خۆزگە دەکرا بەجۆرێك یارمەتیمان بدایە تاچارەسەر بکرایە.

نیما- زۆرکات ڕۆح ساغە، دەبێت جەستە چارەسەر بکرێت تاڕۆح رزگاری بێت، کاتی واش هەیە جەستە ساغەو دەبێت ڕۆح چارەسەر بکرێت تاجەستە رزگاری بێت. ئەو ناوەوەو دەرەوەشی پێکەوە خراپە. واتە ڕۆحیشی‌و جەستەشی خراپن. ئیدی تۆ دەتوانیت چی چارەسەر بکەیت؟

- ئەوانە هەمووی لەئەنجامی وەبارهێنانی هەڵەو کلوتورە خێزانییەکانەوەیە.

نیما- واتە هەموو ئەو کچانەی کە لەسەر جادەکاندان لەئەنجامی بارهێنانی هەڵەو یاساکانی ماڵەوەیانەوەیە بەوجۆرە گیرۆدە بوون؟ نەخێر هاوڕێ گیان سروشتی خۆشیان گرنگە، خۆیان قاچێکیان لەنگیوە، تەماشایانکردووە داخوازییەکانیان زۆرە، لێهاتنیشیان زیاتر کردووە.



Scanned with CamScanner

- دەمەوێت هەر ئێستا لەگەڵ سیمادا قسە بکەم تابزانم ڕێگەچارەی ئەم نەخۆشییە چییە؟
نیما- شتی وانەڵێیت. بهێڵە باجارێ من خوازبێنی بکەمو وەڵامم بداتەوە، ئەوجا پێی بڵێ.
- بۆچی؟
نیما- ئاخر دوایی وا دەزانێت من نەخۆشییەك شتێکم لەو بابەتە گرتووە. خۆشت دەزانیت دۆسیەکەم ڕەشی قەترانییە.
- بڕۆ ونبە لەبەرچاوم. من دەمەوێت ئەو مەسەلەیەی بۆ باس بکەم.
نیما- بێگومان بەنیازیت باسی شەوی پارکەکەو بۆ میوانخانە ڕۆیشتنەکەو ڕۆیشتن بۆ ماڵیانو هەموویانی بۆ باس بکەیت؟
- بەڵێ دەمەوێت هەمووی بۆ باسبکەم.
نیما- وەڵڵا باسی بکە، ئەو مسقاڵە شەخسییەتەی کە لەلای سیما هەمە ئەویش مەهێڵە.
- من کارم بەتۆوە نییە. دەمەوێت ئەگەر بکرێت بەجۆرێك یارمەتی شیوا بدەم.
نیما- ڕێگای هاوکاریکردنی شیوا ئەوە نییە.
- کەواتە چییە؟
نیما- چاکترین ڕێگە ئەوەیە کە خۆشت بەجۆرێك بڕۆیتو ((ئـایـدز)) بگریت. ئەوجا خزموکەسوکارو هەموو بنەماڵەکەتان بانگهێشت بکەیت تابێن ئایدز بگرن. کاتێك ڕێژەیان لەکۆمەڵگەدا زیاد بوو، دەسەڵات پەیدا دەکەنو دەتوانن ڕێکخراوێك دروستبکەن. پاشان دەتوانن زەوی لەدەوڵەت وەگرنو هەرەوەزی بکەن، هەروەها دەتوانن تراکتۆرو ترۆمبێلی کشتوکاڵیش وەربگرن، خولاسە بەڵێنت دەدەمێ بەمخێراییەی کەخەریکە دەڕوات، لەماوەیەکی کەمدا، هەموو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بەهەموو ئامانجەکانیان دەگەن، لەهەکانکاتیشدا دەست قەرزی درێژ خایەنیشتان پێدەدەن.
((لەمکاتەدا سیما بەسینییەك چاوە هاتو وتی))
- بەنیازن چ ڕێکخراوێك دروستبکەن؟
نیما- لقێکە لەزانستی پزیشکی.
سیما- هەر زۆر چاکە منیش دێم دەبمە ئەندامێك.
نیما- خوا بەو ڕۆژە نەکات، لەهەر ماڵێکدا کەسێك ببێتە ئەندام بەسە. مادام سیاوەش لەم یەکییەتییەدا ناوی تۆمار کردووە ئیدی بەسە.
سیما- بەهەڵکەوت من زۆر حەزم دەکرد ببمە ئەندامێك لەئەنجومەنێك شتێکدا. دەتوانم کاتی



Scanned with CamScanner

بێکاریم بەوجۆرە بگوزەرێنم.

نیما- ناکرێت سیماخان، تکا دەکەم پێداگری مەکە.

سیما- بۆچی نابێت؟

نیما- لەبەر ئەوەی مەرجی پێویستت تێدانییە.

سیما- واتە جەنابت خاوەنی سەدان مەرجیت.

نیما- خودانەکات، منیش ئەو مەرجانەم تێدا نییە. ناشمەوێت هەمبێت.

((سیما ماق بوو بوو بەنیمادا. منیش دەستمکرد بەباسکردنی بەسەرهاتەکەی شیواو هەموویم بۆ گێڕایەوە. کاتێك سیما لەمەسەلەکە تێگەیشت وتی))

- ئاخر سیاوەش تۆ بۆچی شتی وا دەکەیت؟ دەزانیت چەند ترسناکە؟

نیما- کاکت بوەتە شا عەباسی دووەم. تەنها ئەو بەشەودا کەشکۆڵی دەدا بەکۆڵیداو دەڕۆیشت بۆ ناوشارو یارمەتی هەژارانی دەدا، بەڵام سیاوەش، بەشەودا دەکەوێتە شوێن ((ئایدزییەکان)) تایارمەتییان بدات، بەدبەختی لەوەدایە کە بەزۆر منیش لەگەڵ خۆیدا دەبات.

سیما- تۆ بۆچی دەهێڵێت ئەو کارانە بکات؟ ئەگەر خودا نەکردە بەڕێکەوت گیرۆدەبوون چی؟

نیما- ئاخر ئێمە سەرەتا نەماندەزانی کابرا ئایدزییەتی.

سیما- عوزر خراپترە لەقەباعەت. ئەوشتانە لەتۆوە دوورە نیما ئەفەندی. ئێستا ئەگەر سیاوەش بڵێیت قەیدی نییە هەموو کەس دەڵێت سادەیە. داماوە، لەسروشتیدا تاوانکردن نییە. بەڵام تۆ بۆچی؟

نیما- دەستت خۆشبێت سیماخان. واتە من حەوت خەتمو ستەمکارمو هەم تاوانکردنیش لەزاتمدا هەیە؟ زۆر سوپاستدەکەم. لەخودا بەزیادبێت کە ئاگاداری هەموو کارە چاکەکانمیت.

((منو سیما دەستمانکرد بەپێکەنین))

سیما- نەخێر، مەبەستم ئەوە نەبوو. دەمویست بڵێم تۆ بەئەزموونترو تێگەیشتووتریت.

نیما- باشە ئێستا باشترە. واتە تۆ بەوجۆرە مەبەستەکەتت بەیانکرد، واتە لەڕاستیدا دەتویست بڵێیت سیاوەش گوێدرێژێکی سادەیە. وایە؟

- زەهری مار.

نیما- لەخزمەتی جەنابتدا عەرزبکەم، ئەوشەوە زۆرم پێوت واز لەوکچە بێنە بابڕۆین. بەڵام گوێی بۆنەگرتم، هەر دەیووت ئەمە لەماڵەوە هەڵهاتووەو من دەبێت بیگێڕمەوە بۆ ماڵەوە. باشی لەوەدابوو کە بردبووی بۆ میوانخانەو نەیهێنابووەوە بۆ ئێرە.



Scanned with CamScanner

سیما- تەماشاکە سیاوەش. ئەوکچە سەرباری ئەوەی کە کێشەی ڕەوشتیی هەیە، ترسناکیشە، پێدەچێت ئەو نەخۆشییە توانای ڕوخاندنی لەبۆمبی ئەتۆم زیاتر بێت. لەڕاستیدا ئەو نەخۆشییە بۆمبێکی ئەتۆمی بێدەنگە. کارەساتێکە بۆخۆی. زۆرکەس باوەڕیان وایەکە ئەم نەخۆشییەیان بەتایبەتی دروستکردووە تاجیهانی سێهەمی پێ نابوت بکەن، لەڕاستیدا چەکێکی ترسناکە.

نیما- بەڕاستی چەکێکی سامناکە، خودا لێیان خۆشنەبێت، سیماخان دەکرێت وەك پزیشکێك زیاتر لەسەر ئەو چەکە ترسناکە بۆمان بدوێیت؟ ئەگەر دەکرێت بفەرموون ئەو چەکە توانای سەرکەوتنی چەندێکە؟ چ جۆرە فیشەکێکی بۆ بەکار دێت؟ چ سودێکی هەیە؟ جۆری بەرگریکردنەکەی بەچ جۆرێکە؟ کاتێك مرۆڤ بەهۆی ئەو چەکە شەیتانییەوە بریندار بوو ڕێگە چارە چییە؟ لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە چۆن دەکرێت لەکەسێك نزیکبیتەوە کە ئەو چەکەی بەدەستەوەیەو تۆش بەنیازیت چەکەکەی لێ دامالێت؟

((منو نیما دەستمانکرد بەپێکەنین))

سیما- ((Hiv)) ڤایرۆسی ناهاوسەنگکەری سیستەمی بەرگری جەستەی مرۆڤە. ((Hiv۲ Hiv۱)) ی هەیە. قۆناغی سوڕانەوەی نۆ تا پانزە ساڵە. لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا ماوەی کەمترە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان. کۆمەڵێك لەوکەسانەی کە بەڤایرۆسی Hiv۲ گیرۆدەبوون، ڕێگەی چاك بونەوەیان لەدەستکەوتندایە. بەڵام Hiv۱ نەخێر، چونکە ئەمەیان نەخۆشییەکە کە تەواوی سیستەمی بەرگری لەش لەناو دەباتو جەستە بێبەرگری دەبێت.

نیما- من بمرم، بۆ ئەو جەستە بێبەرگریانە. ڕێگە چارە چییە؟ ئەوە بڵێ.

سیما- تا ئێستا توێژینەوەیەکی هێجگار زۆر لەسەر ئەو ڤایرۆسە کراوە، بەڵام تا ئێستا بەئەنجام نەگەیشتووە. ڤایرۆسێکە هەمیشە لەگۆڕاندایە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ناکرێت دژەکەی دروستبکرێت.

نیما- خودایە تەمەنی ئەو ڤایرۆسە ئاگر بگرێت، چونکە دەڕواتە لاشەی ئەو هەموو بەستە زمانانەوە.

سیما- هەردوو ئەو ڤایرۆسانە، هۆی ئەو نەخۆشییەیە کە لەلاشەی شەمپازییەکانو کەمێك لەمەیموونە ئاساییەکاندا بووە، بۆ یەکەمینجار لەساڵی هەشتاکاندابوو کە ئەو ڤایرۆسە دۆزرایەوە، ئەویش لەئەمریکادا، هەڵبەت زۆربەی خەڵکی بڕوایان وایە کە لەئەفریقاوە دەستیپێکردووە، کۆمەڵێکیش دەڵێن لەئەنجامی شیتەڵکاریی میکرۆبە جۆربەجۆرەکاندا ئەو ڤایرۆسە دروستبووە، کە کەسە بەتواناکان بۆ دروستکردنی بۆمبی کیمیاوی ئەنجامیان دەدا، ئەو ڤایرۆسە زیاتر لەغودە



Scanned with CamScanner

لیمفاوییەکاندا بەکارە. سەرەتا هێرش دەکەن بۆ خڕۆکەسپییەکانو سێڵدی گسکەوان چنینەوەو ئەوانە توش دەکەن، لەپاشاندا دەچێتە ناو Cdtوە، لەهەمانکاندا دەچێتە ئاستی خانەی سێڵدەوەو هەتا سێڵدەکە خۆشی توش دەکات. Cdt بۆ پێتاندن لەلیمفەکاندا پێویستەو زۆر گرنگە!

نیما- سیماخان نیشانەکانی چییە؟

سیما- سەرئێشە، تا، عارەقی شەوانە، ناساغی، هیلاکی، بێنیشتیهایی، کەمبونەوەی کێش، سکچوون، بۆ نموونە لەچاودا دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ وەك سەراب شتەکان ببینێت، واتە مرۆڤ بەتاری شتەکان دەبینێت. لەدەمدا لیکی سپی دروستدەبێتو رەنگە تەشەنەش بکات بۆ ناو قوڕ قوڕاگەو لەدوایشدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر بەسەختی خواردن قوت بدرێتو پەلێکی ئازارە باریکەشی پێوەیە، هەروەها لەپێستدا برینێکی دەردناكو بۆگەنە! نیشانەی زۆرە. بەهەرحاڵ نەخۆشییەکی کوشندەو ترسناکە. خۆشبەختانە ئەم نەخۆشییە لەئێراندا ناتوانێت زیادبێت.

نیما- چۆن؟

سیما- چونکە زۆربەی بنەماڵەکانی ئێمە دژەکەیان هەیە!

نیما- دژکەی چییە؟

سیما- پاکێتی، ئەو پاکییەتییەی کە لەناو ئێمەی ئێرانیدا هەیە.

نیما- رێگە چارە بۆمنو سیاوەش چییە؟ خۆ ئێمە پاکێتیمان تێدا نییە!

((هەرسێکمان دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- ئێستا واز لەگاڵتەکردنو پێکەنین بهێنن، بەڕاستی هیچ رێگە چارەیەك نییە؟

سیما- بەداخەوە تا ئێستاش شتێك نییە کەپێش لەو نەخۆشییە بگرێتو چارەسەری بکات. لەڕاستیدا ئەو کەسەی بەڤایرۆسی Hiv گیرۆدە بووە، دەتوانێت بڵێت لەگەڵ مردوویەکدا هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنها کاتی مردنەکەی درەنگترە، بەتایبەتی Hiv1!

- پێدەچێت تا یەك دوو ساڵی دیکە دەرمانەکەی دروست بکرێت؟

سیما- من باسی ئێستا دەکەم. دەزانن؟ ئەو کەسانە بۆ کۆمەڵگە زۆر ترسناکن. هەر نەخۆشێك کە بەو ڤایرۆسەوە گیرۆدە بووە، رەنگە تا ئەوکاتو ساتەی کە ئاگادار دەبێت ئەو نەخۆشییەیەتی، دەیان کەسی دی گیرۆدە کردبێت. هەتا نزیکترین کەسیو ئەو کەسانەش کەخۆشی ویستوون.

نیما- شوێنێك نییە چاودێری ئەو نەخۆشانەی تێدا بکرێت؟

سیما -شوێن هەیە، بەڵام زۆر کەمە. زۆریش تەیارنین، دەبێت کۆمەڵێك کەسانی تایبەت ئەو کارە بەئەستۆ بگرن، ئەوانیش زۆر کەمن، هەموو لەونەخۆشییە دەترسن، هەروەك وتم، کەسێك کە



Scanned with CamScanner

ئەو ڤایرۆسانە بچێتە جەستەیەوە لەگەڵ مردودا هیچ جیاوازییەکی نییە.

نیما- بڵێم خودا چیت لێبکات سیاوەش! تەماشاکە ئێمەت هەڵدا کوێوە. رێك بۆ بنکەی شیتەڵکاریی میکرۆبەکان، خۆش لەوەدابوو بەخەیاڵی ئاسوودە دانیشتبووین چامان دخواردەوە. هەستم برۆم قوری شوێنێك بکەم بەسەرما.

((ئەو شەوە نیما کەمێك شۆخی‌و قسەی نەستەقی بۆ کردین، پاشان هەستاو ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان. بۆ بەیانییەکەی زوو تا باوکم‌ودایکمم گەیاندە فرۆکەخانەو گەڕامەوە نزیکەی کاتژمێر یانزەبوو، تەلەفۆنەکەی ماڵەوەمان زەنگی لێدا، نیمابوو))

نیما- ئەلو، سیاوەش.

- چۆنی نیما ئەوە لەکوێیت؟

نیما- یاخوا هەاڵی مەرگتم بۆ بێنن هەتیوە کەرە. هەستە چارەسەری ئەو بەزمە بکە کە ناوتەتەوە.

- نیما چیبووە؟

نیما- پرهام تەلەفۆنی کرد بۆ ئەوەی من‌و تۆ بڕۆین بۆ ماڵیان. پێموایە بارودۆخ زۆر خراپە.

- ئاخر بۆچی؟

نیما- ئێستا تۆ وەرە بۆ ئێرە پێت دەڵێم.

((هەر لەگەڵ تەلەفۆنەکەم داخستەوە مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، یەڵدا بوو))

یەڵدا- ئەلو سیاوەش.

- چۆنی یەڵدا چیبووە؟

یەڵدا- شتێکی گرنگ نییە، تەنها تۆ ئەگەر دەتوانیت وەرە بۆ ئێرە. باوکم دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.

- باشە بەسەرچاو واهاتم.

((پۆشاکەکانم پۆشی، سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم‌و وەڕێکەوتم بەرەو ماڵی نیما، لەدوای چارەکە سەعاتێك گەیشتمە بەردەرگاکەی ماڵی نیما، هەر لەگەڵ لەئۆتۆمبێلەکە دابەزیم نیما وتی))

- هەموو شتەکانت سزادانی تێدایە. ژنهێنانت، هاوکاریکردنی خەڵکیت، خوشك بەشودانت!

- ئاخر بۆچی؟

نیما- پورێ خان ئاگادار بووە کە من‌وتۆ دایەگەورەمان بردوە بۆ نەخۆشخانە.

- بۆچی کارێکی خراپمان کردووە؟ مەگەر هاوکاریکردنی پیرێژنێکی داماو تاوانە؟

نیما- ئێستا بەسەر مندا باڵا ڕامەوەشێنە، برۆ ئەوانە بەشازادەخان بڵێ.



Scanned with CamScanner

- بەخودا دەیڵێم، وەرە بابڕۆین.

نیما- من بۆچی بێم؟

- دەتەوێت من بەتەنها بڕۆم؟

نیما- تۆ بەنیازیت یەڵدا بەدەست بێنیت، من بۆچی بێم؟

- باشە مەیە، بەڵام تا ئەمریت چاوت بەسیما ناکەوێت!

نیما- یاخوا کوڕەکە دەرد بگریت. پیاو لەگەڵ ژنبرای خۆیدا بەمجۆرە هەڵسوکەوت دەکات؟! دەتەوێت باجم لێوەرگریت؟

- ئێستا دێیت یان نە؟

نیما- دێم بابەگیان دێم. باشە تۆ هەرهیچ نەبێت دەستەیەک گوڵت بکڕایایە.

- نیما دەستە گوڵت بۆچییە؟ خۆ ئێمە بۆ خوازبێنی ناچین.

نیما- منیش بۆ خوازبێنیم ناوێت, دەمەوێت دوای ئەوەی کە پورێ خان هەلا هەلای کردیت بیخەمە سەر گۆڕەکەت بۆ ئەوەی سەر سەوز بێت.

((منو نیما پێکەوە ڕۆیشتین بۆ ماڵی پرهامو زەنگی دەرگاکەمان لێدا. دەرگاکەیان کردەوەو ڕۆیشتینە ژوورەوە. لەبەردەم دەرگای باڵەخانەکەدا خزمەتکارەکەیان سڵاوی لێکردینو بردینییە هۆڵەکەوە، پورێ خانو دایكو باوکی یەڵداو دایەگەورە لەهۆڵەکدا دانیشتبوون. هەر لەگەڵ ڕۆیشتینە ناو هۆڵەکەوە پرهام هاتە پێشەوە، لەدوای سڵاوو هەواڵپرسی داوای لێبوردنی لێکردینو وتی))

- ببورن کوڕەکان وابزانم لێك تێنەگەیشتنێك ڕویداوە، دەمویست ئێوە بێن بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بابەتەکە چارەسەر بکرێت.

((ئێمەش ڕۆیشتینە پێشەوەو سڵاومانکرد، پورێ خان وتی))

- تکایە کاك ((زەکاوەت)) دانیشە.

دایەگەورە- کاك ((کەسافەت)) دانیشە چییە پورێ خان؟ شەرمو حەیا بۆ مرۆڤ شتێکی باشە!

((منو نیما پێکەنین گرتینی، پاشان پرهام وتی))

- کوڕەکان بمانبورن چونکە دایەگەورە ((نەخۆشە))

دایەگەورە- دایەگەورە ((بێ ئیشە))؟

پرهام- هیچ دایەگەورە لەگەڵ تۆم نەبوو.

((ویستم بڕۆم دانیشم کە یەڵدا بەرەو ڕووم هاتو بزەیەکی بۆکردم، منیش بزەیەکم بۆ کرد.



Scanned with CamScanner

نیما بەتوندیی کێشای بەکەلەکەمداو بەئارامی پێیووتم))

- چاوت لێکنێو دەمت دابخە، یاخوا مردو شۆرەکەت پێت پێبکەنێت، ئێستا کاتی دەستگیران بازی نییە.

((منو نیما دانیشتینو یەڵداش هات لەتەنیشتی مندا لەسەر قەنەفەکە دانیشت. لەپڕێکدا پورێ خان وتی))

- کاک زەکاوەت، پرسیارێکم لێتان...

دایەگەورە- دیسان دەڵێیت کاک کەسافەت! پورێ خان زمانت پڕاوە کۆیکەرەوە، ئەوکوڕە وەڵامت ناداتەوە لەپیاوەتی خۆیدایە خۆ قابیلە لێت ناترسێت. خۆتۆ هەرگیز قسەی خراپت نەدەکرد؟

((پورێ خان تەماشایەکی دایەگەورەی کردو وتی))

- دەمویست بزانم تۆ دایەگەورەت بردوە بۆ نەخۆشخانە؟

نیما- من؟ مەگەر من ئامبولانسی تارانم پورێ خان؟

((پورێ خان تەماشایەکی نیمای کرد، پاشان بەدایەگەورەی وت))

- شازادەخان تۆ ((بەتەنهایی)) ڕۆیشتیت بۆ نەخۆشخانە؟

دایەگەورە- من کەی ((بەنەعلەوە)) ڕۆیشتووم بۆ بەهارستان؟ مەگەر شێت بووم؟ من دوێنێ هەر بەسەرڕێوە سەرێکم لەو نەخۆشخانەیەدا کە دوو سێ گەڕەك لەسەرووی خۆمانەوەیە، ڕۆیشتم بۆلای دکتۆر هێمن.

دایکی یەڵدا- بۆچی مەگەر ((دەرمانەکانت)) تەواو بووە؟

دایەگەورە- کەی ((خواردنمان)) تەواو بووە؟ هێشتا ماویەتی بۆ نیوەڕۆ. ئەو قسانە چییە دەیکەیت؟ دەڵێم ڕۆیشتووم بۆلای دکتۆر، دەرمانەکانم تەواو بوو بوو ڕۆیشتم تا ئەو دکتۆرە ((نوسخە))یەکم بۆ بنوسێت. بەڵام ئەگەر بزانیت چ کەسێکی نازەنین بوو. لەگەڵ تەماشی کردم بەهەموو دەردەکانمی زانی. دکتۆرەکە پێیووتم دایەگەورە دەردی تۆ دەردی تەنهایو بێکەسییە. موو بەموو ژیانی خۆمی پێمووت!

دایکی یەڵدا- دایەگەورە ڕۆیشتیت ((فاڵت)) گرتەوە؟

دایەگەورە- ڕۆیشتووین ((حاڵی)) کێمان گرتووە؟ دەڵێم ڕۆیشتین بۆلای دکتۆر. خێری بنوسێت، وتی دەردی تۆ نەبونی تاکێکە، وتی دەبێت هاوزمانێك بۆخۆت پەیدابکەیت. دوو بەدووش بڕۆن بۆ ((ورامین)) ئەگەرنا دەبێت ((کۆڕی پرسەت)) بۆ بگێڕن! واخەریکە دیق دەکەیت.

((چاوی نیما خەریکبوو دەهاتە دەرەوە، نیما تەماشایەکی منی کردو وتی))



Scanned with CamScanner

- وەك تۆ ئاگاداربیت پزیشکەکە ئەوانەی بەدایەگەورە وت؟

پورێ خان- لەم رۆژەدا شەرمو حەیا ((کیمیایە))

دایەگەورە- بەڵێ، لەو پزیشکە ((بێزیایانەیە)) ئەگەر دەتەوێت ئەمجارەیان تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم.

((پورێ خان ئاوڕیدایەوەو بەنیمای وت))

- کاك زەکاوەت دەربارەی ئەم بابەتە چ ڕونکردنەوەیەکتان هەیە بیڵێ.

نیما- ببورە، دایەگەورە دەیەوێت شوبکات، کەچی من دەبێت رونکردنەوەی لەسەر بکەم؟ مەگەر دایەگەورە شو بەمن دەکات؟

پورێ خان- دەربارەی بردن بۆ نەخۆشخانەکەیان پرسیاردەکەم.

نیما- بابەگیان ئەوە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟

پورێ خان- دایەگەورە دەڵێت لەگەڵ َمینادا ڕۆیشتوم بۆ نەخۆشخانە.

نیما- ببەخشە، مینا ناوی کچانە. ڕاستە پیتی یەکەم نەبێت کە میناو نیمایە لەیەکەوە نزیکن، بەڵام لەنوسینو خوێندنەوەدا جیاوازن.

پورێ خان- مەبەستی دایەگەورە لەمینا تۆیت.

نیما- پورێ خان بەکێ و بەکێ قەسەم من کوڕم نەك کچ. واتە باوکم لەسەرەتاوە کوڕ پەرست بووە. هەر داوای کوڕیشی لەدایکم کردووە. ئەگەر من کچ بوایەم تا ئێستا دە جار دایکم تەڵاق درابوو. لەهەمانکاتدا من رەگەز نامەم هەیە. هەروەها زۆر کەس هەیە ئامادەن بۆ پیاو بوونی من گەواهی بدەن. هەمووشیان خاوەن ڕێزن. ئەگەر دەفەرموون پێیان دەڵێم بەخێرایی بێن بۆ ئێرەو گەواهی بدەن؟

((ئێمە دەستمانکرد بەپێکەنین، پورێ خان لەژێرچاوەوە تەماشایەکی پرهامی کرد، پرهامیش خێرا خۆی کۆکردەوە. پاشان پورێ خان بەدایەگەورەی وت))

- شازادەخان تۆ نەڕۆیشتیت بۆ ((نەخۆشخانە))؟

دایەگەورە- تۆف! سەردەمی ئێمە کەی ((باخچەی ساوایان)) هەبوو؟ ئێمە بۆ قوتابخانەکەش بەزۆر دەڕۆیشتین. بۆ زانیاریتان دایكو باوکی ئەو سەردەمە ئەوەندە بێ ئاگابوون هەتا نەیاندەزانی خۆیان چەند منداڵیان هەیە، ئەوجا هیچ نەکەن منداڵەکانیان بخەنە باخچەی ساوایانەوە. منیش منداڵبووم و ئەقڵم بەو شتانە نەدەشکا، هەر بۆ قوتابخانە ئاساییەکەش کە دەڕۆیشتم ئەو مامۆستا خودالێخۆشبووەمان شوڵێکیکی دا لەناو دەستم، منیش ئیدی لەبەیانییەکەیەوە نەڕۆیشتم بۆ



Scanned with CamScanner

قوتابخانه. ئێستا ئەگەر ڕۆژێك کاتم هەبوو بۆتانی باس دەکەم...

((ئێمە خەریکبووین پێدەکەنین، بەڵام لەسەر خۆ. پوری خان کە تەواو توڕە بوو بوو، نەیهێشت دایەگەورە قسەکەی تەواوبکات بەنیمای وت))

- کاتێك کە دایەگەورە دەڵێت مینا، مەبەستی تۆیە. ئێمە جگە لەتۆ لەدراوسێکانماندا کەسێك بەناوی مینا ناناسین.

نیما- ڕێزتان هەیە پوری خان، بەهەڵە لەجەنابتیان گەیاندووە. بەڵام وەك لەکەدارێك عەرزی حزورتان بکەم، گیانم بۆت بڵێ. مینایەکمان هەیە هەر لەم گەڕەکەی خۆماندا واتە لەسەر گۆشەی گەڕەکەکەی خۆتاندا، سێ ماڵ وەرە سەروتر مینای کچی فریشتەخان، هەروا بێتەوە کرێچییە تازەکەی کاك ئیعتزاد، هەردوو ماڵ ئەولاتر کچێکیان هەیە بەناوی مینا. هەڵبەت ناوی خۆشی بەکەس ناڵێت. بەهەموو کەس دەڵێت ناوم ((مارگریت))ە! باشە قەیدی نییە ئەویش هەر ناوی گوڵێکە، ئێستا چ مینا چ مارگریت. لەخزمەتی شازادەخاندا عەرز بکەم کە گەڕەکی سەرەوە لەناوەڕاستی گەڕەکەدا...

پوری خان- ئاغای زەکاوەت. من نامەوێت ژمارەی ئەو کچانەی کە ناویان مینایە بزانم. من ئەو مینایەم دەوێت کە دایەگەورە دەیناسێت، بۆیە دڵنیام تۆیت.

نیما- ئەو هەموو مینا لەم گەڕەکەدا هەیە، ئێستا تۆ تەنها منت بەمینا قبوڵە؟!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- ئێستا ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان هەریەکێك لەومینایانە ڕۆیشتو کارێکی ناشرینی کرد تەنها یەخەی من دەگیرێت؟ کەواتە تازووە بڕۆم لەڕەگەزنامەدا ناوەکەم بگۆڕم بە((ماگنولیا)) خۆهەر هیچ نەبێت لەگەڕەکێکدا تەنها دانەیەکی تێدایە.

((دووبارە هەمو دەستمانکرد بەپێکەنین. ئەمجاریان پوری خان خۆشی پێکەنین گرتی، بەڵام هەر زوو دەستیکرد بەکۆکە کۆك‌و وتی))

- تۆ خەریکە قسەی بێبنەما دەکەیت ئاغای زەکاوەت.

نیما- ئەی خودایە. من هەرچییەك دەڵێم گوماناوییە. توخودا ئەوەندە قسەم بۆ دروست مەکەن. ئاخر خۆ تۆش خاوەنی کچیت، ئەگەر ئەو هەواڵانە بەگوێی داواکارەکانمدا بگات بێچارە دەبمو لەماڵەوە دەمێنمەوە بەسەر باوکمدا.

((هەمو پێکەوە دەستمانکرد بەپێکەنین. دایەگەورە وتی))

- مینا گیان کچ بەشوودەدەن؟

((لەگەڵ دایەگەوەر ئەم قسەیەی کرد، یەکسەر پوری خان وتی))



Scanned with CamScanner

- بینیت؟ ئێستا بینیت مەبەستی لەمینا تۆیت؟

((لەگەڵ پوریّ خان ئەمەی وت، نیما تەماشایەکی هەموومانی کردو بەڕوخسارێکی داماوانەوە وتی))

- بەڵێ، من پێی لێدەنێم، مینام، تەمەنم بیستو هەشت ساڵە، خاوەنی منداڵێکمو لەمێردەکەم جیابومەتەوە لەبەرئەوەی گیرۆدە بووبووم بەدەستییەوە. توخودا وازم لێبێنن.

((دووبارە هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین، دایکوباوکی یەڵدا لەپێکەنیندا چاویان پڕبوو بوو لەئاو. پوریّ خان کە بەزۆر خۆی گرتبوو، وتی))

- کەواتە پێی لێدەنێیت کە تۆ دایەگەورەت بردوە بۆ نەخۆشخانە. ئێستا داوات لێدەکەم زۆر روو ڕاستانە بڵێیت بۆچی ئەو کارەت کردووە.

نیما- بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندنیان. دەمویست بیانخەمە سەر ڕێگەی خراپە کارییەوە. هەڵبەت جەنابتان لەکاتی خۆیدا پێتانزانیو نەخشە شومو شەیتانییەکەی منیش بێئامانج دەرچوو.

((ئیدی ئەوانەی کە لەهۆڵەکەدا دانیشتبوون تەنها خەریکبوون پێدەکەنین. هەتا خزمەتگارەکانیش هاتبونە خواری ساڵۆنەکەوەو پێدەکەنین، بەڵام نیما خۆی هەتا بزەیەکیش نەکەوتبووە سەر لێوی))

نیما- ئاخر ئەو قسانە چییە دەیکەن؟ من چ کەڵکێك لەدایەگەورە وەردەگرم کە بیبەم بۆ نەخۆشخانە یان شوێنێکی تر؟ ئێستا ئەگەر هەفتا ساڵ لەمەوبەر بوایە دەتانتوانی پێوەم بلکێنن، بەڵام ئەو بەرواری لەدایکبونەی کە دایەگەورە هەیەتی دەبێت بخرێتە مۆزەخانەوەو بەکەڵکی من نایەت، ئەوجا ئێوە دەبێت زیاتر ئاگاداری ئەو قاچاخچییانەبن کە ئاسارو شتی عەنتیکەی ژێر خاك ئاودیوو دەکەن، ئەگەر ئەو قاچاخچییانە بۆنی ئەوەبکەن کە دایەگەورەش لەوێیە یەکسەر ئاودیووی دەکەن بۆ ئەوروپا.

دایەگەورە- مینا گیان ئەوە دەڵێیت چی؟

نیما- دایەگەورە گیان ئیدی بەمن مەڵێ مینا. من ناوەکەمم گۆڕیوە کردومە بەمانگۆلیا. ئەگەر بەلاشتەوە ناڕەحەت بوو پێمم بڵێ ((مەگی))

دایەگەورە- پێت بڵێم ((نەگی))؟

پوریّ خان- وابزانم بابەتی کۆڕەکە گۆڕا بۆ شۆخیو شتی ناماقول، تکاتان لێدەکەم خۆتان کۆنترۆڵ بکەن ئێمە بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ لێرەدا کۆبوینەتەوە.

((هەموو خۆیان کۆکردەوەو پوریّ خان وتی))

- کەواتە پێت لێنا کە دایەگەورەت بردوە بۆ نەخۆشخانە؟



Scanned with CamScanner

نیما- بەڵێ.

پورێ خان- ئێستا بڵێ بۆ؟

نیما- بەخودا شەیتان هەڵی خەڵەتاندم! شازادەخان بەڵێنت پێدەدەم کە ئیدی لەو هەڵانە دووبارە نەکەمەوە.

پورێ خان- هەر خۆت بەتەنها دایەگەورەت برد بۆ نەخۆشخانە؟

نیما- ئەدی قابیلە بۆ بردنی پیرەژنێك بۆ نەخۆشخانە دەکەس بانگ بکەم؟ بەڵێ بەتەنها هەر خۆم بووم.

پورێ خان- مەبەستم ئەوەیە کە سیاوەشیش لەگەڵ تۆ بوو؟

نیما- باوەڕم پێبکە لەیەکەمین ساتی دەسپێکردنی ئەو نەخشەیەوە تاکۆتاییەکەی هەر خۆم بوومو هیچ کەس ئاگادار نەبووەو کەس شەریکم نەبووە لەتاوانەکەدا. واتە من ئامادە نەبووم دایەگەورە لەگەڵ کەسدا بەش بکەم!

((دووبارە هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین، دەنگی پێکەنینی خزمەتکارەکان سەرنجی پورێ خانی ڕاکێشا. خزمەتکارەکانیش لەگەڵ پورێ خانیان بینی بەحساب مێزەکان پاك دەکەنەوە هاتنە هۆڵەکەوە، پورێ خان ئارامی گرت تاکارەکەیان تەواو بێتو بڕۆنە دەرەوە. لەهەمانکاتدا کاك پرهام لەسەرخۆ بەنیمای وت))

- ئێستا بۆچی دایەگەورەت برد بۆ نەخۆشخانە؟

نیما- ئاخر ئەو ئاگر تێبەربووەم خۆشدەوێت. بردم بۆ نەخۆشخانە وتم با شیکاریی خوێنی بۆ بکەن، ئەگەر موعتاد نەبوو مارەی دەکەم، بابەگیان هەر بەلایەنی گاڵتەوە خەریکە دۆسییەیەکم بۆ دروستدەکەن. باشە تۆ وا دەزانیت مرۆڤ بۆچی پیرێژنێك دەبات بۆ نەخۆشخانە؟ بێگومان داماوە نەخۆش بووە.

پورێ خان- تکایە نیما ئەفەندی درێژەی پێبدە.

نیما- من بینیم ئەو پیرێژنە داماوە قاچ ئێشەی هەیە، منیش پزیشکێکی ئاشنام هەبوو، دایەگەورەم برد بۆلایو ئیدی تەواو.

((پورێ خان کەمێك بیری کردەوەو وتی))

- زۆرباشە، من زۆر سوپاسی تۆ دەکەم کە دۆستیت نواندووە، لەڕاستیدا من وای بۆ نەدەچووم.

نیما- لەخودا بەزیادبێت کە هەموو شتێك بەخێرو خۆشی تەواو بوو. ئێستا ئەگەر لوتف بفەرموون دۆسییەکەی من کۆتایی پێبهێنن مەمنون دەبم، تامن هەستم بڕۆم چونکە دەبێت



Scanned with CamScanner

پیرێژنێکی تر لەگەڕەکەکەی سەرەوە هەڵخەڵەتێنم. بەیارمەتی خۆتان.

((نیما ئەمەی وت و لەجێگەکەی هەستا، منیش یەکسەر بەپورێ خانم وت))

- شازادەخان منیش لەگەڵ نیماو ئەواندا ڕۆیشتبووم!

پورێ خان- تێناگەم.

((نیما کە حەپەسابوو دەستیکرد بەقەرەباڵغی دروستکرد لەبەر ئەوەی قسەکەی من لەبیری پورێ خان بەرێتەوە))

نیما- هیچ پورێ خان. ئەم سیاوەشە کەمێك دەمۆپلی بۆ قسەکردن باش نییە. دەیەوێت بڵێت ئێستا منیش لەگەڵ نیما دەڕۆم. واتە هەردووکمان ئێستا دەڕۆین.

((پاشان نیما بەتوڕەییەوە تەماشایەکی منی کردو وتی))

- پێموایە ئیدی لێرەکارێکمان نەماوە. لەخودا بەزیاد بێت مەسەلەکە روون بووەوە، باشە تۆ لەسەرەتاوە تا ئێستا لاڵ بویت، بۆ ساتێکی دیکەش لاڵ بەرەوە تالێرە دەڕۆین.

((ئاوڕمدایەوەو تەماشیەکی نیمام کرد، پاشان بەپورێ خانم وت))

- منیشیان لەگەڵ بووم.

((پورێ خان تەماشایەکی نیمای کرد، پاشان بەنیمای وت)))

- نیما سیاوەش ڕاستدەکات؟

((نیما دەستیکرد بەقسکردن))

- بەڵێ، تەندروستی باوکی سیاوەش خراپ بوو بوو خەریکبوو دەڕۆیشت بۆ نەخۆشخانە کە من گەیشتمە ئەوێ، هەر لەگەڵ بەسیاوەش گەشتم ئەویشم خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەو ئەویشم گەیاندە نەخۆشخانە.

((لەدوای ئەوەی کە نیما ئەو قسەیەی کرد، یەڵداش وتی))

- منیشیان لەگەڵ بووم.

نیما- بەڵێ یەڵداخان وەختێ بینی ئێمە پەشۆکاوین، لەخۆوە حاڵی تێك چوو، ئیدی ئەویشم خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەوەو گەیاندمە نەخۆشخانە. نازانیت ئەوڕۆژە چ گیرێکم خواردبوو. سێ نەخۆشم بەکۆڵەوە بوو. گەیاندمە نەخۆشخانەو هەرسێکیان خرانە ژێر ئۆکسجینەوە! باشە ئێستا لەخودا بەزیادبێت هەموویان باش بوون. سیاوەش هەستە بائیدی ئەرکیان نەخەینە سەر. هەستە دەی، بەیارمەتی شازادەخان.

پورێ خان- تکایە کاك نیما دانیشە.



Scanned with CamScanner

نیما- ئاخر پورێ خان ئێستا تەواوی پیرێژنەکانی تاران چاوەڕوانن من بیانبەم بۆ نەخۆشخانە.

پورێ خان- وتم دانیشە!

نیما- بەسەر چاو.

((نیما دانیشت، بۆ ساتێك بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، پاشان پورێ خان کە زۆر توڕەبوو، بەڵام بەڕوی خۆیی نەدەهێنا وتی))

- من ناتوانم باوەڕبکەم کە کۆمەڵێك کەس تائەم ئاستە لەمرۆڤایەتیدا کەمیان هێنابێت.

نیما- پورێ خان باوەڕم پێبکە مرۆڤی ئەم سەردەمە زۆر خراپە، بەیارمەتیت ئێمە دە...

پورێ خان- من هێشتا قسەکانم تەواو نەبووە.

نیما- ئەگەر مۆڵەت بدەیت ئەم دانوستانی شکستخواردنی ویژدانییەی مرۆڤایەتی بخەینە جارێکی تر. بەڕاستی مەسەلەیەکی وروژێنەرە، بەپشتیوانی خودای گەورە لەکاتێکی کەدا لەسەر ئەو باسە دەدوێین‌و توێکاری دەکەین‌و...

پورێ خان- مەبەستم لەکۆمەڵێك کەس، لەئێوە هەردووکتانە لاوەکان!

نیما- ئێمە؟! ئێمە هەردووکمان؟ واتە من‌و سیاوەش؟ زمانت گاز لێبگرە

پورێ خان. لەگەڕەکدا بەسەری من‌و سیاوەش سوێند دەخۆن. بەتایبەت ئەم چەند وەختەی کە بنکەی یارمەتیدانمان داناوە، هەمیشە قاچێکمان لەنەخۆشخانەیەو قاچێکمان لەگەڕەك. باوەڕبکە، بەگیانت نە بەسەرت قەسەم کە ئێستا بۆ چەند شەو دەچێت کە بەسەر شەقامەکاندا بەدوای ئەوکچانەدا دەگەڕێین کە هەڵخەڵەتاون‌و لەماڵەوە هەڵاتوون، هەر لەگەڵ یەکێکیان لێدەبینین، یەکسەر دەستگیری دەکەین، پاشان دەیگەڕێنینەوە بۆ ماڵەوە. دەستگیرکردن، گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. ڕێکخراوو دەزگا جیاجیاکان بەنیازن مەدالیای شەرەفمان بدەنێ. جەنابیشتان ئەو قسانەمان پێدەڵێیت؟

((پورێ خان بەدەم توڕەبونەوە وتی))

- دایەگەورە کچی هەڵاتووە وا یارمەتیتان داوە؟

نیما- بێگومان ئەگەر زۆر سەربخەنە سەری‌و سنوور بشکێنن، ئەوا ئەویش سەری خۆی هەڵدەگرێت‌و دەکەوێتە سەر شەقامەکان. توخودا دایەگەورە وانییە؟

((دایەگەورە کە سەری خستبووە سەر چێودەستەکەی‌و خەریکبوو وەنەوزی دەدا، لەدەنگی بەرزی نیما بەئاگا هاتەوەو وتی))

- مینا گیان لەگەڵ منت بوو؟



Scanned with CamScanner

نیما- دایەگەورە مینا نە مەگی.

دایەگەورە- ئەڵێیت چی؟

نیما- دەڵێم ئەگەر سنوور بۆ مرۆڤ دابنرێت ((سەری خۆی هەڵناگرێت))؟

دایەگەورە- دەیانەوێت ((دەرگا بۆ گەڕەکەکان)) دروستبکەن؟ بۆچی؟ ئەها! رەنگە وەك جارانی لێبکرێتەوە. وەك گەڕەکی دەرگادار. خودالێی خۆشبێت باوکم، ڕۆژێك منی بەگالیسکە برد بۆ ئەو گەڕەکە دەرگادارە. هەر لەوجێگەیەی کە ئێمەی لێ وەستا بووین واتدەزانی ئەوشاخە دوو هەنگاو لێت دوورە. چ ڕۆژانێکی خۆشبوو یادیان بەخێر.

نیما- دایەگەورە، خۆ شاخەکان لەباکوردان، گەڕەکی دەرگادار لەباشوری شاردایە!

پورێ خان- تکایە دایەگەورە مەهێنەرە ناو باسەکەوە.

نیما- رێزتان هەیە پورێ خان گیان، هەموو ئەم بێنەو بەردەیە دایەگەورە دروستی کردووە، ئەوجا وازی لێبێنین تابۆ خۆی سەرخەو بشکێنێت؟!

دایەگەورە- مینا گیان دەبێت رۆژێك بێیت و بمبەیت بۆ ئەو گەڕەکە دەرگادارە. زۆر حەزدەکەم جارێکی تر برۆم بۆ ئەوێ.

نیما- هەر ئەمەم مابوو. جارێ بهێڵە با ((ئەم بەزمەیانت چارەسەر بکەم، دوای دەتبەم))

دایەگەورە- ((دەبێت شادەماری کێ بخورێنین))؟

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین، پورێ خان کە زانی حەریفی زمانی نیما نابێت، ڕویکردە یەڵداو وتی))

- کێ مۆڵەتی بەتۆ داوە هەستیت لەگەڵ دوو کوڕدا بڕۆیتە دەرەوە؟

یەڵدا- پورێ خان من بۆ ڕۆیشتنە دەروە پێویستم بەوەنییە مۆڵەت لەتۆ وەربگرم!

پورێ خان- تاکاتێك لەمماڵەدا دەژیت، دەبێت لەژێر فەرمانی مندا هەڵسوکەوت بکەیت.

یەڵدا- من دایكوباوکم هەیە پورێ خان. ئەگەر پێویست بکات پرسو را بەوان دەکەم.

پورێ خان- بێباك بوویت لەهەمووشتێك!

نیما- بابەگیان سڵاواتی لێبدەن، ئاخر نەخۆشخانە ڕۆیشتنێك ئەوەی ناوێت. ئەگەر وابێت دەبێت ئەو پزیشكو پەرستارانە رۆژی جارێك سەر لەدادگاو پۆلیس بدەن.

پورێ خان- تۆ بێدەنگ بە!

نیما- بەسەر چاو.

یەڵدا- تۆ دەبوایە هەر ئەوکاتە بیرت لەوە بکردایەتەوە کە پێداگریت لەوە دەکرد کە من دەبێت



Scanned with CamScanner

لەدەرەوەی وڵات خوێندن تەواو بکەم. ئەگەر حەزت دەکرد هەمیشە دەنوکت لەسەرم بوایەو زۆرم لێبکەیت، نەدەبوو منت بناردایە بۆ فەرەنگستان. لەوێ یەکەمین شت فێرماندەکەن ئەوەیە کە مافمان بەرامبەرە لەگەڵ مافی نێرینەدا، پاساش پشتگیریی لێکردووین. نە باوک، نە مێردو نە هیچ کەسێکی تر لەوێ ناتوانێت مافی ئێمە پێشێل بکات. منیش هەموو ئەو شتانەم چاك دەرخ کردووەو فێریانبووم.

پوری خان- ئەگەر پێداگریمانکردووە لەوەی کە تۆ دەبێت بڕۆیتە دەرەوەی وڵات لەبەر ساغو سەلامەتی خۆت بووە، نەك پێشێلکردنی مافەکانت.

یەڵدا- ئەوە بەساغ هێشتنەوەی من نییە، ئەوە تێپەڕاندنی ئازادییەکانی منە، ئەوە بردنە ژێر پرسیاری بوونیەتی منە. بۆچی ئێوە وادەزانن تەنها کوڕی ئێران نێرینەن؟ پێنموایە ئێوە هیچ حسابێك بۆ کوڕی وڵاتانی دیکە ناکەن؟

نیما- بەڵێ وایە، سەلمێندراوە کە پیاوی ئێرانی دەتوانێت تەنها بەنیگا...

((بەتوندی کێشام بەکەلەکەیدا))

یەڵدا- من چەندین ساڵا لەگەڵ کوڕانوکچاندا لەسەر یەك کورسی دانیشتووم‌و هیچ کێشەیەکیشم نەبووە. هەر کچێك تاخۆی نەخوازێت هیچ شتێك لێی ڕونادات. ئەگەر بونیەتی کچێك پاك بێت هیچ کام لەو شتانە ناتوانێت زیان بەشەرفی بگەیەنێت. ئەو ڕۆژانەی کە من تاك‌و تەنیا، لەبارودۆخێکی ناهەمواردا، لەبەشی ناوخۆییەکدا کە کوڕوکچ پێکەوە دەژیان‌و منیش لەناو ئەواندا بووم، ئەوکات تۆ لەکوێ بویت؟ ئایدیاکانی تۆ لەکوێ بوو؟ ڕۆژێکیش بوو کە هەر خۆت منت بەزۆر گەڕاندەوە بۆ ئێران. کێ مۆڵەتی بەتۆ داوە کە لەجێگەی مرۆیەکی زیندوو بڕیاربدەیت؟ کێ مۆڵەتی بەتۆ داوە کە ڕێچکەو ڕێبازی بنەماڵەیەك دیاری بکەیت؟ کێ بەتۆی وتووە کە هەرچییەکت وت ڕاستەو دەبێت هەموو بەگوێت بکەن؟ بۆچی مەگەر تۆش مرۆیەك نیت وەك ئێمە؟ مەگەر مرۆڤ هەڵەناکات؟ ئەگەر تۆ بڕیارێکی هەڵەبدەیت، یان نەخشاسازی لەسەر شتێکی هەڵەبکەیت دەبێتە هۆی بەدبەختبوونی چەندین کەسی دی؟ هەر بەوجەشنەی کە بوویتە هۆی بەدبەختکردنی من.

پوری خان- تۆ بۆچی بەدبەختیت؟ تۆ هەر دەزانیت مانای بەدبەختی چییە؟

یەڵدا- بەڵێ، دەزانم. بەدبەختی من نەبوونی پێناسەی ڕیشەییە. نەك تەنها من، بەڵکو تۆ بەدیاریکردنی ڕێگەیەکی هەڵە بوویتە هۆی بەدبەختکردنی زۆرکەسی تر. زۆرکەس هەیە کە چەندەین ساڵە ئازاری ئەوە دەکێشن کە تۆ چارەنوست بۆ دیاریکردووە. تۆ هەر خۆت بەتەنها لەجێگەی هەموو ناسراوەکانت بڕیار دەربویت. نەتدەزانی بیرو ئەندێشەی تۆ لەبیرو ئەندێشەی هیچ کەس زیاتر



Scanned with CamScanner

نیە؟ بیرت لەوە نەدەکردەوە کە ڕەنگە زۆرکەس هەبێت زانیاری لەتۆ زیاتر پێبێت، بەڵام بێدەنگ بووە یان تۆ ڕێگەت نەداوە بۆچوونی خۆی دەربڕێت؟ بۆچی؟ چونکە تۆ گەورەی هۆزیت، گەورەی بنەماڵەیت، بۆ نموونەش کچەکەی خاڵم، لەویشت بەزۆر نارد بۆ ئەمریکا، ئێستا موعتادێکی تەواو پێوانەییە، یان فەیروزە، ئەوکچەی کە تۆ هاوسەرت بۆ هەڵبژارد، دەزانیت لەکەیەوە لەمێردەکەی جیابوەتەوە؟ تۆ دەبێت بزانیت تەنها کەسێك ناتوانێت بڕیار دەربێت لەجێگەی کۆمەڵێك کەس، تۆ دەبێت بزانیت زەمەن گۆڕاوە، ناکرێت کچێکی هاوتەمەنی من بەشێوەی چەندساڵ پێش ئێستا ئامۆژگاری بکەیت، حەزەکانی من لەگەڵ حەزەکانی دایكو باوکمدا جیاوازە چ بکات بەچەندین ساڵ پێش ئێستا کە فڵان شازادە چۆن ژیاوە، شێوەی هەڵسوکەوتی ئەوان بۆ ئەو زەمەنەی کە خۆیانی تێدا ژیاون چاك بووە نەك بۆ ئێستا. بەلای منەوە گرنگ نییە کە ئەوان چییانکردووە، من ئەوەم بەلاوە گرنگە کە دەبێت ئێستا خۆم چیبکەم، من نیشتمانەکەمم خۆشدەویست، خەڵکی نیشتمانەکەمم خۆشدەویست، ئەو کەسانەی دەوروبەرمم خۆشدەویست، بەڵام تۆ ڕۆژێك هەر لەخۆتەوە بڕیاری ئەوەتدا کە من دەبێت لەدەرەوە خوێندن تەواوبکەم. تۆ دەزانیت دەستم دایە چ کارێك لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی ئەوێ وەك هاوشێوەیەکی خۆیان قبوڵم بکەن؟

((پوریّ خان بەدەنگی بەرز وتی))

-من نامەوێت ئەوشتانە بزانم!

پەڵدا - تۆ ناچاریت ئەو شتانە بزانیت، تۆ دەبوایە هەر لەسەرەتاوە بیرت لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ بکردایەتەوە. ئەو ڕۆژەی کە دەبێت وەڵامی زۆرشت بدەیتەوە، دەبێت وەڵامی ئەوکەسانە بدەیتەوە کە لەجێگەیان بڕیارت داوە، من لەسەردەمی جەنگەوە لەئێران ڕۆیشتووم، لەوێ هەر لەگەڵ دەیانزانی ئێرانیم، پێیانوابوو تەماشای وەحشییەك دەکەن، سەیرە وانییە؟ بەئێرانییەك کە دەتوانێت لاپەڕ بەلاپەڕە وانەی فەرهەنگی مرۆڤایەتییان پێبڵێتەوە، بەچاوی سوك تەماشای دەکەن، ئەو هەڵسوکەوتەی کە لەگەڵ منییاندەکرد لەگەڵ ئەفغانییەکیان نەدەکرد. لەوتەمەنەدا لەبەر ئەوەی کە منیش وەك یەکێك لەخۆیان تەماشابکەن، ناچاربووم قژم ڕەنگ بکەم، جگەرە بکێشم، وەك ئەوان پۆشاك بپۆشم، وەك ئەوان تێکەڵی خەڵك بکەمو هەزار کاری تر بکەم کە ئێستا لەیەك بەیەکیان پەشیمانم، لەتەواوی ئەو ساتانەدا بەدوای کەسایەتیو پێناسەی خۆمدا دەگەڕام، بەڵام نەمدەتوانی پەیدای بکەم، لەوتەمەنەدا دایکمم پێویست بوو، باوکمم پێویست بوو، نیشتمانەکەمم دەویست بەڵام هیچ کامیان نەبوون.

((ئیتر هەردووکیان خەریکبوون هاواریاندەکرد، ئێمەش هەموو بێدەنگ بووینو تەماشای ئەو



Scanned with CamScanner

دیمەنەماندەکرد، پوری خان بەدەنگی بەرز وتی))

-ناردومیت بۆ ئەوێ تا لەزیانەکانی جەنگ رزگارت بێت.

((یەڵدا بەدەم گریانەوە هاواریکرد))

- منیش وەك ئەو خەڵکە، منیش دەمتوانی وەك هەموو ئەو ئێرانیيانە لێرە بمێنمەوە. چ جیاوازییەکی کرد؟ ڕۆیشتم بۆ ئەوێ دیلی جەنگێکی دیکە بووم. بەتەنها، لەوجەنگەدا بەتەنها بووم، من لەوێ بەتەنها شکستم هێنا، ئەگەر لێرە لەلای ئێوە بوایەم شکستم نەدەهێنا!

پوریَ خان- تۆ بۆچی شکستت هێناوە؟ بویتە خاوەنی بڕوانامەیەکی باش، بارهێنانی ڕۆژ ئاوایانە بەبارهاتووویت، بیرۆکەی پێشکەوتوت بەدەست هێناوە.

یەڵدا- نەتەوایەتییەکەم چی؟ پێناسەکەم چی؟ ئەوانەی کە ونمکردوون چی؟ من ئێستا چیم؟ نە ئەمریکی نە ئێرانی، کچێك لەدوو کەسایەتیدا، بەدوو میلەتەوە، بەدوو ڕەگەزنامەوە، ئیدی نە دەتوانم لەوێ بژیم نە لێرە! چ چیرۆکێك بۆ منداڵەکەم بگێڕمەوە؟ چیرۆکی حەسەنە کەچەڵی بۆ بگێڕمەوە یان پیتەر پین؟ پێی بڵێم من لەمنداڵیمدا بەکام یەك لەو چیرۆکانە خەوم لێدەکەوت؟ کام یارییانەی فێربکەم؟ یاری ماڵە باجێنە یان پلەیستەیشنو میکانۆ؟ کوا ڕەگو ڕیشەم؟!

((ئیدی یەڵدا نەیتوانی قسەکانی تەواوبکاتو دەستیکرد بەهەنسکدان، ئاوڕمدایەوەو تەماشایەکی کاك پرهامم کرد سەری نەویکردبوو، دایکی یەڵدا خەریکبوو دەگریا. پوریَ خانیش زوڵاڵانە لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشتبووو چاوی لێك نابوو. ئاوڕم دایەوە بەملاداو تەماشایەکی یەڵدامکرد کە بەتەنها مابووەوە، پێم خۆشبوو بمتوانیبا بڕۆشتمایەتە بەردەمی یەڵداو نازیم بکێشایە، فرمێسکەکانیم بۆ بسڕیایە، پێمبوتایە تۆ ئێرانییەکیت، پێمدەوت دڵی ئێمەی ئێرانی ئەوەندە گەورەیە کە دەتوانێت جارێکی دیکەش جێگەی تۆ لەخۆیدا بکاتەوە، چاوم بەنیماکەوت کە خەریکبوو ئاماژەی پێدەکردم، ئاوڕمدایەوە دایەگەورەم بینی ڕۆیشت بۆلای یەڵداو سەری خستە باوەشی خۆیەوەو بەدەستە زبرەکانی فرمێسکەکانی یەڵدای سڕی، پاشان دەستێکی هێنا بەقژیداو وتی))

- تەنها لەبەر ئەوەی کە چیرۆکی حەسەن کەچەڵا نازانیت دەگریەیت؟ ئەوە هەر کێشە نییە، خۆم بۆت دەگێڕمەوە.

((دایەگەورە ئەوەندە بەسادەیی‌و پاکی ئەو قسەیەی کرد نیما لەجێگەکەی خۆی هەستاو لەهۆڵەکە ڕۆیشتە دەرەوە. منیش خێرا هەستامو بەدوای نیمادا ڕۆیشتمە حەوشەکەوە، تەماشادەکەم نیما لەحەوشەکەی ماڵی یەڵدادا لەپشتی چەند درێختێکەوە لەسەر کورسییەك دانیشتووە. ڕۆیشتم بۆلای، منیش دانیشتم))



Scanned with CamScanner

- نیما ئەوە لەپڕێکدا چیت لێهات؟

نیما- چەند خۆشە مرۆڤ گوێچکەکانی کەڕ بێت تازۆر شت نەبیستێت، لەم چەند ساڵەدا، زۆرکات حەزمکردووە هەم کەڕبم و هەم کوێر، لەبەرئەوەی زۆرشت نەبینم و نەبیستم. وەختێ مرۆڤ شتێکی خراپ یان ناخۆش دەبیستێت یان دەبینێت، ئیدی وردە وردە پێیان رادێت و لەبیستن و بینینیان دڵتەنگ نابێت. هەر لەوکاتەشدایە دڵ دەبێتە بەرد.

((نیما بۆکەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- تا ئێستا نەمدەزانی چیرۆکەکانی کاتی منداڵی ئەوەندە بەنرخە، چیرۆکی حەسەنە کەچەڵ، چیرۆکی دانەوێڵە، رەنج و پەژارەی ژن، کەڵەشێری ئاڵتونی! ئێستا دەزانم کە لەگەڵ ئەوانەدا گەورە بووم، گەورە بووم و بەچیرۆکی شیرین و فەرهاد گەیشتم. دەزانیت؟ من هیچ کات چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابم نەخوێندووەتەوە، بەڵام هەمووی دەزانم. دەربارەی بێژەن و مەنیژە تەنها ناویانم بیستووە، بەڵام هەمووی دەزانم. دەربارەی سیاوەش هیچ نازانم بەڵام سوێندەکەی دەزانم. ئەم یەکەیان رەنگە بەهۆی کتێبی (سووشون خانم)ی سیمین دانشورەوە بێت. دەربارەی شیرین و فەرهاد تا ئێستا یەك دێڕم نەخوێندووەتەوە، بەڵام مووو بەمووو هەمووی دەزانم، شیرین وەك خۆم دەناسم، ڕەنگە چەندین جاریش لەخەوندا بینیبێتم. ئەما خۆمم کوشت تابزانم لەیل‌ومەجنون کێ بوون، چییان وتووە، چییانکردووە. بەڵام نەمزانی.

- چییە نیما دەڵێیت بویتە فەیلەسوف؟

نیما- نەخێر، بیرمکەوتەوە کە ئێرانیم، ئەمشەو دەڕۆم لەسندوقەکەدا شاهنامەکەی فیردەوسی دەردەهێنم و هەمووی دەخوێنمەوە.

((خەریکبووم تەماشای نیمام دەکرد کە دەنگی پێی یەکێك هات، کاك پرهام بوو، من و نیما لەبەری هەستاین، ئەویش کاتێك گەشتە لامان، دەستێکی خستە سەر شانی من و دەستەکەی تریشی خستە سەرشانی نیماو وتی))

- داواتان لێدەکەم یەڵدا بەتەنها بەجێ مەهێڵن، ئەو زۆر تەنهایە، من و دایکی نەمانتوانی بەچیرۆکی باوو باپیرانی ئاشنای بکەین، دەمەوێت ئێوە ئەوانەی هەمووی بۆ بگێڕنەوە هەر بەو چەشنەی کە خۆتان بیستوتانەو دەیزانن، دەمەوێت بزانێت کە ئێرانییە.

((پاشان کاك پرهام سەری نەویکردو ڕۆیشت، دوو هەنگاو ڕۆیشت، پاشان وەستاو وتی))

- پێویست ناکات پوریێ خان بزانێت من چیم بەئێوە وتووە، من باوکی یەڵدام و خۆم ئەو مۆڵەتە بەئێوە دەدەم.



Scanned with CamScanner

((پاشان کاك پرهام بەمنی وت))

- سیاوەش ئاگاداری بە.

((کاتێك کاك پرهام ڕۆیشتە ژوورەوە نیماش بەڕێکەوت بەرەو دەرگای حەوشەکە. وەختێ نیما بینی من هەر ڕاوەستاوم‌و تەماشی باڵەخانەکە دەکەم، وتی))

- بۆچی وەستاویت؟ بەنیازیت هەر لەئێستاوە ئاگاداری بیت؟

((وەڵامم نەدایەوە، ئەویش گەڕایەوە بۆلای من‌و وتی))

- بەکابرایەکی لادێییان وتبوو، بۆچی ناڕۆیت بۆتاران پارە لەزەویەکەیدا ڕژاوەو کەس نییە کۆییکاتەوە. کابراش هەرلەوێدا سواری ئۆتۆمبێل بوو و بەرەو تاران بەڕێکەوت، وەختێ کابرا لەتاران لەپاسەکە دابەزی بەڕێکەوت هەزار تمەنییەك لەبەردەمیدا کەوتبوو. کابراش تەماشایەکی هەزار تمەنییەکەی کردو وتی ((ئێستا نە لەبەیانییەوە دەست بەکار دەبم))! ئێستا تۆش وەرە بانەمڕۆ بڕۆینەوە لەبەیانییەوە ئاگاداری‌و چاودێرییەکەت دەست پێبکە.

- بەڕاستی بێتامیت.

نیما- بابەگیان کابرا وتی ئاگاداری کچەکەی بیت، بەڵام نەوەك ئەوەی لەئێستاوە بڕۆیت‌و لەماڵەوە بیهێنیتە دەرەوەو دەسبکەیت بەچاودێریکردنی، وەرە بابڕۆین، تەنها ئەمشەو خۆت بگرە بەیانی لەکاتژمێر شەشەوە بلکێ بەکارەکەتەوە.

- نە بەئەو هەست ناسکییەی کەمێك پێش ئێستاتەوەو نە بەم بێخەیاڵییەی ئێستاشتەوە.

نیما- چیبکەم؟ بڕۆم لۆرییەك پەیدابکەم‌و خۆمبکەم بەژێریدا؟

- بڕۆ ونبە لەبەرچاوم، تۆ بەهیچ جۆرێك هاوتایت تێدانییە. ئەگەر هەرکاتێك بۆ کەسێك بێتاقەت بیت، زۆر زۆر بخایەنێت سێ چرکە دەبێت.

نیما- بەگیانی تۆ ئێستا لەگەڵ جاراندا زۆر جیاوازم، باشتر بووم، ساڵی پاربوو باپیرەم کە هەر زۆرم خۆشدەویست لەباوەشمدا کۆتایی بەژیانی هات، من تەنها حەوت چرکە غەمبار بووم، هێشتا باوکیشم دەیووت ئەو کوڕە بگرن ئێستا خۆی دەکوژێت!

((پێکەنینم دەهات، کاتێك نیما بینی من خەریکە پێدەکەنم، دەستیگرتم‌و بەدوای خۆیدا کێشیکردم. هەر ئەوکاتەی کە دەستم لەناو دەستی نیمادابووو شان بەشانی دەڕۆیشتم پێمووت))

- نیما بەڕاستی شتێك لەدونیادا هەیە تۆ غەمبار بکات؟

نیما- ئەی بۆنییە؟ بەڵام کێ بەفریای من دەکەوێت؟ وا سێ شەوە لەبێتاقەتیدا خەو نەچووەتە چاوم. سێ شەوە نە یەك ئیمزام لەسەر نەخشەیەك کردووە، نە یەك ڕێدەری باڵەخانەیەکیان



Scanned with CamScanner

بۆ هێناوم، نە پاچێك لەزەوی دراوە، ئەوە من باسی چیدەكەم؟ ئەوانە هیچ نییە، دروستكردنی باڵەخانەیەك نە هەتا تازەكردنەوەكەشیم بۆ نەهاتووە. بێگومان لەم رۆژانەدا كۆمپانیاكەمان شكست دەهێنێت.

- ئەدی زەوییەكەی خانم دكتۆر چی بەسەرهات؟ خۆ بڕیاربوو بۆی ڕێكوپێك بكەیت؟

نیما- بۆچی تۆ دەهێڵیت. لەدەست هەڵبژاردنی كارە هەڵەكانت ژیانم لێ حەرام بووە. هەر زەوییەك تۆ پەیدای دەكەیت‌و پەسەندی دەكەیت، یان پڕە لەچاڵ‌و چۆڵی، یان ئەوەیە گیردەخۆم بەدەستییەوە تابەرزییەكانی لادەبەم، یان مۆڵەتی لەشارەوانی پێنادەن، دەبێت كارو ژیانی خۆم وازلێبهێنم‌و بكەومە دوای ڕێكوپێككردن‌و دروستكردنی تۆ، بابەگیان خەڵكی بەبێ دەنگە دەنگ هەموو رۆژێك بەڵێن نامەیەكی بۆ دەكەن‌و خێرا بۆشی دروستدەكەن، تۆش لەوكاتەوە لەسەر پسولەیەكی كرێ وەستاویت.

((نیما خەریكبوو لەبەرخۆیەوە قسەی دەكردو منیش گوێم بۆ نەدەگرت. كاتێك گەشتینە بەردەرگای حەوشەكە ئاوڕمدایەوە تەماشایەكی پەنجەرەی ژوورەكەی پەڵدامكرد، پەڵدا لەپشتی دەلاقەكەوە وەستابوو. ئەویش تەماشایەكی منی كرد. كاتێك بینیمی دەستێكی بۆ ڕاوەشاندم‌و بزەیەكی بۆ كردم. وەختێك پێدەكەنی حەزم نەدەكرد چاوی لەسەرلابەرم))

نیما- كوڕی باش من لەگەڵ دیواردا قسەدەكەم یان لەگەڵ تۆدا؟ دەڵێم بڕۆ ((كورسییەك)) لەكاك پرهام وەربگرەو لەبەردەرگاكەدا دابنێ‌و ئاگاداریی لەكچەكەی بكە. پێیان دەڵێم خواردنی ژەمەكانیشت بۆ بێنن بۆ ئێرە. وەرە بابڕۆین عەییە.

((نیما دەرگاكەی كردەوە، بەدوا خۆیدا ڕایكێشام‌و بردمییە دەرەوە. ڕۆیشتمە لای ئۆتۆمبێلەكەمەوەو نیما وتی))

- بۆ كوێ؟

- بۆ ماڵەوە، ئەوە نیما بەڕاست بۆچی ئەمڕۆ نەڕۆیشتیت بۆ كۆمپانیا؟

نیما- كۆمپانیا پشووە، دوێنێ شەو دایكمم توند كردەوە. پێمووت تەماشاكە ئامۆژن‌و ئەوان دەڕۆن بۆ دوبەی. بەڵام تۆش خەریكە خۆت بەلای ماڵەوە پیرو كەڕ دەكەیت.

- بەڕاستیتە؟

نیما- بەگیانی تۆ، بەدایكمم وت دایكەگیان لەماڵەوە دانیشتویت چی ڕوبدات؟ ئێستا لەخودا بەزیادبێت من لەخەم ڕەخساوم. باری ماددیشمان باشە، هەستێ بابەگیان بڕۆن دوونیا بگەڕێن. ئەگەر ئێستا نەڕۆن، دووسبەی كە دوور لەگیانتان، دوور لەگیانتان، نەخۆش‌و پەك كەوتەبوون،



Scanned with CamScanner

دەتانەوێت بڕۆن دوونیا بگەڕێن؟

- ئێ دوایی.

نیما- لەدوای نیوکاتژمێرێك باوکم هاتەوە، دایکم بەڕاخوڕینەوە پێیووت ((زەکاوەت)) ئاخر دایکم وەختێك توڕە دەبێت باوکم بەزەکاوەت بانگ دەکات. خولاسە پێیووت ((زەکاوەت پۆشاکەکانت لەبەر دامەکەنە)) لەگەڵ دایکم ئەمەی وت باوکم حەپەسا. باوکم تەماشایەکی منیکردو منیش ئاماژەمپێکرد کەیانی ((بارودۆخەکە ناهەموارە))! ئیدی ئەویش هیچی نەوت. دایکم بەباوکمی وت ((هەرئێستا بەڕاکردن بڕۆ دوو بلیتی تورکیا وەربگرە، باوکم ویستی ((جوکە جوك بکات)) بەڵام دایکم مۆڕەیەکی کرد کە لەمبەرەوە خوێنی من بوە ئاو!

- باشە باوکت چی وت؟ نەی وت کارم هەیە، گرفتارمو لەو قسانە؟

نیما- نەوەڵڵا باوکم داماوە تەنها رستەیەکی وت!

- بێگومان وتویەتی خۆت بڕۆ من نایەم.

نیما- ئەوە باوکی تۆیە کە لەبەرامبەری دایکتدا رادەوەستێتەوە. باوکی من دیموکراس خوازتر لەو قسانەیە. باوکم تەنها وتی ((خانم مۆڵەتمبدە تائەو پانتۆڵەی کە تەڕم کردووە بیگۆڕم ئەوجا بڕۆم)) دایکیشم مۆڵەتی دا!

- دەك مار بتخوات کوڕ تۆ چ بەڵایەکیت؟ ئێستا کەی بەڕێدەکەون؟

نیما- کەی بەڕێدەکەون؟ تۆ لەکوێیت؟ ئێستا کاتژمێرێکە گەیشتونەتە ئەنقەرەو دایکم خەریکە لەفرۆشگاکاندا شت دەکڕێت!

((هەردووکمان دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- ئێستا بۆ نیوەڕۆ چیتان هەیە؟

- نازانم بڕیارە سیما شتێك دروستبکات.

نیما- بۆچی سیما لەماڵەوەیە؟!

- بەڵێ ئەمڕۆ دەوامی نییە.

نیما- لاڵبوویت زووتر بڵێیت؟ منیش بۆ نانخواردن دێم بۆماڵی ئێوە. سواربە تابڕۆین، بەڵام بەسیما نەڵێیت کە من دەمزانی ئەو لەماڵە.

((لەگەڵ نیمادا سوار بووینو وەڕێکەوتین بۆ ماڵی ئێمە. ئۆتۆمبێلەکەمان خستە گەراجەوەو ڕۆیشتینە ژوورەوە. لەگەڵ گەیشتینە ژوورەوە نیما ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو وتی))

- ئەم ماڵە کاول بێت کاتێك کە سیماخانی تێدانییە. ئەو خشتانە مرۆڤ دەخۆن. تەماشاکە ئێستا



Scanned with CamScanner

ئێمە لێرەدا بەخەیاڵی ئاسوودە دانیشتووین، کەچی ئەو کچە داماوەش خەریکە خزمەت بەخەڵکی دەکات. خوا بیپارێزێت، خوا ئاگاداری بێت ئەو کچە جوانو بێوێنەیە. سیاوەش باوەڕم پێبکە ئەگەر سیما ئەمجارە ڕەتم بکاتەوە...

((لەگەڵ نیما ئەمەی وت سیما لەچێشتخانەکە هات دەرەوەو وتی))

- ئەگەر ئەمجارە ڕەتم بکاتەوە چی؟

نیما- بێگومان جارێکی دیکە وەڵامی دروستم دەداتەوە.

((سیما دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- نیما ئەفەندی چۆنیت؟

نیما- سەلام عەرزدەکەم کۆڵان بەکۆڵان

دەستت پێنادەم وەکو منداڵان

سەلام فاکسەکەم وەکو تەلەگراف

بگاتە لای تۆ بەبێ واستەو ساف

((سیما دیسان دەستیکردەوە بەپێکەنینو وتی))

- چەند باشبوو تۆش هاتیت، هەر خودا بکات ئەو خواردنەی کە دروستمکردووە بەدڵت بێت.

نیما- تۆ دۆخەوا دروستبکە من تا تەواو دەبێت دەیخۆمو دەڵێم خودایە لەتۆ بەزیادبێت، خوامکات بەقوربانی ئەو چێشت لێنانەت کە...

- هێی...! ئەوە چییتە؟

نیما- ئەوە چ پەیوەندییەکەی بەتۆوە هەیە؟ خۆ دایكو باوکت لەماڵ نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەقوربانو بەساقەبونی چێشلێنان کێشە نییە.

- خۆمن لەماڵم.

نیما- تۆ لەخۆمانیت، هەستە بڕۆ، هەستە بڕۆ تەلەفۆنێك بۆ ئەو کچە ئایدزییە بکە، کەمێك گوێ بۆ دەردە دڵەکانی بگرە، من دوو قسەم لەگەڵ ئەم کچەدا هەیە.

- زەهری مار.

((سیما بەدەم پێکەنینەوە ڕۆیشت بۆ چێشتخانەکەو، نیما وتی))

- سیاوەش وەرە هاوڕێیەتیت بسەلمێنەو بۆ ساتێك سیمام بۆ بانگ بکە دەرەوە تامن دوو قسەی لەگەڵ بکەم.

- باشە وەر بابڕۆین هەر لەچێشتخانەکەدا قسەی لەگەڵ بکەو کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنە.



Scanned with CamScanner

نیما- بەگیانی تۆ لەڕوم هەڵنایەت.

- تۆ بەو رووقایمییەتەوە چۆن شەرم دەکەیت؟

نیما- بەگیانی تۆ من تەنها لەبەردەمی خەڵکیدا بێشەرمم، لەبەردەمی سیمادا شەرم دەکەمو دەستوپێم وندەکەم. سیما روو بەمرۆڤ نادات، ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە کە تەنها بەنیگایەك ئەژنۆی پیاو دەشکێنێت.

- باشە کەواتە ئێستا من چیبکەم؟

نیما- سەیرکە من لەهۆڵەکەدا دادەنیشم، تۆش بەبیانوی شتێکەوە بانگی بکەو منیش وردە وردە دەستدەکەم بەقسەکردن.

- من بەبیانوی چییەوە سیما بانگ بکەمە هۆڵەکەوە؟ بڵێم وەرە تەماشای بێچووە بۆقەکان بکە؟

نیما- بۆچی مەگەر هۆڵەکەتان زەلکاوە تا بێچووە بۆقی تێدابێت؟

- کەواتە بڵێم چی؟

نیما- بڵێ وەرە حەوزی ماسییەکانت پیشاندەدەم.

- ئاخر خۆ ئەو هەموو رۆژێك حەوزی ماسییەکان دەبینێت.

نیما- بڵێ سیما وەرە وابزانم ماسییەکان نەخۆش کەوتوون، بڵێ وەرە دەرمانێك شتێکیان بۆ بنووسە.

- بابەگیان من ئێستا سیما بانگ دەکەم، دەڵێم وەرە نیما دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.

نیما- کاری وانەکەیت.

- ئاخر بۆچی؟

نیما- من بەوجۆرە شەرمدەکەم، هەرئەوەی کەوتم، بەبیانوی ماسییەکانەوە بانگی بکە. ئەوجا خۆم وردە وردە دایدەمەزرێنم. یەڵڵا.

((تەماشایەکی نیمامکرد، پاشان سیمام بانگکرد))

- سیما، سیما. وەرە تەماشاکە بزانە ئەو ماسیانە چیدەکەن.

((نیماش بەدوای مندا دەستیکرد بەقسەکردن بەدەنگی بەرز))

- خوا مەرگیانبات ئەو بێشەرەفی ئاگر تێبەربووانە. تەماشکە بەڕۆژی رووناك چیدەکەن، خێر لەخۆنەدیوانە بەدوای یەکەوەن!

((سیما لەکاتێکدا کە پێدەکەنی لەچێشتخانەکە هاتە دەرەوە بۆ هۆڵەکە، سیما لەبەردەم حەوزەکەدا ڕاوەستا. نیماش هەستا هات بۆلای ئێمە. پاشان من وتم))



Scanned with CamScanner

- تەماشاکە ئەو دوو ((خۆشەویستە)) زۆر شەیتانن خەریکن یاری دەکەن.

نیما- یاخوا بەخۆشییانبێت، من پەیوەندییەکی زۆری خۆشەویستیم لەگەڵ ماسییەکاندا هەیە.

- نیما هەر بەڕێکەوت ئەو جۆرە ماسیانە ژیانێکی سەر سوڕهێنەریان هەیە. ئەوانە لەتەواوی ژیانیاندا...

نیما- ئەگەر جارێکی تر بتەوێت دەربارەی جانەوەرەکان قسەبکەبت، بەشتێك دەکێشم بەحەوزی ماسییەکانتدا بۆ ئەوەی هەموو ماسییەکانت جوانەمەرگ بن.

سیما- ئەدی تۆ ئێستا نەتووت پەیوەندییەکی خۆشەویستی زۆرت لەگەڵ ماسییەکاندا هەیە؟

نیما- بەڵێ سیماخان، بەڵام من لەگەڵ زەڵاتەو پڵاودا حەزم لەماسییە! ئەویش بەتایبەت ماسی سپیلکەو سورە ماسی.

- بەڕاستی بێ هەستیت.

نیما- بەپێچەوانەوە من هەست ناسکیم لێدەڕژێت، چونکە ماسی سپیلکەو سورە ماسیم حەزلێیە. چونکە ئەو دوو جۆرە لەهەموو جۆری ماسییەکانی دی خۆشترن.

- ماسییە قاشنە خۆشە، پانکەش خراپ نییە.

نیما- بەڵام هیچکامیان نابنە ماسییە سپیلکەی باشووری خۆمان.

- ئاخر ماسی سپی دڕکی زۆرە.

نیما- باشتر، چونکە کەمێك مرۆڤ وەرەی بەرزدەبێتو دڕکەکانی دەردەهێنێت.

- بەڵام سورە ماسی دڕکیشی کەمەو خۆشتریشە.

نیما- دیسان دەستتپێکردەوە؟ باشەوە بێت کە تۆ دەیڵێیت. باشە ئاسوودە بویت؟ براکەم باسکردنی هەموو جانەوەرەکان بەدەریاییو زەمینیو هەواوییەوە قەدەغەیە. باخچەی ئاژەڵان داخراوە.

- حەیف بوو، ئەگەر بتهێشتایە شتێکم دەربارەی ئەو ماسیانە پێدەوتیت کە...

نیما- هاوڕێکەم ئەگەر نەمەوێت دەربارەی ژیانی ئاژەڵان زانیاریی بەدەست بهێنم، دەبێت بڕۆم کێ ببینم؟

- خۆت دەزانیت.

نیما- ئاخر تۆ ئیدی قسەنەکەیت، ئەگەر وشەیەك دەربارەی هەر زیندەوەرێك بڵێیت، منیش جارێکی تر کە دایەگەورەم لەگەڵ پەڵداخاندا بینیو جەنابیشتان تەشریفتان لەوێ ئامادەبوو. دەستدەکەم بەقسەکرد دەربارەی تەواوی نەخۆشی بۆگەنو بۆن خۆشو ڤایرۆسییەکان. ئەوکات



Scanned with CamScanner

ئیدی دایەگەورە وازت لێناهێنێت.

- بەسەرچاو من ئیتر قسەناکەم.

نیما- بارەکەڵڵا.

((سیما خەریکبوو پێدەکەنی، منیش دەستمکرد بەتەماشکردنی حەوزەکەو نیما وتی))

نیما- عەرزم بەحزورت سیماخان ئەم هەتیوە ئەوەندە دەڵێت ناهێڵێت پیاو ئاگای لەخۆی بێت. لەکۆبونەوەی پێشودا بۆمباسکردیت کە هەموو زیندەوەرانی دونیا، لەبەیانییەوە تاشەو کاردەکەن لەبەر ئەوەی لەکۆتاییدا ژیانێك پێکەوە بنێن. ماڵ دروست بکەن، ژن بهێنن، زەماوەند بکەن، خولاسە خوانێك دروستبکەن، هەروەك مێرولەکانو هەنگەکانو...

((لەپڕێکدا جاری پێشوم بیرکەوتەوەو دەستمکرد بەپێکەنین))

نیما- زەهری مار.

- ئاخر مێرولەکان...

نیما- زۆرباشە، باش. کاکەگیان وەك گوێدرێژەکان، مانگاکان، هێسترەکان، ئێستا بەدڵتە؟ خۆ ئیدی ئەمانە هەموو ژن دەهێنن؟ ئەترسم لەبەرئەوەی سەرەی من هاتووە هەموو زیندەوەرانی دونیا گۆشەگیرییان هەڵبژاردبێتو تاریکی دونیا بوبنو ژیانی سەڵتییان هەڵبژاردبێت؟ ئەوکاتیش هەر بەمن دەڵێیت لەکتێبدا ئەوەندە قسەم پێمەڵێ، تۆ تورەم دەکەیتو منیش شتێکی ناشرینت پێدەڵێم.

((منو سیما دەستمانکرد بەپێکەنینو نیما وتی))

- بەگیانی تۆ سیماخان، من بەرامبەری مێرولەکان هەستیارێم پەیداکردووە. ژیانم مێرولە هەڵی گرتووەتەوە. من تەرکیزم نەماوە.

- لائیلاهە ئیلەڵا، بمبەخشە سیماخان. باسی چیمدەکرد.

سیما- دەتویست دەربارەی زەماوەندکردنی مێرولەکان قسەبکەیت.

نیما- ئاە...! توخوا واز لەو حەشەراتانە بێنە. مەگەر نەتزانیوە سیاوەش حەساسییەتی پێیان هەیەو هەر لەگەڵ ناوی مێرولەکان دەبیستێت مارەبڕینو زەماوەند پێکەوە تێك دەدات؟

سیما- باشە تۆ چۆنت پێخۆشە بەوجۆرە دەست پێبکە.

نیما- زۆرباشە، لەخزمەتتدا عەرزبکەم کە تۆ ناتوانیت یەك زیندەوەر پەیدا بکەیت ژن نەهێنێت.

- من دەتوانم پەیدایکەم، مێرولە ژن ناهێنێت!

((منو سیما دەستمانکرد بەپێکەنین، نیما خۆشی پێکەنین گرتبووی‌و بەدەم پێکەینەوە وتی))



Scanned with CamScanner

- یاخوا جوانەمەرگ بیت هەتیوو. توشی غودە بووم، تو گیانی ئەوکەسەی کە خۆشتدەوێت بهێڵە من دوو وشە بڵێم. پاشان تۆ هەر کات ویستت بەدڵی خۆت باسی مێرولەکان بکەیت، بیکە. تەنها پێنج خولەك مۆڵەت بەمن بدەو ناوی ئەو حەشەرانە مەهێنە، ئافەرین.

- بابەگیان مردین بەدەست تۆوە، بەدوو وشە بڵێ سیما دەبیتە ژنم یان نە؟

نیما- باشە هێن بەگۆڕی باوکی هەرچی مێرولەیە. سیما خان هەر ئەوەی کە ئێستا سیاوەش وتی! ئێستا بەڵێ یان نەخێر؟

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین و وتی))

- نەخێر.

نیما- چییە دەڵێیت تۆش خوی مێرولەکانت گرتووە؟ ئاخر بۆچی؟

((سیما ڕۆیشتە لای حەوزی ماسییەکەوەو وتی))

- لەبەرئەوەی تۆ هێشتا ئامادەیی هاوسەرگیریت تێدا نییە.

نیما- چۆن نیمە؟ هەم خوێندنم تەواو بووەو هەم ئیشوکارم هەیە، هەروەها ماڵو ژیانی خۆمم هەیەو تۆشم بەئەندازەی گلێنەی چاوم خۆشدەوێت. ئیدی چ ئامادەییەکی تر پێویستە؟

((سیما هەر بەوچەشنەی تەماشای ماسییەکانی دەکرد وتی))

- دوێنێ، لەبەردەمی نەخۆشخانەکەدا چیت بەوکچانە دەوت؟ کاتێك کە بەئۆتۆمبیلەکەوە لەبەر دەمیاندا ڕاوەستابویت؟

((من پێکەنین گرتبومی، نیما کە حەپەسابوو وتی))

- بەگیانی دایکم، بەمەرگی باوکم، بەگیانی سیاوەش شتێکی خراپم پێ نەوتون. خەریکبوم ناونیشانی شوێنێکم لێدەپرسین. دەڵێیت وانییە، لەبراکەت بپرسە،

خۆ ئەویشم لەگەڵ بوو.

سیما- بەڵێ دەزانم ئەویشت لەگەڵ بوو.

نیما- باشە!؟

سیما- باشە بۆچی تۆ هەمیشە ناونیشان لەژنان دەپرسیت؟

نیما- ئاخر من چیبکەم کە خانمان حەوسەڵەیان زیاترەو هەم زیاتر شارەزاییان لەناونیشانەکاندا هەیە؟ ئاخ...! زەهری مار هەتیوو، تۆ هەر پێبکەنە، دوایش سیماخان وا دەزانیت من درۆدەکەم.

- ئاخر چەندم پێوتیت بەردەرگای نەخۆشخانەکەیە، ئاگاداربە؟

نیما- ببەخشە سیماخان، تۆ لەکوێدابوویت وا ئێمەت چاو پێکەوت؟



Scanned with CamScanner

سیما- پێموایە ئەوە ڕێگەی ڕۆیشتنمە بۆ نەخۆشخانە.
نیما- داوای لێبوردن دەکەم سیماخان، تۆ ڕێگەی هاتووچۆت تەنها ئەوڕێگەیەیە؟ واتە نایگۆڕیت؟
((سیما دەستیکرد بەپێکەنین و گەڕایەوە بۆ چێشتخانەکە))
نیما- تف لەوچانسەی کە من هەمە. هەروەك چارەنوسمان وەك مێرولەکانی لێهاتبێت وایە!
((لەو ڕۆژە هەرسێکمان پێکەوە نانمانخوارد، لەکاتی نانخواردنەکەدا نیما گاڵتەی دەکردو منو سیماش پێدەکەنین. لەچەشنی نیگاکردنی سیما بەنیما دڵنیابووم لەوەی کە سیما نیمای خۆشدەوێت، بەڵام نەمدەزانی بۆچی وەڵامی دروستی ناداتەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە دەیویست نیما لەکۆتاییدا قەدری بزانێت. بەکورتی کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ بوو کە سیما ڕۆیشت بخەوێت، چونکە دەبوو شەو لەنەخۆشخانەبێت. نیماش وتی))
- سیاوەش هەستە تەلەفۆنێك بۆ شیوابکە بابزانین تەندروستی چۆنە.
((هەردووکمان ڕۆیشتینە ژوورەکەی منەوەو ژمارەی تەلەفۆنەکەی شیوامان لێدا، دەنگی تەلەفۆنەکەشماندا بەدەرەوە. شیوا خۆی وەڵامی دایەوە))
شیوا- فەرموو.
- چۆنی، منم.
شیوا- چۆنی سیاوەش، بەڕاستی حەڵاڵ زادەیت، ئێستا لەبیرمدا بوویت.
نیما- زۆر سەیرە.
- زەهری مار.
((شیوا دەستیکرد بەپێکەنین و وتی))
- چۆنی نیما، چی سەیرە؟
نیما- ئەوەی کە تۆ بیرت لەسیاوەش کردووەتەوەو ئەویش تەلەفۆنی کردووە، ئێستا بڵێ تەندروستیت چۆنە؟
شیوا- کەمێك سەرئێشەم هەیە. پێموایە خەریکە دەستپێدەکات.
((هەردووکمان بێدەنگ بووین))
شیوا- من ڕقم لەخەم و خەفەتە. پێمخۆشە هەموو ئەوکەسانەی چواردەورم شادبن. ئێوەش نیگەران مەبن، دەبێت هەموو کەس باجی کردارە هەڵەکانی بداتەوە. منیش دەبێت ئازار بچێژم. ئێستا نیما تکات لێدەکەم خۆتبە. هەر بەو ڕۆحیەتە بەرزەتەوە. شادی و خۆشییەکانی تۆ ورە بەهەمووومان دەدات.



Scanned with CamScanner

((نیما بۆ چرکەساتێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- زۆر سەختە کاتێک لەوڵاتەکەتدا، هەزارو یەک خەمو دەردو کێشە هەبێت کەچی هێشتا تۆ بتوانیت پێبکەنیت.

شیوا- بەڵام هەموو پێکەنینەکانی تۆ پێکەنین نین! زۆربەیان لەگریان گریانترن!

نیما- ڕەنگە پێویست بێت زۆرکات بگریەم.

شیوا- بەپێی پێویست شتی جیاواز هەیە بۆ گریان. مرۆڤ گەلێکی زۆریش هەن بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بخەنە گریان. زۆرکەسانیش هەن کە هەمیشە دەگریەن. باهەر هیچ نەبێت تۆ پێبکەنیت.

نیما- باشە بەسەرچاو، پێدەکەنم.

((نیما ئەمەی وتو هەستاو لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە))

شیوا- چیبوو؟

- نیما ڕۆیشتە دەرەوە.

شیوا- هەموو تەنها سەیری خەندەو شۆخییەکانی دەکەن. لەپشتی خەندەو شۆخییەکانییەوە زۆرشتی دیکەهەیە. مرۆڤێکی زۆر سەیرە.

- ئەویش ئیدی تەنها مرۆڤێکە.

شیوا- بەڕاستی نیما بەمانای وشە مرۆڤە.

- باسی خۆت بکە.

شیوا- چیبڵێم؟

- هەرچییەکت دەوێت بیڵێ.

شیوا- ئەمڕۆ خەریکبووم بیرم دەکردەوە.

((لەوکاتەدا نیما هاتە ژوورەوەو دەموچاوی شتبوو))

شیوا- نیما هاتە ژوورەوە؟

نیما- لەخزمەتی شیواخاندام.

شیوا- بەسیاوەشم دەوت کە ئەمڕۆ خەریکبووم بیرم دەکردەوە، بیرم لەوە دەکردەوە، بارودۆخی بیست ساڵ پێش ئێستا یان بیستو پێنج ساڵ پێش ئێستا دەبێت چۆن بوبێت؟ ئەوکات من نەبووم یان زۆر منداڵ بووم. پێمخۆشە بزانم چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئێستادا هەیە.

((شیوا کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

شیوا-



Scanned with CamScanner

ژیان بەسەر بردن

لەنێوچوون

شەهوەت وەبەرهێنان

لەپێناوی ژیان بەسەر بردنا

ئەمەش دووبارەی دووبارەیە

((منو نیما هیچمان نەوت، شیوا وتی))

- منیش دووبارەی دووبارەم.

ئەو دووبارە بونەوەیەی کە بۆ زۆربەی ئەوکچانەی وەك من وان یان ئەوانەی کە لەماڵەوە هەڵدێن. کچان لەپێناوی هەڵاتن لەماڵەوە دەبنە هاوسەری یەکەمین کەس کە دێتە خوازبێنییان، ئەویش خۆی جۆرێکە لەهەڵاتن، بەڵام هەڵاتنێکی ئابڕومەندانە. ئەو کچانەی کە لەبێ پەنایدا پەنا دەبەنە بەر یەکەمین کوڕ کە لەبەر دەمیاندا سەوز دەبێت، ئاشکرایە حاڵیان چۆن دەبێت. من خۆم لەم چەند ساڵەدا، زۆر لەو کچانەم بەرچاو کەوتووە، هەموویان ونبووو گێژو ماتن.

بۆ شەوێك لەماڵەوە دێنە دەرەوە، پاشان هەموو شتێك بۆ ئەوان کۆتایی دێت، دەزانن ئێرە تەنها بۆ کچان بەوجۆرەیە؟ ئەگەر کوڕێك سەد شەویش لەماڵەوە هەڵبێتو بڕواتە دەرەوە، بۆ جارێکی تر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام کچێك ناتوانێت، کچ تەنها شەوێکی بەسە بۆ ئەوەی کە ماڵەوەی لێ قەدەغە بکرێت، پاشان ئیدی هەموو شتێك تەواوە، ئێستا بۆ بەمجۆرەیە؟ نازانم. بیستومە لەوڵاتانی وەك ئەوروپاو ئەمریکادا بەمجۆرە نییە، دەڵێن لەوێ کچان لەتەمەنێکدا فێردەکرێن کە چۆن لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەڵسوکەوت بکەن. ڕەنگە هەر لەخوێندنی سەرەتاییەوە فێر بکرێن. کچێك لەو وڵاتانەدا لەتەمەنێکی کەمدا مۆڵەتی پێدراوە کە بۆ نموونە شەوێك لەماڵی برادەرەکەیدا بمێنێتەوە، یان لەگەڵ هاوڕێکانیدا بڕوات بۆ گەڕان یان سینەما یان هەر شوێنێکی تر. ئەوە ئەگەر بۆ وێنە جارێکیش لەماڵەوە رقی هەستاو هاتە دەرەوە بۆ یەك دوو کاتژمێر، خۆی بەگێژو مەنگ نابینێت، بەڵام ئەو کچانەی کە من لەم چەند ساڵەدا بەرچاوم کەوتوون، یەکەمینجار کە لەماڵەوە هەڵدێنو بۆ یەکەمینجار پێدەخەنە سەر شەقام، وادەزانن دونیا بۆ ئەوان کۆتایی هاتووە. وەك شێتیان لێدێت. هەموویان دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، ڕەنگە لەدوای نیوکاتژمێرێك لەتورەبوونەکەیان پەشیمان ببنەوە، حەزدەکەن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام ناگەڕێنەوە، دەزانن بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەترسن، ترس لەگەڕانەوە، ترس لەباوك، ترس لەدایك، ترس لەبرا، ترس لەتوندوتیژیی!

نیما- هەڵبەت ئەم مەسەلەیە گشتگیریی نییە. هەموو کەس وانییە.



Scanned with CamScanner

شیوا- خۆ منیش نەموتووە هەموو کەس وایە. من تەنها ئەوانە دەڵێم کە خۆم قسەم لەگەڵ کردون و بومەتە ئاشناو دۆستیان، بۆ نموونە: ڕۆژێکیان کچێک لەماڵەوە ڕقی هەستابوو هاتبووە دەروە. نەیدەوێرا بڕوات بۆ ماڵی ناسراوێکیان کە چەند کاتژمێرێک لەوێ بێت تاوەکو ئارام دەبێتەوەو پاشان بگەڕێتەوە. بۆچی دەترسا؟ لەبەر ئەوەی کە دڵنیابوو لەوەی ئەگەر بڕوات بۆ ماڵی ناسراوێک ئەویش وەک زیندانییەک دەیداتەوە دەستی ماڵەوەیان. واتە ئەوکەسە ئەوەندە باوەڕی بەخۆی نییە کە خزمەکەی یان هاوڕێکەی لەماڵەکەیدا ڕێبدات ئاارام دەبێتەوە، بۆ دڵنیایشتان لێرە تەنها بۆ کچان بەو چەشنەیە، کوڕان لەماڵەوە هەڵدێن و لەگەڵ هاوڕێکانیاندا دەڕۆن بۆ سینەماو پارک و گەڕان و سەیران، لەکۆتاییشدا دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوەو قەدریشیان زیادتر دەبێت.

کچێکم دەناسی کە تەمەنیشی کەم بوو، بەڵام لەناخدا هەرەسی هێنابوو، بەهیچ جۆرێک باوەڕی بەخۆی نەبوو. بەداخەوە چونکە کاتێک من بینیم کارلەکار ترازابوو. ڕووداوەکەشی کە بەسەری هاتبوو زۆر سادەبوو، لەگەڵ دایکوباوکیدا لەسەر خوازبێنییەک دەبێتە دەنگە دەنگی و لەماڵەوە دێتە دەرەوە. بەحسابی خۆی وادێتە دەرەوە کە شەو بڕوات لەمیوانخانەیەکدا بمێنێتەوەو بەماڵەوەی بسەلمێنێت کە ئەویش دەتوانێت ئازادو سەربەخۆ بێت، داماوە ئاشەو دەگەڕێت میوانخانەیەک پەیداناکات کە ژوور بەکچێکی تەنها بدات. ئەگەر کاتژمێرێک لەهاتنە دەرەوەی تێپەڕ ببوایە ڕەنگە بیتوانیبا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ نموونە دەیتوانی بڵێت ڕۆیشتووم تەماشای فرۆشگاکان بکەم ئاارام ببمەوە. بەڵام ئێستا چەند کاتژمێرێک تێپەڕیبوو بۆیە زاتی گەڕانەوەی نەبووە. پاشان توشی گەنجێکی پارەدار دەبێت، ئەویش بەحسابی خۆی میوانخانەیەک شک دەبات کە جێگەی کچی تەنها دەکەنەوە، هەر بۆیە هەتیوەکە دەیباتەوە بۆ ماڵی خۆیان و کۆتاییەکەشی ئاشکرایە. هەر بەم سادەییە، بەم سادەییەو تەنها هەڵەیەک، چارەنوسی کچێک دەسوتێنێت. بۆیە زۆرچاکە ئەم مەسەلەیە کچان بیزانن و هەم ماڵەوەشیان ئاگاداربن.

نیما- لێرە نابێت هیچ کچێک لەماڵەوە ڕق بگرێت.

شیوا- ڕاستە دەبێت لەماڵەوە دانیشێت و هەرچییەکیان پێووت بڵێت بەسەرچاو، وایە؟

نیما- بەوجۆرەش نە، هەمووشتێک نە. بەڵام ئەگەر شتێکی باشیان پێووت دەبێت ئەنجامی بدات.

شیوا- ئاخر لەدیدی تۆدا شتی باش چییە؟ کاتێک دەیانەوێت بەزۆر کچێک بدەن بەکوڕێک کە خۆشی ناوێت؟ دەبێت بەوەش بڵێت بەسەر چاو؟ ئەگەر نەیانهێشت خوێندن تەواو بکات دەبێت بڵێت بەسەرچاو؟ ئەگەر بچووکترین مافیان پێنەداو مافەکانیشیان پێشێلکرد دەبێت بڵێت تەواوە؟ خۆ



Scanned with CamScanner

ئێرە ئەفغانستان نییە.

نیما- من ئەوانە ناڵێم.

شیوا- ئەوکچانەشی کە لەماڵەوە هەڵدێن تەنها لەبەر ئەوشتانەیە، خۆ شتێکی زۆریان ناوێت، ئەگەر تەنها ئەو مافەی یەکەمیان پێبدرێت قایلن.

نیما- من کۆمەڵێك کچ دەناسم کە دەسەڵاتێکی زۆریشیان هەیەو هەر بەوجۆرەشن.

شیوا- نیما تکات لێدەکەم شتی وا مەڵێ. من خۆم کارم ئەوەبووەو زۆربەی ئەو کچانەش دەناسم، ئەوانەی کە هەمووشتێکیان بۆ تەیارو ئامادەکراوە هیچ کاتێك لەماڵەوە هەڵنایەن، هیچ دەلیلێك نییە کە ئەو کارەبکەن. ئەوان ئەگەر لەگەڵ کوڕاندا بن تەنها لەبەر لەزەتی خۆیانەو بەس، کچە ئۆتۆمبێلی لەژێردایە، پارە لەکیفکەیدایە، هەرکاتێکی شەویش بێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هیچ کەسییش کاری بەکارییەوە نییە، کەواتە خۆ شێت نەبووە لەماڵەوە هەڵبێت. بەڵام ئەو کچانەی کە من دەڵێم هەموو لەماڵەوە کێشەیان هەبووە. هەر لەبەر ئەوەشە هەڵدێن، بۆ نموونە کچێکم دەناسی کە باوکی موعتاد بووەو ویستوویەتی کچکەش ناچاربکات تریاك‌و ماددە هۆشبەرەکانی پێ پەخش بکات. کچەش لەبەرئەوەی کە نەگلێت لەوکارەوە لەماڵەوە هەڵدێت‌و دەگلێت لەشتێکی دیکەوە.

نیما- تۆ ئالوودەی چی بویت؟ تۆ بۆچی وات لێهات؟

شیوا- منیش بەجۆرێکی تر، منیش هەروەك یەکێك لەوان. کەمێکیم بۆ سیاوەش باسکردووە.

نیما- بەڵێ، سیاوەشیش شتگەلێکی بۆم گێڕاوەتەوە. بەڵام ئەوشتانە دەبێتە دەلیل بۆ ئەوەی کە مرۆ پێ بەسەر زۆر شتدا بنێت؟

شیوا- نەخێر ئەوە ناهێنێت، بەڵام دەبێتە هۆکار، من لایەنگری کردەوەکانی خۆم ناکەم. چونکە بەئامانجەکەی گەیشتووم. ئیدی لەمە خراپتر وانازانم شتێك هەبێت. من تەنها خەریکم باسی ئەو کارەساتانە دەکەم کە لەمن رویداوە تاکو بێرە گەیشتووم. نازانم ئاگاداریت کە چ بەدبەختییەکم کێشاوە یان نە؟

نیما- تا ئەندازەیەك.

شیوا- کەواتە گوێبیستی پاشماوەکەشی بن. سیاوەش تۆش لەوێیت؟

- بەڵێ، لێرەم.

شیوا- ئەگەر تاقەتتان هەیە بۆتان باس دەکەم.

نیما- ئێمە لەنوکی پێمانەوە تاتەوقی سەرمان بیسەرە، فەرموو.



Scanned with CamScanner

شیوا- بەسیاوەشم وت لەسەر ڕۆڵبینینێك لەشانۆیەکی قوتابخانەدا، دایکم‌وباوکم نەیانهێشت بخوێنم‌و بەزۆر بەشویاندام. لەسەر شەڕکردن مێردەکەم خرایە زیندانەوە. ئیدی بەهەر بەدبەختییەك بوو لێخۆشبوونی کابرام بۆ وەرگرت، لەو ماوەیەدا هیچ کەسێك یارمەتی نەدام‌و من بەکارەکەری خەرجیم پەیدا دەکرد. ئیدی با ئەوی دیکەشی بوەستێت.

نیما- بەڵێ، سیاوەش باسی ئەوانەی بۆ کردووم.

شیوا- بەهەرحاڵ ئاغا جەواد بووە یانسیب فرۆش‌و منیش بومە هاوسەری یانسیب فرۆشێك. هەرچی پێمدەوت ئاخر تۆ شاگردی فیتەریت چیت داوە لەیانسیب فرۆشی، وەرە بڕۆ لەجێگەیەکدا دەستبکەرەوە بەکارەکەی خۆت، بەڵام ئەو ئەوقسانەی نەدەبیست. دەیووت بەوکارانە پارە پەیدانابێت. هەڵبەت ڕاستیشی دەکرد. ئەوکاتەی کە شاگردی دەکرد، هەرچییەکی پەیدا دەکرد نیوەی زیاتری دەدا بەکرێ خانوو. بەڵام لەوکاتەوەی کە دەستیکردبوو بەبەکارە تازەکەی باری مادديمان باشتر بوو بوو، واتە گۆڕا. بەهەرحاڵ بەهەرجۆرێك بوو ژیان تێدەپەڕی. بەپیرۆزترین شت بەوەش ڕازیبووم. بەڵام مەگەر کرا؟!

ماوەیەك بوو دیقەتم دەدا جەواد کە دەڕۆیشت بۆ تەوالێت زۆری پێدەچێت. کەم کەم گومانم تێی گەڕا. جارێکیان جەواد لەتەوالێتەکەدا بوو، منیش لەپڕێکدا دەرگاکەم کردەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە. جەواد ئەوەندە حەپەسا کە تاویستی هەستێتەوە بەسەردا کەوت. دەستیکرد بەقسەی ناشرینکردن، بەڵام من بایەخم بەقسەکانی نەدا، هەر بەزۆر جێگەی خۆمم لەتەوالێتەکەدا کردەوە، سەیرەکەم لەگۆشەی تەوالێتەکەدا دە دوانزە دەنکە شقارتە کەوتووە، پارچەیەك کاغەزیش لەگۆشەکەدا کەوتووە. ئیدی لەهەموو شتێك گەیشتم، کاکە جەواد لەزینداندا موعتاد بوو بوو. خۆزگە بەلانی کەمەوە ئەوەندەم وردبینی نەکردبا. خۆهیچ نەبێت بۆم ئاشکرا نەدەبوو.

لەدوای ئەو ڕوداوە، سەرەتا کەمێك نکۆڵی لێکرد، بەڵام پاشان وتی بەڵێ، فێری هێرۆئین بووم! ئێستا ئێوە خۆتان داینێن کە من چیم بەسەر هاتبێت، خۆمان حاڵمان زۆر تەواو بوو ئێستا دەبوایە هێرۆین کێشانەکەی کاکیشمم تەحەمول بکردایە. سەرەتا بڕیارمدا کە پێی تەرك بکەم‌و دووبارە ژیانێکی نوێ دەستپێبکەینەوە، بەڵام ئاگادار نەبووم ئەوشتانە تەنها لەفیلمەکاندا هەیە، مەگەر دەکرێت چارەسەر بۆ بەدڕەوشتی بدۆزرێتەوە؟ من لایەکیم دەگرت، ئەو لەلایکی دیکەوە هەرەسی دەهێنا.

ماوەیەك تێپەڕی، دەستیکرد بەفەرشی سور ڕاخستن‌و هەر شەوەو دەستی سێ چوار گەنجی دەگرت‌و دەیهێنانەوە بۆ ماڵەوە. دەبوایە منیش میوانداریم بکردنایە. لەبری میوانداریەکانی



Scanned with CamScanner

مندا پارەیان دەدا بەجەواد. ئەگەر بزانن جەواد چ گەنجێکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. هەرچی لێی دەپاڕامەوە دەموت ئەولاوانە موعتاد مەکە بەخوا تاوانە تاوان، بەڵام ئەو گوێی بۆ نەدەگرتم. چەند دەمەقاڵەم لەگەڵ دەکرد، چەند شەڕم لەگەڵ دەکرد، بەڵام سوودی نەبوو، ئەمانەی کە من دەیڵێم بەدەم زۆر ئاسانە، من شتێك دەڵێم‌و ئێوە شتێك دەبیستن. لەهەریەك لەو شەڕو دەنگە دەنگ‌و تێهەڵدان خواردنەدا، هەر شوشەی تەمەنی من بووو درزی دەبرد، لەهەریەك لەو شەڕانەماندا چ شتێکمان لەسەری یەكدیدا نەدەشکاند!؟

ویستم جەواد بەرم بۆ نەخۆشخانە تایبەتمە ژێر چاودێرییەوەو بۆ ئەوەی تەرکی بکات، دەرگای ماڵەوەم قوفڵ لێدا، بەدایکم‌و باوکیشمم وت، بەدایك‌و باوکی جەوادیشم وت، بەخوشکەکەشیم وت، لەپۆلیسیش شکاتم لێکرد، خولاسە هەرشتێك کە ئێوە بیری لێبکەنەوە من ئەنجاممدا، بەڵام هەر سەرکەوتوو نەبووم. بەخۆمم وت ئیدی تەڵاقی لێوەردەگرم. بەڵام بۆجارێکی دی ئایدییا فەنتازیاکان هاتەوە سۆراغم. ویژدانم پێمیدەوت تۆ بەتەواوەتی هەوڵی خۆت نەداوە. هەر لەپەسا یەکێك پێمیدەوت نابێت سەنگەر چۆڵ بکەیت، دەبێت جەواد رزگار بکەیت. دەبێت یارمەتی بدەیت، مێردەکەت ئێستا پێویستی بەتۆیە، لەم شتە بێتامانە...!

بۆجارێکی تر بێئەقڵ بومەوەو بەهەموو ئەو توانایەمەوە کە هەمبوو، دەستمکرد بەئیرادەدان بەجەواد، لەنگەر گرتنی، دیسان وەك ئەو دراما تەلەفزیۆنیانە. چەند مانگێك بەمجۆرە تێپەڕی، بەڵام سفر بەدەستەوە، جارێکیان بیرم لەوەکردەوە کە لەوکاتانەی کە ئەو لاوانە دەهێنێت بڕۆم هەواڵی لای پۆلیس لێبدەم تابێن دەستگیریان بکەن، بەڵام تازە چ سوودێکی هەبوو؟ هەر زیندان ڕۆیشتن بوو کە موعتادی کرد. دەترسام جارێکی تر بگەڕێتەوە زیندان‌و سێ چوار شتی دیکەش فێربێت. خودا بەخراپ خراپتر نەدات.

دواین بیر بەمێشکمدا هات ئەوەبوو کە دەستیبگرم‌و لێرە دووری بخەمەوە، پێکەوە بڕۆین بۆ شارێکی تر ژیان بەسەر بەرین، بەڵکو چاك بێت. تەنها ڕێگەچارە کە مابووەوە ئەوەبوو. دڵی خۆمم بەوە خۆشدەکرد دەموت بەڵکو ئەگەر لەتاران بڕۆین هەمووشتێك باش ببێت‌و جەواد تەرکی ماددەهۆشبەرەکان بکات‌و بڕواتە سەرکارێك، ببێتە خاوەنی منداڵ‌و هەرچۆنێك بێت ژیانی لەگەڵ بەسەربەرم بەڵکو بەئومێدی خودا کاتی مردنم بێت‌و سەرم بچێتە ژێر گڵەوەو ڕزگارم بێت. ئێوە تەماشاکەن، دەبێت ئەوە تەنها ئاوات‌و داخوازی کچێك یان ژنێکی گەنج بێت؟ مردن؟ واتە سەختییەکانی ژیان بەجێگەیەك بگات کە ژنێك تەنها چاوەڕوان بێت کە کەی بمرێت‌و لەم ژیانە رزگاری ببێت؟ دەڵێن کاتی وا هەیە مردن بۆ مرۆڤ زەماوەندە! خولاسە خەریکبووم خۆم بۆ ئەوە



Scanned with CamScanner

ئامادەکرد کە جەواد لەو گێژاوە ڕزگار بکەم. دوایین شەو بوو. دیسان دوولاوی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە بۆ ماڵەوە. هەرکاتێک یەکێکی بهێنایەتەوە من لەناچاریدا دەڕۆیشتم لەچێشتخانەکەدا دادەنیشتم، یان لەحەوشە. واتە ژوورێکی سێ بەچوار جێگەی ئەوەی تێدا نەدەبووەوە کە سێ چوار کەس لەگۆشەیەکدا دانیشن هێرۆین بکێشنو منیش لەگۆشەیەکیدا بەرگدوورین بکەم. چێشتخانەکە لەناو حەوشەکەدا بوو. ژوورێکی مەتر بەمەتر بوو. فتیلەیەک لەگۆشەیەکیدا بوو سێ چوار مەنجەڵو قاپیش لەگۆشەیەکی دیکەیدا، کورسییەکیشی تێدا بوو کە من بەناخێری گیانم دەڕۆیشتم لەسەری دادەنیشتم. ئەو شەوەش وەک شەوەکانی دیکە ڕۆیشتبوومە ئەو ژوورەوە خەریکبووم بیرم لەوژیانە سەختو نالەبارەی خۆم دەکردەوە کە لەپڕێکدا یەکێک لەو لاوانە هاتە بەردەرگاکە، وتم: چیت دەوێت؟ وتی چایەکم پێبدە. وتم بڕۆ ژوورەوە بۆت دەهێنم. وتی نا، دەمەوێت هەر لێرەدا بیخۆمەوە. منیش چایەکم بۆ تێکردو پێمدا. دەستیکرد بەقسەکردن، زۆر بەئارامیو لەسەرخۆ خەریکبوو نارەناری دەکرد، دەیووت حەیف نییە تۆ بەو جۆرە بژیت؟ ژنێک بەو جوانییەوە، ببێتە دیلی موعتادێک؟ تۆ جوانیت ئەگەر بتەوێت هەزار کارت بۆ دەکەمو...! ویستی بێتە ژوورەوە کە خێرا بەکەوگیرێکی مس کێشام بەسەریداو دەستیکرد بەهاوارکردن! جەوادو ئەو کوڕەی دیکەش کە لەژوورەوە بوون رایانکردە دەرەوە، جەواد وەختێ زانی مەسەلە چییە، هەروەک غیرەتی جوڵابێت دەستیکرد بەتێهەڵدانیان، ئەوان دووان بوونو جەواد بەتەنیا، منیش بەکەوگیرەکەوە ڕۆیشتم بۆ هاوکاریکردنی جەواد، هەرچییەک بوو هاوسەرم بوو، کاتێک بینیم هێشتا بەرگی غیرەتی لەبەردایە منیش رانەوەستامو یەکسەر ڕۆیشتم بۆ یارمەتیدانی، لەهەمانکاتدا جەواد دەستیکرد بەگیرفانیداو چەقۆی لێ هەڵکێشان، چەقۆیەکی لەکەلەکەی یەکێک لەکوڕەکاندا. کوڕە دەستیکرد بەهاوارکردنو سوتام سوتام..!! ئیدی هەرچی بەرو دراوسێ هەبوو ڕژان بەسەرماندا، لەپڕێکدا قیامەت هەستا! نازانم لەم بگرەو بەردەیەدا چ شیر پاکێک پەیوەندیی بەپۆلیسەوە کردبوو. بەهەرحاڵ کوڕە لەوێدا بەلادا هاتبووو خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، ئەوی دیکەشیان دراوسێکان گرتبوویان، جەوادیش هەر هاواریدەکردو دەیووت بیانگرن ئەوانە دزن هاتبوون ماڵەکەمان تاڵان بکەن، لەوکاتەدا سەروکەلەی پۆلیسێک پەیدابوو، تاکوڕەکەیان خستە ناو ئۆتۆمبیلەوە کە بیگەیەننە نەخۆشخانە، سێ چوار پۆلیسی تر هاتنە ژوورەوە. جەواد کاتێ ئەوانی بینی بەدزییەوە ڕۆیشتە ژوورەوەو لەدوای چەند خولەکێک هاتە دەرەوەو یەکسەر هاتە تەنیشتی منەوە، بەستەیەکی خستە دەستمەوەو ویستی بڵێ ئەوە لەجەستەتدا حەشاربدە، کە یەکێک لەپۆلیسەکان چاوی بە بەستەکە کەوتو رایکرد بەستەکەی لەدەستی مندا دەرهێنا، من تەنها بەحەپەساوی تەماشام دەکرد. خودا



Scanned with CamScanner

چاکەی بداتەوە هەروەك زانیبێتی من تاوانم نییەو بێ تاوانم. وازی لەمن هێناو یەخەی جەوادو ئەو کوڕەی گرتو کەلەپچەی کردە دەستیانو بردنی بۆ زیندان. لەکورتی بیبڕمەوە، ئەمجارەیان پێنج ساڵیاندا بەکۆڵیدا. منیش لەدادگادا داوای تەڵاقم کرد. کاتێك ماڵەوەیان ئاگاداربوون هاتن لەبەرپێمدا کەوتنو دەستیانکرد بەسازنەی (ماستاو) کردن. دەیانووت تەڵاق وەرمەگرەو کەمێ چاوەڕوانبە، دڵنیابە جەواد دەبەخشرێتو ئازاد دەبێت، ئیدی دەبێتە مرۆڤ و دێتەوە سەر ماڵو ژیانی خۆی، لەوقسە هەلەقو مەلەقانە! تۆ تەماشای مرۆڤی زرنگ بکە. ئەوان حسابی ئەوەیان کردبوو کە دەبوو لەزینداندا مانگی شتێك بەجەواد بدەن، ئەوان پێیانوابوو دەتوانن من کەربکەنو منیش وەك جاری پێشوو دەڕۆم کارەکەری دەکەمو خەرجی جەواد دەدەمو ئەوانیش هەموو مانگێك شتێکیان بۆ دەمێنێتەوە. هەڵبەت خۆم شل بووم، بەڵام ئەمجارەیان باوکم نەیهێشتو بەزۆر تەڵاقمی لەجەواد وەرگرت، بەڵام وانەزانن کە دڵی بۆ کچەکەی سوتابێت، نەخێر. ئەویش بۆخۆی وای دەکرد، ئێستا کە کچەکەی دەتوانێت کاربکاتو پارە پەیدا بکات بۆچی بۆ دایكوباوکی خۆیی نەکات؟ ماوەیەکی پێچوو تا تەڵاقم لەجەواد وەرگرت.

- منداڵت نەبوو؟

شیوا- نەخێر، ئەوەندە ئەقڵم هەبوو کە منداڵێکی بێتاوان بەدبەختی دەستی ئەو رۆژگارەی نەکەم، بەکورتی گەڕامەوە بۆ ماڵو ژیانی یەکەمجارم. هەرئەوماڵە، هەر ئەو دایکە، هەرئەو باوکەو هەر ئەو شەڕو بەزمەی جاران، تەنها جیاوازیی ئەمجارەیان ئەوەبوو کە من لەبری ئەوەی بخوێنم دەبوایە کارم بکردایە، ماوەیەك ڕۆیشتم بۆ کارگەیەك، لەسەر دەستگایەك بووم، بەڵام باوکم نەیهێشت لەوێ بمێنمەوە، دەیووت مانگانەکەی کەمە، ڕاستیشی دەکرد. باوکم دەیووت درەختم ناشتووە تا سوود لەمیوەکەی وەربگرم! مەبەستی لەدرەخت، منداڵەکانی بوو. بەهەرحاڵا دووبارە گەڕامەوە بۆ سەر کارەکەی یەکەمجارم، زەوی سڕینو پاککردنەوەی ماڵو قاپو قاچاخ شتنی خەڵکی، رۆژێك لێرە رۆژێك لەوێ، شەوێك لێرە، شەوێك لەوێ، تەواو خاڵی بوو بووم، کاتێك کە ئەو کارەم دەکرد لەپێناوی ئەوەدابوو کە ئامانجێکم هەبوو. دەمویست ژیانم رزگاربکەم، دەمویست بیسەلمێنم کە دەتوانم خۆم رابگرم تاهاوسەرەکەم لەزینداندا دێتە دەرەوە، دەمویست پیشانیانی خەڵکی بدەم کە دەتوانم ژیانم وەك خۆی بهێڵمەوەە تاهاوسەرەکەم لەزیندان دێتە دەرەوە. دەمویست پیشانی خەڵکی بدەم کە منیش دەتوانم بەهێزبم، بەڵام بەکێ؟ وە بۆچی؟

ئێستا ئیدی بەبێ ئامانج کارەکەریم دەکرد. هەرچییەکم پەیدا دەکرد هەڵمدەڕشتە بەردەستی باوکمەوەو ئەویش خەرجی کارە ناشرینەکانی خۆی دەکرد. ئەوانە لەلایەكو شەڕو دەنگە



Scanned with CamScanner

دەنگەکانی ماڵەوەش لەلایەک، دوای هیلاکی‌و نیوەمردوویی دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، دەبوایە شەڕو بەزمەکانی ئەوانیشم تەحەمول بکردایە. ئیدی گیرم خواردبوو، بەڕاستی گیانم گەیشتبووە سەرلێوم، حەزمدەکرد هەڵبێم. حەزمدەکرد بڕۆمە شوێنێکەوە کە هیچ کەس نەمناسێت. ئێوە نازانن من دەڵێم چی. لەڕاستیشدا تاوانی ئێوە نییە. تێگەیشتن لەوشتانە سەختە. مرۆڤ دەبێت خۆی گرفتاربوبێت تالەمانای ئەم شتانە تێبگات.

لەبیرمە ڕۆژێك لەو کۆمپانیایەی کە من کاری پاکوخاوێنیم تێدادەکرد. ناونیشانێکیان پێدام، ماڵێکی زۆر گەورەبوو لەبەشی سەرووی شارەوە. ژنو پیاوێك بوون بڕیاربوو یەك دوو ڕۆژی دیکە کوڕەکەیان لەفەرەنگ بگەڕێتەوە. داوایانکردبوو من بڕۆم ماڵەکەیان بۆ خاوێن بکەمەوە، کاتێ کارەکەیان بینیم، زۆر بەدڵیان بوو، پێیانوتم ئەوچەند ڕۆژەی کە کوڕەکەیان دەگەڕێتەوەو میوانیان دەبێت من هەر لەوێ کاربکەم‌و میوانداری بکەم، منیش ڕازی بووم، بەڵام داوایان لێکردم کە لەپێش چاوی میوانەکاندا سەرپۆش نەدەم بەسەرما، منیش وتم نەخێر شتی وا نابێت، ئەگەر دەتانەوێت کارتان بۆبکەم، کارتان بەوشتانەوە نەبێت. ئەوانیش هیچییان نەوت، بەڵام ئەو شەوەی کە بڕیاربوو میوانەکان بێن دەستێك پۆشاکی زۆر جوانیان پێدام تابیپۆشم. پێیانوتم دوایش ئەو پۆشاکانە دەدەین بەخۆت، بەڕاستی پۆشاکەکان ئەوەندە جوان بوو دڵم نەدەهات چاوی لەسەر لابەرم. گوایە ئەو پۆشاکانە هینی کچەکەیان بوو کە ئەو کاتە لەفەرەنگ دەیخوێند. دەستێك پۆشاکی رەش بوو تاخوار ئەژنۆم، سنگەکەی پولەکەیان پێدا دووریبوو، ئیدی منیش بەنانی کارەکەری‌و خواردنی بەرماوە ڕاهاتبووم، ڕۆیشتمە ژوورەوەو پۆشاکەکانم پۆشی. زۆرم حەزلێی بوو. ئاخر من کچێك یان ژنێکی بەژن جوان بووم، ڕاشتە ئەو هەموو بەدبەختییانەم بەسەرهاتبوو،

بەڵام هێشتا ئارەزوەکانم نەمردبوون، پۆشاکەکانم پۆشی. خەریکبووم لەئاوێنەکەدا لەخۆمم دەڕوانـی، کە خانم هاتە ژوورەوەو سەرپۆشەکەی لەسەرم داگرت‌و بەشانەیەك دەستیکرد بەشانەکردنی قژم. کاتێ زانی قژم چڵکنە وتی تامیوانەکان نەهاتوون بەخێرایی بڕۆ دەستێك لەقژت بە. منیش پێم خراپ نەبوو، ڕۆیشتمە گەرماوەکەوەو جوان خۆم شت. وەختێ هاتمە دەرەوە خانم خۆی قژی بۆ ڕێککردم. لەدوای ئەوەش ئارایشتێکی جوانی بۆ کردم. وەك مانگم لێهاتبوو. ویستم سەرپۆشەکە بدەمەوە بەسەرما، خانم وتی ئاخر توخودا بەو جوانییەوەو بەو ئەگریجە مەلیلیانەوەو بەو دەستە پۆشاکە جوانەوە تاوان نییە سەرپۆش بدەیت بەسەرتا؟ ویستم مینجە مینج بکەم کە خانم وتی باشە هەرکارێکت دەوێت بیکە، بەڵام بڕۆ پۆشاکەکانی خۆت بپۆشە. لەگەڵ ئەمەی وت وامدەزانی یەکێك دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر فەنتازیاکانمدا. دەزانن دەڵێم چی؟ ئەو پۆشاکانە



Scanned with CamScanner

ئەوەبوو کە من بیست‌و چەند ساڵ بوو، بوو بووە تەنها خۆزگەم، ئێستاش دەیانویست لێم زەوت بکەن، دەزانن ئەگەر بڕیاربێت کچێکی بەدبەخت لەژیانیدا هیچ خۆشییەکی نەدیبێت تەنها دڵی بەخەیاڵەکانی خۆشکردبێت. ئەویشی لێ وەرگرنەوە ئیدی چی بۆ بەجێدەمێنێت؟

سەرپۆشەکەم لەسەرم داگرت‌و دام بەخانم. کاتێ گەیشتمە بەردەمی دەرگاکە خانم وتی ئەو گۆرەوییە ڕەشە کارەکەرییانەشت لەپێت داکەنە، خۆ ناتەوێت هەمو پێت بڵێن لادێی. ئیدی ئەوانیشم داکەند، پۆشینی ئەو پۆشاکانە بەلامەوە زۆر گرنگ بوو. دەمویست ئەگەر تەنها بۆ شەوێکیش بووە وەك ئەو دەوڵەمەندانەم لێبێت، تەنها ئەو پۆشاکانەش بوو کە ژیانمی لەڕوویەکەوە دەگۆڕی بۆ ڕوویەکی دیکە.

شەو هەموویان لەفرۆکەخانە کۆبونەوە تاکاتێك کوڕەکەی خانم هاتەوە. هەموو هاتنەوە بۆماڵەوە. ئیدی چی روویدا! شای‌و هەڵپەڕکێ، هەموو خۆشحاڵ بوون، هەروەك ئەوەی لەم مەملەکەتەدا هیچ شتێك بەناوی خەم‌و خەفەتەوە بوونی نەبێت. ئەوەندە خۆشحاڵ بوون کە من لەخۆشحاڵی ئەواندا غەمەکانم لەبیرکرد. لەناو ئەو جەنجاڵییەدا کوڕێك هەبوو ناوی ((روزبە)) بوو، کە شان بەشانی من کاری دەکردو میوانداری لەمیوانەکان دەکرد. بەجۆرێك لەگەڵ مندا هەڵسوکەوتی دەکرد وایدەزانی منیش یەکێکم لەخۆیان. کوڕێکی قۆز بوو. تەمەنی نزیکەی سی ساڵێك دەبوو. زۆر جوان‌و قسەشیرین بوو. بۆنێکی خۆشی لەخۆی دابوو کە بەبێویست دەمویست لێوەی نزیك بم تاهەست بەو بۆنە بکەم.

((شیوا دووبارە بێدەنگ بوو، نیما ئاماژەی پێکردم کە واتە بۆ قسەناکات؟ منیش پێمووت هیچ نەڵێت، تالەپڕێکدا شیوا هاتەوە زمان‌و لەسەرخۆ وتی))

* ((ئێستا ئیدی نە سەرم گێژ دەخودات‌و نە لەسەرەوەم، هاتومەتە خوارەوە. شریتی ڤیدۆکە تەواو بووە، روزبە لەگۆشەیەکدا دانیشتووەو خەریکە جگەرە دەکێشێت‌و دوکەڵەکەشی بەئەڵقەیی دەردەداتە دەرەوە، تەماشایەکی خۆم دەکەم‌و سەرچەفەکە لەخۆمەوە دەپێچم، تازە دەزانم کە چی رویداوە. دڵم پڕبووە، بەدوای بیانویەکدا دەگەڕێم. ئێستا دەگریەم! روزبە پێدەکەنێت، پێیدەڵێم ئاخر بۆ؟ دیسان پێدەکەنێت. دەڵێمەوە بۆ؟ دەڵێت خۆ نەڕۆیشتومەتە باخێکی دەست لێنەدراوەوە؟ دەڵێم ئاخر بەم شێوەیە؟ دەڵێت ئێستا خۆ هەر ئەوەی کەمە کە کەسێك چوار وشەی بۆمان نەخوێندووەو ئێمەش بەڵێکەمان نەوتووە، چ جیاوازییەکی هەیە؟ منیش لەمانای ئەو شتانە تێناگەم، جیاوازییەکی بۆمن نییە. ئیدی لەبۆنی ئەترەکەی کە ئێستا جەستەی خۆشم ئەو بۆنەی لێدێت، هیچ لەزەتێك نابەم. دیسان دەگریەم، روزبەش دیسان پێدەکەنێت))*



Scanned with CamScanner

((شیوا دووباره بێدەنگ بووەوە. پاش ساتێك رشتنی ئاو بۆناو پەرداخێك دەنگی هات. لەتەنگە نەفەسیدا خەریکبوو ئاوی دەخـواردەوە، منو نیما هیچمان نەوت، ئەویش ئاوی پەرداخەکەی خواردەوە، لەدوای چرکە ساتێکی تر وتی))

- ئێوە شتێکتان نییە تابیڵێن؟

- چی بڵێین؟

شیوا- هەرچییەك بێت. ئامۆژگارییەك، سەرزەنشت کردنێك، تانەوتەشرێك، جیاوازیی نییە. گرنگ ئەوەیە کە بۆچوونی خۆتان دەربڕن.

- دەتەوێت خۆت بپەڕێنیتەوە؟

شیوا- نەخێر، لەبارودۆخی ئێستامدا ئەوقسانە هیچ مانایەکی نییە. باشە ئەگەر قسەیکتان نیە...

نیما- من قسەیەکم هەیە، واتە پرسیارێك. دەمەوێت بزانم کە بەڕاستی دەستێك پۆشاك دەتوانێت ئەوەندەی ئەرزش هەبێت؟ واتە ئەوە تەنها دەستێك پۆشاکە کە دەتوانێت چارەنوسی کەسێك بگوڕێت؟

شیوا- نەخێر، ئەوە دەستێك پۆشاك نەبوو، رێگەیەك بوو. کۆمەڵێك شت لەژیاندا دەتوانێت تەنها بیانویەك بێت، هەستکردن بەتوندوتیژیی، بەڵام ئەو پۆشاکانە درێژەی رێگەیەك بوو، درێژەی رێگەیەك، رێگەیەك کە دەگاتە ناوەڕاستی مەبەست.

- تێناگەم.

شیوا- کاتێك رێگەیەکیان پیشاندایت پێیدا بڕۆیت، لەناوەڕاستی رێگەکەدا دەزانیت کە چەند دژواریی تێدایە، زۆر سەختیشە لەناوەڕاستیدا بگەڕێیتەوە، بۆیە هەر بیر لەوە دەکەیتەوە کە ئەگەر کەمێکی تر بەرەوە پێشەوە بڕۆیت، پاشماوەی رێگەکە بێ چاڵو چۆڵییە، ئەو ڕێگەیەی کە کەساتێکی وەك من خەریکن تێیدا دەجوڵێنو کۆتاییەکەشی ئاشکرایە، بەدبەختی، گەنەکاریی، زەلیل بوون، بەڕوو زەردی مردن، تۆ سەیرکەن. مردن سەخت نییە، بەڵام جۆری مردنەکە گرنگە، یەکێك ئاسایی دەمرێت، لەمجۆرە کەسانە زۆرە. دێنو دەڕۆنو فەرامۆش دەکرێن، یەکێکی تر بەجۆرێك دەمرێت کە هەموو بەشانازییەوە بیری لێدەکەنەوەو مردنەکەشی هیچ کاتێك لەبیر ناکرێت، بەڵام یەکێکی کە دەمرێت کە خۆشی حەزناکات کەس هەواڵی مردنو هۆکاری مردنەکەی بزانێت! وەك من.

بەڵێ مەسەلە دەستێك پۆشاك نییە. پۆشاك نەبێت بیانوویەکی تر هەیە. گرنگ ئەوەیە کە دوای ماوەیەکی زۆرکەم بەجێگەیەك دەگات کە شتگەلێکی زۆر بچووکتر لەدەستێك پۆشاك دەتوانێت ببێتە دەلیلو بیانویەکی باش بۆ ئالوودە بوونی، کاتێ لەو ڕێگەیەدا بەپوچی گەیشتیت

ئیدی خۆت وازی لێدێنیت. دەمەوێت ئەوە بڵێم. کاتێك کە لەچواردەورتدا پێشبڕکێیەکی بێدەنگ لەکاتی ئەنجامداندایە. هەتا ئەگەر تۆ لەگۆشەیەکیشدا بیت بخوازیت‌و نەخوازیت بەهەست‌و رۆح هاوڕێگەی پێشبڕکێ کەیت. ئێستا ئەو پێشبڕکێ‌و ململانێیە دەتوانێت باش بێت دەشتوانێت خراپ بێت، کاتێك پێودانگەی ناسینی کەسێك پارەبێت، بەبێویست هەموو بەدوای دەکەون. هەموو چواردەورەکەی، منیش هەر وا بووم، باوکم بەدوای پارەوە بووە تازیاتر رابوێرێت، براکەم بەدوای پارەوە بوو تا لەناو هاوڕێکانیدا سەرشۆڕ نەبێت، یان بەلانی کەمەوە بتوانێت ئارەزووەکانی بهێنێتەدی! رەنگە ئارەزوی خوشکەکەشی بەلایەوە گرنگ بوبێت. دایکم بەدوای پارەبوو تاڵەژیانی دڵنیابێت‌و لەهاوسەرە عارەق خۆرەکەی جیا ببێتەوە. باشە، خۆمنیش یەکێك بووم لەو بنەماڵەیە. هەموو بەدوای شتێکەوە بووین.

- ئاخر خۆ پارە ناتوانێت هەموو شتێك بێت.

شیوا- ئەوقسە لەکەسێکی وەك تۆ کە ژیانت خۆشە قابیلی قبوڵ نییە.

نیما- سیاوەش گیان نیوکاتژمێرێك دان بەخۆتدا بگرەو دروشم مەدە. دوای ئەوە بڕۆ بۆ سەر سەربانەکەتان‌و تادڵت دەخوازێت هاواربکەو لەو باسانە بگێڕەوە، دەی شیواخان دەتانفەرموو.

((شیوا دەستیکرد بەپێکەنین‌و وتی))

- ئەوشەوە هەموو خۆشحاڵ بوون، سەمایاندەکردو گۆرانییان دەچڕی. کچ و کوڕەکان پێکەوە پێدەکەنین‌و باوك‌ودایکیشیان بەپێکەنینەکانی ئەوان پێدەکەنین، هەروەك ئەوەی کە ئەوانە لێرە نەژین. هەروەك ئەوە وابوو کە دنیاکەیان دنیایەکی تربێت. منیش رقم لەدنیاکەی خۆم هەستا، وازم لێهێناو ڕۆیشتمە دونیاکەی ئەوانەوە، بەڵام بیری ئەوەم نەبوو کە وەك چیرۆکەکەی ساندرێلا، تەنها دەستێك پۆشاکە کە منی وەك ئەوان لێکردووە، نەمدەزانی بۆ ئەوەی کە بچیتە ناو دونیای ئەوانەوە دەبێت زۆر پارەدار بیت، دەبوو ئەوپارەیەت لەڕێگەی ئاسان‌و بێدەردەسەرییەوە پەیدا کردبێت، من نەمدەزانی کە لەدونیای خۆم هاتومەتە دەرەوەو لەپشتی دونیاکەی ئەوانیشەوە بووم. لەبەرزەخدا، بەرزەخ هەر ئەمەیە. ئێستا بەرزەخێکمان هەیە لەنێوانی ئەم دونیایەو ئەو دونیایەدا، بەرزەخێکیش لەم دونیایەدا هەیە بۆ کەسانی بەدبەختی وەك من.

ئەوشەوە تێپەڕی، درەنگانێکی شەو لەوکاتەدا کە دەمویست بڕۆمەوە بۆماڵەوە روزبە گوڵێکی سوری زۆر جوانی بۆهێنام. ئەو کردارەی کارێکی زۆری لێکردم. منێك کە ساڵانێك تەنها توندوتیژیی جەوادم بینیبوو، منێك کە ساڵانێك تەنها هەستم بەبۆنی رۆن‌و گریس کردبوو، منێك کە ساڵانێکی زۆر تەنها بۆنی مەیم لەدەمی باوکمدا هەست پێکردبوو، منێك کە چەندین ساڵ هەڵسوکەوتی ناشرینی



Scanned with CamScanner

دایکم‌و باوکمم بینیبوو، بێزێزییەکانیان، سوککردنەکانیان، تێهەڵدانەکانیان. ئێستا کەسێك رووبەڕووم بوو بووەوە بەهەستێکی ناسکەوە، پاکوخاوێنییەکی زیاد لەئەندازە، هەیکەل‌و روخسارێکی جوان، بۆنێکی خۆش. باشە ئێستا دەبێت چیبکەم. تەواوی ئەوشتە چاکانە وازلێبێنم؟ ڕێگە لەلێکدانەوەی هەوەسم بگرم؟ نە! من ڕێگەکەی ترم هەڵبژارد.

- بەڵام ئەوە داوێك بوو، شیکارکردنێك بوو.

((لەپڕدا شیوا هاواریکرد))

- باشە، هەرچییەکە با ئەوەبێت. ئێستا لەمانەم پێدەڵێیت؟ ئێستا کە سوودێکی نییە؟ من ئەوکاتە چاودێرێکم پێویستبوو، من ئەوکات باوکێکی میهرەبانم دەویست، من ئەوکاتە هاوڕێیەکی باشم پێویستبوو کە رێنمایم بکات نەك ئیستا.

((لەپڕدا هاتەوە سەرخۆی‌و ئاگاداربوو کە سنووری قسەکردنی شکاندووە، کەمێك بێدەنگ بوو پاشان وتی))

- سیاوەش گیان ببەخشە. ئەوە ئەو هاوارانەیە کە دەبوو پێش ئێستا بەسەرخۆمدا یان بەسەر باوکمدا بکردایە، ببورە، ئێمە هەمیشە هاوارو فوغانەکانمان کاتێك بەرز دەبێتەوە کە هەمووشتێك تەواو بووەو لەکیسچووە.

- گرنگ نییە ئاسوودەبە.

شیوا- ئەوکاتەی کە خەریکبووم ماڵئاوایم دەکرد، خانم وتی ئەو چەند رۆژەی دی کە میوانیان هەیە بڕۆمەوە بۆ ئەوێ، پێیووتم تەنها بەشەودا بڕۆم میوانداری لەمیوانەکانیان بکەم، دەیووت قاپ شتن‌و شتەکان دەدات بەکەسێکی تر ئەنجامی بدات. وابزانم لەبەر ئەوە بوو بەو پۆشاکانەوە جوان بوو بووم، دەیویست تەنها من لەپێش چاوی میوانەکاندابم.

بەیانی عەسرەکەی زووتر ڕۆیشتم بۆ ماڵی خانم. حەزمدەکرد زووتر میوانەکان بێن. دڵنیابووم روزبەش دێت. خۆی پێمیوتبوو. لەدوای یەك دوو کاتژمێر هات، دەستێك پۆشاکی زۆر جوانی پۆشیبوو کە زۆر لێی دەهات. لەگەڵ گەشتە ئەوێ لەدوای ئەحواڵ پرسی خانم‌و کوڕەکەی‌و مێردەکەی هات بۆلای من‌و زۆر بەئەدەبەوە، سڵاوی کرد. هێشتا میوانەکان هەموویان ئامادە نەبوو بوون، دوو بەدوو لەسەر دوو کورسی دانیشتین‌و پرسیاری ژیانم‌و خوێندنمی لێکردم، کاتێك زانی من عاشقی سینەماو کاری دەرهێنەری بووم‌و بەهۆی چەند شتێکەوە ناچاربووم واز لەخوێندن بهێنم، زۆری پێخۆشبوو، دەستیکرد بەقسەکردن دەربارەی سینەماو فیلم‌و شیعرو زۆر شتی دیکە کە من عاشقیان بووم، بەڕاستی لەزەتم لەقسەکانی دەبینی. وامدەزانی دەڕۆمە ناو فەنتازیاکانمەوە، پۆشاکی جوان،



Scanned with CamScanner

کوڕێك که ئاواته خوازیبووم، ژینگەیەکی شادو دوور لەغەمو خەفەتو بەدبەختی. حەزمنەدەکرد هیچکامێك لەوانە لەدەست بدەم. لەدەستدانی هەر یەکێکیان وەك نابود بونی ئایندەم وابوو. دەزانن، من تائەوکاتە پیاوم بەتوندوتیژترین جانەوەر دەناسی! واتە بڵێم جگە لەباوکمو جەوادو براکەم پیاوێکی دیکەم نەدیبوو. باوکمم هەمیشە بەقایشەکەی پشتیو جنێوەکانییەوە دەناسییەوە، لەگەڵ بچووکترین هەڵەم ئەنجام بدایە، قایشەکەو جنێوەکانی چاوەڕوانم بوو. براکەم چونکە دوساڵ لەمن گەورەتربوو، بەزۆر لێکردنو شەڕکردن دەمناسی. هەڵبەت هۆی زۆردارییەکانی ئەوەبوو کە ئەو تەنها کوڕی ماڵەوە بوو، با لەشەڕو شۆڕ گەڕێین. لەنێوانی خوشكو برادا شەڕ هەر روودەدات، بەڵام هەمیشە ئەو براوە بووە. ئەوە جەواد کە هیچ، تێهەڵدان، جنێو، شەڕفرۆشتن، ئەوشتانە. جگە لەوسێ پیاوە ئیدی من لەگەڵ هیچ پیاوێك یان هیچ کوڕێکدا بەرخوردم نەکردبوو، بۆ ئەوەی کە هەرهیچ نەبێت چاوو گوێ بکەمەوەو ئاگاداریی کۆمەڵێك شت بم هەر ئەوەندەی کە هەڵنەخەڵەتێم. لەوساتەوی کەبیرم دێت، چواردەورم هەمووی دیوار بووەو هەمووشتێك قەدەغەکراوو ترس. ترس لەباوك، ترس لەپیاو، ئەوپیاوانەی کە بۆنی مەی یان رۆنیان لێبهاتەیە لەبەریان هەڵدەستام! قسە باش باشەکەیان، دەستوور، راخوڕین، جنێو بوو! هەرجارێك کە نزیکی هەریەکێکیان دەبومەوە چ باوکم، چ براکەم، چ مێردەکەم. بەساردی منیان لەخۆیان دووردەخستەوە. واتە ڕوویەکی خۆشیان پێنەدەدام، باشە بۆ؟ ڕەنگە پێیان وابوو بێت نابێت روو بەکچ بدەن چونکە بێشەرم دەبێت. ناسینی من دەربارەی پیاو تەنها ئەمە بوو. بەڵام لەپڕدا لاوێکی رێكوپێكو بەتایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازەوە توشم بوو بوو. لەجێگەی بۆنی ناخۆش، ئەتری لەخۆی دەدا، لەبری پۆشاکی چەورو پیسی، پۆشاکی جوانو پاکوخاوێنی دەپۆشی. لەبری دەستوردانو زۆرلێکردن، تکای لێدەکردم. لەبری تەریق کردنەوەو خنکاندنی وشەکانم، پەسەندی دەکردم، لەبری جنێوو قسەی ناشرین، لەزوبانی قسەی جوانم دەبیست، لەبری مەی خواردنەوەو چەقۆکێشیو لات بازی، باسی شیعرو هونەرو ئەوشتانی بۆ دەکردم. هەر لەبەرئەوەبوو کە هەستمدەکرد بەخەیاڵەکانم گەیشتووم، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەگەر بیویستایە، لەگەڵی دەڕۆیشتم تاهەر شوێنێك کەبیویستایە!

((شیوا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- ڕۆیشتیشم، ئائێرەی کە ئێستا هەم!

دوسێ شەوێك میوانەکان دەهاتنو میواندارییەکە درێژەی کێشا. پەیوەندیی منو روزبەش پتەوتر بوو. زۆر شتی لێدەپرسیم، لەژیانم، لەخۆشەویستی، لەپێکەوە ژیان، لەتەنهایی، هەستمدەکرد دەیەوێت زیاتر بمناسێت، منیش ڕاستبێژیانە رۆحمم پێناساند، ئەو رۆحەی کە برینداری دەرد بوو.



Scanned with CamScanner

ئەویش بەو غەمو خەفەتانەی کە لەنێو چاوەکانیدا جێی خۆش کردبوو من دەمبینی، ئەو ڕۆحەی لێ قبوڵ کردبووم.

میوانییەکە کۆتایی هاتبوو، سەندرێلاش دەبوایە ماڵئاوای بکردایە. روزبە ژمارەی تەلەفۆنەکەی پێدام، منیش بۆ سبەینێ شەوەکەی پەیوەندیم پێوەکرد، دەیویست یارمەتیم بدات، پێیووتم ئەگەر پارەم پێویست بێت پێی بڵێم، داوای لێکردم تاچەند ڕۆژێك بواری بدەم، دەیویست بیر بکاتەوە، پاش چەند ڕۆژێك بیری کردەوەو داوای لێکردم بڕۆم بۆ ماڵیان تاپێکەوە گفتگۆ بکەین.

دوودڵ بووم. دەمویست بترسم بەڵام شتێکم نەبوو کە لەدەستی بدەمو لێی بترسم، هەربۆیە ڕۆیشتم.

- بۆچی؟ ئاخر بۆچی ڕۆیشتیت؟

شیوا- چونکە هەر هیچ نەبێت وەك مرۆیەك هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم.

((نیما ئاماژەی پێکردم کە هیچ نەڵێم. لەپاش چرکەساتێك شیوا دەستیپێکرد))

شیوا-

بڕوانە وائەستێرەکان سوتاندمیان

هێند پڕم لەئەستێرە، تام لێهاتووە

وەك سوورە ماسییە دڵسافەکان

بوومە ئەستێرەچنی هەسێڵی شەوان

(شیوا دووبارە بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان زۆر لەسەرخۆ وتی))

*(( بەئۆتۆمبێلێکی زۆر جوانەوە هاتووە بەدوومدا، چەپکێك گوڵی بچووك بەڵام زۆر جوانی هێناوەو پێشکەشم دەکات. شریتێکی زۆر خۆشی خستوەتە سەرو قسەی خۆشم بۆ دەکات، دەڵێت دەیەوێت زیاتر بمناسێت. دەڵێت ئیدی نایەوێت من لەشوێنێك کاربکەم. دەڵێت دەیەوێت لەگەڵمدا بمێنێتەوە. دەڵێت دەبێت لەگەڵ دایكوباوکیدا قسەبکات. دەڵێت خۆشی دەوێم))*

((شیوا دووبارە لەژێر لێوەوە دەستیکردەوە بەورتە ورتکردن))

شیوا-

تۆ هاتی لەدووری دوورەوە

لەسەرزەمینی عەترو نورەوە

ئێستا منت لەبەلەمێکا دانیشاندووە

بەلەمێ لەعاجو هەورو بلورەکان



Scanned with CamScanner

بمبە ئەی ئومێدی دڵنەوازم

بمبە بۆشاری شیعروخرۆشان

((شیوا دووبارە کەمێکی تر بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

* ((لەماڵی روزبەم، بەڵام هێشتا نەجیبو پاك)) *

شیوا-

ژیان بەسەر بردن

لەنێوچوون

ژاکان

گەرا وەبەرهێنان

لەپێناوی ژیان بەسەر بردنا

ئەمەش دووبارەی دووبارەیە

((شیوا دیسان بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- دەکرێت ماڵئاوایتان لێبکەم؟

- شیوا غەم مەخۆ، خوات لەگەڵ.

((تەلەفۆنەکەم داخست، منو نیما تەنها تەماشای یەکدیمان دەکرد. لەپڕدا نیما لەجێگەکە خۆی هەستاو دەستی بەرز کردەوەو دەستیکرد بەچەقەنەو هەلهەلە لێدان‌و گۆرانی چڕین))

نیما- سەلامون عەلەیکم خوشکێ خان، حاڵت چۆنە، مێردەکەی ئەمساڵت چۆنە؟

سەلامون عەلەیکم یائەڵڵا

کوڕەکەی ئاغا ماشاڵڵا

سەلامون عەلیکم سەکینە

ژیان هەمووی هەر هینە

سەلامون عەلەیکم سورەییا

بێ لاق نەڕۆیت بۆ دەریا

- شەرم بتگرێت نیما، ئەوە چیدەکەیت؟!

نیما- بابەگیان لێمگەڕێ توشی خەمۆکی بووم. رۆژێك هاتین بۆ ماڵی خاڵە تاکەمێك دڵمان بکرێتەوە. شەوو ڕۆژ غەمو خەفەت چواردەووری گرتووین. تەلەفزیۆن دادەگیرسێنیت کەناڵێك بومەلەرزەی فلان شوێن پیشاندەدات، کەناڵێك گرانی وڵاتیکی دی پیشاندەدات، کەناڵێکی تر



Scanned with CamScanner

جەنگی فڵان شوێن پیشاندەدات، کەناڵێکی دیکە سیل لەفیسار شوێن پیشاندەدات...! رادیۆ ئیش پێدەکەیت، شەپۆلی دەنگی کورتی فڵان، ژمارەی ئاوارەکانی فڵان شوێنمان پێرادەگەیەنێت، شەپۆلی بەرزی فڵان، سەرژمێری بێژنەکانی فڵان شوێنت پێرادەگەیەنێت. دەیخەینە شەپۆلی ناوەڕاست تا نەکورت بێت‌و نەدرێژ! باس لەپیس بوونی هەوادەکات‌و لەو کەسانەی کەلەسەر شەقامەکاندا لەتاو پیس بوونی ژینگە تەنگە نەفەسی کوشتوونی! دەڕۆین ڕۆژنامەیەك دەکڕین، لاپەڕەی یەکەمی خۆپیشاندان، مانگرتن، کوشت‌و کوشتاری فڵان شوێنی تیدا نوسراوە. دەڕۆین گۆڤارێکی منداڵانە دەکڕین لەبەرئەوەی کە لەو شتانەی تێدا نەبێت تەماشدەکەیت هەواڵی کۆمەڵێك مێرمنداڵی تێدایە کە موعتاد بوون! دەڕۆین بۆلای کتێب فرۆشێك تاکتێبێك بکڕین‌و دوو شەو خۆمانی پێوە خەریك بکەین کەچی کتێبێکی دیکەمان دەدەنە دەست‌و هێشتا کاتژمێرێکیش هەڵی دەکێشن، لەگەڵ چوار لاپەڕەشت لێ خوێندەوە دەبێت پاکەتێ دەسماڵت لەلابێت‌و دانیشیت زیڕ زیڕ دەستبکەیت بەگریان!

ئێستا ئەمڕۆ لەدوای ئەو هەموو غەم‌و خەفەتە، دەڕۆین بۆلای هاوڕێیەکمان دەڵێین‌و پێدەکەنین‌و شاد دەبین، بەڵام تۆش پەردەی سێهەمت لەنمایشی خەماوی کچەهەڵاتووەکان بەتەلەفۆن پێشکەش کردین. بابەگیان هەر هیچ نەبێت بهێڵە خۆشم کەمێك بەرنامە پێشکەش بکەم تاشادبم‌و وزە بەدەست بێنم، چونکە بڕیارە ئەمشەو تەلەفزیۆن فیلمی ((بێنەوایان)) پەخش بکات!

((نیما دووبارە دەستیکردەوە بەچەقەنە لێدان‌و گۆرانی چڕین))

سیاگیان توسەری پورت قەسەم
چیرۆك مەگێڕەوە چون خەستەم
ئەوەندە غەمت هێنا
وا دڵمت بەدەرد هێنا
ئێستا یەك دانە ئێستا دانە
بڵێ بەوگیانە بمێنێت

- ئاە...! سیما بەخەبەر دەبێتەوە!

((نیما دەستێکی بەقژیدا هێناو وتی))

- باشە ئێستا ئیدی کەمێك هێور بوومەوە، دەتوانم تاسێ چوار ڕۆژی دیکە بەرگەی غەم‌و خەفەت بگرم.

- بەڕاستی دڵێکی خۆشت هەیە. خۆش بەحاڵت.



Scanned with CamScanner

نیما- ئاخر ناردم بۆیان پڕکردووم لەخۆشیی ئۆتۆماتیکیی، هەر لەگەڵ غەمو خەفەت لەدڵمدا زیادبوو، ئەویەکسەر دەستدەکات بەساڕێژکردنیان. تۆش بڕۆ ئەوەکەی خۆت وا لێبکە!

سەلامون عەلیکم حەنیفە

چەند لاوازو زەعیفە

- زەهری مار بەسە ئیدی!

نیما- چیبکەم؟ بەدەست خۆم نییە. ساڕێژکەرەکەم ئۆتۆماتیکییە! خۆی لەپڕدا دەکەوێتە کار.

- نیما هەستە بڕۆ بۆ ماڵی خۆتان، هەستە تاخۆشمو کتێبەکشمت تێك نەداوە بەسەر یەکدا!

نیما- باشە وارۆیشتم، ئەگەر کارت هەبوو پەیوەندیم پێوەبکە.

- خوات لەگەڵ ئەگەر کارم هەبوو پەیوەندیت پێوەدەکەم.

نیما- جارێ ماڵئاوا، سەلامون عەلەیکم سپیدە- کوێربوووەی خێر نەدیدە!

((دەم پاییەکم تێگرتو ئەویش دەرگاکەی داخستو ڕۆیشت))

***



Scanned with CamScanner

# بـــــەشی هەشتەم

((نزیکەی کاتژمێر شەشی ئێواری بوو کە مۆبایلکەم زەنگی لێدا، یەڵدابوو))

- چۆنی سیاوەش

- تۆچۆنیت؟ ئەوە لەکوێیت؟

یەڵدا- دەبێت لەکوێبم؟ هەر لەماڵەوەم.

- باشیت؟

یەڵدا- ئاشکرایە کە باشم!

- کەشی ماڵەوە چۆنە؟

یەڵدا- خراپ نییە. پشتیوانی دایکم‌وباوکمم لەگەڵە. ڕاوەستە بیرم هاتەوە! مەگەر بڕیار نییە ئاگاداری من بیت‌و زیاتر تێکەڵیمان هەبێت تازیاتر یەکدی بناسین؟

- من شتی وام لەخودا دەوێت! باوکت قسەی لەگەڵ کردیت؟

یەڵدا- بەڵێ، کاتژمێرێکی تر دێیت بەدوامدا؟

- بێگومان، حەزدەکەیت هەر ئێستا دێم.

یەڵدا- ئێستا نە، کاتژمێرێکی دی باشە. جارێ خوات لەگەڵ.

((تەلەفۆنەکەم داخستەوەو بەخێرایی ڕۆیشتم ئاوێکم بەخۆمداکردو پۆشاکەکانم پۆشی‌و بەئۆتۆمبێلەکەمەوە بەڕێکەوتم بۆلای ماڵی نیما. هەر لەگەڵ گەیشتمە ئەوێ، سەیرەکەم دایەگەورەو نیما لەناوەڕاستی گەڕەکەکەدا ڕاوەستاون‌و نیما خەریکە بەزۆر شتێك لەدایەگەورە دەسەنێت. منیش دابەزیم‌و ڕۆیشتمە پێشەوە، نیما وتی))

- ئەی نەحلەت لەباوکت سیاوەش، تەماشکە چیت پێکردم.

- چیبووە؟ بۆچی وادەکەیت؟



Scanned with CamScanner

دایەگەروە- ئاخ...! زۆرباشبوو تۆ هاتی کوڕەکە گیان. بەمینا بڵێ خۆی بڕوات بەرد کۆبکاتەوە. من بەم پێو پلە دەردە دارانەمەوە ناتوانم بڕۆم بەدوای بەرد کۆکردنەوەدا.

- بۆچی وادەکەیت نیما؟

نیما- لەباڵەکۆنەکەدا ڕاوەستابووم، کاتێکم زانی ئەم کچە شەیتانە، هات بۆ لای ماڵمانەوە. تێگەیشتم کە دیسان دەیەوێت بەرد بهاوێژێت. ڕامکردە خوارەوە، تاگەیشتمە بەردەرگاکە، تەماشادەکەم لەکیفەکەیدا نایلۆنێکی پڕ لەخڕەبەرد، دەریدەهێنێتو خەریکە دانەیەکیان ئامادەدەکاتو تفی تێدەکات تابیهاوێژێت بۆ پەنجەرەکەمان. پێیدەڵێم دایەگەورە مەگەر ئێمە ((زەنگ)) مان نییە. وا تۆ بەرد دەهاوێژیت بۆ ماڵمان؟ کەچی ئەویش دەڵێت «میناگان ڕاستدەکەیت گەڕەکەکەتان ((بەرد))ی تێدانییە. لەباخچەکەی خۆمان کیسەیەك بەردم کۆکردووەتەوە هێناومە!»

- نیما لەو پیرێژنە داماوە گەڕێ.

نیما- ئەو بەرد بهاوێژێت شوشەی پەنجەرەکەمان بشکێنێت عەیب نییە،

بمدەرێ ئەو کیسە بەردە دوابڕاوە ژنەکە. چ خووێکی خراپت گرتووە.

((ڕۆیشتمو کیسەی بەردەکەم لەدایەگەورە گرتو بەدەنگێکی بەرز وتم))

- دایەگەورە بەنیازیت بۆ کوێ بڕۆیت؟

دایەگەورە- کوڕم ئەوە دەڵێیت چی؟

((ئەمجارەیان گوێیەکەکەم ڕاکێشاو بەدەنگی بەرز وتم))

- دایەگەورە دەتەوێت بڕۆیت بۆکوێ؟

دایەگەورە- ئەها! هاتم لەگەڵ مینا گیاندا بڕۆم بۆلای پزیشکێك. شەوی ڕابردوو لەسەنتەرلایتدا شتێکم بەرچاوکەوت.

- دایەگەورە سەنتەرلایت نە، سەتەلایت.

دایەگەورە- جۆلانەی چی کوڕم؟

- دایەگەورە دەڵێم سەتەلایت.

دایەگەورە- ئەها! ئەوی کە تۆ دەیڵێیت، دوێنێ شەو شتێکی پیشاندەدا پزیشکێك بوو، نەشتەرگەریی بۆ خانمێك دەکرد، ئەوەندە پێستی دەموچاوی کێشابوو وەك ئاوێنەی لێهاتبوو، ساف ساف وەك دوگی مەڕ! دەمەوێت لەگەڵ نیمادا بڕۆم بۆ ئەو نەخۆشخانەیە تابزانم ئەو پزیشکە دەتوانێت ئەم سێ چرچو لۆچییەی ڕوخسارم ساف بکات.

((نیما کە ماق بوو بوو بەدایەگەورەدا، هەر بەوجۆرە وتی))



Scanned with CamScanner

- دەتەوێت بڕۆیت ((پێستت نەشتەری بکەیت))؟!

دایەگەورە- مینا گیان ((دۆستی کێ لەئامێز بگرم))؟

نیما- هەرلەمەمان مابوو، خێرا بڕۆرەوە بۆماڵی خۆتان هەی کچی شەیتان. ئیدی نەتبینم بێیت بەم دەوروبەرەداو بەرد بهاوێژیت بۆ ماڵمان. باوکم پۆلیس دێنێت بۆماڵتان، دوێنێ باوکم ڕۆیشتووە بۆ پۆلیسخانە ((شکات))ی لێکردویت، ئاگاداری خۆتبە.

دایەگەورە- مینا گیان باوکت چی کردووە بە((حیکایەت))؟

نیما- حیکایەت نە ((شکات))

دایەگەورە- هیدایەت؟ بۆچی ناوی بنەماڵەکەتان زەکاوەت نییە؟ بۆچی دەتەوێت بیگۆڕێت؟

نیما- کرممان هەیە ((دەرد))مان هەیە.

دایەگەورە- ((بوخز))تان هەیە؟ هەرکەسەو بەرپرسە لەژیانی خۆی. ئێستا وەرە بابڕۆین درەنگ دەکات.

نیما- بۆکوێ؟!

دایەگەورە- بۆلای ئەو پزیشکەی کە ئەوجارە ڕۆیشتین.

نیما- روخساری تۆ لەنەخۆشخانە دەستکاری ناکرێت، واتە ئەوان ناتوانن هیچی لێبکەن. دەبێت سەرێك لەئوتووهەڵمی ناوبازاڕبدەین‌و دووکاتژمێرێك بتخەینە ژێر ئوتووەکەوە.

- نیما ئەوقسانەی پێمەڵێ نەوەك لەپڕدا بیبستێت. پێی ناخۆش دەبێت.

نیما- دایەگەورە ئەترسم هەمیشە لەماڵەوە دانیشتبێت بەلای کەناڵی Fashionەوەو ئێستاش بتەوێت ببیتە ((مانکۆن))

دایەگەورە- من بڕۆم ببمە ((چاڵ هەڵکەن))؟ باوکم چاڵ هەڵکەن بووە یان دایکم؟

((لەگەڵ دایەگەورە ئەمەی وت نیما دەستی خستە نێو قژی خۆیەوەو لەناوەڕاستی کۆڵانەکەدا دانیشت))

- نیما هەستە. تەریق بەرەوە ئەوکردارە لەپێش چاوی دراوسێکاندا ناشرینە.

نیما- بەگیانی تۆ من دونیام مەسخەرە کرد، بەڵام نەبوومە حەریفی ئەم بیست کیلۆ پیرەژنە. ماشائەڵلا دڵ دڵا نییە. وەك دڵی کچێکی بیست‌و چوار ساڵە وایە.

- تۆجارێ ئێستا بەشتێکەوە سەرگەرمی بکە، تایەڵدا دێت پێی دەڵێم شتێك بکات.

نیما- من چۆن سەرگەرمی بکەم؟

- شتێکی پێبڵێ. دەربارەی شتێکی تر قسەی لەگەڵ بکە تا تەرکیزی بڕواتە سەر



Scanned with CamScanner

شتێکی دی.

نیما- مەگەر ئەم ژنە قسەی لەگەڵدا دەکرێت؟

- تو گیانی من شتێك بکە، نیوکاتژمێری دی یەڵدا دێت.

نیما- یەڵدا دێت خەم، قەیدی نییە ئەمەش لەبەر خاتری تۆ.

((تەنها لەبەرخاتری تۆ))

((پاشان نیما گەڕایەوە بۆلای دایەگەورەو وتی))

- وەرە کچە ژیکەڵەکە دەمەوێت نیو کاتژمێرێك ((وتووێژ))ت لەگەڵ بکەم.

دایەگەورە- دەتەوێت ((شەڕەشیعر))م لەگەڵ بکەیت؟ ئێستا؟

نیما- بەڵێ هەر ئێستا شیعرم بۆ هات دەمەوێت شەڕەشیعر بکەم، تۆ ((میم)) بڵێ خۆ باوکم دەرهات بەدەستەوە. ((دایەگەورە کە قاە قاە پێدەکەنی وتی))

- چ تاقەتێکتان هەیە گەنجەکان، من ئێستا شیعرم لەکوێ بوو؟ باشە هەرهیچ نەبێت بێڵن من لەسەر ئەوشۆستەیە دانیشم چونکە قاچم هەستی تێدا نییە.

((دایەگەورە ڕۆیشت بەئاسوودەی لەسەر شۆستەکە دانیشتو وتی))

- مرۆڤ کاتێك لەگەڵ ئێوەی لاودا هاوژینی دەکات غەمو خەفەت لەدڵیدا نامێنێتو هەمووی لەبیر دەچێتەوە.

نیما- هەروەها ئێمەش کاتێك لەگەڵ ئێوەدا هاوژینی دەکەین ئازارەکانی ژیانمان بیردەچێتەوە.

دایەوگەورە- میناگان کەمێك بەرزتر قسەبکە.

نیما- دەڵێم ژیانی خۆمانمان لەبیردەچێتەوە.

دایەگەورە- ئەها، ئافەرین، کەمێك بەرزتر بڵێ.

((ئیدی نیما خەریکبوو هاواریدەکرد وتی))

- دەڵێم ژیانت لێ تاڵکردووم ژن. ((لەبەیانی شەبەقییەوە دێیت بۆ بەردەرگاکەمان)) کەچی بێت؟

دایەگەور- بەهـ بەهـ ئافەرین چ شیعرێك. ((لەگەڵ هەڵاتنی سپێدەیا، بەشەڕەوە دێیت بۆ ماڵمان)) بەڕاستی مینا گیان شیعر زۆر خۆشدەڵێیت!

((من ئیدی مردبووم لەپێکەنیندا، نیماش تەنها بەحەپەساوی تەماشای دایەگەورەی دەکرد))

دایەگەورە- باشە ئێستا دەبێت من چی بڵێم؟

نیما- تۆ لەوتەمەنەدا تەنها دەبێت ((گیان))بدەیت! ئێستا بۆچی زیندویت خواخۆی دەزانێت.



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- دەبێ ((نون)) بڵێم؟ من ئێستا شتێکم وەبیرنایەت، دەبێت کاتم پێبدەن.

نیما- باشە ئێمە هەرچەندت بوێت کاتت پێدەدەین‌و خۆشحاڵیشش دەبین، بەمەرجێك بهێڵێت ئێمەی لاو دوو وشە بڵێین.

دایەگەورە- نەخێر مینا گیان، من ناتوانم دوو کۆپلە شیعر بڵێم.

نیما- بڕیاربوو ئیدی تۆ قسەنەکەیت، ((ها))!

دایەگەورە- پیتی ((ها)) بڵێم؟ زۆر سەختە بەڵام باشە قەیدی نییە.

نیما- سەیرکە سیاوەش گیان پێشینان وتویانە بەهەشت پیرێژنی تێدا بێت بەکەڵکی هیچ نایەت. منیش ئەو خێرەم ناوێت کە لەخوشکەکەی تۆ وەدەستم دەکەوێت، بابەگیان دەڕۆم کەسێکی دی دەهێنم. ئاخر دەبێت من تاکەی منەتی تۆو ئەوخوشکەت بکێشم‌و لەبەر ئێوە دەست بدەمە هەر کارێك. ئەم دایەگەورەیە قسەکردنە ئاساییەکانی باوکی مرۆڤ دەکوژێت، وەی لەوکاتەی کە بیەوێت شیعر بڵێت.

((هەر کە نیما ئەمەی وت، دایەگەورە دەستیکرد بەشیعر وتن))

دایەگەورە- ئەها، وەبیرم هاتەوە. هێی ئەی دڵی عیبرەت دیدە، هێی ئەی دڵی عیبرەت دیدە!

((پاشان دووبارە لەبەر خۆیەوە وتییەوە))

- هێی ئەی دڵی عیبرەت دیدە، هێی ئەی دڵی عیبرەت دیدە!

نیما- دایەگەورە گیانمانت کێشا! هێی ئەی دڵی عیبرەت دیدە چییە؟ تەواویکە.

((دایەگەورە هێواش هێواش لەبەرخۆیەوە دەستیکرد بەسەرراوەشاندن‌و شیعر خوێندنەوە))

- هێی ئەی دڵی غەمدیدە حاڵت خراپبووە.

نیما- بەه بەه! چ دەسەڵاتێك لەخاقانی خودالێخۆشبووەوە بۆ حافزی هەمیشە زیندوو.

((مردبوم لەپێکەنیندا، دایەگەورە هێشتا لەخۆیدابوو، بەدووی بەیتە شیعرەکەی دیکەدا دەگەڕا))

دایەگەورە- هێی ئەی دڵی سیابەخت، پەنجای ڕۆیشتووەو تۆ لەخەودای!

نیما- بەڕاستی شایەنی ئەوەیە کە ئافەرین بەم هونەرمەندە بڵێین. بەیەك بەیت شیعر بەخششی بۆ سێ شاعیر کرد.

((پاشان نیما بەدەنگی بەرز بەدایەگەورەی وت))

- خودا لێی خۆشبێت سەعدی شیرازی، بەڵام تۆ دەبێت بڵێیت ئەی کە هەشتای ڕۆیشتووەو



Scanned with CamScanner

هێشتا لەخەودای، پەنجا زۆر کەمە!

- نیما ئازاری مەدە. پێموایە رابردووی وەبیرکەوتەوە.

((هەرکە نیما ئەمەی وت دایەگەورە سەری بەرز کردەوەو بەنیمای وت))

- مینا گیان، هەرچی بیرمکردەوە لەشاعیرەکاندا هیچم نەهاتەوە بیر، ئەوەم هەرلەخۆمەوە وت، جوان بوو؟

نیما- ئاخ...! بەڕۆژی رۆشن لەسێ شاعیر شیعری دزی، هێشتا دەپرسێت جوانە یان نە!

دایەگەورە – زیباگیان تۆ ((ف)) بڵێ.

((پێکەنین گرتمی‌و وتم))

- خۆ کۆتایی شیعرەکەی تۆ ((ی)) بوو. ئەدی تۆ نەتووت پەنجا ڕۆیشتووەو هێشتا تۆلەخەودای. ئیدی ((ف))چییە؟

نیما- پێدەچێت ((ف)) کۆتایی وشەی شیعرەکە بوبێت بەدەم خەوەوە، ئاخر دەڵێن سەعدی شیرازی کاتێك گەیشتوەتە ئێرەی ئەم شیعرە سەرخەوێکی شکاندووە.

((ئێمە حەریکبووین پێدەکەنین، یەڵدا لەماڵەوە هاتە دەرەوە. سڵاوی لێکردین. زۆر جوان بوو بوو. ڕوخساری بەپێچەوانەی رۆژانی دیکەوە بوو. ئەمجارەیان غەمگین نەبوو))

یەڵدا- دایەگەورە ئازاریدان؟

نیما- بەپێچەوانەوە، خودا بۆتان بهێڵێت، چ گەوهەرێکە، چاوم بەژێر پێی چ توانایەکی هەیە لەئەدەبیاتدا. ئەگەر بکرایە بتانبردبا لە ((قوتابخانەی تیژ بیراندا ناوتان تۆماربکردایە)) خراپ نەبوو.

دایەگەورە- مینا گیان لە((ئەنجومەنی ڕێکپۆشاندا چی بەگشتیی راگرین))؟

((من دە ستمکرد بەپێکەنین‌و یەڵدا وتی))

- سیاوەش من ئامادەم، دەبێت ئەمڕۆ ممبەیت بۆ شوێنێك وەك مۆزخانە یان شتێك لەوبابەتە، چونکە من عاشقی مۆزەخانەم.

نیما- زۆرچاکە. ئەگەر بەنیازبین لەگەڵ دایەگەورەدا بڕۆین بۆ مۆزەخانەی ئێرانی دێرین‌و مانەوێت تەنها دەفرێکی گڵی سەدەی حەوتەم بۆ دایەگەورە شیبکەینەوە، هەموو مۆزەخانەکە دەکێشێت بەسەری خۆیدا. ئێستا یەڵداخان ناکرێت بڕۆین بۆشوێنێکی ئاسانتر؟

دایەگەورە- مینا گیان ئەوە یەڵدا دەڵێت چی؟

نیما- دەیەوێت بڕوات بۆ تەماشای مۆزەخانە.

دایەگەورە- یەڵدا دەیەوێت ڕۆژوو بگرێت؟ بۆچی هێشتا رەمەزان لەکوێیەتی!؟



Scanned with CamScanner

نیما- تکاتان لێدەکەم ڕۆیشتن بۆ مۆزەخانە کەنسڵ بکەن. من وەك خۆم توانای ڕونکردنەوەو شیکردنەوەم دەربارەی ((گۆزەی دێرین)) نییە!

دایەگەورە- مینا گیان ((قولەی ڕێوی)) چ یارییەکە؟ هەر شەڕە شیعرەکە باشتر بوو. بەس نەبوو دەمانتوانی لەجێگەیەکدا بۆخۆمان دانیشین شیعر بخوێنینەوە.

((منو یەڵدا دەستمانکرد بەپێکەنین، نیماش تەنها سەیری دایەگەورەی دەکرد. ڕۆیشتمە تەنیشتییەوەو لەسەرخۆ پێمووت))

- نیماگیان ناکرێ نیوکاتژمێرێك دایەگەورە سەرگەرم بکەیت تامنو یەڵدا بڕۆین؟

نیما- باخچەیەکی ساوایان بەهەموو کارمەندەکانییەوە ناتوانێت بۆ یەك چرکە چاودێری ئەم منداڵە بکات! ئەوکات چاوەڕوانیت من چۆن سەرگەرمی بکەم؟

- نیما تۆ ئەگەر بتەوێت ـ دەتوانیت.

نیما- بابەگیان کاك پرهام کچەکەی داوەتە دەستی تۆ تاچاودێری بکەیت، ئیدی خۆ خەسوی نەداوەتە دەستی من!

- تو گیانی سیاوەش.

نیما- خودایە ئەو سیاوەشە بەتیری نادیار گرفتاربێت. تەماشاکە چۆن ئەو مسقاڵە گۆشتەی جەستەمی داوەتە دەستی ئەم دایەگەورەیە تا بیکاتە ئاو. زۆرچاکە، بەڕێکەون بڕۆن.

((پاشان نیما گەڕایەوە بۆلای دایەگەورەو وتی ))

- وەرە کیژۆڵە نازدارەکە دەمەوێت ((سەرگەرمت بکەم))

دایەگەورە- دەتەوێت ((خۆت لەشەڕم رزگار بکەیت))؟

نیما- من هەڵەم کردووە ئەگەر بمەوێت تەنها ((وشە))یەکی هەڵە بەرامبەری تۆ بڵێم.

دایەگەورە- دەتەوێت ((بەفر))م پێوە بنێیت؟ ئێستا کەی بەفر هەیە؟ بەپشتیوانی خودا ڕۆژێك پێکەوە دەڕۆین بۆ ((ئاب عەلی)) بۆ شەڕە بەفر!

نیما- مرۆڤ کاتێك کە لەگەڵ ئەم دایەگەورەیەدا هەڵسوکەوت دەکات، دە ساڵ گەنجتر دەبێتەوە. چ شادییەك، چ وزەیەکمان هەبوو.

((پاشان نیما ئاماژەی بەئێمەکرد تابڕۆین. ئەوجا ئەویش ڕۆیشت بۆلای دایەگەورەو پێیووت))

- دایەگەورە تۆ نازانیت چ پزیشکێکی هاتوەتە ئەم گەڕەکەوە. دەستگایەکی هێناوە پیرەژنی هەفتا ساڵە دەڕواتە ناوی لەوسەرەوە کچێکی چواردە ساڵە وەردەگریت!

دایەگەورە- واو...! لەچ شوێنێکدایە مینا گیان؟



Scanned with CamScanner

نیما- ئاه...! ئەوە بۆچی ئەم یەکەیانت بەتەواوی بیست؟

دایەگەورە- بەڵێ بیستم، مەگەر من کەڕم؟

((منو یەڵدا بەدەم پێکەنینەوە سواری ترۆمبێلەکە بووینو دەستێکمان بۆ نیما راوەشاندو وەڕێکەوتین))

یەڵدا- ئۆتۆمبێلەکەت چ شریتێکی تێدایە؟

- حەزت بەدەنگی کێیە تائەوە لێبدەم؟

یەڵدا- بەئارەزووی خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە.

((منیش شریتێکم خستە ناو تەسجیلەکەوەو، یەڵدا وتی))

- لەئەمریکا ڕۆیشتووم بۆ کۆنسێرتەکەی، بلیتەکەی زۆر گرانە. بەڵام گرانییەکە دەهێنێت. کچان زۆریان خۆشدەوێت.

- یەڵدا سەرپۆشەکەت لەسەرت کەوتە خوارەوە.

((یەڵداش دەستیکرد بەپێکەنینو سەرپۆشەکەی چاککرد))

یەڵدا- هێشتا بەتەواوەتی پێی رانەهاتووم. ئێستا بۆکوێ دەڕۆین؟

- خۆشم نازانم، ئێستا مۆزەخانە نییە.

یەڵدا- ئەگەر هەشبوایە حەزمنەدەکرد بڕۆم!

- ئەدی تۆ نەتووت عاشقی بینینی مۆزەخانەیەت؟

یەڵدا- بەڵێ، بەڵام لێرە نە. کاتێك کە لەدەرەوەی وڵاتین، ئەوەندە شوێنی شادیو گەڕان هەیە بۆی بچین مرۆڤ ناچار دەبێت حەزدەکات بڕوات بۆئەو شوێنە کلتوریو مێژوویانە. لەوێ ئەوەندە کافتریاو قاوەخانەو شوێنی شادیی هەیە کە زۆر رۆژی پشوومان نازانین بۆ کام یەکیان بڕۆین، سادەترین کەرەستەی کات کووشتنو خۆخەریککردنو تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە. باوەڕبکە ئەگەر بتەوێت هەموو کەناڵەکان بەیەکجار بگەڕێیت، دوو کاتژمێری پێدەچێت، ئەویش چ بەرنامەیەك. بەڕاست تۆ لێرە چۆن کات بەسەر دەبەیت؟

- ئاشکرا، بەڕۆژدا دەڕۆم بۆ سەرکار.

یەڵدا- نا، من کاتی بێکاریت دەڵێم.

- نازانم، بەجۆرێك تێدەپەڕێت.

((یەڵدا پێکەنیو وتی))

- بێگومان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەیت.



Scanned with CamScanner

- نەخێر جارجارێك.

یەڵدا- بەڕاستتە؟

- بەڵێ من زۆر کەم ڕێدەکەوێت لەتەلەفزیۆن بڕوانم.

یەڵدا- من تەلەفزیۆنێکی بچووك لەژوورەکەمدایە. هەرکاتێك ئیشی پێدەکەم، یان گفتوگۆکردنە یان درامایەك پەخشدەکات حەزم لێی نییە. چونکە زۆربەیان مرۆڤ غەمگین دەکەن.

- ئیدی هەروایە چی بکەین؟

یەڵدا- بۆساتێك لێرەدا ڕاوەستە.

- لەکوێدا؟

یەڵدا- هەر لێرەدا.

((منیش لەقەراخی شەقامەکەدا رووبەڕووی فرۆشگایەك ڕاوەستامو یەڵدا لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی، پاشان وتی))

-سیاوەش وەرە خوارەوە دەمەوێت دیارییەکت بۆ بکڕم.

- دیاری چی؟ دیسان سەرپۆشەکەت لەسەرت کەوتە خوارەوە.

((یەڵدا بەدەم چاککردنی سەرپۆشەکەیەوە بەرەو فرۆشگاکە وەڕێکەوت. منیش لەئۆتۆمبێلەکە دابەزیمو بەدووی یەڵدادا ڕۆیشتم))

یەڵدا- دەمەوێت عەترێکی بۆن خۆشت بۆ بکڕم، وەرە بابڕۆینە ژوورەوە.

((هەردووکمان پێکەوە ڕۆیشتینە ژوورەوەو یەڵدا عەترێکی بۆن خۆشی گرانی هەڵبژاردو بۆی کڕیم. کاتێك گەڕاینەوە بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە لەداشبڵکەدا، پاکەتێك کە ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی تێدابوو دەرمهێناو دام بەیەڵدا))

یەڵدا- ئەوە چییە؟

- ئەوە بۆتۆ، زۆر لەمێژە بۆم کڕیویت، بەڵام نەمدەتوانی پێتی بدەم.

((یەڵدا تەنها تەماشایەکی کردم، پاشان پاکەتەکەی کردەوەو وتی))

- - بەڕاستی سیاوەش جوانە، ئەمە سەلیقەی خۆتە؟

- بەڵێ.

یەڵدا- کەواتە یەکەم دیاری تۆ بۆمنت کڕیوە. سیاوەش سوپاستدەکەم کە لەبیری مندا بوویت.

- من هەمیشە تۆم لەبیرە، لەوکاتەوەی کە لەنەخۆشخانەکەدا چاوم پێت کەوت. ئیدی تا ئێستا هەتا بۆ ساتێك نەمتوانیوە بیرت لێنەکەمەوە.



Scanned with CamScanner

یەڵدا - ئەگەر ئێرە ئەمریکا بوایە دەمتوانی وەڵامی ئەو ڕستەیەت بەجۆرێکی دی بدەمەوە، بەڵام ئێستا تەنها پێت دەڵێم سوپاس. سوپاس بۆ هەمووشتێك. بۆ قسە جوانەکانت، بۆ دیارییەکەت، بۆ ئەو هاوکاریانەی کە بەمنت کردووە، هەروەها تەنها تۆش بویتە هۆی ئەوەی کە من دووبارە خۆم پەیدا بکەمەوە.

((ئۆتۆمبێلەکەم خستە کارو وەڕێکەوتین، لەدوای ئەوەی کە کەمێك ڕۆیشتین یەڵدا وتی))

- سیاوەش دەکرێت لەشوێنێکدا ڕاوەستیت تاکەمێك پیاسە بکەین؟

((منیش ڕاوەستامو هەردووکمان دابەزین، ئۆتۆمبێلەکەم قوفڵ کردو دەستمانکرد بەپیاسە کردن))

یەڵدا- دەمویست پرسیارێکت لێبکەم، سیاوەش تۆ بەڕاستی منت خۆشدەوێت؟

- زۆر زۆر.

یەڵدا- ئەگەر من نەتوانم لێرەبم چی؟ ئامادەیت لەگەڵم بێیت بۆ ئەمریکا؟

- نازانم ڕەنگە.

یەڵدا- جوان بیربکەوە ئەوجا وەڵامم بدەرەوە.

- ئاخر من ئێرەم خۆشدەوێت، ئێرە نیشتمانی منە.

یەڵدا- نیشتمانی مرۆڤ ئەوشوێنەیە کە ژیانی تێدا بەسەر دەبات، ئازادو سەربەستە تێیدا. لەڕاستیدا ئەو هەستە تەنها ڕاهاتنێکە! تۆ ئێستا وا دەزانیت من کوێ بەنیشتمانی خۆم دەزانم؟

- بێگومان نیشتمانو خاکی تۆ ئێرەیە.

یەڵدا- من لێرە خاوەنی چیم؟

- زۆرشت، ئێرەماڵی تۆیە.

- لەماڵەکەمدا دەبێت بەزۆر سەرپۆش بدەم بەسەرما؟ دەبێت لەگۆشەیەکی ئەو ماڵەدا دانیشم تاکەسێکی تر لەجێگەم بڕیار بدات؟ سەیرکە سیاوەش، من ئەگەر لێرە بمێنمەوە فەنا دەبم. خەریکە هەموو ساتەکانی ژیانم بێخودی تێدەپەڕێت و لەدەستدەچێت. تۆ سەیرکە، لێرە هێشتا خەریکن بەسەرو گوێی یەکدیدا دەکێشن کە بۆ نموونە کچێك تەنها دەتوانێت بڕوات بۆ فەرەنگ بۆ خوێندن یان نە. یان کچێك دەتوانێت بەفڵان پۆشاکەوە بێتە دەرەوە یان نە. هەموو دانیشتوونو هاوار بەسەر یەکتردا دەکەن، بۆ نموونە دەڵێن فڵان کەس پێنج سەدساڵ پێش ئێستا قسەیەکی کردوە یان شیعرێکی وتووە، واتاکەی ئەوەبووە یان نە. هەروەها هەزاران شت پشتگوێ خراوە. لەوکاتەدا کە ئەوان خۆیان



Scanned with CamScanner

بەوشتانەوە خەریك كردووە، لەوڵاتانی دەرەوە لەهەموو خولەكێكدا داهێنانێكی نوێ دەكرێت. لێرە هەمووان كات بەفیڕۆ دەدەن، لێرە بایەخ بەكەسێتی هیچ مرۆڤێك نادەن، بایەخ بەزەمان نادەن كە هەتا ناتوانیت یەك لەحزەی بگەڕێنیتەوە، لێرە كۆمەڵێك كەس ڕێگە بەخۆیان دەدەن كە لەجێگەی هەزاران كەس بڕیاربدەن كە چی باشەو چی خراپە، بۆ نمونە لێرە هونەرمەندێك بۆ ئەوەی هونەرەكەی پیشانبدات، دەبێت بۆچوونی چەند كەسێكی تری لەسەر بێت تاوەكو مۆڵەتی ئەوكارە پەیدابكات. ئەسڵەن بیر لەوەناكەنەوە كە ئەوە خەڵكین دەبێت بۆچوون لەسەر ئەوكارانە بدەن یان بڕیاردەربن.

- دەبێ لەهەمووشوێنێكدا چاودێری‌و راو بۆچوون بوونی هەبێت.

یەڵدا- باشترین بۆچون بۆچوونی خەڵكییە.

- رەنگە ئەوانیش مەبەستیان هەر ئەوە بێت.

یەڵدا- واتە خەڵكی خۆیان ناتوانن بۆچوونیان دەربارەی شتێك هەبێت وا دەبێت یەكێكی تر لەجێگەیان بڕیاربدات؟ تۆ بۆچی ئەوقسەیە دەكەیت؟ ئەگەر بڕیاربێت بڕیاردانێك لەئارادا هەبێت ئەوا پێویست بەهیچ شتێك ناكات.

- وەك چی؟

یەڵدا- بۆ نموونە باوكی من، تۆ دەزانیت كاری چییە؟ هەر بەبێدەنگی خەریكە هەرچییەكی دەوێت ئەنجامی دەدات. هاوشێوەشی زۆرە.

- بێگومان چاودێرێك لەناو ئەوانیشدا هەیە.

یەڵدا- ئەگەر چاودێر هەبوا ئێمە ئەوەندە دەوڵەمەند نەدەبووین.

- پێت ناخۆشە كە دەوڵەمەندن؟

یەڵدا- جارجارێك. كاتی وا هەیە بیردەكەمەوە ئەو پارانە لەچ ڕێگەیەكەوە پەیدا دەكرێت، غەمبار دەبم، ڕاستە باری ماددیمان باشە، بەڵام ئەو بارودۆخەی كە ئێستا ئێمەی تێداین لەبری وێرانی نیشتمانەكەم بەدەست هاتووە. لەكۆتاییشدا كاتێك كەسێكی وەك من دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەكەی، دەبینێت لەبەردەمی هەر باڵیۆزخانەیەكدا خەڵكی ریزیان دەبینێت هەموو غەمگین‌و پەژموردەن. دەبینێت بەستووەو هەزار قسەی ناشرین قبوڵدەكەن تائەوەی بەڵكو بتوانن فیزای وڵاتێك وەرگرن‌و لێرە برۆن. هێشتا باوكم لقێكی بچووكیشە لەو باندە گەورەیە. ئێمە لەنێو ناسراوەكانماندا كەسی وامان هەیە كە لەڕێگەی زۆر خراپەوە دەوڵەمەند بووە. ئەویش چ دەوڵەمەندییەك ملیاردێر، دەزانیت لەچ ڕێگەیەكدا؟ یەكێكیان تەنها خەریكی كاری دەرمانە. ئەو دەرمانانەی كە ئەگەر بەنەخۆش نەگات



Scanned with CamScanner

دەمرێت.

((من هیچم نەوت کە خۆی دووبارە وتی))

- سیاوەش تۆ ئاگات لەم شتانە هەیە؟

- ئاگادارم بەڵام دەسەڵات چییە؟

یەڵدا- تۆ ئاگات لەوە هەیە کە چەندین مێشک خەریکن لەئێران دەڕۆن؟

((سەرێکم راوەشاند))

یەڵدا- ئاگاداریت کە کۆمەڵێك لەو ئێرانیانە لەو وڵاتانەدا چ شتیگەلێکیان داهێناوە؟ ئاگاداریت چ مێشکێك لەوێیە؟ ئاگاداریت کە پزیشکەکانمان لەوێ چەند داهێنانی تازە دەکەن؟ ئاگاداریت لەوێ چ رێزێك لەپزیشکەکانمان دەگرن. تۆ دەزانیت کە کۆمەڵێك ئێرانی بەئەقڵی ئابوریيان چ خزمەتیکیان بەئەمریکا کردووە؟ پێموایە لەسەدا سەدی سەرکەوتووی باری ئابووریی ئەمریکییەکان قەرزاری سەرمایەدارەکانی ئێمەن. تۆ بیرلەوە دەکەیتەوە کە بۆچی ئەوان لەئێراندا نەمانەوەو بلیمەتی‌و داهێنەرییان نەخستە خزمەتی نیشتمانەکەیانەوە؟

- ئێستا خەریکە باسێکی زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکرێت.

یەڵدا- تەنها قسەکردن بەس نییە.

- باشە دەبێت هێدی هێدی بارودۆخەکە ئارام بێتەوە.

یەڵدا- لەچ کاتێکدا؟ رەنگە لەکاتێکدا بێت کە ئیدی نەکرێت قەرەبوو بۆ هیچ شتێك بکەیتەوە.

- باشە، بەڵام دەبوایە ئەوانیش لێرە بمانایەتەوە، بەرامبەری خاکی نیشتمانەکەیان وەفادار...

یەڵدا- مرۆڤ ناتوانێت بەترس‌و لەرز هیچ کارێك ئەنجام بدات. نەئابووریی ناس، نە سەرمایەدار، نە هونەرمەندێك، نە زانایەك‌و نە هیچ کام لەوجۆرە مرۆڤانە ناتوانن بەبێ بوونی گونجان‌و هێمنی فیکریی‌و فیزیایی لەو بەهرەیەی کە خودا پێیداون سوود وەرگرن. خۆ تەنها هەر ئەوە نییە. مرۆڤ بۆ پێشکەوتن سەرباری گونجان، پێویستی بەزۆر شتی دیکەش هەیە. پێویستی بەشادیی هەیە، پێوستی بەئارامی هەیە، پێویستی بەبیرێکی بێ پەژارە هەیە، پێویستی بەپارێزگاریی هەیە. لێرە هەموو بۆ یەکدی بونەتە دیوار. تۆ دەزانیت من دەڵێم چی؟

- بەڵێ من تێدەگەم تۆ دەڵێیت چی، بەڵام ئەوانەی کە تۆ وتت هەموویان پێویستیان بەکات هەیە. هەمویان رەگی رابردویان پێوەیە. بەڵام خەریکە وردە وردە هەموو شتێك باش دەبێت.

یەڵدا- قایلم بەوەی کە زۆرشت باش بووە، بەڵام تا ئەوکاتەی کە هەموو شتەکان باش دەبێت، تەمەن‌و لاوی ئیدی قابیلی گەڕانەوە نییە، بەفیڕۆ دەڕوات، کەواتە ئاتێرە خۆشدەبێت‌و باش دەبێت،



Scanned with CamScanner

ئێمە کە تواناى ڕۆیشتنمان هەیە بابڕۆین، هەرکاتێك باش بوو دەگەڕێینەوە.
- ئەو کەسانەشی کە تواناى ڕۆیشتنیان نییە، لێرە بمێننەوەو بەدبەختى بکێشن و ئێرە دروستبکەن، پاشان ئێمەی دەوڵەمەند بگەڕێینەوە کەڵك لەهەوڵ و تەقەلاکانی ئەوان وەربگرین! بەڕای تۆ ئەوە ڕاستە؟ نەخێر، من حەزدەکەم لێرە بمێنمەوەو تائەو شوێنەی کە دەتوانم هاوکاریی دروستکردنەوەی نیشتمانەکەم بم، ئەگەر هێندی نوکی دەرزییەکیش بووە، پێتوانییە کە ئەمە دروستتر بێت؟
یەڵدا- نازانم.

((یەڵدا ئەمەی وت و ڕۆیشت پاڵیدا بەدیوارێکەوەو لەکیفکەیدا پاکەتێکی دەرهێنا، پاشان جگەریەکیشی لەپاکەتەکە دەرهێناو دایگرساند، نەفەسێکی قوڵی لەجگەرەکەدا پاشان جگەرەکەی بۆ من ڕاگرت))

- ئەوەچییە؟

یەڵدا- جگەرەیە.

- بەڵام بۆنێکی تایبەتی لێدێت.

یەڵدا- کەمێك لەجگەرە بەهێزترە.

((تەنها تەماشام کرد، یەڵدا وتی))

- ماری جوانا تا ئێستا نەتکێشاوە؟

- ئەمە ئەو ئازادیی و دەسەڵاتەیە کە دەتووت لەفەرەنگ هەیە؟ من ئەوشتانە ناکێشم. حەزناکەم تۆش بیکێشیت.

یەڵدا- منیش حەزناکەم کەسێك پێمبڵێت چی بکەم و چی نەکەم!

- ئاخر ئەمە چ کارێکە تۆ دەیکەیت؟

یەڵدا- هەر بەڕاستی تۆ دەتەوێت بڵێیت تا ئێستا ماری جوانات نەکێشاوە؟

- ئاشکرایە کە نەمکێشاوە.

یەڵدا- چ کوڕێکی پاکیت.

((یەڵدا ئەمەی وت و دەستیکرد بەپیاسەکردن و جگەرە کێشان، منیش بەدوایدا وەڕێکەوتم))

- یەڵدا تکات لێدەکەم ئەو جگەرەیە فڕێبدە.

یەڵدا- بەهەزار بەدبەختی لەدەستی گومرگ ڕەتم کردووە، ئێستا فڕێیدەم؟

- ئاخر ئەگەر لەپڕێکدا کەسێك بەتەنیشتماندا تێپەڕێت و هەست بەبۆنەکەی بکات ئەوکات چی؟



Scanned with CamScanner

یەڵدا- منیش مەبەستم هەروەیە، لێرە هەموو کاریان بەسەرکاری یەکدییەوە هەیە. باشە ئەوە چ پەیوەندییەکی بەخەڵکەوە هەیە کە من دەمەوێت چی بکێشم؟ ئەگەر هەڵەم بەرامبەری کەسێك کردووە یان کەسێکم ئازار داوە قەیدی نییە، بەڵام کاتێك کە من دەمەوێت ماری جوانایەك بکێشم چ پەیوەندییەکی بەکەسەوە هەیە؟

- ئەمەش لەو قسانەیە ها! تۆ بەڕاستی ئازادیی لەو شتانەدا دەبینیت؟

یەڵدا- بەڵێ، لەم شتانەداو لەزۆر شتی دیکەشدا.

- من زۆرم پێناخۆشە کە تۆ کاری وادەکەیت.

یەڵدا- دەتوانیت بڕۆیت!

- باشە دەڕۆم.

((وازم لێهێناو یەك دوو هەنگاوێك لێی دوورکەوتمەوە، بەڵام دڵم تاقەتی نەگرت‌و دووبارە گەڕامەوە بۆ لای))

یەڵدا- بۆچی نەڕۆیشتیت؟

- حەزدەکەم لێرەبم. ئاخر ئەوەش یەکێکە لەو ئازادیانەی کە تۆ باوەڕت پێی هەیە.

((یەڵدا ئیدی هیچی نەوت‌و دەستیکرد بەکێشانی جگەرەکەی. منیش هیچم نەوت، یەڵدا وردە وردە دەستیکرد بەپێکەنین، سەرەتا لەسەرخۆ پێدەکەنی، بەڵام لەدوایدا دەنگی بەرزکردەوە. باش لەوەدا بوو کەس لەوناوەدا نەبوو، حەپەسابووم. مۆبایلەکەمم دەرهێناو تەلەفۆنم بۆ نیما کرد))

- ئەلو، نیما.

نیما- ئەلوو زەهری مار هەتیو! بێچارەتکردم، لەوکاتەوەی کە ئێوە ڕۆیشتون، ئەو ژنە من بەدەوری ئەو گەڕەکەدا دەگێڕێت بەدوای پزیشکدا، لاڵبێت زمانم مادام وتم پزیشکێك هەیە دەستگایەکی وای هەیە...

ئاخ...! نیما گوێبگرە بزانە دەڵێم چی.

نیما- دەڵێیت چی؟ بێگومان دەبێت کاتژمێرێکی تریش چاودێری دایەگەورە بکەم.

- نیما گوێبگرە، ئاخ بەدەست تۆوە!

نیما- بۆچی هاواردەکەیت؟

- نیما یەڵدا دەستیکردووە بەپێکەنین، هەر لەخۆوە پێدەکەنێت.

نیما- باشتر، ئێستا یەکێ لەم وڵاتەدا دڵی خۆشەو پێدەکەنێت، تۆ بۆچی بێتاقەتیت؟

- نیما بێتام مەبە، من بەجدی قسەدەکەم، تۆ بڵێ من ئێستا چیبکەم؟



Scanned with CamScanner

نیما- تۆش پێبکەنە. هەردوو پێکەوە پێبکەنن بەڵکو دونیاش بەڕوتاندا پێبکەنێت. دەڵێن...
- نیما!!
نیما- ئاخر بۆچی هاواردەکەیت؟
- یەڵدا ماری جوانای کێشاوەو پێدەکەنێت.
نیما- ئەها، ئافەرین، ئێستا لەکوێ پەیدایکردووە؟ ئەسڵە یان نە؟
- نیما ئێستا کاتی شۆخیکردن نییە، بڵێ چیبکەم.
نیما- عەرزم بەحزورت بەندە دۆسیەی تەرککردنی کێشانی ماددە هۆشبەرەکانم لەزووەوە لەدەست داوە. واتە لەڕاستیدا بەتاڵیان کردەوە، ئەوەندە موعتادی موحتەرەم هاتنو تەرکیاندا تاخۆم موعتاد بووم.
- نیما!!
نیما- بابەگیان پەردەی گوێم دڕا، تەرککردنی ئەو ماددانە لەڕێگەی دوورەوە ناکرێت. بیهێنە بۆ ئێرە، بەڵام بیرت نەچێت بەڵگەو جۆری موادەکە ون نەکەیت، چونکە نرخی زۆر گرانە.
((تەلەفۆنەکەم داخستەوەو بەهەرجۆرێك بوو یەڵدام برد بۆلای ئۆتۆمبێلەکەوەو سەرمخست، پاشان وەڕێکەوتم. یەڵدا لەناو ئۆتۆمبێلەکەشدا کەمێك پێکەنی، بەڵام وردە وردە هاتەوە سەرخۆی، لەنیوەی ڕێگەدا بەتەواوی ئاسایی بووەوەو دەستیکرد بەگریان. منیش هیچم نەوت، وازم لێهێنا تاکەمێك ئارام بێتەوە. لەدوای چەند خولەکێك گەیشتمە بەردەمی ماڵی نیما. نیما دەرگاکەی کردبووەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە. نیما لەگەڵ سەری هێنایە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە بینی یەڵدا خەریکە دەگریە وتی))
- هەتیو تۆ بۆچی زانیاری هەڵە بەپزیشك دەدەیت؟ ئەو لەجێگەی پێکەنین خەریکە دەگری، باش بوو دەرمانم دروست نەکردبوو لەگەرنا ئێستا نەخۆشی موعتادی بەڕێز جەڵتە لێی دابوو.
- نیما قسەی بێتام مەکە، بڕۆ شتێك بێنە تابیدەمێ بیخوات بەڵکو تەندروستی کەمێك باشتر بێت.
نیما- جارێ تابیرم نەچووە بەڵگەی تاوانەکەیم بدەرێ تادوایی توێژینەوەی لەسەر بکەم، ئەوجا دەڕۆم شت دێنم!
((نیما ڕۆیشت لەژوورەوە پەرداخێك ئاوی هێناو دای بەدەست یەڵداوە، پاشان وتی))
- یەڵداخان ئاگات لەخۆتە؟
((یەڵدا هەر بەوشێوەی کە سەری نەویکردبوو بەسەر ئاماژەی بەنیماکرد واتە بەڵێ))



Scanned with CamScanner

نیما- باشە ئێوە ڕۆیشتبون بەدوای ئاساری هونەریدا یان بەدوای کاردا. ئێستا لەمۆزەخانەکاندا ماددەی هۆشبەر پەخش دەکەن؟

- نیما سەر مەخەرە سەری.

نیما- جارێ وەرە بابڕۆین بۆ باڵکۆنەکە لەسەر قەنەفەیەك ڕاکشێ تاباشتر بێت. ئاخر ئەوە چ کارێکە کە تۆ دەیکەیت؟ بابەگیان هەر موادێك بەستراوە بەبارودۆخی جوگرافیو ئاوو هەوای ناوچەکەوە. مواد لەناوچەی گەرمدا بەکارە، لەناوچە فێنکەکاندا هیچی پێناکرێت.

((هەر ئەوکاتەی کە منو یەڵدا خەریکبووین پلەی قادرمەکەمان تەیدەکرد بەرەوە سەرەوە نییما خەریکبوو قسەی دەکرد))

نیما- لێرەو لەم بارودۆخەدا تەنها موادی ئەفغانی بەکاردێت. ئەویش دەبێت لەناوەڕاستی ئەفغانستانەوە بگاتە دەستت لەبەرئەوەی دڵنیابیت لەموادەکە کە ئەسڵە یان نە.

- بێدەنگ دەبیت یان نا؟

نیما- هاوڕێ گیان مەگەر تۆ یەڵداخانت نەهێناوە بۆ لای تایبەتکار، بهێڵە لێك تێبگەین، بۆچی نەتبیستووە کە دەڵێن پێشگری لەمیکرۆب لەپێش دەرمانەوەیە؟ ئەگەر موادەکەی باش بوایە بەمجۆرە باجەکەی نەدەدا، بەڵگەنامەی تاوانەکەیم بدەرێ دەمەوێت بیکەمە پاشکۆیەك بۆ دۆسییەی پزیشکییەکەی))

- ئاە ...! توخودا نیما بێدەنگبە. من بۆیە یەڵدام بۆ ئێرە هێناوە تاتۆ شتێکی بۆ بکەیت. بەڵام تۆ هەر خۆت بێتام دەکەیت. دەشتێك بکە.

((نیما سەیرێکی کردمو وتی))

- باشە، بەڵام لەناوەڕاستی کاری پزیشکییەکەمدا خۆتی تێنەکوتیت، بڕۆ ئەولاوە بابزانم.

((پاشان نیما هاتە سەر مۆبێلەکەو وەك موعتادەکان بەیەڵدای وت))

- شەلام بەوەفا، هەرژیندو بیت، ڕۆحەکەم!

- بڕۆ ونبە لەبەرچاوم، ئەسڵەن پێویست ناکات تۆ هیچ کارێکی بۆ بکەیت، دەیبەم بۆلای پزیشکێك شتێك.

نیما- بابەگیان ئەمکارە بەشێکە لەپزیشکییو لێزانی، لەگەڵ موعتادا دەبێت وەك خۆی قسەبکەیت تاهەست بەهێمنی بکات.

((لەگەڵ نیما ئەمەی وت یەڵدا دەستیکرد بەپێکەنین، منیش پێکەنین گرتمی))

نیما- ئاگات لێیە جەناب، دەرمانەکەم کاری لێکرد، ئەوەتا موعتادەکەمان دەستی بەتەرککردن



Scanned with CamScanner

کرد.

- بەڕاستی نیما زۆر بێتامیت.

نیما- ڕاوەستە تابەزینەت خان بڵێم دوچای خەستو خورمان بۆ تێبکات، چونکە نەخۆشەکەمان ئێستا زۆری حەز لەچایە. پاشان بەئەدەبانەتر دێینەوە ناو بابەتەکەوە.

((نیما بانگی زینەت خانی کرد تاچەند چایەك بهێنێت، پاشان وتی))

- باشە، ئێستا بەبێ شۆخی، یەڵداخان چۆن بوو؟ بەڕاستی شتی وا لەتۆوە دوورە. ئەوکارانە کاری مرۆڤی بێ دایكو باوکە. خۆتۆ لەخودا بەزیادبێت...

((یەڵدا لەپڕدا بەدەنگی بەرز وتی))

- وا دەزانیت من دایـكو باوکم هەبووە؟ نەخێر، من وەك کەسێکی بێ دایـكو باوك پەروەردەکراومو وەبارهاتووم.

نیما- ئەگەر وابێت من کێشە لەم کارەدا نابینم، تۆ دەتوانیت درێژە بەکاری خۆت بدەیت. تەنها دربارەی جۆری بەکارهێنان زیاتر فێربەو ئاگاداری چەشنی موادەکەو شوێنی بەکارهێنانەکە بە، بەئومێدی خودا بەزووترین کات جەنابت لەزیندانی گەورە دەبینمەوەو دێمە خزمەتت.

- نیما ئەفەندی دەکرێت کەمتر قسەی بێتام بکەیت؟

نیما- بابەگیان تۆ کارت چییە بەسەر کچی خەڵکییەوە؟ یارۆ کاتێك بارودۆخی بۆ لواوە ناکرێت بەر لەپێشکەوتنی بگیرێت.

- نیما هەستە لاچۆ لەبەر چاوم.

((ئاوڕمدایەوە بەلای یەڵداداو وتم))

- ئاخر تۆ چیتە؟ چیت لەژیان کەمە؟ بەخودا حەیفە. ئێستا کاتێك بووە لەئەمریکادا بویتو لەو کارانەت کردووە، بەڵام ئیدی لەوێ نیت ئێستا لەنیشتمانەکەی خۆت دای، کۆمەڵێکی زۆر خەڵك تۆیان خۆشدەوێت. تکات لێدەکەم ئەو یادگاریانە فەرامۆشکە. ئەوکارانەی کە لەوێ ئەنجامتدەدا فەرامۆشیانکە. یەڵدا گیان ئێرە دونیایەکی ترە.

((ویستم کۆمەڵێك شتی دیکەی پێبڵێم بەڵام شەرمم لەنیماکرد، پێموابوو نیماش تێگەیشت هەر بۆیە بەهۆی چا هێنانەوە هەستاو ڕۆیشتە دەرەوە. کاتێك کە تەنها خۆمان ماینەوە پێمووت))

- سەیرکە یەڵدا، من بەڕاستی خۆشمدەوێیت، ئامادەم لەپێناوتدا هەرکارێك بکەم. بەخودا کاتێك پێکەوە زەماوەندمان کرد هەموو شتێك چاك دەبێت. ئیدی ئەو سەردەمە خراپو یادگارییە تاڵانەت لەبیر دەچێتەوە. پێکەوە ژیانێکی گەرمو شیرین دەستپێدەکەین. دەبینە خاوەنی منداڵ،



Scanned with CamScanner

منداڵەکانمان گەورە دەکەین و شانازییان پێوەدەکەین. تۆ دەزانیت ئەوە چ بەهایەکی هەیە؟

((یەڵدا سەری بەرزکردەوەو تەماشایەکی نێو چاوەکانی کردم، پاشان وتی))

- خۆشم هیچ لەزەتێکم لەوکارانە نەچەشتووە. لەوکاتەی کە لەئەمریکابووم، وەختێ تەنهایی وەگیری دەهێنام پەنام دەبردە بەر ئەو شتانە، کەمێك هێوری دەکردمەوە. بەڵام ئەمڕۆکە ئەو کارە بەلای خۆشمەوە کارێکی باش نەبوو.

((یەڵدا بۆ چرکە ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- سیاوەش زۆرت خۆشدەوێم؟

- بەڵێ زۆر زۆر.

یەڵدا- ئەگەر ئەوکاتەی کە وتم برۆ، بڕۆیشتیایە، ئیدی خۆشمنەدەویستی.

- بەڵام من نە دەڕۆیشتم.

یەڵدا- سیاوەش زۆرم خۆشدەوێیت، سوپاستدەکەم چونکە بەجێت نەهێشتم.

- هیچ کاتێك بەجێت ناهێڵم.

یەڵدا- ئێستا خەریکە وردە وردە هەست بەعەشقی کوڕێکی ئێرانی دەکەم، ئێستا دەتوانم لەجێگەی کێشانی ئەوشتانە پەنابەرمە بەر عەشقی تۆ. ئەوە بەلامەوە زۆر گرنگە. لەبەر ئەو کارە بێ ئەقڵانەی ئەمڕۆشم داوای لێبوردنت لێدەکەم، ئیتر دووبارە نابێتەوە.

((من بزەیەکم بۆ کردو ئەویش بەپێکەنینەوە وتی))

- ئێستا دەزانم کە کچێك جار جارە حەز بەلاوازی دەکات لەبەرئەوەی کە ئەو کوڕەی خۆشیدەوێت چاودێری بکات. سیاوەش حەزدەکەم هەمیشە ئاگات لێمبێت، هەمیشە.

((دووبارە پێکەنیمەوە، یەڵدا لەسەرخۆ هەستاو بەرەو ڕوم هات، دەمزانی دەیەوێت چیبکات، تێدا مابووم کە پەچەکردارەکەی دەبێت چی بێت، لەوکاتەدا نیما دەستیکرد بەکۆکە کۆك و بەسینییەك چاوە هاتە باڵکۆنەکەوەو وتی))

- ببورن، لاکوتتان پێویست نییە؟ واتە چا ناخۆنەوە؟

((منو یەڵدا دەستمانکرد بەپێکەنین، یەکی پیاڵەیەك چامان هەڵگرت و دەستمان بەخواردنەوەی کرد))

نیما- چاییەکەی زۆر باشە. واتە وەك ئەوە وایە ئاو بکەیت بەئاگردا. هەرچەند خۆی گەرمە بەڵام ((ئاگر)) دەکوژێنێتەوە، بۆ لۆکەش باشە. ئەو زینەت خانە ئەوچاییەی بەتایبەتی بۆ ئاگرکوژاندنەوە دروسکردووە. هەڵبەت دەبێت هەمیشە پێش لەئاگر کەوتنەوە بگرین و لۆکەو ئاگر لەتەنیشتی



Scanned with CamScanner

یەکدیدا نەبن، بەڵام هەر لەخۆوە ئەو ئاگرە باوك سەگە خۆی کێشایە ناو ئەو لۆکە ئازدارەوە، لەوکاتەدا دەبێت بەبێ وەستان پەرداخێ چا بکەیت بەسەریاندا، لەمبەرەوە سینییەك چای لەناکاو دانراوەو لەوبەریشەوە هەستە ئاگرینەکان دەگۆڕێت بۆ بزەیەکی سادەو دوو سێ جنێوی ژێر لێوی بەوکەسەی کە چاکەی هێنا ژوورەوە.

- ئەوە دەڵێیت چی؟

نیما- هیچ باسی سوودەکانی چا دەکەم.

یەڵدا- سیاوەش من زۆرم برسییە. دەکرێت بڕۆیت شتێك بکڕیت‌و بێیتەوە؟

نیما- بۆچی بڕوات شتێك بکڕێت؟ ئێستا بەزینەت خان دەڵێم مریشکێکتان بۆ بخاتە فڕنەکەوە بەدوو خولەك ئامادە دەبێت.

یەڵدا- ئەگەر مۆڵەت بدەن زۆرم حەز لەپیتزایە، ئەگەر سیاوەش بڕوات زۆر سوپاسی دەکەم.

((نیما لەحزەیەك تەماشای یەڵدای کردو پاشان وتی))

- هەڵبەت مریشکەکەش ئەمادەنییە تازینەت خان ئامادەی دەکات دوو کاتژمێری پێدەچێت، سیاوەش گیان، چالاکانە ڕاکە لەو گەڕەکەی خوارەوە چەند پیتزایەك بهێنەو وەرەوە.

- باشە تەلەفۆنیان بۆ دەکەین بۆمان دێنن.

نیما- ئاخر ژمارەکەیم نییە.

- خۆتۆ ژمارەکەیت لەبەر بوو؟

نیما- مێشکی من تەنها کۆمەڵێك ژمارەی تایبەت دەرخ دەکات، خێرا ڕاکە بیهێنەو وەرەوە.

- ژمارەکەی لەدەفتەری تەلەفۆنەکەتاندا هەیە.

نیما- نییە.

- خۆم بینیومە.

نیما- ئەگەر دەفتەری تەلەفۆن هینی منە، من پێتدەڵێم تێیدا نییە.

- بۆچی؟

((نیما هاتە تەنیشتمەوەو دەستیگرتم، پاشان بردمیە لای قادرمەکانەوەو وتی))

- برۆ بۆلای ئەو پیتزا فرۆشەی کە پیتزاکانی باشە، چوار دانە بێنە، سێ دانەیان بۆ خۆمان‌و ئەوە دیکەشیان بۆ زینەت خان، هەروەها بڵێ یەکێکیشیان کەمێ ئۆکە ڕەشەی بکەن بەسەردا زۆر خۆشدەبێت. ڕاکە بزانم.

- چی؟



Scanned with CamScanner

((نیما هەر بەدەم پاڵپێوەنانمەوە بەرەو دەرگاکە وتی))

- چیو دەرد بەگۆڕی باوکی هەردووکمان، بڕۆ تادوای پێت بڵێم.

((هەرچەند بەلامەوە سەیربوو، بەڵام دەمزانی کە نیما لەخۆوە قسەناکات. تەماشایەکی یەڵدام کرد سەری داخستو منیش وەڕێکەوتم بەرەو دەرگای حەوشەکە، سواری ئۆتۆمبێلەکەم بوومو ڕۆیشتم بۆ پیتزا فرۆشییەکە.

لەدوای چلو پێنج خولەکێك گەڕامەوە. ڕۆیشتمە ژوورەوە، تەماشادەکەم یەڵدا لەوێ نییەو نیماش لەسەر کورسییەك دانیشتووەو لەمن دەڕوانێت))

- نیما ئەوە یەڵدا کوا؟

نیما- درەنگ هاتیەوە ڕۆیشتەوە بۆماڵەوە تاشتێك بخوات!

- بۆچی؟

نیما- واتە مرۆڤی برسی دینو ئیمانی نییە، چ بکات بەعەشقو ئەوشتانە.

- نیما ئەوە دڵێیت چی؟ مەسەلە چییە؟ تێناگەم.

نیما- دەڵێن برسێتیت نەکێشاوە تاعەشقو عاشقیت لەبیر بچێتەوە، تەنگاویش نەبویت کە هەردووکیانت بیربچێتەوە.

- نیما خۆت بێتام مەکە بڵێ بزانم چیبووە.

نیما- تۆ جارێ پیتزایەکم بدەرێ بیدەم بەزینەت خان، دوای پێت دەڵێم.

((نیما پیتزایەکی برد بۆ زینەت خان، کاتێك گەڕایەوە دوجگەرەی بەدەستەوە بوو، دانەیەکیانی بۆ من ڕاگرت))

- من ناکێشم.

نیما- خەڵەت دەکەیت ناکێشیت. کەسێك کە بیەوێت لەگەڵ کچێکدا هاوسەرگیریی بکات کە حەشیش کێش بێت، بەلانی کەمەوە دەبێت خۆشی ئەوەندە شارەزابێت کە دوو نەفەس لەجگەریەك بدات یان نا؟

- بێتام مەبە بڵێ بزانم چیبووە.

((نیما جگەرەیەکیانی خستە سەرمێزەکەو وتی))

- دانیشە تاپێت بڵێم.

((دانیشتم، نیماش کەمێك سەیری کردمو وتی))

- خودا من بکوژێت بۆ ئەو بەختە قوفڵ کراوەی تۆ، وابزانم بڕیارە تۆ بەکفنەوە بڕۆیت بۆ ماڵی



Scanned with CamScanner

بەخت و بەپۆشاکی زەماوەندەوە بگەڕێتەوە.

- نیما چیبووە. توخودا بەبێ گاڵتەکردن پێمبڵێ.

نیما- مەشڵەژێ، شتێکی گرنگ نییە. بەڵام ئەوکچە بەستەزمانە بێتاقەتە، واتە مەسەلەیەک بێتاقەتی کردوە، هەرچەندم پێوت سیاوەش لەوکەسانە نییە، قبوڵی نەکرد، داوای لەمن کردوە قسەت لەگەڵ بکەم. هەر لەبەر ئەوەشبوو کە ناردیتی بۆ پیتزا کڕین.

- دیسان پوریێ خان ناڕازییە؟

نیما- نەخێر.

- دایکی شتێکی وتووە؟

نیما- نەخێر.

- کاک پرهان شتێکی وتووە؟

نیما- نەخێر.

- خۆی لەشتێک بێتاقەتە؟

نیما- بەڵێ، چوارپرسیار، شانزە پرسیاری تر ماوە.

- ئاخ ...! ڕمریت نیما. دەبڵێ چیبووە.

نیما- لەپرسیاری دەهەمدا ڕێنماییەکیشت دەکەم. خێرا پرسیاربکە چونکە کاتت بەفیڕۆ دەڕوات.

- نیما بەخودا ئەو پیتزایانە دەکێشم بەسەرتا کە دەنگی بڕوا...

نیما- چییە خاڵۆ دەڵێی بۆ تیمە فێری دەست وەشاندن بویت؟

- تو گیانی من نیما بڵێ بزانم چیبووە. نیوە گیان بووم.

نیما- ئاخر سیاگیان بەچ جۆرێك پێتی بڵێم کە بێتاقەت نەبیت؟

- کەوات شتێکی گرنگە.

((لەجێگەکەم هەستامو وتم))

- پێویست ناکات تۆ شتێك بڵێیت، دەڕۆم لەخۆی دەپرسم.

((ویستم بڕۆم نیما دەستیگرتمو داینیشاندم، پاشان وتی))

- دانیشە خۆم پێت دەڵێم، ئەگەر یەڵدا بیویستبا خۆی پێتی بڵێ تا ئێستا پێتی وتبوو.

((نیما ڕاستیدەکرد. دانیشتمەوە، لەدوا کەمێك بیرکردنەوە نیما وتی))

- وانەزانیت شتێکی گرنگە ها! بەڵام لەم تێوەندەدا مەسەلەیەك پەیدا بوو، واتە ونبووە، واتە هەرنییە، خۆشم نازانم دەڵێم چی.



Scanned with CamScanner

- نیما من تۆ چاك دەناسم، تۆ هەرکاتێك بەمجۆرەت لێبێت واتە بێتاقەتیت، کەواتە مەسەلەیەکی گرنگە، بیڵێو ئاسودەم بکە.

نیما- ئاخر چۆن بیڵێم؟ بابەگیان یەڵدا کەمێك کێشەی لەکەلوپەلدا هەیە، واتە باوانییکەی کەمی هەیە، واتە ئەو کەرەستانەی کە بڕیارە لەگەڵ خۆی بهێنێت، کەموکووڕی هەیە.

- هەر ئەوە؟

نیما- بەڵێ.

- خۆ ئەوە هەر گرنگ نییە.

نیما- منیش هەر ئەوەم پێووت، وتم سیاوەش کوڕێکی رۆشنبیرە، پێموانییە بایەخ بەوشتانە بدات، واتە هەرچییەك بێت مرۆڤ زۆرکات لەزۆرشتدا کەم دەهێنێت.

- بەگیانی تۆ من چاوم لەیەك دەرزی باوانی ئەوەوە نییە. خۆتۆ دەمناسیت.

نیما- بەڵێ وایە، منیش هەر وام پێووت.

- من تەنها خۆیو پوخچەیەك پۆشاکم دەوێت، تەنها هەر ئەوە.

نیما- لەخودا بەزیاد بێت ئێوە بنەماڵەیەکن چاو و دڵتان تێرە، منیش ئەوانەم هەمووی پێوت.

- بەگیانی تۆ ئەو بوخچەیەشم پێویست نییە.

نیما- نائیتر واش نییە.

- کەواتە چییە؟

نیما- بابەگیان داماوە زۆر شتیشی هەیە، بۆ نموونە سەلاجە، گسکی کارەبایی، ئامێری پۆشکا شتن، فەرش، قەنەفە، سیستەم، تەباغی غاز. خولاسە هەموو ئەمانەی هەیە، هەروەها خانووێکی شەش سەد مەتریشی پێدەدەن.

- کەواتە ئیدی چی نییە؟ خۆ ئەو هەموو شتێکی هەیە.

نیما- عەرزی جەنابت بکەم بەڵێ، هەموو ئەوانەی هەیە، تەنها ئەوشتەی نییە کە لەهەموو ماڵێکدا ئاوێزان دەکرێت بە پەنجەرەدا، ئێستا ئیدی خۆت دەزانیت!

((نیما لەدوای ئەوەی کە ئەمەی وت جگەرەیەکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و پێکرد، پاشان چاوی لێکناو پاڵی بەقەنەفەکەوەدا))

- هەموو پەنجەرەیەك چی...!

((سڕبووم، حەپەسام، تەنها ئەو شتەی کە بیرم لێنەدەکردەوە ئەوە بوو. هەموو شتێك دەستیکرد بەسوڕان بەچواردەورمدا، سەرم خستە نێو دەستمەوە، ناوچەوانم بزیزکەی دەدا، خەریکبوو سەرم



Scanned with CamScanner

دەتەقی، نەمدەزانی دەبێت چیبکەم، هەستام رامکرد بەرەو دەرگای حەوشەکەو دەرگاکەم کردەوە، ڕۆیشتمە کۆڵانەکەوە، دیسان رامکرد، نازانم بۆکوێ دەڕۆیشتم، بەڵام دەڕۆیشتم، ئەوەندە بەخێرایی بەکۆڵانەکاندا تێدەپەڕیم هەروەك بروسکە وابووم، دەمویست ئەوەندە بەتوندیی رابکەم هەموو بیرکردنەوەکانم لەسەرمدا بڕژێتە خوارەوەو بەجێیان بهێڵم، بەڵام ئیدی نەفەسم پێنەمابوو، خەریکبوو دەخنکام. لەسەر شۆستەیەك دانیشتمو دەستمکرد بەگریان، ئیدی بەلامەوە گرنگ نەبوو کە کەسێك لەوێدا بێت یان نا. بەدەنگی بەرز دەگریام. لەپڕێکدا نیما لەپشتی سەرمەوە پێمیوت))

- لەسەرخۆبە، خۆت کۆنترۆڵکە. مرۆڤ نابێت ئەوەندە بێ ورە بێت؟

((پاشان نیما هاتە بەردەممەوەو جگەرەیەکی پێکردو پێیدام. منیش جگەرەکەم لێوەرگرتو دەستم بەکێشانی کرد، لەکاتێکدا کە دوکەڵی جگەرەکەم دەرکردە دەرەوە، پێموابوو هەموو توڕەییەکانمی لەگەڵ خۆی برد. لەدوای چەند ساتێك نیما وتی))

- هێور بویتەوە؟

- جگەرەیەکی کەم بدەیە.

((نیماش جگەرەیەکی تری پێکردو پێیدام))

نیما- سیاوەش ئێستا بەنیازیت چیبکەیت؟

- نازانم.

نیما- لەکۆتاییدا چی؟ هەردەبێت بڕیارێك بدەیت.

- نیما بەلامەوە زۆر سەختە.

نیما- دەزانم.

- تۆنازانیت چونکە بەسەر خۆت نەهاتووە.

نیما- مەگەر جیاوازیی هەیە؟ دەردی تۆ دەردی منە.

- نەحلەت لەو دایكو باوکە کە ئەو بەڵایەیان بەسەر ئەوکچە هێناوە.

((هەستامو وەڕێکەوتم، نیماش لەتەنیشتی منەوە دەستی بەڕۆیشتن کرد. هیچ کەسێکمان هیچمان نەوت، رەنگە نیو کاتژمێرێکی تر بەڕێگەدا ڕۆیشتبین.

پاشان وتم))

- دەمەوێت بڕۆم.

نیما- بۆکوێ؟

- نازانم، بەڵام حەزدەکەم لێرە بڕۆم.



Scanned with CamScanner

نیما- حەزدەکەیت بڕۆیت برۆ، بەڵام ئەوەش بزانە کە ئەوە ڕێگەچارە نییە.

- کەواتە تۆ ڕێگە چارەکەیم پێ بڵێ.

نیما -تۆ دەبێت هەر ئەمشەو بڕیار بدەیت.

- ئەمەش یەڵدا پێی وتوویت؟

نیما- نەخێر ئەمە خۆم دەیڵێم. دەڵێم ئەگەر بەنیازبیت بڕۆیت‌و لەدوایی چەند ڕۆژێکی تر بگەڕێیتەوەو بڕۆیت بەدوایدا، جوان نییە. هەر ئەمشەو بەتەواوی بیری لێبکەرەوە.

- ئاخر بەچ جۆرێك دەتوانم شتێکی لەوجۆرە قبوڵ بکەم؟

نیما- قبوڵی مەکە، بیری لێبکەرەوە.

((تەماشایەکی نیمام کرد))

نیما- وابزانە کە من ئەمشەو هیچم پێنەوتویت.

- کەواتە بۆچی وتت؟

نیما- دەبوایە بتزانیبا. یەڵدا خۆی ئەمەی دەویست.

- نیما دەبێت چیبکەم؟

نیما- ئەگەر بەڕاستی یەڵدات خۆشدەوێت بەجۆرێکی تر سەیری ئەم بابەتە بکە.

- چۆن؟

((نیما دوو جگەرەی دەرهێناو هەردووکیانی بەیەکەوە پێکرد، جگەریەکیانی دابەمن‌و وتی))

- کچێکی منداڵیان بەزۆر ناردوە بۆ ئەمریکا بەحسابی خۆیان لەبەر ئەوەی کە لەجەنگدا لێرە نەبێت، لەتەمەنێکی زۆر کەمدا ئەویان ناردوەتە شوێنێکەوە کە ئەوشتانەو ئەوقسانە لەوێ مانایەکی نییە.

- بەڵام لێرە مانای هەیە.

نیما- خۆ ئەو لێرە هیچی نەکردووە، هەرچییەك بووە لەوێ بووە.

- چ جیاوازییەکی هەیە؟ کچێکی ئێرانی دەبێت لەهەر کوێیەك بێت...

نیما- دروشمی بێخود مەدە. یەڵدا وا ڕۆیشتووە بۆ ئەمریکا کە چیدی نەگەڕێتەوە بۆ ئێران، ئێستاش بەزۆر هێناویانەتەوە بۆ ئێرە، ئەویش پێش ئەوەی تۆ ببینێت، بەنیازبووە بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا. بەڵام کاتێك کە تۆ دەبینێت‌و دەچێتە خوازبێنی، عاشقت دەبێت‌و لەگەڕانەوە پەشیمان دەبێتەوە. یەڵدا بیری لەوە نەکردوەتەوە کە ڕۆژێ دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. یەڵدا ویستویەتی لەوێ بێت‌و ئەمریکییەك بێت.



Scanned with CamScanner

- ئەمانەی کە تۆ وتت، هیچ کامێکیان ناتوانێت ببێتە بەڵگەیەك بۆ ئەو کردەوە هەڵەیەی کە ئەنجامی داوە.

نیما- بەڵێ، بەڵام دەبێت کردەوەی هەر کەسێك بەو بارودۆخەی کە تێیدا روویداوە رای لەسەر بدرێت.

- چۆن؟

نیما- واتە بۆ نموونە ئێستا حکومەتی ئەفغانستان گۆڕاوەو تاڵیبان شکستی خواردوە، خۆ نابێت حکومەتەکەی دوای ئەو هەرکەسێك ریشی هەبوو بیگرێت یان سزای بدات. لەوێ کاتێك بوو ئەگەر کەسێك ریشی نەبوایە شەلاقی دەخوارد، کەواتە هەموو ناچاربوون ریش بهێڵنەوە، یان بۆ نموونە ئەوکاتە هەموو ژنان سەرتاپا داپۆشراوبون لەشتێکەوە وەك گوێنی، ئێستا ئەو حکومەتەی دوای ئەو کە هاتووە بڵێین پۆشاك لەبەرکردن ئازاد کراوە، خۆنابێت ئەو ژنانەی کە لەزەمانی تاڵیباندا بەوجۆرە پۆشاکیان پۆشیوە سزا بدرێن.

- ئەوە چ پەیوەندییەکی بەم باسەوە هەیە؟

نیما- پەیوەندییان ئەوەیە کە یەڵدا لەشوێنێکدا ژیاوە کە ئەو مەسەلەیە بەهیچ جۆرێك بەلایانەوە گرنگ نەبووە، شاعیر دەڵێ «ئەگەر دەتەوێت نەبیت رسوا، هاوڕەنگی کۆمەڵگە بە!»

- نیما ئەوە هەر قسەیە نییە؟ واتە ئەگەر تۆ ڕۆیشتیت بۆ وڵاتێکی بیانیو هەموویان ڕوت بون، تۆش خۆت ڕوتدەکەیتەوە؟

نیما- بەڵێ، یان ناڕۆم، یان ئەگەر ڕۆیشتم وەك ئەوان دەبم. بابڵێین شارێك هەیە کە هەموو خەڵکەکەی ڕوتن، ئەوجا منیش هەستم بڕۆم بۆ ئەوێ بەدەستێك چاکەتو پانتۆڵەوە، بێگومان هەموو خەڵکەکە گاڵتەم پێدەکەن. هەروەها لەوێ هەزاران داویان لەبەرپێی ئەوجۆرە کچانەدا داناوە، دایكو باوکیش نەبووە کە ڕێنمایی کچەکە بکەن. ئتر چاوەڕوانیت چی دەرچێت؟

- ئەوانە هیچکامیان نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە کچێکی ئێرانی کارێکی وابکات. تۆش هەر لەخۆوە کارەکەی بۆ سانا مەکە.

نیما- من نەموتووە کردارەکەی باش بووە. بەپێچەوانەوە کارێکی زۆر خراپی ئەنجامداوە. منیش بەئەندازەی تۆ لەم مەسەلەیە توڕەو بێتاقەتم، کاتێکیش بیری لێدەکەمەوە ئازار دەکێشم. واتە فەرهەنگی ئێمە وایە، بەڵام دەمەوێت بڵێم ئێستا کە ئەو شتە رویداوەو ناشتوانین هیچ بکەین، ئەگەر تۆش ئێستا وازی لێبهێنیت، یەڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شووێنەی کە ئەو فەرهەنگەی هەیە. ئێستا تۆ دڵت رازی دەبێت؟ یەڵدا خۆشی لەو مەسەلەیە پەشیمانە، هەروەها ئەوە ڕوداوێك بووە

که هێشتا یەڵدا ئەمەنێکی وای نەبووە بەسەری هاتووە، خۆ ئەوە نەبێت هەر ئەوە کاری بوبێت، تەنها جارێك بوەو هەڵخەڵەتاوە.

- نازانم، نازانم! دەبێت بیری لێبکەمەوە.

نیما- بیری لێبکەوە، بەڵام هیچ بەکەس مەڵێ، بیرت نەچێت چیم پێوتیت.

- باشە بۆ دەبێت وابێت؟ بۆچی یەڵدا؟

نیما- بابەگیان خۆ ئەو لەفەرەنگ وای بەسەر هاتووە، هەر لێرە بڕۆ سەیرکە چەند کچی بەدبەخت هەڵدەخەڵەتێن و لەماڵەوە هەڵدێن و هەزار دەردەسەرییان بەسەر دێت. بۆ نموونە شیوا، مەگەر هاورێت نییە؟ خۆ ئەوان لەم وڵاتەی خۆماندا توشی گەنەکاری و بەدڕەوشتی بوون.

- ئاخر خۆ هەموو بەوجۆرە نین.

نیما- بەڵێ وایە، بەڵام زۆرکەس هەیە، هەر ئێستا ئەگەر تۆ ببەم بۆ تاقیگە دڵنیام بەهەزار دەردی پیستر لەئایدزەوە دەتهێنمەوەو...

- نیما ونبە لەبەرچاوم حەوسەڵەم نییە.

نیما- بگەڕێوە بابڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. پاشان دەبێت پیاوبیت و دڵت دەریا بێت. هەوڵبدە شتە خراپەکان نەبیستیت، لەوکچەدا زۆر شتی چاك هەیە کە خراپێکیشی لەگەڵدایە، ئەگەر وازی لێبێنێت پێدەچێت ئەمجارەیان بڕواتەوەو بەڵای زیاتری بەسەردا بێت، ئەگەر بەڕاستی خۆشتدەوێت، دەبێت دڵت گەورەبێت و زۆرشتی تێدا جێگە بێتەوە. وەرێکەوە بابڕۆین، چونکە گەورەکان دەستیان لەزۆرشت هەڵگرتووە.

- دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.

نیما- وەرە بۆماڵی ئێمە، پێکەوە دادەنیشین و گفتوگۆ دەکەین.

- نا، دەمەوێت بەتەنها بم. دەبێت بیربکەمەوە.

((هەردووکمان وەرێکەوتین بەرەو ماڵی نیما بۆ ئەوەی من بەئۆتۆمبێلەکەمەوە بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە))

نیما- سەیرکە سیاوەش، هەر مەملەکەتێك یاسای خۆی هەیەو هەر مەردومێکیش کلتوری خۆیان.

- باشە.

نیما- دەمەوێت بڵێم کاتێ دەتەوێت بیربکەیتەوە، لەبیرت بێت وەختێك ئەو کارەساتە رویداوە لەڕاستیدا یەڵدا وەك کچێکی بیانی بووەو بەکلتوری ئەوانەوە، کچێك بووە کە هەر لەوکاتەوەی کە بەمنداڵی ناردویانەتە دەرەوە بیری لەگەڕانەوە نەکردوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە وەك کچانی



Scanned with CamScanner

ئەوێی لێهاتووە.

- واتە هەرچی کچ لەو وڵاتانەدایە بەوجۆرەیە؟ مەگەر شتی وا دەبێت؟

نیما- بۆچی درۆبکەم. من خۆم لەوێ نەبووم و بەچاوی خۆشم هیچم نەبینیووە، بەڵام هەرکەسێك ڕۆیشتوەتە ئەوێ و گەڕاوەتەوە بەمشێوەیە دەیگەیەنێت.

- من شتی وام قبوڵ نییە.

نیما- ئێستا ئەگەر دەتەوێت دڵنیابیت، ماوەیەك چاوەڕوانبەو هیچ مەکە تامن سەفەرێك بۆ ئەوێ دەکەم و پرسیارت بۆ دەکەم، ئەوجا هەواڵەکەیت بۆ دەهێنمەوە. ئەگەر چاوەڕواندەکەیت بڵێ تامن خێرا برۆم ڤیزا وەرگرم.

- وێڵبە، حەوسەڵەم نییە.

نیما- دەڵێم یەڵدا کاتێك خەریکبوو ئەو کارەساتەی بۆ من دەگێڕایەوە، هەر دەگریا، زۆر بێتاقەت بوو، پەشیمان بوو.

- دەبێت پەشیمان بێت.

نیما- بەتوانابە کوڕ، تەنها ئەوەت پێدەڵێم. بۆچوون بەرز بە، من کوڕێکم دەناسی کە...

((نیما دەستیکرد بەئامۆژگاریکردنم تابەردەرگاکەی خۆیان. کاتێ گەیشتینە بەردەرگاکەی ماڵی نیما من ماڵئاوایمکردو سواری ترۆمبێلەکەم بووم، بەرەو ماڵەوە وەڕێکەوتم. پاش کەمێك گەشتمەوە ماڵەوە. پۆشاکەکانم لەبەرم داکەندو ڕۆیشتمە گەرماوەکەوەو لەژێر دوشەکەدا ڕاوەستام، ئاوە ساردەکەم بەردایەوە، خەریکبوو هەناسەم دەگیرا.

هاتمە دەرەوە، پۆشاکەکانم پۆشیو ڕۆیشتم لەسەلاجەکەدا پاکەتێك جگەرەم دەرهێناو گەڕامەوە ژوورەکەم، نیما تەلەفۆنی کرد، هەواڵی پرسیم. منیش پێمووت باشم. نیما دیسان داوایکرد یان من برۆم بۆلای ئەو یان ئەوبێت بۆلای من، منیش پێمووت دەمەوێت بەتەنهابم. ئیدی نیماش پێداگری نەکرد. تەلەفۆنەکەم داخستەوەو دەستمکرد بەجگەرە کێشان. سەرم گێژی دەخوارد. دەمویست بیر لەهیچ نەکەمەوە. ژمارەکەی شیوام لێدا، یەکسەر خۆی وەڵامی دایەوە))

شیوا- فەرموو.

- چۆنی، منم.

شیوا- چۆنی سیاوەش، تەندروستیت چۆنە؟

- سوپاستدەکەم باشم.

شیوا- نیما چۆنە؟



Scanned with CamScanner

- ئەویش وەك من وایە.

شیوا- تاڵ قسەدەکەیت، شتێك رویداوە؟

- نەخێر.

شیوا- بێگومان زۆرشت بووە.

- تۆ تەندروستیت باشتر بووە؟

شیوا- جارجار باشمو جار جار خراپ، هێشتا بەتەواوەتی دەستی نەخستوەتە گیانمەوە، بەڵام خەریکە وردە وردە دەستپێدەکات.

- هەموو کەسێك لەخۆیدا دەردێکی هەیە کە دەبێت لەگەڵی رێکەوێت.

شیوا- دوور لەگیانت، تۆ ئەمڕۆ بەجۆرێکیت، ناتەوێت کەمێك دەردە دڵم لەگەڵ بکەیت؟

- نەخێر.

شیوا- مەسەلەکە پەیوەندیی بەیەڵداوە هەیە؟

((هیچم نەوت))

شیوا- سیاوەش قسەبکە، بەڵکو بتوانم هاوکاریت بکەم. من زۆر بەئەزموونم.

- پێم وانییە هیچ کەسێك بتوانێت لەم بارەیەوە یارمەتیم بدات.

شیوا- بۆچی، چیبووە؟

((دوبارە هیچم نەوت))

شیوا- سیاوەش قسەبکە.

- ئاخر بڵێم چی؟

شیوا- هەرچییەك هەیە بیڵێ.

- نامەوێت دەربارەی قسە بکەم. واتە ناتوانم، وتنی بەلامەوە زۆر سەختە. قبوڵکردنەکەی ئەوە هەر هیچ، ئیتر دەبێت باوەڕ بەکێ بکەیت؟ هەمیشە وامدەزانی دەتوانم پاکی لەچاوەکانیدا بخوێنمەوە. بەڵام...

شیوا- کێشە لەسەر پاکێتی یەڵدا دروستبووە؟

((هیچم نەوت))

شیوا- هەر ئەوەیە کە بوەتە هۆی غەمگینیت؟

- بۆچی ئەوە بۆ غەمگین بوون بەس نییە؟ بۆ مردنیش زۆرە.

شیوا- لەگەڵ کەسێکدا بینیوتە؟



Scanned with CamScanner

- نەخێر، مەسەلە ئەوەنییە، مەسەلە شتێکی دیکەیە.

شیوا- کەواتە تۆ لەکوێ دەزانیت کە ئەو پاک نییە؟

- خۆی وتویەتی.

شیوا- بەخۆت؟

- نەخێر، بەنیما.

((شیوا کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- چەند بەشەهامەت بووە.

- زۆر سەرنج ڕاکێشە، بەشەهامەت!

شیوا- دەیتوانی نەڵێت، دەیتوانی زۆر ئاسان، تەنها بەڕۆیشتن بۆلای دکتۆرێك و نەشتەرگەرییەك ئەو کێشەیە چارەسەربکات بەجۆرێك کە هیچ کات تۆ نەزانیت.

((بێدەنگ بووم و ڕۆیشتمە دونیای خەیاڵاتەوە))

شیوا- بیرت لەوە نەکردبووەوە، وانییە؟

((بەئارامی وتم))

- نەخێر بیرم لەوە نەکردبووەوە.

شیوا- زۆر ڕاستگۆ بووە لەگەڵت، واتە زۆری خۆشدەوێیت، لەبەرئەوەی شتێکی بەوجۆرەی پێوتویت، ڕەنگە ئەوە تاکۆتایی تەمەنی ببێتە خاڵی لاوازی بۆی.

((ئەمجارەش هیچم نەوت))

شیوا- ئەو یەڵدایە چۆن کچێکە؟

- خۆشم نازانم.

شیوا- من نازانم چی رویداوە کە ئەو کارەساتەی بەسەرهاتووە، بەڵام بەلانی کەمەوە ئەوە دەزانم کەسێکی درۆزن نییە. باوك و دایکی ئاگاداریی ئەو بابەتەن؟

- وانازانم، چونکە ئەوان کەمتر لەگەڵ کچەکەیاندا ژیاون.

شیوا- چۆن؟

- یەڵدا هەر لەمنداڵییەوە لەئەمریکا بووە. ئەو هەر لەئەمریکادا گەورە بووە. ئەوەش دەستە گوڵی ئەوێیە!

شیوا- دایك و باوکی لەلای نەبوون؟

- نەخێر.



Scanned with CamScanner

شیوا- خەڵکی ئەوێ هەرشتێك بن درۆزن نین. ئێستا تۆ چ بڕیارێکت داوە؟

- نازانم.

شیوا- سیاوەش دەزانیت چی؟ زۆرجار بڕیارێك، یان بیرکردنەوەیەکی هەڵە لەیەك ساتدا دەتوانێت چارەنوسی زۆرکەس بگۆڕێتو نابوتی بکات. ئەگەر من کەسێکم هەبوایە یەك ڕۆژ دەرکی پێبکردمایەو گوێبیستی قسەکانم بوایەو لێم تێبگەیشتایە، بێگومان پەنام بۆ دەبردو ڕەنگە بەئێرەش نەگەیشتبام، ئەگەر ئەو ڕۆژەی کە ڕۆیشتم بۆ لای دایکموباوکمو پێمووتن جەواد خراپ کارە، یەکێکیان گوێی بۆ بگرتایەمو نەیکێشایە بەدەممدا، ئێستا من لێرەدا نەبووم.

تۆ ئێستا ناتوانیت بڕیار بدەیت، ئێستا بالەوەگەڕێین، چونکە ئەوشتانە لەوێ ناخرێنە ڕوو، بەڵام ئەگەر بتوانین بیبەخشینو لەبیرخۆمانی بەرینەوە ئەوە گرنگە، ئەگەر منیش ڕۆژێك لەڕۆژان بەئەندازەی نوکی دەرزییەك ئومێدم بەوە هەبوایە کە ڕەنگە بنەماڵەکەم دەرکم پێبکەن، ئێستا لەم چڵکاوەدا پەلەقاژەم لەدەست مەرگ نەدەکرد، هەر چەند تۆ دەتوانیت بیبەخشیت یان نە، بەڵام ئەگەر لەبیرت کرد ئەوە لەبەرخاتری دڵی خۆت بووە، ئەوکات یەڵدا قەرزاری تۆ نییە. ئەگەر خۆشتدەوێت یەڵدا هەر ئەوەیە کە هەیە. دەتوانیت وازیلێبهێنیتو بڕۆیت بەلای ژیانی خۆتەوە، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەو زۆری خۆشدەوێیت چونکە ڕاستی پێوتویت. کارێك مەکە کە کچێك لەفەرەنگدا گەورە بووە وا هەستبکات ڕاستگۆی کارێکی باش نییە، کارێك مەکە کە وابزانێت مرۆڤ بەدرۆکردن دەتوانێت بەخواستەکانی بگات، لەبیرت نەچێت کە هەر مرۆڤێك ئەگەر مرۆڤ بێت، لەهەر لەحزەیەك لەژیانیدا قابیلی هەڵە کردنە، ئێمە ئێستا شەلاقی زۆربەی هەڵەکانمان دەخۆین، یەڵدا کەسێکە وەك هەر کەسێکی تر، بەڵام تەنها جیاوازیی کە لەیەڵدادا هەیە ئەوەیە کە ئەو خۆی پێی لەهەڵەکەی ناوە، هەموو کەس توانای ئەوکارەی نییە، هەر هەڵەیەکیان ڕەنگە بوبێتە هۆی بێچارەکردنی ملیۆنێك کەس، بەڵام دیسان ئەوەندە شەهامەتیان نییە کە دان بەهەڵەکانیاندا بنێن، سیاوەش جاری وا هەیە ڕەنگە ژیان بەسترابێت بەبڕیارێکەوە، تۆ نابێت لەئێستادا هەڵەبکەیت، چونکە چارەنوسی خۆشتو چارەنوسی یەڵداش بەستراوە بەبڕیاردانی تۆوە.

- خۆشم لەم نێوەندەدا گیرم خواردوە، نازانم دەبێت چیبکەم.

شیوا- لەبیرکە، کچێك یان ژنێك هەر جەستەیەکی تەنها نییە کە ئەگەر لەناویدا کێشەیەك هەبێت یاشتێکی کەم هەبێت ئیدی بڵێیت خراپە یان بەدە. ئەوە ئۆتۆمبێلە کە بۆ نموونە ئەگەر ئیستۆپی نەبێت دەڵێن خراپە، بەڵام مرۆڤ وەك ئوتۆمبێل نییە، مرۆڤ گیانی تێدایە، هەر کەسێك لەتەمەنیدا سەدان جار هەڵە دەکات، بۆ وێنە کەسێك لەکارگەیەکدا کاردەکات دەستی دەچێت



Scanned with CamScanner

بەژێر دەستگایەکداو دەقرتێت، یەکێک لەکاتی شۆفێریدا هەڵەیەک دەکاتو توشی پێکداداتێك دەبێتو چاوێکی لەدەستدەدات، یەکێك لەشوێنێکەوە دەکەوێتە خوارەوەو قاچی لەدەستدەدات، ئەمانە هەمووی لەئەنجامی هەڵەکردنەوە ڕوودەدەن، لیبّستا لەوکچە هەڵەیەکی کردوەو شتێکی لەدەستداوە، بەڵام هێشتا مرۆڤێکە، ئەوانەی کە چاوو دەستو قاچیان لەدەستداوە هێشتا هەر مرۆڤن، یەڵداش بەهەمانشێوە، ئیتر لەهەرکارێکدا بێت، ئێستا ناکرێت لەسەدا سەد هەڵەکە لەبەرچاو بگیرێت. ئەوە بەستراوە بەبارودۆخو جۆری کارەکەوە، لەئەمریکادا ئەو مەسەلەیە بەس هەڵە نییە، بەلای هیچ لاوێکیشەوە گرنگ نییە کە کچێك، کچ بێت یان نە. بەهیچ جۆرێك لەسەر مەسەلەیەکی لەوجۆرەو لەباروودۆخێکی وەك ئەو بارودۆخەی کە یەڵدای تێدا بووە نابێت داوای کچێتی بکەیت.

- ئەلو سیاوەش!

- بەڵێ.

شیوا- بیستت چیم وت؟

- بیستم بەڵام...

شیوا- پێش ئەوەی بڵێین (بەڵام)، دەبێ فێربین کە ئەو بەڵامانە ڕەنگە ژیانێك بگۆڕێت، کەواتە باهەوڵبدەین لەکاتی خۆیدا سوود لەو وشەیە وەرگرین.

((شیوا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- ڕەنگە هەر ئەو وشە بێ جێیە بوبێت کە لەبیری مندا جێی خۆی کردەوەو بووەهۆی ئەوەی کە بەتێرە بکەم، هەرکاتێك کە دەبوایە بڕیارێکم بدایە ((بەڵام))ێك بۆچوونی دەگۆڕیم.

((شیوا دسیان بێدەنگ بوو، من جگەرەیەکم پێکرد، هەروەك شیوا گوێی لەدەنگی چەرخەکە بوبێت وتی))

- جگەرە دەکێشیت؟

- تازە دەستمپێکردووە.

شیوا- بێگومان لەوکاتەوەی کە بەوکارساتەت زانیوە.

((هیچم نەوت، یەڵدا وتی))

- من جگەرەیەك توشی کردم، جگەرەیەك کە جگەرەیەکی ئاسایی نەبوو. ڕەنگە هەموو ئەمانە بیانوو بن، حەشیش یان هەرشتێکی دی ناتوانێ ببێتە هۆی ڕووخان، هۆی ئەمشتانە شتێکی دیکەیەو هۆی ئەوشتەش شتێکی دی. من چەندینجار بیرم لەو شتانە کردوەتەوە. لەژیانم، لەچارەنوسم، لەڕابردووم، لەڕابردوی ئەو کچانەی کە وەك خۆم وابوون. ژیانمان زۆر لێکدەچێت، هەڵدێرانمان،

روخانمان، مردنمان، ئازارکێشانمان، رەنگە ئەوانە بەڕوکار جیاوزازییان هەبێت، بەڵام لەکۆتاییدا هەموو وەك یەك وان، تەنها شتێك کە من لەناو هەموو ئەوانەدا بەدیمکردبێتو هەموومانی گرفتارکردبوو، هەژاری بوو، هەژاری لەفەرهەنگدا، مرۆڤێك دەتوانێت بەرگەی هەژاری برسێتی بگرێ، بەڵام هەژاری فەرهەنگی نە. نەزانی، نەخوێندەواریی، دەبەنگی، ئەمانە هەموو بەدبەختین، هەر هەڵەیەك بگرینو بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکەی بەدەبەنگی دەگەین، هەر زوڵمێ بگرینو بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکەی بەنەزانی دەگەین.

((شیوا دووبارە کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- ئەوەی کە دەبوو رووبدت روویدا، تازە هاتبومەوە سەرخۆم، سەیرێکی دەوروبەرمم کرد، ئیتر لەسالۆنەکەدا نەبووم، گێژیی حەشیشو بێخەبەرییەکەی تەواو بوو بوو. تەنها وڕییەکەی مابووەوە، لەژووری نوستنەکەی روزبەدا بووم، لەسەر سیستەمەکە. نامەوێت بڵێم یەکەمجارم بوو، نەخێر من ژنێك بووم، مێردم هەبوو، بەلانی کەمەوە لەگەڵ پیاوێکدا بوو بوومو بەڕواڵەت نەدەبوو ئەوکارە ئەوەندە ناکاوگیربێت بەلامەوەو زیانم پێبگەیەنێت، بەڵام مێرد جیاوازە، هەڵبژاردنی پیاوێك بۆ پێکەوە ژیان هەمیشە بوونی هەیە، کچێك هەتا کاتێ کە شوودەکات، تاماوەیەك کاتێك کە دەیەوێت خۆی بۆ مێردەکەی ئامادە بکات یان خۆی بدات بەدەست مێردەکەیەوە حاڵێکی سەیری هەیە. هەر لەخۆوە وا هەستدەکات کە خەریکە کارێکی خراپ دەکات، بەڵام کە بیری دەکەوێتەوە ئەوەتەنها پیاوێکە کە مۆڵەتی ئامادەبوونی هەیە لەبارەگای گیانیدا، هەست بەهێمنی دەکاتو ئازاد دەبێت. بەڵام من ئەوجارە لەگەڵ ئەو پیاوەدا ئەو هەستەم نەبوو، من دەگریامو روزبە پێدەکەنی، کاتێك گریانەکەم درێژەی کێشا، روزبە هەستا هاتە تەنیشتمەوەو دانیشتو وتی:

- بۆچی دەگریەیت؟ خۆتۆ ئەمە یەکەمجارت نەبووە؟

پێمووت تۆ دەرك بەهەستی من دەکەیت؟ پێمووت تۆ نامەردی، تۆ دزێویت، روزبە ویستی دیسان بێت بۆلام، منیش یەکسەر پێمووت ئەگەر دەستم لێوە بدەیت یان خۆم دەکوژم یان تۆ دەکوژم. روزبە دیسان پێکەنی، خەریکبووم بەدوای پۆشاکەکانمدا دەگەڕام تاببپۆشمو لەوێ هەڵبێم، بۆ ئەوەی بزانم دەبێت قوڕی کوێ بکەم بەسەری خۆمدا، روزبە دەستیکرد بەقسەکردن، وتی تۆ نابێت بێتاقەت بیت، خۆ شتێکی خراپ روینەداوە، وتم لەوە خراپتر کە منت بەفێڵ هینا بۆ ئێرەو بەو جگەریە منت گێژو مەنگ کردو هەر بەڵایەکت ویست بەسەرت هێنام؟ وتی بەڵا چییە؟ ئەو قسانە چییە؟ ئەو کارەی کە دەبوو لەدوای زەماوەند ئمانکردایە ئێستا کردمان، چ جیاوازییەکی هەیە؟ وتم بۆچی وا دەزانیت ئێمەش وەك ئەو کچانەی فەرەنگ گوێ بەوشتانە نادەین؟ من هەر ئێستا



Scanned with CamScanner

بیر لەوە دەکەمەوە چۆن بتوانم بەبێ دەرد خۆم بکوژم، وتی ((ئاخر بۆچی؟ مەگەر چیبووە؟)) لەجێگەکەی هەستاو وتی ((من دەڕۆم چایەك دەخەمە سەر، تۆش پۆشاکەکانت بپۆشە تاپێت بڵێم دەمەوێت چبکەم)) روزبە ئەمەی وت‌و ڕۆیشتە دەرەوە. هەر بیرم لەخۆم دەکردەوە، سەیرمکرد ئەوەی کە نەدەبوو رووبدات روویدا. ئێستا بەڵکو بەڕاستی بەوجۆرەی کە من بیرم لێدەکردەوە نەبێت.

خێرا پۆشاکەکانم پۆشی، بەدوودڵییەوە ڕۆیشتمە هۆڵەکەوە، بەئارامی لەسەر کورسییەك دانیشتم‌و سەرم نەویکرد، روزبە لەچێشتخانەکە بوو، پاش کەمێك هاتە دەرەوەو لەتەنیشتی مندا دانیشت‌و وتی ((تۆ دەبێت چاوەڕوان بیت، دایکم‌و باوکم تامانگێکی تر لەئەوروپا دەگەڕێنەوە، بەڵێنت پێدەدەم هەمووشتێك سەردەگرێت)) دووبارە دەستمکردەوە بەگریان‌و وتم روزبە بەخودا من کچێکی خراپ نیم. هیچ کاتێك خەریکی کاری بەوجۆرە نەبووم‌و رقیشم لێیەتی، من لەهەموو ژیانمدا ئازارم کێشاوە، بەزۆر دەستیان لەخوێندن پێهەڵگرتووم‌و بەشویانداوم، بەڵام خێرم لەمێردەکەم نەبینی. بەهەر بەدبەختییەك بوو خەریکبوو کارمدەکردو بەجۆرێك رۆژگارم وەڕێدەکرد کە تۆ لەپڕدا پەیدا بوویت، من بەو کرێکاری‌و کارەکەرییە رازی بووم، نەمدەویست کارم بگاتە ئێرە کە...! روزبە نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم‌و هات لەبەردەممدا دانیشت‌و وتی ((کچێ تۆ پێتوایە من تەنها بەدووی ئەوەوەم کە بۆ ماوەیەك لەگەڵت بم‌و پاشان وازت لێبهێنم؟ من لەفەرەنگستانەوە بەو نیازەوە هاتومەتەوە بۆ ئێران بۆ ئەوەی ژنێکی ئێرانی بهێنم‌و لەگەڵ خۆمی بەرم، بەڵام نەك هەر ژنێك‌و کچێك، کچێکی بێتام دەبەیت بۆئەوێ لەگەڵ چاوی بەبریسك‌و باسکەکانی ئەوێ کەوت، مێردەکەی بیردەچێت‌و فەرامۆشی دەکات کە ئەو بەهۆی کێوە گەیشتوەتە ئەو خاکە، من بەدووی ژنێکدا دەگەڕێم کە سەختی کێشابێت‌و مانای ئاسایش‌و هێمنی بزانێت، لەگەڵ تۆم بینی، زۆرم بەدڵ بویت، کاتێ کە سەرگورشتەی خۆتت بۆ باسکردم، تێگەیشتم کە تۆ ئەو کەسەیت کە من دەمەوێت، تۆ هەم جوانیت‌و هەم سەختیشت کێشاوە، وتم ئەگەر کارێکت بۆ بکەم‌و یارمەتیت بدەم، بێگومان قەدرم دەزانی‌و کاتێك بردمیت بۆ ئەوێ ئەك حەرام دەرناچیت، ئێستاش بەڵێنت پێدەدەم تامانگێکی تر، کاتێك دایکم‌و باوکم گەڕانەوە هەمووشتێك بەڕێكوپێکی بەڕێوەدەچێت)) کەمێك بیمکردەوەو وتم توخودا روزبە بەڕاستیتە؟ روزبە دەزانیت ئەگەر درۆت کردبێت یان بتەوێت هەڵمخەڵەتێنی من بێچارە دەبم؟ روزبە وتی بەگیانی دایکم درۆناکەم. وتم سوێند بەخودا بخۆ، یان برۆ قورئان بێنەو سوێندی پێبخۆ کە لەگەڵ من زەماوەند دەکەیت، وتی ((ئەوەی بۆچییە؟ ڕاوەستە)) روزبە هەستاو ڕۆیشت بۆلای تەلەفۆنەکەوەو دەستیکرد بەژمارە

لێدان، لەدوای دووجار دووبارەکردنەوەی ژمارەکە ئاماژەی بەمن کرد کە تەلەفۆنەکەی تر هەڵبگرم‌و تەنها گوێبگرم‌و هیچ نەڵێم، منیش بەخێرایی ڕۆیشتم‌و تەلەفۆنەکەی ترم هەڵگرت، تەلەفۆنەکە خەریکبوو زەنگی لێدەدا، پیاوێك وەڵامی دایەوەو روزبە دەستیکرد بەقسەکردن لەگەڵی، باوکی بوو. روزبە لێی پرسی باوکە کەی دەگەڕێیتەوە؟ ئەویش وتی بیست ڕۆژێکی تر، روزبەش وتی بابە زووتر بگەڕێنەوە چونکە من کچێکم پەیداکردووە هەم جوانەو هەم خانمە، دەمەوێت زەماوەندی لەگەڵ بکەم، لەگەڵ روزبە ئەمەی وت باوکی دەستیکرد بەپیرۆزبای کردن‌و دایکی روزبەشی لەمەسەلەکە گەیاند. دایکی روزبەش زۆر خۆشحاڵ بوو، هات‌و تەلەفۆنەکەی وەرگرت، پیرۆزبای لەروزبە کردو بەڵێنیدا زووتر بگەڕێنەوە بۆ ئێران، روزبە خەریکبوو ماڵئاوای دەرکرد کە من ڕۆیشتبومە دونیای خەیاڵەوە، خەریکبووم خۆم لەپۆشاکی بوکێنیدا دەبینی، ئیتر دڵم بەجۆرێکی سەیر لێیدەدا. ئەوان قسەکانیان تەواو بوو بوو، بەڵام من هێشتا تەلەفۆنەکەم بەدەستەوە بوو، بیرم لەجێگەیەکی تر بوو. واتە دەکرێت بەدبەختییەکانم تەواو بوو بێت؟ واتە دەبێت کە ئیدی کارەکەر نەبم‌و ببمە خانمی ماڵ؟ لەکوێش؟ لەفەرەنگ. زۆرم بیستبوو کە کوڕان لەفەرەنگ دێنەوەو ژن دێنن‌و لەگەڵ خۆیانی دەبەن، زۆرم لەوبارەوە بیستبوو کە لەگەڵ کچە دەستی لەوێ گیر دەبێت‌و چاوی بەوێدەکەوێت، واز لەمێردەکەی دێنێت‌و دەڕوات بەلای خۆشگوزەرانییەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر روزبە من بخوازێت‌و لەگەڵ خۆیم بەرێت، تاکۆتایی تەمەنم بەرامبەری بەوەفا دەبم، ژنێکی باش دەبم، پەیمانم بەخۆمدا کە کارێك بکەم تا روزبە لەوکارەی کە کردویەتی پەشیمان نەبێت، بەڵێنم بەخۆمدا هەمیشە لەپشتی بم‌و هەرگیز بەتەنها جێی نەهێڵم، لەخەیاڵ‌و بیری خۆمدابووم کە لەپڕێکدا بینیم بەئاسمانەوەم‌و خەریکە بەرەو دەرگای ساڵۆنەکە دەڕۆم. پێمووت روزبە من دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، چیدەکەیت؟ دامگرە زەویەکە. وتی ئێستا زووە بگەڕێیتەوە.

((شیوا کاتێك گەیشتە ئێرە کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- بریا هەر ئەوکاتە بڕۆیشتمایەو دایکم‌و باوکمم تێبگەیاندایە، بەڵام ئەگەر بەوانیشم بوتایە وەك خۆی وا دەبوو.

((دووبارە بێدەنگ بوو، دیاربوو بیری لەساتە ئازار هێنەرەکان دەکردەوە. من پێمووت))

- لەکۆتایدا چیبوو؟

شیوا- هیچ لەدوا مانگێك، باوك‌و دایکی گەڕانەوە بۆ ئێران‌و روزبە پێیوتم لەمڕۆژانەدا دەتبەم بۆ لایان، لەو ماوەیەدا من هەمووشەوێك یان شەو ناشەوێك دەڕۆیشتم بۆ ماڵەکەی روزبە، دەستێکم بەماڵەکەیدا دەهێناو پاك‌و خاوێنم دەرکردەوە، ئەویش تەلەفۆنی دەکرد خواردنمان لەدەرەوە بۆ



Scanned with CamScanner

دەهات‌و پێکەوە دەمانخوارد، ڕۆزبە لەپەسا قسەی خۆشی بۆ دەکردم‌و ئومێدەواری دەکردم، کۆتایی شەویش ئاشکرایە چی دەبوو.

- تۆ بەچ بیانوویەك دەڕۆیشتیت بۆ ئەوێ؟ واتە چیت بەدایك‌و باوکت دەوت؟

- دەموت دەڕۆم بۆ سەرکار. هەرجارێك کە بڕۆیشتمایە روزبە پارەی رۆژێکی دەدامێ‌و منیش دەمدا بەباوکم.

- باوکت پرسیاری نەدەکرد بلێت بۆکوێ دەڕۆیت؟

شیوا- نەخێر، ئەو هەر ئەوندەی کە پارەی زەهری مارەکەی جۆر بوایە ئیدی گوێی لەو شتانە نەبوو.

- باشە دوایی.

هیچ، لەدوای مانگێك‌و دووسێ رۆژ، عەسرێکیان بوو کە ڕۆیشتم بۆ بەردەرگاکەیان. هەرچی زەنگم لێدا کەس وەڵامی نەدایەوە! گەڕامەوەو پاش یەك دوو کاتژمێر تەلەفۆنم بۆ کرد، دیسان کەس وەڵامی نەدایەوە، بۆ بەیانییەکەشی ڕۆیشتم بۆماڵیان، بەڵام کەس لەماڵ نەبوو، زۆر ترسابووم، بەڵام دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە دەموت بێگومان ڕۆیشتوە بۆ ماڵی هاوڕێیەکی یان ماڵی باوکی یاشوێنێکی دیکە. تا بۆ رۆژی دوایی ڕۆیشتمەوە بۆ بەردەرگاکەیان سەیرەکەم کەل‌وپەل دەبەنە ناو خانووەکەی روزبەوە. پرسیم کاکەگیان ئەو کەل‌و پەلانە هینی کێیە؟ وتی هینی کرێچییە تازەکەیە! پرسیم ئەدی ئەو پیاوەی کە لێرەبوو چی لێبەسەرهات؟ وتی پێموایە کاتەکەی تەواو بوو بوو بۆیە ڕۆیشتووە، ئەوکاتە ئاگاداربووم کە روزبە چ کڵاوێکی لەسەر ناوم، ناونیشانی ئاژانسم لەکرێچییە تازەکە وەرگرت، ڕۆیشتمە ئەوێ، لەدوای پرسیارکردنێکی زۆر زانیم روزبە گەڕاوەتەوە بۆ فەرەنگ!

ئیتر درێـژەی پێنادەم، نزیکەی مانگ‌و نیوێك بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕیبوو کە من هەستمکرد سکم پڕە! ڕۆیشتم بۆلای پزیشك، بەڵێ ئاشکرابوو سکم هەیە. بەهەر جۆرێك بوو بەدەرزی‌و ئەوشتانە لەناوم بردو ئەو بەدبەختییەم لەکۆڵ بووەوە. بەڵام ئیتر چ حاڵێکم هەبوو. ناتوانم باسی بکەم. چیدی لەهەموو شتێك‌و هەموو کەسێك بێزار بوو بووم، کاتێك گەنجێك یان هەر ئێرینەیەکم بەرچاو دەکەوت حەزمدەکرد بیکوژم! بریا بەدبەختییەکانم لێرەشدا کۆتاییان دەهات، شەوێکیان کاتێك کە لەسەرکار دەگەڕامەوە تەماشادەکەم بەردەرگاکەمان قەرەباڵغە، بەڕاکردن خۆم گەیاندە ناو خەڵکەکەوە، سەیرەکەم کە هەریەك لەدراوسێکان کە من دەبینێت وەك ئەوەی بڵێن بەداخەوە سەرێك رادەوەشێنن. تێگەیشتم کە شتێکی خراپ رویداوە. کاتێك ڕۆیشتمە ژوورە زانیم چ نەگبەتییەکم بەسەرهاتووە، دراوسێکەی ئەوبەرمان بۆی گێڕامەوە کە باوکم وەك هەموو



Scanned with CamScanner

شەوەکانی تری بەمەستی هاتوەتەوە بۆ ماڵەوەو دایکیشم دەستی کردوە بەدەنگە دەنگ لەگەڵیدا، لەدوای شەڕو بەزمەکەیان، دایکم دەستدەکات بەنەفرەت لێکردنی باوکم، ئەویش بوتڵی عارەقەکەی دەکێشێ بەسەری دایکمداو هەر لەوێدا دایکم جەڵتەی مێشک لێیدەدا، تۆ تەماشای ئەو ناوچاوانە، لەگەڵ یەکێك لەدراوسێکاندا خێرا ڕۆیشتین بۆ نەخۆشخانە، دایکمیان بردبوو بۆ بەشی ((icu)) بێهۆشی. جەڵتەکە لەمێشکی دابوو، باوکیشم لەسەر پلەیەکی قادرمەکە دانیشتبوو دەگریا، سەیرێکم کردو ڕۆیشتم بۆلای پزشکەکە. پزیشکەکە وتی دایکت جەڵتەیەکی بەهێز لێیداوە، کاتێك لێمپرسی چی بەسەر دێت؟ چاك دەبێت یان نا، وتی بەدەست خودایە.

دوو هەفتە دایکم لەبەشی ((icu))دا بوو، پاشان دە شەوی دیکەش لەبەشی هێشتنەوەدا خەواندیان، لەدوای ئەوەش مۆڵەتیاندایین بیبەینەوە بۆ ماڵەوە، ئێستا پارەی نەخۆشخانە چەند دەکات؟ خودا دەزانێت، باوکیشم تەنها تمەنێکی نەبوو تابیدات، بەهەزار بەدبەختیو یارمەتیدانی دراوسێکانو قەرزکردن لەمو لەوو لەوکۆمپانیایەی کە من کارم تێدادەکرد پارەکەمان جۆرکرد، دایکممان بردەوە بۆ ماڵەوە، تاژێر چەنەم لەقەرزدا بوو. بەیانی تائێوارەی کارم دەکرد. وەك کەر گیانم دەدا تابتوانم هەم قەرزەکان بدەمەوەو هەم دەرمانەکانی دایکیشم بکڕم، کارکردنی دەرەوە لەلایەكو پێڕاگەیشتنی دایکیشم لەلایەك، هەر لەگەڵ لەسەرکار دەگەڕامەوە خەریکی خزمەتکردنی دایکم دەبووم، بوو بوومە پارچە گۆشتێکی وشکەوەبوو بەسەر کۆتەی قەسابەوە، باوکە بێشەرەفەکەشم لەبری ئەوەی لەوحاڵەدا دەستمان بگرێت، ڕۆژێك لەپڕدا ونبوو، لەدوای هەفتەیەك لەهاوڕێ هاوپیاڵەکانیمان بیست کە بەقاچاخی ڕۆیشتوە بۆ کوەیت، سەرەتا خۆشحاڵ بووم، بەخۆمم وت بێگومان ویژدانی ئازاری داوەو ڕۆیشتووە بۆ ئەوێ تا کاربکاتو پارەمان بۆ بنێرێتەوە، بەڵام بەهەڵەدا چوو بووم، ئەو هیمەتو غیرەتە لەو باوکەوە دوور بوو، ساڵێك تێپەڕیو هیچ هەواڵێکمان لێی نەبوو. ئیدی گیانم هاتبووە سەر لێوم، دەمویست خۆم بکوژم، هێجگار وەگیر هاتبووم، بەهەرحاڵا ڕۆژێکیان خەریکی کارکردن بووم لەهۆش خۆم چووموو خاوەن ماڵە داماوەکە منی گەیاندە نەخۆشخانە، ئەوکات ئاگاداربووم چ بەڵایەکم بەسەر هاتووە!

((شیوا دووبارە بێدەنگ بوو، لێم پرسی))

- چی بوو بوو؟

شیوا- هێشتا تێنەگەیشتوویت؟

((شیوا کەمێك بێدەنگبوو، پاشان وتی))

- تاقیکردنەوەی خوێنیان بۆ کردم، لەدوای چەند ڕۆژێك کە ڕۆیشتمەوە بۆ وەڵامەکەی،



Scanned with CamScanner

پێیانوتم تۆ نەخۆشی ئایدزت هەیە! دەستمکرد بەگریانو هاواروکردن، دەمووت ئێوە هەڵەتانکردوە تاقیکردنەوەکان تێکەڵبوون و لەو قسانە.

دووبارە خوێنیان لێوەرگرتمو لەکۆتاییدا دەرکەوت کە وەڵامەکە ڕاست بووە. لەوکاتەدا بوو کە ئیدی لەهەموو شوێنێك دابڕام و ئومێدەکانم نائومێد بوون. کاتێك وەڵامی تاقیکردنەوەکە بەدەستمەوە بوو بەکۆڵانەکاندا دەڕۆیشتمو دەگریام و هاوارمدەکرد، تێگەیشتم کە ئیدی هەمووشتێك بۆمن کۆتایی هاتووە. هەر ئەوکاتە بوو کە بیرم لەتۆڵە کردنەوە کردەوە، پێشی ئەوە هیچ تفەنگێکم نەبوو تاسوودی لێوەرگرم. بەڵام ئێستا هەمە، ئیدی ئەوکات کاتی بوو تاهەقی هەموو بەدبەختییەکانم بکەمەوە.

دەزانن مرۆڤ بڕێك لەخۆگریی بۆ هەموو شتێك هەیە، بۆ غەموخەفەتیش بەهەمان شێوە، ئەوکاتەی کە چاوەڕوانی تاقیکردنەوەی دووەم بووم زۆرگریام و لەخودا پاڕامەوەو هاوارمکرد، بەڵام دوای تاقیکردنەوەکە نەخێر. هەروەك خۆگرییەکەم پڕ بوبێت، ئیدی خەفەتبار نەبووم. وادەزانم دوێنێ بوو ئەو ڕوداوە لێی ڕودام هەموویم لەبەر چاوە. بەپێ هاتم بۆ سەرشەقامەکە، وەڵامی تاقیکردنەوەکەم خستە گیرفانمەوەو لەو ئۆتۆمبێلانەم دەڕوانی کە ئیستۆپیان بۆ دەگرتم. ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز لەبەردەممدا ڕاوەستا، حەزم لەشێوەو ڕەنگەکەی بوو، شوفێرەکەی لاوێك بوو، هەروەك ئەوە وابوو ناوی ئەو لەقورعەکەدا دەرچوبێت، سواری ئۆتۆمبێلەکە بووم، وتی بۆ کوێ تەشریف دەبەیت؟ بەخەندەوە پێموت چ جیاوازییەکی هەیە؟ بۆ هەرجێگەیەك کە تۆ بخوازیت. ئەویش پێکەنینێکی لەناخی دڵیەوە کردو وەڕێکەوت، ساردکەرەوەکەی بۆ کردمەوە. شریتێکی خستە ناو تەسجیلەکەوەو جگەریەکیشی پێدام، هەر پێدەکەنی، ئاگادار نەبوو کە بڕیارە چ بەڵایەکی بەسەر بێت، پێکەوە ڕۆیشتینە ڕێستۆرانتێکی خۆشەوە، لەبەشی سەرەوەی شاردا، داوای ستێکی مریشکمانکرد، ئەوشتەی کە ساڵەهای ساڵ بوو ئارەزوم بوو، هەمیشە ئاواتم بەوە دەخوداست کە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا پێکەوە بڕۆین بۆ یەکێك لەو ڕێستۆرانتانەو وەك ئەو خەڵکە دانیشینو داوای ستێکی مریشك بکەین، پێکەوە لەزەتی لێوەرگرین. ئێستا بەئارەزووم گەیشتبووم، ڕاستە ئێستا بەرامبەرەکەم هاوسەرم نەبوو، بەڵام بەلای منەوە جیاوازییەکی نەبوو، گرنگ دوو شت بوو، یەکەم تۆڵە، دووەم خواردنی ستێکی مریشك.

بەلەزەتێکی زۆر خۆشەوە ستێکەکەم خوارد، پاشان لەگەڵ ئەو کوڕە لاوەدا سواری ئۆتۆمبێلەکە بوومو ڕۆیشتین بۆماڵی ئەوان، باڵەخانەیەکی گەورەو شیكو دەوڵەمەندانەیان هەبوو لەبەشی سەرەوەی شاردا. من هیچم نەدەوت، هیچیشم نەدەکرد، لێگەڕام تاخۆی بکەوێتە داوەکەوە کە



Scanned with CamScanner

کەوت، خۆی دەستپێکرد، من هیچم نەدەوت، نەدەموت ئاو نەدەموت ئا! خۆشی حەزی لەوە بوو، منیش لێی گەڕام کە هەرچییەکی دەوێت بیکات.

کاتێك کارەکەی تەواو بوو. ڕۆیشت لەجانتاکەیدا دنیایەك پارەی دەرهێناو پێیدام. پێیموت دیسان دێیت بۆ لام؟ وتم بەڵێ هەرکاتێك حەزت لێبوو. پارەکانم هەڵگرت و ژمارەی مۆبایلکەیم لێوەرگرت، ئەو ڕۆیشت ئاوێك بەخۆیدا بکات، منیش ڕۆیشتمە بەردەمی ئاوێنەکە تاخۆم جوانتربکەم، جوانی جوان، بۆ کەسێکی تر. کاتێك لەئاوێنەکەدا سەیری چاومم کرد، شەیتانم تێدا بەدیکرد، هەر ئەو شەیتانەی کە هەمیشە لێی دەترسام و بەلەحنەتکم دەرکرد. ئێستا ئیتر لەگەڵمدا بوو، ڕەنگە هەر خۆشم بوبێت، داماوە ئەوەندە دڵی خۆشبوو لەگەرماوەکەدا خەریکی گۆرانی چڕین بوو، دەمزانی چ بەڵایەکم بەسەر هێناوە، بەڵام وابزانم هێشتا پێی ڕازی نەبووم، دەمویست خۆشی بزانێت چ یادگارییەکم بۆ بەجێهێشتووە، لەپڕدا شتێکم وەبیرداهات، سوراوەکەم لەجانتاکەدا دەرهێناو لەئاوێنەکەم نوسی ((بەخێرهاتیت بۆ کۆمەڵگەکەمان))! پاشان پۆشاکەکانم لەبەرکردو لەماڵەکە هاتمە دەرەوە. ئێستا ئیتر ڕازی بوو بووم، کیفەکەم پارەی تێدابوو، ئەو خواردنەشی کە هەمیشە ئارەزووم بوو، لەرێستۆرانتێکی خۆش و گران بەهادا هاوڕێ لەگەڵ کوڕێکی لاوی بەژن ڕێك و پێکی دەوڵەمەندا خواردبووم، تۆڵەم سەندرابووەوە، ڕۆحمم فرۆشت بەڵام تۆڵەی خۆمم کردەوە.

ویستم بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە بەڵام سەیرمکرد هێشتا زووەو کاتم بەدەستەوەیە، کەمێك بەپێ ڕۆیشتم، ئۆتۆمبێلێك لەدواوە هۆڕنێکی بۆ لێدام. ئاوڕمدایەوە سەیرێکم کرد. لاوێکی تربوو بەئۆتۆمبێلێکی جوانەوە. خەندەیکم بۆ کرد، ئەویش یەکسەر دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی بۆ کردمەوەو منیش سواربووم. لێی پرسیم، تەشریفتان بۆ کوێ دەچێت؟ منیش هەر ئەو وەڵامەی جاری پێشوم بەویش دایەوە. وتم جیاوازییەکی نییە. بۆ هەرکوێیەك تۆ بتەوێت. ئەویش یەکسەر ڕۆیشت بۆ ڕێستۆرانتێکی زۆر خۆش و گران بەها، منیش دیسان داوای ستێکی مریشکم کردو بەلەزەتێکی زۆرەوە خواردم. بەیانی ستێك نیوەڕۆ ستێك ئێوارە ستێك، لەباشترین ڕێستۆرانتی شاریشداو هاوڕێ لەگەڵ هاوسەفرێکی لاوی پارەداردا. سەفەر بۆ شاری تۆڵە.

ئەویەکەیان هەر شیعری بۆ دەوتم، عاشقی شیعر بوو، ناوی سامان بوو، هەرچییەکم پێدەوت بەشیعر وەڵامی دەدامەوە، دەیووت بڕیارە لەمرۆژانەدا کتێبی شیعرەکەم چاپ بکرێت، دەیووت کاتێك چاپکرا دانەیەکیانت بۆ ئیمزا دەکەم و پێشکەشتی دەکەم. کاتێك گەشتینە ماڵەوە لەتاو کەشخەیی ماڵەکەی لەجێگەی خۆم وشك بووم، ماڵێکی هەبوو دووسێ هەزار مەتر، بەئۆتۆمبێلەوە ڕۆیشتینە ژوورەوە، دەرگاوانێك و خزمەتکارێك خێرا ڕایانکردو دەرگای ئۆتۆمبێلەکەیان بۆ کردینەوە.



Scanned with CamScanner

دابەزینو بەرەو ناو باڵەخانەکە وەڕێکەوتین، سەیرترین شت ئەوە بوو کاتێك کە خەریکبووین دەڕۆیشتینە نهۆمی سەرەوە، باوکی هاتە بەردەممان، یەکسەر بەخۆمم وت ئێستا بەجنێووو شەق دەمکاتە دەرەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەرچوو، باوکی بەلێوێکی بەخەندەوە هاتو تەوقەی لەگەڵ کردمو بەخێرهاتنی کردم، ئەوکاتەی کە دەستم لەناو دەستیدا بوو، بەئارامی چەند جارێك دەستمی گوشی، تێکەیشتم دەڵێت چی، تەنها سەیرمکرد.

لەگەڵ کوڕەکەیدا ڕۆیشتمە سەرەوە، بۆ ژوورەکەی خۆی، تا چایەکیان بۆ هێناینو ویستمان دەست بەخواردنەوەی بکەین، لەپڕدا دەرگای ژوورەکە کرایەوەو باوکی سامان هاتە ژوورەوە، لەدوای داوای لێبوردنکردن لەمن، بەفێڵ کوڕەکەیی نارده دەرەوە، کوڕی داماویش کەربوو ڕۆیشت، ماینەوە خۆمو خۆی، بانگی لەخوارەوە کرد بوتڵێك ویسکییان بۆ هێناین. پێکێکی بۆ تێکردمو وتم من ناخۆمەوە، داماوە پێی وابوو من خۆشەویستی کوڕەکەیم، دەیویست فریومبات، وایدەزانی من یەکێکم لەکچی هەرە دەوڵەمەندەکانی شارو لەگەڵ کوڕەکەیدا بومەتە دۆست، دەستیکرد بەورتە ورتکردن لەپاڵ گوێمدا، «من تەنهامو ژنەکەم هەمیشە لەسەفەرەو لەم وڵاتەی ئەوروپاوە دەڕوات بۆ ئەو وڵاتەکەو منی بەتەنها بەجێهێشتووە، هیچ کەسێکیش نییە تابەمن ڕابگات، تەمەنیشم پەنجا ساڵەو تەنیایی‌و بێکەسی کوشتوومی، ئەگەر تۆ لەگەڵمدا بیت، من ئەمەت بۆ دەکەمو ئەوەت بۆ دەکەم»، دەیووت ئەم لاوانە دەتوانن، ئەما نازانن، بەپێچەوانەوە ئێمە لەبەرئەوەی لەوان گەورەترین هەم دەتوانینو هەم دەشزانین. دەیووت من ئەوەندەم پارەهەیە کە نازانم چی لێبکەمو لەو قسانە. منیش کاتێك بینیم کابرا ئەوەندە موشتاقە، دەستمکرد بەنازکردن، دەمووت ئاخر من دەستگیرانی کوڕەکەتم شتی وا چۆن دەبێت، ئێمە بەڵێنمان بەیەکتر داوە زەماوەند بکەین، خولاسە وەك کچێکی زۆر رەوشت بەرز خۆم پیشانداو هەرکارێکی کرد نەمهێشت هیچ بکات. ئیتر خەریکبوو شێت دەبوو، بەخێرایی ڕای کردە خوارەوە، کاتێك گەڕایەوە پێمیوت چاوم لێکبنێم، کاتێ چاوم لێکنا بەئارامی دەستی کێشا گەردن بەندێکی کردە ملم. چاومکردەوەو ڕۆیشتم لەبەر ئاوێنەکەدا سەیرمکرد زنجیرێکی گەورەی ئاڵتونو نقێمێکی گەورەی پێوە بوو کە لەخەونیشدا شتی وام نەدیتبوو، تازە زانیبووم کە ئێمەی ژن چ تفەنگێکمان هەیەو لێی بێخەبەرین، خەریکبووم لەئاوێنەکەدا تەماشی خۆمم دەکرد، ئەویش هەر بەساقەو بەقوربانم دەبوو، لەپڕێکدا کارەکەرەکە لەدەرگایدا، ئاشکرابوو کە کوڕەکەی ئەوەندە بەخێرایی شۆفێری کردبوو لەبەرئەوەی زووتر بگەڕێتەوە بۆ لای من، لەڕێگەدا خۆی کێشابوو بەئۆتۆمبێلێکی تردا، ئێستا تەلەفۆنی کردووە کە باوکی پارەی بۆ بنێرێت تاخەسارەتی ئۆتۆمبێلەکەی تر بدات، پێکەنینم بەوە دەهات کە ئەو کوڕە داماوە چ باوکێکی هوقەبازی هەبوو،



Scanned with CamScanner

باوکی بەخزمەتکارەکەی وت پارەکەی بۆ بەرێت، بەڵام نیوکاتژمێری دیکە، ئەگەر چویتە ئەوێش پێی دەڵێیت ئۆتۆمبێلم دەستنەکەوتووە، دەیویست تا دەتوانێت درەنگی بخات بۆ ئەوی کە کوڕەکەی نەبێتە لاکوت بۆی، خولاسە ئەوەندە لێم پاڕایەوە تادەستی کردە گریان، ئەوکاتە ئیدی لێگەڕام تاکاری خۆی بکات. نازانیت بەچ پەلە پەلێك خۆی دەهاویشتە ناو داوەکەوە، لەتاو لەزەتی تۆڵە لێسەندنەوە خەریکبوو باڵم لێدەردەهات, خەریکبوو دڵم هێور دەبووەوە، پیرەمێردی بەدفەڕ، تەمەنی شەست ساڵ زیاتر دەبوو دەیووت پەنجا ساڵم. هەر بەساقەو بەقوربانم دەبوو. سەری کەچەڵ بوو وەك لەپی دەست، شەرمی لەوتەمەنە زۆرەی خۆی نەدەکرد.

کاتێك جلکەکانم دەپۆشی هاتو پێیووتم بینیت ئەزیزم کە من لەسەد گەنج گەنجترم؟ بزەیەکم بۆ کردو وتم، بلێ چایەکم بۆ بێنن، وتی خۆم دەڕۆم بۆت دێنم ئەزیزم، لەگەڵ لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە، سوراوەکەم دەرهێناو لەسەر ئاوێنەکە هەر ئەو رستەیەم نوسی ((بەخێرهاتیت بۆ کۆمەڵگەکەمان پیرەمێرد))!! کاتێك تەماشای نوسینەکەم کرد بیرمکەوتەوە چیم پێکردووە، لەناخی دڵەوە کەیفم دەکرد.

لەژوورەکە هاتمە دەرەوەو ڕۆیشتمە خوارەوە، چایەکی بۆ هێنام، چایەکەم خواردەوە، کاتێك ویستم بڕۆم جزدانەکەی دەرهێناو هەرچی پارەی تێدابوو پێیدام، ژمارەی مۆبایلەکەشی پێدام‌و وتی حەتمەن دەبێت بەیانی پەیوەندیی پێوە بکەم. لێم وەرگرت‌و ماڵئاوایم کرد، بەرلەوەی کوڕەکەی بگەڕێتەوە لەماڵەکە دەرچووم. نزیکەی دە دەو نیوی شەو بوو، دنیایەك هەزار تەمەنی لەکیفەکەمدا بوو. تاکسییەکم گرت‌و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بۆلای دایکم. لەڕێگەدا هەر پێدەکەنیم، شۆفێرەکە وایدەزانی شێتم یان تێکەیشتبوو کە چکارەم، ئەویش دەستیککرد بەورتە ورتکردن، ویستم ئەویش بخەمە خەتەوە، بەڵام لەدڵی خۆمدا وتم بەدبەخت بڕۆ بەلای ژیانی خۆتەوە، چانست هەیە کە دەوڵەمەند نیت، ئەگەر دەوڵەمەند بویتایە کارێکم پێدەکردیت کە لەزیندو بوونت پەشیمان بیت.

بەهەرحاڵا ناوچەوانم لێدا بەیەکداو کۆکەیەکم بۆکرد ئەویش یەکسەر خۆی کۆکردەوە. لەدوای نیو کاتژمێر سێچارەکێك گەیشتمە بەردەمی ماڵەوە، پارەی کابرام داو ڕۆیشت. منیش ڕۆیشتمە ژوورەوە بۆ ژوور سەری دایکم. هەموو ئەو پارانەی کە لەو شەوو ڕۆژەدا پەیدامکردبوو، لەکیفەکەم دەرهێناو بەچوار دەوری قەرەوێڵەکەی دایکمدا هەڵمرشت. ملوانکەکەشم لەملی خۆم داکەندو کردمە ملی دایکم، پاشان دەستمکرد بەپێکەنین، ئێستا پێمەکەنەو کەی پێبکەنە، بەدەست خۆم نەبوو، توشی حاڵەتێکی سەیر بوو بووم، کاتێك پێکەنینەکەم تەواو بوو بەدایکمم وت وەرە دایکە، ئەوە پارە، ئەوە ئاڵتون، لەئێستا بەدواوە لەهەر نەخۆشخانەیەك ویستت دەتخەوێنم، هەر



Scanned with CamScanner

دەرمانێکت پێویست بێت، هەرچەند گران بێت یەکسەر بۆت دەکڕم.

ئەمانەم وت و خۆم هەڵدایە ئامێزیەوەو دەستمکرد بەماچکردنی، داماوە ئاگای لەهیچ نەبوو، زۆر دەمێك بوو کە بێهۆش بوو. کاتێ دایکمم ماچ دەکرد رقم لەخۆم دەبووەوە. دایکم ژنێکی نەجیب و مسوڵمان بوو، تەمەنێك بە بەدبەختی ژیابوو، بەڵام پاك و سەربەرز بوو، نەدەبوو توشی بکەم، گیرۆدەی بکەم، ملوانکەکەم لەملی داکەندو فڕێمدایە گۆشەیەکی ژوورەکەوە، پارەکانیشم هەمووی کۆکردەوەو فڕێمدانە گۆشەیەکی ترەوە، دەستمکرد بەگریان. دەگریام و داوام لەدایکم دەکرد تاگەردنم ئازاد بکات، ماچم دەکرد، نازانم تێگەیشت یان نا، بەڵام من دەستمکرد بەقسەکردن، دەگریام و ئەو غەم و خەفەتانەی کە ساڵەهای ساڵ وەك بوغزێك گەروی گرتبووم دەمهاویشتە دەرەوە، پێمووت ئاخر دایکە بۆچی؟ بۆچی واتکرد؟ پێتوابوو ئەگەر من لەقوتابخانەیەکی کچاندا نمایشنامەیەك پێشکەش بکەم تووشی فەسادی دەبم؟ واتدەزانی تەنها لەبەرئەوەی کچەکەت عاشقی هونەرە نانەجیبە؟ چیدەبوو ئەگەر ئەو رۆژە گوێت بۆ قسەکانم رادێرایە؟ باشە واومان نەتهێشت ئەو شانۆیە نمایش بکەم، ئەدی بۆ نەتهێشت بخوێنم، بۆچی نەتهێشت درێژە بەخوێندنەکەم بدەم؟ ئەی بۆچی منت بەزۆردا بەو جەوادە بێرەوشتی لات و لوتە؟ ئێستا هەموو شتێك باشە؟ واتە منت خۆشبەخت کردووە؟ وادەزانی من بەپاکی ماومەتەوە؟ باشە تۆ بۆچی منت هێنایە ئەم دونیایەوە؟خۆتۆ ئەو مێردە عارەق خۆرە بێ غیرەتت دەناسی! بۆچی براکەمت هێنایە ئەم دونیایەوە؟ ئەوە برایەی کە هیچ هەواڵێکم لێی نییە؟ ئەگەر تۆ لەو پیاوە نەبویتایەتە خاوەنی منداڵ کاری ئەم دونیایە نەدەگەڕا؟ ئێستا ئیتر خۆتدەزانی، من ئەو پارانە بەوچەشنە بەدەست دێنم. دەزانم تۆ زۆر ئیمانداریت، بەڵام من ژنێکی لاوازو نەخۆشم، خەرجی دەواو دەرمانەکەی تۆش زۆر زۆرە، ناکرێت بەکارەکەری پەیدای بکەیت، پارەی تەنها دەرزییەکت پارەی مانگێك کارکردنی منە. ئیدی لەئێستا بەدواوە حەڵاڵ و حەرام لەدیدی مندا مانایەکی نییە. من کارم لەکار ترازاوە، تۆش ئەوەندە بیری لێمەکەوە، ئەگەر تەندروستیت باش بوو خۆت بەجۆرێك ساغیانبکەرەوە، ئەگەر مردیشیت گوناهەکانت بەگەردنی من، خۆمن دۆسیەکەم هەر رەشی قەرتانییە، با ئەوەکەی تۆشی بێتە سەر.

((شیوا دووبارە بێدەنگ بووەوە، لەدوای چرکە ساتێك دەستیکرد بەگریان و وتی))

- ئەو کوڕەی یەکەمجار، بیست ساڵی تەواو نەکردبوو. وەی، چۆن وەڵامی ئەوانە بدەمەوە، هێشتا چاوەکانیم لەبەرچاودایە، ئەوەندە سادەبوو کە هەرچییەکم دەوت باوەڕی دەکرد. تازە سەرەتای ژیانی بوو، پێیدەوتم تۆ ئیتر لەگەڵ کەسی تردا مەڕۆ. من خەرجیت دەکێشم، کاتێ پێمووت دایکێکی نەخۆشم هەیە، وتی خەرجی ئەویش دەدەم، خۆزگە هیچم لەو نەکردایە، بەڵام



Scanned with CamScanner

خوێن بەرچاوی گرتبووم، ئەویش لەکاتێکی خراپدا بوپ بە توشمەوە، رەنگە ئەگەرە چەند رۆژێك دوای ئەوە ‌ﻬﻤدیبا ئەمهێشتایە گیرۆدە ببێت، هێشتا چاوەکانیم لەبیرە، سادەو خۆش باوەڕ، تەمەنی بیست ساڵی تەواو نەدەبوو.

((لەپڕدا تەلەفۆنەکە داخرا، وابزانم خۆی دایخست. منیش ئیتر پەیوەندیم پێوە نەکردەوە، لێگەڕام تابەدەردی خۆیەوە بسوتێت بەڵکو گریان کەمێك ئارامی بکاتەوە.

تەلەفۆنەکەم خستەوە جێگەی خۆیو فیشەی تەلەفۆنەکەم دەرهێنا، راکشام، بیرکردنەوە لەیەڵدا، ئەوقسانەی کە نیما پێیوتبووم، ئەوکارانەی کە شیوا ئەنجامی دابوو، هەموو پێکەوە هێرشیان بۆ زیهنم هێنا، سەرم خەریکبوو دەتەقی، چانسم هەبوو کە خەوم لێکەوت دەنا ئەو شەوە شێت دەبووم.

کاتژمێر نۆی بەیانی بوو، سیما بانگی کردم. وتی نیما تەلەفۆنی کردەوە کاری پێتە، بۆچی فیشەی تەلەفۆنی ژوورەکەی خۆتت لێکردوەتەوە؟ هیچم نەوت، هەستام ڕۆیشتم ئاوێکم کرد بەخۆمداو پۆشاکەکانم پۆشی، لەماڵەوە هاتمە دەرەوە. هەر ئەوەندەم دەزانی بەڕێگەدا دەڕۆمو بەبێ ئامانج بیر دەکەمەوە. چەندجارێك مۆبایلەکەم زەنگی لێدا بەڵام وەڵامم نەدایەوەو کوژاندمەوە، نزیکەی کاتژمێرێك کاتژمێرو نیوێك بەڕێدا ڕۆیشتم، وەختێ سەیرەکەم لەبەردەمی ماڵی نیمادام، حەزمدەکرد ‌ﻬﻤتوانیبایە ئاوڕێك بدەمەوە بەرەو ماڵی یەڵداو تەماشایەکی ژوورەکەی یەڵدا بکەم بەڵکو بیبینم. خۆزگە ئەوەندەم خۆشنەویستایەو ‌ﻬﻤتوانیبا بەسانایی لەبیری بکەم.

زەنگی دەرگاکەی ماڵی نیمام لێداو خۆی وەڵامی دایەوە، هەرکە زانی منم خێرا دەرگاکەی کردەوەو، ڕۆیشتمە سەرەوە. لەسەر قادرمەکان بەنیما گەیشتم))

نیما- ئەوە تۆ لەکوێیت؟.

- ڕۆیشتبوم کەمێك پیاسە بکەم.

نیما- ئەم کارە بێتامانە چییە دەیکەیت؟ سیماشت بێتاقەت کردووە.

- نیما لێمگەڕێ تاقەتی هیچم نییە.

نیما- هاوڕێ گیان ئەگەر ئەو کچەت ناوێت بڵێ نامەوێت، ئیتر هەم خەیاڵی ئێمەش ئاسوودە دەبێتو هەم خەیاڵی خۆشت.

- نامەوێت دەربارەی قسە بکەم.

نیما- باشە قسە مەکە. وەرە بابڕۆینە ژوورەوەو چایەکت بدەمێ حاڵت بێنێتەوە جێگەی خۆی.

((هەردووکمان ڕۆیشتینە ژوورەوەو زینەت خان چای بۆ هێنایین. نیما قسەی نەدەکرد، پێموابوو



Scanned with CamScanner

بەنیازبوو من قسە بکەم، منیش هیچم نەدەوت، کاتێ زانی من هیچ ناڵێم، وتی))

- ئاخرەکەی بڕیارتدا؟

- نەخێر، دەربارەی قسە مەکە.

نیما- باشە، بەڵام دەربارەی چی قسە بکەم؟

- بابەتێکی تر.

- ئاخر من ئێستا ئەقڵم هیچ بابەتێکی تر نابڕێ.

- باشە. کەواتە هەر قسەمەکە.

نیما- ئاخر من ناتوانم لەشوێنێکدا دانیشم و قسەنەکەم.

((وەڵامم نەدایەوەو دەستمکرد بەچا خواردنەوە. کەمێك تێپەڕی و وتم))

- چۆنە وا ئەمڕۆ بێدەنگ بویت؟

نیما- ئاخر تۆ وتت قسەمەکە، منیش قسە ناکەم.

- باشە ئێستا قسە بکە.

نیما- کەواتە دەربارەی یەڵدا بڕیارتدا؟

- ئەسڵەن پێویست ناکات هەر قسەبکەیت.

- ئاخر ئەگەر من قسەنەکەم تۆ بێتاقەت دەبیت ها!

- قەیدی نییە، لێگەڕێ بێتاقەتبم باشترە.

((نیما دووبارە بێدەنگ بوو. منیش هیچم نەوت، لەپڕێکدا زینەت خان لەچێشتخانەکە هاتە دەرەوەو بەسەرسامییەوە وتی))

- ئەوە چۆنە دەنگتان نایەت؟ بۆچی قسە لەگەڵ یەکدی ناکەن؟ دەڵێی لەچلەدا دانیشتوون.

نیما- ئاه...! وتت چلە شەوی چلەم وەبیر هاتەوەو شەوی یەڵدا! ئەوە بەڕاست سیاوەش یەڵدا چی بەسەرهات؟

- زەهری مار.

((زینەت خان سەیری پێهات، گەڕایەوە بۆ چێشتخانەکەو نیماش بێدەنگ بوو. لەدوا کەمێك نیما وتی))

- زینەت خان دوو چامان پێدەدەیت؟

((زینەت خان خۆی خەریکبوو بەسینییەك چاوە دەهات بۆ لای ئێمە))

زینەت خان- واخەریکە دێم نیما ئەفەندی، تۆ ئەگەر لەڕۆژێکدا چل چای نەخۆیتەوە ئەوڕۆژە



Scanned with CamScanner

شەوی دانایەت.

نیما- زینەت خان وتت چل دانە، شەوی چلەو یەڵدام بیرکەوتەوە. بەڕاست سیاوەش یەڵدا چی بەسەر هات؟

((بەسیلەی چاو سەیرێکی نیمام کردو هیچم نەوت، بۆ ساتێك هەردوکمان بێدەنگ بوین، لەپڕدا زینەت خان لەچێشتخانەکە هاتەدەرەوەو وتی))

- ئێوە ئەمڕۆ چیتانە؟ بۆچی قسە لەگەڵ یەکدی ناکەن؟ ئەترسم قسەتان پێکەوە نەبێت!؟

نیما- زینەت خان خەریکین مەشق بەعەسابمان دەکەین.

زینەت خان- نیماگیان بیرت نەچێت پارە دابنێ بۆ قەرزی تەلەفۆنەکە. ئەمڕۆ دوایین مۆڵەتیەتی. دوای دەیبڕن ها!

نیما- پارەکەی چەندە؟

زینەت خان- پێموایە چل هەزارو شتێکە.

نیما- ئاه ...! زینەت خان تۆ ئەمڕۆ چی چل چلێکتە؟ هەر شەوی چلەو یەڵدا وەبیر من دەهێنیتەوە، بەڕاست سیاوەش یەڵدا چی بەسەر هات؟

- بێتام، هەڵدەستم دەڕۆم ها.

نیما- دەی چیبکەم؟ من قسەیەکم نییە تابیڵێم، تۆ خۆت شتێك بڵێ.

- دەزانیت دوێنێ شەو شیوا باسی چی بۆ دەکردم؟

نیما- نەخێر، دەیووت چی؟

((هەرچییەك شیوا بۆی باسکردم منیش بۆ نیمام گێڕایەوە، نیما دەستیکرد بەبیر کردنەوەو لەپڕێکدا وتی))

- ئەی دادو بێداد! شیوا نەیوت ئۆتۆمبێلەکە چ ڕەنگێك بووە؟

- وتی بەڵام بیرم نییە، ڕەنگە نەشی وتبێت.

نیما- نەتزانی مۆدێلی چەند بووە؟

- نەخێر، تەنها وتی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز بوو.

نیما- نەیوت ژمارەکەی چەند بووە؟

- ئەو لەکوێ ئەوشتانە دەزانێت.

((نیما بەتوندی کێشای بەڕانی خۆیداو وتی))

- ئەی دڵی غافڵ، ئەترسم ئەو هەتیوە من بوبم! ئەو تایبەتمەندیانە، تایبەتمەندیی منە. ئەوی



Scanned with CamScanner

دیکەشیان بێگومان باوکم بووە! ئاخر باوکم زۆرجار لەو کڵاوانەم لەسەر دەکات!

((هەردووکمان دەستمانکرد بەپێکەنین، لەپڕێکدا دەنگێك لەحەوشەکەوە هات، نیما وەك ئیسپرینگ لەجێگەی خۆی هەڵبەزییەوەو راکرد بەرەو دەرەوە، نیما لەحاڵێکدا کە بەرەوە دەرەوە رایدەکرد وتی))

- ئاخ ئاخ، بێگومان ئەوە ئەو ئاگر تێبەر بووەیە، دایەگەورەیە، دیارە دیسان خەریکی بەرد هاویشتنە.

((هەردوکمان ڕۆیشتینە حەوشەکەوەو دەرگای حەوشەکەمان کردەوە، سەیرەکەین دایەگەورەیە بەردێکی تری هەڵگرتووەو دەیەوێت ئەویش بهاوێژێت کە نیما وتی))

- ئیستۆپ!

دایەگەورە- ئاە ...! ئەوە هاتیت مینا گیان؟

نیما- تۆ جارێ ئەو بەردە فڕێدە.

((دایەگەورە بەردەکەی دەستی فڕێداو هاتە پێشەوەو وتی))

- مینا گیان ئەوە تۆ لەکوێیت؟ بۆچی ماوەیەکە سەرم لێنادەیت؟

نیما- لەداخی تۆ ((توشی بورانەوە بووم))

دایەگەورە- ((خەڵاتی ئەدەبیت)) وەرگرتووە؟

((من دەستمکرد بەپێکەنین و نیماش تەنها لەدایەگەورەی دەڕوانی))

دایەگەورە- باشە پیرۆزە بەدڵی خۆش، ئێستا خەڵاتەکە چییە؟

نیما- سیمورغی بلورین.

دایەگەورە- حوشتری تەنوری؟ چ خەڵاتێکە؟ بەکەڵکی چی دێت؟

نیما- بۆماوەی هەفتەیەك نیوەڕۆو ئێوارە لێی دەخۆین.

((ئیتر من خەریکبووم لەپێکەنیندا دەمردم، نیما وتی))

- توخودا دایەگەورە ئەمڕۆ سەرمەخەرە سەرم چونکە بێتاقەتم. ئەوە بەڕاست یەڵداخان لەکوێیە؟

دایەگەورە- کێ لەکوێیە؟

نیما- یەڵداخان، یەڵداخان.

دایەگەورە- ئەها. وامدەزانی یەڵدا دەڵێیت.

نیما- بەڵێ یەڵدا دەڵێم، یەڵدا، یەڵداخان.

دایەگەورە- دەی بۆچی ناوێکی ترت دەوت؟



Scanned with CamScanner

نیما- من کەی ناوێکی ترم وت؟ بەخودا هەر یەڵدام وت.
دایەگەورە- یەڵدا لەگەڵ باوکیدا ڕۆیشت کلیل وەرگرن بۆ ((کافەلرینا))
نیما- کافەلرینا کوێیە؟ لێرە شوێنی وامان نییە.
((لەشارێکی دیکەی وڵاتی فارسدایە))؟!
دایەگەورە- ((کام داستان ڕاستە))؟!
نیما- من وامدەزانی لەئێراندا ((کافتریا))مان نییە.
دایەگەورە- ئێمە لەئێراندا ((کاسە))مان نییە چییە؟ سەد کاسە تەنها لەچێشتخانەکەی ئێمەداهەیە.
((نیما ئاوڕی دایەوەو نیگایەکی منی کردو وتی))
- ئێستا وتمان ئێرە کافتریاشی تێدایە، بۆچی ئەوان ڕۆیشتون کلیلەکەی وەرگرن؟ ئەترسم باڕی تایبەتی بێت.
((نیما کەمێك بیری کردەوەو پاشان وتی))
- تێگەیشتم، بەگیانی تۆ تێگەیشتم. ئەوان ڕۆیشتون بلیت بگرن بۆ کالیفۆرنیا! گوێی دایەگەورە فریکانسەکانی بەهەڵە وەرگرتووە. دەڵێت ڕۆیشتون کلیل وەرگرن بۆ کافەلرینا.
((لەپڕدا دڵم بەجۆرێکی لێهات. ترسی ئەوەی کە یەڵدا لەئێران بڕوات کوشتمیو نەیهێشتم. نەمدەزانی دەبێت چیبکەم. ئاوڕمدایەوەو وتم))
- ئێستا چیبکەم؟
نیما- دڵە دەردبگرە، ئەوکاتەی کە دەمووت نازو نوك مەکە لەبەر ئەمە بوو، نازت بەسەر مندا دەکرد، واتدەزانی خوشکی پەنجا ساڵەی سێجار شوکردوی خۆمت پێدەدەم، وەرە سەیرکە، وەرە سەیرکە. ئێستا خەیاڵت ئاسودە بوو؟!
- بێتام، ئێستا کاتی ئەوقسانە نییە. بڵێ چیبکەم.
نیما- بەجۆرێك دەڵێت من چیبکەم، هەروەك من ڕاوێژکاری بنەماڵەی ماڵی پرهام بم. من لەکوێ بزانم.
((لەپڕدا سەرم دایە ئازار، ڕۆیشتمە قەراغی شۆستەکەوە دانیشتم، نیما وتی))
- ئێستا چیتە؟ خۆ ئەوە نەبێت هەر ئێستا بڕوات لەناو فڕۆکەدا دانیشێتو بڕوات. بێگومان بلیت دەبڕنو دێنەوە. ئەوکاتە شتێکی لێدەکەین.
دایەگەورە- ئەوە زیا گیان بۆچی لەپڕدا وای لێهات؟



Scanned with CamScanner

نیما- هیچ نییە دایەگەورە کەمێك ناساغە. ئێستا تۆ چ ئیشێکت بەمن بوو، وا خەریکبویت ((بەردت دەهاویشت بۆ ماڵمان))؟

دایەگەورە- ((چنگم داوە لەچەناگەتان))؟

نیما – بەرد، بەرد! چ ئیشێکت پێمە؟

دایەگەورە- ئەها! ڕاستییەکەی وتم باپێکەوە بڕۆین بۆ لای ئەو پزیشکەی کە باستکرد.

نیما- ئەو پزیشکە لەمگەڕەکە ڕۆیشتووە.

دایەگەورە- ئەو پزیشکە کۆمپانیای نەوتی هەیە؟

((تا نیما ویستی شتێك بەدایەگەورە بڵێت ئۆتۆمبێلەکەی یەڵدا لەسەر کۆڵانەکەوە دەرکەوت، هەستامو ڕۆیشتم لەتەنیشتی نیمادا ڕاوەستام، یەڵدا سی مەترێکی مابوو کە بەئێمە بگات، هەروەك ئەوەی کە ئێمەی بەرچاو کەوتبێت وەستا، کەمێك مەنەری گرتو پاشان وەڕێکەوتەوە بەرەو لای ئێمەو لەبەردەمی دەرگاکەیاندا ڕاوەستا، خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕیو تەنها سەیری پێشی خۆی دەکرد. کاك پرهام دابەزیو سڵاوی لێکردین، من هەر بیرم لەلای یەڵدابوو کە سەیری ئێمەی نەدەکرد، لەهەمانکاتدا خزمەتکارەکەیان هاتو دەرگای حەوشەکەی بۆ کردەوە، تایەڵدا ویستی بجوڵێت، نیما ڕایکردە بەردەمیو دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی بۆ کردەوەو وتی))

- سڵاو عەرزەدەکەم لەحزورتان یەڵداخان، تەندروستیت چۆنە؟ موشتاقی دیدار.

((یەڵدا بەئارامی وەڵامی نیمای دایەوە، بەڵام دیسان سەیری ئێمەی نەکرد. نیما وتی))

- تۆ بۆچی زەحمەت دەکێشیت؟ تۆ تەشریف بهێنە خوارەوە، بەندە ئۆتۆمبێلەکەت بۆ دەباتە ژوورە. فەرموو.

((یەڵدا بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت لەئۆتۆمبێلەکە هاتە خوارەوە. نیماش بەخێرایی ئۆتۆمبێلەکەی بردە ژوورەوەو گەڕایەوە بۆ لای ئێمە، تانیما ڕۆیشتو گەڕایەوە ئێمە هیچ کامێکمان قسەمان نەکرد، یەڵدا سەیری نەدەکردم. پێمواببێت کاك پرهام تێگەیشتبوو مەسەلەیەکی گرنگ هەیە بۆیە هیچی نەوت. ئەگەر نیما نەگەڕایایەتەوە نەمدەزانی چیبکەم. لەخودا بەزیاد بێت نیما زوو گەڕایەوەو وتی))

- پورێ خان چۆنە؟ هەموو لایەك باشن؟

کاك پرهام- سوپاستدەکەم، سوپاس نیماگیان.

دایەگەورە- سیما نە، مینا، ناوی مینا گیانە شازادە. تۆ هەر بەهەڵە پێی دەڵێیت سیما گیان.

((لەپڕدا هەموو دەستمانکرد بەپێکەنینو نیما وتی))



Scanned with CamScanner

- جەنابی پرهام بۆچی وا بەپێوە وەستاویت؟ تۆ تەشریف بەرەوە بۆ ژوورەوە پشویەك بدە. بەخودا هیلاك بوویت، تاکەی کار دەکەیت؟ تاکەی زەحمەت دەکێشیت؟ وەڵڵاهی دەبێت ماڵەوەتان قەدری تۆ بزانن.

((نیما لەم قسانەی دەکردو بازوی کاك پرهامی گرتبوو دەیبرد بەرەو ژوورەوە. کاك پرهام ئاوڕیدایەوەو ماڵئاوای لەئێمە کردو ڕۆیشت. یەڵدا خەریکبوو بەو کردەوانەی نیما پێدەکەنی، نیما هاتە تەنیشتی دایەگەورەوەو وتی))

- دەی دایەگەورەگیان، وەرە بابڕۆین شوێنکاری ئەو ((پزیشکی جوانکارییە))پەیدا بکەین.

دایەگەورە- بڕۆین شوێنکاری ((پزیشکی شێتی))پەیدا بکەین؟ مینا گیان خۆ ئێمە کەسمان شێت نین، وەرە بابڕۆین بۆلای ئەو پزیشکەی کە مرۆڤ جوان دەکات.

((ئێمە دووبارە دەستمانکردەوە بەپێکەنین، پاشان نیما هاتە تەنیشتمەوەو بەئارامی وتی))

- کاکە سیاوەش، درێژترین شەوی ساڵم سپاردوە بەدەستت. هەر چییەکت دەوێت بیڵێ، بەڵام زووتر بڵێ هەرچەند درێژترین شەوی ساڵە، بەڵام لەگەڵ چاوت لێکنا ڕۆیشتووە.

((پاشان دەستی دایەگەورەی گرتو ماڵئاوایی لەیەڵدا کردو ڕۆیشتن. ماینەوە منو یەڵدا. یەڵداش هێشتا هەر تەماشای ڕۆیشتی دایەگەورەو نیمای دەکرد، هەروەك ئەوەی کە حەزنەکات من ببینێت))

- سەرپۆشەکەت لەسەرت کەوتە خوارەوە.

((یەڵدا بەئارامی سەرپۆشەکەی دایەوە بەسەریدا بەڵام هیچی نەوت، هەتا ئاوڕیشی نەدایەوە بەلای مندا. ساتێك ڕاوەستامو پاشان وتم))

- ناتەوێت لێم بڕوانیت؟

((دیسان هەر بەو جۆرە وەستابوو هیچی نەدەوت. پاش کەمێ بەپێچەوانەی ڕۆیشتنی نیماو دایەگەورەوە وەڕێکەوت، من هەر لەوێدا وەستام. ئەویش کە چەند هەنگاوێك ڕۆیشت، وەستاو ئاوڕێکی دایەوەو بۆ چرکە ساتێك لێی روانیم. منیش یەکسەر وەڕێکەوتم بەرەو لای ئەو، کاتێك گەیشتمە تەنیشتی دووبارە وەڕێکەوتەوە. یەڵدا لەسەرخۆ دەڕۆیشتو تەماشای دارو دیوارو درەختەکانی دەکردو هیچی نەدەوت، منیش هیچم نەوت، هەر بەوچەشنە نزیکەی چارەکێك زیاتر بەڕێدا ڕۆیشتین تا یەڵدا بەئارامی وتی))

- نیما قسەی لەگەڵ کردیت؟

- قسەی کرد.



Scanned with CamScanner

یەڵدا - باشە!

- نامەوێت دەربارەی قسە بکەم، من لەبیرم کردوە، بەخشیومیت.

((یەڵدا لەپڕدا وەستاو بەسیلەی چاو سەیرێکی کردمو دووبارە وەڕێکەوتەوە. لەدوای ئەوەی کە چەند هەنگاوێك ڕۆیشت بەحاڵەتێکی توڕەییەوە وتی))

- چیت بەخشیووە؟ چیت لەبیر کردووە؟

- ئەو مەسەلەیە.

یەڵدا- کەس ناچاری نەکردبوویت. هەروەها مەسەلە بەخشینو ئەو شتانە نییە.

- کەواتە مەسەلە چییە؟ واتە دەتەوێت بڵێیت ئەو مەسەلەیە گرنگ نییەو شتێکی زۆر ئاساییو بێ نرخە؟

یەڵدا- نەخێر، نامەوێت ئەوە بڵێم، بەڵام ئەو قسەیەی تۆش زۆر داگیرکەرانەیە. بەخشیومیتو لەبیرمکردووە!!

- ئاخر ئەو مەسەلەیە بۆ من دەردێکی زۆری هەبوو، هەزمکردنی زۆر سەخت بوو.

- بۆ تۆ سەخت بوو لێرە.

- نەخێر، لەهەر جێگەیەك بێت هەر سەختە.

((یەڵدا ئاوڕیدایەوەو تەماشایەکی کردمو بزەیەکی ژەهر ئامێزی بۆ کردمو دووبارە ڕووی وەرگێڕایەوە، لەدوای ئەوەی کە کەمێك بەڕێگادا ڕۆیشتین وتم))

- من لەمەبەستی تۆ تێناگەم. ئەگەر ئەو مەسەلەیە گرنگ نییە کەواتە بۆچی خۆت بێتاقەتیت؟ بۆچی دوێنێ بەدزییەوە بەنیمات وت؟ باشە بۆ بەخۆمت نەوت؟

یەڵدا- لەبەر ئەوەی کە تۆ دەبوایە بتزانییا، لەبەر ئەوی کە لێرەین.

- واتە ئەگەر لەشوێنێکی تر بوینایە ئەو مەسەلەیە گرنگ نەبوو؟

یەڵدا- نەخێر، ئەگەر ئێرە ئەو شوێنە بوایە کە من تێیدا دەژیام گرنگ نەبوو. هەتا بیریشت لێنەدەکردەوە.

- مردوشۆر ئەو ژیانە بەرێت کە ئەوەندە شتەکان تێیدا بێ کێشەن. من نامەوێت دەربارەی ئەو مەسەلەیە قسە بکەم. شتێك بوو تەواو بوو.

((بەڕێکەوتم بەرەو لای درەختێكو پاڵم پێوەدا. زیاد لەحەد توڕە بوو بووم. دەمویست ئەو مەسەلەیە بەتەواوی فەرامۆش بکەم، بەڵام یەڵدا دەستهەڵگر نەبوو. یەڵدا لەسەر خۆ هاتە تەنیشتمەوەو وتی))



Scanned with CamScanner

- بۆچی توڕە دەبیت؟ ئەوە مەسەلەیەکە دەبێت تۆ چارەسەری بکەیت.

((ئیتر نەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم، هەر نازانم چیبوو کە بەتوندیی بەمشت کێشام بەدرەختەکەدا! دەستم ئەوندە ئازاری پێگەیشت وامدەزانی پەنجەکانم شکاون، دەستم برینداربوو، خوێنی لێدەڕۆیشت. من هەرگیز ئەهلی ئەو جۆرە کارانە نەبووم، بەڵام بەدەست خۆم نەبوو. لەوحاڵەتە ئارامەدا، بەڵام بەرقو توڕەییەوە پێموت))

- بۆچی ئازارم دەدەیت؟ بابەگیان من رۆشنبیر یان کوڕی ئەمڕۆژە نیم، حەزیشناکەم ببم. من دەمەوێت ئێرانییەك بم بەهەموو دەمارگیرییە نەتەوەییەکانیشییەوە، ئێستاش قسەیەکم نییە، هەرچییەك بووە رابوردوەو تەواو بووە. ئیدی بۆچی ئەوەندە لەسەری دەڕۆیت؟ خۆ شاکارت نەکردووە.

((یەڵدا لەسەرخۆ هاتە تەنیشتمەوەو بەناڕەحەتییەوە تەماشایەکی دەستی کردم، لەکیفەکەیدا دەستماڵێکی دەرهێنا تا دەستمی پێ بپێچێت، بەڵام من دەستم راتەکاندو ڕۆیشتمە ئەولاوە. هەر کە ئەو کارەمکرد، بۆ ساتێك تەماشای یەڵدامکرد، پاشان یەڵدا ڕۆیشتە ناوەڕاستی شەقامەکەوە وەستاو سەرپۆشەکەی لەسەری داکەند، ئەو قژە درێژەی کە بەگوڵێکی قژبەست بەستبووی کردییەوەو دەستیکرد بەڕنینی! تێدا مابووم کە خەریکە چیدەکات، حەپەسابووم. کاتێکم زانی یەڵدا دەستی برد بۆ چاکەتەکەی کە دایکەنێت، لەتاودا ئازارەکەی دەستمم لەبیرچووو رامکرد بەرەو رووی، سەرپۆشەکەم کردەوە سەری‌و پێمووت))

- ئەوە تۆ چیدەکەیت؟

((یەڵدا ئاوڕیدایەوەو تەنها نیگایەکی کردم))

- یەڵدا ئەمکارانە چییە دەیکەیت؟ وەرە بابگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە کەمێك پشوو بدە، ماندویت.

یەڵدا- ماندوم بەڵام دەبێت لەگەڵ تۆدا قسە بکەم. تۆ دەبێت بزانیت.

- من دەبێت چی بزانم؟

یەڵدا- جارێ بهێڵە بابرینەکەی دەستت ببینم.

((دەستمم پشاندا. یەڵدا تەماشایەکی کردو سەرێکی ڕاوەشاندو وتی))

- ئاخر بۆچی؟

((وەڵامم نەدایەوە، یەڵدا بەدەسماڵێك دەستمی پێچاو وتی))

- وەرە بابڕۆین لەشوێنێکدا لەسەرخۆ پێکەوە قسەبکەین، باشە؟

((سەرێکم ڕاوەشاندو وەڕێکەوتین بەرەو لای پارکەکەی بەردەمی ماڵی نیما، لەدوا چارەکە



Scanned with CamScanner

سەعاتێک گەیشتین، لەڕێگەدا هیچمان بەیەکدی نەوت، ڕۆیشتین لەسەر کورسییەک دانیشتین، پارکەکە چۆڵ بوو. جار جارێك یەك دوو کەس بەوێدا تێدەپەڕین. کەمێك بەوچەشنە تێپەڕی پاشان یەڵدا وتی))

- بۆچی نەتهێشت بەبێ سەرپۆش لەوێدا ڕاوەستم؟

- لەبەر ئەوەی کە ئێرە یاسای تایبەتی خۆی هەیە.

یەڵدا- باشە، خۆ ئەوێش یاسای تایبەتی خۆی هەیە سیاوەش.

- ئاە...! واتە لەدەستوورە وڵاتەکەیاندا نوسراوە نابێت کچان...

((یەڵدا نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم وتی))

- خۆ هەموو شتێك نانووسن. زۆرکات یاسا دەگۆڕێت بۆ ڕاهاتن‌و ڕاهاتنەکانیش دەگۆڕێن بۆ یاسا. سەیرکە سیاوەش من نامەوێت پاکانە بۆ کارەکەی خۆم بکەم یان ئەو مەسەلەیە لەکۆڵ خۆم بکەمەوە. بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەو کارەساتەی لەمن ڕوویداوە لەبەر ئەو سیستەمە بووە کە من بەشێك بووم لێی.

- کەواتە هەرکچێك لەناو ئەو سیستەمەدا بێت دەبێت بەو جۆرە بێت؟

((یەڵدا تەنها تەماشایەکی کردم. وتم))

- من قبوڵم نییە.

یەڵدا- سەیرکە سیاوەش، من‌و تۆ ئێستا خەریکە لەئێراندا دەژین کەواتە سەر بەو سیستەمەین‌و بەشێکین لێی. ئەگەر بمانەوێت لەیاساو بڕیارەکانی سەرپێچی بکەین، ورد دەبین، سزا دەدرێین، وەك ئەوکارەی کە من دەمویست بیکەم. ئەگەر من هەر لەمنداڵییەوە لەم سیستەمەدا گەورەبومایە ئێستا ئەو کارەساتە خراپەم بەسەر نەهاتبوو، هەروەها ناچاریش نەبووم شتێك بۆ تۆ کە بڕیارە پێکەوە زەماوەند بکەین ڕونبکەمەوە. ئەگەر من لێرە گەورە بوایەم دەبوو بەپاکی بمایەتەوەو بێگومان بەپاکیش دەمامەوە، چونکە ئەوە سروشتی ئەم سیستەمەیە. لێرە کچێك یان ژنێك دەبێت سەرپۆش بدات بەسەریدا، ڕەوشت بەرز بێت، چاوەڕوان بێت تاکوڕێك بێتە خوازبێنی‌و زەماوەندی لەگەڵ بکات، پاشان ببێتە خاوەنی منداڵ، منداڵ پەروەردە بکات، ئیشی ماڵەوە بکات، خواردن ئامادە بکات، کەل‌و پەل بشوات، گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بێت، بۆ نموونە: دەبێت بەبێ مۆڵەتی هاوسەرەکەی لەماڵەوە نەچێتە دەرەوە، هەروەها هەر شوێنێك هاوسەرەکەی ویستی ئەویش لەوێ بژی، هەتا زۆربەیان دەبێت لەگەڵ کەسێکدا ژیان بەسەر بەرن کە زۆر لەخۆیان گەورەترەو ماڵەوەیان بۆی هەڵبژاردووە، ئەمە سیستەمی ئێرەیە، هەر کەسێکیش بەپێچەوانەیەوە هەڵسوکەوت



Scanned with CamScanner

بکات توشی نابوت بوون دەبێت، هەرکەسێکیش هاتە ناو ئەم سیستەمەوە بخوازێتو نەخوازێت خووی ئەم سیستەمە دەگرێت هەتا ئەگەر بەڕواڵەتیش بێت. تۆ دەتوانیت لێرە کەسێك بەبێ حیجاب لەسەر شەقامەکاندا ببینیت بڕوات؟ بێگومان نەخێر. ئێستا ئەوێش کە من تێیدا ژیاومو تێیدا گەورە بووم، سیتەمی تایبەتی خۆی هەیەو سیستەمێکی زۆر بەهێزیشە. بەبێ ئەوەی کە خۆت ئاگاداربێت دەچیتە ناویەوەو دەبیتە بەشێك لێی. تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بەرامبەری ببنەوە کە ریشەیان زۆر بەهێزە، ئەوان بەرگری دەکەن بەڵام ئازار دەکێشن، چونکە سیستەم ئەوانی ناوێت. لەوێ کچێکی ئازاد، بەبێ بەربەرەکانێکردنی رەوشتیی‌و دینی، عاشقی مۆدێل‌و مۆزیك‌و ئەو جۆرە شتانەیان دەوێت، ئەگەر هەر کچێك لەوێ بەوچەشنە نەبێت دەردەکرێت، ئێستا ئەگەر بیانییەکیش بێت. من لەوێ بەتەنها بووم، بەبێ بنەماڵە، کێشەم زۆر زۆر بوو، ئەگەر دەریشبکرایەم ئەوە هەر هیچ. من لەوێ بەپۆشاکێکەوە بەسەر شەقامەکاندا دەگەڕام کە لێرە هەتا ئێستا بەبیرلێکردنەوەش لێی بێتاقەت دەبم، من لەوێ ماری جوانام دەکێشاو بەلاشمەوە گرنگ نەبوو، لەوێ من لەپۆلێکدا لەسەر یەك کورسی لەگەڵ کوڕێکدا دادەنیشتم وانەم دەخوێند، کە شتێکی بەوجۆرە لێرە قابیلی قبوڵ نییە، لەوێ ئێمە لەگەڵ کوڕاندا دەڕۆیشتین بۆ مەلەوانگەو کەنار دەریاکان لێرە شتی وا مەحاڵە، لەوێ کچو کوڕ پێکەوە دەڕۆن بۆ دیسکۆو سەما دەکەن، لێرە شتی بەوجۆرە بەبیری هیچ کەسێکدا نایەت. لەوێ سیستەم ئاوایە. من نەمتوانی بەرگری بکەم بۆیە بومە بەشێك لێی تاوەکو بتوانم لەوێ بمێنمەوە، من دەمەوێت تۆ لەوە تێبگەیت. من دەمەوێت بەپێی بارودۆخێکی لەوچەشنە بڕیار لەسەر ئەو کارەساتە بدەیت، تەنها کەسێك ناتوانێت سیستەمێك بگۆڕێت، چونکە سیستەم بریتی نییە لەتەنها کەسێك.

تۆ ڕاستت کرد، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگ بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو لەغەمی ئەوەدابووم کە تۆ بزانیت. خۆم شەرمم لێدەکردیت بۆیە بۆخۆم پێم نەوتیت.

- خۆزگە بەخۆمت وتبا.

یەڵدا- تۆ کوڕێکی پاك‌و سادەیت ئەگەر بەخۆتم بوتایە دەبوایە پێشەکییەکی زۆرم بوتایە تاوەکو تۆ تێبگەیت، بەڵام نیما تەنها ئاماژەم بۆ مەسەلەکە کرد ئەو یەکسەر لەهەمووشتێك گەیشت، دڵنیاشم کە زۆر قسەی بۆ کردویت، وایە؟

- هەم نیماو هەم کچێکی تر کە ئێستا لەکۆتایی تەمەنیایەتی!

یەڵدا- تێناگەم.

- ئێستا ناتوانم بۆت باسبکەم.

یەڵدا- سەیرکە سیاوەش من بەڕاستی خۆشمدەوێیت. خۆزگە دەیانهێشت من لێرە گەورە دەبووم، بۆ ئەوەی ئێرانییەکی تەواو بوایەم وەك ئێستا توشی دوکەرت بوون نەبوایەم، کاتێك سەیرەکەم



Scanned with CamScanner

لەپێناوی بابەتێکدا کە لەمن رویداوە تۆ ئەوەندە بێتاقەتیتو خۆت ئازار دەدەیت، حەسرەت بۆ ئەوە دەخۆم کە بۆچی منیان لەئێران دوورخستوەتەوە، کاتێك هەستدەکەم کەسێك هەیە ئەوەندەی خۆشدەوێم، لەبەر ئەوکارانەی کە ئەنجامم داوە ڕقم لەخۆم دەبێتەوە، بەڵام ناتوانم شتێك بگۆڕمو ناتوانم درۆبکەم، ئێستا تۆ حاڵی من دەزانیت، من ئەمڕۆ ڕۆیشتبووم بلیت ببڕم، هەستدەکەم لەگەر پەوێت لێرە بمێنمەوە، دەبێت زۆرشت لەسەرەتاوە فێربمو زۆر شت دروستبکەم، ئەوەش کارێکی سەختە بۆ من، واتە بەتەنها سەختە. حەزدەکەم تۆ بزانیت من بەڕاستی لەو مەسەلەیە پەشیمانم، حەزدەکەم تۆ تەواوی گوناهەکان نەخەیتە گەردەنی منەوە.

((یەڵدا لەحزەیەك بێدەنگ بوو پاشان بەدەم هەستانەوە وتی))

- بەڵام دەستت پیشانی پزشکێك بدە. ماڵئاوا سیاوەش.

- بۆ کوێ؟!

یەڵدا- من دەبێت بڕۆم، واتە ناچارم.

- خۆمن ئەو مەسەلەیەم لەبیرکردووە.

یەڵدا- نەخێر، تۆ لەبیرت نەکردووە، تۆ بەخشیت، من بەوجۆرە نامەوێت. سەیرکە سیاوەش، من ئەو کچەنیم کە دانیشم لەماڵەوەو تەنها خواردن ئامادەبکەمو کەلو پەل بشۆمو منداڵ پەروەردە بکەمو هەرچییەك مێردەکەم وتی بڵێم بەسەر چاوو شەو بۆ شەو پارەی ڕۆژانەی لێوەرگرمو ئەو شتانە. من لەو سیستەمەدا وافێرکراوم کە مافی یەکسانم هەیە لەگەڵ پیاودا. ئەگەر تاکۆتایی تەمەنم بزانم کە تۆ دەرکت بەمن نەکرووەو ئەو بابەتەت بەخشیووە، بۆ من قابیلی قبوڵ نییەو تەحەمولی ناکەم. لەگەڵ بارهێنانی مندا رێناکەوێت کە هاوسەرەکەم بەچاوی لاوازتر لەخۆی سەیرم بکات. من فێر بووم کە لەماڵدا ژن کەسی دووەم نییە، من لەوێ فێرنەبووم کە بکێشن بەسەرما، من لەوێ باوەڕ بەخۆبونیان فێرکردوم، من لەوێ فێرکراوم کە نیوەیەکی لاواز نیم. لەوێ باوەڕیان پێهێناوم کە من تەنها سێبەری پیاو نیم، من لەوێ فێرکراوم کە وەك پیاوێك یان وەك هاوسەرەکەم، لەسەرەتای ژیاندام نەك لەپەراوێزەکەیدا. من بەگەیشتنم بەفڕۆکەخانەی ئێرەو کاتێك باوکم پێیووتم سەرپۆشەکەت بدە بەسەرتا، یان ئەو دوگمەیە داخە، کاتێك کە لەماڵەوە مامەوەو کاتی خۆمم تەنها بەکتێبو گوێگرتن گۆرانییەوە بەهەدەردا، کاتێك کە بەمۆڵەتی گەورەترم لەماڵەوە ڕۆیشتمە دەرەوە، کەسێتیمم ونکرد، زانیارییە فێرکراوەکانم بۆ ماوەیەك فەرامۆش بوون، تۆ خۆت بویتە هۆی ئەوەی کە ئەو لەتە ونبووەی خۆم پەیدا بکەمو ئێستا پەیدام کردوە. بۆیە ئیدی ناتوانم بێزمانو چاوو گوێ بەستراوو غەدر لێکراوێکی ئێرانی بم. من لەو سیستەمەدا وافێرکراوم کە هەرکاتێك زۆرم لێکرا نارەزایی دەربڕمو هەمیشەش کۆمەڵێك هەبوون کە پارێزگارییان لێدەکردمو یاساش هەبوو پێش لەزۆرداران بگرێت،



Scanned with CamScanner

زانیاره بەدەستهاتووەکانم پێمدەڵێن ئەو مافانەی کە پیاوێك هەیەتی منیش هەمەو دەبێت سوودیان لێوەرگرم، من فێربووم بیربکەمەوە، داخوازیم هەبێت، مەنتقی بمو بڕیار بدەم. من لێرە روانگەیەك بۆ بەخشینو فەرامۆشی نابینم. ئەگەر خەریکم رونکردنەوەشت بۆ دەدەم، تەنها لەبەر ئەوەیە کە خۆشمدەوێیتو دڵم دەیەوێت لەگەڵت ڕاستگۆ بێت. ئێستا ئەو خۆشویستنە نابێت خاڵی لاوازی بۆ من دروستبکات. ئەگەر تۆ لاوازی فیزیای لەجەستەی کچێکدا ئەوەندە بەکێشە دەزانیت، منیش لەبەرامبەردا دەتوانم دەرك بەلاوازی تۆ بکەم لەو مەسەلەدایەداو حسابی لاوازییەکی مەعنەوی بۆ بکەم.

سیاوەش من دەرکت پێدەکەم. نامۆییت، دەمارگیریت، جەربەزەیت. دەرك بەهەمووی دەکەمو ڕێزیش لەهەمووی دەگرم، بەڵام چاوەڕوانم تۆش ڕێز لەروئیاو بیرکردنەوەکانی من بگریت، من تەنها جەستەیەك نیم، من تەنها کەرەستەیەك نیم کە کۆنە یان دەستی دووەم بم، ئەگەر ژنێك وای لێبێت کە کۆن بێت یان ببێتە دەستی دووەم، بێگومان پیاویش هیچ جیاوازییەکی نییە، منیش دەتوانم دەربارەی رابردوت پرسیار بکەمو ئەگەر زەمانێك هەڵەیەك خەتایەکت کردبێت، حسابی دەستی دووەمت بۆ بکەمو لەکۆتایشدا بتبەخشمو یان لەبیری بکەم. لەوێ لەوسیستەمەدا، کوڕو کچێك ئەگەر یەکدییان خۆشبوێت، ناچنە ناو رابردووی یەکدییەوە تا بیانەوێت یەکتر ببەخشن یان نە. خۆشویستن تەنها ئەوە نییە.

من بەڕاستی ئەو مەسەلەیەی کە لێرە بۆ پیاوێکی ئێرانی بایەخدارە پێمووتیت. دەمتوانی نەشێلێمو زۆر ڕێگەش هەبوو کە تۆ پێی نەزانیت. بەڵام من لەوسیستەمەدا فێربوم کە بەدرۆ دەست بەژیان نەکەم، فێربووم ئەگەر کەسێکم خۆشبوێتو کاتێك بەکەسێکم وت خۆشمدەوێیتو بەشەریکی ژیانم هەڵبژارد بەرامبەری بەوەفا بم، من لەبەرئەوەی کەسێکی ئازاد بووم، کاتێ بەهەر کوڕێك دەگەم دەستو پێم ون ناکەمو عاشقی نابم. بەلای منەوە زۆرشت لەیەك پیاودا پێودانگە دەکرێت، بەڵام کاتێك پیاوێکم خۆشویستو پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو هەمیشە بەوەفا دەبم بەرامبەری. هەرکاتێك لەو شتانە تێگەیشتیت کە پێمووتیت ئیدی قسە لەسەر بەخشینو ئەو شتانە ناکەیتو رۆحی کچێك لەبارودخێکی وەك ئێستای مندا ئازار نادەیت.

من کاتێك بەتۆ ئاشنابووم هەستمکرد خۆشمدەوێیت، حەزمدەکرد ئێرانی بم، بەڵام لەدوایدا تێگەیشتم کە ناتوانم، بەلانی کەمەوە لەو سیستەمەدا ناچار نابم داوای بەخشین بکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە.

((یەڵدا ئەمەی وتو بەڕێکەوتو ڕۆیشت. منیش بەخێرایی رامکرد بەدوایداو دەستیمگرت. کاتێك ئاوڕیدایەوە سەیرەکەم خەریکە دەگریە. پێی پێکەنیم، ئەویش بەمن پێکەنی))



Scanned with CamScanner

# بـــــەشی نۆیەم

((کاتژمێرێك پێکەوە لەگەڵ یەڵدادا پیاسەمانکردو پاشان گەیاندمەماڵەوە، خۆیشم ڕۆیشتم بۆ ماڵی نیما. لەگەڵ گەیشتم نیما وتی))

- ئاخر لادێی، بۆچی مۆبایلەکەت کوژاندوەتەوە؟ تا ئێستا سیما سێجار تەلەفۆنی بۆ ئێرە کردووە. دڵی لەبێتاقەتیدا خەریکبوو دەتەقی، خێرا راکە تەلەفۆنێکی بۆ بکە.

- پێتووت بۆ کوێ ڕۆیشتووم؟

نیما- وتم دەستیکردوە بەجوکە جوكو ڕۆیشتووە بۆلای یەڵداخان لێی بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی لەهەڵەکانی ببورێت.

- برۆ بێتام، وتت بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

- هیچم نەوت خۆت درۆیەك بدۆزەرەوە.

((تەلەفۆنم بۆ سیماکردو قسەم لەگەڵ کرد، کاتێك تەلەفۆنەکەم داخست نیما پرسی))

- شێر بویت یان ڕێوی؟

- ئەو وشە بێتامانە چییە بەکاری دەهێنیت؟ مەگەر ئێرە جەنگەڵە؟ وەك یەڵدا وتی هەر ئێمەین کە سیستەمێك دروستدەکەین، ئێستا سەیرکە بەو بیرۆکەو دەسەڵاتە چ سیستەمێك دروستدەکرێت. هەمیشە پیاوسالاری، هەمیشە توانا خوازیی.

((نیما چاوەکانی سور هەڵگەڕابوو تەنها سەیری دەکردم. وتم))

- واز لەو قسە بێتامانەی چاخی بەردین بێنە.

نیما- ئافەرم. کەی ئەمانە فێربوویت؟

- هەر لەسەرەتاوە دەمزانی.



Scanned with CamScanner

نیما- ئافەرین، ئافەرین، ئێستا یەڵدا چی پێوتیت؟

- ئەویش هەمان بیرو بۆچوونی منی هەبوو.

نیما- چاچی گیانە؟ دەستت خۆش، کچی خوێندەوار هەر ئەمەیە.

- دەیووت تەنها کەسێك ناتوانێت سیستەمێك بگۆڕێت. دەیووت دەبێت هەموو پێکەوە بەوکارە هەستین.

نیما- چ بیرۆکەیەکی سەیرە!

- یەڵدا دەیووت ئێمە هەموومان سیستەمێکین‌و لەو قسانە، تەنها دەربارەی سیستەم قسەمانکرد.

نیما- ئافەرین، دەستخۆش. بزانم، چونە ناو سیستەمەکەوە یان نا؟

- لاچۆ بێتام، خواردن چیتان هەیە؟

نیما- بۆچی مەگەر ئێرە میوانخانەی پیاوە بەرزەکانە کە هەرکاتێك بێیت خواردنمان ئامادەبێت؟!

- کەواتە هەستە بابڕۆین لەشوێنێکدا شتێك بخۆین.

نیما- جارێ بڵێ بزانم مەسەلەکە چی بەسەرهات؟

- ڕاستە کە سەرەتا من بێتاقەت بووم، بەڵام بەبۆچوونی من قسەکانی یەڵدا زۆر مەنتقی بوو. واتە گوناه لەوەوە نییە، مەملەکەتێکی بێخاوەن هەروایە، تاوانی من بوو کە لەتاو توڕەبوون‌و بێتاقەتی نەمتوانی یەکسەر بڕیار بدەم، واتە تاوانی منیش نەبوو، نە تاوانی ئەو بوو نە تاوانی من بوو.

نیما- کەواتە بێگومان تاوانی من بووە؟!

- یاخوا مردوشۆر بتبەن ڕۆڵە بۆ ئەو هەواڵ گەیاندنەت! شەوی ڕابردو بیرم چوو پێتبڵێم، ئەوە چ چەشنە ڕونکردنەوەیەك بوو شێتە؟

نیما- بۆچی مەگەر چۆن وتم؟

- هەر ئەوەی کە وتت یەڵدا کێشەی لەباوانییەکەیدا هەیە.

نیما- دەی خۆ دەبوایە هێواش هێواش پێت بڵێم.

- دەمەوێت سەدساڵی ڕەبەق بەوچەشنە حاڵیم نەکەیت. هەستە بابڕۆین شتێك بکەین بەدڵە دەردمان.

نیما- لەخوا بەزیادبێت پێموایە هاتویتەتەوە سەرخۆت، ئەگەر ئەو کۆمەڵە مەسەلانە گەورە نەکرێن هەموو شتەکان خۆیان چاك دەبن، هەمیشە کۆمەڵێك خەڵکی لەهەموو شوێنێکدا هەن کە هەر مەسەلەیەك ئەوەندە گەورەو ئاڵۆز دەکەن تاخەڵکی بۆ چارەسەرکردنیان بچێت بۆ لای خۆیان‌و ئەوانیش تەنها خۆیان دەتوانن ئەوکێشەیە ئەوەندەی تر تێکبدەن بەسەر یەکدا، ئەگەر



Scanned with CamScanner

هەر لەسەرەتاوە هەقیان نەبێت، خەڵکی خۆیان زۆر بەسانایی چارەسەری دەکەنو دەگەنە ئامانج.

- هەستە بابڕۆین.

نیما- من قسە بۆ تۆ دەکەم.

- هەستە بابڕۆین، برسیمە بێخودی دروشم مەدە!

((دوو بەدوو وەڕێکەوتینو هاتینە خوارەوە، نیما بەزینەت خانی وت دەڕۆینە دەرەوە نان دەخۆین، زینەت خان وتی خواردن ئامادەیە، من وتم نەخێر. حەزدەکەم بڕۆینە دەرەوە لەگەڵ نیمادا بەتەنها بمو کەمێك قسە بکەین، کاتێ ڕۆیشتینە دەرەوەو دەرگاکەمان کردەوە، سەیرەکەین دایەگەورە خەریکە بەرەو ماڵی نیما دێت))

نیما- دەك خوا بڵێم بەچت کات ژن، بۆ وامان لێدەکەیت.

- بۆچی چیبووە؟

نیما- دنیایەك حەریفی زمانی من نەبوو منش حەریفی گوێچکەی ئەو ژنە، خوایەگیان تو گەورەی خۆت گوێچکەیەکی من لێبکەرەوەو بیدە بەو ژنە باشتر لەدەستی رزگاربم. خودایە ئەگەر شفای ئەوژنە بدەیت من بەڵێنت پێدەدەم کە هەموو ساڵێك دوو مەڕ بکەمە قوربانیو گۆشتەکەی بدەم بەفەقیرو هەژار.

((نیما بەجۆرێك دەپاڕایەوە کە پێکەنینم دەهات))

- بۆچی چیبووە؟

نیما- بەگیانی تۆ لەم گەڕەکەدا ئابڕوی بۆ نەهێشتووم. ئەو دوو کاتژمێرەی کە ئێوە لێرە نەبوون من زەنگی دەرگای ماڵ بەماڵی ئەم گەڕەکەم بەدوای ئەو پزیشکەدا لێداوە.

- باشە تۆ بۆچی ئەو درۆیەت بۆ کرد؟

نیما- ئاخر ئەو کوێربووە ئەگەر من ئەو فێڵەم لێنەکردایە نەیدەهێشت ئێوە پێکەوە دڵداری بکەنو کەیفی خۆتان بکەن. هەموو ئەم موسیبەتانەم بەگیان کڕی تا جەنابت بتوانیت لەگەڵ یەڵدا خاندا بچیتە ناو سیستەمەوە. ئەوکاتەی کە ئێوە دانیشتبوونو باسی سیستەماتیکتان دەکرد منی داماو لەمبەرەوە سیستەم دانم دەرهات تا دوو وشەم لەدایەگەروە گەیاند. ئێستا وەرە بابڕۆینە ژوورەوە چونکە یەکسەر دێتە گیانم.

((هەردووکمان لەبەر دەرگاکەوە بەهێواشی گەڕاینە ژوورەوەو دەگاکەمان پێوەدا، نیما لەدرزی دەرگاکەوە تەماشی دایەگەورەی دەکردو وتی))

- بەگیانی تۆ ماوەیەکە کچانی گەڕەك کاتێ دەمبینن حسابی سەگێکم بۆ ناکەن!



Scanned with CamScanner

- بۆچی؟

نیما- پێیانوایە پیرێژنێکی دەوڵەمەندم پەیدا کردووەو دەمەوێت زەماوەندی لەگەڵ بکەم. ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە گەلحۆی؟

- باشە وەرە بابڕۆینە ژوورەوە، دەرگاکە دابخەو وەرە بابڕۆین.

نیما- ئاخر دەردی من یەك دوو دانە نییە. خوا زەلیلت کات سیاوەش،

وا بێچارەت کردم!

((نیما لەپڕدا رایکردە دەرەوەو بەدەم راکردنەوە وتی))

- ئاخ...! لەکیفە کەیدا بەردی دەرهێنا.

((منیش بەدوایدا ڕۆیشتمە دەرەوە، سەیرەکەم نیما ڕاستدەکات، دایەگەورە بەردێکی بەدەستەوەیە، دایەگەورە کاتێ نیمای چاوپێکەوت دەستیکرد بەپێکەنینو بەردەکەی خستەوە ناو کیفەکەیو وتی))

- ئاە...! ئەوە مینا گیان خۆت هاتیت؟

نیما- ئاخر دایەگەورە بۆچی ((بەرد دەخەیتە ناو کیفەکەتەوە))؟

دایەگەورە- ((بۆچی زەنگ دەخەمە ناو لیفکەکەمەوە؟ من زەنگم لەکوێ بوو؟ لیفکەم لەکوێ بوو؟))

نیما- بەخودا دەتدەم بەدەست ((مەمورەوە))

دایەگەورە- بۆچی دەمدەیت بەدەست ((مەحموودەوە؟)) وەرە خۆمان پێکەوە دەڕۆین!

((نیما هەر لەوێدا لەسەر شۆستەکە دانیشتو سەری خستە نێو دەستییەوە. من خەریکبووم لەپێکەنیندا دەمردم. دایەگەورە کاتێ نیمای بەو جۆرە بینی، بەخێرایی هات بۆلای ئێمە، دایەگەورە لەحاڵێکدا کە ترسابوو لەبەردەمی نیمادا دانیشتو وتی))

- خودا مکات بەقوربانت مینا گیان، ئەوە لەپڕدا چیت لێهات؟ سەرت ئازاری هەیە؟ وەرە بەقوربانت بم بابڕۆین بۆ ماڵی ئێمە کەمێك راکشێ یەکسەر چاك دەبیت. وەرە بابتبەم بۆ نەخۆشخانە، ڕاوەستە ئێستا بەشۆفێرەکەمان دەڵێم بێت، کوڕەباشەکەم مەگەر من مردووم کە تۆ نەخۆش کەویت؟

((ئەمانەی وتو لەجێگەی هەستا، نیماش سەری بەرز کردەوەو نیگای دایەگەورەی کرد، لەچاوەکانی نیمادا عەشقو میهربانیم بەدیدەکرد. بزەیەکی کردو هەستا))

نیما- دایەگەورە پێویست ناکات شۆفێرەکەتان بانگ کەیت.



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- باشتر بوویت؟

((نیما سەرێکی لەقاندو دایەگەورە وتی))

- نیوە گیانبووم ڕۆڵە! وتم ئەگەر زمانم لاڵ زمانم لاڵ تۆ بەڵایەکت بەسەر بێت من قوڕی کوێ بکەم بەسەرما؟ ئیتر کێ گوێ بۆ قسەکانم دەگرێت؟ لەناو خزمو کەسوکاردا هیچیان حسابی مرۆڤم بۆ ناکەن، تەنها تۆیت کە قسەم لەگەڵ دەکەیت! بەخودا زۆر ترسام!

((پاشان دایەگەور لەپڕدا دەستیکرد بەگریان! منو نیما یەکی دەستێکیمان گرتو بردمان لەقەراخی شۆستەکەدا دامان نیشاندو وتی))

- مینا گیان ئەگەر دەزانیت چەندە تەنهام؟ ئەگەر دەزانیت چەند بێکەسم؟ ئەگەر ڕۆژێك تاتێواره لەگۆشەیەکی ئەو ماڵەدا دانیشم یەکێك پەیدا نابێت بڵێت ئەوە تۆ زیندویت یان مردووا ئەوکاتەی کە لەفەرەنگیش بووین هەر حسابی مرۆڤیان بۆ من نەدەکرد. ئەم ماوەیەی کە تۆ بویتە هاوزمانم وادزانم کە خودا هەموو دونیای پێداوم، بەفێڵ دێمو دەڵێم بابڕۆین بۆلای پزیشك، لەبەر ئەوە دێم کە لەگەڵ تۆدا قسە بکەم. زۆر ترسام، بەڕاست حاڵت باشتر بوو؟

((دایەگەورە فرمێسك بەڕێژنە بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە. ویستم لەگیرفانمدا دەسڕێك دەربێنم فرمێسکەکانی بۆ بسڕم کە چاوم بەنیما کەوت، سەیرەکەم ئەو کوڕە زلە کە مرۆڤ بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو مانای غەمو خەفەت بزانێت، خەریکە وەك منداڵ دەگری! لەپڕدا خۆشم گەروم توند بوو. دەسڕەکەم دا بەنیماو ئەویش فرمێسکەکانی دایەگەورەی سڕی))

*

((نیما ڕۆیشت ئۆتۆمبێلەکەی هێناو دایەگەورەی سەرخست، خەریکبووین وەڕێدەکەوتین تەماشادەکەم یەڵدا رادەکاتو سەرپۆشەکەی گرتووە بەدەستییەوەو رایدەوەشێنێت، لەئۆتۆمبێلەکە دابەزیم. لەگەڵ یەڵدا گەیشتەمن وتی))

- بۆکوێ؟

((دەستمکرد بەپێکەنینو وتم))

- دەمانەوێت بڕۆین لەدەرەوە نان بخۆین.

یەڵدا- منیش دێم.

- بابەگان سەرپۆشەکەت بکەرەوە سەرت کۆڵانە.

((یەڵدا سەرپۆشەکەی دا بەسەریداو ڕۆیشت لەدواوە لەلای دایەگەورەدا دانیشت. منیش سوار بوومو بەنیمام وت))



Scanned with CamScanner

- ساتێك ڕاوەستە.

نیما- جێگەی کەس نابێتەوە، لەخۆتەوە بەڵێن بەکەس مەدە!

- کەواتە بابڕۆین.

نیما- ئیشت چیبوو؟

- هیچ، دەمویست تەلەفۆن بۆ سیما بکەم، وتم ئەگەر نانی نەخواردبێت پێیدەڵێم لەگەڵماندا بێتە دەرەوە.

نیما- مارومورو گۆشتی لاشەت بخوات کوڕ! لەدوای هەزار ساڵ ویستت هەنگاوێکم بۆ هەڵبنێیت، ئەویش لەگەڵ وشەیەکم وت، پەشیمان بویتەوە. تەلەفۆنی بۆ بکە، یەڵلا دەی خێرا، بڵێ ئەگەر نانیشی خواردبو قەیدی نییە بابێت بڕۆین.

((تەلەفۆنم بۆ سیما کرد، بەڕێکەوت هێشتا نانی نەخواردبوو، پێمووت خۆی ئامادەبکاتو نیماش وەڕێکەوت بەرەو ماڵی ئێمە. لەدوای چارەکە سەعاتێك گەیشتینو سیما سوار بوو، سڵاوی لەهەمووومان کردو وەڕێکەوتین))

سیما- بەتایبەت نانم نەخوارد وامدەزانی تۆو نیما دێنەوە بۆ ماڵەوە.

نیما- ئاە...! توخودا سەیرکە چەند دڵمان لەئاستی یەك پاکە. بەخودا دڵم پێیووتم تۆ چاوەڕوانیت، هەر لەبەرئەوەش بوو کە وتم سیاوەش تەلەفۆنێك بۆ سیما بکە.

((ئاوڕمدایەوەو لەژێر چاوەوە سەیرێکم کردو نیما وتی))

- هەتیو فێر نەکراویت بەو چەشنە سەیری روخساری لەخۆت گەورەتر نەکەیت؟ سەیری بەردەمت بکە!

((پاشان نیما بەسیمای وت))

- سیماخان دواینجار کە قسەم لەگەڵ تۆ کرد باوەڕم پێبکە لەپەسا خەریکی زەکات دەرکردنم. نە دەڕۆم بۆ گەڕان، نە دەڕۆم بۆ سەیران، هیچ هیچ! هاودەمی شەوو رۆژم بوەتە ئەم دایەگەورەیە.

((سیما تەنها سەیرێکی نیمای کرد، نیما وتی))

- سیاوەش تۆ بڵێ ڕاستدەکەم یان نا؟

- ڕاستدەکات، واتە ئەم ماوەیە بواری نەبووە بڕوات بەلای کارەکانییەوە!

نیما- دیسان دەستکردەوە بەشۆخی بێتام کردن؟ پێویست ناکات تۆ شایەتیم بۆ بدەیت. یەڵداخان تۆ بڵێ خۆماڵمان لەماڵتانەوە دیارە.

یەڵدا- نەخێر، من ماوەیەکە نەمبینیوە بۆ شوێنێك بڕوات.



Scanned with CamScanner

- یەڵدا لەکەیەوە؟

یەڵدا- پێموایە لەدوێنێ شەوەوە.

- بەڕاستی بەدبەختم. کەسێك پەیدا نابێت شایەتیم بۆ بدات.

- کەواتە دۆسییەکەت ڕەشی قەترانییە.

نیما- دایەگەورە، دایەگەورەگیان؟

دایەگەورە- لەگەڵ منت بوو مینا گیان؟

نیما- بەڵێ، لەگەڵ تۆمە.

دایەگەورە- کوڕم دەڵێیت چی؟

نیما- دەڵێم هەر هیچ نەبێت تۆ ((پارێزگار))یم لێبکە.

دایەگەورە- من ((خوێنت بۆ بکرم))؟

نیما- تا دایەگەورە شایەتیم بۆ دەدات سێجار لەسێدارە دراوم.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنینو سەرخستنە سەر نیما. لەدوای سێچارەکێك گەشتینە ئەو ڕێستۆرانتەی کە بۆ یەکەمجار شیوامان تێدا بینیبوو. ئۆتۆمبێلەکەمان ڕاگرتو ڕۆیشتین لەدەوری مێزێك دانیشتین. نیما هەروەك پیشەی هەمیشەی خۆی دەستیکرد بەچاو گێران بەناو خەڵکەکەدا، لەپڕێکدا ڕەنگی تێکچوو ئاوڕیدایەوەو وتی))

- دەڵێم ئێرە زۆر قەرەباڵغە، بۆ نەڕۆین بۆ شوێنێکی تر؟

یەڵدا- نەخێر، ئێرە زۆر خۆشە.

سیما- بەڵێ، خواردنەکانیشی زۆر خۆشە.

نیما- نە بەخودا. ماوەیەك پێشی ئێستا دەیانووت دەستو پێی کەریان تیادا دۆزیوەتەوە، وابزانم هەر گۆشتی کەری دەرخواردی خەڵکی دەدا. مانگێك پێیان داخست!

- ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟ ئێمە چەند ڕۆژ پێش ئێستا...

((سەیرەکەم نیما بەئاماژەی شوێنێکم پیشاندەدات ئاوڕمدایەوەو بینیم شیواو پەروانە لەدەوری مێزێك دانیشتوون. ویستم شتێك بڵێم کە نیما بەتوندیی قاچێکی نا بەقاچمداو منیش لەتاو ئازاری قاچم، بەدەنگی بەرز وتم ئاخ! هەموو ئاوڕیاندایەوە بەلای مندا، باش بوو نیما خێرا وتی))

- ئاخ بەدڵم، ئاخ بەدڵم، ئاخ بەدڵم، چەقۆیەکی کول بەدڵم! ئاخ بەدڵم، ئاخ بەدڵم! بەه بەه! چ گۆرانییەکی خۆشە. شیعرێکی ناسکە، سیاوەش چۆن بوو وا لەپڕدا ئەو گۆرانییەت وەبیردا هات؟

((بەتوڕەییەوە سەیرێکم کردو وتم))



Scanned with CamScanner

- هیچ، هەر لەخۆوە وتم.

نیما- بێگومان تۆش شوێنێکت ئازاری هاتووە وەك من، منیش ئێستا هەستدەکەم زۆر شوێنم ئازاری تێدایە، بابەگیان باهەستین برۆین، ئێرە خواردنەکانی پڕە لەقالۆنچە.

((سیما سەیرێکی نیمای کردو وتی))

- نیما لەفەندی ئەترسم ئاشنایەك ڕۆشنایەکت لێرەبێت وا دەترسیت؟

نیما- من؟ من؟! من ئەمە بۆیەکەمجار یان دووەم جارمە بێمە ئێرەوە.

((هەر لەگەڵ نیما ئەمەی وت، لەکاتێکا گارسۆنەکە بەتەنیشت مێزەکەی ئێمەدا تێدەپەڕی وتی))

- نیماگیان چۆنی؟

نیما- خۆشنەبیت! هەتیو هەر لەگەڵ دەزانیت دوو کچمان لەگەڵە بەسەلامکردن وەگیرمان دەهێنیت لاکوت.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- بەگیانی باوکم سیماخان ئەو هەتیوە خوێڕییە هەر لەخۆوە مەرحەبایم دەکات. بەکێ سوێند بخۆم کە تۆ باوەڕبکەیت؟

((نیما لەگەڵ ئەمەی وت سفرە چییەکە هات‌و سڵاوی لەهەموانکردو بەنیمای وت))

- کاك نیما ئەومێزەی کە هەمیشە لێی دادەنیشیت کەسی لێ نییە، تەشریف دەبەن بۆ ئەوێ؟

((من دەستمکرد بەپێکەنین‌و نیما وتی))

- بابەگیان من بەهەموو تەمەنم یەکجار هاتووم بۆ ئێرە، لەبەر ئەوەی کە هیچ کەسێکم لەچواردەور نەبێت ڕۆیشتووم بەتەنیا دانیشتووم، بەڕاستی تۆش زاکیرەیەکی سەیرت هەیە ها!

((سفرەچییە داماوەکە تێگەیشت‌و وتی))

- هەڵبەت، جەنابت ڕاست دەفەرمویت، منیش مەبەستم هەر ئەو یەك جارەیە.

((سفرە چییەکە ئەوەی وت‌و دەستیکرد بەپێکەنین))

نیما- بۆچی پێدەکەنیت؟

((سفرچییەکە خۆی کۆکردەوەو وتی))

- هیچ هیچ! تۆ ئەوڕۆژە ئەوەندە گۆشەگیر بویت لەیادی مندا ماویتەتەوە!

((سفرچییەکە ئەمەی وت‌و ڕۆیشت))

نیما- سیماخان ئاگات لێیە ڕاستمکرد.



Scanned with CamScanner

((هەر کە نیما ئەمەی وت، شیوا لەوبەرەوە دەستێکی بۆ ڕاوەشاندم‌و منیش دەستێکم بۆ بەرز کردەوە. سیما بەسەرسوڕماوی لێم ڕاما، بەئارامی‌و بەچپە تێمگەیاند کە ئەوە شیوایە))

((نیما بەحاڵەتی گریانەوە وتی))

- سیماخان گیان، ئەم یەکەیان سەر بەدۆسیەکەی من نییە. ئەمەیان بەستراوە بەدۆسییەی پزیشکی سیاوەشەوە!

یەڵدا- ئەوە کێیە؟

نیما- دەستگیرانی پێشوی سیاوەشە!

((سیما دەستیکرد بەپێکەنین))

نیما- هەڵبەت ئەو بەڵایە بەپشك بۆ سیاوەش دەرچوو.

((زۆر بەهێواشی یەڵداشم تێگەیاند، بەلایەوە زۆر سەیر بوو، پێمووت تۆخۆت بێتاقەت مەکە، لەهەمانکاتدا سفرە چییەکە هات تابزانێت چیدەخۆین، کاتێ سەرەی نیما هات وتی))

- کاك نیما تۆ وەك هەمیشە خواردنەکەی خۆت دەخۆیت؟

نیما- تۆ ناتوانیت وەختێ دێییتە ئێرە قسەنەکەیت؟

سفرەچییەکە- ئاخر من هێشتا لەبیرمە تۆ جاری پێشو چیت خوارد.

نیما- تۆ بۆ ناڕۆیت لەئۆڵۆمپیادی فیزیاو کیمیادا بەشداریی بکەیت؟ بەوبیرو هۆشەوەی کە تۆ هەتە. بەلانی کەمەوە دووەم‌و سێیەم دەبیت!

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. سفرەچییەکە ڕۆیشت‌و لەدوای کەمێك یەڵدا بەمنی وت))

- سیاوەش، بەڕاستی مەسەلەیەکی سەرسوڕهێنەرە بەلامەوە. ناکرێت بانگهێشتیان بکەین بۆلای خۆمان؟

نیما- بابەگیان ئەو دووانە نەخۆشن. باش نییە بانگیان بکەین بۆ ئێرە.

سیما- شێوازی تەنینەوەو توشبوون بەو نەخۆشییە شتێکی ترە. بەوشێوەیە نەبێت کەس توش نابێت.

نیما- ئاخر سیماخان گیان. ئەو دوابڕاوە خۆ هەڵامەتێکی سادە نییە. بابەگیان ترسناکە.

یەڵدا- سیما گیان ڕاستدەکات، ئەو پزشکەو پسپۆڕە، بەوجۆرە پەیوەندیانە کەس توش نابێت.

نیما- هەڵەیەکی زۆر گەورەمکرد کە ئێوەم هێنا بۆ ئێرە.

سیما- هەستە نیما بانگیان بکە بۆ ئێرە.

نیما- بۆچی من بڕۆم بانگیان بکەم؟ ئەوانە هاوڕێی ئەمەن، هەستە سیاوەش بڕۆ.



Scanned with CamScanner

- تۆ بڕۆ خۆت بێتام مەکە.

نیما- بەگیانی هەمووومان بەڵایەکمان بەسەر دێت ها! ئەو دوابڕاوە گاڵتەی لەگەڵ ناکرێت.

- هەستە بڕۆ مەترسە، هیچ نابێت.

((نیما لەکاتێکدا کە خەریکبوو پیشی دەخواردەوە، بەدەم هەستانەوەوە وتی))

- سیاوەش خوا بتباتەوە بۆ خۆتو ئەو دۆستە ترسناکانەت! خەڵك بۆ ئەوە دۆست دەگرێت لەبەر ئەوەی شانازی پێوە بکات، تۆش دۆستت گرتووە. هەر لەگەڵ ماچت کرد یەکسەر بۆ ناو گۆڕ.

((هەرکە نیما هەستا دایەگەورە وتی))

- مینا گیان من ئاوی گۆشتی بزنو دۆ دەخۆم.

نیما- چی دەخۆیت؟ بۆچی مەگەر ئێرە قاوە خانەیە؟

دایەگەورە- ناکوڕم، ئەگەر قاوە بخۆم شەوخەوم لێناکەوێت. هەر دۆکە باشە.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین، نیما ڕۆشت بۆلای مێزەکەی شیواو ئەوان، لەدوای کەمێك هەرسێکیان گەڕانەوە بۆ لای ئێمە. ئێمەش هەمووومان هەستاینو سڵاومان لێکردن. شیوا وتی))

- سیاوەش، هەر بەلێك چونتاندا زانیم لەگەڵ ئەم خانمەدا خوشکن، وایە؟

- بەڵێ وایە سیما خوشکمە.

شیوا- بێگومان ئەو خانمەی دیکەش دەسگیرانتە.

- بەڵێ ئەویش وایە.

نیما- چونکە لەم نێوەندەدا تەنها دایەگەورە دەمێنێتەوە، واتە ئەویش دەسگیرانی منە. چ چانسێکم هەیە، ئەمڕۆ ویستم لەبەرچاوی سیما خاندا خۆم بەپاك پیشانبدەم، لەدارو دیوارەوە ئاشنام لێ پەیدا بوو، هەروەك هەرچی دۆستو ناسراوی منە ئەمڕۆ هاتبن بۆ ئەم ڕێستۆرانتە کاول بووە. کاتێ قورعەشم بۆ دەکەن، دوکچی جوان بەر سیاوەش دەکەوێت، دایەگەورەش بەرمن دەکەوێت.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. شیوا وتی))

- پێموانییە تۆ ش تەنیا بیت. کوڕێکی جوانو بەژنو باڵا ڕێك ناکرێت کچان لەدەورو بەری نەبن.

نیما- ئێستا تۆش دۆسیەیەکی ترمان بۆ دروستبکە.

- شیوا لێرە چیدەکەیت؟

شیوا- لەماڵەوە بێاقەت بووم، هەستاین هاتین بۆ ئێرە تا نانێك بخۆینو بگەڕێینەوە.



Scanned with CamScanner

((پاشان شیوا بەمنی وت))

- من لەسەر بەڵێنی خۆم ماوم.

- دەزانم.

((پاشان بەحەسرەتەوە سەیرێکی هەموومانی کردو بزەیەکی کرد. پەروانە هەر لەخۆوە وتی))

- بەڕاست کاك نیما تۆ بۆچی بەتەنهایت؟

نیما- تەرکی دنیام کردووە.

شیوا- وا پێشبینی دەکەم کە سیماخان دەسگیرانی تۆ بێت.

((منو سیما دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- جارێ هەر بەگاڵتەوە دەسگیرانیم، ئیدی کەی دەبم بەئەسڵی خودا دەزانێ.

شیوا- نیماخان خەیاڵت ئاسوودە بێت.

((شیوا ئەمەی وتو چاوی بڕیە چاوی سیماو وتی))

- من ئەزموونێکی زۆرم هەیە. زۆر بەئاسانی دەتوانم عەشق لەچاوەکانی سیمادا بخوێنمەوە.

نیما- خودا لەخامی کەمت نەکات کچەکە، ئێستا تۆ ئەوەندە بەئەزمونیت ناتوانیت کارێك بکەیت کە لەچاویەوە بێتە سەر زمانی؟

شیوا- ئەویش لەکاتی خۆیدا دێت.

((پاشان شیوا رویکردە یەڵداو وتی))

- تۆ زۆر کچێکی جوانو رێكو پێکیت، بۆیە پێتدەڵێم قەدری سیاوەش بزانە. زۆر مەردە.

((زۆر سوپاسم کردو لەجێگەی خۆی هەستاو وتی))

- باشە، ئیدی دەبێت ئێمە بڕۆین.

- بۆچی نان ناخۆن؟

شیوا- ئێمە نامان خواردووە. کاتژمێرێك پێش ئێوە هاتین، ئێوە نانی خۆتان بخۆن، لەئاشتنایتان خۆشحاڵ بووم سیماخان.

((پاشان ماڵئاوایی لەیەڵداو دایەگەورە کرد. ئەوکاتەی کە شیوا دەیویست بڕوات دایەگەورە وتی))

- دایکەکەم بۆکوێ دەچیت؟ دانیشە تیکەیەك بخەرە دەمتەوە.

شیوا- زۆر سوپاس ئێمە نامان ((خواردووە))

دایەگەورە- ئێوە نانەکەتان ((بردوە))؟ قابلەمەتان هێنابوو؟



Scanned with CamScanner

شیوا- نەخێر دایەگەورە دەڵێم پێشتر ((خواردمان))

دایەگەورە- لەپێشدا ((هێناوتانە چییە))؟

پەروانە- ئێمە تێربووین، خواردمان.

دایەگەورە- ئێوە پیربون، مردن؟! خوا نەکات، ئەو قسانە چییە بۆچی تەمەنتان چەندە؟

نیما- نەخێر، بۆچی مەگەر دایەگەورە لێدەگەڕێت.

((پاشان نیما گۆیەکەکەی دایەگەورەی گرتو هێنایە بەردەمی خۆیو وتی))

- دایەگەورە لێیانگەڕێ بابڕۆن. گوێبگرە دەمەوێت گۆرانی داواکراوت پێشکەش بکەم.

((نیما ئەمەی وتو دەستیکرد بەگۆرانی چڕینو شیعر خوێندنەوە. دایەگەورەش هەر سەری دەلقاندو کەیفی دەکرد. ئیدی ئێمە مردبوین لەپێکەنیندا. نیما هەروەك ئەوەی کە لەرێستۆرانتدا نەبێت گۆیەکەکەی دایەگەورەی وەك مایکرۆفۆن گرتبوو بەدەستەوەو گۆرانی بۆ دەوت. شیواو پەروانەش بەدەم پێکەنینەوە ماڵئاواییانکردو ڕۆیشتن. کاتێك ئەوان ڕۆیشتن، نیما بەدایەگەورەی وت))

- دایەگەورە گۆرانی داواکراو تەواو بوو.

((پاشان نیما گۆیەکەکەی خستە سەرمێزەکە. دایگەورە دووبارە گۆیەکەکەی دایە دەستی نیماو وتی))

- مینا گیان تاخواردنەکەمان بۆ دێنن گۆرانی پارەی کەڵەشێرەکە بڵێ!

((ئیتر ئێمە مردبوین لەپێکەنیندا. نیما لەناچاریدا گۆیەکەکەی هەڵگرتەوەو وتی))

- ئاخر شیعرەکەی نازانم. دەمەوێت باڵندەی دەمەوبەیان بڵێم.

((پاشان نیما دەستیکرد بەگۆرانی چڕین))

- باڵندەی سەحەر ناڵە بکە   داخی ئێمە تازەبکەوە

- نیما شەرم بتگرێت هەموو خەریکن تەماشات دەکەن.

نیما- بەجدی؟ کەواتە بابەدەنگی بەرزتر بیڵێم تاهەموو ببیستن بەڵکو هەر لێرەدا بناسرێمو ناوبانگ دەربکەمو بکەومە سەرزمانان.

نیما-

بەو ئاهە ئاگراوییەوە   ئەو قەفەسە

بشکێنەو ژێرەو ژووری بکە

- نیما!!



Scanned with CamScanner

نیما- ئاخ...! دەڵێیت چی؟ نابینیت لای لایە دەکەم لەبەر ئەوەی ئەم منداڵە بخەوێت. هاوار مەکە بادووخەو نەبێت.

((دووبارە هەموو دەستمانکردەوە بەپێکەنین، نیما دەستهەڵگر نەبوو))

نیما-

بولبولی باڵ بەستراو لەکونجی قەفەزدا

نەغمەی ئازادیی هەروەك مرۆڤ

بناڵێنە

- نیما بەخودا حەیامان چوو!

نیما-

ستەم، ستەمکار ناهەقی، زۆردار

هێلانەکەمی دا بەدەم باوە

ئەی خودا، ئەی خۆشەویستم، ئەی دکتۆرم

ئێوارەی ئێمە سەحەر بکەوە

((لەپڕدا چەند کچێکی جەحێڵ کە پێکەوە دانیشتبوون دەستیانکرد بەچڕینی گۆرانییەکەی نیما))

- باڵندەی سەحەر ناڵە بکە

((تاویستم سەیری ئەوانکەم کۆمەڵێکی تریش لەملاوە دەستیانپێکرد))

- داخی ئێمە تازەبکەوە

((تا ئاوڕمدایەوە بەلای ئەماندا دایەگەورە بەدەنگی بەرز دەستی پێکرد))

- بەو ئاهە ئاگراویانەوە ئەو قەفەسە

((ئەوەندەی نەخایاند، هەموو دەستیانپێکرد))

- بیشکێنەو ژێرو ژووری بکە

بولبولی باڵ بەستراو لەکونجی قەفەسدا

نەغمەی ئازادی هەروەك مرۆڤ

بناڵێنە، بناڵێنە!!

*



Scanned with CamScanner

((نزیکەی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بوو، لەپێشدا یەڵداو دایەگەورەمان بردەوە بۆ ماڵەوە، پاشان نیما منو سیماشی بردەوە بۆ ماڵەوە. کاتێك سیما ماڵئاوایکردو ڕۆیشتە ژوورەوە بەنیمام وت))

- بەڕاستی سیما هەقی خۆیەتی کە نابێتە ژنی تۆ! ئابڕوت بردین.

نیما- خۆ سیما لەهەمووومان زیاتر دەنگی بەرز کردبووەوە، واتە هەمویان دەیانوت، تەنها تۆ کەسێکی بێ زەوقو بێدەنگ بوویت! بەڵام بەخودا خەڵکی دڵێکی سەیریان هەیە. ئاگات لێبوو چ خەڵکێك چەپڵەی بۆ لێدەدام؟ پێموایە هەموو حەزیان لە ((نەغمەی ئازادی))یە!

- بڕۆ ونبە لەبەرچاوم، بەڕاستی ئەمڕۆ لێت بێتاقەت بووم. خوات لەگەڵ.

نیما- تۆ هێشتا خۆر ئاوا نەبووە لەبەردەمی ماڵی ئێمەدای، ئیتر بۆچی خواحافیزی دەکەیت؟

((دەرگاکەم داخستو ڕۆیشتمە ژوورەوە، لەپێشدا ئاوێکم بەخۆمدا کرد. پاشان ڕۆیشتمە ژوورەکەمەوەو تەلەفۆنم بۆ شیوا کرد. خۆی وەڵامی دایەوە))

شیوا- چاوەڕوانبووم تەلەفۆن بکەیت.

- باشیت؟

شیوا- خراپ نیم. هێشتا سیستەمی بەرگری جەستەم لەکار نەکەوتووە.

- نابێت بیری لێبکەیتەوە.

شیوا- پێکەوە گەڕانەکەتان بەخۆشی بەسەری برد؟

- بەڵێ، باش بوو. خۆزگە ئێوەش بمانایەتەوە.

شیوا- نەمویست ببینە ئەرك بۆتان.

- سەیرکە شیوا، من دەتاوانم لەبواری ماددییەوە هاوکاریت بکەم، ئەگەر کێشەیەکت هەیە بەمن بڵێ.

((شیوا پێکەنیو وتی))

- نا، سوپاستدەکەم، پارەم هەیە، دەردی من بەپارە چارەسەر ناکرێت.

((کەمێك چاوەڕوانمکرد، پاشان وتم))

- ناتەوێت پاشماوەی داستانەکەم بۆ بگێڕیتەوە؟

شیوا- داستان؟

((((شیوا دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- بەڵێ، زیاتر لەداستانێك دەچێت تا ژیانی کەسێك، ئەگەر چاپ بکرێت زۆر باشە.

- ڕەنگە بکرێت.



Scanned with CamScanner

((شیوا دووبارە پێکەنینێکی کردو وتی))

- چاپی بکە. کاتێک کە چیدی من نەبووم، رەنگە کۆمەڵێک گەنج یان ماڵەوەیان شتێکی لێوە فێربن.

((بۆ چرکە ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- لەبەیانییەوە ئەوە بووە کارم. هەم بەیانیش دەڕۆیشتەمە دەرەوەو هەم شەویش. چوار مانگ زیاتر لەو ماڵەدا نەمامەوە، لەبەشی سەرەوەی شار ماڵێکم بەکرێ گرت و دایکمم هەڵگرت و ڕۆیشتمە ناوی. شوێنەکەمان زۆر باش بوو. ماڵەکە دوو ژووری نوستنی هەبوو، کەمێک کەلو پەلیشم بۆ کڕی. ئیتر حاڵمان باش بوو بوو. پارەی خوێنی خۆمم وەردەگرت. پارەی خوێنی خۆم! پارەی خوێنی خەڵکی، تۆ دەتەوێت هەموویت بۆ باسکەم؟

- ئەوەی کە پێویستە بیڵێ.

شیوا- هەمووی زۆر زۆرە، زۆرن و وەك یەکن. باسی ئەوانەت بۆ دەکەم کە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا جیاوازییان هەبوو.

دەزانیت لەژێر پێستی ئەم شارەدا زۆرشت ڕوو دەدات، رەنگە لەهەر هەزار دانەیان تەنها یەکێکیشیان کەس نەیبیستێت، لەبیرمە نزیکەی شەش مانگێک بوو کە خەریکی ئەو کارە بووم، دەڵێن مەنجەڵ بەدوای سەرقاپی خۆیدا دەگەڕێ، کارەکەم خۆی وابوو لەگەڵ کەسێکدا دەبومە ناسراو یان هاوکارم بوو یان هاو نەخۆشی، هەمیشە بیرمدەکردەوە کە لەم دنیایەدا، من یەکێکم لەتاوانبارترین و پیس کارترین کەس، بەڵام بۆم ئاشکرابوو کە لەمنیش خراپتر هەیە.

ڕۆژێك لەسەر جادە بەکەسێك ئاشنا بووم کە ئەویش هەروەك خۆم وابوو. لەگۆشەیەکدا ڕاوەستابوم تابزانم چ نەگبەتێك بەپێی خۆی دەکەوێتە داوەکەمەوە. لەحاڵێکدا کە سەیری ئۆتۆمبێلەکانم دەکرد لەپڕێکدا ئۆتۆمبێلێکی جوان لەبەر دەممدا ڕاوەستا. سەیر لەوەدا بوو کە شۆفێرەکەی کچێکی جوان بوو. ئاماژەی پێکردم تا سواربم. شڵە ژابووم، سواربووم، کەمێك بەڕێدا ڕۆیشتین و ناوی خۆی پیووتم، بوینە هاوڕێ، پێمووت تۆ لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەدا کاردەکەیت وا بەم چەشنە باری ماددیت باشە؟ وتی نەخێر، کارەکەم شتێکی ترە. وتم چییە؟ وتی پارەت دەوێت یان نا؟ وتم بەڵێ دەمەوێت، وتی نهێنی دەپارێزیت؟ ئاگاداری دەمت هەیت؟ وتم بەڵێ. وتی من لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی تایبەتدا کاردەکەم. مشتەرییان بۆ پەیدا دەکەم. ئەوانیش هەموو جارێك پێنج شەش بەرامبەر زیاتر لەو پارەیەم دەدەنێ کە تۆ بۆ هەرجارێك وەریدەگریت. لێم پرسی مشتەری چی؟ وتی هەرچییەك بێت. ئەوەیان پەیوەندی بەتۆوە نییە. بەلای منەوە هیچ جیاوازییەکی نییە.



Scanned with CamScanner

بۆچی بۆ تۆ هیچ شتێك جیاوازیی هەیە؟ وتم نەخێر. وتی کەواتە بڕۆین؟ وتم بڕۆین بەڵام من پارەی نەقد وەردەگرم. دەستیکرد بەکیفەکەیداو بەستەیەك هەزار تمەنی دەرهێناو پێیدام، پاشان وتی بۆ ئەمڕۆ بەسە؟ بزەیەکم کردو وتم بەڵێ. وەڕێکەوتین بەرەو بەشی خوارەوەی شار. وتم بۆچی هاتیت بۆ ئێرە خۆ خەڵکی ئێرە پارەیان نییە نان بکڕن، وتی بەلای منەوە ئەوەش گرنگ نییە. ئیدی مەسەلەکە زۆر سەیربوو بەلامەوە. خولاسە هەر بەوجۆرەی کە دەڕۆیشتین سێ لاو هاتنە سەر ڕێمان، پێموابێت تەمەنیان شانزە حەڤدە ساڵ زیاتر نەدەبوو. لەبەر دەمیاندا ڕاوەستاین‌و پێیووتم سەیرکە بزانە چیدەکەم. شوشەی ئۆتۆمبێلەکەی دادایەوەو وتی کوڕەکان حەزتان لێیە بڕۆین کەمێك پێکەوە بگەڕێین؟ کوڕەکان سەیرێکی یەکدیانکردو پاشان هەرسێکیان سواربوون. کەمێك بەڕێدا ڕۆیشتین پێیوتن خۆ ئاو جۆ دەخۆنەوە ها؟ پاشان سێ قوتو ئاوجۆی لەژێر پێدا دەرهێناو پێیدان. ئەوانیش هەر پێدەکەنین‌و خۆشحاڵ بوون. قوتوەکانیان هەڵپچڕی‌و سەرو قومیان لێدا. تێدامابووم کە بزانم ئەمە چ چەشنە کارکردنێکە. کەمێك بەناو شاردا خولاینەوە. ئاوڕمدایەوە بۆ دواوە سەیرەکەم هەرسێکیان خەوتوون. لێمپرسی ئەوە چییان بەسەرهاتووە؟ وتی خەواندنم لەبەرئەوەی ماڵەوە شارەزا نەبن. ئەمەی وت‌و وەڕێکەوت بەرەو بەشی سەرەوەی شارو لەفولکەی... تێپەڕین‌و خۆیکرد بەگەڕەکێکداو لەوێوە یەك دوو گەڕەکی تری تەیکردو لەگەڕەکێکی چۆڵدا لەبەردەمی باڵەخانەیەکی زۆر گەورەدا ڕاوەستاو زەنگی لێدا، پیاوێکی چل ساڵە هاتە دەرەوەو سەیرێکی منی کردو لێی پرسی ئەوە کێیە؟ ئەویش شتێکی پێووت، خولاسە ئۆتۆمبێلەکەی بردە ژوورەوەو کابرا دەرگای داخست‌و کەسێکی تریشی بانگکرد. بەهەر دووکیان هەرسێ لاوەکەیان کێش کردە ژوورەوە. کاتێ کارەکەیان تەواو بوو، هاتن دوو بەستە هەزارییان بەکچە دا. ئەویش وەریگرت‌و بەمنی وت سواربە. هەردووکمان سواربووین‌و لەماڵەکە هاتینە دەرەوەو وەڕێکەوتین... وەختێ گەیشتین منی دابەزاندو وتی بەیانی کاتژمێر یانزەی بەیانی هەر لێرەدا. خوداحافیزیمان لەیەکدی کردو ئەو ڕۆیشت‌و منیش ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. پارەکانم دەرهێناو ژماردم پارەی چەند ڕۆژێك کارکردنم بوو.

بۆ بەیانییەکەی لەسەری سەعاتدا ڕۆیشتم لەفولکەکەدا ڕاوەستام. لەدوای دە خولەکێ ئەویش پەیدابوو. وەڕێکەوتین بەرەو بەشی خوارەوەی شار. لێمپرسی ئەو لاوانەی دوێنێ چییان لێ بەسەرهات؟ وتی بێگومان کەیفییان کردووەو ڕۆیشتوون. وتم هیچ سوودێکی بۆ ئێوە هەیە کە وا ئەوەندە پارە خەرج دەکەن لەپێناویاندا؟ وتی بێگومان قازانجێکی هەیە. بەکورتی وەختێ گەشتینە ناوەڕاستی شار توشی دوو لاوی تر بووین. یەکسەر لەبەر دەمیاندا ڕاوەستاین‌و ئەوانیش سواربوون، کەمێك بەڕێگەدا ڕۆیشتین. کچەکە ناوی مژدە بوو، مژدە دوو قوتوی شەربەتی دەرهێناو پێیدان، هەر



Scanned with CamScanner

لەگەڵ خواردیان کوژانەوە. دیسان ڕۆیشتینەوە بۆ هەمان ماڵ، ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشتە ژوورەوەو ئەو کابرایە هاوڕێ لەگەڵ یەکێکی کەدا هاتو هەردوو لاوەکەیان برد. ئەمجارە سێ بەستە هەزارییان دا بەمژدە، سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین‌و هاتینە دەرەوە. ڕۆیشتین هەر لەو فولکەیەدا وەستاین‌و بەستەیە لەپارەکەی دا بەمن‌و وتی بەیانی کاتژمێر پانزە هەر لێرەدا، پێمووت ئاخر من کارێکم نەکردووە. وتی ئەدی من چیمکردووە؟ منیش وەك تۆ سوود لەجوانییەکەم وەردەگرم. وتم باشە ئاخر ئەوانە بۆ کوێ دەبەن؟ وتی نازانم. بەهەرحاڵ ماڵئاوایم کردو ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە.

بەیانییەکەی ڕۆیشتمەوە بۆ ئەو فولکەیەو پاش کەمێ مژدە هات‌و سواربووم‌و وەڕێکەوتین. کەمێك لەخوار فولکەی... بوو کە چوار لاومان بینی، تەمەنیا پانزە شانزە ساڵ دەبوو. مژدە یەکسەر لەبەر دەمیاندا ڕاوەستا. هەرچواریان هەروەك بلیتی بەختیان براوەی لێ نوسرابێت، خۆشحاڵ‌و لێو بەخەندە سواربوون، لەدوا کەمێك مژدە چوار قوتوی شەربەتی دەرهێناو پێیدان. ئەوانیش دەستیانکرد بەپێکەنین. ئێمە لەکوێ دەزانین یەکێکیان هەر شەربەت ناخواتەوە. ئێستا بۆ، نازانم. پاش چارەکێك سیانیان بێهۆش دەبن‌و ئەوی تریان تێدەگات مەسەلە چییە خۆی دەکات بەخەوتوو. مژدە هەروەك هەمیشە ڕۆیشتە بەردەمی دەرگاکە. لەگەڵ لەوێدا وەستا ئەو کوڕەی کە شەربەتەکەی نەخواردبووەوە دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوەو هەڵات. مژدە هەر لەگەڵ ئەو دیمەنەی بینی یەکسەر بەخێرایی بەدوای کەوت، تامن ویستم بزانم چی بەچییە، مژدە خێرا بە ئۆتۆمبێلەکە کوڕەکەی کرد بەژێرەوە. تەنگە نەفەس بووم. قیژاندم بەسەر مژدەداو وتم چیدەکەیت؟ وتی تۆ بێدەنگ بە. گێڕی ئۆتۆمبێلەکەی خستەبەگ‌و بەخێرایی وەڕێکەوت، من سوکانی ئۆتۆمبێلەکەم بادا بۆ گەڕەکێکی تر. لەگەڵ ئەوەم کرد مژدە وتی بێئەقڵ بۆ وادەکەیت؟ ئێستا ئەگەر بەسێ جەنازەوە بگیرێین بێچارە دەبین. سەیرمکرد ڕاستدەکات. ئەو کارە هەرچییەك بێت منیشی تێدام. خولاسە لێگەڕام بڕوات. بەخێرایی لەوێ دوورکەوتینەوەو لەگەڕەکێکی چۆڵدا ڕاوەستاو وتی دەتەوێت بزانیت ئەو لاوانە بۆ کوێ دەبەن‌و چییان لێدەکەن؟ دەیانبەین لەوماڵەدا چاوو گورچیلەو زۆرشتی تریان دەردێنین‌و دەیان نێرین بۆ دەرەوەی وڵات. ئێستا دەزانیت بۆچی ئەوەندەمان پارە پێدەدەن؟

عارەقێکی ساردم کرد! من... بووم بەڵام ئەم کارە زۆر وەحشییانە بوو! من خەڵکیم گرفتار دەکرد، بەڵام هەقی منداڵم نەبوو، هەرچەند ئەوانەی کە من گرفتارم دەکردن ئاشکرا نەبوو کە ئەوانیش چەندی دیکە گیرۆدە دەکەن.

((شیوا ئەمەی وت‌و بێدەنگ بوو. گوێم لەدەنگی چەرخێك بوو بۆیە تیگەیشتم کە جگەرە دەکێشێت، پاش کەمێك وتی))



Scanned with CamScanner

- دەتەوێت دیسان باسی بکەم یان نە؟

((بەئارامی وتم بەڵێ، هیچم پێنەوت بەڵام خەریکبوو دڵم شەقی دەبرد. شیوا کەمێك وەستاو پاشان وتی))

- کاتێ ئەوەم لەدەمی مژدە بیست دەستمکرد بەجنێودان بەڵام چۆن! هەرچییەك بەدەممدا هات پێمووت و لەئۆتۆمبێلەکە هاتمەخوارەوە. ئەویش هاتە خوارەوەو بەڕاکردن هات بەدوامدا، پێمووت ئەگەر بەدوامدا بێیت هەر لێرەدا دەستدەکەم بەهات و هاوار تاخەڵکی بڕژێت بەسەرتاو بتگرن. مژدە لەکیفەکەیدا چەقۆیەکی دەرهێنا، منیش یەکسەر کەتەرێکم دەرهێنا، ئاخر لەوکاتەوەی کە دەستم دابووە ئەو کارە هەمیشە شتێك لەو بابەتەم پێبوو، پێمووت داما تۆ مرۆڤی ((ئایدز)) ی بەچەقۆو مردن دەترسێنیت؟ لەگەڵ ئەمەم وت مژدە ترساو بەدوادا گەڕایەوەو ڕۆیشت سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، پاشان وەڕێکەوت. منیش بەرەو شەقامە سەرەکییەکە ڕامکرد. بەدووی تەلەفۆندا، بەهەزار فەلاکەت تەلەفۆنم پەیداکردو ژمارەی فریاکەوتنم وەرگرت، کارەساتەکەم تێگەیاندن، هەروەك ئەوەی کە خۆشیان ئاگاداری شتێکی لەجۆرە بوون و بەدوایاندا بگەڕێن، لەگەڵ مَن دەستمکرد بەقسە کردن، ئەوانیش یەکسەر هەواڵیان بەسەروی خۆیانەوە داو منیش ناونیشانەکەم پێدان، وتم لەگەڕەکی فلاندا تەرمی کوڕێك کەوتووە. ئەمانەم وت و تەلەفۆنەکەم داخست و هەڵاتم. لەدوایدا بیستم کەوتیان گوایە هەموویانیان دەستگیر کردووە.

ئەمە کارەساتێك بوو کە بەبێ ئەوەی خۆم بمەوێت کەوتمە ناوی و توش بووم.

((شیوا بۆ ساتێکی دی بێنگ بوو پاشان وتی))

- بێگومان زۆر رقت لەمن دەبێتەوە وانییە؟

- هەر خۆم گومانم بۆی دەچوو کە تۆ شتێکی لەو جۆرە لەژیانتدا هەبێ.

شیوا- شتێکی تریش هەیە کە هیچکات فەرامۆشی ناکەم. ئەویش دەربارەی ئەو شوێنەیە کە تازە تێی چوبوم، لەوێ کوڕێکی گەنج نزیکم بوو، تەمەنی هەڤدە ساڵ زیاتر نەدەبوو. هەرجارێك کە دەمویست بڕۆمە دەرەوە، لەسەر قادرمەکان دەوەستا تا من ببینێت. کاتێك چاوی پێمدەکەوت دەستیدەکرد بەپێکەنین. بۆ وێنە ئەگەر شتێکم بۆ ماڵەوە بکڕیایە دەیبردە سەرەوە بۆم و هەرکاتێك شتێك خراپ بوایە دەهات بۆی چاك دەکردم بەکورتی زۆر بەدەورمدا هەڵدەهات. دەزانیت ئەمەش کێشەی کۆمەڵگەی ئێمەیە کە کوڕو کچ ڕووبەڕووی دەبنەوە. کوڕ کاتێك دەگاتە ئەو تەمەنە، واتەتەمەنی هەرزەکاری، ئیدی خۆت باش دەزانیت لەچ حاڵێکدایە.

بەهەرحاڵ ئەو کوڕە پێوەم لکا بوو، ساڵێك تێپەڕی کەمێك گەورەتر بوو، شەوێك لەماڵەوە



Scanned with CamScanner

خەریکبووم بەدایکم ڕادەگەیشتم، لەدەرگا درا، ڕۆیشتمە بەردەگا سەیرەکەم ئەوە. خوڵکم کرد هاتە ژوورەوەو لەسەر کورسییەك دانیشت. لەحاڵو ئەحواڵیم پرسیو هەواڵی دایكو باوکیشیم پرسی. سەیرمکرد دەیەوێت شتێك بڵێت بەڵام ناتوانێت. پێموت ئەفشار شتێك ڕویداوە؟ ناوی ئەفشار بوو. وتم ئەفشار چیبووە؟ کەمێ مینجە مینجی کردو پاشان وتی من دەزانم تۆ کارت چییە! ڕەنگم بەڕووەوە نەما! لەتەریقیدا ڕوم نەدەهات سەیری ڕوخساری بکەم. پێت سەیر نەبێت یان گاڵتەم پێمەکە ئێمەش جار جار شەرم دەکەین یان تەریق دەبینەوە.

خولاسە تێداmabووم چی بەو کوڕە بڵێم. من هەمیشە لەگەڕەکدا خۆم بەقورس دەگرت. لەبەر ئەوەی کەس نەزانێت کارم چییە. بەڵام بێگومان ئەو کوڕە بەدووم کەوتبوو. بەکورتی کەمێك خۆم کۆکردەوەو وتم یانی چی؟ وتی ماوەیەکە بەدوات دەکەومو دەزانم کارت چییە؟ پاشان لەپڕدا دەستیکرد بەگریان. دڵم پێی سووتا. ڕۆیشتمە تەنیشتییەوەو پێموت بۆچی دەگریەیت؟ وتی توخودا واز لەوکارانە بێنە. من خۆشمدەوێیت. ئەگەر لەپێناوی پارەدا وادەکەیت من واز لەخوێندن دێنمو دەڕۆم کاردەکەمو پارەت بۆ پەیدا دەکەم. نەمدەزانی چی بەو کوڕە بڵێم؟ من ئەوکاتە تەمەنم بیستو پێنج بیستو شەش ساڵ دەبوو، ئەویش هەڤدە هەژدە ساڵ دەبوو. دەمتوانی چی پێبڵێم؟! بەهەرحاڵ بەهەر چەشنێك بوو پاڵم پێوەناو ڕۆیشت، بەڵام لەبەیانییەکەیەوە تەواو بێزاری کردبووم. بۆ هەرکوێیەك دەڕۆیشتم بەدوامەوە بوو. چەند ڕۆژێك تێپەڕی ئیتر تاقەتم نەمابوو، پێموت ئاخر تۆ چیت لەمن دەوێت؟ وتی ببەرە ژنم! پێی پێکەنیم. ئاگادار نەبوو کە کاتی لەئێوچوونی نزیکبوەتەوە، من دەمزانی ئەو چی لێم دەوێت. بەڵام ڕاستەوخۆ ڕوینەدەهات پێمبڵێ، دەیووت وەرە ببەرە ژنم.

قیژاندم بەسەریداو پێمووت ئەگەر جارێکی تر لەو قسانە بکەیت بەدایكو باوکت دەڵێم. ئەفشار هیچی نەوتو ڕۆیشت، لەڕاستیدا بۆمن هیچ جیاوازییەکی نەبوو. ئەویش وەك ئەوانی دیکە بهاتایەو کاری خۆی بکردایەو بڕۆیشتایە. تەنها زیانی بەخۆی دەگەیاند. تەنها شتێکیش کە بەلامەوە گرنگ بوو ئەوە بوو کە دایکیم دەناسیو دراوسێم بوو هەربۆیە نەمدەویست بەڵایەکی لەوجۆرە بەسەرکوڕەکەی بێنم، بەڵام خۆی وای دەویست.

شەوێکیان نزیکەی کاتژمێر دە بوو، سەیرەکەم لەدەرگا دەدەن. دەرگاکەم کردەوە ئەفشار بوو. نەمهێشت بێتە ژوورەوە، هەر لەوێدا لێم پرسی کارت چییە. وتی بهێڵە بێمە ژوورەوە. لەگەڵ ئەمەی وت ڕۆیشتمە دەرەوە یەکسەر بۆ بەردەرگاکەیان کە ڕێك بەرامبەرمان بوو. زەنگم لێدا، دەمویست بەدایکی بڵێم ماوەیەکە ئەفشار ئازارم دەدات، تامن ڕۆیشتمە بەردەرگاکەی ئەوان ئەو خۆیکرد بەماڵی ئێمەدا. هەرچەند زەنگم لێدا کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەفشار لەماڵی خۆمانەوە وتی بێخودی



Scanned with CamScanner

زەنگ لێمەدە کەس لەماڵ نییە. هەموو ڕۆیشتوون بۆ کەرەج. تێدا مابووم کەچی لەو کوڕەبکەم. ڕۆیشتمە ژوورەوەو لەسەر خۆ پێمووت وەرە برۆ دەرەوە، پێکەنی‌و وتی ناڕۆم. وتم ئەگەر نەڕۆیت هاواردەکەم بادراوسێکان بڕژێن بەسەرماندا. لەگەڵ ئەمەم وت ئەفشار خۆ دەستیکرد بەهاوار کردن. منیش لەترسا دەرگاکەم داخست، ڕۆیشتمە تەنیشتییەوەو دەستمکرد بەقسەکردن بۆی، وتم بەڵکو هەڵی خەڵەتێنم. هەرچییەکم پێدەوت ئەو نەیدەبیست. دەیووت مەگەر تۆ چیت لێکەم دەبێتەوە؟ بێنەقڵە نەیدەزانی من ڕەحمی پێدەکەم. لەبەر دراوسێیەتی‌و لەبەرخاتری دایکی دەمپاراست. پێموت ئەفشار گیان، تۆ شەرم ناکەیت کە دایکم لەو ژوورەدایەو لەجێگەدا کەوتوە تۆ داوای شتی وا لەمن دەکەیت؟ پیاوەتیت لەکوێیە؟ وامدەزانی ئەگەر ئەوشتانەی پێبڵێم غیرەت دەیگرێت‌و هەڵدەسێت دەڕوات‌و منیش دوای قوڕی شوێنێك دەکەم بەسەرما. بەڵام لەگەڵ ئەمەم وت، ئەفشار هەستاو ڕۆیشتە ژوورەکەی دایکمەوە، لەلای دایکمدا ڕاوەستاو وتی خۆ ئەمە لەهیچ تێناگات. وەك مردوییەك وایە. لەدوای ئەوە چەند شەقێکی لەقاچی دایکم هەڵدا! هەر کە ئەو کردەوەیەی نواند نەمزانی چیبوو. هەمووشتێکم لەبیر چوو. کۆنترۆڵی خۆمم لەدەستدا، دووبارە کینەو نەفرت هاتەوە دڵم. حەزمدەکرد بەدەستی خۆم بیخنکێنم. ئەو کوتەکانەم وەبیر دەکەوتەوە کە باوکم لەدایکمی دەدا. هیچ کاتێك نەمدەویست ئەو دیمەنی تێهەڵدانانە لەبەرچاومدا دووبارە بێتەوە. دەمویست بەشتێ بکێشم بەسەریداو بیکوژم بەڵام بیرمکەوتەوە کە دەتوانم بەئاسانی تۆڵە لەمیش بکەمەوە.

بەئارامی ڕۆیشتمە تەنیشییەوە، بزەیەکم بۆ کردو پێموت ئەفشارگیان تۆ ڕاستدەکەیت. ئەگەر تا ئێستا نەمدەوێرا هیچت پێبڵێم تەنها لەبەر دایکت بوو. دەترسام پێیبڵێت‌و ئابڕوم ببەیت، ئەگینا من زۆر دەمێکە عاشقی تۆ بووم. ئەفشاریش ڕۆیشت بۆ ئەوشوێنەی کە ئەوانی تری بۆ چوون. وەك هەموو ئەوکەسە گەنەکارو ستەمکارانە.

لەبەیانی ئەو شەوەوە بەدوای خانودا گەڕام، لەدوای هەفتەیەك لەگەڕەکێکی تردا خانوێکم پەیداکرد. لەماوەی ئەو هەفتەیەدا ئەفشار هەموو شەوێك بەدزییەوە دەهات بۆلام. منیش هیچم پێنەدەوت. لەکۆتایی هەفتەکەدا بەبێ هەواڵ ماڵەکەم گوێزایەوە. بێگومان ئەفشار کاتێ زانیویەتی بارمکردووە خەفەتی زۆر خواردوە. ئەو نەدەبوایە ئەو کارەی لەگەڵ دایکم بکردایە. دایکم بەشی خۆی لەژیاندا تێهەڵدانی خواردبوو.

((شیوا لەدوای ئەمە بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتم))

- هەرکەسێ ئازاری بدایتایە یان بێتاقەتی بکردیتایە ئەو بەڵایەت بەسەر دەهێنا؟ نەدەکرا بەچەشنێکی دی تۆڵەی لێبکەیتەوە؟



Scanned with CamScanner

((لەپڕدا شیوا توڕەبوو، وتی))

- نەخێر، نەدەکرا! ئەوەندەم ئەفرەت لەدڵدابوو کە بتوانم ئەو کارە بکەم. ئەگەر تۆو نیماش ئەوشەوە نیازتان خراپ بوایە بەرامبەرم ئێستا ئێوەش یەکێك بوون لەو ئایدزیانە!

((هەروەك ئەوەی کە ئاگادار بوو بێت کە بەناشرینی قسەم لەگەڵ دەکات داوای لێبوردنی کردو وتی))

- سیاوەش بۆچی وام لەتۆ نەکرد. من هیچکات بەدوای کەسدا نەڕۆیشتوم تابەدبەختی بکەم. ئەوە پیاوە خیانەت کارەکانو منداڵی دەوڵەمەندەکان بوون بەدوای مندا دەهاتن. پیاوی پاك هیچ کات بەدوامدا نەهاتووە تاخۆی گیرۆدە بکات.

((ویستم بڵێم ئەدی ئەو کەسانەی کە بەبێ تاوان گیرۆدەبوون چی، وتی))

- هیچی ترم مەڵێ چونکە خۆم دەزانم چیمکردووە.

((کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان جگەرەیەکی پێکردو وتی))

- بەهەرحاڵ لەوماڵە بارمکردو ڕۆیشتم بۆماڵێکی ترو درێژەم بەژیامدا.

ژیان نە، زیندو بوونم!

لەبیرمە شەوێك چاوەڕوانی تاکسی بووم تابگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، لەقەراخی شەقامەکەدا ڕاوەستابووم، لەپڕدا ئۆتۆمبێلێك بەخێرایی بە بەردەممدا تێپەڕیو پەنجامەترێك لەولاترەوە ڕاوەستا، دەرگای دواوەی کرایەوەو کەسێکیان لێ فڕێدایە خوارەوە، یەکسەر وەك بروسکە ئۆتۆمبێلەکە لەچاو ونبوو. لەسەرخۆ ڕۆیشتمە پێشەوە تابزانم کێیە، کاتێ سەیرەکەم کچێکی بیست ساڵەیە. دەستو قاچی بریندار بوو بوو، دەموچاویشی شوێن لێدانی پێوە دیار بوو، لەتەنیشتیدا ڕاوەستامو سەیرمکرد. خەریکبوو دەگریا. دەستیمگرتو هەڵماسندەوە سەرپێ، پێمووت پارەیان پێنەداویت؟ فرمێسکەکانی سڕیو وتی... لێکراوانە! جلەکانیم تەکاندو وتم نانت خواردووە یان نە؟ وتی نانم خواردووە، بەڵام کاتێ کاری خۆیان کرد هێنامیان سواری ئۆتۆمبێلیان کردم. کاتێك لێمپرسین بۆ کوێم دەبەن دەستیانکرد بەلێدانم. پاشان لێرەدا فڕێیاندامە خوارەوە. بێناموسانە! لێمپرسی ئەو ماڵەی کە بردیتیان شارەزایت؟ وتی بەڵێ، بێگومان دەڵێیت بەیانی برۆم شکاتیان لێبکەم؟ ئەو کچە ئەمەی وتو ئاوڕیدایەوەو سەیرێکی شەقامەکەی کرد، پێمووت وەرە بابڕۆین بۆ دەرمانخانەیەك شتێك برینەکانت تیمارکە، وتی لێگەڕێ، وتم ماڵت لەکوێیە؟ وتی هەرشوێنێك پارکێك شتێکی لێبێت. وتم لەپارکدا دەنویت؟ وتی ئەو شەوانەی کە دەمبەن، ئەگەر بهێڵن هەر لەوێ دەنوم، بەڵام ئەگەر نەهێڵن، دێم بۆ پارك. لێمپرسی چەند وەختە لەماڵەوە هەڵهاتویت؟ وتی دووساڵ دووساڵو نیو



Scanned with CamScanner

دەبێت. وتم ئەم بەرنامانە هەموو شەوێك دووبارە دەبێتەوە؟ وتی کام بەرنامە؟ وتم تێهەڵدانو فڕێدانە خوارەوە لەئۆتۆمبێل؟ سەیرێکی کردمو وتی تۆش لەخۆمانی؟ وتم بەڵێ، وتی نەخێر جارجارێك شتی لەوجۆرە رودەدات. پاشان ئاوڕیدایەوە بەلای ئەو شوێنەی کە ئۆتۆمبێلەکە لێوەی ڕۆیشتبوو وتی خوا لێتخۆش نەبێت هەی نامرۆڤ. پاشان خۆی تەکاندو بەئارامی وتی خوات لەگەڵ. هێواش هێواش بەرێکەوت، هەروەك قاچی ئازاری زۆربێت دەلەنگی. بانگم کردو وتم قاچت ئازاری پێگەیشتووە؟ وتی بەمشتانە راهاتووم. وتم وەرە بائەمشەو برۆینەوە بۆ ماڵی ئێمە، ئەگەر بەیانی حاڵت باشتربوو برۆ. سەیرێکی کردمو وتی نا زۆر سوپاس. وتم بۆچی؟ وتی نەیەم باشترە، مەمنونم کە دەتەوێت هاوکاریم بکەیت. بەڵام ناتوانم، وتم ئاخر بۆچی؟ دووبارە سەیرێکی کردمو وتی نەخۆشی تەشەنەدارم لەگەڵ! شتێکی ترسناکە! وتم ئایدزت هەیە؟ وتی تۆش؟ بزەیەکم بۆ کرد. پێمووت وەرە بابرۆین. پێکەوە تاکسییەکمان گرتو رۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە. ناردمە گەرماوەکەوە تائاوێك بەخۆیدا بکات. کاتێك حاڵی باشتربوو برینەکانم بۆ تیمارکردو دەستمکرد بەقسەکردن. من سەرگورشتەی خۆمم بۆ باسکردو ئەویش سەرگورشتەی خۆی. ئەویش لەدەست ماڵەوەیان هەڵهاتبوو. باوکی موعتاد بووەو ویستویەتی ئەویش فێرکاتو دوایش دەستبکات بەلەش فرۆشی تەنها لەبەر ئەوەی کە ماددەی بێهۆشکەر بۆ باوکی پەیدابکات. ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەوبەڵایەی بەسەرنەیەت لەماڵەوە هەڵدێتو بەجۆرێکی تر گیرۆدە دەبێت. لێمپرسی بۆچی خانوویەك بەکرێ ناگریت وتی خانووی کرێ بەئێمە نادەن. وتم بۆچی؟ وتی چونکە من کچێکی تەنهام، هیچ کەسێك ئامادە نییە خانووم بەکرێ پێبدات. وتی تۆ چانست هەیە کە دایکت نەخۆشەو لەگەڵتدایە. بەبۆنەی ئەوەوەیە کە بۆ هەرشوێنێك برۆیت خانووت دەدەنێ، دەڵێن خێزانن. لەهەمانکاتدا دڵیشیان پێتدەسوتێتو ریزت لێدەگرن، دەڵێن خزمەتی دایکی دەکات.

خۆم ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبووم. بۆ بانییەکەی ویستی بڕوات. حەزم لەوهادەمی کردبوو. هەم کچێکی سادەبوو هەم خۆشم پێویستم بەهاو زمانێك هەبوو تادەردەکانمان پێکەوە بەشبکەین. وتم دەتەوێت پێکەوە بژین؟ لەخۆشحاڵیدا رایکرد لەئامێزی گرتمو دەستیکرد بەماچکردنم. بڕیارماندا پێکەوە بژین، بەڵام مەرجێکم بۆدانا، وتم دەبێت لەگەڕەکدا زۆر بەئەدەب بیت لەبەر ئەوەی کە کەس گومانمان لێنەکات. بەمجۆرە بو کە گیتا هاتە لامو بوینە هاودەم.

- ئەی پەروانە؟

شیوا- ئەو بەوچەشنە نییە. نەخۆشی ئایدزی هەیە، بەڵام بەخوا داماوە پاکە.

- کەواتە بۆچی لەگەڵ ئێوە دەژی؟



Scanned with CamScanner

شیوا- لەڕاستیدا پەرستاری دایکمە. ئەویش تا ئێستا نازانێ چۆن توشی ئەو نەخۆشییە پیسە بووە. خۆشی نازانێت، ئەو لەوهێڵەدا نییە. تەنها لەگەڵ ئێمەدا دەژیو پەرستاریی دایکم دەکات. ئاخر کاتی خۆی لەنەخۆشخانەدا کاری کردووە.

((ویستم پرسیارێکی لێبکەم، بەڵام زەنگی دەرگاکەیان لێیدا. شیوا داوای لێبوردنی لێکردمو ڕۆیشت دەرگاکە بکاتەوە. کاتێک گەڕایەوە وتی))

- سیاوەش گیتا هاتەوە.

((پاشان دەنگی تەلەفۆنەکەی دا بەدەرەوەو گیتا وتی))

- سیاوەش چۆنیت حاڵت چۆنە؟

- چۆنی گیتاخان، زۆرسوپاس، تۆ چۆنیت؟

گیتا- سوپاس، خراپ نیم، ئەگەر گەنجەکان لێمانگەڕێن، ئێستا کە ئێمە وازمان هێناوە ئەوان لێناگەڕێن.

- بۆچی، چیبووە؟

گیتا- بۆ ساتێک دەڕۆیتە دەرەوە دەیانەوێت بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلت بکەن. ببەخشن وابزانم قسەکانم پێبڕین.

- خەریکبووم لەگەڵ شیواخاندا قسەم دەکرد.

شیوا- واتە من قسەمدەکردو سیاوەش گوێی دەگرت.

گیتا- یادگارییەکانت بۆ دەگێرایەوە؟

شیوا- یادگارییەکانو شتی دیکەش.

گیتا- منیش چەند یادگارییەکم هەیە دەبێت بۆ جارێك بۆتان بگێرمەوە.

- بەڕاست، ئەو کوڕەی کە ئەو ڕۆژە لەرێستۆرانتەکەدا لەگەڵی بویتو چەکێکی پێدایت مەسەلە چیبوو؟ ئەوەی کە ئەڵقەکەی لەگوێدابوو.

((لەگەڵ ئەمەم وت هەردووکیان بێدەنگ بوون))

- شتێکی خراپم پرسی؟

شیوا- نەخێر، بەیارمەتیت لەحزەیەك ڕاوەستە.

((بۆ چەند ساتێك دەنگیان نەما، بەڵام لەدوای کەمێك شیوا وتی))

- سیاوەش ببورە.

- ئەگەر کارت هەیە، دوایی پەیوەندیت پێوەدەکەم.



Scanned with CamScanner

شیوا- نەخێر کارم نییە، خەریکبوم دەربارەی ئەو پرسیارەی تۆ لەگەڵ گیتادا قسەمدەکرد. ئاخر ئەو مەسەلەیە نیوەی پەیوەندیی بەگیتاوە هەیە.

- تێناگەم.

شیوا- چەند خولەکێك پێش ئێستا باسی چیم بۆ کردیت؟

- دەربارەی چی؟

شیوا- گیتا، ئەوەی کە چۆن لەگەڵی ئاشنا بووم.

- ئەها! ئەوەی کە لەئۆتۆمبێلەکە فڕێیاندایە خوارەوە؟!

شیوا- بەڵێ، چونکە مۆڵەتی باسکردنیم نەبوو نەمتوانی هەمویت بۆ بگێڕمەوە.

- گیتا خان لەوێیە؟

شیوا- نەخێر، ئێستا یان لەگەرماوە یان لەچێشتخانەکەیە.

-گیتا خۆی وتی باسی بکەیت؟

شیوا- بەڵێ، ڕاستییەکەی ئەوشەوەی کە بەرخوردم لەگەڵ کردو لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك نوستم. نزیکەی دەمەوبەیان بوو. بەدەنگێك ڕاچەنیم. سەرەتا وامدەزانی گیتا دەیەوێت پارەیەك شتێك پەیدابکات‌و لێیدا بڕوات. لەسەرخۆ ڕۆیشتمە دەرەوە. گیتا لەژوورێکی تردا نوستبوو منیش هەمیشە لەلای دایکم دەنوستم. زۆر بەئارامی‌و لەسەرخۆ ڕۆیشتمە دەرەوە. سەیرمکرد کەس نەبوو. ڕۆیشتم بەرەو ئەو ژوورەی کە گیتای تێدا نوستبوو. سەیرکەم دەنگێك دێت. لەسەرخۆ تۆزێك لەدەرگاکەم کردەوە، دەڕوانم گیتا لەسەر سیستەمەکە دانیشتووەو دەگری. هەر بەدەم گریانیشەوە خەریکە بەنینۆك گیانی خۆی دەڕنێت! ڕۆیشتمە ژوورەوە بانگم کرد. وامدەزانی خەون دەبینێت. لەگەڵ بانگکردنیدا گڵۆپی ژوورکەشم هەڵکرد. تەماشادەکەم گیتا هەمووجەستەی خوێنی لێدێت! ڕامکرد دەستیمگرت‌و، گریانەکەی گۆڕا بۆ زریکە زریك کردن. لێگەڕام بۆ خۆی هاوار بکات تا ئارامبێتەوە. کاتێك کەمێك هاتەوە سەرخۆی لێمپرسی خەونت دەبینی؟ هیچی نەوت. هەستام پەرداخێك ئاوم بۆ هێناو خواردییەوە. کاتێك ویستم بیخەوێنمەوە پێیوتم خەونم نەبینی. وتم ئەدی چی؟ وتی ئاگات لێبوو کە لەئۆتۆمبێلەکە فڕێیندامە خوارەوە؟ وتم بەڵێ، بێگومان پارەیان پێنەداویت. گیتا هەستاو ڕۆیشت لەکیفەکەیدا دنیایەك هەزاری دەرهێناو لەپێش چاومدا رایگرت‌و، پاشان فڕێی دایە ناو ژوورەکەوە. سەرم سوڕما، وتم ئەو هەموو پارەیە ئەوان پێیانداویت؟ سەرێکی لەقاند، وتم کەواتە بۆچی لەئۆتۆمبێل فڕێیاندایتە خوارەوە؟ گیتا ڕۆیشت لەسەر کورسییەك دانیشت‌و وتی دەمەوێتوارە بوو بەدووی مشتەرییەکدا دەگەڕام. لەپڕدا ئۆتۆمبێلێکی جوان لەبەر



Scanned with CamScanner

دەممدا ڕاوەستاو وتی سوار دەبیت؟ وتم بەڵێو نرخەکەم پێوتو وەڕێکەوتین. جوکە جوکی تێدا نەکرد. هەر لەوێشدا پارەکەی پێدام. وەڕێکەوتینو لەدوای نیوکاتژمێرێك گەشتینە ماڵەکە. بەس چ ماڵێك، چ حەوشەیەك!

لەئۆتۆمبێلەکە هاتمە خوارەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە. کاتێ چوینە ناو باڵەخانەکەوە، مێشکم لەتاواندا فیکەی لێدەدا. ئەو پیاوە چ ماڵو حاڵێکی هەبوو. ڕەنگە تەمەنی بیستو شەش بیستو حەوت ساڵ زیاتر نەبوایە. بەکورتی بانگی کرد خزمەتکار هاتو پێی وت خواردنمان بۆ بێنن. پاشان ڕۆیشت شریتێکی کاسێتی خستە سەرو دانیشت دەستمانکرد بەقسەکردن. زۆرپیاو دیار بوو. دەربارەی خۆمو بنەماڵەکەمو پلەی خوێندنم پرسیاری لێکردم. کاتێك لێی پرسیم چۆن کەوتومەتە سەر ئەو ڕێگەیە، منیش لەنوکەوە هەمووم بۆ گێڕایەوە. هەستاو بەستەیەك هەزاری تری پێدامو وتی ئەوانەش بۆ تۆ . منیش وەرمگرتو زۆر سوپاسمکرد. خولاسە لەدوای نیو کاتژمێر سێ چارەکێك یەکێك هاتو وتی قوربان خواردن ئامادەیە. ئەویش ئاماژەی بەمن کردو هەردووکمان ڕۆیشتین بۆ ساڵۆنەکە بۆ نانخواردن. مێزێکی خواردنیان ئامادە کردبوو کە من تا ئەوکاتە شتی بەوچەشنەم لەخەونیشدا نەبینیبوو. خواردنی وای لەسەر بوو کە من ناوەکەشیم نەدەزانی. ڕۆیشتینو دەستمانکرد بەنانخواردن. خۆی هیچی نەدەخوارد، تەنها گەمەی لەگەڵ خواردنەکان دەکرد. بەڵام من تاوەکو توانیم خواردم. خزمەتکارێك وەستابوو هەر لەگەڵ قاپێکم پیس دەکرد خێرا لای دەبردو یەکێکی تری لەجێگەی دادەنا. خۆم بەمەلیکەی فیلمەکان دەهاتە بەرچاو.

کاتێ نانخواردن تەواو بوو. گەڕاینەوە بۆ هۆڵەکەی یەکەمجارو لەدوای چەند خولەکێك قاوەیان بۆ هێناین. کاتێك ئەویشمان خواردەوە وتی ئامادەیت؟ سەرێکم لەقاندو ئەویش ئاماژەی پێکردم کە بەدوایدا بڕۆم. پێکەوە وەڕێکەوتینو ڕۆیشتینە نهۆمی سەرەوە. من هەر سەیری ئەمسەرو ئەوسەرم دەکرد، چ فەرشێك، چ تابلۆیەك، چ کەرەستەیەك!

وەختێ گەیشتینە سەرەوە دەرگای ژوورێکی کردەوەو ڕۆیشتینە ژوورەوە. ژووری نوستنەکەی بوو، بەڵام بەقەد ماڵی ئێمە دەبوو. نزیکەی شەست هەفتا مەتر دەبوو. لەگۆشەیەکیدا سیستەمێکی نوستنی تێدابوو کە مرۆڤ حەزیدەکرد بەس سەیری بکات نەك لەسەری بخەوێت. تەلەفیزیۆنێکی تێدابوو بەقەد سینەمایەك دەبوو. تەسجیلێکی تێدا بوو کە مکەبەرەکانی هەریەکەیان بەقەد تاکی بۆ فییەك دەبوون. بەهەرحاڵا دامو دەزگایەکی سەیری هەبوو. من هەر خەریکی سەیرکردنی ئەوانە بووم کە پێیووتم بڕۆ گەرماوێك بکە. لەناو ژوورەکەدا دەرگایەکی کردەوەو ئاماژەی پێکردم کە بڕۆمە ژوورەوە. کاتێ چاوم پێی کەوت حەپەسام، بەڕاستی چ گەرماوێك بوو. هەموو ڕاژەکانی بیانی



Scanned with CamScanner

بوو. منیش لەخوامدەویست، پۆشاکەکانم داکەند ڕۆیشتمە ژوورەوەو خۆشۆردنێکی باشم لێکرد. کاتێك هاتمە دەرەوە سەیرەکەم دەستێك جلی نوستنی بۆ داناوم کە بڵێم چی، تەماشایی، ناوازە. من حەپەسابوومو سەیرمدەکرد کە وتی بیپۆشە. جلەکانم پۆشیو ڕۆیشتم لەسەر سیتمەکە ڕاکشام. هات لەتەنیشمدا دانیشت. سەیرێکی کردمو منیش بزەیەکم بۆ کرد. لەپڕێکدا هاوارێکی کرد ناژانم میکس، ماکس. شتێك لەویابەتە. لەگەڵ ئەوەی وت دەرگای ژوورەکە کرایەوەو ئاژەڵێك وەك شێر، بەڵام ڕەش هاتە ژوورەوە. تەنگە نەفەس بووم. ئاژەڵەکە دەستی خستە سەر سیستەمەكو قاچی لەسەر زەوییەکە بوو. ئەوکاتە زانیم سەگە. بەڵام چ سەگێك. بەقەد شێرێك دەبوو. پێموت ئەوە گاز ناگرێت؟ وتی تاکاتێك کە من پێی نەڵێم نەخێر. ترسەکەم کەمێ ڕەوییەوە. وتم بەڕاستی سەگێکی جوانت هەیە. وتی حەزت لێیەتی؟ وتم بەڵێ بەڵام لێی دەترسم. وتی مەترسە، تاکەسێ ئازاری نەدات یان من پێینەڵێم هەقی کەسی نییە. کەمێ دەستی هێنا بەسەرو گوێلاکی سەگەکەداو پاشان پێیووتم ماکس وەك مرۆڤ وایە. ڕەنگە باشتریش بێت! وتم هەرچییەك بێت ئەوە سەگە. دەستیکرد بەپێکەنینو وتی خەرجییەکەی لەخەرجی هەموو مرۆڤێك زیاترە. هەموو هەفتەیەك ئەو پارەیی کە بۆتۆم خەرجکردووە دەبێت بۆی خەرج بکەم. هەر کە ئەمەی وت دەستیکرد بەپێکەنینو باوەشی کرد بەسەگەکەدا. ئەوکات تێگەشتم مەبەستی چییە. باوەڕم نەدەکرد، بەڵام زۆر ڕاست بوو. ویستم هەستم ڕاکەم، بەڵام شتێکی بەسەگەکە وتو ئەویش خۆی هەڵدایە سەر سیستەمەکەو...

((کاتێ شیوا گەیشتە ئێرەی بەسەرهاتەکە، ئەوەندە ئەو کارەساتە بەلامەوە سەرسوڕهێنەر بوو بەتەواوی نەمدەتوانی هەناسە هەڵمژم، تەنها گوێم دەگرت, کەمێك تێپەڕی وتم))

- شیوا تۆ ئەمشتانە بەڕاستی دەڵێی؟

شیوا- سەرەتا باوڕپێکردنی بەلامەوە سەخت بوو. بەڵام کاتێ لەگەڵ کوڕەکەدا بوومە ئاشنا بۆم ئاشکرا بوو کە گیتا ڕاستی کردووە.

- تۆش ڕۆیشتیت بۆ ئەوێ؟

شیوا- نەخێر، بۆ ئەوێ نا.

- ئەدی چی؟

شیوا- لەڕاستیدا ئەو شەوەی کە گیتا ئەوشتانەی بۆ گێڕامەوە، زۆر بێتاقەت بووم. ڕقم لەهەرچی کەسە هەستابوو.

- لەدوایدا چی ڕویدا؟

شیوا- هیچ، گیتا دەیووت کاتێك سەگەکە لەکارەکەی تەواو بوو لەسەر سیستەمەکە ڕۆیشتوەتە



Scanned with CamScanner

خوارەوە. دەیووت توشی شۆك بوو بووم. دەیووت کاتێ سەگەکە ڕۆیشتووەو ئاگاداربووم چیم بەسەر هاتووە هەستاوم ڕۆیشتم بەرەو رووی کوڕەکەو بەنینۆك بەربوومە دەموچاوی تاخوێنی لێهاتە دەرەوە. ئەویش دەستیکرد بەهاوارکردن، دوو خزمەتکار هاتن و تاجوڵام جوڵاندمیان، پاشان خستمیانە ناو ئۆتۆمبێلێکەوەو هێنامیان لەوشوێنەدا فڕێیاندام کە تۆی لێوەستابوویت.

((ئەوەندە بێتاقەت بووم جگەرەیەکم پێکرد، شیوا وتی))

- بێتاقەت بوویت؟

- زۆر.

شیوا- گیتا هێشتا ئەو کارەساتەی لەبیر نەچووەتەوە واتە بۆی لەبیر ناکرێت. هەرکاتێك کە بیری دەکەوێتەوە حاڵەتێکی توڕەیی دەیگرێت و دەڕوات لەگەرمادودا هەر لەپەسا ئاو دەکات بەخۆیدا!

- تۆ چۆن لەگەڵ ئەو کوڕەدا ئاشنا بویت؟

شیوا- دە دانە فیلْم بەکارهێنا تا سەرکەوتوو بووم. کابرا زۆر دەوڵەمەند بوو. لەگەڵ هەموو کەسێکدا جۆر نەدەبوو. سەرەتا ئۆتۆمبێلێکی جوانی گرانبەهام لەیەکێك وەرگرت، هەڵبەت بەشۆفێرێکەوە. ماوەیەکی زۆر بەدوایەوە بووین. دەمانزانی چ رۆژێك بۆ کوێ دەچێت و بەرنامەی چییە. کاتێ تەواو شارەزای بووین، دوو سێ جار خۆم پیشاندا تا لەکۆتاییدا بەهەر جۆرێك بوو هاتە پێشەوە بۆ قسەکردن. ئیتر باقەوی تری بمێنێتەوە، بەڵام کڵاوێکی سەیرم کردە سەری و خۆشی پێی نەزانی. خۆشت کۆتاییەکەیت بینی. چەکێکم لێوەرگرت و لەگەڵ شیوادا بەشمان کرد. دووملیۆن پارەی پێدام تابێدەنگ دانیشم. هەڵبەت هێشتا ئاگادار نییە کە چ بەڵایەکم بەسەرهێناوە.

- بۆچی؟

شیوا- تۆڵە، تۆڵەی گیتا! ئەوکارەی کە ئەو لەگەڵ گیتا کردی، هیچ ئاژەڵێك لەگەڵ ئاژەڵێکی تری ناکات.

- ڕاستە، کارێکی ناشرین بووە.

شیوا- ئێمەش مرۆڤێکی ناشرین و پیسین، وانییە؟

- گیتا لەکوێیە؟

شیوا- بێگومان خەریکە دەگری یان ڕۆیشتووە لەگەرماوەکەدا ئاوبکات بەخۆیدا.

- نازانم بڵێم چی، ئەوانەی کە وتت، لەزۆر شوێندا زیاتر لەچیرۆکێ دەچێت تاڵەژیانێکی ڕاستەقینە.

شیوا- ئێمە ژیانێکی پیسمان هەیەو ئێستاش هەمانە. کچێك کە پاکێتی خستە لاوە لەو شتانە



Scanned with CamScanner

لەژیانیدا زۆر رودەدات. یانی ئیدی شتێکی نییە ناوی ژیان بێت.

((لەپڕدا دەنگی شکانی شتێك هات، پاش ساتێك شیوا وتی))

- سیاوەش بەیارمەتیت، لەحزەیەك مۆڵەتم بدە.

((شیوا ڕۆیشت و لەدوا کەمێك گەڕایەوەو وتی))

- ببورە، ئەگەر یارمەتیم بدەی من دەبێت بڕۆم.

- شتێك بووە؟

شیوا- گیتا خەریکە لەچێشخانەکەدا دەگری. تەواوی روخساری خۆی بەنینۆك هێناوەتە خوارەوە.

- کەواتە تازووە بڕۆ. ئەگەر زانیت شتێکم پێدەکرێت پەیوەندیم پێوەبکە.

خوات لەگەڵ.

((ماڵئاوایم لەشیوا کرد، لەدەستی خۆم تورەبووم، کە بۆ پرسیاری وامکرد. نزیکەی کاتژمێر چوارو نیو بوو. پۆشاکەکانم گۆڕیو ڕۆیشتم بۆ ماڵی نیما. زەنگم لێدا، زینەت خان وەڵامی دایەوەو، دەرگای کردەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە. کاتێ گەیشتمە حەوشەکەوە زینەت خان هاتە پێشەوەو وتی نیما لەنهۆمی خوارەوەیە لەمەلەوانگەکەدایە. منیش هەر لەحەوشەکەوە ڕۆیشتمە نهۆمی خوارەوە، مەلەوانگەو ساونای ماڵەکەیان لەوێدا بوو. دەرگاکەم کردەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە، لەبەشی خۆگۆڕینەکە تێپەڕیمو ڕۆیشتمە مەلەوانگەکە. تەماشادەکەم نیما دۆشەکێکی هەوای خستوەتە ناو ئاوەکەوەو لەسەری نوستووە. زۆر جوان نوسبوو. ئاگاداری من نەبوو. لەسەر کورسییەك لەقەراخی مەلەوانگەکەدا دانیشتمو لێی رامام. مایۆیەکی پۆشیبووێ عەینەکێکی رەشیشی لەچاو کردبوو، لەبەر ئەوەی کە ئەوٌ هەتاوەی لەشوشەی سەقفەکەوە دەهاتە خوارەوە چاوی ئازار نەدات. ئەو بەشەی ماڵەکەیان زۆر جوان بوو. واتە هەمو ماڵەکەیان زۆر جوان بوو. نەخشەکەی باوکی نیما خۆی کێشابووی، سەقفی نهۆمی یەکەم هەمووی شوشە بوو.

دانیشتبووم تەماشام دەکرد. لەپڕدا هەستمکرد زۆرم خۆشدەوێت. ئەگەر رۆژێك نەمدیبایە یان گوێبیستی دەنگی نەبومایە وامدەزانی شتێکم لێ ونبووە. هەستام ڕۆیشتم لەقەراخی مەلەوانگەکەدا مشتێك ئاوم پێداکرد. نیما لەناوەڕاستی مەلەوانگەکەدا بوو، ئاوەکەی بەتەواوەتی پێنەگەشت تەنها چەند قەترەیەك ئاوی بەرکەوت، ئەویش هەر بەدەم خەوەوە وتی))

- ئاو هەڵمەدە پەری گیان!

((ئاوڕمدایەوەو سەیرێکی دەورو پشتی خۆم کرد وتم نەوەك جگە لەمن کەسێکی تری لێبێت، بەڵام کەسی لێنەبوو. سێ چوار جار بەتوندیی دەستم کێشا بەئاوەکەدا، ئاوەکە شەپۆلێکی



Scanned with CamScanner

دروستکردو دۆشەکەکەی جوڵاند، نیما وتی))

- مردووِ شۆر ئەو رەفتارە بێتامانەت بەرن بۆ شتن، ئەوەندە شڵپە شڵپ مەکە, نیما ئەمی وت‌و یەکسەر خەبەری بووەوەو عەینەکەکەی لەچاوی داکەند، سەیرێکی منی کردو وتی))

- پەری کوا؟ چیت لەپەری کرد؟

- پەری کێیە؟

نیما- ئەو پەرییە دەرياييەی کە ئێستا لێرە بوو.

- هەستەخەونت بینیوە.

نیما- نە بەگیانی تۆ. هەر ئێستا خەریکبوو بەدەم ئاوی بۆ هەڵدەدام.

- ئەوە پەری نەبوو، من بووم.

نیما- تۆ خەریکبویت بەدەم ئاوت بۆ من هەڵدەدا؟

- نەخێر بەدەست ئاوم بۆ هەڵدەدایت.

((نیما بەدەست وەك سەوڵ دۆشەکی هەواکەی هێنایە کەناری مەلەوانگەکەوەو وتی))

- کەی هاتیت؟

- دە خولەکێك دەبێت.

نیما- خۆت ڕوتکەرەوە وەرە ناو ئاوەکەوە.

- تاقەتم نییە.

نیما- دەڵێم خۆت ڕوتکەرەوە وەرە ناو ئاوەکەوە ئیشم پێتە!

- بەگیانی تۆ تاقەتم نییە.

نیما- تاقەتم نییە چییە؟ وەرە بابگەڕێین بزانین پەری دەریایی بۆ کوێ چووە. بێگومان هەر لەم دەورو بەرەدا لەژێر ئاوەکەدایە. دەرگاکە دابخە بۆ ئەوەی هەڵنەیەت.

- برۆ ونبە.

نیما- ئێستا تۆ خۆت ڕوتکەرەوە وەرە ناو ئاوەکەوە بەڵکو پەیدای بکەین.

- دیسان بەزمە؟ نیما پەری دەریای لێرە چیدەکات؟

نیما- ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟ ئەوە بۆ مانگێك دەچێت من بەدوایدا دەگەڕێم. پێموایە لەبۆری ئاوی مەلەوانگەکەوە هاتووە!

- حەزدەکەم دڵنیابیت کە پەری دەریای هەر درۆیە. وجودی نییە!

((نیما هەر بەو جۆرەی کە لەسەر دۆشکە هەواکە راکشبوو سەیری ناو ئاوەکەی دەرکردو



Scanned with CamScanner

دەیووت))

- بەڵام پەری مەلەوانگە بوونی هەیە. هەروەها زێڕی مەلەوانگەش بوونی هەیە. شاری مەلەوانگەش بوونی هەیە! گۆرانی مەلەوانگەو...

- ئاخ...! توخودا نیما بەسە!

نیما- ئەوەتا! ئەوەتا!

((تا کەوتمە سەر لاو سەیرێکی ئەولام کرد، نیما دەستیگرتمو رایکێشام، منیش بەلادا کەوتمە ناو ئاوەکەوە))

نیما- سیاوەش ئەو نەگبەتە بگرە بۆ ئەوەی لەدەستمان نەچێت تاشتێك دێنم تێیدەکەین.

((نیما ئەمەی وتو لەمەلەوانگەکە ڕۆیشتە دەرەوەو لەسەر کورسییەك دانیشت، هەر لەناو ئاوەکەوە وتم))

- بەڕاستی نیما تۆ شێتێکی تەواویت!

نیما- من یان تۆ وا بەجلەوە ڕۆیشتویتەتە ناو ئاوەکەوە بەدوای پەری دەریایدا دەگەڕێیت؟!

- بێتام، ئێستا چی بپۆشم؟ سەرمام دەبێت.

نیما- کوڕی دکتۆرە! من بەڕووتی لێرەدا دانیشتووم سەرمام نییە. بەڵام خاڵۆ بەجلیشەوە سەرمای دەبێت.

- بەجلی تەڕەوە؟! وەر یارمەتیم بدە بێمە دەروە، جلەکانم قورسە.

((نیما هاتە قەراخی مەلەوانگەکەو دەستیگرتمو هێنامییە دەرەوە. یەکسەر جزدانەکەم دەرهێنا, چانسم هەبوو ئاوی تێنەچوو بوو))

- بەڕاستی نیما گاڵتەی بێتام دەکەیت، ئەگەر ئەو کاغەزانە تەڕببوایە چیمبکردایە؟

((سەیرەکەم نیما دیسان سەیری ناو ئاوەکە دەکات))

- ئەوە نیما سەیری چی دەکەیت؟ شتێکی گیرفانم کەوتوەتە ناو ئاوەکەوە؟

نیما- نەخێر، دەڵێم نەوەك و ببێتە ڕاستو پەری دەریایی لەژێر ئاوەکەدا بێت.

((ڕۆیشتمە پێشەوە بۆ نیماو فڕێمدایە ناو ئاوەکەوە. نیما ڕۆیشتە ژێر ئاوەکەوە، کاتێك هاتە سەرەوە وتی))

- گرتم، بەگیانی تۆ گرتم، وەرە یارمەتیم بدە زۆر نوسە ناگیرێت.

((هەر لەسەرەوە دەستمکرد بەئاو هەڵدان بۆی، نیما وتی))

- وەرە ئاوەوە. ئێستا خۆ تەڕبویت، برۆ مایۆیەك بپۆشەو وەرە ناو ئاوەکەوە.



Scanned with CamScanner

((ڕۆیشتم لەبەشی خۆگۆڕینەکەدا مایۆیەکم لەبەرکردو گەڕامەوە، خۆم هەڵدایە ناو ئاوەکەوە. لەگەڵ نیمادا دەستمانکرد بەمەلکردن، مەلەکردنەکەمان زۆر خۆشە بوو. کەمێك مەلەمانکردو پاشان نیما دەستیکرد بەئازار دانم، سەری دەکردم بەژێر ئاوەکەدا.

((کاتژمێرێك پێکەوە مەلەمانکردو بەگاڵتەو پێکەنینەوە هاتینە دەرەوە. نیما خاولی بۆ هێنام‌و زەنگی بۆ زینەت خان لێدا چای بۆ هێناین، بەڕاستی زۆر بەتام بوو. چای دوای مەلکردن زۆر بەتامە. دوای ئەوە کەمێکی تر گاڵتەمانکرد. کاتێ کە لەلای نیمادا بووم نەمدەزانی کات چۆن تێدەپەڕێ، ئەوەندە بەجوانی‌و بەخۆشی قسەی دەکردو شتی خۆشی دەوت کە مرۆڤ نەیدەزانی لەدنیادا شتێك بەناوی غەم‌و خەفەت بوونی هەیە))



Scanned with CamScanner

# بـــــــەشی دەیەم

((هەر ئەوشەوە دایك‌و باوکی نیما گەڕانەوەو بۆ بەیانییەکەشی باوکی دایکی منیش گەڕانەوە. نیما دەربارەی من‌و یەڵدا قسەی بۆ باوك‌و دایکی کردبوو. باوکی نیماش هەر ئەو شەوە تەلەفۆنی بۆ کاك پرهام کردبوو مۆڵەتی لێوەرگرتبوو بۆ ئەوەی ئێمە دیسان بڕۆینەوە بۆ خوازبێنی یەڵدا. بڕیاربوو بۆ سبەینێ شەوەکەی بڕۆین بۆ ماڵی یەڵدا. منیش بەیانییەکەی ئەوەندە خۆشحاڵ بووم نەمدەزانی چیبکەم. دە جار زیاتر تەلەفۆنم بۆ نیماکردووە. تا نیما فیشەی تەلەفۆنەکەی ماڵەوەیانی دەرهێناو مۆبایلکەشی کوژاندبووەوە.

نزیکەی کاتژمێر شەشی عەسر بوو، من‌و سیما هاوڕێ لەگەڵ دایکم‌و باوکمدا ڕۆیشتین بۆ ماڵی نیما، لەبەر ئەوەی کاتمان هەبێت تاوەکو پێکەوە قسەبکەین. باوکی نیما دەیووت لەخودا بەزیاد بێ هیچ کێشیەك لەئارادا نییەو کاك پرهام وەڵامی دروستی داومەتەوە. زۆر خۆشحاڵ بووم. لەدوای کاتژمێرێك هەموو پێکەوە وەڕێکەوتین بۆ ماڵی یەڵدا، کاتێ چومە ناو حەوشەکەیانەوە، سەیرەکەم یەڵدا لەپشتی پەنجەرەکەوە وەستاوەو تەماشای من دەکات‌و پێدەکەنێت. منیش بزەیەکم بۆ کردو دەستێکم بۆ راوەشاند، ئەویش دەستێکی بۆ راوەشاندم، نیما وتی))

- واز لەگەوجکاری بێنە، هەڵیگرە بۆ دوای زەماوەند.

- بڕۆ بێتام، کاتێ ڕۆیشتینە ژوورەوە دەست نەکەیت بەگاڵتەکردن.

نیما- بهێڵە باجارێ بزانم دەبێت یان نا.

- لاڵ بێت ئەو زمانەت.

نیما- بەدبەخت هێشتا پورێ خان نارازییە.

- ئەدی کاك پرهام نەیوتووە هیچ کێشەیەك نییە؟

نیما- بەڵێ هیچ کێشەیەك نییە جگە لەپورێ خان.



Scanned with CamScanner

- نیما بەڕاستتە؟

نیما- لەوڕۆژەوەی کە یەڵدا دەنگە دەنگی لەگەڵ کردووە ڕۆیشتوەتە ژوورەکەی خۆیەوەو نایەتە دەرەوە. خواردنی ژەمەکانیش هەر لەوێدا دەخوات!

- چ جیاوازیەکی بۆ ئێمە هەیە؟

نیما- هیچ، بەڵام ئەگەر گەورەی ئەو بنەماڵەیە پورێ خان بێت‌و بەزەماوەندەکەش ناڕازی بێت، لەهەمانکاتدا بەشداریی لەمەراسیمەکەدا نەکات. هەم جوان نییەو هەم بۆ بنەماڵەی پرهامیش زۆر ناشرینە. ئێستا وەرە بابڕۆین بەجێیان هێشتین.

((لەدەرگای خوارەوەیان ڕۆیشتینە ژوورەوە. هەموو گەیشتبوونە بەردەمی باڵەخانەکە، بەڵام من‌و نیما هێشتا قسەماندەکرد. هەردووکمان بەخێرایی ڕۆیشتین بۆ لای ئەوان. خزمەتکارەکەیان دەرگاکەی بۆ کردینەوە، ڕۆیشتینە ژوورەوە، دایك‌و باوکی یەڵدا بەڕوویەکی گەش‌و خۆشەوە بەخێرهاتنیان کردین، پاشان پێشوازیانیاکردین بۆ هۆڵی میوانداریی‌یەکە. کاتێ گەیشتینە هۆڵەکەوە سەیرەکەم دایەگەورە لەسەر کورسییەك لەوکورسیانە نوستووە کە وەك بێشکە دەجوڵێت. دایکی یەڵدا بەشەرمەوە وتی))

- داوای لێبوردن دەکەم. دایەگەورە کاتژمێرو نیوێك پێش ئێستا کاتێ زانی ئێوە دێن بۆ خوازبێنی‌و ماڵی کاك زەکاوەتیش ئەرك دەکێشن، هات لێرەدا دانیشت‌و چاوەڕوانی ئێوە بوو. زۆری خۆشدەوێن، بەتایبەتی مینا گیان، ببورە، نیماگیان، بەخودا دایەگەورە ئەوەندە دەڵێت مینا گیان مینا گیان، ئێمەش خومان پێوە گرتووە نیما گیان بەو چەشنە بانگ بکەین.

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین‌و نیما وتی))

- کێشە نییە چونکە خۆشم ماوەیەکە بۆ هەرکوێیەك دەڕۆم خۆم بەمینا دەناسێنم.

((دووبارە هەموو دەستمانکردەوە بەپێکەنین، دایکی یەڵدا وتی))

- ئێستا دایەگەورە وەخەبەر دەهێنمەوە.

((نیما بەپاڕانەوەوە وتی))

- نە توخودا، رای مەچەڵەکێنە! دوایی دووخەو دەبێت، لێگەڕێ باخۆی بەخەر بێتەوە.

((هەمو دستمانکردەوە بەپێکەنین، پاشان هەر لەوێدا لەسەر مۆبێلەکان دانیشتین، لەدوا دوو سێ خولەك یەڵدا کە دەستێك پۆشاکی زۆر جوانی پۆشی بووو قژی زۆر جوان ڕێککردبوو، هاتە ژوورەوەو سڵاوی کرد. هەموو هەستاین وەڵامان دایەوە، پاشان ڕۆیشت لەتەنیشتی دایکیدا دانیشت. پاش کەمێك چایان بۆ هێنایین‌و دەستمانکرد بەقسکردن. باسەکەمان دەربارەی زۆرشت



Scanned with CamScanner

بوو، دەنگمان ئەوەندە بەرزبوو کە دایەگەرە سەری تەکانێکی داو نیما خێرا دەستیکرد بەڕاژەندنی کورسییەکەو لای لایەکردن. هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین. سەیر لەوەدا بوو کە دایەگەورە دووبارە خەوی لێکەوتەوە.

نیما- بابەگیان هێواشتر، ئەوە چیتانە؟

دایکی یەڵدا- نیما گیان وازی لێبێنە باهەستێت.

نیما- نا، نا. ئەو ئێستا لەتەمەنی باڵق بوندایە پێویستییەکی زۆری بەنوستن هەیە!

((دووبارە هەمو دستمانکردەوە بەپێکەنین. لەدوای کەمێك باوکی نیما وتی))

- جەنابی پرهام، ئێمە دووبارە هاتوینەتەوە خزمەتان کە پیشتیوان بەخودا ئەمجارەیان بەبچووکی خۆتان قبوڵمان بفەرموون. ئیتر هەموو شتێك بەدەستی جەنابتە.

((کاك پرهام ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- شانازییە بۆ ئێمە کە لەگەڵ بنەماڵەیەکی بەوچەشنەدا دۆستی بکەین. بەئومێدی خودا لەپەنای یەکدیدا پیردەبن.

((لەگەڵ کاك پرهام ئەمەی وت هەموو دەستیانکرد بەچەپڵە لێدانو دایەگەورە خەبەری بووەوە. نیما خێرا دەستیکرد بەڕاژەندنو لای لایەکردن. بەڵام سودێکی نەبوو. کاتێ دایەگەروە چاوی کردەوەو نیمای بینی بزەیەکی شیرینی بۆ کردو وتی))

- ئەوە مینا گیان هاتیت؟ کەی هاتیت؟

((نیما هەر بەوچشنەی کە کورسییەکەی رادەژند وتی))

- لای لایە لای لایە. بنو دایەگەورەگیان، چاوت لێك نێ با(( خەو))ەکەت نەزڕێت.

دایەگەورە- چاوم لێکنێم لەبەر ئەوەی ((ئاو))ی تێنەچێت؟ بۆچی مەگەر باران دەبارێت؟

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنینو نیما وتی))

- بینیتان؟ ئێستا خۆتان وەرن قسەی لەگەڵ کەن.

دایەگەورە- مینا گیان ئەوانەی کە بڕیاربوو بێن بۆ خوازبێنی هاتن؟

نیما- بەڵێ، دایەگەورە.

دایەگەورە- ئەدی کوان؟ چۆن لەگەڵ تۆدا هاتوون؟ زاوا کێیە؟

((نیما ئاوڕیدایەوە سەیرێکی کردمو وتی))

- وەرە پێشەوە خۆت بەدایەگەورە بناسێنە، دەنا تا شەو دادێ ناوی حازرو غایبەکان دخوێنێتەوە.

((هەستام ڕۆیشتمە بەردەمی دایەگەورەو سڵاومکرد، دایەگەورە وتی))



Scanned with CamScanner

- خۆ ئەمە زیا گیانی خۆمانە. ئەی زاوا کوا؟ لەکوێیە؟

نیما- دایەگەورە زاوا هەر ئەم بێچارەیەیە.

دایەگەورە- زاواکەمان ((بێکارە))؟

نیما- نە بابەگیان ((لەبەرەدستی باوکیدا کار دەکات))

دایەگەورە- ((نیسكو ماش باردەکات، حەماڵە؟))

((لەپڕدا هەموو دەستمانکرد بەپێکەنینو دایەگەورە وتی))

- پورێ خان ئاگادارە کە بڕیارە کەسێکی بەوچەشنە بێتە خوازبێنی یەڵدا؟ زیا گیان بەو چاکییە، ئەندازیاریش بوو رەتتان کردەوە. ئێستا دەبێت یەڵدا ببێتە ژنی حەماڵێك! ((دووبارە هەمو دەستمانکردەوە بەپێکەنین. دایەگەورە لەحاڵێکدا توڕەبوو بوو وتی))

- برۆن پورێ خان بانگ بکەن تابزانێت کە بڕیارە کێ ببێتە هاوسەری برازاکەی. ڕۆیشتووە لەژوورێکدا دانیشتووە کەچی رووبدات؟ پێمووت لەمڕۆژەدا کوڕی باش کەم دەست دەکەوێت، یەڵدا بدە بەزیا گیان کوڕێکی باشە. بەڵام گوێی بۆ نەگرتم. ئێستا دەبێت لێرەدا دانیشینو چاوەڕوانی کاکی حەماڵ بین تاکچەکەمان ببات و بڕوات.

((ئیدی خۆ خەریکبوو لەپێکەنیندا دەمردین، نیما وتی))

- دایەگەورە زاوا حەماڵە، بەڵام لەناو هەزار حەماڵدا تاکە. واتە کاتێ کە سەیری بەژنو باڵای دەکەیت خۆی هاوار دەکات کە سەد ساڵە حەماڵە.

((هەموو دەستیانکردەوە بەپێکەنین. ئاوڕمدایەوەو بەتوڕەییەوە سەیرێکی نیمام کرد. دایەگەورە وتی))

- زیا گیان خەفەت مەخۆ. مەگەر من بمرم بهێڵم ئەو زەماوەندە سەربگرێت.

((پاشان رویکردە دایكو باوکی یەڵداو وتی))

- مەگەر ئێوە شێت بوون وا ئەوەندە بێخەم دانیشتوونو چاوەڕوانن ئاغای حەماڵ بێت بۆ خوازبێنی کچەکەتان؟

نیما- سیاوەش خۆزگە تۆش بڕۆیشتیایەتە قوتابخانەو خوێندەوار بویتایە تا ئێستا دایكو باوکت ڕوو زەرد نەکردایە.

- دیسان شۆخی بێجێتکرد؟!

نیما- من چیبکەم کە ئەمانە کچ بەحەماڵ نادەن.

((دووبارە هەمو دەستیانکرد بەپێکەنین، منیش ئاماژەم بەنیما کرد تا بەجۆرێ دایەگەورە



Scanned with CamScanner

تێگەیەنێت. نیما دەستی دایەگەورەی گرت‌و وتی))

- دایەگەورە، ((زاوا ئەمەیە کە لەبەردەمتدا دانیشتووە))

دایەگەورە- ((زاوا دردەدارەو لوتیشی شکاوە))؟ چیدی؟

((ئەمجارە ئیتر خۆشم پێکەنین گرمی، نیما کە زۆر کەم پێدەکەنی خەریکبوو قاە قاە پێدەکەنی.

نیما- دایەگەورە گیان ئیدی پێمەنێ بەسەر ڕاستییەکاندا، کابرا حەماڵە بەڵام هیچ شوێنێکی نەشکاوە.

((ئەوەندە پێکەنین هەموو خزمەتکارەکان هاتنە ناو هۆڵەکەوە. دایکی یەڵدا لەحاڵێکدا کە ئاو بەچاویدا دەهاتە خوارەوە ڕۆیشت بۆلای دایەگەورەو گۆیەکەکەی هەڵگرت‌و بەدەنگی بەرز مەسەلەکەی تێگەیاند. کاتێ دایەگەورە ئاگاداری مەسەلەکە بووو زانی چەند هەڵەی کردووە، داماوە تەریق بووەوەو بەشەرمەوە وتی))

- توخودا ببەخشن. هەروەك خەو بەری نەدابم وابوو نەمزانی مەسەلە چییە. خودا مەرگم بات ئەبێت چ قسەگەلێکی خراپم کردبێت.

((هەموو دەستیانکرد بەقسکردن لەگەڵ دایەگەورە لەبەر ئەوەی بێتاقەت نەبێت. پاشان دایەگەورە هەستاو هاتە لای منەوەو ماچیکردم‌و وتی))

- لەخودا بەزیاد بێت کە ئێوە ئەو دووانە پێکگەیشتن. بەخودا من هەرکاتێ پورێ خانم دەبینی باسی چاکەی ئێوەم دەکرد.

((زۆر سوپاسم کردو کاك پرهام وتی))

- تەمەنا دەکەم ئەم خۆشی‌و شادییە درێژە بکێشێت‌و بەپشتیوانی خودا خۆشبەخت دەبن.

((پاشان کاك پرهام لەحاڵێکدا کە فرمێسك لەچاوەکانیدا قەتیس مابوو وتی))

- سیاوەش گیان، ئێمە تەنها ئەم کچەمان هەیەو بەڕاستی زۆر لێی بێئاگابووین، سەرەتا دەیسپێرم بەخوداو پاشان بەتۆ. ئاگادارییە.

((سەرم داخست‌و هەموو دەستیانکرد بەچەپڵەلیدان‌و نیما هەستا شیرینی بەسەر هەمواندا دابەشکرد. لەدوای چەند خولەکێك سەیرمکرد باوك‌و دایکی یەڵدا لەسەرخۆ پێکەوە قسە دەکەن. کاتێ زانییان ئێمە هەموو سەیریاندەکەین، کاك پرهام وتی))

- دوای لێبوردن دەکەم، بەڵام دەربارەی مەسەلەیەکی گرنگ قسەماندەکرد.

خۆتان دەزانن شازادەخان گەورەی بنەماڵەن، ئامادەنەبوونی ئەو لەم بۆنەیەدا، دەبێتە هۆی



Scanned with CamScanner

کێشە بۆمان ئەگەر دەکرێت...

((کاک پرهام قسەکەی تەواو نەکردو باوکی نیما وتی))

- ئەگەر تۆ بەچاکی دەزانیت منو جەنابی زەکاوەت بابڕۆین قسەی لەگەڵ بکەین.

کاک پرهام- زۆر سوپاس بەڵام وانازانم سوودی هەبێت.

باوکی نیما- ئەی چۆنە خانمەکان بڕۆن قسەی لەگەڵ بکەن؟ ژنان زووتر لەقسەی یەکدی تێدەگەن.

دایکی یەڵدا- سوودی نییە. پوریّ خان ڕەوشتێکی سەیری هەیە. گوێ بۆ کەس ناگرێت. ئەم چەند وەختە قسەی لەگەڵ کەسماندا نەکردووە. هەرچەند لەپشتی دەرگاکەوە بانگمان کردووە وەڵامی کەسمانی نەداوەتەوە. دەرگای ژوورەکەی تەنها بۆ خزمەتکارەکان دەکاتەوە.

((تێدا مابووم کە دەبێت چی بکرێت. لەدڵی خۆمدا هەر خودا خودام بوو، دەترسام لەسەر ئەو کێشەیە زەماوەندەکەمان تێک بچێت. ئاوڕمدایەوەو سەیری نیمام کرد کە خەریکبوو پرتەقاڵی پاکدەکرد. ئەوەندە ڕقم لێی هەستابوو کە باس ناکرێت. هەروەك ئەوەی کە هیچ ڕووینەدابێت. زۆر لەسەرخۆ پرتەقاڵەکەی پاککرد، خوێی پێوە دەکردو خۆی قاشێکی لێدەخواردو قاشێکیشی لێدەدا بەدایەگەورەو قاشێکی تریش بەسیما! ئەوانیش بەخەیاڵی ئاسوودە لێیان وەردەگرتو دەیانخوارد. پرتەقاڵەکە تەواو بوو، پرتەقاڵێکی تری هەڵگرت. حەزمدەکرد شتێك بڵێم بەدەموچاویەوە. تەنها خەیاڵی لای پرتەقاڵ پاککردن بوو. لەپڕدا زانیم کە دایكو باوکی یەڵداش تەماشای نیما دەکەن. ئاوڕمدایەوە بەملادا سەیرەکەم هەموو سەیری نیما دەکەن. پێموابوو تەنها لەبەر پرتەقاڵ خواردنەکەیەتی کە هەموو سەرنجیان چوو بووە سەر نیما، نیماش هەر بەدەم پرتەقاڵ پاککردنەوە کە سەری داخستبوو وتی))

- هەر لەخۆتانەوە لەمن مەڕوانن. پوریّ خان تەنها گوێ بۆ قسەی یەك کەس ناگرێت ئەو کەسەش منم. بیرتان چوو کە ماوەیەك پێش ئێستا خەریکبوو دادگایی دەکردم؟

کاک پرهام- بەپێچەوانەوە. تا ئێستا کەسێك توانیبێتی پوریّ خان بخاتە پێکەنین تۆبوویت مینا گیان! ببورە نیماگیان.

نیما- زۆر سوپاس، دەستت خۆشبێت.

کاک پرهام- وەڵڵاهی تاوانی دایەگەورەیە ئەو ناوەی خستوەتە سەر دەمی ئێمەش. باوڕبکە نیماگیان من خۆم چەندجارم لەدەمی پوریّ خان بیستووە کە وتویەتی «مینا گیان»و پێکەنیووە. پێموایە ئەگەر تۆ قسەی لەگەڵ بکەیت ئارام دەبێتەوە.



Scanned with CamScanner

((هەموو دەستیانکرد بەپشتیوانیکردن لەقسەکەی کاك پرهام، منیش سەرم راوەشاند کە لەپڕدا تونکلێکی پرتەقاڵ کێشای بەسەرمداو نیما وتی))

- ئاخر ئاکەی من خزمەتت بکەم؟ ئەوەندە کارم بۆتۆ کردووە کارم بۆ کۆمپانیاکەی باوکم نەکردووە هێشتا پارەشم پێدەدا. بەڵام تۆش ئەوەندە ناپیاویت کە من دەمەوێت قسە لەگەڵ سیماخان بکەم، تۆ هەر پشگیریی لەمێرولەکانو هەنگەکان دەکەی.

((هەموو تێدا مابوون کە نیما باسی چی دەکات، تەنها منو سیما پێدەکەنینو بەنیمام وت))

- ئەمجارە بەڵێنت پێدەدەم کە ئیدی پشتگیریان نەکەم.

نیما- نابێت، دەبێت بڵێیت هەموو مێرولەکانو هەنگەکان ژن دەهێنن. تەنها ژنێکیش نە یەکی دوو سێیەك.

- باشە هەرچییەك تۆ بیڵێیت.

کاك پرهام- بۆچی هەنگیش ژن دێنێت؟

نیما- ئاگاتان لێیە کاتێ سەرەی من دێت تەواوی مێرولەکانو هەنگەکانی دونیا ژیانی سەڵتی هەڵدەبژێرن، بەڵام کاتێ سەرەی سیاوەش دێت هەموویان دەڕۆن بۆ

ماڵ پێکەوە نان؟ مادام وای لێهات من ناڕۆم قسە لەگەڵ پوریێ خان بکەم. چونکە مێرولەکان ژن ناهێنن پێویس ناکات سیاوەشیش ژن بێنێت.

((هەموو حەپەسا بوون نەیاندەزانی باسی چیدەکات، تامن مەسەلەکەم بۆ گێرانەوە، ئەوانیش خەریکبون دەمردن لەپێکەنیندا))

کاك پرهام- تۆ ئەو کارەبکە، من بەڵێنت پێدەدەم کە لەگەڵ سیما گیاندا قسە بکەمو قایلی بکەم زووتر زەماوەندت لەگەڵ بکات.

نیما- ئەها! ئەو قسەیەم بەدڵە.

((نیما ئەمەی وتو هەستاو ڕۆیشت بۆلای قادرمەکانو وتی))

- یەکێك بێت ژوورەکەی پوریێ خانم پیشانبدات.

((یەڵدا هەستا))

نیما- سیاوەش تۆش هەستە.

- من بێم چیبکەم؟

نیما- ناتەوێت ژن بهێنیت؟

- با دەمەوێت.



Scanned with CamScanner

نیما- کەواتە هەستە. چونکە شەوی چلەت خۆشدەوێت، دەبێت بەرگەی ساردیی و گەرمییەکەشی بگریت. هەستە من بەتەنها ناتوانم حەریفی پورێ خان بم.

((هەستام و لەگەڵ یەڵداو نیمادا ڕۆیشتمە سەرەوە، یەڵدا ژوورەکەی پورێ خانی پیشانداین و نیما پێیووت تۆ بڕۆ خوارەوە. کاتێ یەڵدا ڕۆیشتە خوارەوە نیما پێیووتم))

- هەرکارێکم کرد، یان هەر قسەیەکم کرد، تۆ دەنگت لێوە نایەت ها!

- باشە، بەڵام بۆچی وتت وەرە؟

نیما- ئەگەر تۆم لەگەڵ بی دڵم بەهێزتر دەبێت، بەڵام ئەگەر من شتێکم وت و تۆ ویستت ئامۆژگاریم بکەیت دەکێشم بەدەمتا!

- بێئەدەب.

نیما- وسس. لێرە وەستا منم.

((ڕۆیشتینە بەردەمی ژوورەکەی پورێ خان و نیما لەدەرگای دا. سەرەتا کەس وەڵامی نەدایەوە، نیما دووبارە لەدەرگای دایەوەو پورێ خان زۆر بەوشکی و توڕەییەوە وتی))

- بەڵێ.

((هەر کە پورێ خان وەڵامی دایەوە، نیما وەك ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا قسەبکات، بەڵام بەجۆرێك کە پورێ خانیش بیبستێت وتی))

- ئەوە شازادەخان نییە. دەنگی شازادەخان ئەوەندە لاواز نەبوو.

((لەپڕدا پورێ خان بەدەنگێکی هێمن تر وتی))

- بەڵێ نیما ئەفەندی، فەرمایشتێکت هەبوو؟

نیما- سڵاو عەرزدەکەم لەخزمەتی شازادەخاندا. دەنگت گیراوە؟ سەرمات بووە؟

پورێ خان- بەڵێ، ڕێك و ڕاست زۆر ماندووم.

نیما- بەپشتوانی خودا چاك دەبیتەوە. بڕۆم پەرداخێك ئاوی گەرمت بۆ بهێنم؟

پورێ خان- نەخێر، سوپاس. فەرموو چ فەرمایشتێکت بەمن هەبوو؟

نیما- لەخوارەوە زۆر چاوەڕوانمان کردیت تەشریفت نەهێنا. هەر لەبەرئەوەش بوو هاتمە خزمەتتان تابزانم هیچ رووینەداوە.

((پورێ خان بۆ چرکەساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- تۆ نازانیت هۆی غایب بوونم چییە؟

نیما- بێگومان وانەکانت نەنوسیوەتەوەو ناچار بوویت دەوام نەکەیت.



Scanned with CamScanner

((دەنگی پێکەنینی لەسەرخۆی پوریّ خان هاتو خێرا نەما، پاشان وتی))

- نیما ئەفەندی تۆ بۆ گاڵتەکردن هاتوویت؟

نیما- ئێمە هەمووومان بەحوکمی گاڵتەیەکەوە هاتوینەتە ئەم دونیایەوە. مەگەر ژیان هەمووی گاڵتەیەکی گەورە نییە؟

((پوریّ خان هەروەك ئەوەی لەناو دونیای بیرکرنەوەدا بوبێت لەدوای کەمێك وتی))

- لەوانەیە.

نیما- بەڵام هەر گاڵتەکردنێك لەکاتی خۆیدا سەیرو پێکەنیناوییە.

پوریّ خان- نەوەك لەهەموو کاتێکدا.

((دەنگی پوریّ خان نزیکترو بەرزتر بووەوە. هەروەك هاتبێتە پشتی دەرگاکەوە. نیما بزەیەکی بۆ کردمو وتی))

- شازادەخان لەبیرتە؟ چەند ساڵێك پێش ئێستا، ڕۆژێکیان لەناو ئۆتۆمبێلەکەمدا دانیشتبوومو دەنگی تەسجیلەکەم زیادکردبوو، تۆش لەبەردەرگاکەتاندا وەستابویت؟ لەبیرتە ئەمرت پێکردم کە دەنگی تەسجیلەکە ئەوەندە لێبەکەم کە تەنها خۆم بیبیستم. لەبیرت دێت چیم پێوتیت؟

پوریّ خان- لەبیرمە، وتت حەزدەکەم بەدەنگی بەرز گوێ لەگۆرانی بگرم.

نیما- بەڵام ئێستا دەنگی تەسجیلەکەم ئەوەندە لێدەکەم کە تەنها خۆم بیبیستم.

((پوریّ خان دووبارە بێدەنگ بوو))

نیما- لەوکاتەداو لەوتەمەنەدا، پێمخۆشبوو بەوجۆرە بژیم، واتە ئەو جۆرە ژیانەم پەسەند دەکرد. بەڵام ئێستا نە. ئێستا ئەگەر بەهێزترین تەسجیلی دونیام پێبدەن جیاوازییەکی بۆم نییە، چونکە دەنگی کز دەکەم. ڕۆژانێك بوو، ئەوکاتەی کە زۆر منداڵ بووم، شەوانە دەڕۆیشتمە سەر سەربانەکەمانو نیگای ئەستێرەکانم دەکرد. تێڕامانی هەر ئەستێرەیەك یان نیگاکردنی هەریەکەیان مانایەکی تایبەتی بۆم هەبوو. بۆ هەریەکێ لەو ئەستێرانە ناوم دانابوو. هەموویانم خۆشدەویست، بەڵام دڵم بەوانە دەسوتا کە ڕووناکیان کەمبوو. وامدەزانی ئەوانە منداڵترن. حەزمدەکرد بەهەرجۆرێك بێت بڕۆم بۆ ئاسمانو چەند دانە لەو ئەستێرانە بچنمو لەگەڵ خۆمدا بیهێنمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. زۆر ئاوازە بوون. بەخۆمم دەوت ئەگەر ڕۆژێك هاتو ڕۆیشتم چەند ئەستێرەیەکم هێنا، بێگومان کەمێك هەوریش دێنم تائەستێرەکانی بخەمەسەر بۆ ئەوەی خراپ نەبن. منداڵی چ دنیایەکە! پڕە لەڕاستییە درۆینەکانو درۆ ڕاستییەکان! منداڵێکی پاکی شەیتان، یان شەیتانێکی بچووکی پاك. حسابی ئەوەم کردبوو کە هەر گیرفانێکم چەند ئەستێرە دەگرێت. دەمتوانی هەزار شتیان پێ



Scanned with CamScanner

دروستبکەم. ئاخ شازادەخان چ کەیفێکی دەدامێ. هەموویان هینی خۆم بوون، چونکە من بەرچاوم کەتبوون. دەمویست گەورەکانیان بلکێنم بەسەقفی ژوورەکەمەوەو ئەوانەشی کە بچووکن لەگەڵ خۆمدا ببردنیایەتە ژێر بەتانییەکەمەوە تا رووناکی بکەنەوە.

کاتێك ڕۆیشتمە قوتابخانەوەو ئاگاداربووم کە هەریەك لەو ئەستێرانە رەنگە دوو سێ ئەوەندەی گۆی زەوی بێت، وتم مامۆستاکەمان لەخۆیەوە وادەڵێت. پێموابوو دەیەوێت بیانچنێتەوە بۆ منداڵەکانی خۆی. کاتێ لەباوکمم پرسی‌و وتم مامۆستاکەمان وادەڵێت ڕاستدەکات یان نا، ئەویش وتی بەڵێ ڕاستدەکات. ئیدی لەدوای ئەوە، بەشەودا نەدەڕۆیشتم بۆ سەربان‌و نیگای ئەستێرەکانم نەدەکرد. ئیدی خۆشمنەدەویستن، ئیتر خۆشمنەویستن تا ئێستا. بەڵام ئێستا خۆشمدەوێن‌و دەمەوێت شەوانە نیگایان بکەم. بەڵام بەتەنها نا. ئێستا خۆشمدەوێن‌و دەمەوێت شەوانە نیگایان بکەم بەڵام لەگەڵ ئەوکەسەدا کە خۆشمدەوێت‌و لەهەمانکاتدا ئەویش وەك من نیگای ئەستێرەکان بکات.

رەنگە دەساڵی تر، هەتا لەگەڵ ئەو کەسەشدا کە خۆشمدەوێت حەزنەکەم بڕۆم بۆ سەربان‌و نیگای ئەو ئەستێرانەی منداڵی‌و لاوێتیم بکەم.

من ئێستا ئەوەم دەوێت کە ئەمڕۆ دەمەوێت! رەنگە بەیانی ئەوەم نەوێت کە ئەمڕۆ دەمەوێت.

((نیما ئەمەی وت‌و بێدەنگ بوو. لەودیوی دەرگاکەشەوە دەنگێك نەدەهات، ویستم بەنیما بڵێم ئەوە باسی چیدەکەیت کە پورێ خان وتی))

- ئێستا ئەستێرەیەك هەیە کە خۆشتبوێت؟

نیما- هەیە، بۆ ئەمڕۆ هەیە. تۆچی؟ تۆ ئەستێریەك هەبوو کە خۆشبوێت‌و حەزبکەیت لەئاسمانی بکەیتەوەو بیبێتە هینی خۆت‌و بۆ سەردەمێك لێی بروانیت؟

((پورێ خان دووبارە بێدەنگ بوو، پاش کەمێك وتی))

- هەبوو.

نیما- لێتکردەوە.

پورێ خان- نەخێر.

نیما- تەنها نیگات کرد؟

پورێ خان- کەمێك.

نیما- بۆچی؟

پورێ خان- نەدەبوو.

نیما- دەبوو، تۆ نەتویستووە. ئەگەر من بوایەم لەجیاتی تۆ دەمچنییەوە. ئێستا ئیتر ئەو



Scanned with CamScanner

ئەستێرەیە هیچکات نابێتە هینی تۆ.

پوریێ خان- زۆر لێم دوور بوو.

نیما- تۆ بەوجۆرە هاتوەتە پێش چاوت. لەوکاتەدا تەنها ئەوەندە بەس بوو کە دەستت درێژبکردایە تاخۆی بکەوتایەتە ناو دەستتەوە. ئێستا ئیتر ئاسمانیش هینی تۆ نییە.

((نیما ئەمەی وت‌و کەمێك لەدەرگاکە دوورکەوتەوە، پاشان گەڕایەوەو وتی))

- بەڵام هێشتا هەم ئاسمان هەیەو هەم شەوو هەم ئەستێرە. ماڵئاوا شازادەخان!

((نیما لەدوای ئەوە دەستی راکێشام‌و وەڕێکەوت. ئەوەندە لەدەستی قەڵس بووم کە بڵێم چی؟ هەرکە گەشتینە سەر قادرمەکان دەستم راتەکاندو وتم))

- ئەوانە چیبوو وتت؟ تۆم هێنا بۆ ئێرە قسە لەگەڵ پوریێ خان بکەیت یان شەڕە ئەستێرە بکەیت؟

نیما- وەرە بابڕۆین من قسەی خۆمم کرد.

- مردوشۆر ئەو قسەکردنەت بەرێت کوڕ! تەنها وشەیەکت دەربارەی من‌و یەڵدا نەوت.

نیما- وەرە بابڕۆین، قسەم کرد، تۆ تێنەگەیشیت.

- ملت بشکێت بۆ خۆت‌و ئەو قسەکردنەت!

((نیما تەنها بزەیەکی بۆ کردم‌و لەقادرمەکان ڕۆیشتە خوارەوە, بەدوایدا ڕۆیشتم. نیما کاتێ گەیشتە دوایین پلەی قادرمەکە ڕاوەستا. هەموو هەستان‌و سەیریان دەکرد. هەموو چاوەڕوان بوون تابزانن چیبووە. بزەیەکی بۆ هەمووان کردو ئاوڕیدایەوەو سەیرێکی سەرەوەی کرد. هەروەك خۆی ڕاوەستایەوە. هاتم لەتەنیشتیدا ڕاوەستام، ویستم قسەی پێبڵێم کە دەنگی قوفڵی دەرگاکەی پوریێ خان هات. پاش کەمێك پوریێ خان لەسەر قادرمەکان بەرچاوکەوت. حەپەسابووم! نیما ڕۆیشت‌و دەستی پوریێ خانی گرت‌و پێکەوە لەقاردمەکان هاتنە خوارەوە. هەموو هەستانە سەرپێ بەڵام بێدەنگ بێدەنگ. وەختێ گەشتە بەردەمم سڵاوم لێکردو ئەویش بزەیەکی بۆ کردم‌و بە بەردەممدا تێپەڕی. یەڵدا یەکسەر هاتە پێشەوەو ئامێزی بۆ کردەوە، پوریێ خان تێر یەڵدای لەئامێز گرت‌و وتی پیرۆزە. لەپڕدا دەنگی پێکەنین‌و چەپڵە لێدان بەرز بووەوە. خۆشم نەمدەزانی چیبووە کە نیما هاتە تەنیشتمەوەو وتی))

- ئێستا بۆت ئاشکرابوو کە دەربارەی تۆ قسەم کردووە؟ تەنها لەوە دەترسام کە باش قسەم نەکردبێت.

- بۆچی تۆ چیت پێوت وا هاتە دەرەوە؟



Scanned with CamScanner

نیما- ئەوەی کە دەبوو بموتایە. ئەستێرەکان!

- باشە تۆ هەر ناوی یەك ئەستێرەت لەبەرە؟

((نیما هەر بەو شێوەیەی کە دەڕۆیشت بۆ ئەو شوێنەی کە سیمای لێی دانیشتبووو سیماش بەجۆرێکی زۆر تایبەت لەنیمای دەڕوانی، نیما وتی))

- بۆچی نازانم. زوهرە، ناهید، پەروین، شاهین، شەرارە، تەرانە. هینی کەش بڵێم؟!

•

((بۆ بەیانییەکەی کاتژمێر هەشتبوو کە لەخەو هەستام. ئاوێکم کرد بەخۆمداو ڕۆیشتمە خوارەوە نانی بەیانیم خوارد. پاشان لەگەڵ باوکمدا ڕۆیشتم بۆ سەرکار. پشوو تەواو بوو بوو. تا کاتژمێر دوو لەکۆمپانیابووم. یەك دوو جارێ بەتەلەفۆن قسەشم لەگەڵ نیماکرد. بڕیارماندا ئەگەر سیما لیشی نەبوو عەسر بڕۆین بەدوای یەڵداداو پێکەوە نانی ئێوارە لەدەرەوە بخۆین. کاتژمێر دوو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، تازە نانی نیوەڕۆم خواردبوو، وتم باتەلەفۆنێك بۆ شیوا بکەمو مەسەلەی خوازبێنییەکەی بۆ بگێڕمەوەو پێی بڵێم کە هەموو شتێك بەخۆشی کۆتایی هاتووە. هەر کە تەلەفۆنەکە یەکەم زەنگی لێدا شیوا وەڵامی دایەوە))

- چۆنی شیوا، ئەوە لەلای تەلەفۆنەکەدا دانیشتبوویت؟

شیوا- بەڵێ، لەپێرێ شەوەوە چاوەڕوانم.

- شتێك بووە؟

شیوا- دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم.

- بەڕێکەوت منیش دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم. خودا حەزکات خەریکە هەموو شتێك بەخۆشی کۆتایی دێت. ماڵی یەڵدا بەهاوسەرگیرییەکەمان قایل بوون.

شیوا- پیرۆزبایت لێدەکەم، ئومێدەوارم پێکەوە پیربن، خۆشبەخت بن.

بۆتان دەپاڕێمەوە تاهەمیش لەژینتاندا شادبنو هیچ غەمێك ڕێ بەژیانتان نەبات.

- زۆر سوپاس. بێگومان بۆ زەماوەندەکەمان بانگهێشتت دەکەم. خۆ دێیت؟

شیوا- ئەگەر لێرەبم، بێگومان.

- بۆچی بڕیارە بۆ شوێنێك بڕۆیت؟

شیوا- ڕەنگە.

- بۆکوێ؟

((شیوا تەنها پێکەنی))



Scanned with CamScanner

- بێگومان لێرەدەبێت و دێیت بۆ زەماوەندەکەشمان.
شیوا- سیاوەش بیرت نەچێت با دە منداڵتان ببێت.
- دە منداڵ؟ یەك دانە بەسە.
((دووبارە شیوا پێکەنی، وتم))
- باشە دەی؟
شیوا- چی دەی؟
- پاشماوەی داستانەکە.
((شیوا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))
- واتە کۆتایی داستانەکە.
- بەڵێ، کۆتایی داستانەکە.
((شیوا دووبارە بێدەنگ بوو، پاشان دەستپێکرد))
شیوا-
مەرگی من هاکا رۆژێ لەناکاوا گەیشت
لەبەهاری رۆشن و لەشەپۆلەکانی نوورا
لەزستانی غوبارو ئالوودەی دووریيا
یاخەزانێکی رووت لەهاوارو خرۆشان

مەرگی من رۆژێ لەناکاوا دێ
رۆژێك لەم رۆژە تاڵاو شیرینانە
رۆژێکی پوچە وەك رۆژەکانی دی
سێبەری ئەمڕۆو دوێنێکانە
((شیوا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو))
- ئەلو. شیوا!
شیوا- هێشتا لێرەم.
- بۆچی ئەوەندە نائومێدیت؟
شیوا- ئاخر دەزانیت هەموو شتێ لەسەرەتاوە دووبارەی دووبارەیە؟
((هیچم نەوت))



Scanned with CamScanner

شیوا- وەک لەدایکبوون، وەک دەستپێکی داستانێک، وەک بەڕێگادا ڕۆیشتنێک، وەک شیعر!

مرۆڤ هەمیشە وا دەزانێت کە خۆی یەکەمە، بەڵام وەختێ بەکۆتاییەکەی دەگات، دەزانێت کە یەکەم نەبووەو زۆر کەسی تریش هەمان کاریانکردووە. هەموو شتێک هەمووی دووبارە دەبێتەوە. کاتێکیش کە دووبارە بووەوە مرۆڤ پوچ دەبێت. وەک ناوێک، وەک وشەیەک. ئەگەر هەرکامێکیان پانزە جار لەبەر خۆتەوە بیڵێیتەوە واتە دوبارەی بکەیتەوە، ماناکەی لەدەستدەدات و تێدەگەیت کە چەند پوچە.

- هەمووشتێک بەوچەشنە نییە.

شیوا- بێگومان دەتەوێت بڵێیت وەک عەشق، وەک خۆشەویستی. ئەوانە لەهەموو شت دووبارە ترن. من خۆم چەندەها جار تاقیمکردوەتەوە. هەرکەسێکم پێگەشت، سەرەتا عاشقم بوو. پێمیوت خۆشمدەوێیت. دەیویست هەمیشە لەگەڵم بێت و رزگارمبکات، بەڵام هەمووشتێک دووبارە دەبێتەوەو کۆتاییەکەی پوچە.

ئەوانەی بێئەزموون بوون ئەمەیان نەدەزانی، بەڵام من دەمزانی، چونکە چەندەها جار لێم دووبارە بوو بووەوەو پوچ بوو بوو. وەک چەرخ و فەلەک. تەنها سوڕی یەکەم و دووەمی لەزەت بەخشەو تامێکی بۆ مرۆڤ تێدایە، ئەوی دیکەی بەبێ هۆ سوڕانەوەیە!

- بەڵام هەمووان وەختێ سوار دەبن لەزەتی لێدەبەن.

شیوا- بەڵێ، بەڵام لەخێراییەکەیی، لەتوند سوڕانەوەکەی. رەنگە لەبەر ئەوەشبێت کە زووتر سوڕەکان تەواو بێت و دابەزن!

((شیوا دووبارە بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

شیوا-

دییەکانم وەک داڵانی لێڵا

کوڵمەکانم وەک مەرمەڕی سارد

بێئاگا هاکا خەوێ بردمییەوە

من ئەمە جەستەیەک لەهاوارو ئازار

((شیوا دیسان بێدەنگ بووەوە تامن ویستم شتێ بڵێم ئەو وتی))

- سیاوەش! ئەگەر شتێکت لێبپرسم ڕاستییەکەیم پێدەڵێیت؟

- بێگومان.

شیوا- دەزانم تۆ هەرگیز درۆ ناکەیت.



Scanned with CamScanner

- بپرسە.

شیوا- ئەگەر حاڵم بەمجۆرە نەبوایەو کچێکی ئاسایی بوایەم وەك یەڵدا، تۆ خۆشدەویستم؟ یانی من ئەوەندە جوانم کە تۆ عاشقم ببیتو بتەوێت زەماوەندم لەگەڵ بکەیت؟

((حەزمنەدەکرد درۆی لەگەڵ بکەم. بیرمکردەوەو شیوایەکی پاکم هێنایە پێشچاوی خۆمو وتم))

- بەڵێ شیوا.

شیوا- دەزانم درۆ ناکەیت، بەڵام دیسان دووبارەی دەکەمەوە، چونکە دڵم تەنها ڕاستی دەوێت.

- بەڵێ شیوا، بێگومان.

((شیوا بۆ چرکەساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

شیوا-

بەئارامی ئەخشێت بەسەر دەفتەرەکەما

دەستەکانم بەتاڵە لەسیحری شیعر

وەبیرمدێتەوە کە لەدەستەکانما

ڕۆژگارێك پرشنگی دەدایەوە خوێنی شیعر

خۆزگە بەمجۆرە نەبوایە، خۆزگە ئەم چارەنوسە چارەنوسی کەسێکی دی بوایە. بریا چارەنوسی یەڵدا بوایە. خۆزگە یەڵدا من بوایەو منیش یەڵدا.

((شیوا دووبارە بێدەنگ بوو، لەپاش کەمێك وتی))

شیوا- سیاوەش ببخشە، قسەی دڵمم کردو نەترسام لەوانەی وتم. هیچ شەرم ناکەم لەوەی کە چەند وەختە لەدڵمدایەو ئێستا بەزمان وتم.

لەڕاستیدا حەزناکەم یەڵدا لەجێگای مندا بێت. حەزمدەکرد خۆم بوایەمو لەجێگەی یەڵدادا. ڕاستە ئەوکاتەش هەر دووبارە دەبوو، بەڵام دووبارەیەکی شیرین دەبوو نەك دووبارەیەکی تاڵ.

((شیوا دیسان بێدەنگ بوو، من هیچم نەوت، ئەو وتی))

شیوا-

دوای من لەناکاوا بەلایەکا ئەڕۆن

پەردووە لێڵەکانی دونیای من

چاوە نەناسراوەکان ئەخشێن

بەڕووی کاغەزو دەفتەرەکانی من

ڕۆژێك بوو دەمویست باشترین بم. ڕۆژێك بوو دەمویست کارێك بکەم کە تائەوکات کەس



Scanned with CamScanner

نەیکردبێت. رۆژێك بوو دەمویست لەناو هەمووکەسێکدا تاك بم. بەڵام نەبوو.

((دووبارە بێدەنگ بوو پاشان وتی))

- رەنگە ئێستاش کارێکم کردبێت کە تا ئێستا کەس نەیکردبێت!؟

((پاشان لەپڕدا دەستیکرد بەهاوارکردن))

- نەخێر، من دەمویست کارێکی باش بکەم نەك کارێکی خراپ. من دەمویست لەباشیدا یەکەم بم. من دەمویست کارێك بکەم کە سەد ساڵ لەدوای مردنیشم هەرکەسێك بیزانێت ئارەزووبکات لەجێگە من بوایە!

((پاشان لەسەر خۆ وتی))

- دەمویست شتێکم لێ بەجێ بمێنێت کە هەرکەس بیبینێت یان بی خوێنێتەوە ئیرەیم پێبێات. بەڵام ئێستا چی؟!

شیوا- دەمویست هیچ کەس نەتوانێت جێگەی من بگرێتەوە. دەمویست وەختێ کە نیم جێگەم خاڵی بێت، بەڵام ئێستا!؟

شیوا- حەزمدەکرد ماڵم هەبێت، کەسێکم هەبێت کە چاوەڕوانم بێت، بۆ هەمیشە. حەزمدەکرد منداڵی وام لێ بەجێبمێنێت هەمیشە چاوەڕانم بن. حەزمدەکرد وەختێ کە نیم ئەوان بەغەمو حەسرەتێکی زۆرەوە بیرم بکەن. حەزمدەکرد وەختێ نەبم یادم لەهەموو جێگەیەکدا هەبێت.

بەگوژم ئەڕوات زۆر بێئۆقرەیە

رۆژەکانو هەفتەکانو مانگەکان

چاوی تۆ لەچاوەڕوانی نامەیەکا

رائەمێنێ لەسەرچاوەی رێگەکان

ئێستا ئیتر هیچ کام لەوانە جیاوازییەکی بۆم نییە. ئەگەر بەو چەشنەش بوایە کە ئاواتم بوو، هەر دووبارە بوو. ئێستا ئیدی دووبارە بونەوەش جیاوازییەکی بۆم نییە. واتە ئیتر کاتم نەماوە کە جیاوازی هەبێت یان نا.

مرۆڤ بۆ دەستپێکی هەرکارێك لەسەر خۆیە، بەڵام وەختێ لەکۆتاییەکەی نزیك دەبێتەوەو کاتی نامێنێت، زۆر بەپەلەو بەبێ ئۆقرەیی کارەکەی تەواو دەکات. بۆ؟ چونکە ئێمە هیچ کات لەژیاندا حسابات بۆ کات نەکردووە. رابردوشمان بینیوەو خۆمان لێ گێل کردووە. وەك زۆر شتی تر کە لەپێش چاوماندا بوو و دەمان بینیو خۆمان لێ کەڕو کوێر دەکرد. لەبیرمە جارێکیان کچێك تەمەنی چواردە پانزە ساڵ دەبوو لەماڵەوە هەڵاتبوو. بەڕێکەوت لەشوێنێکدا توشم هات. شوێنێکی



Scanned with CamScanner

باشیش نەبوو. شوێنێك بوو کە ئەگەر بۆ تەنها شەوێك لەوێ بمایایەتەوە ئیدی بەکەڵکی کەس نەدەهات. وەختێ زانیم کە هەر ئەوشەوە لەماڵەوە هەڵاتووە، پێم خۆشبوو چونکە دەمزانی کە کەسێکی تریش وەك من بەدبەخت دەبێت.

قسەم لەگەڵ کردو پێکەوە زۆر پێکەنین. سەرم زۆر خستە سەری‌و گاڵتەم زۆر لەگەڵ کردو خستمە پێکەنین، بەجۆرێکم لێکرد وتم باوابزانێت ئەگەر دەست بکات بەوکارە هەمیشە کەیف دەکات‌و لەزەت دەبات. مۆبایلەکەمم پێ پیشاندا، کارێکم کرد کە چاوی بکەوێت بەو هەزاریانەی کە لەناو کیفەکەمدا بوون.

سەیری کردو هەناسەی بۆ هەڵدەکێشا. منیش خۆشحاڵ دەبووم. چونکە دەمبینی کە چ زەوق‌و شەوقێکی هەیە بۆ ئەوەی کە زووتر بێچارە بێت.

ئەویش دووبارە بوو. دووبارە بونەوەی من. دووبارە بونەوە پێش من!

- شیوا ئەویش کەوتە سەر ئەو ڕێگەیە؟

((شیوا کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- نازانم بۆچی لەپڕدا گەردی غەم لەدڵم نیشت، روخساری خۆمم لەڕوخساری ئەودا بەدی دەکرد. پێکەنینەکەی وەك گریانەکانی کۆتایی شەوم وابوو! بەبۆنەی شتێکەوە لەژوورەوە هێنامە دەرەوە. پێموت دەتبەم بۆ شوێنێك کۆمەڵێك دەوڵەمەندی لێیە ناهێڵن بۆ ساتێك بێتاقەت ببیت، ئەویش قبوڵی کرد، بەدزییەوە لەوماڵە هاتینە دەرەوە. بردمە شوێنێکی چۆڵەوە. کەلاوەیەك بوو. لەکیفەکەمدا کەتەرێکم دەرهێناو خستمە سەر ملی! رەنگی وەك گەچی لێهات. وتم یان ناونیشانی ماڵەکەتا دەڵێیت یان دەماری ملت دەبڕم. لەڕاستیدا خۆی تەڕکردو بە پتە پت ناونیشانی ماڵەکەیانی وت. خستمە ناو تاکسییەکەوەو خۆشم لەتەنیشتیدا دانیشتم تابەردەرگاکەیان. باوك‌و دایکی‌و براکانی رژان بەسەریا! برایەکی رایکرد دەستی نایە بینی تابیخنکێنێت، بەڵام لەپڕدا دەستی شل بوو باوەشی بەخوشکەکەیدا کرد. هەموویان ئەوکارەیان لەگەڵ کرد. ئەوشتەی کە چاوەڕێی نەبووم. خۆشی چاوەڕوانی شتی وا نەبوو. وایدەزانی ئەگەر بگەڕێتەوە سەری دەبڕن.

وەختێ هەموویان خەریکبوون دەڕۆیشتنە ژوورەوە، بانگم کردو پێمووت، ئەوپارانە کە بینیت پارەی خوێنمە. ئەگەر ئەمان بیشیانکوشتیایە هەر لەوە باشتر بوو وەك منت لێبێت!

لەسەر ئەو کچە لەدوای چەند رۆژێك، تێهەڵدانێکی خراپم خوارد بەدەستی یەکێك لەلات‌و لوتەکان! بەڵام دەیهێنا لەپێناوی ئەوکارەمدا زیاتریش تێهەڵدان بخۆم.

((شیوا دووبارە کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))



Scanned with CamScanner

شیوا-

وەلێ چیتر پەیکەری ساردی من

خاك ئەیگوشێت‌و بووە تووشی خاك!

بێ تۆ، دوور لەترپەکانی دڵی تۆ

دڵم لەژێر ئەم خاکا ئەڕزێ

- شیوا تۆ کارێکی زۆر باشت کردووە. ئەمە ئەوە پیشاندەدات کە لەدڵی تۆدا چاکی‌و میهرەبانی تێدایە.

شیوا- چ سودێکی هەیە؟ هەزار کاری خراپ یەك یاخود چەند کاری چاك.

- خوداوەند زۆربەی گوناهەکان بەیەك کاری باش ئەگەر لەناخی دڵەوە ئەنجام درابێت دەبەخشێت. مەگەر ئێمە خوداوەندمان هەر بەمیهرەبانی‌و بەخشندەییەوە نەناسیوە؟

((شیوا دەستیکرد بەگریان، لێگەڕام کەمێك بگری. کاتێ کەمێك ئارام بووەوە وتی))

- سیاوەش خۆزگە زووتر تۆم ببینییایە. ئەوکات ئەوەندەی ئێستا نەدەترسام.

سیاوەش زۆر دەترسم. دەترسم وەختێ گەیشتمە ئەوێ، خوداوەند بەوجۆرەی پەیدا نەکەم کە تۆ دەیڵێیت. ناڵێم دەبێت ببەخشرێم، بەڵام حەزدەکەم دادپەروەرانە لێپرسینەوەم لێبکرێت. تۆ دەڵێیت ئەوکارە باشانەی کە کردومە حساب دەکرێت؟ بەخودا من کاری باشم زۆر کردووە. من پێشم لەبێچارەبونی زۆر کچ گرتووە. من ئەو پارەیەی کە پەیدام دەکرد، چەند کەسێکم لەنەخۆشخانە پێ خەواندوەو خەرجی هەموو دەواو دەرمانەکەیانم داوە. پەروانەش ئەگەر من یارمەتیم نەدایە ئێستا ئەویش کەوتبووە سەر ڕێگەی خراپ وەك من، ئەویش ئێستا زۆرکەسی تری گیرۆدە کردبوو. من هێنام بۆلای خۆم‌و پارەی باشم پێدا تا وەك منی لێ نەیەت. ئەوانە حساب دەکرێن یان نا؟

- بێگومان حساب دەکرێن. باشە تۆبۆچی ئەو قسانە دەکەیت؟ کێ دەڵێت تۆ باش نەبیت‌و قەرەبوی رابردویشت نەکەیتەوە؟ کێ...

شیوا-

لەکۆتاییدا ناوی من باران‌و با

بەنەرمی لەروخساری بەرد ئەیشۆنەوە

گۆڕی من بەگومناوی ئەمێنێتەوە

خاڵی لەئەفسانەکانی بەدناوی



Scanned with CamScanner

- بۆچی ئەوەندە نائومێدیت؟ بەڵکو تاساڵێکی تر دەرمانێك پەیدابێتو رزگارت بکات.

شیوا- ئەگەر ئەودەرمانە ئێستاش هەبێت سودێکی نییە! واتە زیندوبوونی ئێمە لەگەڵ مردنماندا جیاوازییەکی نییە. بۆچی نەتبیستووە کە ئێمەو مانان دەکوژن؟ کۆمەڵێك پەیدابوون کە بەسەرپۆشەکانی خۆمان دەمانکوژن. دەیانەوێت شار لەبوونی ئێمە پاك بکەنەوە.

سەیرە، لەزۆربەی جێگەکانی دونیادا، پێویستیان بەوجودی ئێمەهەیەو بەچەشنێك پارێزگاریمان لێدەکەنو شوێنی تایبەتمان بۆ دروستدەکەن تاکاری تێدا بکەین. هەڵبەت ئەگەر وەك من نەخۆش نەبن. بەڵام ئەوەتا لێرە دەمانکوژن!

- خۆتۆ هەر لەسەرەتاوە ئەوە کارت نەبووە. تۆ لەئەنجامی هەڵەی کۆمەڵگەکەتەوە ڕێگەت بێرە گەیشتووە.

شیوا- ئەوانی دیکەش هەر بەو شێوەیە گیرۆدە بوون. چ جیاوازییەکی هەیە؟ خۆ وتم ئێمە کارنامەی ئەم کۆمەڵگەیەین. سیاوەش تۆ ئاگادار نیت کە لەم شارەدا چی ڕوودەدات. من خۆم لەناو کارەکەدام دەزانم کە خەریکە ڕۆژگاری کچەکانمان چی بەسەر دێت. خەریکە هەموو کوڕەکانمان موعتاد دەبنو کچەکانیش سۆزانی! کار لەشۆخیو ئەو شتانەدا نەماوە. سەرەتا کچان هەر بەگاڵتەوە حەز لەکوڕێك دەکەنو پاش ماوەیەك دەکەوێتە سەر ڕێگەکەی ئێمەو کۆتاییەکەشی ئاشکرایە. یان وەك من ئایدز دەگرن، یان لەشفرۆش دەبنو دەیانکوژن. ئەگەر هەر کچێك ژیانی ئێمە بخوێنێتەوە، دەزانێت کە ئەم کارە نە پارەی تێدایە، نە لەزەت، نە هێمنی. دەبێت هەرچی پارە پەیدا دەکەین بیدەین بەباج خۆرێکی هیچوپوچ یان وەختێ لەکۆڵانێکدا گرتینیان بیدەن تا لێمانگەڕێن. دەبێت هەمیشە بترسینو هەڵبێین. کاتێکیش دەمانەوێت کاتژمێرێك لەماڵەوە بەملی شکاومان بنوین دەست لەسەرمان هەڵناگرن. شەو نیوەشەو بەزۆر دەمانبەن بەملاوبەولادا. چ پارەیەکمان دەخۆن. چ تێهەڵدانێك دەخۆین. ئیدی لەزەت لەکوێیدایە؟ وەك کارکردن وایە لەشیرینی خانەیەکدا، تەنها ڕۆژی یەکەمی خۆشە. پاشان ڕقت لەهەرچی شیرینیو بۆنی شیرینییە دەبێتەوە. کچان تەنها دەستپێکی کارەکە دەبینن. یەکەمین کوڕی کە دێتە پێشەوەو دەڵێت خۆشمدەوێیتو دەمەوێت زەماوەندت لەگەڵ بکەمو لەو قسانە. وەختێکیش کە کاری خۆی تەواو کرد لێی دەدات دەڕواتو ئەوقسانە بۆ کەسێکی تر دەکات. بێناموسترین پیاو لەکاتی ژن هێنانیدا بەدوای کچێکدا دەگەڕێت کە پاکترین بێت. ئەمانە هەمووی باشن بۆ ئەوەی کچان بیزانن.

((شیوا دووبارە بێدەنگ بوو، لێمپرسی))



Scanned with CamScanner

- دایکت چۆنە؟

شیوا- هەر کەوتووە.

- بەپەنای خودا تەندروستی باش دەبێت.

((پێکەنی، پێکەنینێکی تاڵ))

- گیتا چۆنە؟

شیوا- ئەویش هەر لێرەدا کەوتووە!

- کەوتووە؟ کەوتووە چییە؟!

((بێدەنگ بوو))

- شیوا چیبووە؟!

شیوا- پێرێ کاتێ کە بەیەکەوە قسەماندەکرد کۆتایی پێهێنا!

- کۆتایی بەچی هێنا؟

شیوا- بەژیانی. دەنگی شکانەکەت بیست؟

- چیبووە شیوا؟ بڵێ چیبووە؟

شیوا- گیتا پەرداخێکی ئاو خواردنەوی شکاندو شادەماری دەستی خۆیی پێبڕی. کاتێ ماڵئاوایم لەتۆ کرد ویستم بیبەم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام نەیهێشت. تەنها پێکەنیو وتی بهێڵە کۆتایی بێت. منیش لێگەڕام تاکۆتایی بێت!

- گیتا مرد؟!!

شیوا- گیتا ئاسودە بوو!

- کەی؟

شیوا- هەر پێرێ!

- ئێستا لەکوێیە؟

شیوا- لەچێشتخانەکەدایە.

- ئاخر بۆچی؟ بۆچی هێشتت ئەوکارە بکات؟ من ئێستا دێم بۆ ئەوێ بەڵکو بکرێت شتێك بکەین.

شیوا- گوێگرە سیاوەش، دووکاتژمێر پێش ئێستاش دایکم مرد!

- مرد؟! ئەو بۆچی؟

((شیوا بۆ چرکەساتێ بێدەنگ بوو، پاشان وتی))



Scanned with CamScanner

- خۆم کوشتم!

- چیتکرد؟!!

شیوا- رزگارمکرد. چەند ساڵە لەبەرخاتری خۆم هێشتومەتەوە. دڵم خۆشبوو کە زیندووە، ئیتر بەهەرجۆرێك بوایە. رەنگە لەبەر پاکانەکردنی خۆشم بوو بێت کە بەزیندوی هێشتبوومەوە. دەمویست ویژدانم ئاسوودە بکەم، واتە دەمویست بەخۆمی قبول بکەم کە دایکم بەخێودەکەم. دەمویست بڵێم ئەگەر ئەوکارانەم کردووە لەبەرخاتری دایکم بووە.

ئێستا ئیتر ئاسودە بووە. خۆ ئەو لەهیچ تێنەدەگەیشت. بێگومان ئازاریشی پێنەگەیشتووە. تەنها لەدوایین ساتدا چاوەکانی هەڵهێناو منیش یەکسەر کۆتاییم پێهێنا.

- ئاخر شیوا بۆ؟

شیوا- پرسیارێکی سەیرە.

- لەسەرخۆبە شیوا، من ئێستا دێم بۆ ئەوێ.

شیوا- گوێبگرە سیاوەش، من لەسەرخۆم. بەگیانی تۆ، بەڕاستی خۆشمدەوێیت. بەگیانی تۆ هیچکاتێك بەم چەشنە لەسەرخۆ نەبووم.

تۆ نەیەیت بۆ ئێرە، دەنا شتێکت لەسەر دەکەوێت‌و تووشی شتێك دەبیت. من نامەیەکم نووسیوە. هەموو کارەساتەکەم تێدا نووسیوە لەبەرئەوەی بەدووی بکوژدا نەگەڕێن. تۆش خۆت مەخەرە ناو مەسەلەکەوەو نەیەیت بۆ ئێرە. هەمووشتێکیشم بە پەروانە وتووە.

سیاوەش هەر سەرەتا چاوم پێتکەوت زانیم چەند کوڕێکی پاك‌و مەردیت، عاشقت بووم. لەبەرخاتری ئەو عەشقەش بوو وازم لەتۆڵە سەندنەوە هێناو چیدی کەسم گیرۆدە نەکرد. تۆ بویتە هۆی ئەو کارە. میهرەبانی تۆ بووە هۆی ئەو کارە. ئەوشەوە لەپارکەکەدا، کاتێ گەروت گیراو فرمێسکم لەچاوەکانتا بینی، تەواوی کینەو نەفرەتەکانم بەرامبەری هەموو مرۆڤەکان بیرچووەوە. تۆ پێشت لەزۆر شت گرت. ئەگەر تۆم نەدیبا، تا ئێستاش من‌و گیتا لاوەکانمان گرفتار دەکرد. نزات بۆ دەکەم کە ئەو خۆشبەختییەی کە من نەمبوو و هەمیشە ئارەزووم بوو، ببێتە نسیبی تۆو یەڵدا. زۆر سەلام لەنیما بکەو ماڵئاوایی لێبکە.

- شیوا!! دەتەوێت چیبکەیت؟ ڕاوەستە!

شیوا- نا سیاوەش گیان. تازە درەنگە، تۆهیچت لەدەست نایەت.

- ئاخر ئەوە ڕێگەچارە نییە!!

شیوا- بەڵێ ئەوە تەنها ڕێگە چارەیە. زۆرم خۆشدەوێیت سیاوەش. نەکەی هەر لەخۆتەوە بێیت



Scanned with CamScanner

بۆ ئێرە. من هەر ئێستا خۆم تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەمو پێیاندەڵێم بێن بۆ ئێرە. تۆ نەیەیت بۆ ئێرە ها! دوایی تووشی شتێك دەبیت!

((گریان زۆری بۆ هێنامو هەر بەدەم گریانەوە وتم))

- شیوا توخودا وامەکە! خۆ تۆ گیتات نەکوشتووە. دایکیشت زیندو بوونی یان نەبوونی جیاوازییەکی نەبوو. ئیتر بۆچی؟! شیوا گوێبگرە بزانە دەڵێم چی. هەر ئێستا لەوێ وەرە دەرەوە. منیش ئێستا وەڕێدەکەومو دێم بۆ ئەوێ، پاشان پێکەوە قسەدەکەینو بیرێکی لێدەکەینەوە. توخودا شیوا گوێبگرە. هیچ مەکە، تەنها لەوێ وەرە دەرەوە.

شیوا- سیاوەش هەرەس بەئیرادەم مەهێنە، من گیتام نەکوشتووە، بەڵام زۆر کەسی ترم کوشتووە. هەر هیچ نەبێت بەڵکو بەم کارەم بڕێك لەگوناهەکانم کەمبێتەوە. ئێستا ئیدی تەواو. خۆشمدەوێیت سیاوەش! زۆر زۆرم خۆشدەوێیت! ماڵئاوا، ماڵئاوا سیاوەش.

- شیوا!! ئەلو! شیوا!!

((شیوا تەلەفۆنەکەی داخستبوو. هەستامو هەر بەدەم لەبەرکردنی پۆشاکەکانمەوە تەلەفۆنم بۆ نیما کرد))

- ئەلو. نیما!

نیما- ئەلوو و دەرد! هەتیو مەگەر تۆ خەوت نییە؟!

- راکە نیما!

نیما- بۆ کوێ؟

- دەرەوە ...! ئامادەبە واهاتم. راکە خێرا!

((تەلەفۆنەکەم داخستەوەو بەخێرایی هاتمە خوارەوەو سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم، لەماڵ وەدەرکەوتم. وەك بروسکە دەڕۆیشتم. لەدوای دە خولەك گەیشتمە بەردەمی ماڵی نیما، سەیرەکەم نیما چاکەتو پانتۆڵێکی لەبەر کردووەو بۆینباخیشی بەستووە، لەبەردەم دەرگاکەیاندا وەستابوو. لەگەڵ لەبەر دەمیدا ڕاوەستام بەخێرایی سوار بوو من وەڕێکەوتمەوە))

نیما- دەك خێر لەگیانت ببینیت کوڕ. دەمزانی لەکۆتاییدا شتێکت لێدەردەچێت. مەگەر شتی وادەبێت کەسێك قوتابی من بێتو گێژو وێژ دەرچێت. نمرەی قوتابی من دەبێت هەمیشە لەنەوەدو نۆ کەمتر نەبێت. ئافەرین، ئافەرین لەوخێراییو جدییەتو هەوڵدانە. ژیان یانی هەر ئەمە! تەلەفۆنێك، پاشان وەڕێکەوتن بەرەو ناوچەیەکی خۆش ئاوو هەوای شار. بەخێراییەکی بێوەستان.

- بەسە نیما! دەزانیت چیبووە؟



Scanned with CamScanner

نیما- گرنگ نییە چیبووە، گرنگ ئەوەیە چیدەبێت. بەه بەه! بەپشتیوانی خودا سەلیقەشت...

- شێتە. گیتا خۆکوژی کردووە! شیواش دایکی کوشتووەو ئێستاش دەیەوێت خۆی بکوژێت!

((نیما بۆ چرکە ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- دووبارە بیڵێرەوە چیبووە؟

((منیش هەموو مەسەلەکەم لەنیما گەیاند. نیما وتی))

- کەواتە ئێستا ئێمە بۆچی دەڕۆین بۆ ئەوێ؟ تائێمە دەگەین بێگومان ئەو کاری خۆیی کردووە. ڕاوەستە بزانم. باشە تۆ لێپرسراوی گۆڕستانی بەهەشتی زەهرایت یان ئامبولانس؟!

- قسەمەکە نیما!

((نیما دەستیکرد بەهاوارکردن))

- بابەگیان سێ کەس کوژراوە. من نایەم، ڕاوەستە من دادەبەزم.

((ڕۆیشتمە قەراخی شەقامەکەوە ڕاوەستام))

نیما- بەڕاستی بەچکە کەرێکی گوێرایەڵی! وەڕێکەوە بڕۆ.

((دووبارە وەڕێکەتەوەو پاش دە خولەکێك لەوێ بووین. هەر کە خۆمکرد بەکۆڵانەکەیاندا سەیرەکەم لەبەردەم ئەو باڵەخانەیەی کە ئەوانی تێدا بوون قیامەت هەستاوە، پڕبوو لەخەڵك، چەند پۆلیسێکیش لەگەڵ چەند ئاسایشێکدا لەوێن‌و ڕێگەنادەن خەڵك بڕواتە پێشەوە. حەپەسام!!))

- وابزانم تەواو بوو!

نیما- هەر دەبوایە بەجۆرێك کۆتایی پێبهاتایە.

((ویستم دابەزم نیما دەستی گرتم‌و وتی))

- شیوا نەیووت نەیەیت بۆ ئێرە؟ بێگومان ئەو شتێکی زانیوە.

- من دەبوایە هەر بهاتبام.

نیما- ئێستا هاتوویت، هاتوویت. تۆ لێرەدا دانیشە تامن بڕۆم بزانم چ باسە. تۆ دەڕۆیت بۆ ئەوێو ناتوانیت پێش لەخۆت بگریت، ئەوکات پێماندەزانن‌و دەسگیرمان دەکەن. تا دەیسەلمێنین کە ئێمە تاوانبار نین مانگێك زیاتری پێدەچێت. کاری منداڵانە مەکە لێرەدا دانیشە تامن دێمەوە.

((نیما دابەزی‌و ڕۆیشتە پێشەوەو تێکەڵی خەڵکەکە بوو، ئیتر لەچاوم ونبوو. دڵم هەروەك سیرو سرکە دەکوڵا. ویستم دابەزم بەڵام خۆمگرت. لەدوای کەمێك نیما گەڕایەوەو وتی))

- وەڕێکەوە.

- چیبووە؟



Scanned with CamScanner

نیما- تەواو بووە.

- ئاخر چۆن، نیما لەوێدا چ باسە؟

نیما- لەوسەرەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە!

((ئیدی هەردووکمان بێدەنگ بووین، دڵم تەنگ بوو، دەستمکرد بەگریان))

نیما- لێرەدا مەگری. یەکێك ھەتانبینێت تیاچووین. ھەستە وەرە ئەملاوە من لێدەخورم.

- دەمەوێت بڕۆم ببینم.

نیما- چی ببینیت؟ شتێك ئاشکرا نییە. سەرچەفێکیان داوە بەسەریداو ئەوناوە هەمووی هەر خوێنە. ڕێگەش نادەن کەس بڕواتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بینینی هیچ سوودێکی نییە.

((نیما ئەمەی وت‌و لەئۆتۆمبێلەکە هاتەخوارەوەو منیشی دابەزاند، من لەشوێنەکە نیما دانیشتم‌و ئەویش بووە شوفێری ئۆتۆمبێلەکە. یەکسەر بەگێکی داناو خۆیکرد بەگەڕەکەکەی ئەودیودا. لەبەردەمی دوکانێکدا وەستاو پاکەتێك جگەرەی کڕی. دوو دانە لەجگەرەکانی پێکەوە داگیرساند، دانەیەکیانی دا بەمن‌و دووبارە وەڕێکەوت.

فرمێسکەکانم سڕی‌و کەوتمە دونیای بیرکردنەوەوە. هەموو ئەو دیمەنانەی کە بۆ یەکەمیجار، شیوام لەریستورانتەکەدا بەرچاوکەوت پاشان سەیرێکی کردم. ئەو شەوەی لەپارکەکەدا بینیمان‌و قسەم لەگەڵ کردو ئەو شەوەی کە ڕۆیشتین بۆ ماڵیان، هەموویم هاتەوە بەرچاو. ئەوقسانەی کە دەیکرد، ئەوشتانەی کە دەیووت، ئازارەکانی، بەدبەختییەکانی.

چ ژیانێکی سەختی هەبوو ئەو کچە. ئەوکەسەی کە دەیویست بخوێنێت‌و ببێتە دەرهێنەر. لەکوێوە سەری دەرهێنا. روخساریم هەر لەبەر چاودابوو. لەپڕدا هەروەك گەڕابێتمەوە بۆ ڕابردو لەگەڵ شیوادا بووم، لەهەموو ئەو کارەساتانەی کە شیوا بەسەریدا هاتبوو منیش هەبووم. هەموویم بەدی دەکرد. کاتێ کە فاتێ هاوڕێی لەسەر سەربانەکە کەوتە خوارەوەو مرد. من‌و شیوا بەسەر سەرییەوە وەستا بووین‌و هێشتا هەر شوشەی بۆیەی نینۆکەکەی بەدەستەوە بوو، ئێمە سەیرماندەکرد.

وەختێ زوهرە خەریکبوو پۆشاکەکانی کە لەقوماشی پرسەو بۆنەکان دووری بووی پیشانی دەداین. هەموو جارێکیش شیوا ئاوڕێکی بەلای مندا دەدایەوە.

کاتێك دایکی نەوتی کرد بەکتێبەکەی فروغداو ئاگری تێبەردا، ئەو سەیری منی دەکرد. کاتێك دایکی هات نەیهێشت لەقوتابخانەکەدا شانۆییەکە پێشکەش بکات خەریکبوو لەمنی دەڕوانی.

کاتێ مێردەکەی لەزینداندابوو و نە دایك‌و باوکی خۆی‌و نە دایك‌و باوکی مێردەکەی لەماڵەکەیاندا



Scanned with CamScanner

جێگەیان نەکردەوە، خەریکبوو سەیری منی دەکرد.

کاتێک کە کارەکەری لەماڵی خەڵکیدا دەکردو قادرمەکانی دەسڕییەوە تەنها لەمنی دەڕوانی.

کاتێک کە ئەو هەتیوە هێرۆینییە هاتبووە چێشتخانەکەوە بۆی تەنها سەیری منی دەکرد. کاتێک کە لەو میوانداریەدا، ئەو دەستە پۆشاکە جوانەی کە زۆر حەزی لێدەکرد پۆشیبووی‌و سەرپۆشەکەی لەسەری داکەندبوو لەمن ڕامابوو. کاتێک کە ئەو کوڕە بێڕەوشتە خەریکبوو حەشیشی دەدایە، تەنها سەیری منی دەکرد. کاتێ لەژووری نوستنەکەدا سەرچەفەکەی ئاڵاندبوو لەخۆیەوە، تەنها لەمن ورد دەبوویەوە. کاتێک دایکی جەڵتەی مێشک لێیداو لەنەخۆشخانە لەبەشی بێهۆشیدا کەوتبوو، تەنها سەیری منی دەکرد. کاتێک باوکی هەڵهات‌و ئەوو دایکی بەجێ هێشت، لەمن ڕامابوو.

کاتێک وەڵامی تاقیکردنەوەکەی بەدەستەوە بوو، تەنها سەیری منی دەکرد.

وەختێ بۆ یەکەمیجار سواری ئۆتۆمبێلێک بوو، تەنها لەمنی دەڕوانی. چاوم بەنیما کەوت تەنها سەیری پێشەوەی دەکردو، خەریکبوو دەگریا!))

- نیما تۆش دەگریەیت؟

((نیما هیچی نەوت، نازانم بۆچی لەپڕدا ئەم شیعرەی فروغ هات بەمێشکمداو لەبەرخۆمەوە دەستم بەخوێندنەوەی کرد))

- بڕوانە کە غەمی نێو چاوەکانم
چۆن دڵۆپ دڵۆپ ئەبێ بەئاو
چۆن سێبەری رەشی یاخیبونیشم
ئەبێتە دیلی نێودەستی هەتاو

((دوو جگەرەم پێکردو یەکیانم دا بەنیما، نیما وتی))

- بیڵێ، ئەو شیعرە بڵێ.

((تەماشایەکی نیمامکردو دەستمپێکرد))

- بڕوانە
هەموو بوونم خراپ ئەبێ
بڵێسەیەك بەرەو حەز کەمنکێشم ئەکا!
ئەمبا بۆ دوند،
ئەمخاتە داوی خۆیەوە
بڕوانە



Scanned with CamScanner

هەموو ئاسمانم
پڕ ئەبێ لەنەیزەك
بڕوانە
وائەستێرەکان سوتاندمیان
هێند پڕم لەئەستێرە، تام لێهاتووە
وەك سوورە ماسییە دڵسافەکان
بوومە ئەستێرەچنی هەسێڵی شەوان

((چیدی نەمتوانی درێژە بەشیعرەکە بدەم بێدەنگ بووم. پاش کەمێك نیما بەدەم فرمێسك سڕینەوە وتی))

- سیاوەش لەم کتێبانەدا ئەوەندە غەمو خەفەتو بەدبەختی مرۆکانم بینیو هەر گاڵتەمکردو پێکەنیم، تاقەتم چوو، بێزار بووم، هیلاك بووم!



Scanned with CamScanner

# بـــــــەشی یانزەیەم

((هەفتەیەك بەسەر ئەو كارەساتەدا تێپەڕیبوو، رۆژی شەممە بوو، عەسەرەكەی باوكم بەتەلەفۆن لەگەڵ كاك پرهامدا قسەی كردو بڕیار درا من بڕۆم بۆ ئەوێو رۆژی مارەبڕینەكە دیاری بكەم.

ئاوێكم كرد بەخۆمداو پۆشاكم پۆشیو ڕۆیشتم بۆ ماڵی نیما. زەنگم لێدا زینەت خان وتی نیما لەحەوشەكەدایە. دەرگاكەی كردەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە، بەڵام هەرچی سەیرمكرد نیمام نەبینی. حەوشەكەیان زۆر گەورە بوو، وامدەزانی خۆی حەشارداوەو دەیەوێت گاڵتەم لەگەڵ بكات، بەڵام هەرچی گەڕامو سەیرمكرد نەبوو. ویستم بگەڕێمەوە بۆ بەردەرگاكەو جارێكی تر زەنگ لێبدەمەوە بزانم لەماڵەوە نییە، تامن ویستم بگەڕێمەوە دەرگای باڵەخانەكە كرایەوەو كچێكی لێهات دەروە، كچەكە لەگەڵ منی چاوكرد سڵاوی لێكردم))

- چۆنی كاك سیاوەش.

- تۆ چۆنیت نازەنین خان، تەندروستیت چۆنە؟ دایكت چۆنە؟

نازەنین- زۆر سوپاس، تۆش نەتدۆزییەوە؟

- كێ؟

نازەنین- نیما.

- نەخێر، لێرە نییە. ئەدی لەژوورەوە نەبوو؟

نازەنین- نەخێر.

- ڕەنگە لەخوارەوە بێت، ڕۆیشتیت بۆ مەلەوانگەكە؟

نازەنین- بەڵێ، لەوێ نەبوو. كەس نازانێت بۆ كوێ ڕۆیشتووە. زینەت خان دەڵێت وەختێ ئێمە هاتوینەتە ژوورەوە ئەو خەریكی كتێب خوێندنەوە بووە.



Scanned with CamScanner

- نیما کتێبی خوێندوەتەوە؟! ئەو هەر کتێبی نییە تابیخوێنێتەوە.

نازەنین- نازانم، رەنگە لەکەسێکی وەرگرتبێت، پێدەتچێت رۆژنامەش بوبێت.

- ئاخر ئەو کوڕی ئەو شتانە نییە.

نازەنین- کەواتە لەکوێیە؟ ئێستا دووکاتژمێرە چاوەڕوانی دەکەم.

- وەڵلا بڵێم چی؟ ڕۆیشتێت بۆ ژوورەکەی خۆی؟

نازەنین- هەموو ئەم ماڵە گەڕاوم، نییەو نییە!

- بەڵکو ڕۆیشتبێتە دەرەوە، زۆرکات شتی وادەکات، لەپڕدا بەبێ هەواڵ سەری دادەخات و دەڕواتە دەرەوە.

نازەنین- بێگومان.

- ئێستا تۆ تەشریف بەرە ژوورەوە، لەهەر شوێنێك بێت خۆی دێتەوە.

نازەنین- خوابکات، کارێکی گرنگم پێیەتی، تۆ فەرموو وەرە ژوورەوە.

- نا زۆر سوپاس، ئیشم هەیە. سڵاوی هەموو لایەك بگەیەنە.

((کاتێ خواحافیزیم لەکچی پورەکەی نیما کرد وەرێکەوتم بێمە دەرەوە. لەخۆوە چاوم بە سەر سەربانی ماڵەکەی دراوسێیان کەوت. دەڕوانم کچێك کە تەمەنی بیستو چەند ساڵێك دەبێت، ئاماژەم پێدەکاتو شوێنێکم پیشاندەدات. سەرێکم راوەشاند واتە دەڵێیت چی، ئەویش دووبارە ئاماژەی بەسەر کەپرەکەی ماڵی نیما کرد. ئاوڕمدایەوەو سەیرێکی سەرەوەمکرد دەبینم نیما بەسەر کەپری مێوەکەوە پاڵی داوەتەوەو سەیری من دەکات))

- ئەوە چیدەکەیت لەوێدا؟

نیما- من کوڕی کتێب خوێندنەوە نیم؟ ئێستا تۆ وات لێهاتووە زەمم بکەیت؟ بابێمە خوارەوە پێتدەڵێم.

- باشە وەرە خوارەوە.

نیما- ئەهـ...! ئەگەر بمتوانیبا دووکاتژمێر پێش ئێستا هاتبوومە خوارەوە. بەگیانی تۆ دووکاتژمێری تەواوە لێرەدا چوار مشقیم داوە. هەموو لاشەم وشك بووە.

- ئاخر بۆ؟

نیما- لەداخی خزم. باشە تۆ بۆچی وەستاویت؟ دانیشە سەر زەوییەکە لەماڵەوە دەتبینن.

- ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

نیما- تۆ دانیشە تا پێتبڵێم.



Scanned with CamScanner

((لەپشتی ئۆتۆمبێلەکەوە دانیشتم))

نیما- بابەگیان من خەریکبووم لەحەوشەکەدا پیاسەم دەکرد کە ئەو کچەی دراوسێمان لوتفی نواندو پێیووتم ئۆتۆمبێلێکی جۆری بیجۆی پێش باریك لەبەر دەرگاکەتاندا ڕاوەستاوە. منیش یەکسەر تێگەیشتم کە پورمو ئەوانن. ئیدی بەخێرایی رامکردە ئێرەوە.

- خەریکبوویت بەتەنها پیاسەت دەکرد؟!

نیما- بەڵێ، ئەی چیمدەکرد؟

- باشە بۆچی نەڕۆیشتیت بۆ شوێنێکی تر؟

نیما- بۆ هەرشوێنێك بڕۆیشتمایە نازەنین پەیدای دەکردم. زۆر نەگبەتە!

((لەهەمانکاتدا ئەوکچەی دراوسێی ماڵی نیما وتی))

- ببورە نیماگیان ئیدی کارت بەمن نییە؟

نیما- نەخێر، بەقوربانی هەنگاوەکانت بم. زەحمەتت کێشا. بابەو ئەوان بەسەلامەتی کەی دەڕۆن بۆ سەفەر؟

((کچەکەی دراوسێیان پێکەنیو وتی))

- بەپشتیوانی خودا هەفتەی داهاتوو.

نیما- بەسەلامەتی بڕۆن، هەرکاتێك تەشریفیان برد هەواڵم بدەرێ.

کچی دراوسێکەیان- بەسەرچاو، خوداحافیز.

نیما- خوات لەگەڵ.

((وەختێ کچەکەی دراوسێیان ڕۆیشت وتم))

- بۆچی هەواڵت پێبدات؟

نیما- لەبەر ئەوی ئاگاداری ماڵەکەیان بم!

- لەکەیەوە تۆ بویتە بارچاوەش؟

نیما- بابزانیت، هەمو ئەم دراوسێیانە بەپشتیوانی منەوە دەڕۆن بۆ ئەملاو ئەولاو ماڵو کچو... جێدەهێڵن.

- ئەگەر سیمام بینی ئەمکارە خێرەشتی پێڕادەگەیەنم.

نیما- ئاه...! ئێستا کاتی ئەوقسانە نییە. ئەوکچەی پورم نەیوت کەی دەڕۆن؟

- چیت لێکردووە وا زاتی هاتنە خوارەوەت نییە؟

نیما- بەگیانی تۆ هیچ. تەنها چەند ڕۆژێك پێش ئێستا لەگەڵ پورمدا هاتبوو. بێتاقەت بوو، منیش



Scanned with CamScanner

بردمە ژوورەکەمەوەو ئەلبومەکەمم پیشاندا. ماشائەڵا ئیتر گەور بووەو لەلای پورم دانانیشێت، منیش بردم کەمێك سەرگەرمم کرد.

((پێکەنیمو وتم))

- بێگومان ئێستاش لەبەرئەوە هاتووە کە ئەلبومێکی دیکەی پیشانبدەی!

نیما- من بەگۆڕی باوکم پێدەکەنم ئەگەر پشتی تەنها وێنەیەکیشی پیشانبدەم چ بکات بەئەلبومێك.

- ئێستا بەنیازیت چیبکەیت؟

نیما- گوێ بگرە سیا گیان، تۆ ئێستا بەبیانوی هەواڵپرسی دایکمو باوکمەوە برۆ ژوورەوە. پاشان بەدزییەوە بەنازەنین بڵێ نیما هەر ئێستا تەلەفۆنی بۆ کردم. کاتێ پێمووت نازەنین لەماڵی ئێوەیە، وتی پێیبڵێ بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان خۆم تەلەفۆنی بۆ دەکەم. تەنها ئەوە.

- ئەگەر ئەوەم وتو نەڕۆیشتەوە؟

((نیما پێکەنیو وتی))

- تۆ وابڵێ، بێگومان دەڕواتەوە.

((هەستام ڕۆیشتم بەروە ژوورەوە. هەر کە گەیشتمە بەردەمی قادرمەکان نازەنین هاتە دەروەو وتی))

- سیاوەش دۆزیتەوە؟

- بەڵێ، تەلەفۆنی بۆ کردم، کاتێ پێمووت تۆ لێرەیت، وتی پێتانبڵێم بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە خۆی تەلەفۆنتان بۆ دەکات.

نازەنین- نیما وتی؟

- بەڵێ، نیما وتی.

نازەنین- باشە، لەکوێبوو؟

- نازانم، بێگومان لەو سەرەوەیە.

نازەنین- سەرەوە؟

((نازەنین دەستیکرد بەپێکەنینو وتی))

- مشك بتخوات، کوێ هەیە ئەو بۆی نەچێت. ئێستا دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە سیاوەش گیان ئەگەر تەلەفۆنی کرد بڵێ چارەکێکی تر لەماڵەوەم.

- باشە، بەدڵنیاییەوە پێیدەڵێم.



Scanned with CamScanner

((نازەنین ماڵئاوای کردو ڕۆیشتە ژوورەوە، تامن گەشتمە بەردەمی دەرگای حەوشەکە سەیرەکەم نازەنین لەگەڵ دایکیدا، بەخێرایی لەژوورەوە هاتنە دەرەوە. نەیهێشت من سڵاوو ئەحواڵپرسی لەدایکی بکەم بەدوای خۆیدا پەلکێشی کرد بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکەو وەڕێکەوتن. کاتێ ئەوان ڕۆیشتن نیما لەپشتی لقی درەختەکەوە هاتە دەرەوەو سەیرێکی کردمو پێکەنی))

- مەگەر سیما نەبینم!

نیما- ئاخر با تۆش نەبەم ئەلبومێکت پیشانبدەم!

- زەهری مار! وەرە خوارەوە!

نیما- سیاوەش من تا ئێستا نەمزانیوە ئەم سەرەوە چ دیمەنێکی جوانی هەیە.

- وەرە خوارەوە کارم هەیە.

((نیما دەستیگرت بەلقی یەکێ لەدرختەکانەوەو پێیدا هاتە خوارەوەو وتی))

- ئێ دەنگوباس؟

- پۆشاکەکانت بگۆڕە بۆ ئەوەی سەرێك لەماڵی یەڵدا بدەین.

- چ باسە خاڵۆ؟!

- بڕیارە ڕۆژی مارەبڕینەکە دیاری بکەین.

نیما- بەسەلامەتی، هەمیشە بەشادی، ڕاوەستە واهاتم.

((نیما لەدوای دە خولەکێ خۆی گۆڕی‌و ڕۆیشتینە بەردەم دەرگاکەی ماڵی یەڵداو زەنگمان لێدا. خزمەتکارەکەیان دەرگاکەی کردەوەو ڕۆیشتینە ژوورەوە. یەڵدا لەسەرقادرمەکان وەستابوو چاوەڕوانی دەکردم، بۆیە هەر لەگەڵ چاوی پێمکەوت دەستێکی بۆ ڕاوەشاندمو بزەیەکی بۆ کردم. منیش ویستم دەستی بۆ ڕاوەشێنمەوە کە ئاگام لەخۆم نەماو قاچ بەلادا هات‌و خەریکبوو بکەوم، باش بوو نیما دەستیگرتم. یەڵدا لەگەڵ چاوی بەو دیمەنە کەوت بەڕاکردن هات بۆلامان، نیما وتی))

- بابەگیان ئەم منداڵە دڵی نییە. توخودا یەڵداخان کەمێك کۆنترۆڵی ئەو خەندانەت بکە ئەوجا بیگرە ئەم داماوە.

یەڵدا- سڵاو.

((ئێمەش سڵاوو ئەحواڵ پرسیمان لەیەڵداکردو وتی))

- دەزانن چیبووە؟

- نەخێر، چیبووە؟

یەڵدا- دایکم‌و باوکم‌و پورێ خان دانیشتوون لیستی میوانەکان دەنووسن، بەڵام کەسمان نییە



Scanned with CamScanner

بانگهێشتی بکەین.

- بۆچی؟

یەڵدا- ئاخر کەسیان لێرە نین، هەموو لەفەرەنگن.

- واتە هیچ کام لەئاشناکانتان لەئێراندا نین؟

یەڵدا- با، بەڵام بەهەموویان دووماڵ نابن.

- ئێستا چیبکەین؟

یەڵدا- وەرن بابڕۆینە ژوورەوە چاوەڕوانتان دەکەن.

((هەرسێکمان ڕۆیشتینە ژوورەوە، لەدوای سڵاوو ئەحوالَپرسی دانیشتین‌و چای‌و میوەیان بۆ هێنایِن، لەدوای کەمێك کاك پرهام وتی))

- سیاوەش گیان، مەسەلەیەك هاتوەتە پێشەوە، بێگومان یەڵدا پێی تویت))

- بەڵێ، هەر ئیسَتا پێی راگەیاندم.

کاك پرهام- ئێستا تێداماووین کەچی بکەین.

((تامن ویستم قسە بکەم دایەگەورە لەهۆڵەکەدا بەداردەستەکەیەوە هاتە پێشەوە، هەر کە چاوی بەنیما کەوت، وەك گوڵ گەشایەیەوەو وتی))

- مینا گیان باشتکرد هاتیت. نەمدەزانی چیبکەم.

((ئێمەش هەستاین‌و سڵاومان لێکرد. دایەگەورە هات‌و لەسەر قەنەفەکە لەتەنیشتی نیمادا دانیشت‌و وتی))

- کوڕم، من دەستێك پۆشاکم نییە بۆ شەوی مارەبڕینەکە بیپۆشم.

نیما- کێشە نییە. ((دەیدەم بەباوکم بۆت بدوورێت))

دایەگەورە- ((دڵی باوکت بۆم دەسوتێت))؟ بۆچی؟

((هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- دەستت پێکردەوە دایەگەورە؟ مەگەر نازانیت چیبووە؟

دایگەورە- مینا گیان چیبووە؟

نیما- ((بۆ بڕین‌و دوورین جارێ پەلەمان نییە))

دایەگەورە- ((بۆ سوتان‌و سازان پارەیەکی وا نییە))؟

((دووبـارە هەمو دەستمانکردەوە بەپێکەنین. پورێ خان کە بەڕاستی ڕەوشتی گۆڕا بوو لەهەموومان زیاتر پێدەکەنی))



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- هەستە، هەستە مینا گیان بابڕۆین بۆ یەکێك لەو (بوتیك)انەو دەستێك پۆشاك بۆ من بکڕێنو بگەڕێینەوە.

نیما- بابەگیان، توخودا ئێستا کە بڕیارە ببینە خزم، بەلانی کەمەوە یەکێك بێت بۆ یارمەتیدانم.

((دووبارە هەمووەدەستمانکردەوە بەپێکەنینو دایکی یەڵدا بەهەر جۆرێك بوو دایەگەورەی تێگەیاند. دایەگەورە وتی))

- وەی ..! ئەو هەموو خزمە ئێمە هەمان، بۆچی بانگهێشتیان ناکەن؟

((دایکی یەڵدا بەدەنگی بەرز هاواریکرد))

- بۆ نمونە کێ بانگهێشت بکەین؟

دایەگەورە- شەمس‌و الملوك‌و ئەوان. هەر خۆیان دەکەسن. بەڵام منداڵی بچووکیان زۆرە.

دایکی یەڵدا- شەمس‌و الملوك خان؟! خۆ سی ساڵ دەبێت کە مردووە!

((هەمووەدەستمانکرد بەپێکەنین. دایەگەورە پێیوابوو پێکەنینەکەی ئێمە لەبەر ئەوەیە کە خەریکە کێشەکەمان چارەسەر دەبێت. زۆر خۆشحاڵ بوو))

دایەگەورە- باشە ئەوە یەکێك، ئەگەر لەگەڵ منداڵەکانیدا بێت نیوەی ئەم هۆڵە پڕدەبێت. بەڵام منداڵەکانین هارن!

کاك پرهام- منداڵەکانی ئێستا هەریەکەیان سی چل ساڵ تەمەنییانە. هەمووشیان لەفەرەنگن.

دایەگەورە- عیزەت الزەمان بۆ ناڵێن، هەم خۆش قسەیەو هەم کوڕ گەرمکەرە. ئەگەر هاوسەرکەشی بێت ئەوە هەر زۆر باشە.

پوریێ خان- عیزەت الزەمان‌و مێردەکەی دەساڵ پێش ئێستا بەپێکدادانی ئۆتۆمبێل مردن.

((دووبارە هەمووەدەستیانکردەوە بەپێکەنین، دایەگەورە ڕۆیشتبووە دونیای خەیاڵەوەو بەپەنجە ئەو ناوانەی حساب دەکرد کە دەیووت))

دایەگەورە- ئەوە دوانزە کەس. چەند کەسی دیکەتان دەوێت؟

((دووبارە هەمو دەستمانکردەوە بەپێکەنینو دایەگەورە وتی)))

- بینیتان ئێوە هیچ کامتان بیرتان لەلای کەس‌و کار نییە. ئەها! فروغ سادات‌و هاوسەرکەی‌و بوکەکانی! ئێوە باسی منداڵەکانیان مەکەن. ئەگەر هەرخۆیان لەگەڵ کوڕەکاندا بێن پێنج کەسن!

((کاك پرهام خەریکبوو پێدەکەنی‌و وتی))

- ئەوە هیچ کە فروغ سادات‌و هاوسەرەکەی پێشی ئینقلاب مردن، دوو کوڕی بەجەڵتە مردن، کوڕە بچووکەکەشی ژنەکەی تەڵاق داو ڕۆیشت بۆ ئەمریکا.



Scanned with CamScanner

دایەگەورە- بەڵێ، ئەگەر ئەوانیش بێن ئیتر خۆ ماڵەکە پردەکەن. بەوانەوە دەبێتە هەڤدە کەس، چەند کەسی ترتان دەوێت؟

نیما- جارێ سەرەتا دەبێت بزانین چەند گۆری تر خاڵییە ئەوجا! لەبیریشتان نەچێت بۆ مەراسیمی پرسەکە ((پەسەند)) دەرێك بانگ بکەن.

دایەگەورە- بۆچی ((مەلەوان)) بانگ بکەین؟ مەگەر میوانەکان بەنیازن مەلەش بکەن؟!

((دووبارە هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین))

دایەگەورە- بەسە یان خزمی ترتان پێبڵێم؟

نیما- نا دایەگەورە گیان بەقوربانی دەمت بم! ئێمە ئەگەر بتوانین حەڵواو خورمای پرسەی ئەوانەی تر ئاماد ەبکەین ئازایەتیمان کردووە. ئەو خوداڵێخۆشبووانەی تر بۆ شەوی هەینی بانگهێشت دەکەین.

دایەگەورە- مینا گیان ئامادەیت بڕۆین دەستێك پۆشاك بۆ من بکڕین؟

یەڵدا- دایەگەورە، دەتەوێت بۆ شەوی مارەبڕینەکە ((چی بپۆشیت))؟

دایەگەورە- بۆ شەوی مارەبڕینەکە دەمەوێت ((کێ بدۆشم))؟ دایەکەم ئەو قسانە چییە؟

((هەموودەستمانکرد بەپێکەنین، یەڵدا بەدەنگی بەرز وتی))

- دایەگەورە، دەڵێم بەنیازیت ئەو شەوە چی ((بپۆشیت))؟

دایەگەورە- دەمەوێت چی ((بنۆشم))؟ من ئێستا سی ساڵە لێوم بەر ئەوشتانە نەکەوتووە. تۆبەم کردووە.

((لەڕاستیدا لەناو پێکەنین کێشە سەرەکییەکەمان بیر چوو بووەوە. من بەیەڵدام وت دەمانەوێت بڕۆین بۆ شت کڕین. دایەگەورەش دەبەین بائەویش شتێك بکڕێت. یەڵدا دەستی دایەگەورەی گرت و بردییە سەرەوە تا پۆشاکەکانی بگۆڕێت و ئامادەبێت. وەختێ ئەوان ڕۆیشتن کاك پرهام وتی))

- ئێستا واز لەگاڵتەکردن بێنن، بۆ ئەو شەوە چیبکەین؟ لێرە هیچ کەسێکمان نییە تا بانگهێشتی بکەین، چ ژیانێکی سەیرە!

نیما- بەڕاست هیچکام لەخزمەکانتان لێرە نییە؟ ئاشنایەك دۆستێك؟

کاك پرهام- نەخێر نیماگیان، هەموو هەر بەناو ئێرانین. دووهەفتە لێرەن شەش مانگ لەوێن. هەمووژیانیان بریتییە لەوێ، چونکە تەواوی سەروەت و سامانیان لەوێیە. هەریەکەو چەند کارخانەو میوانخانەی گەورەو ڕێستۆرانتیان لەوێ هەیە، ئیتر ناتوانن بێن لێرە بمێننەوە.

نیما- هەموو پارەکانیشیان بردوە بۆ ئەوێ؟



Scanned with CamScanner

کاك پرهام- بەڵێ بێگومان. ناوێرن لێرە سەرمایەگوزاری بکەن. دەترسن. ئەگەر کابرا چەند ملیۆن دۆلار بێنێت و لێرە سەرمایەگوزاری پێوە بکات لەپڕدا شتێکی بۆ دروستدەکەن و دەستدەگرن بەسەر سەروەت و سامانەکەیدا. باوەڕبکە ئەو شاری

((لۆس ئەنجلوس))ە بەپارەی خەڵکی ئێرانی بەوچەشنە خۆشبووە. ئەگەر دەزانیت ئەو ئێرانییانەی ئەوێ چ پارەیەکیان هەیە.

((نیما سەیرێکی کاك پرهامی کردو سەرێکی لەقاند، پاشان وتی))

- ئێمە دەبێت هەر ئەمە باری ئابورییەکەمان بێت و مێشکە ئابورییەکانیشمان هەڵبێن و بڕۆن.

کاك پرهام- نیم اگیان هێمنی، تا ئاسایش نەبێت، هیچ شتێك چاك نابێت. کەسێکی دەوڵەمەند تا دڵنیا نەبێت لەوەی کە سەرمایەکەی لەهێمنییەکی تەواودایە ئەستەمە سەرمایەگوزاری بکات. هەروەها جگە لەهێمنی و ئاسایش بۆ سەروەت و سامانەکەی دەبێت هێمنی مێشکیش بەرقەراربێت تابتوانێت بەباشی بیربکاتەوە.

((لەگەڵ کاك پرهام ئەمەی وت من و نیما بەبێ ویست تەماشایەکی یەکدیمانکرد، هەردووکمان کەوتینەوە بیری قسەکەی شیوا. ئەو بەدبەختەش هەر بەدوای هێمنییەوە بوو))

کاك پرهام- بەهەرحاڵ ئێستا ئێمە چیمان لەدەست دێت؟

نیما- بابەگیان ئێستا ناچار نین مەراسیمێکی شکۆمەندانە بگێڕین، جارێ ئاهەنگێکی خنجیلانە دەگێڕین تاکاتی گواستنەوە. بێگومان تاکاتی گواستنەوەش دوو سێ خزم و ناسراوتان دەگەڕێنەوە بۆ ئێران. ئەگەر نەشگەڕانەوە وێنەکانیان بەناو ماڵەکەدا هەڵدەواسین و زەماوەندەکە دەستپێدەکەین. وەك ئەو مارە بڕینە غیابییانە. ئەوەی کە کچەکە لەکوڕێك مارەدەبڕن و بۆی پۆست دەکەن بۆ فەرەنگ.

((نیما خەریکبوو قسەی دەکردو لەنهۆمی سەرەوەش دەنگە دەنگ دەهات. هەر کەسەیری سەرەوەمان کرد، سەیرەکەین یەڵدا دەستی دایەگەورەی گرتووەو دایەگەورە دەیەوێت بە زۆر بێتە خوارەوەو یەڵدا دەڵێت دایەگەورە مەڕۆ خوارەوە عەیبە))

نیما- ئەو پیرەژنە داماوەت کوشت. لێیگەڕێ یەڵداخان. دەستی دەردێت ها!

((هەر لەگەڵ نیما ئەمەی وت یەڵداش وازی لەدایەگەورە هێنا، پاشان دایەگەورە هات و لەناوەڕاستی قادرمەکاندا ڕاوەستاو وتی))

- مینا گیان ئەم جلکانە ناشرینە ئەگەر بۆ ئەو شەوە بیپۆشم؟

((ئێمە لەگەڵ دایەگەورەمان بەو شێوەیە بینی لەپێکەنیندا خەریکبوو دەبوراینەوە. یەکێك



Scanned with CamScanner

لەپانتۆڵەکانی یەڵدای لەبەر کردبوو تاخوار ئەژنۆی دەهات، کە بەرمۆدایان پێدەوت، چاکەتێکیشی لەگەڵ لەبەر کردبوو. لەدوورەوە لەکچێکی هەڤدەساڵە دەچوو))

دایەگەورە- هەمویان بەئەندازەی خۆمە بەڵام نازانم بۆچی کەمێك پانتۆڵەکە چووەتە ئاو! ڕەنگە کاڵاکەی باش نەبێت.

((نیما لەحاڵێکدا کە قاە قاە پێدەکەنی ڕۆیشتە بەرەدەمی قادرمەکەو وتی))

- هەموویان زۆر جوانن، تەنها دەبێت پاوانەیەکیش لەقاچ بکەیت ئەوجا دەتبەم بۆ پێشانگاکانی فەرەنگ تا لەجیاتی ((مادۆنا)) تۆ نمایشی پۆشاکیان بۆ بکەیت. ئێستا تەنها ((زنجیر))ێکت کەمە!

دایەگەورە- ئێستا تەنها ((حەوت تیر))ێکم کەمە؟

نیما- دایەگەورە ((گۆرانی)) دەزانیت؟

دایەگەروە- ((هەڵفڕێن)) دەزانم؟ ئەوە نیما گیان تۆ دەڵێیت چی؟ من دەڵێم ئەم جلکانە باشە یان نا؟

((ئیدی خۆ ئێمە مردبووین لەپێکەنیندا))

نیما- بەڵێ، جوانە. تۆ ئەو پۆشاکانە بپۆشەو پاوانەیەك لەقاچ بکە هەقی هیچت نەبێت.

((ئەو ڕۆژە لەگەڵ یەڵدادا ڕۆیشتبن بۆ شتکڕین، هەر نیما شتێکی دەوتو دایەگەورەش شتێکی ترو ئێمەش پێدەکەنین. شەویش هەرچوارمان ڕۆیشتین بەدوای نیماداو ڕۆیشتینە دەروە. لەشەقامی... دابوین یەڵدا وتی))

- بابڕۆین بۆ ئەو ڕێستۆرانتەی جاری پێشوو.

نیما- نەخێر، ئەوێ نا. دەڕۆین بۆ شوێنێکی تر.

سیما- چییە نیما ئەفەندی دەڵێی دیسان شتێك هەیە وا ناتەوێت بڕۆین بۆ ئەوێ؟

نیما- نەخێر، هیچ نییە، بەڵام چیدی حەزناکەم بڕۆم بۆ ئەو ڕێستۆرانتە.

سیما- بۆچی؟

((نیما هیچی نەوت، من وتم))

- هەروەها منیش حەزم بەوێ نییە.

یەڵدا- تۆ بۆچی؟

-بابڕۆین بۆ شوێنێکی دیکە ئەوجا بۆتان باسدەکەم.

((هەموومان پێکەوە ڕۆیشتین بۆ ڕێستۆرانێکی تر کە هەر لەو دەورو بەرەدا بوو. کاتێ داوای خواردنمان کرد سیما وتی))



Scanned with CamScanner

- چیبووە نیما هەستدەکەم وەك جاران نیت؟

((نیما بۆ ساتێك لەسیما راماو پاشان رووداوەکەی شیوای بۆ گێرانەوە. سیماو یەڵدا باوەڕیان نەدەکرد. هەتا دایەگەورەش کە شتێکی وای نەدەبیست کەوتبووە ژێر کاریگەری کەشەکەوەو هیچی نەدەوت. خواردنیان بۆ هێنایەنو هەموو لەبێدەنگییەکی سەیردا خواردمان. کاتێ خواردن تەواو بوو، یەڵدا وتی))

- خۆزگە بمانتوانییایە یارمەتی بدەین.

نیما- مەگەر یەك دوو دانەن؟ دەزانن ئەم ماوەیە چەند زۆر بوون؟ هەرکچێك لەماڵەوە هەڵدێت دەکەوێتە سەر ئەو رێگەیە.

سیما- ئاخر بۆچی وای لێهاتووە؟

نیما- منو سیاوەش دەربارەی ئەو مەسەلەیە زۆرمان قسەکردووە. دەزانن چۆنە، زۆرشت هەن دەست بەدەستی یەك دەدەن تاشتێکی لەوجۆرە روودەدات. بۆ وێنە کابرا دەستی ژنو منداڵەکانی دەگرێت لەلادێیەك یان لەشارۆچکەیەکەوە دێت بۆ شار. ئەو پارچە زەوییەی یان ئەو باخەی کە هەیەتی دەیفرۆشێت، وا دەزانێت دەتوانێت لەشاردا کارێکی پێبکات. ئێستا بۆچی دێتە شارەوە چونکە لەوێ ژیانو گوزەرانی نییە. ئەگەر هەر هیچ نەبێت ژیانێکی مامناوەندیشی لەو شوێنەی خۆیدا دەستکەوێت نایەت بۆ شار.

وەختێ هاتە شارەوە، دەبێت تەواوی پارەکەی بدات بەپێشەکی دوو ژووردراو خۆی بڕوات کرێکاری بکات. لەخودا بەزیادبێت ئێمە چونکە میلەتێکی مرۆڤ دۆستین وڵاتەکەمان پڕە لەئەفغانی. ئەوەندە ئەفغانی لەم وڵاتەی ئێمەدا هەیە کە ئەگەر رۆژێك بیانەوێت شۆڕش بەرپا بکەن، بەسەرهاتی مەحموود ئەفغانیو ئەشرەف ئەفغانی لەمێژوودا دووبارە دەبێتەوە. باشە ئەوەتا ئەفغانییەکان دەستیان بەسەر هەموو کاری ئەم شارەدا گرتووە. ئیدی خەڵکی خۆمان کاریان دەستناکەوێت، ئەوکات ناچارن بڕۆن دەستبکەنە بلیت فرۆشتن یان کارێك لەوبابەتە. هەروەها زۆربەشیان دەکەونە سەر رێگەی فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان. ئەوە ئەمەیان. ئەمجارە دەربارەی ژنەکەی قسە دەکەین، ئەویش دەبێت بڕوات کارەکەری بکات. خۆزیا لێرەشدا کۆتایی بهاتایە. دێینە سەرباسی کوڕەکەی، یان کوڕەکانی. ئەوانیش بەزووترین کات موعتاد دەبن، پاشان یان دزی دەکەن یان دەستدەکەن بەفرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان. ئێستا دێینە سەر باسی کچەکانیان، گیانم بۆتان بڵێ، سەرەتا کە دێن هەموو پۆشتەن، واتە زۆر پۆشتەن. پاشان کەم کەم مانتۆو پانتۆڵ دەپۆشن ئەویش تەنها ڕەنگی رەش، پاش ماوەیەك ڕەنگی مانتۆکانیان تۆزێك رۆشن دەکەنو میقنەعەکانیان



Scanned with CamScanner

دەبێت بە سەرپۆشێکی ڕەنگاو ڕەنگی گوڵدار، هەروەها پانتۆڵەکەشیان کەمێ کورت دەبێتەوە. ئەی! بڵێینو نەڵێین کەمێك دەرمانیش لەروخساریان دەدەنو کەمێ سوراوو کەمێ بۆیەی نینۆك بۆ ڕەنگکردنی نینۆکەکانیان، هەروەها چوار پێنج تاڵ موو بەمبەرداو چوار پێنج تاڵی دیکەش بەو بەرداو کەمێکیش لەناوەڕاستەوە. بەهەرحاڵ وەختێ باوکی دەزانێت کچێکی جوان لەماڵەکەیدایە، بەهاوسەرەکەی دەڵێت ژنەکە ئەمشەو میوانمان هەیە؟ ژنەش دەڵێت میوان کێیە پیاوەکە؟ ئەوە کچەکەی خۆتە. ئەوکاتە باوكو کچ لەیەك ڕادەمێنن، تاباوکە دەیەوێت دەم بکاتەوەو شتێك بڵێت، کچەکە دەکێشێت بەدەمیداو داوای بەلانی کەمەوەکانی ژیانی لێدەکات. باوکەش ناتوانێت ئەو بەلانی کەمەوانەی بۆ فەراهەم بکات. ئیدی کچەش ڕێگە بەخۆی دەدات کە بڕوات خۆی هەوڵ بدات بۆ ئەوەی کە دەیەوێت. ئەوکاتە بەنیازی ئەوەوە دەڕوات کە بلیتی بەخت راکێشێت بەڵکو یەکەم یان دووەم بێت. بەڵام کاتێ دەزانێت بلیتی بەختی خۆشی لەدەست داوە. بۆیە چیتر رووینایەت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. کەواتە دەبێتە کچێکی هەڵاتوو. ئێوە کە سکتان تێرە لەخۆتانەوە دروشم مەدەن سەرەتا مریشك بووە یان هێلکە.

سیما- ئاخر زاتی مرۆڤ چی؟ نەجیبی چی؟ ریشەی مرف چی؟

نیما- سیماخان من باسی خۆم دەکەم. هەقی کەسم نییە. من خۆم خوێندنم لەم مەملەکەتەدا تەواوکردووە. بەڵام ناتوانم کەباب لەودیووی شوشەکانەوە ببینمو دەمم بۆی ئاونەکات. دەستێك جلکی جوان لەبەری لاوێکدا ببینمو حەزی لێنەکەم.

ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز لەژێر لاوێکی چواردەساڵدا ببینمو خۆم حەزی لێنەکەم. کچێکی جوان ببینمو حەزنەکەم خۆم زەماوەندی لەگەڵ بکەم. یان ماڵی فڵان کەس لەفڵان شوێن نەبینمو حەزنەکەم ماڵی خۆم بێت. بەستە هەزاری بەدەستی ئەمو ئەوەوە ببنمو حەزنەکەم بێتە گیرفانی خۆمەوە. هەزار دروشم لەدەمی ئەمو ئەو ببینمو تەنها یەکێکیشیان بەکردار نەبینم. لەخۆشتانەوە لەکتێبدا قسەی ناماقوڵ بۆ دامەنێن چونکە تواناى وتنیم نییە. هەرکاتێك زانیم پارەی ئەوانەی کە بانکەکان گیریانخواردووە بەدەستییەوە هینی خۆشیان نییەن نیوەیی بوو ئەوا منیش بەرماڵێك لەکۆڵ دەگرمو تەرکی دونیا دەکەم. لەم شارەدا مارسیدس بێنزی پێنج سەد ملیۆنی لەژێر زۆربەی خەڵیکدایە، کەچی منیش داوای ژیانێکی مەمرەو بژی دەکەم! چیدی لەلای مندا دەربارەی قەناعەتو ماڵی دونیا قسە مەکەن، چونکە هەرچی بەدەممدا بێت نایگێڕمەوە! وە سەلام.

((هەر کە نیما ئەمەی وت. لەمێزەکەی تەنیشتمانەوە دەنگە دەنگێك بەرز بووەوە کە سەرنجی هەمووی راکێشا. کچێك لەگەڵ کوڕێکدا بووە شەڕی))



Scanned with CamScanner

کچەکە- بێشەرەف تۆ بەدوامەوە نەبوویت؟

کوڕەکە- بەزۆر سوارم کردیت؟

کچەکە- هەڵتخەڵەتاندم‌و بێچارەت کردم!

کوڕەکە- دەتتوانی نەخڵەتێیت, نەتهێشتایە.

کچەکە- تۆ بەو زمانە لاڵ بوەتەوە کردمت بەلۆکەو بەڵێنت پێدام.

کوڕەکە- وەڵڵا وتیان تۆ زۆر ڕاستگۆ بویت وانییە؟ باوکم کارگەی هەیە. ماڵمان لەگەڕەکی ئەردەنە. خۆم قوتابی زانکۆم. بەدبەخت باوکت کە هیچ

ماڵیشتان لە...

نیما- هەستن بابڕۆین چونکە من تاقەتی بینینی نمایشنامەیەکی ترم نییە. هێی گارسۆن ئەو حسابە بێنە.

((تەماشایەکی ئەو کوڕو کچەم کرد، پاشان ئاوڕمدایەوە بەلای نیماداو وتم))

- وەرە ئەمەش دووبارەی دووبارەیە!

نیما- بەخودا ئەگەر بچووکترین جوڵە لەو دەستە خێرە گۆچەت ببینم, بەکەوچك دەکێشم بەسەرتا تاهەرچی خێرو خێراتە لەبیرت بچێت. هەستن بڕۆن بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە تامن پارەی مێزەکە بدەم, دەی هەستن بڕۆن.

((لەهەستاندا بووین دایەگەورە وتی))

- مینا گیان ئەوە ئەو کوڕو کچە چی بەیەکدی دەڵێن؟

نیما- هیچ دایەگەورە, خەریکن بەدوای بلیتی بەختی کچەکەدا دەگەڕێن، ونبووە!

*

((بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ یەڵدادا ڕۆیشتین بۆ تاقیگەی خوێن بۆ ئەوەی خوێنمان لێوەربگرن بۆ زەماوەندەکەمان. کۆبونەوەیەك بوو کە دەبوایە ئێمەش بەشداریمان تێدا بکردایە چونکە فێرکاریی بوو.

لەدوای ئەوە یەڵدا دەستیکرد بەشتکڕین‌و ڕۆژێکی دیکەش ڕۆیشتین بۆ کڕینی پۆشاکی بوکێنی. لەفرۆشگایەکدا کە زۆر ناوازە بوو, دەستێك پۆشاکی بوکێنی زۆر جوانمان کڕی, کاتێ یەڵدا پۆشاکەکانی پۆشی وەك مانگی لێهات. نرخەکەی زۆر گران بوو، بەڵام یەڵدا نەیهێشت من پارەکە بدەم. هەرچییەکم کرد قبوڵی نەکرد. بەچەشنێك چاوو دڵ تێربوو کە باوەڕم نەدەکرد.

بەهەرحاڵ پاش دووهەفتە کاتی مارەبڕینەکە هات. ماڵی خۆمان‌و ماڵی نیماو ئەوان‌و هاوڕێ



Scanned with CamScanner

لەگەڵ چەند کەسێکی نزیکدا ڕۆیشتین بۆ ماڵی یەڵدا.

ئەوشەوە حاڵێکی سەیرم هەبوو. باوەڕم نەدەهێنا کە شەوی مارەبڕینی من بێت. پێموابوو خەون‌و خەیاڵە. خەیاڵێکی خۆش.

ئیدی نیما چی نەکرد. ئەوەندەی خستینە پێکەنین کە دڵمان دابوویە ئازار. پورێ خان کە هەمیشە وامدەزانی ژنێکی تەبیعەت وشك‌و ناخۆشە بەپێچەوانەوە دەرچـوو، وەك پەروانە بەدەورماندا دەگەڕا، بەمیوانەکان ڕادەگەیشت‌و بەخێرهاتنی دەکردن، لەگەڵ نیمادا گاڵتەی دەکرد. هەروەك بۆی ئاشکرا بوو بێت کە ئەو چەند ساڵەی ژیانی بەهەدەر چوو بێت‌و بیەوێت قەرەبووی بکاتەوە. هەمووومان ئەوەندە خۆشحاڵ بووین کە بەڕاستی لەباسکردن نایەت. ئەوانەی ئەوشەوە لەوماڵەدا بوون کەسیان حەزیان نەدەکرد بڕۆنەوە. هەر ئەوشەوەش سیما ((بەڵێ))ی بەنیماوت‌و بڕیاردرا لەدوای زەماوەندی ئێمە ئەوانیش زەماوەند بکەن. نیما زیاتر لەبەر ئەوەشبوو کە ئەوەندە خۆشحاڵ بوو.

درەنگانێکی شەو بوو کە هەموو بەناچاری ماڵئاوایمانکردو ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە. من ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە حەزمنەدەکرد بەتەنهابم بۆیە ڕۆیشتم بۆ ماڵی نیما.

وەختێ لەژوورەکەی نیمادا خۆم گۆڕی، یەڵدا هات‌و پەنجەرەکەی کردەوە، منیش ڕۆیشتمە بالکۆنەکەی نهۆمی سەرەوەی ماڵی نیما کە بەڕووی ماڵی یەڵدادا دەیڕوانی، لەوێوە لەگەڵ یەڵدادا دەستمکرد بەقسەکردن‌و پێکەنین، ئیدی لەوەدابوو کە دراوسێکان دەستبکەن بەهاوا هاوار.

ئەمجارەش لەناچاریدا یەڵدا ڕۆیشت بنوێت، من‌و نیماش لەدوای نیوکاتژێر نوستین.

بڕیاربوو من سێ چوار ڕۆژی دیکە بڕۆم بۆ سەر پەرشتیکردنی کارێك کە پارساڵ واژۆی بەڵێننامەمان لەگەڵدا کردبوون، شوێنەکە لەشارێکی دوور بوو. سەفەرەکەم سێ چوار ڕۆژ درێژەی دەکێشا. هێشتا نەڕۆیشتبووم دڵم پڕ بوو بوو. بەڵام چارم نەبوو. هەر دەبوایە بۆ چاودێری بڕۆیشتمایەو سێ چوار ڕۆژێکیش لەوێ بوایەم. ئەم مەسەلەیە بێتاقەتی کردبووم. بەدڵ نەمدەویست لەیەڵدا دووربکەومەوە.

بۆبەیانی عەسرەکەی ڕۆیشتم بۆلای نیما، پێمووت دەبێت بڕۆم بۆ شوێنێکی وا. ئەو دەیویست لەجیاتی من بڕوات، بەڵام من ڕازی نەبووم. ڕاستە کارێکی سەخت بوو، بەڵام کاری خۆم بوو نەدەکرا ئەنجامی نەدەم.

هەر لەوێوە تەلەفۆنم بۆ یەڵداکردو پێمووت کارم پێت هەیە، وتی وەرە بۆ ماڵمان. ماڵئاوایم لەنیما کردو ڕۆیشتم بۆ ماڵی یەڵدا. هەر کە زەنگم لێدا یەڵدا خۆی دەرگاکەی کردەوەو یەکسەر



Scanned with CamScanner

وتی))

- ئەترسم هاتبیت بڵێیت پەشیمان بومەتەوە؟

- سڵاو.

یەڵدا- چۆنیت وەرە ژوورەوە.

((هەردووکمان وەرکەوتین بۆ ژوورەوە. یەڵدا بەتەنها لەماڵا بوو. هەموویان لەدەرەوە بوون. تەنها خزمەتکارەکان لەماڵ بوون. دوو بەدوو ڕۆیشتین لەهۆڵەکەدا دانیشتین.

لەدوای ئەوەی کە خزمەتکارەکەیان چای بۆ هێناین‌و ڕۆیشت، باسی ڕۆیشتنەکەمم بۆ یەڵدا کرد. زۆری پێناخۆش بوو بەڵام کەمێك بیری کردەوەو وتی))

- منیش لەگەڵت دێم.

- ناکرێت، ئەوێ جێگەی تۆ نییە.

یەڵدا- هەردێم، هەر جێگەیەك شوێنی تۆ بێت شوێنی منیشە. یان ئەوەیە تۆ برۆ بۆ میوانخانەیەك، منیش دێم بۆ ئەوێ.

- ئەوێ میوانخانەی لەکوێ بوو. ئەو بینایەی کە دروستی دەکەن لەدەرەوەی شاردایە. لەوانەیە جێگەی خۆشم نەبێتەوە.

یەڵدا- چەند ڕۆژت پێدەچیێت؟

- سێ چوار ڕۆژ، بەخودا خۆشم دڵم پێوەی نییە.

((یەڵدا هیچی نەوت، من وتم))

- ئەگەر تۆ ناڕازی بیت ناڕۆم.

یەڵدا- نەخێر، دەبێت بڕۆیت. ئەگەرچی رازی نیم، بەڵام تۆ لەو کارە بەرپرسیاریت هەر دەبێت بڕۆیت. ئەگەر نەڕۆیت هەموو دەڵێن، ئەوە یەڵدا نەیهێشت، کەواتە با لەسەرەتای ژیانمانەوە شتی لەو جۆرمان نەیەتە ڕێگە.

- یەڵدا بەڕاستی حەزناکەم لێت دوورە بکەومەوە.

یەڵدا- منیش پێمخۆش نییە تۆ بڕۆیت، بەڵام چار نییە. ئێستا ناکرێت زووتر بڕۆیت‌و زووتر بگەڕێیتەوە؟

- بۆ ناتوانم؟ دەتوانم هەر بەیانی وەڕێکەوم.

یەڵدا- کەواتە زووتر برۆ. لەوێش تا دەتوانیت کارەکانت زووتر بەڕێبکەو بگەڕێوە. منیش زوو زوو پەیوەندیت پێوەدەکەم.



Scanned with CamScanner

((پێی پێکەنیم‌و وتی))

- سیاوەش سەیری ئەو ئەنگوستیلەیە بکە کە پێت داوم، هەمیشە لەدەستمدایە.

- چاوم پێی کەوت.

یەڵدا- هیچ کاتێکیش لەدەستمی دەرناهێنم.

((یەڵدا هەستا هاتە بەردەمم‌و لەسەر زەویەکە بەچۆکداهات، چاوی بڕییە چاوم. هەرکە نیگام لەگەڵ نیگاکانیدا تێکەڵ بوو لەبیرم چوو کە دەمویست بڵێم چی. حاڵێکی سەیرم هەبوو. یەڵدا هەستاو دەستمی بەدوای خۆیدا راکێشاو وتی))

- وەرە!

((منیش هەستام وەك ڕەوشت گۆڕاوەکان بەڕووی خراپەدا لەگەڵی ڕۆیشتم!))

* * *

بۆ سبەینێ بەیانییەکەی لەدوای ئەوەی کە بەنیمام وت ئاگاداری یەڵدابێت، بەفڕۆکە ڕۆیشتم بۆ ئەو شارە. لەگەڵ فڕۆکەکە نیشتەوەو لەفڕۆکەخانەکە هاتمە دەرەوە. ویستم بەمۆبایلەکەم پەیوەندیی بەیەڵداوە بکەم، بەڵام مۆبایلەکەم شەبەکەی نەبوو.

بەهەر جۆرێك بوو پەیوەندیم پێوەکردو پێموت گەیشتووم. لەدوای ئەوە تەلەفۆنم بۆ باوکم‌و بۆ نیماش کرد. پاشان بەو ئۆتۆمبێلەی کە لەکۆمپانیاکەوە نێردرابوو بەدوامدا لەشارەکە ڕۆیشتینە دەرەوە. بۆ سەر بیناکە.

پرۆژەی ئەو بینایە زۆر بوو، چونکە بیناکە گەورە بوو ئەگەر تەواو ببوایە پارەیەکی باش دەستی کۆمپانیاکەی ئێمە دەکەوت. کاری کۆمپانیاکە گەشتبووە نیوەی. واتە ئیش‌و کارەکانی بەنیوە گەشتبوو. بەم جارەوە دوو سێجار هاتبووم بۆ ئێرەو چەند ڕۆژێکیش مابومەوە. هەتا دەتوانم بڵێم لەو دوو سێجارەشدا کاتێکی خۆشم بردبووە سەر، چونکە شوێنەکە دەرەوەی شار بوو. ناو جەرگەی بیابانێك بوو، بێدەنگی بیابان، تەنهایی لەبیاباندا، وشکی بیابان، بێکەسیی بیابان، هەموویم بەلاوە خۆشبوو لەزەتم لێدەبرد. بەتایبەتی بۆ من کە لەشارێکی پڕ لەهەراو هوریاوە هاتبووم. بەڵام ئەمجارەیان بەگەشتنم دەتوت غەمی هەموو دونیات کۆکردووەتەوەو ڕشتوتەتە دڵی منەوە. هەروەك منداڵ دڵم پڕ بوو بوو. ئەگەر بەحاڵ شتێکم وەبیر بهاتایەتەوە یەکسەر دەگریام. ئەو بیابانە خەریکبوو دەیخواردم. شوفێرەکە قسەی بۆ دەکردم‌و منیش حەزمدەکرد ملی لێبکەمەوە. بەهەرحاڵ پێشم لەخۆم گرت. دەبوایە خۆم بگرتایە، ئیتر بەهەرجۆرێك بووە. ئەو ڕۆژەم بەسەر برد



Scanned with CamScanner

تاشەو داهات. بەڕاستی شەوی بیابان جوانە، وەختێ سەیری بیابان دەکەیت، بەجۆرێکە وا دەزانیت کە ئەگەر بەئەستەم دەستت درێژبکەیت هەر ئەستێرەیەك بڵێیت دەتوانیت لێی بکەیتەوە بۆ خۆت. کەوتمە بیری قسەکانی نیماوە کە بەپورێ خانی دەوت، لەگەڵ بیری نیمام کەوتەوە، پێموا بوو وزەیان کردەوەتە دڵمەوە.

کابینەیەکی سەفەرییان پێدابووم. بەحساب ئەوە ژوورەکەم بوو. کەرەستەو شتەکانم خستبووە ناوییەوەو خۆم لەسەر قادرمەکان دانیشتبووم‌و تەماشای ئاسمانم دەکرد. بیابان هەوای شەوی فێنکە، هەوایەکی ئاسایی دەهات‌و هیچ دەنگێکی لەگەڵ خۆیدا نەدەهێنا. بێدەنگ بێدەنگ!

خەریکبووم بیرم لەم ماوەیەی پێشوو دەکردەوە. لەو ڕۆژەی کە یەڵدام لەنەخۆشخانەکە بینی تا ئەو ڕۆژەی بەجێم هێشت. هەمووی وەك خەیاڵ وابوو. خوازبێنی کردنی، وەڵامی پورێ خان، ئەو فێڵانەی کە نیما کردی‌و یەڵدای بەدایەگەورە هێنایە دەرەوە، ڕووبەڕووبونەوەی یەڵدا لەگەڵ پوریداو لەکۆتاییدا ئەو قسانەی کە نیما بەپورێ ‌خانی وت‌و ڕازیی کرد. بەلامەوە هەمووی وەك خەیاڵێك وابوو، خەیاڵێکی خۆش.

لەخۆمەوە ئەوەم بەمێشکدا هات کە نیما چەند زەحمەتی لەگەڵ کێشابووم. بیرمدەکرد، بێتاقەتی بووم. هەستام‌و دەستم بەپیاسەکرد. کەمێك لەبیناکە دوور کەوتمەوە. هەمووشوێنێك تاریکی تاریك بوو تەنانەت ڕۆشنایی بلاجکتۆرەکانیش نەدەگەیشتە ئەو شوێنەی من. تاریك‌و پڕ ڕەمزو ڕاز. تەماشای هەر شوێنێکم دەکرد شەو بوو. شەو هەموو شوێنێکی پڕکردبوو.

لەسەرخۆ دەستمکرد بەپیاسەکردن‌و بیرکردنەوە. لەپڕدا هەزار خەیاڵ بەسەرمدا هات. بیری یەڵدام دەکرد، بێتاقەتی بووم. مۆبایلەکەم دەرهێنا بەڵام شەبەکەی نەبوو. حەزمدەکرد مۆبایلەکەم بکێشم بەزەوییەکەدا. ئەوەندە لەهاتنم پەشیمان بووم کە ئەگەر بکرایە هەر ئەو شەوە دەگەڕامەوە بۆ تاران. غوربەت‌و تەنهایی تەواوی گیانی داگیر کردبووم. ئاوڕمدایەوەو سەیرێکی بیناکەم کرد. زۆر لێی دوور کەتبوومەوە. هیچ کەسێك لەو ناوەدا نەبوو. ویستم لەسەر زەویکە دانیشم‌و دەست بەگریان بکەم، بەڵام شەرمم لەخۆم کرد. حەزم لەجگەرە کرد. گەڕامەوە بۆ کابینەکەم‌و بەخێرایی ڕۆیشتم لەجانتاکەمدا پاکەتێك جگەرەم دەرهێناو جگەرەیەکم پێکرد. یەکەم نەفەس کە لێمدا سەرم گێژی خوارد. تاکۆتاییهات هەموویم بەو چەشنە کێشا، کاتێ گەیشتمە فلتەرەکەی بەئاگرەکەی ئەو دانەیەکی تریشم پێکرد.

حەزمدەکرد بگەڕێمەوە بەڵام نەمدەتوانی. کەسیش پێشی پێنەگرتبووم، بەڵام نەمدەوتوانی بگەڕێمەوە.



Scanned with CamScanner

ویستم بڕۆم بۆلای کرێکارەکان بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت کەمێک قسەیان لەگەڵ بکەم لەبەرئەوەی کەمێک ئارام ببمەوەو کەمتر بیر بکەمەوە، بەڵام سەیرمکرد ئەگەر بڕۆم بۆ لای ئەوان کۆمەڵەکەی ئەوانیش تێکدەدەم، چونکە ئەوان ناچاردەبن خۆیان نەبن و لەخۆیان بێنە دەرەوەو خۆیان وەك من لێبکەن، دڵنیابووم هیچ کاتێکیش ناتوانن وەك من لەخۆیان بکەن، هەروەك چۆن من ناتوانم وەك ئەوانم لێبێت. ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوانی مرۆڤەکانەوەو لێکیان جودا دەکاتەوە، ئەو ماوەیەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەنگی یەك نەبیستن هەتا ئەگەر لەتەنیشتی یەکدیشدا دانیشتبن.

تەوا هیلاك بوو بووم، هەمووشتێك تاریك بوو. هەموو شوێنێك شەو بوو. تاریك و تەنها لەشەودا ون بوو بووم. بەجۆرێك شەو بوو کە باوەڕ نەدەکرا هەتاو بتوانێت ڕۆژی پێ بکاتەوە. ڕۆیشتمە ناو ئۆتۆمبێلەکەوەو ئیشم پێکرد. لەگەڵ ویستم بجوڵێم یەکێك لەپاسەوانەکان هاتە بەردەمم، بەڵام کاتێ منی بینی سەرێکی راوەشاندو ڕۆیشتە ئەولاوە. منیش وەڕێکەوتم بەرەو ناو شار. بەخێرایی دەڕۆیشتم، زۆر بەخێرایی بەڵام هەرچەند من خێراییەکەم زیاد دەکرد، شەویش خێراییەکەی خۆی زیاتر دەکردو پێشی لێدەگرتم. دەمویست بەهەرجۆرێك بووە تێیەڕێنم و لێی بچمە دەروە. هەروەك زانیبێتی چوار دەوری داوم، خەریکبوو خۆشم و ئۆتۆمبێلەکەشی لەناو خۆیدا فەنا دەکرد! رووناکیی ئۆتۆمبێلەکەی بەچەشنێك کەم کردبووەوە کە سێ چوار مەتر زیاتر پێشی خۆمم نەدەبینی، پێم لێ خستە سەر بەنزینەکەو تا توانیم خێراییەکەم زیاترو زیاتر کرد. تەواوی رەشی شەو رژابووە سەر شوشەی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەو بواری نەدەدا ڕێگەکە ببینم. فلچەکانم هەڵکرد بەڵام سوودێکی نەبوو. ڕێگەکە خۆڵ بوو، ئۆتۆمبێلەکەش لەوەزیاتر نەیدەتوانی خێراتر بڕوات. شەو خەریکبوو ئارام ئارام لەشوشەکانەوە دەهاتە ژوورەوەو دەیویست بمخنکێنێت. شوشەکانم بەرزکردەوەو گڵۆپی ناو ئۆتۆمبێلەکەم هەڵکرد. تاریکییەکە کەمێك نەرمتر بوو، دەمتوانی هەناسە بدەم. بەسەر هەموو تاسەو چاڵ و چۆڵییەکاندا دەڕۆیشتم و ئۆتۆمبێلەکە هەر تەکانی دەداو هەڵدەبەزییەوە. تەنها سەیری پێشی خۆمم دەکرد. شەو شان بەشانی خۆم و ئۆتۆمبێلەکەم دەهات. لەوێدا شەوەکە لەزەوییەکەوە تانیوەی تایەی ئۆتۆمبێلەکە شان بەشانم هات و تا دەشهات بەرزتر دەبووەوە. خەریکبوو ئۆتۆمبێلەکەی دەوەستاندم، خەریکبوو سوڕانەوەی تایەکەی کەم دەکردەوەو بەرەو وەستانی دەبرد. ئیدی لەوەدابوو کە بەتەواوەتی لەناویدا فەنابم، باش بوو لەدوورەوە ڕوناکی گڵۆپەکانی ناو شار بەدەرکەوت. پێموابێت شەو ترسا چونکە کەمێك کشایە دواوە. منیش نەوەستام و ئاتوانیم خێراییەکەم زیاد کردو لێی تێپەڕیم. ئیتر وای لێهات بەحاڵ بەدوامدا دەهات. لەئاوێنەکەوە

تەماشامکرد. خەریکبوو دەهات بەڵام هەر لەدوامەوە بوو. دەبوایە بەهەرجۆرێك بوایە ئەو ماوەیەم بەچەند خولەکێك ببڕیایە. دەبوا ڕێگەم نەدایە جارێکی تر پێشم بکەوێتەوەو لەبەردەممدا بڕژێت.

یەك دوو پێچی ترم بڕیو لەشار نزیك بوومەوە تەنها پێچێکی تر مابوو ئەگەر لەویش ڕەتبوایەم ئیتر تەواو بوو بوو. بەڵام لەگەڵ گەیشتمە سەر دوایین پێچ سەیرەکەم هەموویان لەسەر زەوییەکە دانیشتوون. نەدەکرا لێی تێپەڕم. ئەوەندە تاریکاییەکەی زۆر بوو کە ئەگەر بمویستایە تێی پەڕێنم ڕەش ڕەش دەبووم!

گڵۆپەکانی پێشەوەم زیادکرد واتە بەرزەکانم ئیش پێکردو ڕۆیشتمە ناوەڕاستیان. نیوەیان هەڵاتن بۆ ئەمبەرو ئەوبەری جادەکەو لێی تێپەڕیم. ئیتر کۆتایی هات. گەیشتبوومە ناو شار. ئێرەش شەو بوو بەڵام کەمتر!

لەبەردەم نوسینگەیەکی تەلەفۆندا ڕاوەستامو ڕۆیشتمە ژوورەوە. بەرپرسەکەی نوستبوو، بێدارم کردەوە. کاتژمێر یەكو شتێکی شەو بوو. وتم ئێستا ناکرێت تەلەفۆن بۆ یەڵدا بکەم، ژمارەکەی نیمام پێدا. پاش کەمێك بەرپرسکە کە هێشتا خەو بەری نەدابوو وەنەوزی دەدا ژوورێکی بەدەست پیشاندام. ڕۆیشتمە ژوورەوەو تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. دەنگی نیما خۆی بوو، وەك هەزار گڵۆپ وابوو))

نیما- ئەلو، ئەلو. فەرموو.

- نیما!

نیما- خۆمم، فەرموو.

- نیما منم.

نیما- بڵێ گیانەکەم.

- بێداریت؟

نیما- بنکەی فریاکەوتنو دەستی خێر خەوی نییە. کێشەکەت بڵێ.

((پێکەنیم))

نیما- لەسەر ئاوی مردو شۆرەکەی ماڵەوەتان پێبکەنیت بەشداربووی بەڕێز. دەردی بێدەرمانت بڵێ دەمەوێت بتۆپم! ناوت چییەو لەکوێیەوە پەیوەندیی دەکەیتو کێشەت چییە؟

- ناوم دۆستەو لەشەوەوە پەیوەندیت پێوە دەکەمو کێشەم تەنهاییو غوربەتە.

نیما- دەردوو بەڵای هەرچی دۆستو یاری جوانە لەمن بکەوێت، بەقوربانی ئەو شەوەش بم بەتایبەت ئەگەر نیوەشەو بێت. قوربانی ئەو یارەش بم کە لەنیوەشەودا بەتەنهایە.



Scanned with CamScanner

((دەستمکرد بەپێکەنین، قسەکانیو دەنگی ئارامی کردمەوە))

نیما- بەئەرک نەبێت جەنابت کێیت؟

((پێکەنیمو وتم))

- سیاوەش.

نیما- ڕوم سیا، ناتناسمەوە.

- بەم زوویە لەبیرکرام؟

نیما- خەنجەر بەجەرگم ئەگەر فەرامۆشکاربم. واتە کەمێك شتم لەبیرە، لەبیرمە هاوڕێیەکم هەبوو ناوی سیاوەش بوو. ڕۆژێك بەفڕۆکە ڕۆیشت بۆ سەفەرو ئیدی نەگەڕاییەوە. ئاشکرا نەبوو کە فڕۆکەکە کەوتە خوارەوە، یان تەنها ئەو لەفڕۆکەکە خۆی خستە خوارەوە؟ ئیدی نازانم بەبێ بلیت سواربوو بوو فڕۆکەوانەکە لەنیوەی ڕێگەدا داییەزاندبوو؟ هیچ هیچ، کەس نەیزانی چی بەسەرهات.

- لەدوای ئەوە چی بەسەر هات؟

نیما- ژیانیان داغان بوو. دایكو باوکی لەخەفەتدا مردن. هەموو سەروەتەکەیان بەبا چوو. تەنها کچێکیان هەبوو ئەویش کوڕێك هەر لەبەر خودا زەماوەندی لەگەڵ کرد. هەروەها دەسگیرانێکیشی هەبوو کە ئێستا بۆ چەندین ساڵە پۆشاکی رەشی لەبەر دانەکەندوە!

((دەستمکرد بەپێکەنین))

نیما- چۆن بوو جنێوت نەدامێ؟

((دیسان دەستمکردەوە بەپێکەنین))

نیما- هەتیو کاتژمێر یەكو نیوی نیوەشەوە. دەبێت وەختێ لەسەفەریشیت گیربخۆم بەدەستەوە. تاوەکو لێرەیت ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو دەبیتە ئەرك بۆم. وەختێکیش لەسەرفەریت بەکۆنترۆڵ ناهاوسەنگی دەخەیتە ئاسایشمەوە. ئاخر من چیبکەم لەدەست بنەماڵەی فەترەت؟!

- نیما!

نیما- زەهری مار!

((دووبارە دڵم پڕبوو بەڵام هیچم نەوت))

نیما- ئەلو، سیاوەش.

- ها.

نیما- چیتە؟

- هیچ.



Scanned with CamScanner

نیما- چیبووە لەکوێیت؟

- لەنوسینگەیەکم.

نیما- هیچ بووە؟

- نەخێر.

نیما- بڵێ بەگیانی تۆ.

- بەگیانی تۆ.

نیما- ئەدی چییتە؟ بڵێ دڵم شەقی برد!

- بەخودا هیچ نییە.

نیما- کەواتە بۆچی وایت؟

- دڵم گیراوە.

نیما- بەقوربانی دڵی گیراوت بم. ئاخر بۆچی؟

- هەر لەخۆوە.

نیما- منت بمرم بۆ ئەو دڵ گیراوییەت. شوێنی گیرانەکەیان نەدۆزیوەتەوە؟

((دەستمکرد بەپێکەنینو وتم))

- برۆ وێڵبە!

نیما- ئەها! خەریکە باش دەبیت.

- ئێرە هەمووشوێنێکی تاریکە.

نیما- بۆچی لەوێ شەوە؟ خۆ لێرە کاتژمێر یانزەی بەیانییە!

((دووبارە دەستمکرد بەپێکەنین))

نیما- بۆچی مەگەر ئەو باوکە سواڵکەرەت نەیتوانیوە دوو بلاجکتۆر بۆ ئەو بینا گەورەیە دابنێت؟

- من خۆم تاریکم.

نیما- سەدجارم پێموتیت بەدەستی بەتاڵ مەڕۆ بۆ ئەملاو ئەولا. ئەگەر شتێکت لەگەڵ خۆت بردایە ئێستا لێت دابوو ڕۆشن بوو بویتەوە.

- ناتوانم لێرە بمێنمەوە. دەمەوێت بگەڕێمەوە!

((نیما کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- بۆچی؟ دەتەوێت هەموو بڵێن ئەها چ گوێ شۆڕو ناسكو نەرمە؟ دەتەوێت یەڵدا وابزانێت لەگەڵ منداڵێکدا زەماوەند دەکات؟



Scanned with CamScanner

- بەدەست خۆم نییە. ئۆقرەم لێبڕاوە.

نیما- بەحساب تۆ پیاویت. بێتاقەتم چییە؟

- لێرە شەو خەریکە دەمخوات. وەختێ لەڕێگەدا بوومو دەمویست بێم بۆ ئێرە شەو دەیویست بمخنکێنێت.

نیما- تۆ وا دەزانیت. پێتوایە بۆکوێ چوویت؟ خۆ لەوپەڕی دونیا نیت. ئێستا سواری فڕۆکە بیت کاتژمێرێکی پێناچێت لێرەیت. خۆ لەوە نەبێت ڕێگەیەکی ئەوەندە دوور بێت.

- دەزانم، خۆ من یەکەمجارم نییە بێم بۆ ئێرە. بەڵام ئەمجارە وام لێهات.

نیما- ئاو لەسەرچاوەدا خوڵی تێکەڵە. بڵێ دڵت بۆ یەڵدا تەنگ بووە مەگەرنا شەو هەر شەوەو شوێنیش هەر ئەوشوێنەیە.

- بەڵێ، ڕاستدەکەیت. دڵم بۆ یەڵدا تەنگ بووە. زۆریش.

نیما- کەواتە بۆچی من بێدارەدەکەیتەوە ناشرین؟ بیری یەڵدا دەکەیتو من لەخەو هەڵدەستێنیت؟

- بێتام!

نیما- ئێستا مادام وای لێهات بڕۆ تەلەفۆن بۆ ئەوکچە خۆی بکە. خوات لەگەڵ.

- بێتام مەبە. دڵم بۆتۆش تەنگ بووە.

نیما- ئاە...! ئەوە ڕاستدەکەیت؟

- بەگیانی تۆ، ئێستا زانیومە کە چەندم خۆشدەوێیت.

نیما- ئێستا زانیت بێوەفا بەڵام ئێستا بۆ؟ زانیت بێوەفا بەڵام درەنگ زانیت. زانیت بێوەفا بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە. چیدی زانین لەم وەختەدا سودێکی نییە.

- ئاخ...! بێتامی بێ لەزەت!

نیما- بەگیانی تۆ ڕاستدەکەم. تۆ وەختێ ڕۆیشتیت بۆ لای ئەوکچە یەڵدا، من تاماوەیەکیش چاوەڕوانم کردیت، بەڵام کاتێ زانیم تۆ نەهاتیێ ڕۆیشتم شوم کرد. ئێستا کوڕە گەورەکەم خەریکە دیبلۆم وەردەگرێت. نەدەکرا زووتر بگەڕێیتەوە؟ من چیبکەم لەداخی تۆ؟ ئێستا خۆت بێتاقەت مەکە. سەری مێردەکەم دەکەم بەئاوداو دەست لەمنداڵەکانیش هەڵدەگرمو دێم بۆلای تۆ.

((هەردووکمان دەستمانکرد بەپێکەنین))

نیما- نابێت لەگەڵ شەودا بجەنگیت. دەبێت لەگەڵ شەودا بیتو شەو بیت.

- ترسام لەناویدا فەنابیم. بەجۆرێك منی گرتبوو کە...

نیما- ئەوە ویستوویەتی لەئامێزت بگرێت. ویستوویەتی نازت بکێشێت. ئەویش ئاگاداربووە کە



Scanned with CamScanner

بڕیارە تاماوەیەکی دی ببیتە زاوا. دەیەوێت پێت بڵێت دەتوانیت لەگەڵ ئەوەی کە خۆشتدەوێت، بڕۆیتە ناویەوەو لەناو دڵیدا پێکەوە دانیشنو ڕازو نیاز بکەن. ئەویش بەجۆرێك حەشارتان دەدا کە هیچ کەسێك نەتوانێت بتانبینێتو پەیداتان بکات. پاشان ئەستێرەکانی دادەگیرسێنێتو بۆتا دێنێتە خوارەوە تاچەند دانەتان حەزلێبێت لێیبکەنەوە. ئەو شەوەی کە بیابان هەیەتی هیچ شوێنێك نییەتی. بێدەنگ، ئارام، بێچرپە. ئێرە هەر ئەوەندەی خۆشە تاوەکو شەو دادێت، دوای ئەوە ئەوەندە قەرەباڵغ دەبێت ناتوانیت گۆشەیەکی چۆڵ بدۆزیتەوەو لێی دانیشیت.

((پێکەنیم))

نیما- کوڕەکە بڕۆ قەدری ئەو شەوە بزانە. بەتایبەتی ئەگەر نیوەی شەو بێت زۆر خۆشترە.

- لێرە مۆبایلەکەم شەبەکەی نییە.

نیما- دەزانم چەند جارێك پەیوەندیم پێوەکردیت، بەڵام لەدەرەوەی بازنە بوویت.

- یەڵدات نەبینی؟

نیما- نەخێر، بەڵام تەلەفۆنم بۆکرد، ئیشی نەبوو.

- باشە بڕۆ وێڵبە بێتام!

نیما- سیاوەش.

- چییە؟

نیما- شەو زۆر لەڕۆژ باشترە. بەلانی کەمەوە مرۆڤ لەشەودا ئەو شتانە نابینێت کە حاڵی تێك دەدەن.

((لەحزەیەك بێدەنگ بووم پاشان وتم))

- بەڵێ وایە زۆرشت دەبینێت کە نابێت ببینێت.

نیما- ئەو شتانەی کە لەڕۆژدا دەتوانیت ببینێت زۆر گەورەترە لەوانی کە بەشەودا هەن.

- شەوێکی شاد.

نیما- بەخودات دەسپێرم، بەشەوت دەسپێرم، پێیدەڵێم ئاگادارت بێت، زۆر هاوڕێمە!

((تەلەفۆنەکەم داخستو پارەکەمدا، پاشان سواری ئۆتۆمبێلەکە بوومو لەشار دەرچووم. کەمێ لەشار دوورکەتمەوە، لەشوێنێکدا ڕاوەستامو گڵۆپی ئۆتۆمبێلەکەم کوژاندەوەو هاتمە خوارەوە، ڕۆیشتمە ناو شەوەوە. نیما ڕاستی دەکرد. لەشەودا هیچ شتێك ئاشکرا نەبوو.

چاوم لێك ناو دەستم بڵاوکردەوە وەك ئەوەی بمەوێت لەئامێزی بکرم. دیسان نیما ڕاستیدەکرد هەروەك ئەوەی شەو لەئامێزی گرتبم. نەیدەویست بمخنکێنێت، ئەو سەرەتاش هەر نەیدەویست



Scanned with CamScanner

کاری وابکات. دەستی زۆر فێنك بوو، دەستی بەڕوخسارما هێنا. هەر چاوم نەکردەوە، تەنها پێکەنیم. لەپڕ دەستی خستە ناو قژمەوە. دەستە ڕوتەکەی کردە ملمو سەرمی خستە سەر شانی، تەواوی جەستەم دەلەرزی! بۆنە خۆشەکەی گێژی کردبووم. بەتەواوی هەستمدەکرد لەئامێزیدام، بەڵام چاوم لێك نابوو نەمدەتوانی بیبینم. دەمبیست کە بانگم دەکات، بەڵام توانام نەبوو چاو هەڵبێنم. دەترسام هەمووشتێك خراپ بێت. دەستم هێنا بەقژە درێژەکەیدا. وەك تافگە وابوو. فێنکی ڕوخساری بەر ڕوخسارم دەکەوت. توند باوەشم پێداکردو بەخۆمەوە لکاند. خەریکبوو دەبووە یەکێك لەگەڵمدا. چاوم هەڵهێنا!

شەو بوو، شەوی یەڵدا!



Scanned with CamScanner

# بـــــەشی دوانزەیەم

((نزیکی کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو. لەکابینەکەدا نوستبووم کە دەنگێك لەدەرەوەهات. هەستامو لەسەر جێگەکەم دانیشتم. لەپەنجەرە بچووکەکەوە تەماشای دەرەوەم کرد. تاریك تاریك بوو. هیچ دەنگێك نەدەهات. دووبارە نوستمەوە، لەپڕدا یەکێك دەستیکرد بەگۆرانی چڕین. دەنگەکە دەنگی نیما بوو))

نیما-

شەو بوو بیابان بوو زستان بوو

درەنگ، درەنگ، درەنگ بوو

بۆران بوو سەرمایەکی فراوان بوو

یارم لەکابینەدا هەراسان بوو

لەسەرمادا ژاکاوو بێگیان بوو

((لەخۆشیدا لەجێگەکەم بەرز بوومەوە))

نیما-

شەوانە وەختێ منو دڵ تەنهای تەنها ئەبین لای لای لای

چیرۆکی رۆژی جودایی بۆیەك ئەگێڕینەوە لای لای لای

((رامکردە لای پەنجەرەکەوەو وتم))

- نیما ئەوە تۆیت؟

نیما-

من شەوم، من شەوم، تۆ ڕۆژیت، ڕۆژ باش

کوڕم کوڕم، مەچۆ لەبیرم



Scanned with CamScanner

- باشە تۆ چۆن هاتیت بۆ ئیرە کورەکە؟

نیما- وەختێ شەو دادێت، هێمن هێمن بەقادرمەکاندا دێمە سەرەوە، بێ چرپە، لەسەر سەربانەکان دادەنیشم.

((لەخۆشحاڵیدا نەمدەزانی چیبکەم))

نیما-

لەپشت دەرگای کلۆمدراوەوە

عاشقی دڵ شکاوە

حەزی لەگۆرانی چرینە

هیلاکی هاونشینە

- زۆرم خۆشدەوێیت نیما!

نیما- بابەگیان دەرگاکە بکەرەوە لەسەرمادا بەستم!

((رامکرد دەرگاکەم کردەوەو لەئامێزم گرت))

نیما- ئەوەندە لەدەرەوە خۆشەویستیم بۆ دەر مەبرە، دەمانکەن بەچاوەوە، ها!

((دەستمانکرد بەپێکەنین و بردمە ژوورەوە، وەختێ گەشتینە ژوورەوە، تەماشایەکی چواردەوری خۆیی کردو جانتاکەی داناو لەپرِدا دەستیکرد بەچەقەنە لێدان و گۆرانی چرِین))

نیما-

شەو شەوی عەشق و مەیلە

شەو شەوی مانگ و نورە

ژوانم بەیار داوە

درەنگ کەوت رێگەی دوورە

- وسسبە نیما. ئێستا کرێکارەکان وادەزانن گۆرانی بێژم هێناوە.

نیما- کرێکارەکانت هەموویان پیاون؟

- بەڵێ.

نیما- بێسەلیقەی بێتام. چەند جاریان پێوتن باژنانیش لەکارەکانتاندا بەشداریی بکەن؟

((دووبارە باوەشم پێداکردو وتم))

- پێمبڵێ چۆن هاتیت؟

((نیما رۆیشت لەسەر جێگەکە دانیشت و وتی))



Scanned with CamScanner

- تەلەفۆنم بۆ فڕۆکەخانە کرد. وتیان کاتژمێرێکی تر فڕۆکەیەکیان بۆ ئێرە هەیە. منیش خێرا وەڕێکەتمو لەدوای چارەکێك گەشتمە فڕۆکەخانە. بلیت نەمابوو. کابرایەکم پەیداکرد بەتەنها بوو. پێموت کاکە گیان بێڵە بامن لەجێگە تۆ بڕۆم. وتی شتی وانابێت. بیست هەزار تمەنم خستە سەرپارەی بلیتەکەو پێمدا، ئەوە هیچ کە بلیتەکەی پێ فرۆشتمەوە تاوەك دەرگای ماڵئاوایکردنەکەش هات لەگەڵم لەبەرئەوی دڵنیابێت سواری فڕۆکە بووم!

((نیما چەقەنەی لێدەداو گۆرانی دەچڕیو منیش لێمدەڕوانی))

نیما-

ئەی رۆشنایی تەنها بەیانێك بگەڕێوە خۆرهەڵات

ئەی تاریکی شەو لەگەڵ منی بێچارەدا بسازە

ئاوڕمدایەوەو تەماشایەکی پەنجەرەکەم کرد، سەیرەکە هەموو کرێکارەکان کۆبونەتەوو مات وەستاونو لەئێمە دەڕوانن. نیما وتی))

- ئێستا هەموو پێکەوە، بەچەپڵەوە! یەڵڵا دەی!

ئەمشەو شەوی مەهتابە

خۆشەویستمم ئەوێت

خۆشەویستم ئەگەر خەوتووە

دکتۆرەکەمم ئەوێت

گەر خەوتووە بێداری کەنەوە

گەر مەستە هۆشیاریی کەنەوە

بڵێن فلانی هاتووە

نیمای گیانی هاتووە!

هاتووە حاڵتو ئەحواڵت و، قژە رەشەکەتو رووە سپییەکەت ببینێتو بڕوات!

ئەمشەو شەوی مەهتابە

خۆشەویستمم ئەوێت

خۆشەویستم ئەگەر...

((کرێکارەکان دەستیانکرد بەچەپڵە لێدانو پێکەنین))

نیما- ئافەرین بۆ ئەو گروپە هونەر دۆستو هونەر پەروەرە. هەمووتان بەیانی بەزیادەوە پارەتان بۆ حساب دەکرێت، توندتر چەپڵە لێبدەن.



Scanned with CamScanner

((لەپڕدا هەمووو کرێکارەکان دەستیانکرد بەچەپڵە لێدانو فیکە لێدان. نیماش ڕۆیشتە دەرەوەو ڕۆیشت لەناوەڕاستیاندا دانیشتو دەستیکرد بەگۆرانی چڕین))

ئەمشەو شەوی مەهتابە

خۆشەویستمم ئەوێت

((هەموو بەدوایدا دەیانوتەوە))

خۆشەویستم ئەگەر خەوتووە

دکتۆرەکەمم ئەوێت

((ئیدی هەموو کرێکارەکان خەویان زڕا. کرێکارەکان بەجۆرێك چەپڵەیان لێدەدا کە ئەندازیارەکان هاتن تابزانن چ باسە))

نیما- ئافەرین بۆ ئێوە. بەیانی پاداشت بۆ هەموتان وەردەگرم.

((ئیدی تابەیانی کەس خەو نەچووە چاوی. یەك دوانێك لەکرێکارەکان ڕۆیشتن تەختەیان هێناو ئاگریان کردەوەو چاییەکیان لێنا. نیماش لەناوەڕاستیاندا دانیشتبوو سەری دەخستە سەر هەموویانو دەیخستنە پێکەنین. یەکێ لەئەندازیارکان بەچپە پێیووتم))

- بەخودا تا ئێستا نەمبینیووە ئەمانە ئەوەندە خۆشحاڵ بن. ماشائەڵلا چ هاوڕێیەکت هەیە.

((نیما دەیووتو پێدەکەنی، بوو بووە یەکێك لەگەڵیاندا. نانو پەنیریان بۆ هێنابوو بۆیاندەکردە تیکەو دەیاندایە دەستی، ئەویش لێی وەردەگرتنو بەلەزەتەوە دەیخوارد. لەو پەرداخانەی کە ئەوان چاییان تێدا دەخواردەوە ئەویش چای دەخواردەوەو شیعری بۆ دەوتنو ئەوانیش کەیفیان دەکرد. کاتێکم زانی خۆر هەڵات، بۆیە نیما هاواریکرد))

نیما-

ئەی ڕۆشنایی تەنها بەیانێك بگەڕێوە خۆرهەڵات

ئەی تاریکی شەو لەگەڵ منی بێچارەدا بسازە

* * *

((ئەو شەوە چ شەوێك بوو. غەم لەدڵی کەسدا نەما.

عەسرەکەشی لەگەڵ نیمادا ڕۆیشتین بۆ ناوشار بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ تاران بکەین، بەڵام نوسینگەکە داخرابوو. بەرپرسەکەی ڕۆیشتبووە بۆ ماڵەوە نیوکاتژمێرێك لەڕێی وەستاین بەڵام نەهاتەوە. نیماش ڕۆیشت بیستو پێنج کیلو میوەی کڕیو پێکەوە گەڕاینەوە بۆ لای بیناکە. تازە شەو داهاتبوو کە کرێکارەکان هەموو میوەکانیان شتبووەوەو لەبەردەمی کابینەکەی ئێمەدا کۆبوو



Scanned with CamScanner

بوونەوەو ئاگریان کردبووەوە. کتریەك ئاویان خستبووە سەر. لەسینییەکیشدا نان‌و پەنیریان دانابوو چاوەڕوانی نیمایان دەکرد، هەر لەگەڵ نیما لەدوورەوە دەرکەوت‌و چاوی بەکرێکارەکان کەوت وتی))

- چیبووە وادیسان کۆبونەتەوە؟ دوێنێ شەوتان بەخۆشی بردەسەر، ها؟

((هەموو دەستیانکرد بەچەپڵە لێدان))

نیما- هەر لەخۆتانەوە هانم مەدەن‌و هەڵم مەکێشن، چونکە ئەمشەو ناوەندی هونەری پشووە. ئەمشەو لەشارێکی تر کۆنسێرتم هەیە. هەموو بلیتەکانیشم فرۆشراوە. هەستن کاسەو کۆزەتان کۆبکەنەوەو لێرە بڕۆن!

((نیما دیسان هات‌و لەناوەڕاستیاندا دانیشت، ئەوانیش هەر چەپڵەیان بۆ لێدەدا.

بەهەر حاڵ ئەوشەوەش بووە شەوێك پڕ لەیادگاریی شیرین. ئەوچەند شەوەی کە لەوێ بووین، هەموو شەوێك هەر ئەو رایەخە بوو. کرێکارەکان بەڕۆژدا کاریاندەکردو خۆیان هیلاك دەکرد بەخۆشی شەوەوە، شەویش لەبەردەمی کابینەکەی ئێمەدا کۆدەبونەوەو لەگەڵ نیما دەردەکەوت دەستیاندەکرد بەچەپڵە لێدان‌و فیکە لێدان بۆ نیما. نیماش سەرەتا کەمێك نازی دەکردو پاشان دەڕۆیشت لەناوەڕاستیاندا دادەنیشت‌و دەستیدەکرد بەچەقەنە لێدان‌و گۆرانی چڕین. منیش لەگۆشەیەکدا دادەنیشتم‌و چەپڵەم لێدەداو پێدەکەنیم. نیماش لەگەڵ چاوی بەمن دەکەوت دەیووت چییە؟ چیدی شەو نایەوێت بتخنکێنێت؟ منیش پێدەکەنیم‌و دەموت نەخێر، پاشان دەیووت))

- قوڕ بەسەر وەڵڵاهی بەس ئەوەیە پێڕو کۆمەڵەکەت پیاوانە کردووە.

((بەیانییەکەی تەلەفۆنم بۆ ماڵی یەڵدا کرد. کەس وەڵامی نەدایەوە. دڵم تەنگ بوو. نیما تەلەفۆنی بۆ ماڵی خۆیانکردو پرسیاری لێکردن، دایکی نیما وتی بەیانی زوو دایك‌و باوکی یەڵدام بینیوە ڕۆیشتوون بۆ شتکڕین. باشبوو خەیاڵم ئاسودە بوو. لەگەڵ نیمادا گەڕاینەوە بۆ بیناکە. بەدبەختی من لەوەدابوو کە نیشەکەمان کەمێك کێشەی بۆ دروست بوو بوو، دەبوایە لەبری چوار ڕۆژ هەفتەیەك لەوێ بمێنمەوە. لەبەیانییەوە بەڕاستی دڵم ئاسایی کاری نەدەکرد. تەلەفۆنەکەی ماڵی یەڵدا کەس هەڵی نەدەگرت واتە وەڵامیان نەدەدایەوە. دایکی نیماش نەیبینیبوون. تەنها شتێك کە کەمێك دڵنەوایی دەکردم، ئەو قسەیەی نیما بوو کە دەیووت ڕۆیشتوون بۆ باکور بۆ سەیران. بەهەرحاڵ نەمتوانی پێنج ڕۆژ زیاتر خۆم بگرم‌و گەڕامەوە بۆ تاران. شەو کاتژمێر دووو نیوو بوو گەیشتینە بەردەمی ماڵی یەڵدا. دڵ لەدڵمدا نەبوو. بەڵام کاتێ بینیم یەکێ لەژوورەکان رووناکە. خەیاڵم ئاسودە بوو. ئۆتۆمبێلەکانیشیان لەحەوشەکەدا بوون.

من‌و نیما ڕۆیشتین بۆ ماڵی نیما، لەسەرخۆ ڕۆیشتین لەبەر ئەوەی کەس بەئاگا نەیەتەوە.



Scanned with CamScanner

بەهەرحاڵ ڕۆیشتینە ژوورەوە نووستین.

بۆ بەیانییەکی کاتژمێر حەوت‌و نیوو لەخەو هەستام، ڕۆیشتم لەگەرماوەکەدا کە تایبەت بوو بەنیما، چونکە لەژوورەکەی نیما خۆیدا بوو، ئاوێکم بەخۆمدا کردو نیماشم هەستاند، پاشان ئەویش ڕۆیشت ئاوێکی کرد بەخۆیدا، کاتژمێر بووە هەشت‌و نیوو. تەلەفۆنەکەم هەڵگرت‌و تەلەفۆنێکم بۆ یەڵدا کرد ئەمجارەش وەك جارانی تر کەس وەڵامی نەدایەوە. ئیتر خەریکبوو شێت دەبووم. هەردووکمان ڕۆیشتینە خوارەوە. باوك‌و دایکی نیما تازە لەخەو هەستابوون. سڵاومان لێکردن‌و نیما لێی پرسین «ئەوە ماڵی پرهام لەکوێن»؟ ئەوانیش نەیاندەزانی. سەرێکمان لەماڵەوەیانداو زەنگمان زۆر لێدا بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. تێدا مابووم نەمدەزانی دەبێت بۆکوێ ڕۆیشتبن؟ لەگەڵ نیمادا ڕۆیشتین بۆ ماڵی ئێمە. لەدوای سڵاوکردن‌و ئەو قسانە، داوای لێبوردنم لەباوکم کرد لەبەر ئەوەی کە زوو گەڕاومەتەوە، پاشان لێمپرسین هەواڵی ماڵی کاك پرهام دەزانن یان نا؟ ئەوانیش هیچ هەواڵێکیان نەبوو. ئیدی توانام تێدا نەما. لەگەڵ نیمادا گەڕاینەوە بۆ لای ماڵی نیماو زەنگی زۆربەی دراوسێکانمان لێدا، بەڵام هیچ کەس هەواڵی نەدەزانین. نیما لەپڕدا وتی))

- دەبێت بڕۆم بۆلای فەرمانبەرە زۆر زانەکەم.

- بۆلای کێ؟

نیما- ڕاوەستە.

((نیما ئەمەی وت‌و ڕۆیشت زەنگی دەرگاکەی تەنیشتی ماڵی یەڵدای لێدا. وەختێ کچەکەی دراوسێیان وەڵامی دایەوە، نیما هەواڵی ماڵی یەڵدای لێپرسی ئەویش وتی پێرێ هەموویان سواری ئۆتۆمبێلێك بوون‌و خزمەتکارەکەشیان چەند جانتایەکی خستووەتە ناو ئۆتۆمبێلەکەو ڕۆیشتن، ئیتر نەشم بینیوە بگەڕێنەوە. ئەمجارە ئیدی نیماش تەنها بیری دەکردەوە. هەموو جارێك لەکاتێکی بەوجۆرەدا ئەو دڵنەوایی منی دەکردو دڵخۆشی منی دەدایەوە، بەڵام ئەمجارەیان ئەویش شتێکی نەبوو تابیڵێت. کاتێ ماڵئاوایی لەو کچەی دراوسێیانکرد، ڕۆیشتین لەحەوشەکەی ماڵی نیمادا دانیشتین‌و بەنیمام وت))

- نیما دڵم باش ناڵێت!

نیما- من دڵنیام ڕۆیشتوون بۆ باکور بۆ سەیران.

- ئاخر هەواڵێك شتێك. هەر هیچ نەبێت دەیانتوانی بەدایکت‌و ئەوان بڵێن.

نیما- خۆمان لەشەبەکەدا نەبووین، بێگومان ئەوانیش لەماڵەوە نەبوون.

- ئیستا چیبکەم؟ خەریکە شێت دەبم.



Scanned with CamScanner

نیما- ئاخر دەبێت چی روویدابێت؟ کاتێ ئێمە ڕۆیشتین هەموو شتێك ئاسایی بوو. ئەوان بێگومان ڕۆیشتوون بۆ باکور بۆ سەیران. ئەمڕۆ تابەیانی چاوەڕوان بکە. بێگومان بەیانی دەگەڕێنەوە.

((بەهەرجۆرێك بوو ئەو شەوو رۆژەم وەڕێکرد، بەڵام بۆ بەیانییەکەشی نەگەڕانەوە. هەرە لەخۆوە شتی وادەهات بەمێشکما! لەخۆمەوە دەموت رەنگە لەڕێگەی باکوردا بەئۆتۆمبێل شتێکیان بەسەر هاتبێت. بۆیە بە نیمام وتو ئەویش بەخێرایی پەیوەندیی بەپۆلیسی هاتوچۆی رێگەی باوکورەوە کردو پرسیاری لێکردن. لەخودا بەزیادبێت لەو چەند ڕۆژەدا هیچ شتێك لەو بابەتە لەو ڕێگەیەدا رووی نەدابوو. چیدی مێشکم کاری نەدەکرد. ئەقڵم هیچ شتێکی نەدەبڕی. هەستام ماڵئاوایم لەنیما کردو ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، یەکسەر ڕۆیشتمە ژوورەکەی خۆمەوەو حەبێکی ئارام بەخشم خواردو نوستم. حەزمدەکرد بیر لەهیچ نەکەمەوە.

لەدوای دە خولەکێك، چارەکێك چاوم قورس بوو. پێموابێت هۆکارەکەی ئەوەبوو کە زۆرم برسی بوو، بۆیە حەبەکە زوو کاری لێکردمو نوستم.

کاتژمێر دوو بوو خەبەرم بووەوە، یەکسەر رامکرد تەلەفۆنم بۆ یەڵدا کرد. دیسان کەس وەڵامی نەدایەوە. تەلەفۆنەکەم داخستەوەو تەلەفۆنم بۆ نیما کرد. دایکی وەڵامی دایەوەو وتی لەکاتژمێر دوانزەوە ڕۆیشتووەتە دەرەوەو نەگەڕاوەتەوە. ئەویشم داخستو پەیوەندیم بەمۆبایلەکەیەوە کرد. ئەویش کوژابووەوە. دیسان نەبوو. چاوەڕوانم کرد تا کاتژمێر سێ، بەڵام هێشتا نەهاتبووەوە بۆ ماڵەوەو مۆبایلەکەشی هەر کوژابووەوە. سێو نیوو کردم، چوار کردم، چوارو نیوو کردم. هیچ هەواڵێکی نەبوو. دایکی زۆر بێتاقەت بوو. خۆشم لەداخاندا ئاگام لەخۆم نەمابوو!

کاتژمێر پێنج بوو مۆبایلەکەم زەنگی لێدا. بەجۆرێك لەسەر مێزەکە پەلامارمدا کە خەریکبوو بەدەستمەوە بکەوێتەخوارەوە. ئەوەندە حەپەسابووم  کە نەمدەزانی وەڵامی بدەمەوە. بەهەرحاڵ بەهەرجۆرێك بوو وەڵامم دایەوە، نیما بوو))

نیما- سیاوەش!

- ئەلو، نیما! ئاشکرایە تۆ لەکوێیت؟ بۆچی مۆبایلەکەت کوژاندووەتەوە؟ ئەلو!

نیما- ها!

- لەکوێیت؟ دایکت خەریکوو شێت دەبوو.

نیما- تەلەفۆنم بۆ کرد.

- لەکوێیت؟

نیما- لەپارکم.



Scanned with CamScanner

- پارك؟ چیدەکەیت لەپارکدا؟

نیما- دانیشتووم بیر دەکەمەوە.

- چی؟

نیما-هەستە وەرە بۆ ئێرە.

- لەکام پارکەیت؟

نیما- پارکەکەی نزیك ماڵی خۆمان.

- ئێستا شتێکت بۆ ئاشکرابوو یان نا؟ دە خولەکێك پێش ئێستا تەلەفۆنم بۆ ماڵەوەیان کرد کەس وەڵامی نەدایەوە.

نیما- تۆ وەرە بۆ ئێرە!

- نیما وەرە بۆ بەردەرگاکەی خۆتان بەڵکو لەوێ هەواڵێك بزانین.

نیما- جارێ تۆ وەرە بۆ ئێرە، پاشان پێکەوە دەڕۆین بۆ ئەوێ.

((تەلەفۆنەکەم داخستو ڕۆیشتمە خوارەوە. دایكو باوکم زۆر نیگەران بوون. هەموویان گێژو مەنگ بوو بوون. لەگەڵ منیان بینی بەشپرزەی دێمە خوارەوە لێیانپرسیم ها چ باسە؟ منیش وتم جارێ هیچ نییەو ماڵئاواییم لێکردن. ڕۆیشتم سواری ئۆتۆمبێلەکەم بوومو وەڕێکەتم بەرەو ئەو پارکەی کە نیمای لێبوو.

لەبەردەمی پارکەکەدا ئۆتۆمبێلەکەم وەستاندو دابەزیم. نیما لەدەرگای پارکەکەدا ڕاوەستابوو. لەگەڵ چاوم پێیکەوت، هەستمکرد بەجۆرێکی ترە))

- چیبووە نیما؟

نیما- هیچ.

- درۆ مەکە! من دەزانم تۆ شتێکت لێبەسەرهاتووە.

نیما- بیردەکەمەوە.

- بیری لەچی دەکەیتەوە؟ ئەقڵت شتێك دەبڕێت؟

نیما- بەڵێ، وەرە بابڕۆین لەشوێنێکدا دانیشین.

((هەربەدەم ڕۆیشتنەوە بەنیمام وت))

- ئێستا بۆچی هاتیت بۆ ئێرە؟ نەدەکرا نەیەیت بۆ ئێرە؟ بێگومان دەبێت هەزار شتمان بیر بکەوێتەوەو هەراسانمان بکات؟!

نیما- هەر لەخۆوە هاتم.



Scanned with CamScanner

((نیما ئەمەی وت و ئاوڕی دایەوەو نیگایەکی ئەو شوێنەی کرد کە ئەو شەوە شیوامان تێدا بینی. کەمێك بەڕێدا ڕۆیشت پاشان لەسەر کورسییەك لەکورسییەکانی پارکەکە دانیشت))

- نیما ئەقڵت چی دەبڕێت؟

نیما- دانیشە.

- نیما ئەمڕۆ بەچەشنێکی تر قسەدەکەیت.

((نیما تەماشایەکی ئاسمانی کردو وتی))

- ئەمشەو، شەوە ئیدی.

- ئاخ...!

نیما- وتم دانیشە.

((دانیشتم، نیما وتی))

- جارێکی تر شەو داهات.

- ئەوە دەڵێیت چی؟ بڵێ بزانم بیرت لەچی کردووەتەوە.

((نیما دەستیکرد بەگیرفانیداو پاکەتێك جگەرەی دەرهێنا، دوو دانە لەجگەرەکانی پێکرد. ئیدی دڵنیابووم لەوەی کە شتێك ڕوویداوە))

- چیبووە نیما؟

نیما- بیگرە.

((هەر بەو جۆرەی کە چاوم بڕیبووە چاوی جگەرەکەم لێوەرگرت و وتم))

- چیبووە نیما؟

((نیما نەفەسێکی قوڵی لەجگەرەکە داو کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- حەزدەکەیت چۆن بۆت باسبکەم؟

- یانی چی؟

نیما- بەپێشەکییەوە بۆت باسکەم یان یەکسەر بیڵێم...

- نیما تێك چووم! بڵێ، هەرچییەکە بیڵێ.

((تەماشایەکم کردو وتی))

نیما- یەڵداو ئەوان گەڕاونەتەوە بۆ ئەمریکا!

((تەنها تەماشام کرد))



Scanned with CamScanner

نیما- واتە لەپێشدا ڕۆیشتوون بۆ تورکیا لەوێوە ڕۆیشتوون بۆ ئەمریکا.

((ئەمجارەش تەنها تەماشام کرد))

نیما- تێگەشتیت وتم چی؟

- بۆچی؟ کێ بەتۆی وت؟ لەکوێوە دەزانیت؟

- خزمەتکارەکەیان.

- کەی. کەی بینیت؟

نیما- نیوکاتژمێرێك دوای ئەوەی کە تۆ ڕۆیشتیت، خەریکبووم لەپەنجەرەکەوە سەیری ماڵی یەڵدام دەکرد. سەیرەکەم خزمەتکارەکەیان خەریکە دەڕواتە ژوورەوە. بەخێرایی رامکردو زەنگی دەرگاکەم لێدا. ئەویش هاتە دەرەوەو ئەمانەی پێووتم.

- ئاخر بۆچی؟

نیما- ئەویش نەیدەزانی بۆچی. تەنها وتی زۆر بەخێرایی ڕۆیشتوون.

((تەنها نیگام کرد کە نیما دەستیکردە ملمو بزەیەکی تاڵی بۆ کردم. بێدەنگ بووم، هیچم نەوت. ئەویش بێدەنگ بوو هیچی نەوت، وەختێ جگەرەکانمان تەواو بوو، دوو دانەی دیکەی پێکرد، کاتێ نیما یەکێك لەجگەرەکانی پێدام لێم پرسی))

- نیما تۆ دەزانیت بۆچی گەڕاونەتەوە، وانییە؟

((نیما بەئارامی سەرێکی راوەشاند))

- بۆچی؟

نیما- چ جیاوازییەکی هەیە؟ گرنگ ئەوەیە یەڵدا ڕۆیشتووە. ئیتر ئەوی دیکەی چ جیاوازییەکی بۆتۆ هەیە؟

- جیاوازیی زۆرە، بیڵێ.

نیما- لێگەڕێ بانەیڵێمو تۆ تەنها تا ئێرەی بزانیت. بۆخۆت باشترە.

- بڵێ نیما.

((نیما بۆ چرکەساتێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی))

- کاتێ خزمەتکارەکەیان ئەوشتانەی پێووتم، زۆرم بیرکردەوە، لەکۆتاییدا شتێك بەبیرمدا هات، کە خەریکبوو تێك بچم.

- کەسێکی تر لەناو مەسەلەکەدا هەبووە؟



Scanned with CamScanner

نیما- نەخێر.

- کەواتە چییە؟

نیما- هەستامو ڕۆیشتم بۆ ئەو تاقیگەیەی کە تۆو یەڵدا شیکاری خوێنتان لێکردبوو بۆ هاوسەرگیرییەکەتان. وەڵامەکەی ئامادەبوو! یەڵدا ڕۆیشتووە وەڵامەکەی وەرگرتووەتەوە!

- ئێ باشە چیبووە؟!

نیما- یەڵدا نەخۆشی ((ئایدز))ی هەبووە!!



Scanned with CamScanner



لەدوای ئەوەی کە چاییەکەم گێڕا ڕۆیشتم بۆ چێشتخانەکەو لەوێدا مامەوە تاگفتوگۆکەیان کۆتایی هاتو هەستان ڕۆیشتن. لەچێشتخانەکەدا دانیشتبووەو گوێم لەقسەکانیان دەگرت کە چۆن لەسەر من چەنەیان دەدا، ئەوان دەیانویست پێنج سکە بکەنە مارەیم، بەڵام باوکم دەیووت چواردە سکە، ئەوان بەنیازبوون سەد هەزار شیربای بدەن، بەڵام باوکم داوای پێنج سەد هەزارتمەنی دەکرد، وەک ئەوەی لەسەر کردنەوەی مەکینەی ترۆمبێلیک چەنە بدەن، ئێستا چاو لەو کچەبکە لەگۆشەیەکدا دانیشتووە، لەدەرەوەی شەرگەکەدا دانیشتووەو چاوەڕوانە بزانێت چ ژمارەیەکی بەناوەوە تۆمار دەکرێت، هەروەها بزانێت نرخی بەپارە چەندە، سیاوەش تۆ بڵێ نرخی کچێک، ژنێک چەندێکە؟ نرخی مرۆیەک کە بەبێ خواستی خۆی بەکچی هاتووەتە دوونیاوە چەندێکە؟ ئەو هەتیوە بێڕەوشتە هەر بەدەم چا خوارنەوەوە بەئاوازێکی بازاڕی ناشرینەوە دەیووت: بەسەد هەزار هەر لەم کۆڵانەی ئێوەدا کچ دەهێنم وەک پەنجەی هەتاو، مەگەر ئێوە نۆبەرەکەیتان بۆ من هێناوە؟!